# بەرەبەیان

PDF4Kurd

# بەرەبەیان

## بلوا پلین

وەرگێڕانی

ئەسکەندەر مەحموود

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەرێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەرێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **بەرەبەیان (رۆمان)**
- **نووسینی: بلوا پلین**
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** ئەسکەندەر مەحموود کانی تووەیی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** مراد بەهرامیان
- **نرخ:** ٥٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١١
- **تیراژ:** ١٠٠٠دانە
- **چاپخانە:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
- لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٦٩٨)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب** (٦٤٤)

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی**
**رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێننەوە**
**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

ئـەم وەگێرانـە پێشکەشـە بـە مامۆسـتا "ئـازاد بابـان"و مامۆسـتا "قـادر ژەوان" ی هاوڕێم. "وەرگێڕ"

سوپاس و پێزانین:

زۆر سوپاسی کاك (ئازاد مەحموود رەسول) ی برام دەکەم کە هان هاندەر و هاوکارم بوو بۆ ئەم کارە "وەرگێڕ"

**بەرەبەیان:**

ژن و پیاوێـك بەرامبــەر مێـزی دوكتــۆر دانیشــتوون. ئــەو دووانــە لــە دیــواری پشــت سەری دوکتۆرە گەنجەکە رامــاون. بــە راســتی سەرسـوڕهێنەرە کــە چــۆن دەکـرێ وەهــا زانــا و لێکۆڵــەرێك ئەوەنــدە گــەنج بێــت؟ لــە نێــو قەفەســەی پشــتەوەی دوكتۆرەكــە كۆمەڵــە كتێبێكی پزیشكی بەرگ قاوەیی و خۆڵەمێشی لەسەر یەك هەڵچنراون.

دوکتۆرەکــە نیگــای خــۆی لــەو دووانــە بــەرەو لای پەنجەرەکــە دەســوڕێنێ و لێــی رادەمێنێ، کە هــەروەك چوارچــێوەیەك دێتــە بەرچــاو بــۆ دیمــەنی دڵڕفێنــی باخچــەی پشــت نەخۆشــخانەكە. شــنەی فێنێكــی بــەهاریی لــە لای باشــوورەوە هەڵــدەكات، بــە نێــو شكۆفەی سپی و چرۆی درەختەكاندا تێدەپەڕێ و بەخشتەخش گوێچكە دەلاوێنێتەوە.

پاشــان ســەرنجی دوكتــۆر بــۆ لای بەشــی رۆژهــەڵاتی بینــا قاوەییــە ســوورباوەكەی نەخۆشـخانە رادەكێشـرێ. لـە یـەكێك لـە ژوورەكـانی ئەوبەشـەدا، كـوڕی ئـەم ژن و پیـاوە لەگەڵ مردندا ململانێیەتی.

دوكتۆر وای مەزەندە كرد كـە تەمـەنی ئـەو كـوڕە لـە هەژدەسـاڵ زیـاتر نییـە و دامـاو زۆر گەنجە بـۆ مـردن. بەڕاسـتی لـەوەها بـەهارێكی جوانـدا، لەگـەڵ ئـەو هـەموو شـكۆفە سـوور و سـپیانەداو ئـەو گیـابۆن خۆشـانەدا، مـردن چـەندە خەماوییـە. ژنەكـە، یەكـەم كەسـە، كـە ئـەو بێدەنگییـە بێزارەكـەرە دەشـكێنێ. ئـەو دەپرسـێت. دوكتـۆری بـەڕێز كوڕەكــەی ئێمــە تــاكو ئێســتا ژان و ئــازاری زۆری چەشــتووە لــە ســەرەتای لــە دایكبوونییــەوە تووشــی هــەوكردنی ســپییەكان و نەخۆشــی پــەنكریاس و بــەد خــۆراكی بووە....

هــەروەها تووشــی هــەموو ئــەو هێمــاو نیشــانانە بــووە، کــە لــە کتێبــەکانی بەڕێزتــدا باســیان کــراوەو ئێســتاش نەخۆشــی جــەرگ، ئەمــە ئیــدی بەڕاســتی تۆقینــەرە. " ئەوســا مێــردی ژنەکــە بــە ئەســپایی زیــاتر دەڵــێ:" ئێمــە نەمانــدەزانی ئەمــەش بەشــێکە لــە پرۆســەی نەخۆشــییەکە، ئێمــە قــەت چــاوەڕوانی ئەمــەمان نــەدەکرد." دوکتــۆر بــە نیشــانەی پشــتگیری لــە قســەکانیان ســەر دەلــەقێنێ و دەڵــێ:" ئەمــە یەکێکــە لــە دەگمــەنترین نیشــانەکانی تەشــەنەکردنی نەخۆشــییەکە، قســەی جــەنابت راســتە." دوکتــۆر لێوەکــانی لێــك دەکاتــەوە وەك بڵێــی بیــەوێ درێــژە بــە قســەکانی بــدات، بــەڵام دیســانەوە لێــوی دادەکاتــەوەو ســەر لــە نــوێ بێدەنگییــەکی بــە ئــازار بــاڵ بەســەر ژوورەکــەدا دەکێشێت.

پاشان مێردەکــە پرســیارێکی دیکــە دەخاتــەڕوو:" بــەڕای جــەنابت ئەگــەری چــاکبوونی هەیــە؟ ئــاخر رەنگــە کوڕەکــەمان باشــتر ببێــت." دوکتــۆر ســوکە ئاورێکیــان لێدەداتــەوە تاکو ئەو کاتە بــەو شــێوەیە بــەزەیی پێیانــدا نــەهاتبووەوە. دوکتــۆر بــەر لــەوەی وەڵامێــك بدۆزێتــەوە جێگــۆڕکێ بــە کاغــەزەکانی ســەرمێزەکەی دەکــات و پاشــان دەڵــێ: " بــەڵێ، ئەگــەری هــەموو شــتێك هەیــە، کوڕەکــەتان لــە زۆر رووبەڕووبوونــەوەی قورســی جەســتەییدا ســەرکەوتووە، مــن دیتومــە منــداڵی تەمــەن ســێ ســاڵان بــە هــۆی ئــەم نەخۆشییەوە مردووە، لە لایــەکی تریشــەوە نەخۆشــی وام هــەبووە، کــە تــاکو تەمــەنی چــل ســاڵی ژیــاوە. دەکــرێ رووداوی ئــاوا خۆشــیش رووبــدات." ژنەکــە دەڵێــت: " بــەڵام بــە زۆری وا نییە."

دوکتۆر پشــتگیری لــە قســەکەی دەکــات و دەڵــێ:" راســتە، بــە زۆری ئەمــە روونــادات و بەتایبــەتیش لــەو کاتــەدا، کــە جــەرگ تێــك دەچــێت. خۆتێدەگــەن..." بــۆ ســاتێك هەڵوەســتە دەکــات و پاشــان درێــژە بــە قســەکەی دەدات:" رەنگــە ئێــوە ســەبارەت بــە نەخۆشی سیتێك فیبرۆزیس هەموو شتێك بزانن."

" ئــا، بــەڵێ، کەموکوڕییــەکی گشــتی لــە رژێنەکانــدا، کــە لــە نــەژادی قــەوقازی دا زۆر بــاوە. بنــەمای گەردییەکــەی نەناســراوە. مــن و مێردەکــەم ســەرمان لــە هــەموو ئــەم شتانە دەردەچێت، رستەکانی لە نێو مێشکماندا تۆمارکراون".

دوکتــۆر نــازانێ چــی بڵــێ، ئــەو هیــوابراویی خــۆی بــۆ چارەســەری نەخۆشــییەکە دەربڕیوە، بەڵام مێــردی ژنەکــە هــەر گەشــبینە: " ئێمــە وامانــدەزانی رەنگــە هــەموو ئــەو

توێژینەوەیــە جینێتیکــی و چاوخشــاندنە ســەبارەت بــە بنەماڵەکــەمان و تاقیکردنــەوەی خــوێنی لەســەر مــن و هاوســەرەکەم دەرەنجــامی هــەبووبێت و بــەرێزت بــۆ پرســیارەکانی ئێمــە وەڵامێکــت دۆزیبێتــەوە، کــە قەناعــەتمان پــێ ببێنــێ." پیــاوە گەنجەکــە بــە بــەرگی دوکتۆرییــەوە نائــارام دەهاتــە بەرچــاو، گــوتی: " بــە دڵنیاییــەوە هەوڵــەکانی ئێمــە بــێ ئاکام نــەبوون". دوکتــۆر جێگــۆڕکێی بەشــتە بچــکۆڵەکانی ســەرمێزەکە دەکــات، ئــامێری دەرزی، قەڵــەم دانێــك، کۆمەڵــە کاغــەز گرێــك. ڕەنگــە ئیــدی خــۆڕاگری و تاقــەتی بــەرەو کۆتایی چووبێت. ئاخر چــۆن هــەواڵێکی ناخۆشــتر بداتــەوە، بــەو دایــك و باوکــە؟ دایکەکــە بە خەستی دەگریا:" باشە، کەواتــە مــن قــەت تێناگــەم کــە ئــەم نەخۆشــییە ویراســییە کــە پێشتر لە بنەماڵەی ئێمــەدا نــەبووە لــە کوێــوە ســەری هەڵــداوە، ئــاخر خــۆ ئــەو منداڵــەی دیکەمان ساغە، خوایە پەنا بە تۆ دەبەم."

دوکتۆرەکە لە جێی خــۆی هەڵدەســتێ، ئەوەنــدە بــە گــورجی و لــە ناکــاو کــە پێچــکەی کورســییەکەی زەوی دەڕوشــێنێ. بــەرەو لای پەنجەرەکــە دەڕوات و لــەوێ بــۆ ســاتێك لــە کاتێکــدا کــە پەنجــەکانی لــە پشــتەوە هــەڵپێکاوە رادەوەســتێ. ئــەو دیســانەوە شــەپۆلانی دەریــای شــکۆفە ســپییەکانی دەرەوە رادەمێنــێ و پاشــان دووبــارە بــەرەو لای ژوورەکــە. ئاوڕدەداتــەوە ئیرادەیــەکی تایبــەت لــە دەموچــاویدا دەخوێندرێتــەوە بــە جــۆرێکی وا کــە دایــك و باوکەکــە دەتــۆقێنێ. دایکەکــە خێــرا دەڵــێ:" ئایــا جــەنابتان راســتییەکتان بــۆ ئاشکرا بووە، ئایا کەموکوڕییەك لە خوێنی ئێمەدا هەیە؟"

"بەڵێ" ئەم وەڵامە یەك برگەییە بە خێرایی لە زاری دەرچوو. "ئێ چ شتێك؟"

"ئێمە بۆمــان دەرکــەوتووە، کــە بــەبێ هــیچ شــك و گومانێــك کوڕەکــەتان، واتــە ئــەو گەنجە کە لە نهۆمی سەرەوە لە جێداکەوتووە منداڵی راستەقینەی ئێوە نییە".

# بەشی یەکەم

مارگارێت کرافیلد، ئێستا تێدەگەیشت، کە مەبەستیان لە "تۆمارکردنی مردووەکان" چی بووە. ئەوان ناو و بەرواری لە دایکبوونی پیتێریان لەسەر کێلی قەبرەکەی هەڵکەند و لە باوەشی خاکی سارد و سڕدا خەواندیان. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمی ماتەمینی، ئۆتۆمبێلە ڕەشەکان بە ئەسپایی ڕێگای ماڵەوەیان گرتەبەر.

دەنگی گریانە لە سەرخۆکان، سرتەوچرپەکان، دەست گوشینەکان. هەموو لە گوێیدامابوونەوە و ئێستاش لە پاش کۆتایی هاتنی هەفتەیەکی تۆقێنەر کە گوڵەکان ژاکاون. خواردنەکان خوراون و هاوڕێیانی خەم ڕەوێن و دڵسۆز ڕۆیشتوون، ئەو ڕاستییە ناخۆش و تاڵە دەرکەوتووە. پتێری ئازیزی وی مردبوو. مارگارێت لە ماڵ ئەم سەرو ئەوسەری ماڵەکەی کرد، دەرومالی کرد، دەنگی پاژنەی پێڵاوەکانی، هاڕەهاڕی مەکینەی بەفرگرەکە، دەنگی پێوەدرانی دەرگای ئۆتۆمبێلێك لەو سەری شەقامەکەوە بێدەنگی زاڵی ماڵەوەی هەژاند. سەرەنجام گوێی لە دەنگی بەرزی خۆی بوو کە گوتی " ئێستا چی بکەین." دەنگێکی کاریگەر و بەرز کە خوازیاری هاوخەمی و دڵسۆزی بوو. سەر لە نوێ دووپاتی کردەوە:" چی بکەین؟" ئیدی فرمێسکی لە چاواندا نەما. لەو ساتە تایبەتییەدا هیچ هەستێکی نەبوو، زەمەن بۆوی و هەمووان، بۆ ئارتووری مێردی، بۆ هولی کچی، بۆ نەنك و باپیری کە شێت ئاسا پتێریان خۆش دەویست، ڕاوەستا بوو. لەسەر مێزی نان خواردنەکە لە پەنای قاپێکی بلوورییەوە نامەیەکی سەرەخۆشی لێبوو. لە تەنیشت مێزەکە دانیشت، قەڵەمی هەڵگرت و دەستی کرد بە نووسینی ڕستەیەك: "ئامۆزا گیان، ئاندی لەبەر هاوخەمی جەنابتان..."

سەیری پەنجەرەکەی کرد، قەڵەمەکەی لە دەست بەربۆوە. ژیان بوژانەوە لەوێ بوو. شنەیەکی فێنك و خۆش هەڵیکردبوو و بە نێو لق و پۆپی سەوز و چرۆی دارەکاندا تێدەپەڕی، بەڵام چیمەنەکان کەسکییەکی جیاوازیان هەبوو. لەسەر

هـــەیوانی دراوســێی بەرامبــەریان، گالیســکەیەکی منــدالآن دیــاربوو. ئــەی رۆژگــار! مارگارێت وای پــێ بــاش بــوو، کــە ئــەمڕۆ نامەیــەك نەنووسێت. تاقــەتی هیچــی نــەبوو. دەستەکانی، شان و قۆڵی ئیفلیج ببوون.

دەتگــوت چــەکوش بەســەریدا دەکشــێن. بۆیــە دانیشــت.لە نێــو روونــاکی ماڵــەوەدا چــاوی نوقانــد. هــولی گــوتی:" دایــە، بــە دانیشــتنەوە وەنــەوز ئــەدەیت؟ تەندروســتیت باشە"نا، مەبەستم بەڵێ، نەنووستبووم، باشم، ئاگام لێنەبوو کە هاتییە ژووریّ".

"من لــە دەرگــای پشــتەوە راهاتمــە ژووریّ وامزانــی ســەرخەوێك دەشــکێنی نەمویســت لێت تێکبدەم، مەگەر باوکم پێی نەگوتووی کە دەبیّ پشوو بدەی؟"

"دەزانم،بــەلآم نــاتوانم وابکــەم، دلّــم زۆر تونــدە." هــولی دەســتی خســتە دەور ملــی دایکــی و گــوتی:" دایــە گیــان تــۆ زۆر هەســتیاری. ماســولکەکانی ملــت رەق بــوون، بــا بیان شێلم. "سوپاست دەکەم."

گــەرمایی دەســتی هــولی چــێژبەخش بوو.دەســتە ناســکەکانی کچــەکە شــان و ملــی دەشێلا. منــداڵێکی چــەندە بەســۆزە، ســەر لــە نــوێ فرمێســکی بــە چــاواندا هاتــە خــوارو خزایە سەر گونای: "سوپاست دەکەم ئازیزەکەم، دەبا منیش پشتی تۆ بشێلم."

"نــا، مــن باشــم. مــن لــە تــۆ گــەنجترم." ئــەو هــەولّی دا ســەرنجاتە ســەر دایکــی بــۆ ئەوەی لە قورسایی کەش و هەوای ماڵەوە کەم بکاتەوە.

مارگارێــت کــولّی پــەنگخواردوی قــورگی قــوت دایــەوەو هــەولّی دا کــەمێك هێــور بێت. پرسیاری کرد:" ئەمڕۆ نۆرەی راهێنانی خلیسکانێی کچانە؟"

"بــەڵێ، بــەلآم مــن دەمــەویّ بــە جۆرێــك خــۆمی لێ بدزمــەوە. پێشــبڕکێی یــاریی کۆتایی لە پێشــەو مــن ئەوەنــدە دواکــەوتووم کــە ئێســتا نــازانم چــۆن چــۆنی بەشــداری لــە پێشبڕکێدا بکە".

برۆکــانی هــولی کــە نیشــانەی تــوورەیی وێکهــاتن دلّــەڕاوکێی بــە دەموچــاوییەوە دیاربوو گوتی:" نامەویّ بە جێتبهــێلّم، زۆر دەترســم، بــەلآم لــێم ببــوورە، کــە دەبــێ بچــمە مالّی کالیسۆن.

ئــەو هــەموو مەلزەمــەکانی وانــەکانی لاتینــی و کیمیــای هەیــە، کــە مــن نــەمتوانیوە لە پۆلّەکانیاندا ئامادەبم."

مارگارێت بە جێی خۆی هەستاو بەنزەیەکی تاڵەوە گوتی: بێگومان دەبێ بڕۆیت، خێراکە بڕۆ. من باشم. هەموومان باشین، تۆ، باوکت و من، ئێمە دەبێ ئاوابین."

"دایە گیان زۆرم پێ ناچێ."

مارگارێت سەیری دوورکەوتنەوەی هولی کرد. ئەو لە قادرمەکانی ماڵەکەیان ڕۆیشتە خوارەوە. کتێبەکانی لە بن هەنگڵدابوون، بابسکە درێژەکانی دەشەکاندەوەو بە قاچەجوانەکانی بە خێرایی هەنگاوی دەنا. چەند مانگێکی دیکە ئەویش دەچێتە کۆلێژ. مارگارێت لە دڵی خۆیدا وای بۆچوو. پاشان بە خۆی گوت، ئێستا کاتی بیرکردنەوە لەو شتانە نییە. ئەو تەنیا بە هولی گوتبوو، کە تەندروستیم باشە، هەموومان باشین، ئەی لەو ئازایەتییەی !

مارگارێت کرافیلد قەت کاتژمێر سێی باش نیوەڕۆ لە ماڵ نەدەبوو. یان وەکو ڕاهێنەر لە قوتابخانە کاری نیوە وەختی دەکردوویان وەکو پەرەستیاری خۆبەخش لە نەخۆشخانە کاری دەکرد، بەڵام ئێستا نا، ئەمڕۆ نا، لە کاتێکدا کە بەردەوام چەکوشیان لە مێشکیدا دەکوتا.

ئاخر بەو بارودۆخەوە چۆن چۆنی کار بکات؟ چووە نهۆمی سەرەوە پەرێشان و سەرلێشێواو بوو.سوزگێك جلی چڵکنی بەتاڵ کرد، چاکەتە پەمەییەکەی هولی لەسەر کورسییەکەی دانرابوو، هەڵی گرت و قەدی کرد. کەنتۆرەی جلەکانی ئارتووری ڕێکخست.

چووە بەر ئاوێنەکەو قژی داهێنا. خەم خواردن سوودی نەبوو. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئارتوور بەو شێوەیە چاوی پێ بکەوتایە خەمبارتر دەبوو. ئارتوور قەت سکاڵای نەدەکرد، دەتگوت ئەوە پیاوە لەبەرد دروست کراوە. دیسانەوە چاوەکانی مارگارێت پڕ بوونەوە لە فرمێسك. لە نێو ماڵەکەیاندا دەخولایەوەو خۆی لەبەردەم ژوورەکەی پتێردا دێتەوە، کە بەدرێژایی ئەو هەفتەیە خۆی لەوە بە دوورگرتبووکە بچێتە ئەو شوێنە کەنتۆرەی بە بێ ویستی خۆی چووە ژووری. ئێستا ئەو لەبەردەم کەنتۆرەی جلەکانی پتێردابوو. قەفەسەکان و جل گرەکان بەتاڵ بوون. مارگارێت نزیك کەوتەوەو دەستێکی بە جلگرەکاندا هێنا، ڕەنگ و شێوەی ئەو جلانەی هێنایەوە پێش چاوی خۆی کە جاران بەوێدا هەڵواسرابوون. ئێلەگی دامەیی قاوەیی، فانیلەی خوری، ئێلەگی دژە ئاوی سوور و ئەو چاکەت و پانتۆڵە جوان دراو و لێوەشاوە

تیلییــە. رۆژی دوای تازییــە هــەموو جلــەکانیان لــە ماڵــێ بردبــووە دەرێ. هاوڕێیــانی دڵســۆز هــاتبوون تــاکو دۆڵاب و چــەکمەجەکان بــەتاڵ بکــەن، بــەڵام بــە گشــتی ژوورەکــە هــەروەکو خــۆی بــوو. کتێبــەکان شــریتەکان قەوانــەکان، هــەروەها وێنــەو پۆســتەرەکان هەروەك جاران بوون.

کەواتە ئێستاش وا دەهاتە بەرچاو کــە ئێســتا نــا تــاوێکی دیکــە رەنگــە پتێــر بگاتــە بەرەوە لە پەنا مێزەکــە دانیشــێ و یــاخود لــە کاتێکــدا کــە دەســتەکانی لێــك هەڵــدەپێکێ لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی لێــی راکشــێ و گــوێ هــەڵبخات بــۆ ئــاوازی جــازی نێوتۆرلێتــان کە هیوایەتی بوو. ئــەو ژەنیــارێکی کارامــە بــوو. ئێســتا چــیدی پیــانۆی نهــۆمی خــوارەوە بێدەنگ بوو. پتێریش تاکــە ئەنــدامی خێــزان بــوو، کــە پیــانۆی دەژەنــی و زۆر کــەیفی بــە مۆســیقا دەهــات. مارگارێــت لــە پــەنا قەرەوێڵــەی کوڕەکــەی دانیشــت. هــەتاو ژوورەکــەی رووناك کردبۆوە. لە دیمەنی تەپۆڵکــەی ســان میشــێل رامــا کــە ئــەو پۆســتەرە بــە پــۆنیس لە دیــواری نێــوان هــەردووك پەنجەرەکــەوە درابــوو. پتێــر هــاوینی پــاری چــەند بــە خۆشــی رابواردبوو، ئــەو کاتــەی کــە ئــەو خێزانــە مانگێکیــان بــە گەشــت و ســەیران لــە فەرەنســا بەسەر بردبوو. ئــەو خــاوەنی توانایــەکی زۆر بــوو، بــۆ بەختــەبوون و ســەرەڕای هــەموو ئــەو نەهامەتیانەی کــە لــە ســەرەتای لــە دایکبوونییــەوە بەســەریدا هــاتبوون، دیســانەوەش لــە مانــای ژیــان تێدەگــەیی و چــێژی لێــوەردەگرت. مارگارێــت بــیری کــردەوە:" چ ئازارێــك دەچــێژ. خوایــە گیــان شــێت بــووم." پــەیتا پــەیتا بــیری لــە بیرەوەرییــەکانی رابــردوو دەکردەوە. بــیری لــەو ســەردەمە دەکــردەوە، کــە لــەو شــوێنەی ئێســتا قەرەوێڵەکــەی لێیــە هــەلۆرکی پتێــری لێبــوو. لــەو ســەری ژوورەکــەش، قەرەوێڵــەی کۆرپەکــە، دۆڵاب و کەلوپــەکان، بــەرێکوپێکی دانرابــوون. دایــە گــەورە فریــدا گوتبــووی:" هــیچ شــتێك بــۆ نــەوەی ئــازیزی بنەماڵەکــەمان وەکــو پێویســت بــاش و گونجــاو نییــە." هــەروەها بــاپیرە ئــالبێرت بــە گاڵتــە گوتبــووی:" کــوڕێکی کــالۆڵ زێــڕین، قــژە جــوان و پڕەکــانی لــە قــژی زاوا خۆشەویســتەکەم دەچــن." پاشــان بــە خۆشــحاڵییەوە دەســتی لەســەر شــانی ئــارتوور دانــابوو. کاتێــك کــە ئــەوان بــۆ یەکــەمجار پتێریــان هێنــابۆوە ماڵــێ، بــاران بــە لێزمــە دەباری، بەڵام لەم ژووردەدا ئــەو کــوڕە لــە هــەموو ئــازار و مەینەتییــەك پــارێزرابوو. هــیچ شــتێك نــاتوانێ زیــان بــەو منداڵــە بگەیــەنێ، هــیچ شــتێك، بــەڵام دیســانەوە شــتێك لــە گۆڕێ بوو. ئــەو شــەوانە دەگریــاو نائــارام بــوو. بــە دەگمــەن دەنگێــك بــەو توندییــە مــرۆڤ

دەشـڵەژێنیێ. کاتێـك منـداڵێك دەگـری، دایـك و بـاوك سـەریان لێدەشـێویێ و هـەردوو کارێك دەکەن تاکو ژیری بکەنەوە.

بـەڵام هـیچ شـتێك پتێـری ژیـر نـەدەکردەوە، نـەخواردن پێـدانی، نەوشـك کردنـەوەی، نەراژانـدن. ئـەوان پرسـیاریان لـە دوکتـۆر و هاورێکانیـان دەکـرد:" ئـاخر ئـەو منداڵـە چ گرفتێکی هەیـە؟" لـە وەڵامیشـدا دەیانبیسـت کـە:" دەی، شـتێکی وانییـە، رەنگـە هـەر قـۆڵنج کردنێکـی ئاسـایی بێـت. دەزانـن ئـاخر منـداڵ هەمیشـە قـۆڵنج دەکـات." هەربۆیەش جۆری شیرەکەی گـۆڕدرا، بـۆ ماوەیـەك باشـتر بـوو، بـەڵام تـەنیا بـۆ ماوەیـەك. سـەر لـە نـویێ جـۆری شـیرەکە گـۆڕدرا تـاوای لێهـات کـە دوکتـۆر کەوتـە گومانـەوە. شەوێکیان پتێر دەستی بە کـۆفین کـرد. وەکـو هـەر دایکێکـی دیکـە مارگارێت ئەوەنـدە خەوی سوك بـوو کـە لـە مـاوەی چـەند چرکەیەکدا بەسـوکە دەنگێـك لەوسـەری ڕاڕەوەکـە بـە خەبـەر دەهـات و بـەرەو لای هـەلۆرکی منداڵەکـەی راکێشـرا. ئەمجارەشـیان لـە جێـی خـۆی هەسـتاو بـەرەو ژوورەکـە کەوتـە ریێ. لـە ژێـر تروسـکایی کـەمی گڵۆپەکـە، لەبەرکەمیی هەوا، بـە چـکە پشـیلەیەکی سـپی بـە دوو چـاوی درەوشـاوەوە لـە گیانـەڵادا بوو. دەمووچاوە بچووکەکەی شین هەڵگەڕابوو.

للێرشـی کۆخـەکانی تۆقێنـەر بـوو. ئـەو بـۆ هەناسەکێشـان. چ هـەوڵێکی دەدا، کـەوتبووە لەخەلـەخ. کۆخەکـە هـەروەکو پـەلاماری مـەرگ دەهاتـە بەرچـاو. مارگارێـت لەگەڵ ئەوەشـدا کـەبیێ ئـەزموون بـوو، بـەڵام لـە هەتەکەیـدا بـە هەڵـە نەچووبوو، ئەگـەر تاکو چـەند چرکەیەکی دیکـە منداڵەکـە هەناسـەی هەڵنەکێشـایە، دەفـەوتا. بـە ترسـەوە هـەڵگرت و بـە شـڵە ژاوییـەوە گوتی:"خوایـە گیـان، خوایـە گیـان،" بـەڵام نـا، ئـەوە ساویلکانە بوو. لـە ناکـاو منداڵەکـە ئـارام بـۆوە. ناکـا مردبێـت؟ دووبـارە خسـتیەوە نێـو هەلۆرکەکـەی. هـەموو پیـاوێکی دیکـە ئـارتوور لـە شـیرینە خـەودا بـووو پێنەدەچـوو گـوێی لـە دەنگێـك بووبێـت. مارگارێـت بـە پەلـە گەڕایـەوە ژووری نووسـتنەکەی و بـە نیگەرانییـەوە بـە خەبـەری هێنـا:" ئـارتوور، منداڵەکـە، ئـازانم کـوێی دێشـیێ." "ئـاخ" هـەردووکیان لـەم لاوئـەولای هەلۆرکەکـە راوەسـتان، منداڵەکـە یـەك دوو جـاری دیکـە کـۆخی، بـەڵام نـەك بـە تونـدی جـاری پێشـوو. دایکوبـاوك سـەیری یـەکتریان کـردوو یەکسەر بڕیاریان دا.

دەبوو هەولێکی بە پەلـە بـدەن ئـارتوور گوتی:"بەتانییـەکی تێـوە بپێچـە. دەبـێ جلـی لەبەر بکـەین و بیگەیەنینـە نەخۆشـخانە. دەترسـم سـبییەکانی هـەدیان کردبـێ و هێرشـی کۆخـە رەشـە بێـت". مارگـارێتیش هـەروای بۆچـوو. هـەرئاوا کـە ئـەوان بـە سـواری ئۆتۆمبێـل بـە شـەقامەکانداو بەبـەردەم خـانووە تاریکەکانـدا تێدەپـەڕین، مارگارێـت بـە پەرێشانییەوە گوتی:" نـەکا بـەر لـەوەی بگەینـە جـێ منداڵەکـە بمرێـت." ئەوسـا دەسـتی بردە ژێر ئـەو بەتانییـەی کـە تێـوەی پێچـابوو و بـە خۆشـحاڵییەوە هەسـتی بـە ترپـەکانی دڵـی منداڵەکـە کـرد. بـاران بـە لێزمـە بەسـەر شـار و سـەربانی ماڵانـدا دەبـاری و پلووسـکەکاندا دەڕژایـە خـوارێ. هـیچ شـتێك نەیـدەتوانی بـەری پـێ بگرێـت. لـەوەها زریانێکیشـدا پتێـری تەمـەن سـێ رۆژەیـان هێنـابۆوە مـاڵێ لـەوەی کـە یەکـەمین کـوڕی خۆیان دەهێنایەوە بـۆ ماڵـەوە زۆر دڵخـۆش و لـە خۆبـایی بـوون. ئێسـتاش سـەر لـە نـوێ دەیـانبردەوە بـۆ نەخۆشـخانە. لـە دوورەوە سـەر دەرگـای و روونـاکی بەشـی نەخۆشـخانەی فریاکەوتن، کـە وەکـو فانۆسـێکی دەریـایی بـۆ پـاپۆڕە زریـان لێـدراوەکان دەهاتـە بەرچـاو بـە دیارکـەوت. ئـەوان بـە خێرایـی بـەرەو بەشـی فریاکـەوتن رایـان کـرد. دوو دەسـتی دڵنیـاو بـەهێز، کۆرپەکـەیان لێـوەرگرتن. چـەند کەسـی نەناسـراو هاتنـە نـاوەوە دایـك و بـاوك بەناچـاری دووریـان گـرت. دوکتـۆر گـوتی:" بـەڵێ، هـەوکردنی سـییەکان، ئێمـە ناچـارین لای خۆمـان بیهێڵینـەوە". ئـەو لـە کاتێکـدا کەسـەریی خشـتەی نیشـانەکانی بوژانـەوەی دەکـرد. بـرۆی تێـك نـان و پاشـان بـە میهرەبانییـەوە گـوتی:" بـەو تەمەنـە کەمەی کە هەیەتی زۆر سەیرە کـە تووشـی ئـەو نەخۆشـییە بـووە. بـەڵێ، مـن نـاتوانم بـە درۆ پێتان بڵـێم کـە ئەمـە نەخۆشـییەکی سـادەیە، بـەڵام لەبـەر هـەبوونی ئـەنتی بایۆتیـك دڵنیابن کە..." ئەو دەیویست شـتێك بڵـێ کـە کـەمێك ئاسـوودەیی بـەو باوکـە ببەخشـێ کە دەبوو بگەرێنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام نـەدەکرا کـە زۆریـش بـە هیوایـان بکـات. ئـەوان لـە هـــەموو شـــتێك تێگەیشـــتن مارگارێـــت بـــە بـــێ ئومێـــدی گـــوتی:" نـــاتوانین لێـــرە بمێنینـەوە؟". دوکتـۆر سـەری راوەشـاند گـوتی: " نـا، مانـەوەی ئێـوە گرفتێـك چارەسـەر ناکـات. ئێمـە دەیگوازینـەوە بـۆ بەشـی چـاودێری تایبـەت. وا باشـترە کـە ئێـوە بچـنەوە ماڵ و پشویەك بدەن."

هەربۆیە ئـەوان گەڕانـەوە ماڵـێ و لـە تەنیشـت یـەکتری بـە بێـدەنگی راکشـان، بـەڵام بـە خەبـەربوون و بیریـان لـەوە دەکـردەوە، کـە بـۆ دەبـێ منداڵەکـەیان تووشـی پەسـتانی

سـییەکان بوویێـت لـە کاتێکـدا کـە هـەرگیز تێکـەڵاوی خـەڵك نـەبووەو تەنانـەت لـە ماڵـەوەش هـیچ کەسـێك توشـی هەڵامـەت نـەبووە. بـە هـەرحاڵ جـاری وایـە رووداوی ئەوها روودەدات. پتێـر بـە گشـتی جەسـتەیەکی بچـووکی هـەبوو، ئەوەنـدە ورد و چـکۆلە کە کاتێك مارگارێـت دەیـدیت لـە ترسـان هـاواری دەکـرد و دەیگـوت:" کـوڕە جوانەکـەی من." ئەوسا سەری نـەوی لـە گۆنـای خـۆی دەخشـاند، " دایـە گـەورە قەڵـەوت دەکـات و گەورەو بەهێز رات دەهێنیّ".

ماوەیـەکی زۆری خایانـد تـاکو ئـەو کـوڕە منداڵـە گـەورە و بـەهێز ببێـت. تیشـتیای خواردنی زۆر کەم بوو و زۆر بەسـتی گەشـەی دەکـرد، بـەڵام هەرچـۆنێك بـوو، هـەموو ئـەو گرفتانەی تێپەڕاند توانی دانیشـیّ، بـڕوات، هـەروەها بـەو جـۆرەی لـە منـداڵێك چـاوەڕوان دەکرێـت فێـری قسـەبوو. بەهـەرحاڵ، ئـەو لـە هـەموو روانگەیەکـەوە ئاسـایی دەهاتەبەرچاو.

مارگارێت دەیپرسـی:" تـو بڵێـی کوڕەکـەمان هـەر لـە بەرچـاوی ئێمـە ئەوەنـدە جـوان بێت، یان بەڕاستی بێ وێنەیە؟ مـن وای بـۆ دەچـم کـە کاتێـك لەگـەڵ ژمارەیـەکی زۆر لـە هاوتەمەنەکانی پتێـردا پێکـەوەین، ئـەو لـە هـەمووان زمـان شـیرین تـر و بـە ئـەدەبترە و ئەمەش زۆر راستە".

ئارتۆوریش پێدەکەنی و دەیگوت:" بەڕاستی ئێمە دایك و باوکێکی کاڵخامین."

بـەڵام دایکـی مارگارێـت دەیگـوت:" ئـەو پیـاوێکی بلیمـەتی لێدەردەچـێت ئێـوە تێناگەن، کە پتێـر لـە هـەموو روویەکـەوە هاوشـێوەی ئـارتۆورە. رەواڵـەتی وەکـو ئـارتۆور وایە و تەنانەت لەو تەمەنە کەمەشیدا وەکو ئەو هەڵسوکەوت دەکات."

مارگارێـت وەڵامـی دەدایـەوە:" بـەڵێ ئەگـەر ئـەویش وەکـو بـاوکی لێبێـت، ئـەو کاتەیە کە من دووجار خۆم بەختەوەر دەزانم".

مارگارێـت ئـەوینێکی ئـاگرینی وە بـیر هاتـەوە کـە بـە دیتنـی ئـارتوور لەوپـەڕی ژوورێکـی قەرەباڵخـدا دەروونـی گرتبـووەوە. لـە دوای ئـەوە بـە هـولی دووگیـان[1] بـوو ئـەوان زۆر بەختـەوەر بـوون. دوو منـداڵ لـە مـاوەی دووسـاڵدا: هەرچـییەکی دەیانویسـت هەیانبوو و دنیایان لە نێو دەستەکانیاندا هەست پێ دەکرد.

---

١- دووگیان: ئاوس- ژنی خاوەن حەمل.

بـەڵام لـە شـەوێکی مـانگی حەوتـەمی دوو گیـانی مارگارێتـدا رووداوێکـی نـاخۆش روویـدا. ئـەوان لـە ناکـاو بـە دەنگـی ناڵـەو شـیوەنێکی تۆقێنـەر و مەرگهێنـەر لـە خـەو راپەڕین. بە هەڵـەداوان غاریـان دایـە ژووری پتێـرو دیتیـان ئـەو کەلەسـەر قەرەوێڵەکـەی، قاچـی بـۆ لای سـکی کۆکردبـووە گێنگڵـی دەدا لەبـەر ئـازار ئـەم ژن و ئەوشـانی دەکـرد. بەناچـاری لـەو شـەوە تۆقێنـەرەدا چـوونەوە نەخۆشـخانە. چ شـەو و ڕۆژێکـی پـڕ لـە دڵـە راوکێیـان بەسـەر بردبـوو. پسـپۆڕێکی گـەنج یەکـەم کـەس بـوو، کـە ئـەوان لـە هەنـدێك راسـتی ئاگـادارکردەوە. ئـەو گوتی:"ئـەم منداڵـە بـە جـۆرێکی تۆقێنـەر و نەخۆشـە. مـن راتان دەسپێرم کە سـەردانی دوکتـۆر بـیر بکـەن. لەبـەر ئـەوەی ئـەو یەکێکـە لـە باشـترین پسپۆڕانی وڵات لەم ویلایەتە".

ئـارتۆور بـە دەنگێکـی تـەژی لـە پاڕانـەوەوە لێـی پرسـی:"جەنابتان پێـت وایـە چ نەخۆشییەکە؟"

پیاوە گەنجەکە وەڵامـی دایـەوە:" جـارێ نـاتوانم رای خـۆم دەربـڕم، لەبـەر ئـەوەی هـیچ تاقیکردنەوەیەکەم ئەنجام نەداوە."

"بـەڵام خـۆ دەبـێ بۆچـوونێك لا دروسـت بووبێـت، تکـات لێدەکـەم بۆچـوونی خۆتمـان پـێ بڵـێ. ئێمـە هەلومـەرجی جـەنابت دەرك دەکـەین و قـەت قسـەی جـەنابت لای کـەس نادرکێنین، تکات لێدەکەم."

لەبەر داخوازییە لـە خـۆ بووردوانەکـەی ئـارتۆور خـۆی رانـەدەگرت و بۆیـەش لـە پـاش چـەند خولـەکێك دوکتـۆر دەسـتی بـە قسـەکرد و پێـی گـوتن: "رەنگـە نەخۆشـینی منداڵەکـەتان سیسـتێك فیـبرۆزیس(٢) بێـت، بـەڵام ئاگاتـان لێبێـت کـە ئەمـەی دەیڵـێم تەنیا تەنیا گومانە نەدەبوایە من پێتان بڵێم".

بـە هـەرحاڵ پیـاوە گەنجەکـە ناهـەقی نـەبوو. پاشـان ئـەوان کەوتنـە نێوسـەفەر و گەشتێك لە تاقیکردنەوەکان کە بە بۆچوونەکانی دوکتۆر لیر دەستی پێکرد.

دوکتـۆر لـیر یـەکێك بـوو لـە باشـترین پسـپۆڕەکانی وڵات. لـە نووسـینگەی سـپی رەنگەکـەی ئـەودا و لـەژێر رووناکـایی تیشـکی بـەهێزی گڵۆپـە رووناکەکانـدا، جەسـتەی بچـووکی پتێـر کرافیلـد کەوتـە ژێـر تاقیکردنـەوەی تیشـکی ئێکـیس (X) و بـە پەنجـە

---

٢- نەمزانی ناوە کوردییەکەی چییە بۆیە وەکو خۆی دامنایەوە ."وەرگێر"

کارامەکانی دوکتۆر پشکێندراو ئەمدیوەو ئەو دیویی پێ کرا. سەرەنجام دوکتۆر گوتی:" بە داخەوە هەمان ئەو شتەیە کە لێی دەترساین".

نیگای دوکتۆر لەسەر روخساری ئارتۆور بۆلای روخساری مارگارێت سوڕاو لەوێشەوە بە خێرایی سەرنجی بۆ لای سکی بەرزەوە بووی مارگارێت راکێشرا. بە حاڵەتی روخساریدا دەخوێندرایەوە، کە بۆ ئافرەتێك لە وەها هەلومەرجێکدا ئەو شوێنە چەندە خەماوی بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت گوتی: " هەروەکو گوتم تاکو دڵنیایی یەکجارەکی رێگایەکی درێژمان لە پێشە. حەزدەکەم لەگەڵ نەخۆش و کەسوکاریدا راشکاوبم."

لە کاتێکدا کە ئەوان بە قادرمەکانی عیادەکەدا دەچوونە خوارەوە مارگارێت گوتی:" رەنگە ئەو دوکتۆرێکی کارامەو لێزان بێت و بە دڵنیایشەوە زۆر بە سۆزە، بەڵام من ناتوانم باوەڕ بە قسەکانی بکەم."

بەڵام وەڵامی ئارتۆور تەنیا ئەمە بوو:" ئایا دەبێ بچینە شوێنێکی دیکەش؟"

"گومانی تێدا نییە، هەرکەسێك مێشکی کەمێك کار بکات دەبێ بە دوای بۆچوونی کەسێکی دیکەشدا بگەڕێت."

بۆیە ئەوان درێژەیان دا بە گەڕان و پشکنن و سەرەنجامیش گەیشتنە ئامانج، بەڵام دەرەنجامەکە هەر هەمان بوو. ئەگەری ئەوە هەبوو، کە منداڵەکە تاکو تەمەنی لاوێتی بژی، یاخود لەومەودادا ئێستا نا تاوێکی دیکە بمرێت. ئەگەری ئەوە هەبوو، کە توشی نەخۆشینی بەستانی سییەکان و نەخۆشی شەکرەو نەخۆشی دڵ و رێخۆڵە بووبێت. بە دڵنیاییەوە ئەو پێویستی بە چاودێری ورد هەبوو. لە دوای چوار پێنج جار هەوڵدان، ئەوان ئیدی بەسەبووری تایبەتەوە هەموو شتێکیان لەبەر بوو. ئارتۆور کە زیاتر ئاگادار بوو هەولێدا تاکو دیسانەوە مارگارێت لە هەوڵدان دڵسارد نەکات. لە کاتێکدا کە بە باشی منداڵەکەیان داپۆشی بوو، بە ئۆتۆمبێل و فرۆکە و شەمەندەفەری ناوخۆیی لە عیادەی دوکتۆرێکەوە بۆ دوکتۆرێکی دیکە دەچوون و سەر لە نوێ وەکو خولگەی پەرگار دەگەڕانەوە خاڵی دەسپێك سەرەنجام ئارتۆور گوتی:" ئیدی بەسە، ئێمە گەیشتونییەتە کۆتایی رێگاو ئێستاش دەبێ راستی قبوول بکەین".

به هـەرحاڵ ئـەم قسـەیە جـۆرە ئاسـوودەیەکی لەوانـدا دروسـت کـرد. خێـزان، دایـك و باوك، هەروەها دایە گەورەو بابە گەورە رۆژێك لە ماڵی ئارتوور کۆبوونەوە.

بابـە گـەورەکان و دایـە گـەورەکان لـە رادەبـەدەر سەرسـام و دڵتـەنگ بـوون. بابـە گـەورە ئـاڵبێرت گـوتی:" مـن هـەر پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەم. بچـڕاند، لـە نێـو کتێبەکانـدا بـە دوای نەخۆشـییەکەدا گـەڕام: سیسـتیك فیـبرۆزیس لـە نێـو بنەماڵەکانـدا ویراسـییە. تـا ئـەو جێیـەی کـە لـە بیرمـە لـە خێزانـی مارگارێتـدا کـەس تووشـی ئـەم نەخۆشییە نەبووە. ئەی لە بنەماڵەی ئێوەدا ئارتوور؟

ئـارتوور بـە داماوییـەوە وەڵامـی دایـەوە:" هـیچ کـەس. هەڵبەتـە رەنگـە یـەکێك لـە بـاب و بـاپیرە کۆنـەکانمان، ئەوەنـدە کـۆن کـە تەنانـەت کـەس ناویشـی نەبیسـتووە، بـەڵام وەکـو دەڵـێن ئـەم نەخۆشـییە هەمیشـە ویراسـی نییـە و دەتوانێـت بەرێکـەوتیش تووشـی مرۆڤ ببێت".

مارگارێـت هـاواری کـرد:" هـیچ لـە دۆخەکـە ناگۆڕێـت، خـۆ شـتێك هەیـە. هەیـەو هـیچ رێگایـەکیش بـۆ گـۆڕانی نییـە، مـن نیگـەرانی ئـەوەم کـە...." دەنگـی لـەرزی و پچڕا. دەستی خسـتە سـەر زگـە هەڵاسـاوەکەی کـە تێیـدا منـداڵێکی دیکـە چـاوەڕێی لـە دایکبوون بـوو، بـەڵام هـولی لـەو سـاتەوەی کـە هاتـە دنیـاوە تەندروسـت بـوو. نەتووشـی نەخۆشـی دەبـوو نەنیگـەرانی دروسـت دەکـرد و نـە لـە ترسـی نەخۆشـییەکانی سـی و نەخۆشـی شـەکرەو نەخۆشـییەکانی دیکـە پێویستیشـی بـە چـاودێری رۆژ و شـەو بـوو. بـە دڵنیاییەوە هـیچ هێمـا ونیشـانەیەك لـەودا نـەبوو، کـە بەڵگـەبێت لەسـەر تووشـبوونی بـە نەخۆشی سیستیك فیبرۆزیس. ئـەو کچـێکی یـەکجار ژیکەڵـەو جـوان بـوو بـەڵام نـەت بـە ئەندازەی پتێر، لـە بـڕی ئـەوە ئینکـار و خـۆ بـەزلزان و ئاژاوەچـی و دڵناسـك بـوو و هـیچ بە پتێـر نەدەچـوو. دۆسـت و ناسـیاو بـە مارگارێتیـان دەگوت:"هـولی وەکـو تـۆ دەچـێ و پتێریش وەکـو ئـارتوور." لـەو پـاش نیوەڕۆیـە بێزارکـەر و خەماوەیـەدا، لـە کاتێکـدا کـە مارگارێـت لەسـەر قەرەوێڵـەی پتێـر دانیشـتبوو بـە خـۆی گـوت: "قسـەی زۆر بـە جێیـان دەکرد. وەکو ئارتوور ئەو کوڕی ئـارتوور بـوو، ئەمـە دوور بـوو لـە راسـتی ! ئـەی کەواتـە ئەو کوڕی کێ بوو؟"

مارگارێت لە کاتێکـدا کـە دەسـتی لـەم ولایـەوە بەردابوونـەوە کردنییـە مشـتەکۆڵە و ئاڵقەی بووکێنی خۆی راگوشی. نـا ئـەوە ناتوانێـت راسـت بێـت. کەواتـە خـەمێکی دیکـە

بەڕێوەیە. مرۆڤ چەندە دەتوانێت خەم و پەژارە لە کۆڵ نێت؟ چۆن چۆنی دەتوانێ گرێ کوێرەکانی دڵ بکاتەوە؟ مارگارێت بەسرتە گوتی:" دڵی من بە هۆی پتێرەوە شکاوە، گوێت لێیە؟ بەڵام ئەوەی دیکە، ئەوەی دیکەش هی منە. خوایە گیان، خوایە گیان، ئاخر ئەم هەموو خەم و خەفەتە بۆچی؟"

مارگارێت هەروا لەوێ ڕاکشابوو، کە ئارتوور هاتەوە ماڵێ. ئەوە گوێی لێبوو کە ئارتوور کلیلەکانی لەسەر مێزی هۆڵەکە دادەنان و پاشان دەنگیشی بیست:

"مارگی؟ من گەڕاومەتەوە ماڵێ، تۆ لە کوێی؟".

مارگارێت کە حەزی نەدەکرد مێردەکەی لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی لەسەر کارەکەی دیسانەوە لەو ژوورەدا بە چاوی فرمێسکاوییەوە ببینێت، بە بێ مەیلی وەڵامی دایەوە:"لە نهۆمی سەرەوەم، ئێستاش دێمە خوارەوە."

ئەو ناچار بوو هەر نەبێ لەبەرخاتری مێردەکەشی بێت بە هێزبێ و هاوکاریی بکات، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ئارتوور لەسەر قادرمەکان بە دیارکەوت، کاتێك ئارتوور بینی کە مارگارێت لە چ ژوورێك دێتە دەرێ، چووە ژوورێ و دەستی لە ملی هاوسەرەکەی ئاڵقەکرد بە بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت لە باوەشی گرت.

مارگارێت گوتی:" ئەو هەمووە ساڵە، پتێری خۆشەویستمان هاوینی ئەمساڵ تەمەنی دەبووە نۆزدە ساڵ".

"بەڵێ، بەڵێ، ئەو خوالێخۆشبووە تەمەنی کورت بوو. کۆمو خوایە گیان، هەموو ئەو ماوەیەش خۆی دەیزانی. دڵنیام کە ئەو دەیزانی تەمەنی کورت دەبێت".

"ئایا تۆ دەتوانی ئەم بیرکردنەوەیە بخەیتە دڵ و مێشکتەوە کە ئەو هەرگیز کوڕی ئێمە نەبووە؟ ئەو بە تەواوی هی ئێمە بوو. چۆن دەکرێ وەها ڕووداوێك ڕووبدات ئارتوور؟"

"کێ دەزانێ، بە دڵنیاییەوە پەرەستارێکی ساویلکە وەسبەندەکەی بە هەڵە دەستی کردووە. تەنیا هەر ئەوە. لەم جۆرە ڕووداوانە زۆرەو یەکێکیشیان سەبارەت بە ئێمە ڕوویداوە."

مارگارێت:" من وا هەست دەکەم کە ئەم ڕووداوە مەرگێکی دووقات بووە، وەکو ئەوەی کە..."

لــە هەمانکاتیشــدا دەســتی خســتە ســەر خالێــك کــە خــەم و پــەژارە هێلانــەی تێــداکردبوو، لــە هــەمان ئــەو جێــی کــە ســۆز و خۆشەویســتی منــدالێکی تێــدا جــێ کردبۆوە، دەستی خستە سەر دڵی.

"بەڵام بۆ مەگــەر ئێــرە نییــە؟ چــۆن دەتوانرێــت لــەوە تــیێ بگــەی کــە چ رووداوێــك بــۆ کۆرپەکەی دیکە رووی داوە؟"

ئــارتوور بــە ئــارامی وەبــیری هێنایــەوە:" خــۆ دەزانــی کــە کلینیکــی بــارنێش چــەند سالێك لەمەوبەر داخراوە".

مارگارێــت بــە پێداگرییــەوە گــوتی:" بــەڵام رەنگــە بەڵگەنامــەو پزیشــکییەکان گوازرابنەوە بۆ شوێنێکی دیکە".

ئارتوور بێدەنگ بوو.

"تۆ ناتەوێ بزانی، ئارتوور؟"

ئارتوور ئەوەندە بە کپی وەڵامی دایەوە، کە مارگارێت بە ئاستەم گوێی لێبوو:

"پێم وانییە حەزم لە زانینی بێت".

"بەڵام بۆچی؟ من تێناگەم".

"لەبەرئەوەی چی لە دۆخی ئێمە دەگۆڕێت؟"

مارگارێـت لەبەرخۆیــەوە گــوتی:" بــۆمن پێویســتە". چــیدیکە نــەیتوانی بەبــە رژانــی فرمێسکەکانی بگرێــت، هــەمان ئــەو کوڵــە فرمێســکە پــەنگ خــواردووەی ئەیویســت قــوڵ بداتەوە.

"من دەبێ بــزانم ئــەو لــە کوێیــە؟ ئــەوی دیکــە ئایــا مــن لــە شــوێنێکی باشــتر ژیــان بەســەردەبات؟ بــیری لیێ بکــەوە. لەوانەیــە دایــك و بــاوکی کەســانێکی ترســناك بــن، هەمیشــە ســەرخۆش بــن، ســیتەمکار بــن، یــاخود رەنگــە برســی و نــەخۆش لــە شــوێنێك کــەوتبێت؟" ئــارتوور لــەو ســاتەدا وازی لــە هاوســەرەکەی هێنــا بــە ئــارامی راوەســتا، پشــتی لــە مارگارێــت و رووی لــە دیواربــوو. شــەهادەی خوێنــدنی دواناوەنــدیی پتێــر بەرامبەری هەڵواسرابوو، بەڵام ئارتوور سەیری نەدەکرد.

پــاش چــەند خولــەکێك رووی خــۆی گەڕانــدەوە وەڵامــی پرســیارەکەی مارگارێــت دایەوە:

"وای دابنــێ کــە ئێمــە لــە لێکۆڵینەوەکانمانــدا ســەر بکــەوین، کــە هەڵبــەت ئەمــە تــەنیا گریمانەکــە، ئایــا پێــت وانییــە کــە ڕەنــج بــە خەســاردەبین؟ ئەگــەر بێــت و شــوێنی ئەوەی دیکە باش نەبێت ئێمــە نــاتوانین هــیچ کارێــك بکــەین و هیچــمان لــە دەســت نایــە، ئێستا ئەو کوڕە گەورە بووە و ئیدی کار لە کارترازاوە".

"سەرەڕای ئەوە من هێشتاش دەمەوی بزانم".

ئارتوور سەر لە نــوێ درێژەیــدا بــە قســەکردن و بەتایبــەتی بەڵگــەی هێنایــەوە: "بــەڵام ئەگەر مال و حاڵ و ژیانی باش بێــت، وەکــو ئــەوە وایــە کــە بــە ئانقەســت ژیــانی لێ تێــك بــدەین. بــیر لــەو ژیانانــە بکــەوە کــە ئێمــە ئاوەژوویــان دەکەینــەوە. لــە هــەمووان زیــاتر ژیانی ئەو کــوڕەن، هــەروەها بــوون و نــەبوونی بنەماڵەکــەی و بــە ئەگــەری زۆریــش ژیــانی هولی. ئێستا ئەویش لێرەیە. وەرە با لەم ژوورە بڕۆینە دەرەوە".

ئەوان چــوونە ژووری نووســتنی خۆیــان و کــاتێکیش کــە هــولی هاتــە نهــۆمی ســەرەوە دایــك و بــاوکی لــە ژوورێ بــوون. هــولی بــە هــۆی ڕاکردنــەوە ســەر کوڵمــەکانی ســوور هەڵگــەڕابوون. لاقــەکانی درێــژ و باریــك بــوون و بــەڕای بــاوکی جــوان و ڕێکوپێــك بــوون باوکی سەیری دەکرد و ئەویش گۆنای باوکی ماچکرد و گوتی:

"ســڵاو بابــە. مــن ئــەرکی زۆرم بــۆ نووســین و ئامــادەکردن هەیــە، تــۆ چــۆن ڕۆژت بردەسەر؟"

هــولی لــە ناکــاو گرفتــی بنەماڵەکــەیانی هاتــەوە یــاد هەڵســوکەوتی خــۆی گــۆڕی:" مەبەستم ئەوەیە کە بارودۆخت چۆن بــوو، واتــە مەبەســتم ئەوەیــە کــە ڕۆژێکــی ناخۆشــت بەســەرنەبردبیا، یەکــەم ڕۆژ کــە گەڕایتــەوە نووســینگەکەت، خوایــە گیــان، مــن پــێم وایــە کە، خۆشم نازانم چ مەبەستێکم هەیە".

ئارتوور بە ئارامی وەڵامی دایەوە:

"هــەموو شــتێك بــە باشــی دەچــێتە پــێش. هــەموو کەســێك دەزانــێ چ مەبەســتێکی هەیــە. ســەبارەت بەوانــەکانت، بــۆ نموونــە دەربــارەی وانــەی لاتینــی، مــن دەتــوانم هاوکاریت بکەم. لەبەرئەوەی من هەمیشە لەم وانەیەدا قوتابییەکی زیرەك بووم."

"نا، بابە گیان سوپاست دەکــەم جــارێ پێویســت ناکــات. ئەگــەر بــە ئــەرك نــەبێت بــۆ تۆ، هەر کاتێك گرفتێکم هەبوو بە دڵنیاییەوە داوای هاوکاریت لێدەکەم".

کاتێك کچەکە ژوورێی بەجێهێشت باوکی گوتی:

" ئێستا ئەو تاکە کەسێکە کە بۆمان ماوەتەوە، دیسانەوەش دەنگی وەك پتکی ئاسنگەر لە گوێچکەماندا دەنگ دەداتەوە" پاشان بەردەوام بوو:" ئەو هەموو شتێکی ئێمەیە، ئایا تۆ هەر بە راستی ناتوانی ئەوی دیکە فەرامۆش بکەی؟"

"فەرامۆش بکەم؟ تۆ پێت وایە تۆ پێت وایە، کە من بەر لە مردنی پتێریش بیرم لەو کوڕە نەدەکردەوە؟"

"لەو رۆژەوە کە سەبارەت بەو راستییەکانیان پێ گوتم منیش بیرم لێکردووەتەوە و پێم وایە باشترە واز لەو مەسەلەیە بێنین. مارگارێت با ئەو راستییە قبوولْ بکەین. ئێمە دەبێ دان بەو راستییەدا بنێین کە پتێر مردووەو هەر چۆنێك بێت با درێژە بە ژیان بدەین. ئاگات لە هولی بێ و با ئەو پارچە شکاوانەی دلْمان کۆبکەینەوە و هەولْ بدەین بیان خەینەوە سەریەك".

مارگارێت گوتی:" من ناتوانم، ئایا بەڕاستی دەکرێ درێژە بەو بارودۆخە بدەین یان نا؟"

لە ناکاو هاواری کرد:" چەندەم پێخۆشبوو پتێر بگەڕایەتەوەو پێی بگوتاینایە کە هەموو ئەو رووداوانە لە کابووسێك زیاتر هیچی دیکە نەبووە".

"دەزانم مارگی گیان، بەلاّم ئەو ناتوانێ ئەو کارە بکات". دەنگی ئارتوور تێك شکاو هەستی بە هەموو ئازارەکەی کرد. ئەو بڕوا بە خۆبوونی لە دەست دابوو. بەلْێ، مارگارێتیش وای بۆچوو. مردنێکی دوو قاتە، ئەمە ئەو شتەیە کە بەراستی هەیە پتێر ئێمە تۆمان هێنایەوە مالْێ پتێر خۆشمان دەویستی. بەخێومان کردی و تاکو لێواری گۆڕ هاوڕێیەتیمان کردی. مارگارێت بە دەنگی بەرز گوتی:" ئەوسا ئەوانیش پێمان دەلْێن کە ئەو قەت کوڕی ئێوە نەبووە، ئەوەی کە لە شوێنێکی دیکە، بەلاّم لە کوێ؟ کەسێکی دیکە، ئایا بەڕاستی تۆ ناتەوێ تێ بگەی ئارتوور. هەرگیز ناتەوێ دەرکی پێ بکەی؟"

"مارگی، مارگی، هەرگیز وشەیەکی سەیرە. لێم گەڕێ با بیربکەمەوە. من ئەوەندە ماندوو شێواوم کە توانای بیرکردنەوەم نەماوە. من دەبێ بیربکەمەوە. دەبێ بیربکەمەوە، بەلاّم ئێستا توانای ئەوەم نییە".

# بەشی دووەم

ئەو شوێنەی کە لۆرا رایسی هاوسەری هومەر تۆماس رایسی لێ لە دایك ببوو و تێیدا گەورە ببوو، شارێکی گەورە بوو. لەوانەشە بکرێ بە شارێکی بچووك لە قەڵەم بدرێت. ئەو شارە کەوتبووە نێوان رووباری میسی سی پی و زەریای ئەتڵەسەوەو شارێکی باشووری بوو بە زستانی کورت و ساردەوە، بۆیە گوێی باخچەکان لە مانگی شوباتدا خونچەیان دەکرد. لە چەقی شاردا، شەقامێکی لە رادەبەدەر جوانی لێیە کە لە خاڵێکی دیاریکراودا بە هۆی گۆڕەپانێکەوە دەپچرێت و لە ناوەندی گۆڕەپانەکە پەیکەری یەکێك لە سیاسەتوانانی ویلایەتە هاوپەیمانەکانی باشووریان بە سواری ئەسپەوە لێ داناوە لەمبەرەوبەری شەقامەکە، خانووی لە خشتە دروستکراو بەرامبەری یەکن.

هەروا کە لەم شەقامەوە بەرەو دەورووبەر و هاوینەهەوارەکان و گردۆڵکەکان دەڕۆن، شەقامەکە وەکو جادەیەکی نیمچە خۆڵی لێدێت و خانووەکان بە هۆی زەوی چەمەن و پیرەدار و دەوەنی پڕ گوڵ و داربەڕوو و دارەبەن دەورە دەدرێن.

پووره باشەکانی لۆرا (خوشکی باوك) کە لە تەمەنی سێ ساڵانەوە گەورەیان کردووە، دەیانگووت:" تۆ دەبێ وەکو گیانی خۆت پارێزگاری لەم شوێنە بکەی. ئێرە گەنجینەیەکی گەورەی لێیە. ئەم شارە رێك لە دوای شەڕ و لە ساڵی ١٨٧٠ دا دروستکراوە. کاتێك کە تەمەنت بەرەو سەرەوە هەڵکشا، زیاتر قەدری ئێرە دەزانی. خانووی بنەماڵەی ئێمە لە خشتی رەق دروستکراوە، کە وەکو خشتە ناسکەکانی ئەم سەردەمەنین. وەکو بەردی رەق وان مارمیچی خانووەکە بۆ خۆی نرخێکی زۆری هەیە".

بیرەوەرییەکان دەگەڕێنەوە بۆ تەمەنی سێ ساڵانی وی. ئێرە ئەو شوێنە بوو، کە لۆرا ژیانی تێدا دەستپێکرد. ئەو تەنانەت بە بێ ئەوەی سەری لە قسەی پوورەکانی دەرچێت هێزێك رووداوی قبووڵ کردبوو، ئەوەی کە باوکی لە وڵاتێك کە بە کۆریا

ناودەبرێت چۆتە بەهەشت و دایکیشی لە نەخۆشخانەوە بەرە و بەهەشت رۆیشتووە نەخۆشخانە، بینایەکی رەنگ سپی بوو، کە کەوتبووە خوارەوەی شار و لە نزیک فرۆشگایەك بوو. هەمان ئەو فرۆشگایەی کە پوورەکان، واتە سیسیل و لیلیان، لە پاش بەسەرکردنەوەی نەخۆشخانە لەگەڵ لۆرادا بردبوویان بۆ کڕینی بووکە شووشەیەکی قژ زەرد و لە نێو گالیسکەدا کە پەتۆویەکی رەنگ مۆری تێوە پێچڕابوو و سەر لە نوێ گەڕاندبوویانەوە ماڵێ. پوورەکان بۆ خۆیان لەسەر قەرەوێڵەیەکی گەورەی دارگوێز لەو ماڵەدا لە دایك ببوون، کە ئێستا لە لایەن لۆراو هاوسەرەکەیەوە داگیرکرابوو.

"هومەر" کە هەموو پێیان دەگوت" باد" (باد رایس) باوکێکی شایانی ریزو لە خۆبایی و دەست و دڵ ئاوەڵە بوو.

ئەو باوکی کوڕەکانی بوو، کە شیاوی پشت پێ بەستن و راستگۆو... هەروەها رەنگە شیاوی دەرك پێکردن نەبوو‌بێت! لەبەرئەوەی قەت لە هەندێك راستی تێنەدەگەیشت. لە پاش نۆزدە ساڵ زەماوەند، لۆرا دەیزانی کە مێردەکەی هەندێك شت هەیە قەت دەرکی پێ ناکات. ئەو شێوازەی کە ئەو بۆ سووککردنی خزمەتکارێکی گێژی چێشتخانە بە کاری دەبرد دەبووە هۆی دڵگرانی لۆرا. مێردەکەی دەیگوت: " من بەرامبەر بەو خزمەتە پارە دەدەم" کە هەڵبەت راستی دەکرد. بەجۆرێك کە بە گاڵتەکانی بنەماڵەکەیان زۆر پێدەکەنی یاخود کاتێك کە پارچە مۆسیقایەك تەواو دەبوو لەوەی کە خۆی بە جۆرێکی بێدەنگ و شاراوە دەکرد، دەبووە هۆی دڵ رەنجانی هاوسەرەکەی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لۆرا شێت ئاسا مێردەکەی خۆی خۆش دەویست. ئەو هەمیشە کەسێکی خۆشویستبوو، پوورەکانی، هاوڕێکانی، مامۆستاکانی و ئێستاش منداڵەکانی. بەڵێ، ئێستاش گەرەکی بوو مێردەکەی خۆش بوێت و دیسان خۆشی نەدەویست. پەردە تۆڕییەکانی پەنجەرە درێژ و باریکەکانی لاداو سەیری دەرێی کرد. گەرمای هەوا تاقەت پڕۆتێن بوو. دەتگوت لە ژێر ئاسمانێکی خۆڵەمێشی و پڕ لە هەوری پاشنیوەرۆ نووستووە. بەزویی هەورە تریشقە دەستی پێدەکرد و باران دەباری. ئەسپەکان و رانەکانی کێڵگەکان دەیانتوانی هەست بەو زریانە بکەن کە بەرێوەبوو، بەڵام ئەو پێی وابوو کە مرۆڤ زۆر نائارامە. پەردەکەی لاداو گەڕایەوە نێو ماڵە بێدەنگەکە. تا رادەیەك بە

بــێ هــیچ مەبەســتێك لــە ژووری موتــاڵادا ســوڕایەوە. ژووری موتــاڵای ئینگلیــزی کــە بــەردار بــەڕووی قــاوەیی تــۆخ رازابــۆوە. ئیلــهامێك بــوو کــە دایــە گــەورەی چــەند ســاڵ لەمەوبــەر لــە گەشــتەکەیدا بــۆ بــەریتانیا لــە نمایشــی ئینگلیــزی وەریگرتبــوو و ببــووە لایــەنگری. دیــوارە گەچــییەکانی رەنــگ شــیری ماڵــێ بــە گــوڵی جــوان رازابوونــەوە. گوڵــەباخ بــۆ بــەریتانیا و دڕکــیش بــۆ ئیســکۆتلەندا. لــە ژێــر پەنجــەرەکانی شــێوازی ئەلیزابێتی پیانۆیەکی مام ناوەندی دانرابــوو، کــە هــی لــۆرا بــوو و لــەو کاتــەوەی کەوانــەی پیانۆیان فێردەکــرد هێنرابــووە ئــەوێ تــا پاشــنیوەڕۆیان هــەموو چــێژ لــە ئــاوازی مۆســیقا وەربگــرن. کتێبــەکانیش هــی خــۆی و تــامی کــوڕی بــوون. لــە خێزانــی ئەوانــدا کەســێکی دیکە نەبوو کە حەزی لــە موتــاڵا و خوێندنــەوە بێــت. ئــەو وێنانــەی کــە لەســەر قەفەســەو مێزەکــان لەســــەر یــەك دانرابــوون هــی هــەموویان بــوون. وێنــەی بــاوکی لــە نێــو چوارچــێوەیەکدا بــوو. ئەفســەرێکی گــەنج کــە کڵاوێکــی لەســەر بــوو و تۆپەڵــە قــژێك کــە دەتگوت بە زۆر لە بــن کڵاوەکەیــەوە دەرپــەڕیوە. هــەروەکو کــە پــوورە لیلیــان دەیگــوت:" قژی رەشی ئیرلەندییەك."

دایکــی دەموچــاوێکی ناســك و بچــووکی هــەبوو و وردیلــە بــوو و لــە گۆشــەکەی دیکــەی چوارچــێوەی چەرچــییە دوو قۆڵییەکــەدا، لــە مێردەکــەی خــۆی رامــابوو. ئــەوێ وێنــەی فــەرمی بــە شــێوەی دوو قــۆڵی لــۆراو بــاری لێبــوو کــە لــە رۆژی کریسمەســی رابــردوودا وەکــو دیــاری خێزانــی گرتبوویــان. لــۆرا کــە هێشــتاش قــژێکی رەنــگ روونــی هــەبوو لــەو ســەردەمەوە کــەبوتێکی تەمــەن بیســت ســاڵان بــوو، کێشــی لەشــی تەنانــەت یەك کیلۆشی زیــادی نــەکردبوو، بــەڵام قــژە پڕەکــانی بــار کشــابوونەوە دواوەو نێــو چــاوانی درێژتر خــۆی دەنوانــد. تــاکو ئێســتاش دەیتــوانی لەگــەڵ تــام لــە یــاری تێنســدا پێشــبڕکێ بکات.

کاتێك لۆرا وێنەی تامی دەبــردە ژێــر روونــاکی، شــتێك ســەرنجی راکێشــا. وەکــو بڵــێن دەیویســت بــە وردبوونــەوە لــە رووخســاری تــام لــە ژێــر ئــەو رووناکیــەدا، قــژە قــاوەیی و ئاوریشــمیەکانی کــە رژابوونــە ســەر برۆیــەکی، هــەورەها دیتنــی ئــەو رووخســارە بــە توانایــە، گۆنــا گوشــتنە، چــاوە گــەورەو زەردەو ئــەو دەمــە جــوان و بچــووکە، وەڵامــی هــەموو ئــەو پرســیارانە وەربگرێتــەوە، کــە زۆر لــە مێــژ بــوو هەســت و نەســتیان ئــازار دەدا. هەرچەندەش کە ئەو پرسیارانە قەت باریان دڵگران نەدەکرد.

تـام زۆر لێـبڕاو جیـددی و هـەورەها زۆر بـە توانـاو لەبـەردڵان بـوو و دەیتـوانی خـۆی زۆر بە شان و شکۆ بنوێنێ، بـەڵام کەللـە رەق و چـەنەباز بـوو. ددانـی وەکـو ددانـی سـەگ بوون و زۆر باوەڕی بە بۆچوونەکانی خۆی بوو. لۆرا لە راو بۆچوونەکانی بێزار بوو.

وەهـا راو بۆچـوونێك وەکـو بانگەشـە رزێـوە دەمـارگیرە سیاسـییەکان و هـی پیـاوانی وەك جیم جۆنسۆن بوو، بۆ گەیشتن بە ئەنجوومەنی پیرانی ویلایەت چالاکی دەنواند.

"پیاوێـك کـە لـە رووی مەعنەوییـەوە پـیر و نـەفرەت لێکـراوەو بـە دڵنیاییـەوە سینخاخە لـە رق و کینـەی شـاراوە. وەهـا کەسـێك دەتوانێـت کـە کـوڕێکی گـەنجی وەکـو کوڕە نۆزدە ساڵەکەی من لە خشتەببات."

لـۆرا لـە بێدەنگیـدا دایـە پرمـەی گریـانێکی نـەفرەتاوی. لـە ژووری گـەورەی چێشـت لێنانی لای چەپی ماڵەوە، بتـی لی خـەریکی بـە بریقـە خسـتنی قـاپ و قاچـاخە زیوەکـان بـوو و لەبـەر خۆیـەوە گـۆرانی دەچـڕی. ئـەو هەفتـەی سـێ رۆژان دەهاتـە ئـەو ماڵـەو بـە ورەیەکی بـەرزو رووخۆشـییەوە خـەریکی راپەڕانـدنی کارەکـانی دەبـووە لـۆرا سـەری لـەوە سوور دەما کـە چـۆن دەربـارەی تـام هێنـدە زانیـاری هەیـە، رەنگـە لەبـەر ئـەوە بووبێـت، کە خواردنی داوەتیێ، بەخێوی کردووەو گەورەی کردووە.

فـەرمانیان بـە تـام دابـوو، کـە لەبـەر خۆیـەوە قسـەکانی جـیم جۆنسـۆن دووبـارە بکاتـەوە. ژوورەکـەی ئـەو هـەموو کتێبـە رەگەزپەرسـتانەی تێـدابوو سـەرەڕای ئـەوەش کەیفی بە بتی لی دەهات.

دڵێکـی زۆر بـە سـۆزی هـەبوو و بتـی دەیزانـی کەوایـە. بـە دڵنیاییـەوە لەوانـە نـەبوو کە خاوەن کەسـایەتی نـین. کاتێـك لـۆرا بـیری لێـدەکردەوە بـۆی دەردەکـەوت، کـە لەگـەڵ براکەی دا چەندە جیـاوازە. بـاڵای بـەرزی تـام لەگـەڵ جەسـتەی تیمیـدا یـەکی نەدەگرتـەوە لەبەر ئەوەی تیمـی سـەرو گـەردەنێك کـە هاوتەمەنـە یـازدە سـاڵانەکانی خـۆی کـورت تـر بوو. خـاوەنی نیگایـەکی تێڕامـاو و زەردەیـەك لەسـەر رووخسـارە خـاڵ خاڵاوەیەکـەی بـوو کەسـێکی بـاوەڕ بـەخۆ دەهاتـە بەرچـاو. زەردەخەنەیـەکی ئاوێتـە کـەمێك لـووت بـەرزی، ترسـەکانی تیمـی دەشـاردەوە. ئایـا تـیم نـەدەبوا بترسـایە؟ ئـەو زۆر شـتی سـەبارەت بـە کۆیرەوەرییـەکانی مـرۆڤ دەزانـی. دەیزانـی کـە کاتێـك سیسـتیك فیـبرۆزیس درێـژە بـە پرۆسـەی خـۆی دەدات چ شـتێك چـاوەڕێی مـرۆڤ دەکـات. ئـەم جـۆرە بیرکردنەوانـە ترپەکانی دڵـی لـۆرا خێراتـر دەکـرد. چ دەبـوو ئەگـەر بـە هـۆی شانسـێکەوە تەمـەنی لـە

من و باد زیاتر بێت؟ لۆرا وای بیرکردەوەو دیسانەوە دڵنەوایی خۆی دەدایەوە کە تام دەتوانێ چاودێری وی بکات، چونکە براکەی زۆر خۆش دەوێت. کاتێك نیوەشەوان تیمی کۆخەی دەهاتێ، تام دەچوون لای تام تەواوی دەرمان و چاودێرییە پێویستەکان دەناسێ. ئەو قەت رێگە نادات کە تیم لە رادەبەدەر ماندوو گەرما لێدراو بێت. ئێمە دەتوانین پشت بە تام ببەستین.ئەو کاتێك بەڵێن دەدات سوورە لەسەر قسەی خۆی و ئەو بەڵێنەی کە بە ئێمەی دەدات بە دڵنیاییەوە دەیباتە سەر. کورە باشەکانم، بەڕاستی کە هەردووکیان شیرین و لەبەردڵان بوون و هەرکامێکیان بە جیا خەمێکی گەورە بوون. بە هۆی ئەم بیرۆکانە و بیرکردنەوە لەو رۆژە سەختانەی کە لۆرا لە ژیانی خۆیدا بەسەری بردبوون، کەسەرێکی تاقەتپرۆکێن بەسەر دەروونیدا زاڵ بوو. لەسەر قەنەفە راکشا، ئەو کارەی کە قەت بە درێژایی رۆژ ئەنجامی نەدەدا.

ئەوسا چاوەڕێی وانەی کاتژمێر چواری کرد. لەو شوێنەی کە میچی ژوورەکە دەگەیشتەوە دیوار، دیمەنێکی وەکو گوڵ و میوەی لێبوو، نیگای چاوانی بە جۆرێکی گەمژانە بەسەر هێشووە ترێ و کاژو دەنکە گەنمەکاندا خشاو دووبارە گەیشتەوە هێشتووە ترێکە. بارانێکی بە خوڕ و بەردەوام بەسەر هەیوانێ دەباری. کۆمەڵە هێزێکی مەزن زەبریان لە بنەماڵەکەی دەدا لۆرا وا بیری کردەوە:" من لەم رووتەنیشتە بێزاربووم."

چاوەکانی لێکنا:" دەبێ هیواداربم کە ئەمەش تێدەپەڕێ."

بە هەرحاڵ جاری وابوو سەردەمێك پەیدا دەبوو، کە ئیرادەی پێویست نەدەما. کاتێك کۆمەڵە پرسیارێك بەردەوام دەهاتنەوە مێشك، وەکو ئەوە وابوون، کە پیتی گەورەی سوور لە مێشکداو لەبەرچاو نووسراوبن و تەنانەت بە پێڵوی داخراویشییەوە نەدەتوانرا رێگە لە دیتنیان بگیرێت.

ئەم ژنە کێیە؟ ئەمە لۆرا پایگ رایسە و چۆن ئەو لەوێوە هاتۆتە ئێرە؟ بە ساڵا چووەکان پێیان وایە کە منداڵێك کە خەریکی دروستکردنی خانووێکی بچووکە بە کەلوپەلی یاری و خشتەی بچووك، ئەوەندە سەرقاڵە بە یارییەکەی خۆیەوە، کە توانای ئەوەی نییە گوێی لە قسەکانی ئەوان بێت و ئەگەریش گوێی لێ بێت توانای تێگەیشتنیان نییە.

یەکێك لەسەردان کەران بە داخ و پەژارەوە گوتی:

" رۆحـی دامـاوی بچـووك. " پاشـان بـە حاڵـەتێکی کـراوە بـە دەنگێکـی بـەرز لێـی زیـاد کـرد:" بـەڵام ئـەو چـەندە بەختـەوەرە کـە ئێـوەی کیـژی لەگەڵـدان" خوشـکەکانی پایگ، واتە سیسیل و لیلیان هەمیشـە لـە کـۆڕی ئەوانـدا ئامـادە دەبـوون و ئەگـەر تـاکو تەمەنی نـەوەد سـاڵیش بژیانانـە، بـەردەوام ناویـان بـە "کـچ" دەمایـەوە. هەڵبـەت ئـەوان زۆر لەوە زیاتر بـوون، کـە دەکـرا لـەو وشـەیە بناسـرێن ئـەو دووانـە دوو خـاتوونی خـاوەن کەسایەتی و زۆر باریـك ئەنـدام و ئیسـك پـۆش بـوون و چـاکەت و تـەنوورەی گرانبـەهایان لەبـەردەکرا، بـەڵام لـە هـەمووی گـرنگتر ئـەو کەسـایەتییە بـوو، کـە لـە دەرەوەی مـاڵ هەیانبوو.

ئـەو شـوێنەی کـە بـە مـیرات بۆیـان بـە جـێ مـابوو، لـە ژێـر ناونیشـانی "پـایگ و هاوپشکەکانی" بەڕێوەیان دەبرد. لـە مبارەیـەوە، لیلیـان لـە وەڵامـی هـەر کەسـێکدا کـە رای خۆی دەردەبڕی — کە ژمارەی ئەو کەسانەش کەم نەبوو- دەیگوت:

"ئێمـە سـەبارەت بـە جوملـە فرۆشـی کەرەسـتەی خـانوو بەرەچـی دەزانـین؟ ئالێـدار، تێکەڵە، هـەروەها شـیش... لـە پـاش بـاوك و براکـەمان جگـە لـە ئێمـە کچـەکان ئیـدی هـیچ کەسـێکی دیکـە نییـە کـە بیـەوێ کارگەیـەکی ئەوەنـدە گـەورە لەسـەر شـەقامی سـەرەکی بـەڕێوەببات. باشـە، ئەگـەر کـەمێك مێشـکتان بەکاربخـەن دەزانـن، کـە دەکـرێ زۆر سـووری لێوەربگیرێـت. جگـە لەمـە ئێمـە ناچـارین ئاگامـان لـە لـۆرا بێـت." ئـەم پوورانـە پێیـان خۆشـبوو لەگـەڵ هاوڕێکانیانـدا سـەبارەت بـە لـۆرا قسـەبکەن و بـدوێن، بەتایبەتی لـە دوانیوەڕۆیـانی رۆژانـی یەکشـەممە و بـە دەم دەنگـی بەریەککـەوتنی فنجانـە چـایەکان و ژێـر پیاڵەکاندا.ئـەوان کـە مێردیـان نـەکردبوو و ئێسـتاش پێیـان نـابووە تەمەنی چل و چـەند سـاڵییەوە، هەمیشـە وایـان هەسـت دەکـرد، کـە منـداڵێکی بچـووك و چـوان و بووکـە شووشـەیەکی لەبـەردڵان هـاوڕێی لەگـەڵ بەرپرسـیاریەتییەکی مـەزنیان بۆ کراوەتە دیـاری. ئـەم دوو خوشـکە دەیـانگوت:" ئـاخر دەبـێ ئـەم کچـەش میراتـی پـێ ببڕێـت. تاکـە پاڵنـەرێك کـەوا دەکـات ئێمـە ئـەم هـەمووە زۆر کاربکـەین تـاکو ئـەم کۆمپانیایە لەسەر پـێ راگـرین، ئـەوە ئەمـە بـە مانـای ئاسایشـە، ئـافرەت پێویسـتی بـە ئاسایشە".

لـە دەیـەی ١٩٥٠ دا، خـەڵك بـەم شـێوەیە دەربـارەی ئافرەتـان دەروان، ئـەم دوو خوشـکە وێنـەی لۆرایـان بـە تـابلۆی سـەر دەرگـای کۆمپانیـای "پـایگ و

هاوپشــکەکانیان" دا هەڵواســی و لــە کاتێکـدا کــە ئــەو کــچ هێشــتا دەچــووە باخچــەی ســاوایان، فێریــان دەکــرد، کــە ئــەم وشــانە مینجــە بکــات و بیانخاتــە ســەر زمــان. دەیــانگوت:" بــەڵێ ئەگــەر لەبــەر لــۆرا نەبوایــە، خــۆ ئێمــە شــێت نــەبووین ئــەم هــەموو ئیشــە بکــەین. خــوا دەزانــێ، رەنگــە ئــەم کارگەیــەمان بفرۆشــتایە و خۆمــان خانەنشــین کردبایە."

دەنگــی خۆشەویســتی پــوورە سیســیل دەهاتــە بــەرگوێ کــە بــە حــەزەوە دەیگــوت:" بــەڵام ئــەو کچــێکی زۆر شــیرین و لەبەردڵانــە، وانییــە؟ هیــوادارم کــە بــەردەوام هــەروا قــژەکانی رەنــگ زێــڕین و جــوان بمێننــەوە" پاشــان پــووریّ بــە هــەمان شــەوق و زەوقــەوە درێــژەی دەدا:" قــژێك کــە بــە تۆقەیــەکی مەخمــەری رەش یــاخود نیلــی لــە پشــتە ســەر کۆبکرێتەوە".

ئەوان نیگــەرانی تایبــەت بــە خۆیــان هــەبوو و شــێوازی ئــەوان بــۆ خۆشەویســتنی لــۆرا هەمیشە ئاوێتەی دڵــەڕاوکێ و ئــاخ و داخ بــوو. لــەو وزەو کۆششــەی بەرامبــەر ئــەو کچــە هــەیانبوو ســاتێك کــەم نــەدەبۆوە. لــە پســپۆڕی منداڵانــەوە بگــرە تــاکو پزیشــکی دوان و فێرکردنی زمانی فەڕەنسی و....

هەموو شتێکیان بۆ دابین دەکــرد. بــە ئۆتۆمبێــل بــۆ ئێــرەو ئــەوێ دەچــوون و هــەر کــە پەیان برد بە توانایی لــۆرا بــۆ مۆســیقا، وانــەی فێردنــی مۆســیقاش خرایــە ســەر شــتەکانی دیکەی چەندین ساڵ دواتــر، لــۆرا بــە یــادی مێــردی گــوتی:" ئــەوان هــەموو شــتێکیان بــۆ دابین کردم، تەواوی ژیانی خۆیان بــۆ مــن تــەرخانکردوو هــەر لەبــەر ئەوەشــە کــە بەتــەواوی تێکیــان دام". ئەوســا بــاد بــۆ ئــەوەی بــە هەڵەداچــوونی ژنەکــەی بســەڵمێنێ، وەڵامــی دایــەوە:" ئەگــەر ئــەوان ویســتوویانە تێکــت بــدەن ســەرکەوتوو نــەبوون، لەبەرئــەوەی تــۆ شیاوترین کەسی کە من دەیناسم".

دوو خوشــکەکە دەیــانگوت:" دەبــێ وریــابین کــە زۆر ئــەهلی موتــاڵا و خوێندنــەوە رانەیەت و بەردەوان سەری لەسەر کتێب نەبێت".

ئەو کاتەی کە لۆرا دە ساڵان بــوو، سیســیل گــوتی:" مــن پــێم وایــە کــە دەبــێ ئێمــە زنجیرە وانەیــەکی یــاری تێنیســی بــۆ بــەیانیانی رۆژی شــەممە لەبەرچــاوبگرین. دەڵێــی چــی خوشکێ؟"

"بەڵێ، وەرزشێکی زۆر باشەو لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە زۆر بەسوودە. مرۆڤ دەتوانێ بە درێژایی تەمەنی یاری تێنس بکات."

لیلیان کە تاکە وەرزشی وی رێکردن لە ماڵەوە بۆلای ئۆتۆمبێل و باشانیش لە ئۆتۆمبێلەوە بۆ پشت مێزی کارکردن بوو، رەزامەندی نیشان داو سیسیل گوتی: " رەنگە پێویست بێ زەوییەکی یاری تێنس بۆ خۆمان دروست بکەین، لە نێو موڵکەکەماندا، لە پشت گەراج شوێنێکی باشمان هەیە."

"بەڵێ، لەوانەیە لەو کاتەدا کە لەوێین بتوانین چاودێری ئەو باخچە سەوزە بکەین، کە لە تەنیشتی دروستی دەکەین. هەمان ئەو شێوازەی کە ئینگلیزەکان لە بەریتانیا بەکاری دەبن. پێم وایە رەزێك خراپ نەبێت."

ئەوان هەمیشە لە ماڵەکەیاندا خەریکی گۆڕانکاری نوێ بوون. ئەم خانووەبەر لە چەند وەچەیەکەوە بۆیان بە میرات مابوو. ئەوان حەزیان دەکرد بۆ ئایندەیەکی خەیاڵی بۆ لۆرا، لەو شوێنە جوانە، بەجدی هەوڵ بدەن و هێندی جاریش بە لۆرایان دەگوت: " رۆژێك دادێت، کە تۆ لەگەڵ پیاوێکدا زەماوەند دەکەی کە تەواوی ئەم بازرگانییە دەگرێتە دەست لەگەڵ تۆدا هەر لێرە ژیان بەسەر دەبات."

لۆرا کە دەکەوتە ژێر کاریگەری لوتف و سۆزی ئەوانەوە و لە بێ عەقڵیان دەخافڵا، تەنیا زەردەخەنەیەکی شاراوەی بە رووودا دەدان و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:" من دەمەوێ لەگەڵ فرانسیس ئاڵکادا زەماوەند بکەم. ئێوە تاکو ئێستا ئەمە نازانن، بەڵام بەم زووانە دەیزانن."

ئێستا لە دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵی یەك لە دوای یەك، لۆرا لەوێ راکشابوو و هەستی دەکرد زەردەخەنەیەك دەنیشێتە سەرلێوەکانی. هەستی دەکرد، کە لەوە بیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکانی رابردوو، کە ئاوێتە بوو بە ئاسوودەیی و پاکی، ماسولکەکانی دەمووچاوی بۆ زەردەخەنەیەك لێك دەکشانەوە.

"بەڵام ئایا هەمیشە منداڵەکان پاکو بێ گوناهن؟ ئایا منیش وابووم؟ نا، لۆرا، تۆ خۆت باشتر دەزانی". پەرژینێك لە داری شمشار کە بەرزتر بوو لە بالای مرۆڤێك، ئەو دوو موڵکەی لێك جیادەکردەوە. لە کۆتایی بەشێکدا، کەمێك دارمابوو، کە بە ئەگەری زۆر لە ئەنجامی لاکاو یاخود ئافات بوو و بەم شێوەیە کەلێنێك لە نێوان ئەو

دوو مولّکەدا دروست ببوو، کە لەوێڕا دەتوانرا منداڵێك بەدزییەوە تەماشای بکات و ئەگەر ڕێگەیان پێ بدایە خۆی بخزێنێتە ئەو دیوەوە.

بەڵام لۆرا ڕێگە پێ نەدرا بوو. پوورە لیلیان هەمیشە گلەیی ئەوەی دەکرد کە:" دوکتۆر ئاڵکات دەبێ ئەو شوێنە نۆژەن بکاتەوەو چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. ئێرە زۆر دزێوو دیمەنێکی ناشرینە. گوایا لەو کاتەوەی کە فرانسیس لێرە دوورکەوتۆتەوە، ئەوان هەر گوێ نادەنە بارودۆخی مولّك و ماڵەکەیان".

سیسیل دەیگوت:" داماوانە، بەڕاستی تۆقێنەرە، کە کیژێکیان نییە. فرانسیسش خۆ قەت ناگەڕێتەوە ماڵێ ".

"بەڵێ، بەڵام ئەو بەم زووانە دەگەڕێتەوە ماڵێ، نەتدەزانی؟ من ئەمڕۆ بیستم کە لە کاتی خلیسکانێ لە ویلایەتی کلۆرادۆ هەروەکو قاچی لەم وەرزی بەهارەدا شکاون و ڕەنگە هەردووك ئەژنۆیشی شکابن. بەهەرحاڵ دەبێ ئەمڕۆ دواینیوەڕۆ سەرێك لە ماڵەکەیان بدەین"

لۆرا دەیپرسی چۆن دەکرێ بەلەکی قاچێك بشکێت، ئەوسا شتێك وەکو دیمەنی فنجانێکی شکاو کە پارچە پارچەو وردوخاش و لە سەر زەوی پرش و بڵاوبووبێت، هاتەوەپێش چاوی. پوورە لیلیان گوتی:" نا، نا، بەو شێوەیە نییە."

"بەڵام من پێم خۆشە قاچێکی شکاو ببینم".

"پوورە سیسیل بەڵێنت پێ دەدات، کە ڕۆژێك پاشنیوەڕۆ کاتێك فرانسیس دەرفەتی هەبێت، تۆ دەتوانی لەگەڵماندا بێی و سەیری قاچی بکەی. ئێمە هەندێك شیرنەمەنی بۆ دروست دەکەین. بەڕاستی ئەو کوڕێکی باشە."

بەیانی سبەی ئەو ڕۆژە، لۆرا لە حەوشێدا خەریکی یاری بوو، لەسەر ڕۆخی سندوقی کەلوپەکانی یاری خۆی دانیشتبوو کە دەرگای ماڵی دراوسێیەکەیان بە دەنگێکی بەرز پێکدادراو دەنگگەلێك لەوسەری زەوییە چەمەنەکەی ماڵی ئاڵکاتەوە بەرگوێی کەوت. لۆرا بیری کردەوە:" بە دڵنیاییەوە هەمان ئەو کوڕەیە کە قاچەکانی شکاون."

پاشان چوو بزانێ مەسەلە چییە، بەڵام ئەوەی کە لۆرا دیتی پیاوێك بوو بە قاچی سپی گۆشتنەوە کە لەسەر کورسییەکی تایبەتی بەرهەتاو پاڵی داوەتەوەو قاچی درێژکردبوو. لە پەنا کورسییەکەی وی مێزێکی بچووکی لێبوو کە لۆرا توانی

فلاكسـێك و پـەرداخێكی لەسـەر ببینێـت، كـەوای مەزەنـدە كـرد شـەربەتی لیمۆنـادی بێـت. لـۆرا دیسـانەوە بـە سـەرنجەوە تێـی رامـاو لـە كـەلێنی نێـوان دارشمشـادەكاتەوە سـەیری كـرد. كـابرا كتێبەكـەی وێـك نایـەوە، وەلای نـاو پاشـان كـەمێك لەپەرداخەكـە خـواردەوە، دەسـتی خسـتە نێـو قـژە رەشـەبژەكانییەوە و سـەر لـە نـوێ كتێبەكـەی هەڵگرتەوە. لۆرا حەزی كرد بزانـێ داخـۆ ئـەو دوو شـتە پیسـە، قاچـە شـكاوەكانی ئـەون؟ لەوانەیە بەڵام وانەبوو، چونكە لـە قـاچ نەدەچـوون لـە كاتێكـدا كـە پوورەكـان گووتبوویـان فرانسیس كوڕێكی چـاكە، بـەڵام ئمـە كـوڕ نـەبوو، بـەڵكو پیـاوێكی گـەورە بـوو، كەواتـە نەدەكرا فرانسیس بێت. لـۆرا هـەر وا لـە دالْغـە لێـدان دا بـوو، كـە پیاوەكـە لـە كـەلێنی دارشمشادەكاتەوە دیتی و بانگی كرد: " سلاو، چۆنی باشی، دە وەرە ئێرە!"

"ئیزنم نییە بیمە ئەوێ".

"رێگەت پێ نەدراوە؟ بۆچی؟ ئێمە دراوسێ ئێوەین."

"نابێ من سەری دوكتۆر ئالْكات گران بكەم، ئەو زۆر سەرقاڵە."

پیاوەكە پێدەكەنی و بە پێكەنینەوە دەڵێ:

"تۆ قـەت سـەرگرانی بـۆ دوكتـۆر ئالْكـات دروسـت ناكـەی، لەبەرئـەوەی ئـەو ئێسـتا لە عیادەكەیەتی. من كوڕی ئەوم، ناوم فرانسیسە."

لۆرا هـەر وا كەلـە دارشمشـادەكاتەوە دەپەڕییـەوە بـەرەو كورسـییەكە هـەنگاوی دەنـان پرسی:

"ئایا ئەوانە قاچە شكاوەكانتن؟"

"بەڵێ، جگە لـەوەش سەرئێشـەیەكی تۆقێنـەریان بـۆ دروسـت كـردووم. مـن خەریكـە نیوەی تێرمی خوێندنم لە كۆلێژ بەهۆی ئەمانەوە لە دەست دەدەم."

لۆرا زیاتر دەچـێتە پێشـێ و لـەناكاو گرفتەكـەی بـۆ چارەسـەر دەبێـت:" ئـەها، بەشـە شكاوەكان لە ژێر ئەو شتە سپیانەدان، وانییە؟"

"وایە، ئەو شتە سپیانەش قالْبی گەچین، وەكو لەفاف."

"ئۆهو، ئازارت هەیە؟"

"نا، نا، بەهیچ جۆرێـك." ئەوسـا كتێبەكـەی وەلانـاو بـە لـۆرا پێكـەنی:" دەبـا نـاوت هەڵبێنم، دەتهاوێ؟"

لۆرا سەری لەقاند گوتی:" دەبلێ، بەڵام گرەوت لەگەڵدا دەكەم كە ناتوانی."

" ده راوه‌سته!... کارۆلینا...

لۆرا سەری لەقاند:" نا!"

"سۆزان؟"

"نا"

"بـــوزی بـــوزی؟ ئەمـــەیان زۆر گاڵتـــەجاری دێتـــە بەرچـــاو... لـــۆرا دایـــە قاقـــای پێکەنین:" پێم گوتی کە ناتوانی هەڵیبێنی."

"ئـــۆه، بـــەڵام مـــن دەتـــوانم. تـــۆ نـــاوت لۆرایـــە. مـــن پێشـــتر ئەمـــەم دەزانـــی. لـــەو کاتـــەوەی کـــە ئێـــوە بوونەتـــە دراوســـێی دیـــوار بـــە دیـــواری شـــتێکی دەربـــارەی ئێـــوە پـــێ گوتووم. تەنیا هۆی ئەوەی کە تاکو ئێستا تـۆم نـەدیتبوو ئەوەیـە، کـە مـن زۆر لـە مێـژە لە کالیفۆڕینا لە کۆلێژ دەخوێنم..

" ئەویّ کوێیە؟"

"زۆر دووره."

"نا، نه ئەوەندە دوور."

"باوکی من لە کۆریاوە چۆتە بەهەشت."

فرانســیس بــە پــەژارەوە گــوتی:" دەزانم، ئــەو مرۆڤێکــی زۆر بــاش بــوو، مەبەســتم باوکتە."

"تۆ ئەوت دەناسی؟"

"زۆر چاك، ئەو هەر لێره، لەو شوێنەی کە ئێوە ژیانی تێدا دەکەن. دەژیا."

"ئۆه."

"تۆ جگە لە قژە زەردەکانت، زۆر لەو دەچی."

لــۆرا بــۆ ســاتێك بــیری کــردەوە، پاشــان فرانســیس دەســتی گــرت و بــە دڵســۆزییەوە گوتی: "ئەو کاتەی کە من کوڕێژگەیەکی بچـووك بـووم، ئـەو یەکـەم تـۆپی یـاری پێـی بـۆ کڕیم."

لۆرا گوتی:" من پێم وابوو کە تۆ هێشتاش کوڕێکی مندالّکاری."

"چ شتێك بووە هۆی ئەوەی وا بیر بکەیەوە؟"

"پووره سیسیل گوتی فرانسیس کوڕێکی باشە!"

"ئەها، تێگەیشتم، ئیدی، چاکی لە خۆیانەوەیە."

لـۆرا هێشـتاش بـیری لـەو مەسـەلەیە دەکـردەوە:" بـەڵام دڵـم بـۆ دایکیشـم تـەنگ بووە!"

"ئەڵبەتەکە دەبێ دڵت تەنگ بێت."

لۆرا لەسەر دەسـتەکانی خـۆی هەسـتی بـە گـەرمی دەسـتەکانی وی کـرد. کاتێـك کـە سەیری دەمووچاوی کرد، چـاوەکانی لـە چـاوەکانی وی رامـان، فرانسـیس کـە هـەمان ئـەو زەردەخەنـەی لەسـەر لێـوان بـوو پـوورە سیسـیل کاتێـك دەیگـووت:" خۆشـم دەوێـی، دەیخستە سەر لێو لەو کاتەدا، فرانسیس لێی پرسی:" تەمەنت چەند ساڵە؟"

"چوار ساڵ، ئەی تۆ؟"

"نۆزدە ساڵ"

"زۆر بە تەمەنی، وانییە؟"

"تا رادەیەك، بەڵام نەك ئەوەندەی کە پیربم."

لـەو میانـەدا، پـوورە کـە لەوبـەری پەرژینەکـەوە راوەسـتا بـوو بـانگی کـرد:" لـۆرا، لـۆرا، تـۆ لـە کـوێی؟ ئـۆه! ئازیزەکـەم تـۆ نەدەبوایـە ئـەو کـارە بکـەی. فرانسـیس داوای لێبوونت لێدەکەم کە سەری گران کردی."

"سەرگران، خاتوو لیلیان، بەڕاستی ئەو کیژێکی لەبەر دڵانە."

"بەڵام تۆ دەبێ خەریکی خوێندن بی، بۆ خۆت گووتت کە..."

"من مـاوەی شـەش هەفتـە مۆڵـەت هەیـە، کـە لەگـەڵ کتێبەکانمـدا لێـرە پشـووبدەم. تکات لێدەکەم لێی گەڕێ تا هەر کاتێك پێی خۆشە بێتە لای من. بەڕاستیمە."

بەم شـێوەیە دەسـتی پێکـرد. ئـەوە فرانسـیس بـوو، کـە تەنانـەت بەرلـەوەی کـە ئـەو بچـێتە باخچـەی سـاوایان، فێـری خوێنـدنی کـرد. لـە تـەواوی مـاوەی ئـەو بـەهارەدا بـە قاچی لـە گـەچ گـیراوە تەنانـەت دوای ئـەوەش، کاتێـك کـە دەسـتی بـە رۆیشـتن کـردەوە، فرانسـیس یـاری ئـەلف و بێـی و وشـەکانی لـە کتێبـە گـەورەکانی خۆیـدا لەگـەڵ لـۆرا ئەنجام دەدا. ئەو دەیگووت:

"وشەیەکی پێنج پتیم نیشان بدە..."

"هەتاو."

"ئافەرین، دە ئێستا پێم بڵێ داخۆ هەتاو ساردە؟"

" نا شێتە، گەرمە."

"ئافەرین، ئێستا دەتوانی وشەی گەرمم لەم لاپەڕەیەدا نیشان بدەی؟"

... ئەوسا پەنجەکانی لۆرا، بە دوای هێڵەکاندا دەستی بەجوڵە کرد تاکو سەرکەوتووانە دۆزییەوە:" گەرم، لێرەیە!"

پووریَ دەیگووت:" گەنجێکی چەندە قۆزە، چەند بەسەربرو تاقەتە، چەند ئارام و میهرەبانە، روحی پزیشکی تێدا بەدی دەکرێت."

کاتێك کە لۆرا تەمەنی شەش ساڵان بوو، لە کاتی کریسمەسدان کەسێك کتێبی "ئالیس لە ولاتی سەرسوڕهێنەر" ی بەدیاری بۆ هێنا، بەڵام شەوێك لە میانەی پشوودانداکە فرانسیس و باوك و دایکی بۆ خواردنی نانی ئێواریَ هاتنە ماڵی ئەوان، لۆرا پێی گووت:

"بەڵام من ناتوانم ئەمە بخوێنمەوە، وشەکانی زۆر دوور و درێژن." فرانسیس پێشنیای کرد:" وەرە ئێرە بۆت بخوێنمەوە."

پوورە لیلیان لە کاتێکدا کە لە پاش نان خواردن لەو سەری ژوورەکە فەرمووی قاوەی لە میوانەکان دەکرد، گوتی:" ئەم منداڵە چەندە سوور لە زاتی پاکی فرانسیس وەردەگرێت!"

لە وەڵامی ئەو قسەیەدا، دوکتۆر ئاڵکات گوتی:" قەت فرانسیس وەها پێشنیار گەلێك ناخاتەڕوو. مەگەر ئەوەی کە بەڕاستی حەزی لێبێت. ئەو منداڵی خۆش دەوێت. جگە لەمەش، دەبیَ ئێوە ئەوە بزانن کە لۆرا منداڵێکی زۆر ناسك و لەبەر دلاَنە.."

پوورە لیلیان گوتی:" بەڵیَ وایە، سەبارەت بەمە ئێمە بە تەواوی لەگەڵ جەنابتاندا هاوڕاین." پاشان بە هێواشی ئاخێکی هەڵکێشاو درێژەی پێدا:" من و سیسیل بەڕاستی دەزانین، کە کەوتووینەتە بەر لوتف و سەرنجی خوای مەزنەوە خەڵکانێکی زۆر کێشەی زۆریان لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەیە، هەرچەندە کە تاوانی لە خۆشیان نییە."

لۆرا هەمیشە چیرۆکی کتێبی "ئالیس لە ولاتی سەرسوڕهێنەر" ی بەبەرگە خۆڵەمێینییەکەیەوە، ئالیسی بەو قژی درێژوشەکاوانەیەوەو پەنجە درێژەکانی فرانسیس لەسەر رووبەری هەموو لاپەڕەکاندا لەبادبوو. فرانسیس دەیگووت:

"تۆ ئالیسم بەبیر دەهێنییەوە."

لۆراش هەر وا کـە سـاڵەکان تێدەپـەڕین، هـەموو وردەکارییـەکانی ئـەو کتێبانـەی کـە بە جۆرێك لە جۆرەکـان لەگـەڵ فرانسیسـدا پێوەنـدی دروسـت دەکـرد، لـە بیربـوو:" بـاخی پـڕ لـە راز لەبەرئـەوەی فرانسـیس بـە بۆنـەی جـەژنی هەشـتەمین سـاڵی لـە دایکبـوونی بـەدیاری بـۆی هێنـابوو، هـەروەها (دورگـەی گەنجینـە)، چـونکە خـودی فرانسـیس لـە گەشـتێکی دەریاییـدا سـەردانی دورگەیـەکی راسـتەقینەی کردبـوو. کاتێـك کـە فرانسـیس لەو گەشتەی گەڕایـەوە، کۆمەڵـە وێنەیـەکی نیشـان دا کـە لـە بەلـەم و هاوڕێکـانی و ئـەو دورگەیـەی گرتبـوون، کـە وەکـو نەهـەنگێکی سـەوزی گـەورە کـەوتبووە سـەر ئـاوە شـینەکانەوە. پاشـان ئـەو گـوتی: "رۆژێـك دادێـت کـە تـۆش دەچـیبە ئـەو شـوێنانەو هـەموو ئـەو شـتانە بـە چـاوی خـۆت دەبینـی. تـۆ دەبـێ تـا هـەر کاتێـك کـە گـەنجی و دەتوانی، لە دنیادا گەشت و سەیران بکەی.

دنیا زۆر جوانە لۆرا، بڕواش ناکەی کە چەندە جوانە..."

هەر کاتێك فرانسـیس لـە ماڵـێ بوایـە، کتێبـی بـۆ دەهێنـاو گـوێی بـۆ بۆچـوونەکانی دەربـارەی ئـەو کتێبانـە رادەگـرت. جـاری وا هـەبوو پێکـەوە هـاوڕا بـوون، جـاری واش هـەبوو بۆچـوونی جیاوازیـان هـەبوو، فرانسـیس فێـری یـاری شـەترەنجی کـرد. هـەروەها کامیرایـەکی بـۆ کـردە دیـاری و وا فێـری هونـەری سـوور لێـوەرگرتنی کـرد، کـە لـۆرا بـەهۆی وێنەیـەکی بـێ گیانـەوە لـە سروشـت کـە دڵۆپـە بـارانی لەسـەر گـەڵای ماگنۆلیـا نیشان دەدا، خەڵاتێکی بـردەوە. جـاری وابـوو دوانیوەڕۆیـان، ئـەو کاتـەی کـە فرانسـیس و باوکی دەهاتنـە سـەردانی بنەماڵـەی لـۆرا، لـۆرا پیـانۆی دەژەنـی و خۆشـحاڵ بـوو لـەوەی کە هەموو پێیـان هەڵـدەگوت. لـە هەمانکاتیشـدا ئـەو دەیزانـی کـە هـەموویان جگـە لـە فرانسیس، زیـاد لـە پێویسـت ستایشـی دەکـەم. ئـەو گلـەیی لـە فرانسـیس دەکـرد کـە:" پوورەکـانم وا دەزانـن کـە مـن بـۆ هـەموو دنیـا گەشـت دەکـەم و کۆنسـێرت سـازدەکەم. بەڕاسـتی ئەمـە ئـازاردەرە. ئەگـەر بڕیـار وابوایـە کـە مـن ببمـە کەسـێکی وا بـەناوبانگ دەبوایـە هـەتا ئێسـتا بـبم. مـن تەمـەنم دوازدە سـاڵە و ئیـدی بـەم تەمەنـەوە کـاتی بەسەرچووە."

فرانسـیس بـە ئـارامی دەیگـووت:" بـەڵام تـۆ بـە توانـای و هـەر ئـەوەش بەسـە بـۆ ئەوەی بەختەوەرت بکا هیچ پێویست بەناوبانگ ناکات."

کاتێـك کـه فرانسـیس ئەوەنـدە جـدی دەبـوو، لـۆرا ئـاوازی دەنگـی خـۆش دەویسـت. ئەو ئـاوازە دەنگـی تایبـەت بـە خـۆی هـەبوو، دەنگێکـی هـەبوو هاوشـێوەی نۆتـە قـۆڵ و کورتـەکانی مۆسـیقا، هاوشـێوەی نـزمترین دوگمـەکانی پیـانۆ، لـەو کاتـەدا کـە دەسـتی چەپ بە ئەسپایی بەریان دەکەوێت. ئەو دەیگووت:

"لـۆرا، تـۆ کەسـێکی ژیریـی و شـتێکی ژیرانەشـە، کـە هـەر وەکـو هـەی ڕێـزت لێ بگیرێت." لۆراش بەزیتەڵییەوە دەیگووت:

"کاتێك کە سەیری خۆت دەکەی چی دەبینی؟"

فرانسـیس وەڵامـی دایـەوە:" مـن؟ مـن؟ خوێنـدکارێکی بـاش و دەرس خـوێن، کـە هەمیشە پێم خۆشبوو وەکو باوکم ببمە دوکتۆر هەر ئەوەندە."

لـۆرا بەنیشـانەی نـەرێ سـەری دەلەقانـد و دەیگـووت:" نـا، تـۆ هـەموو شـتێك نابینی، تۆ دەبییە مرۆڤێکی زۆر بەرجەستە."

فرانسیس پێدەکەنی:" نا، هیچکات."

"ئۆه، بۆنا. هەموو کەسێك وا دەڵێ.."

" هەموو، واتە چ کەسێك؟"

"پوورەکانم وا دەڵێن. هەموو هەروا دەلێن." فرانسیسیش دووبارە پێدەکەنی:

"کەواتـە بـە هـەموو ئەوانـە بڵـێ کـە مـن ئەوپـەڕی هـەوڵی خـۆم دەخەمەگـەڕی هەنـدێك جـار، کـە لـۆرا لـە ژوورەکـەی خۆیـدا سـەرقاڵی نووسـینەوەی ئەرکـەکانی خـۆی بـوون، پوورەکـانی لـە ژووری دیوەخـانی سـەرێدا پێکـەوە قسـەیان دەکـرد. ئـەوان ئاگایـان لـە هـەموو ئـەو شـتانە بـوو، کـە دراوسـێیەتیاندا وریانـدەدا. یـەکێکیان دەیگـووت:" پزیشـکی هـەناو، پێموایـە دەربـارەی نەخۆشـییە دەگمەنـەکان بێـت، یـاخود نەخۆشییەکانی ناوچە گەرمەسێرەکان. ڕەنگـە، دڵنیـانیم. گوایـا ئـەو لـە پـاش ئـەو خولـە پزیشکییە. سێ سـاڵی دیکـەش ڕۆڵـی یاریـدەر ببینێـت. خـاتوو ئاڵکـات پێـی گـووتم کـە ئەو ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە.

قسـەکانی منـت لـەیادبن. ڕەنگـە بچـێتە نیۆیـۆرك یـانیش بۆسـتۆن کـە ئەگـەری زیاتری هەیە."

"ئـێ، بـە ئەگـەری زۆر ئـەو ئیـدی هـاوین ناگەڕێتـەوە مـاڵێ، دەرفـەتی سـەر بـە خورانـدنی خۆشـی نابێـت. خـاتوو ئاڵکـات دەڵـێ ئـەو کچـەی بنەماڵـەی وایکێـر زۆر

نائومێد و هیـوا بـڕاو دەبێـت. مـن لەمـە دڵنیـام. ئـەوان ژن و مێردێکـی چـاکن. بـەژن و باڵای ئەو کیژۆڵەیە زۆر لەبارە. وانییە؟"

"بـەڵام فرانسـیس بـۆ زەماوەنـد ئامـادە نییـە، بـاوکی وا دەڵـێ. ئـەو تـاکو خـولی پزیشکی تەواو نەکات ناتوانێ بیر لە ژن هێنان بکاتەوە.."

تەمەنی ٣٠ساڵیش ئیدی زۆر درەنگە."

"ئێستا دەبێ بزانین داخۆ چی ڕوودەدات، ئێمە قەت ئاگامان لە داهاتوو نییە."

لـۆرا لـە دڵـی خۆیـدا بـیری دەکـردەوە کـەوا باشـترە ئـەو کچـە چـاوەڕێێ فرانسـیس نـەکات. کچـە جوانەکـەی بنەماڵـەی وایکێـر، بـەو زەردەخەنـە گەمژانـە بەردەوامـەی کـە دیتنی کۆڵمەکانی مرۆڤ ئـازار دەدا، ئـاخر فرانسـیس چ شـتێکی ئـەوەی پـێ جوانـە؟ لـۆرا لەو وێنە بـە کۆمەڵەیـەی کـە لـە چـواری مـانگی تـەمووزدا گیرابـوو، وێنـەی فرانسیسـی لێکــردەوە و خســتییە نێــو چوارچــێوەیەکی زێــڕیم کــە پێشــتر وێنــەی پوورەکــانی تێهاویشتبوو. پاشان ناچار بوو ئـەو ملوانکەیـە شـەو و ڕۆژ لـە مـل بکـا تـاکو ئـەوان لـە ژوورەکەیدا نەیدۆزنـەوە. هـیچ هۆیـەك نـەبوو، کـە پوورەکـانی بـەدیتنی وێنـەی فرانسـیس لەنێو چوارچێ,ەی ملوانکەکەی ئەودا تـووڕە یـاخود دڵگـران بـبن، نـا، نـا، ئەڵبەتـە کـەنا، ئەگەری ئەوە هەبوو کە تەنیا بخـافڵێن، ئـەوەش ئـەو شـتە بـوو، کـە لـۆرا تاقـەتی نـەبوو. جـاری وابـوو ئـەوان وا مەزەنـدەیان دەکـرد، کـە لـۆرا جۆرێـك خۆشەویسـتی سـەردەمی منــداڵی بەرامبــەر بــە فرانسـیس هەسـت پێـدەکات، ئـەی بۆنـا؟ پـوورە لیلیـان ئـەم مەسـەلەیەی بەچێشـت لێنەرەکـە گوتبـوو. دەنگـی وی بـە پێچـەوانەی دەنگـی پـوورە سیسیل ئەوەندە گەورە بوو کە لە ژووری چێشت لێنان رادەگەیشتە پشت قادرمەکان:

"بەو بـەژن و باڵایـەوە، بـەو چـاوە جوانانەیـەوە دەتوانێـت نیگـای هـەر ئافرەتێـك بـۆ لای خۆی ڕاکێشێت کە بییەوێ."

چێشـت لێنەرەکـەش گوتبـووی:" بییـەوێ یـان نەیـەوێ، هـەر ئافرەتێـك دەگرێتـەوە، لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە تا دەگاتە هەشتا ساڵی!".

ئـەوان ئێسـتا ئـەوینی ئـەویان بـە بـێ بایـەخ لـە قەڵـەم دەدا، ئـەوینێکی سـەردەمی منداڵی، ئەوان ئەو ئەوینەیان ئاوا ناوزەد دەکرد.

هەستێك كە كچێك لەوانەبوو لــە مــانگی ئــازاردا بەرامبــەر بــە كوڕێـك هــەبێت و لــە مــانگی نیسانیشــدا بەرامبــەر بــە كــوڕێكی دیكــە و هــەروەها لــە مــانگی ئایاریشــدا بەرامبەر كوڕێكی دیكە.

لۆرا لە كاتێكدا كــە ملوانكــە زێرینەكــەی خــۆی لەبــەر ئاوێنــە دەكــردەوە، رووخســاری فرانسیســی تــاوتۆی دەكــرد، كــە دەتگــووت بــە شــێوازێكی عاشــقانە ســەیری دەكــرد." بەڵام من تەمەنم تەنیا دوازدە ساڵە، خۆزگە كەمێك گەورەتر بوومایە.."

لــە رۆژێكــی پشــووی كۆتــایی حــەوتوودا، فرانســیس بەشــێوەیەكی چــاوەڕواننكراو بــە فڕۆكــە لــە بۆســتۆنەوە گەڕایــەوە ماڵــێ. كاتێــك لــۆرا چــاوی پێیكــەوت، كــە لــەو ســەری زەوییــــە چــــەمەنەكەی ماڵەكەیــــەوە بــــەرەو لای دەهــــات، لــــە ماڵــــێ دەرپەڕییــــە دەرێ، دەركەی پەرژینەكەی لــەپاش خــۆی داخســت و ئــامێزی بــۆ گرتــەوە هەمیشــە وای دەكــرد. كاتێك كە زۆر بچووكتر بوو، فرانسیس هەڵی دەگرت و لە باوەشێی دەگرت.

بــەڵام ئێســتا لــۆرا منــداڵكارێك نــەبوو، بۆیــە فرانســیس دەســتەكانی لــۆرای لــەملی خۆی كردنەوەو دەستی گرت و نێو چاوانی ماچ كرد:

"ئۆمو، زۆر خۆشحاڵم كە دووبارە گەڕاومەتەوە. چۆنی، شازادە خاتوونی من؟"

پــووره لیلیــان هــەر ئــەو شــەوە گــوتی:" تــۆ زۆر گــەورە بــووی. نابــێ بــەو شــێوەیە فرانسیس لەباوەش بگری، لۆرا، ئازیزەكەم تۆ ئیدی منداڵ نیت."

لــۆرا، تــووڕەو شــێواو، لێواولێــو لــە ناڕەحــەتی و كینــە، دەیزانــی قســەی پوورەكــەی یــانی چــی و وەڵامــی نەدایــەوە. مانــای ئــەو قســەیە ئــەوە بــوو:" تــۆ گــەورە كچــی و نەدەبوایە بەو شێوەیە خۆت پێوە بنوساندایە."

سیسیل گــوتی:" رەنگــە بــە گــوێرەی تەمــەنی بــاڵای بــەرز بێــت، بــەڵام هێشــتا هــەر منداڵە."

ئایا ئەوان قەت نەیانــدەزانی كــە ئــەو گــوێی لــە هــەموو ئــەو قســانەیە كــە لــە ژووری دیوەخاندا بكەن؟

"من هەمیشە پێموایە كە تۆ زیاد لە پێویست مەسەلەكان بە جدی وەردەگری."

"منیش پێموایە كە تۆ قەت مەسەلەكان بەجدی وەرناگری."

ئەمە ئەو قسە بوو كەلیلیان كردی.

سیسـیل زۆر بـە سـۆزترو هەسـتیارتر بـوو، بـەڵام لیلیـانیش پـووری خۆشەویسـتی وی بـوو و لـۆرا بـۆی دەرکـەوت، کـە دەبـێ لـە خۆشویسـتی فرانسیسـدا بـە پارێزبێـت. زۆری نەخایانـد کـە لـۆرا تەمـەنی گەیشـتە پـازدە سـاڵی. وا دەهاتـە بەرچـاو کـە ئـەو سـاڵە دوورانە بەخێراییی تێدەپەڕن. سێ سـاڵ بەسـەر ئـەو سـەردەمەدا تێپـەڕی کـە ئـەو کچـێکی هەرزەکاری تەمـەن دوازدە سـاڵان بـوو. هەنووکـە ئـەو هەڵسـوکەوتێکی لـە بـاری هـەبوو. باڵابـەرز و لـەش باریـك بـوو و قـژە درێـژ و جوانـەکانی هێشـتا رەنگـی زێرینـی مـابوو. بەبەرەکەتی هەبوونی پوورەکان کە دەیـانزانی چـۆن جـل بەربکـەن. ئـەویش فێربـوو کـە بـە شـێوازێکی جـوان و لێوەشـاوە جلوبـەرگ بپۆشـێت. جلـی سـادەی لەبـەردەکرد. ملوانکەیـەکی بـە زنجیری زێـڕەوە لـە ملـی دەکـرد و ئەنگوسـتیلەیەکی یـاقووتی هـەبوو، کە لە دایکییـەوە بـۆی بـەجێمابوو، هـەروەها سـەعاتێکی پیاوانـە کـە سـوپا لـە کۆریـاوە بۆیانی ناردبوو. لۆرا هەمیشە وێنـەی فرانسیسـی دەخسـتە نێـو ئـەو ملوانکەیـەوە کـە لـە بـن جلانـەوە لـەملی دەکـرد، سـەرەڕای ئـەوەی کـە دوو سـاڵ بەسـەر دوایـین دیداریـدا تێدەپـەڕی. لـەو سـاڵەدا بـە زۆری بـۆ میـوانی بانگهێشـت دەکـراو ئـەویش بـۆ هـەموان دەچـوو. خـەڵك خۆشـیان دەویسـت. هـەر بـەو جـۆرەی کـە هەمیشـە خۆشـیان ویسـتبوو. ئەو هاوشێوەی رێبـەرێك بـوو هـەر لەبەرئـەوەش سوپاسـگوزاربوو، بـەڵام دیسـانەوە سـەری سوڕ دەما، چـونکە هـیچ شـتێکی تایبـەت و شـایانی سـەرنجی لـە خۆیـدا شـك نـەدەبرد. دەتگووت لەگەڵ کچی دیکـەدا جیـاوازی نییـە، جگـە لـەوەی کـە دەیتـوانی بـەهۆی پیـانۆ ژەنینەوە خەڵك سەرگەرم بکات.

ڕۆژێکیـان دوانیـوەڕۆ لـە کاتێکـدا کـە جلـی سـووری مەخمـەری لەبـەرکردبوو و بـۆ رۆیشـتن بـۆ میـوانی چـاوەڕێ بـوو، کـە یـەکێك لـە هاوڕێکـانی بەدوایـدا بێـت، لـەناکاو فرانسـیس زەنگـی دەرگـای ماڵـەوەیان لێـدا لـۆرا بـە زەردەخەنەیەکی ئارام و شیرینەوە گوتی:

"تۆ هەمیشە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دێیە ماڵی ئێمە!"

"بـەڵێ، هەفتـەی رابـردوو مـن لـە بـری یـەکێکی دیکـە لـە نەخۆشـخانە ئێشکم گرت، ئەمەش پاداشتی ئەو ئێشك گریەیە.

خۆشـحاڵم کـە هاتوومەتـە ئێـرە، دەڵێـی لـێم تێـك داوی، ئایـا ئەمشـەو بـۆ شوێنێك بانگهێشت کراوی؟"

دڵـــی لـــۆرا بـــە تونـــدی لێـــی دەدا، بـــەڵام هێشـــتاش دەیتـــوانی خـــۆی ئـــارام نیشان بدات:

"بـــەڵێ، بـــۆ ئاهـــەنگێکی قوتابخانـــە، بـــەڵام ئێســـتاش نیوکاتـــژمێرم کـــات بەدەستەوەماوە. سی خۆتم بۆ بکە"

فرانســـیس کورســـییەکی راکێشـــایە پـــەنا لـــۆرا، بـــەجۆرێك کـــە ئـــەژنۆیان بەریـــەك کـــەوتن:" دەزانـــی، دوو ســـاڵ بەســـەر ئـــەو کاتـــەدا تێدەپـــەڕێ، کـــە بـــۆ دواجار چاوم پێت کەوت. تۆ زۆر گۆڕاوی و من بە دژواری دەتناسمەوە."

"من ئێستا لە تەمەنی پازدە ساڵی دام."

"ئەگـــەر منـــیش تەمـــەنم پـــازدە ســـاڵان بوایـــە دەرگـــام بـــەڕووی هـــەر کەســـێك دادەخست، کە دێت بە شوێنت داو من بۆ خۆم دەمبردییە میوانییەکە."

"باوکت دەڵێ تۆ زۆر بەخەستی کاردەکەی."

"ئۆهـــو، جـــاری وایـــە لـــە مـــاوەی، ٢٤کاتـــژمێردا بـــۆ ســـاتێکیش نـــاتوانم بخەوم، بەڵام من کارەکەم ئەوەیە و کارەکەم خۆش دەوێ."

"ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئیتر نایەوە ماڵێ؟"

"بـــاوکم دەڵـــێ کـــە ئـــەو بـــە بـــەراورد لەگـــەڵ منـــدا کـــاتێکی زیـــاتری بـــە د ەســـتەوەیە بـــۆ پشـــوودان، بۆیـــە زیـــاتر ئـــەوان ســـەردانم دەکـــەن. کاتێـــك کـــە بـــۆ تێپەڕانـــدنی خـــولی یاریـــدەدەری بچـــمە کالیفۆڕینـــا، بـــاوکم ســـەر لـــە نـــوێ لـــە دیتنی ئەوێ بێ بەش دەبێت."

فرانســـیس بـــەدەم زەردەخەنـــەوە درێـــژەی دا بـــە قســـەکانی:" بـــاوکم زەریـــای زۆر خۆش دەوێت.."

"چ ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە؟"

"پێموایـــە خـــولێکی دوو ســـاڵە بێـــت، رەنگـــە لـــە دوای ئـــەوە ناچـــاربم بـــۆ توێژینـــەوەی زیـــاتر ســـەفەری دەرەوەی وڵات بکـــەم. مـــن دەمـــەوێ لـــە نەخۆشـــییە دەگمەنەکاندا ببمە پسپۆڕ. پاشان دەگەڕێمەوە و وانە دەڵێمەوە."

"بـــۆ نموونـــە نەخۆشـــی ئـــەلفانتازیس، یـــان شـــتی لـــەو بابەتـــە؟" "تـــۆ چـــۆن دەربـــارەی نەخۆشـــی ئـــەلفانتازیس زانیاریـــت هەیـــە؟" "مـــن هـــەر شـــتێك

بخوێنمـــەوە وەری دەگـــرم، تـــا رادەیـــەك هـــەموو شـــتێك دەخوێنمـــەوە، لـــەو كاتـــەوە كە تۆ فێرت كردم...

"شـــانازیت پێـــوە دەكـــەم لـــۆرا، دڵخـــۆش و ســـەرفیرازم... لـــۆرا بـــەو پـــەڕی لـــە خۆبـــایی بوونـــەوە بـــە فرانسیســـی گـــووت" مـــن بـــە ســـاڵێك قۆنـــاغێكم بڕیـــوە، كاتێـــك بگەمـــە تەمـــەنی شـــازدە ســـاڵی دەردەچـــم." دەمەتـــەقێی ئـــەوان بـــۆ ماوەیـــەك راوەســـتا، هەرچـــەندە كـــە لـــە پـــاش ئـــەو جوداییـــە دوورودرێـــژە هێشـــتاش زۆر شـــت هـــەبوو، كـــە بۆیـــەكتری بـــاس بكـــەن. مێشـــكی لـــۆرا بەڕاســـتی پڕبـــوو لـــە پرســـــیارگەلێكی جۆراوجـــۆر، بـــەڵام نەیـــدەتوانی هـــەموو پرســـیارەكان بخاتـــەروو. لـــە پـــاش چـــەند خولـــەكێك، فرانســـیس پرســـیارێكی كـــرد:" لـــەو دراوســـێیەتییەدا چـــی روویـــداوە؟ هـــەوالێكی ســـەرنجڕاكێش هەیـــە، بیســـتوومە بـــانكی جـــۆرج باكســـۆن بـــۆ ئەنجامـــدانی ئـــەركێك ناردوویەتییـــە هـــۆنگ كـــۆنگ و كـــارۆڵ بـــێكیر بۆتە دەزگیران...

"بەڵام خۆ نەبۆتە دەزگیرانی تۆ؟"

رۆكـــانی فرانســـیس هەڵكشـــان:" مـــن؟ چ كەســـێك ئـــەو جـــۆرە بیركردنـــەوەی خستۆتە مێشكتەوە؟"

"پوورەكانم."

"هەڵبەت، چ كەسێكی دیكە دەیتوانی ئەو كارە بكات؟"

پاشـــان هـــەردووكیان پێكـــەنین. پێكـــەنین ئـــەوانی گەڕانـــدەوە ئـــەو شـــوێنەی كـــە دوو ســـاڵ بـــەر لـــە ئێســـتا ئـــەوان تێیـــدا لێـــك جیاببوونـــەوە. ئاســـوودەییەكی كورتخایـــەن دەروونـــی لـــۆرای تێركـــرد. زەردەخەنەیـــەكی نائاســـایی كەوتـــە ســـەر لێـــوانی. ئـــەو كـــە دەیویســـت دەســـپەندە زێڕەكـــە و نینۆكـــەكانی نیشـــان بـــدات، كـــە بـــە رەنگـــی پەمـــەیی بۆیـــە كرابـــوون. دەســـتی خســـتە ســـەر دەســـكی كورســـییەكەوە. ئەگـــەر ئـــەو زەنگـــی دەرگاكـــە دەنگـــی لێنـــەهاتبا، خۆزگـــە دەنگـــی نەهاتبایـــە، بریـــا دیســـانەوە ئـــەو دووانـــە بـــە تـــەنیا بونایـــە. فرانســـیس تەماشـــای ئـــەوی دەكـــرد، چـــاوی لـــە چـــاوی بڕیبـــوو، لـــۆراش ســـەیری چـــاوەكانی ئەوی دەكرد و بۆی دەركەوت كە ئەو شەیدای جوانییەكەی بووە:" تۆ."

فرانسیس دەیویست دەست بە قسەکردن بکات، کە، زەنگی دەرگا لێدرا. لۆرا گوتی:" ئۆهو، هاوڕێکانم هاتن.

فرانسیس بۆ کردنەوەی دەرگا چووە بەر ئەو سەرمایە و گروپێکی بچووکی بەهات و هاوار گەیشتەجێ. جێنیێ و رێك و سی و فرێد و هەنگ. هەموویان چاوەڕێ لۆرایان دەکرد. رقیێك بە توندی گوتی:" ببورە درەنگ بوو، ئێمە ئۆتۆمبێلمان دەست نەکەوت و بڕیارمان دا لێرە ببینن، بۆ ئەوەی کات بە فێڕۆ نەچێت."

ئەوان کە تووشی جۆرێ ئازار ببوون، چاوەڕوان بوون، کە لە ناکاو لۆرا هەستی پێکرد و بە خێرایی ئەوانی بە فرانسیس ناساند و بەپەلە چاکەتەکەی لەبەر کرد. لە پڕێکدا ئەوانی وەکو منداڵێکی دزێو هاتنە بەرچاو. ئەوان قەت بەو شێوەیە نەهاتبوونە بەرچاوی لۆرا. هەستی لۆراش بەشکۆمەندی نەما ئەویش بووە هاوبەشی دزێوی ئەوان. فرانسیس بە حاڵەتێکی هەڕەشە ئامێزەوە لێیانی دەڕوانی. هەرچەندە کە کوڕەکان هەر بەقەد خۆی بوون. ئەو گوتی:

"هاوڕێیانی هیوادارم کاتێکی خۆش بەسەربەرن. لۆرا بە پوورەکانت بڵێ کە بە داخەوە نەمتوانی چاوم پێیان بکەوێ، بەڵام ئەمە سەردانێکی کورت بوو. بەیانی من لەگەڵ دایك و باوکمدا بۆ سەردانی کەسوکارمان دەچینە کوێستان و دووبەیانیش ئێرە بەجێ دەهێڵم، کەواتە سڵاوی گەرمی منیان پێ رابگەیینە."

کوڕوکاڵ سواری ئۆتۆمبێل بوون. لۆرا چاوی لێبوو کە بەرەو خانووی ئەو سەری چەمەنزارەکان هەنگاوی نا. جێنی پرسی:" پیاوێکی چەندە قۆز بوو، ئەو پیاوە کێیە؟"

بەڵام ئەوانی دیکە ئەوەندە دەنگە دەنگیان دەکرد، کە لۆرا دەرفەتی وەڵامدانەوەی بۆ تەڕی خسا. فرێد کە خاوەنی روومەتی کورت و لیپن و لوتێکی پان و دزێو بوو گوتی:

ورقۆز؟ خوایە گیان، جێنی، بەڵام ئەو پیربوو، پیرەمێردبووە." جێنی گوتی:" بەهیچ جۆرێك پیرنانوێنێ.." ئەوسا دووبارەی کردەوە:" کێیە؟"

لــۆرا هــەم هەســتی بــە گــەرماو هــەم هەســتی بەســەرما دەکــرد. بــە ئەســپایی و لـــەبن لێوانـــەوە وەڵامـــی دایـــەوە:" هاوڕێیـــەکی خێزانییـــە، دراوســـێمانە.." ئەوســا ســەر لــە نــوێ شــێوازی نیگاکــانی فرانســیس هاتــەوە یــاد:" هیــوادارم کــە کــاتێکی خــۆش بەســـەر بــەرن، هاوڕێیــان، هاوڕێیــان." ئــەوە دەیویســت شــتێك بڵــێ، بــەڵام ئــیتر لــۆرا قــەت نەیــدەزانی کــە ئــەو دەیویســت بڵــێ چــی. بــە ئەگــەری زۆر لــۆرا هــەرگیز پێــی نــازانێ. ڕەنگــە ئــەو تــاکو دوو ســاڵی دیکــە نەگەڕێتــەوە ئێرەو کاتێك کە لە ماڵێ دوورە، خوا دەزانێ چی ڕوودەدات.

لــۆرا زۆر دەربــارەی فرانســیس بــیری دەکــردەوە، لــە بۆنــە و ئاهەنگەکانــدا قســەی لەگــەڵ کوڕانــدا دەکــرد، بــەڵام خــەیاڵی فرانســیس لــە زەینیــدا نــەدەڕۆیی. ئــەو ســەبارەت بــە فرانســیس ڕۆبایــەکی خــەم ئــامێز و ناخۆشــی هــەبوو، کۆمەڵــە ئاواتێــك کــە پڕبــوون لــە چــاوەڕوانی و ڕەنــج و ئــازاری دووری. زەمــەن، زەمــەن، لــۆرا بــەردەوام بــیری لــە زەمــەن دەکــردەوە. چــاوەکانی کەوتنــە ســەرگۆڵەکانی ســەردیوار. دایــە گــەورە راســپاردبوو تــاکو ئەتڵەســێك و ســورەگوڵی بــۆ بهێــنن، بــەڵام بابــە گەورەکــە بنەچــەی ئیرلەنــدی هــەبوو بــەزۆر چــەندین گــوڵی شــەبدەری لە گۆشە و کەناری ماڵێ دانابوون. لۆرا لەبەرخۆیەوە گوتی:

"هەســتە کۆنــەکان، ئــازارە لــە مێژینــەکان." بــیری لــەوە دەکــردەوە کــە ئێســتا فرانســیس تەمــەنی لەســەرووی پــەنجا ســاڵییەوەیە. "نــازانم داخــۆ ئێســتا شــکڵ و شــێوەی چــۆنە، دەڵــێن لــە نیۆیــۆرك بۆتــە پزیشــکێکی بــەناوبانگ، بۆتــە توێژەرێك، مامۆستایەکی زانکۆ."

دراوســـێکان دەیـــانگووت:" ئێمـــە لـــە لایـــەن فرانســـیس ئاڵکاتـــەوە داوەتنامەیـــەکی کریســـمەسمان پێگەیشـــتووە، ئـــاخر ئێمـــە هـــاوڕێی ئـــەو دوکتـــۆرە گەورەیـــەین. داوەتنامـــەی بـــۆ تـــۆش نـــاردووە؟" نـــا. ئـــەو قـــەت داوەتنامەیـــەکی پـــێ نەگەیشـــت، نەداوەتنامـــە و نەئیشـــەکی دیکـــە. ئـــەو ســـەری ویلایـــەت زانکۆیـــەکی لێبـــوو کـــە لـــۆرا بـــۆ خوێنـــدنی بەشـــی مۆســـیقا لـــەوێ وەرگـــیرا. ڕەنگـــە ئەگـــەر ئـــەو وەکـــو قوتـــابی یـــەدەگ وەرنـــەگیرابێت. پوورەکـــان رازی تـــر دەبـــوون، لەبەرئـــەوەی لەوانـــەبوو بـــۆ هـــەر شـــوێنێکی دوورەدەســـت بینێـــرن. دیســـانیش لەبــەر ئــەو مــەودا کەمــە تاڵــەوە، بــەردەوام ناڕەزاییــان دەردەبــڕی:" لــۆرا، بــەڵێن

بـــده، کـــه هەفتـــەی دووجـــار تەلـــەفۆنمان بـــۆ بکـــەی. تـــۆ ئاســـانتر دەتـــوانی پێوەنـــدیمان پێوەبکـــەی، تـــاکو ئێمـــە لـــەو شـــوێنە دوور و قەرەباڵغـــە بتدۆزینـــەوە. هەوڵ بدە زیاتر لە کاتی نانی ئێوارێ تەلەفۆن بکەی، تێگەیشتی؟"

هەســـتی خاوەنداریـــەتی ئـــەوان، رەنگـــە بـــۆ لـــۆراو زۆرێـــك کچـــانەی کـــە بۆیەکـــەمجار لـــە ماڵـــێ دووردەکەونـــەوە و ســـەربەخۆیی خۆیـــان بەدەســـت دەهێـــنن بـــە بـــارێکی قـــورس بژمێردرایـــە. بـــۆ زۆربـــەی خـــەڵك، ئـــەو هەســـتی خاوەنداریەتییە ئازاردەربوو و بەردەوام گوێی بۆ قسەکانیان دەگرت.

پوورەکـــان وەکـــو هەمیشـــە چـــاوەڕێی هەواڵگـــەلێکی تـــازەو بڵاوبوونـــەوەی دەنگـــۆ بـــوون:" کـــارۆل بیکێـــر زەماوەنـــدێکی رازاوەی هـــەبوو. دە ژن هاوڕێیـــەتیان دەکـــرد، باوەڕدەکـــەی؟ ئـــەو شـــتەی کـــە قـــەت ئـــەو نەیـــدەتوانی لـــە فرانســـیس ئاڵکـــاتی چـــاوەڕوان بکـــات. دامـــاوە رەنگـــە ئێســـتاش ناچـــاربوایە ســـەربگرێت. دەڵێـــی ئـــەو نیـــازی زەماوەنـــدی نییـــە و لـــە شـــوێنێك بەنـــد بابـــێ" بـــۆ ئـــەو دوو ئافرەتـــە قەرەیـــە کـــە تەمـــەنی مـــام ناوەنـــدییان تێپەڕانـــدبوو؟ زەماوەنـــد و بیســـتی رووداوی ســـەرنجڕاکێش پێوەندارییـــەکانی زۆر شاگەشـــکە خـــۆڵقێن بـــوو. لـــۆرا بـــە جۆرێـــك بـــەزەیی پێداهاتنـــەوەوە بـــەم شـــێوەیە بـــیری دەکـــردەوە. بنەماڵەی ئاڵکات تازە لە کالیفۆڕنیاوە گەڕابوونەوە.

"ئـــەوان دەڵـــێن فرانســـیس کارەکـــانی زۆر بەباشـــی بـــەڕێوەدەبات. ئـــەو بـــەردەوام خـــەریکی لێکۆڵینـــەوەو موتالایـــە، تـــەنیا لەوانەیـــە لەگـــەڵ شـــاندێکی پزیشـــکیدا بـــۆ مـــاوەی یـــەك دوو ســـاڵ ســـەفەری وڵاتـــی هیندوســـتان بکـــات. هـــەر بەڕاســـت پێمـــان گوتبـــووی کـــە داوای ئەدرێســـی تـــۆی کـــردووە؟ پێموایـــە دیارییـــەکی بـــۆت هەیـــە. دوکتـــۆر ئاڵکـــات گـــوتی کـــە گوایـــا کتێبـــی کڕیـــون و کتێبەکانیش گەیشتوونەتەجێ."

کتێبـــەکان دەربـــارەی مـــوکزارت و بتهۆڤنـــەوە بـــوون و یاداشتێکیشـــیان لەگەڵدابوو:"

هـــەروەکو جـــاران لـــە کتێبخانەیەکانـــدا خـــەریکی گـــەڕان بـــووم کـــە چـــاوم بەمانـــە کـــەوت و پـــێم وابـــوو کـــە تـــۆ حـــەزت لێیـــان بێـــت. کەواتـــە دەبینـــی کـــە یـــادی هـــاوڕێ کۆنـــەکانم بـــەردەوام لـــە هزرمـــدا دەمێنێتـــەوە، بـــەڵام دەبـــێ دان

بــەوەدابنێم کــە لێرەشــدا زۆر خــۆش بەســەردەبەم. هــاورێ باشــم پەیــدا کــردوون، کارەکـــانم بەباشـــی دەڕۆن بـــەڕێوەو هەڵبـــەت کـــەش و هـــەواش لەڕادەبـــەدەر لــەبارە. لــۆرای ئــازیز ئاواتــەخوازم کــە تــۆش لــەو شــوێنەی کــە تێیــدا بەســەر دەبەی هەست بەڕەزامەندی بکەی.

نووســینەکەی وەکــو خــۆی وابــوو، پیتەیــەکی زۆر ڕێکوپێــك و جــوانی بــوو و تەنانــەت کاتێــك کــەپیتێکی گــەورە بەدیاردەکــەوت ســەرنجڕاکێش و دڵگــیر بــوو، هــەروەکو زەردەخەنــە بــەجێ و لـــەناکاوەکانی خــۆی، ئەوســا وەکــو جــاران دەســتەکانی ئــەوی هاتنــەوە یــاد، دەســتی درێــژ و باریــك و ئــەو ئەنگوســتیلەی کــە پیتــی یۆنــانی لەســەر هەڵکەنــدرابوو. لــۆرا وای دەزانــی کــە ئێســتا لەبــەر تیشــکی هــەتاوی کالیفۆرینــادا دەســتەکانی هــەتاو بردوونــی و ڕەنگیــان قــاوەیی تربووە. ئەو نووسیبووی:

"لە مــانگی تــەمووزدا بــۆ چــەند هەفتەیــەك دەگەڕێمــەوە ماڵــێ. هیــوادارم ســەبارەت بەساڵی یەکەمی خوێندنی تۆ گوێبیستی هەموو شتێك ببم."

هاوینی ئــەو ســاڵە، ئــەوان خــەریکی ئامادەکــاری ســەفەربوون بــۆ ئاراســکا. نــاڕەزایی دەربڕینەکانی لــۆرا بــێ ســور بــوو. پــوورە لیلیــان گــوتی:" چــی؟ یەکــە هاوینییــەکان؟ بــۆ خــاتری خــوا! بۆچــی؟ بــەو ئەنجامــە بــەرزەی کــە تــۆ بەردەســتت هێنــاوە پێویســتت بــە پشــووی هەیــە. لــۆرا هــەموو شــتێك پێشــتر ئامــادەکراوە کــا لــە ئــانکوراژەوە نــانووم[٣]، ورچــەکان، هــەڵۆکان، ناوچــە بەســتەڵەکەکان، ئێمــە دەبــێ ســود لــەکاتمان وەرگــرین و هەموو شوێنێك ببینین.."

ئــەوە بــوو کــە ئــەوان ڕۆیشــتن و هــەموو شــتێك هــەروەکو کــە پیشــبینی کرابــوو بەڕاستی زۆر جوان و بێ وێنــە بــوو، بــەڵام کاتێــك کــە گەڕانــەوە ماڵــێ، بۆیــان دەرکــەوت کە فرانسیس هــاتووەو ڕۆیشــتۆتەوە ســاڵی دواتــر، کاتێــك کــە ئــەوان چــووبوونە مونتریــان لــەلای خــوارووی ڕووبــاری ســان لــۆران و بــەرەو ئوسکاشــیا ڕۆیشــتوون، هــەمان ڕووداو دووبــارە بــۆوە. وەختێــك کــە گەڕانــەوە ماڵــێ، پــوورە سیســیل گــوتی:" بەداخــەوە کــە فرانسیسمان نەدیت. وا دیارە سێ ڕۆژ لەمەوبەر ئێرەی بەجێهێشتووە."

---

٣- لەوانەیە ك جەمسەری باکووری جیهان بن.

لۆرا که پووره سیسیل باش دەناسی، دەیزانی کە ئەو توانای شاردنەوەی هەست و نەستەکانی خۆی نییه، رەنگە واشی بۆ چووبێت، کە هەموو ئەو بەرنامانە بۆ ئەوە سازکراون، که ئەو فرانسیس نەیبنێت. ناوە ناوە لە فرانسیسەوە نامەی پێ دەگەیشت و لەبەرئەوەی کە ئەو هەموو نامەکانی هەڵدەگرتن دەیتوانی بەراورد بکات و بزانێ کە بە زۆری هەرجارەنا جارێك سەبارەت بەوەی یان دەکاتەوە و پەرۆشی دراوسێ باشەکانییەتی، نامە دەنووسێت. مەبەستی ئەو لە رووداو سێ باشەکانمان" چی بوو؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەبوو کە مەبەستی ئەوە بێت، کە پەرۆشی لۆرایەتی، ئەگەریش وابوایه بۆ مەسەلەکەی بەو شێوەیە دەردەبڕی؟

رۆژێکیان دواینیوەڕۆ کاتێك کە لۆرا بە تەنیایی لەسەر شۆستە پیاسەی دەکرد، لەناکاو هەستێکی سەیر دەروونی گرت، دەتگووت خودی ئەو بۆتە چاودێڕ و توێژەرەوە:" ئەی گەورە کچی گەمژە، کە بەهۆی ئەو عەشقە خەیاڵییەوە شێت بووی!"

وا بیری دەکردەوە و خۆی بەشەرمەزار هەست پێ دەکرد. ئەو وێنەیە بۆ وی ئەوەندە سەرسوڕهێنەر داچڵەکێنەربوو کە بە راوەستام. لە ناوەڕاستی شۆستەکە ناچاری کرد. "خوایە گیان، دەبێ من هزر و مێشکی خۆم کۆنترۆڵ بکەم، دەبێ هەوڵێکی جدی و گرنگ بدەم." ئەو رێگەی ئەوەی دابوو کە فرانسیس ئاڵکات ببێتە فەرمانڕەوای ژیانی.

لە کاتی کریسمەسدا، ئاغا و خاتوو ئاڵکات لە گەشتێك دا بۆ یوکاشان بە کوڕەکە یان پەیوەست بوون. لەوێوە نامەیەك لە فرانسیس و هەروەها وێنەیەکی سێ قۆڵی ئەوان کە لەبەرامبەر هەڕەمی چێچن ئیتزا راوەستابوون، بە دەستی لۆرا گەیشت. ئەو نامەیە زۆر گەرم و دڵسۆزانە بوو و هەروەکو دەفتەرچەیەکی بیرەوەرییەکانی سەفەر، جوان و زیندوو دەهاتە بەرچاو. لۆرا بەخۆی گوت:" بەڵام نا، شتێك کە بەکەڵکی تۆ بێت لەو نامەیەدا نییە، بەرە بەرە خەریکە لەو رووداوێك تێدەگەی، وانییە؟ کەمێك وەرەوە سەرخۆ، تۆ ئافرەتێکی بەتەمەنی، هەژدە ساڵتەو دەبێ بەسەر ئەم گرفتە گیان پڕۆکێنەدا زاڵ بی."

بەڵام دیسانەوە رۆژێك و تەنانەت ساتێکیش نەبوو، کە بەبێ بیرکردنەوە لە فرانسیس تێپەڕێ. لە ساڵی دووەمی زانکۆدا، لۆرا پیاوێکی ناسی کە لە دەرەوەی

بازنەی ئەو هاوڕێیەتیەدا بوو، کە لەگەڵ هاوپۆڵەکانی و کەسانی وەکو فرێد و جۆوە لە سەردەمی خوێندنی دواناوەندییەوە لەگەڵیاندا لە زانکۆ وەرگیرابوو. هاوشێوەی قوتابیان و ئەو جۆرە کەسانە نەبوو، کە لۆرا بەمەیل و ویستێکی یەکسانەوە لەگەڵیاندا دەچوو بۆ پێشبڕکێکانی یاری تۆپی پێ یاخود کۆنسێرتەکانی مۆسیقا. لۆرا مرۆڤێکی سازشکاربوو و دەیویست هەر ئاواش بمێنێتەوە. لەنێو ئەو هەموو کەسانەدا، کەسێك بوو کە توانایەکی بەرفراوانی بۆ هەڵبژاردن هەبوو ئەمەش بەباڵا دەستی لە قەڵەم دەدرا. کاتێك کە ئەو دوانە دیداریان لەگەڵ یەکتریدا سازدا، هومەر رایس، کارمەندەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی قوتابییە دەرچووەکان بوو و بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی کۆتاییهاتنی خوێندنی کاری دەکرد. لۆرا ئەو کاتەی کە بەردەم هەنگاونانەوە بەبەردەم بەشی ناوخۆییدا تێپەڕی بوو چەند جارێك چاوی پێی کەوتبوو.جارێکیان بەبێ هیچ هۆیەکی تایبەت، کەسێك بادی بەدەم رۆیشتنەوە نیشانی دا بوو و گوتبووی:" ناوی ئەو کابرایە باد رایسە، ئەو چەند ساڵ لەمەوبەر یاریزانێکی بەناوبانگی بەرگری بووە. زۆریش بە وەرزشوان دێتە بەرچاو، وانییە؟"

وشەی لەبار (بەهێز) بوو. باد باڵای بەرزو بەشان و شەوکەت و شان پان و لەشی تۆزێ چەوریشی نەبوو. ئەو دەیتوانی لە رێکلام کردن دەربارەی خواردنی وزەبەخش دا بە نموونەی لەشساغێکی تەواو بژمێردرێت. پێستێکی پەمەیی کاڵی هەبوو و بەهەڵکشانی لێوە بچووکەی سەرەوەی ددانە قایمەکانی بەدیاردەکەوتن. ددانەکانی ئەوەندە بێ کەموو کوڕی بوون، کە رەنگە هەموو کەس پێی وابووبێت دەسکردن. لۆرا پێی وابوو کە بادیش سەرنجی بەو داوە. لە رۆژێکی گەرمی بەهاری دا کە لۆرا بەتەنیا لەبەرامبەر قادرمەی کتێبخانە راوەستابوو و کتێبی لێك کردبۆوە، باد بەرەو لای هات و خۆی پێ ناساند:

"من باد رایسم، ماوەیەکە سەرنجم داوی ئەگەر بەڕێزت لە نێو حەشامەتدا نەبووایەتی یاخود بوێری من کەمێك زیاتر بوایە ن زووتر بۆ خۆناساندن دەهاتمە خزمەتت."

وەها شەرم و حەیایەك، بەتایبەتی لە لایەن ئەستێرەیەکی تۆپی پێوە، لۆرای تووشی سوڕمان کرد ئەو تا رادەیەك دەلەرزی و بۆیەش لۆرا بەناسکی و ئەو پەڕی نیانییەوە وەڵامی دایەوە:

"من ناوم لۆرا پایگە. لە ئاخاوتن لەگەڵ ئێوەدا خۆشحاڵم"

"بەڕاستیتە؟ کچێکی وەکو تۆ دەبێتە هۆی شك و گومانی پیاوان. دەکرێ لەپەنا جەنابت دانیشم؟"

"هەڵبەت کە دەتوانی، فەرموو. من تاکو کاتژمێر سێ هیچ وانەیەکم نییە."

لە دوای تێپەڕینی کاتژمێرێك، کاتێك کە ئەو دوانە لێك جیابوونەوە، لۆرا تاڕادەیەك هەموو ئەو شتانەی دەزانی، کە کەسێك پێویستە لەبارەی کەسێکی دیکەوە بیزانێت. ئەو لە کوێستانێکی دوورا هاتبوو کە، باوکی لەوێ مجێوری کڵێسەکی بچووك بوو. لۆرا دەیتوانی کە کڵێسەیەکی بچووکی کۆن کە لەوانەبوو پێویستی بەڕەنگ و نۆژەنکردنەوە بوو لە جادەیەکی دەرەوەی شار و لە گوندێکی سەر ڕێگادا، بنێتە بەرچاوی خۆی. ئەو دەیتوانی کە دەسکورتی دا چلەکێنەر و گۆشەگیری خەماوی ئەو رادێی هەست پێ بکات. باد لەوێ هەوڵی دابوو کورسێکی خوێندن توانیبووی چەند سەرکەوتنێك بەدەست بێنێت. جگە لەوەش بە هۆی هەندێك کاری ئاست نزمەوە بڕێك پارەی بەدەست هێنابوو تاکو بتوانێ هەزینەی سەرەتایی خوێندنی بدات. باد بەشەوق و زەوق و راستگۆ بوو. ئەدەب و ئەو شێوازەی کە پێی پەروەردەکرابوو، هەروەها هەڵسوکەوتە خەرجیە لەباوکەوتووەکەی بەڕاستی لادێیانە بوو. بەدڵنیاییەوە ئەو لەگەڵ خەڵکی دیکەدا جیاوازی هەبوو و هەربۆیە سەرنجڕاکێش دەینواند.

لۆرا بۆی دەرکەوت، کە کەیفی پێ هاتووەو رازی بوو کە دووبارە چاوی پێ بکەوێتەوە. هاوڕێیانی لۆرا بە تەواوی کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە. بەرای ئەوانەوە زۆر جوان بوو، کە مرۆڤ کەسێك لە بڕێوەبەرایەتی گشتی قوتابییە دەرچووەکان بناسێت. کەمێك کە لە تەمەنی لاوێتیدا لەسەر پێی خۆی راوەستابوو و ئامادەی رۆیشتن دەبوو بۆ جیهانی کارەنوێ و راستەقینەکان و قبوولکردنی بەرپرسیاریەتییە گرنگەکان. لەوانەشە ئەو حاڵەتە ستایش ئامێزەی کە لەباد لە نێو هاوڕێکانیدا هێنابوویەکایەوە بۆ بوبێتە هۆی ئەوەی لۆرا درێژە بەدیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا بدات. دواتر لۆرا زۆرجار لەم مەسەلە بیری دەکردەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هیچ هەستێکی دەروونی و رووژێنەری بەرامبەر وی لە خۆیدا هەست پێ نەدەکرد. دواتر لۆرا کەوتە بەر ستایشی راشکاوانەی بادەوە.

شەوێکیان کە لە بادو لـۆرا پێکـەوە چـووبوونە کۆنسـێرتێك، بـاد پێـی راگەیانـد:" تـۆ زۆر شت دەزانی کە من لەبارەیانەوە هیچم نەبیستووە."

کاتێك کـە لـۆرا پرسـیاری لێکـرد، کـە ئایـا چـێژی لـە کۆنسـێرتەکە وەرگرتـووە، بـاد وەڵامێکی سـەیری داوەوە و گـوتی:" مـن نـاتوانم بڵـێم پـێم خـۆش بـووە یـان نـا، رەنگـە لەبەرئەوە بێت کە تاکو ئێسـتا ئەوەنـدەم گرنگـی بـەو جـۆرە شـتانە نـەدابێت. وا مەزەنـدە دەکەم کە مۆسیقای کلاسیکی شتێکە کە دەبێ من زۆر شت دەربارەیەوە فێرببم. "

ئـەو ئـەم رسـتانەی بەزەردەخەنەیـەکی جوانـەوە دەربـڕی. لـۆرا کـە دەیویسـت لـە وەڵامدانـەوەی راشـکاوانەو راسـتگۆیانەی ئـەودا بـە میهرەبانییـەوە هەڵسـوکەوت بکـات. وەڵامی دایەوە:

"بۆچی دەبێ وەهـا کارێـك بکـەی؟ دەبـێ مـرۆڤ ئـەوەی خۆشـی دەوێ، خـۆش بوێـت و هیچ پێویست ناکا خەڵکی دیکە رازی بکات."

"بـەڵام مـن دەمـەوێ تـۆ رازی بکـەم لـۆرا. مـن هەمیشـە کچـم مـۆگرم. بـوون، تـۆ ئەمەت دەزانی؟ زیاتریش لەبـەر یـاری تـۆپی پـێ کـە ئەمـەش زۆر نـالۆژێکی و گاڵتـەجار دێتەبەرچاو، وانییە؟ دیسـانیش گاڵتـەجاریتر ئەوەیـە، کـە مـن لـەوەی کـە بـە شـێوەیەکی تایبـەتی خۆشەویسـت بـووم، چـێژم وەرگرتـووە. پێموایـە شـتێکی لـەو بابەتـە ئاسـایی بێـت. وانییـە؟ رەنگـە لەبەرئـەو هۆیـە کـە مـن نـازانم تـۆ لـە بـارەی منـەوە چـۆن بیردەکەیتەوە. ئەوەی کەمن..."

باد دەنگـی لـەرزی و قسـەکەی بـڕی. لـۆرا لـەو شـێواوێەی بـاد خۆشـحاڵبوو و کەوتـە ژێـر کاریگەرییـەوە. بەهـەر حـاڵ ئـەو پیـاوێکی زۆر هۆشـیاربوو و بەتـەواوی بـڕوا بەخۆ.ئـەو قوتابییـەك بـوو، کـە بـەردەوام دەرەجـەی خوێنـدنی لەسـەرەوە بـوو و بێشـك دەیتـوانی لـە مێشـکیدا بـەخێرا لێکدانـەوە بکـات، هـەروەها درێـژە بـدات بـە خوێنـدن لەهەر بەشـێك سیاسـی یـاخود ئابووریـدا، واتـە هـەموو ئـەو بەشـانەی کـە لـۆرا تێیانـدا خۆی بە کوێر و نەزان هەسـت پـێ دەکـرد. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا، لـەو شـەوقەی کـە لۆرا بەرامبەر باد هەیبوو، هەستێکی شاعیرانە خۆی حەشاردابوو.

"من دەربـارەی تـۆ چـۆن بیردەکەمـەوە؟ ئـێ ئەگـەر کـەیفم پێـت نەهاتبایـە قـەت لـە شوێنێك لەگەڵتدا دانەدەنیشتم."

لۆرا کەیفی ساز بوو و عیشوەی دەکرد، بەڵام بەهەرحاڵ راستییەکانی دەگووت.

باد پێشنیاری کرد:

"رازیــت رۆژی شــەممە پێکــەوە بچــینە کوێســتان و لــەوێ نــانی نیــوەڕۆ بخــۆین؟ مــن دەتوانم ئۆتۆمبێلێك بە ئەمانەت وەرگرم."

"بەداخــەوە. پوورەکــانم لەبەرەبەیانــەوە خۆیــان گۆڕیــووە ئامــادەی ئــەوەن، کــە لــە کاتی نانی نیوەڕۆدا لێرە ئامادەبن.."

کاتێــك لــۆرا بــێ ئومێــدی لــە رووخســاری بــاد دا خوێنــدەوە، پێشــنیارێکی دیکــەی خستەڕوو:

"بەڵام حەزدەکەم تۆش لە هۆتیا لەگەڵمان بی"

باد گوتی: " ئەمە زۆر باشە، بەڵام لەوە دەترسم ببمەمایەی زەحمەت بۆتان."

هەرچەند لۆرا دەسـبەجێ لــە قســەکەی خــۆی پەشــیمان بــۆوە، بــەڵام هــیچ رێگەیــەکی نــەمابوو جگــە لــەوەی بڵــێ:" ئەڵبەتــە کــە ســەرمان گــران ناکــەی. بــە دڵنیاییــەوە وەرە. هیوادارم کە بێ تاقەت نەبێ."

بــاد بــە شــێوازێکی یــەکجار جــوان گــوتی:" تاقــەتی مــن؟ نــا بــە پێچــەوانەوە زۆر خۆشحاڵ دەبم چاوم بە پوورەکانت بکەوێ."

بادو پوورەکانی لۆرا دەسبەجێ یەکتریان کەوتە بەردڵ.

لە رەواڵەتی بار را وا دەهاتــە بەرچــاو، کــە دەتگــوت بــە چــاکەت و پــانتۆڵی نیلییــەوە و بۆینباخی جوانەوە نیازی چۆن بۆ کڵێسەی هەیە.

سیســیل و لیلیــان کــە چــاوەڕێ ئــەوەیان دەکــرد کــوڕە قوتابییــەکی زانکــۆ لــە نێــو پانتۆڵی جینــدا ببیــنن، شــەیدای ئــەو رەواڵەتــە رازاوەیــە بــوون. لــۆراش خۆشــی هــەر وای بــیری دەکــردەوە، لەبەرئــەوەی ئاگــاداری بیروبــاوەڕە توندەکانی پوورەکــانی بــوو بەرامبــەر ئــەو گەنمــە مەرزەکارانــە کــە قــژەکانیان وەك کلکــی ئەســپ پشــتە ســەرەوە درێــژ دەکــرد.

پوورە لیلیان گوتی:

"دەزانن قەمســەڵە و پــانتۆڵی جــین ئەگــەر پــاکو خــاوێن بــن کێشــەیەکی نییــە، جــۆرە جلێکــی ئاســوودە و نافەرمییــە، بــەڵام ئــەو دیمەنانــەی کــە لــە نێــو تەلەفزیۆنــدا، لــە هەندێك لــەو کۆلێژانــەی ویلاتــەکانی بــاکووردا دەیــان بیــنین. بەڕاســتی مــرۆڤ وا لێــدەکات کە بڵێ ئێمە بەرەو کوێ دەچین."

بـار بـه ئـاوازه دەنگێکـی سـەرکەوتووانەوە گـوتی: "بـەڵێ، لـەم کۆلێـژەدا یاسـا فەرمانڕەوایە. هەر لەبـەر ئەوەشـە کـە مـن ئێـرەم بـە دڵـە. پێموایـە کـە زۆر بـە پـەرۆش دەبم کە لە ساڵی داهاتوودا ئێرە بە جێ دەهێڵم."

دەمە تەقێیـەکی زۆر گـەرم و گـوڕ بـوو و لـۆڕاش خـۆی لێ دوور راگرتبـوو بـۆ ئـەوەی گوێ بۆ قسـەکان راگـرێ. گشـتی بـاد زۆر بـاش دەرکـەوت. ئـەو لـە بیسـتنی ئـەوەی کـە ئـەو دوو ژنـە بـە چ جۆرێـك دەسـتیان گرتبـوو بـە پیشـەی بنەماڵەییـەوە شاگەشـکەببوو ئـەوانیش حـەزیان لـە قسـەکانی ئـەو. راوبۆچـوون گـەلێکی لەمـەڕ یاسـای بـاج و بـازاڕی ئـازاد و کەمکردنـەوەی قـەرزەکان لەسـەر بـۆ ئەوسـەر ئـاڵۆگۆڕ کـرا. بـاد کـە کۆمەڵـە زانیارییەکی باشـی هـەبوو بەڕاسـتی شـیاوی دەسخۆشـی بـوو. سیسـیل گـوتی:" کۆمەڵـە نوێنەرێکی تـازە چـوونەتە نێـو ئەنجوومەنـەوە بـە دڵنیاییـەوە بارودۆخەکـە باشـتر دەبێـت. من دڵنیام لەوە."

"بـەڵێ خـاتوون، منـیش هیـوادارم کـە وابێـت." لـۆرا وای کـردەوە، کـە ئـەوان لـە شـێوازی بـەکاربردنی "خـاتوون" لـە لایـەن بـادەوە زۆر چـێژیان وەردەگـرت. لـەو رۆژگارەدا، ئەو جۆرە ئاخاوتنـە ئیـدی لـە باوکـەوتبوو، بـەڵام ئـەو کـوڕە لادێیـەی مجێـوری کلێسـەپەی بـەوە نـەبردبوو، کاتێـك نـانی نیـوەڕۆ خـورا، پوورەکـانی لـۆرا بـە راشـکاوی رایانگەیانـد، کـە ئـەو پیـاوێکی گـەنجی زۆر سـەرنجڕاکێش و دڵسـۆز و بـە ئـەدەب و لـە رادەبەدەر دڵگیرە. لیلیـان گـوتی:" ئـەو بـێ پێچـوپەناو زیرەکـە و لـە ژیانـدا سـەرکەوتوو دەبێت.

ئەمە هیچ گومانێکی تێدا نییە.

سیسـیل پرسـیاری کـرد:" ئایـا سـەبارەت بـە زەماوەنـدکردنی لەگەڵیـدا هـیچ بـیرت کردۆتـەوە؟" لـۆرا خـۆی گـرژ کـرد و گـوتی: "خوایـە گیـان، نـا مـن لـە بـیری زەماوەنـد لەگەڵ هیچ کەسێکدا نیم، مـن لەگـەڵ زۆر کەسـدا قسـەدەکەم، بـەڵام ئـەوە نابێتـە بەڵگـە لەسەر ئەوەی...."

سیسیل بـە پـۆزش هێنانـەوەوە گـوتی:" ئازیزەکـەم بـە دڵنیاییـەوە هەروایـە، هۆیـەك نییە کـە تـۆ ئەوەنـدە لەبـەر دڵان نـەبێ.، کچـێکی وەکـو تـۆ بـەو هـەموو تواناییـەوە لـە پیـانۆ ژەنـین و یـاری تێـنس دا، ئەوەنـدە ناسـك و نـاودار، بۆچـی نەکەوێتـە بـەردڵان؟" پاشـان ئـاخێکی بـە کەسـەری هەڵکێشـاو گوتی:"قـەت نـاتوانم ئـەو بـیرە لەسـەری خـۆم

دەرکەم، کە ئەگەر دایکو باوکت لە نێوماندا بونایە چەندە شانازییان پێوە دەکردی و خۆشحاڵ دەبوون."

لیلیان سەر لە نوێ گەڕایەوە سەر قسەکانی پێشوو:" بەڕاستی ئەو گەنجێکی قۆزە، لۆرا."

"لە روانگەیەکەوە، بەڵێ."

"لە روانگەیەکەوە؟ بەو بەژن و باڵا بەرزە پیاوانەیەوە، قژی کاڵ و بەو هەموو سەلیقەیەوەو ئەوەندە پۆشتە. ئەگەر من لە تەمەنی تۆدا بوومایەوە..." پاشان لیلیان بە خۆی پێکەنی.

لۆرا بەسەر لێشواوییەوە گوتی:" هەمیشە وا دێتە بەرچاو کە لە ئەندامی سوپا دەچێ."

"ئەندامی سوپا؟ مەبەستت چییە؟"

"ئۆمو، رەپ و بۆیاخ کراو، بە حاڵەتی ئامادەباشییەوە." لیلیان بە توندی گوتی:" باوکی تۆش ئەندامی سوپابوو. من پێم وانییە کە ئەو شێوازی قسەکردنەی تۆ دروست بێت."

بەلام لە راستیدا لۆرا بیری لە فرانسیس دەکردەوە. ئەو زۆری لە خۆی کردبوو تاکو بیر لە فرانسیس نەکاتەوەو تارادەیەکیش سەرکەوتوو بوو، بەلام لەو ساتە وەختەدا بە بێ هیچ هۆیەکی تایبەت فرانسیسی دڵسۆز و هەستیاری هاتبووە بەرچاو بەو چاوەڕەشە درەوشاوانەیەوەو ئەو ناسکییە زۆر تایبەتە پیاوانەیەوە. فرانسیس لەگەڵ شاندێکی پزیشکیدا سەفەری هیندوستانی کردبوو و بە رۆحییەتێکی کەیف خۆشانەی دەگمەنەوە نامەیەکی دووردرێژی بۆ لۆرا ناردبوو، نامەیەکی تێروتەسەڵ کەپڕ بوو لە شەوق و زەوق لە تۆپی شەش لاپەڕەدا. لۆراش لە وەلامدا وەبیرفرانسیس هێنایەوە کە لەو نامەیەدا کەساڵێکی لەمەوبەر لە کاتی سەردان کردنی "دوڕگەی گەنجینە"دا لە دەریای کارایب بۆی ناردبووی ئاوای نووسیوە:" دنیا زۆر جانە لۆرا، ئەوەندە جوان کە ناتوانی بە خەیاڵیدا ببینی، بەلام ئەمجارە فرانسیس نووسیبووی. لە نێو توندوتیژیدا، چلك و پیسی و نەخۆشی تۆقێنەدا، هەندێك لە خەڵك لە رووی رۆح و جەستەییەوە بەڕاستی جوانن).

فرانسیس نوسیووی که لـه هاویـنـدا دەگەڕێتـەوە ماڵـێ. ئـەو سـاڵە هـیچ گەشـتێك لـە ئارادا نەبوو، لۆرا بە پوورەکـانی گـووت: "مـن لـە مـانگی ئەیلولـەوە لـە ئێـوە دووربـووم ئێستاش دەمەوێ بگەڕێمەوە ماڵێ."

لـۆرا پـاش راوێـژکردن لەگـەڵ پوورەکانیـداو بـە دەسـتهێنانی رەزامەنـدییان، چـەند قوتابییەکی بۆوانـەی پیـانۆ وەرگـرت و دەسـتی کـرد بـە فێرکردنیـان. دەچـووە مەلـەکردن و چاوی بـە هاوڕێکـانی دەکـەوت. بـاد رایـس لـە شـوێنێك کـە مـاوەی دوو کاتـژمێر بـە ئۆتۆمبێل مەودای زەمەنی هـەبوو، کـارێکی بـۆ هـاوین دۆزییـەوە. جـاری وابـوو لـە رۆژی پشووی کۆتـایی هەفتـەدا دەهاتـە سـەردانیان و هەمیشـە شـیرنەمەنی بـۆ لـۆراو گولیشـی بـۆ پوورەکـانی دەهێنـا، ئـەو گوڵـە سـوورە گەورانـەی کـە سیسـیل دەیخسـتنە نێـو گوڵدانێکەوەو لەسـەر مێـزی نـان خـواردنی وا دەنـان. لـەوێ بۆیـە یەکـەم جـار، لەبەرئـەو روونـاکییە رەنگ سـەوزەی کـە لـە کـەلێنی پـەردەی ژوورەکـە را بـەفێنکی دەکەوتـە سـەر هۆڵـی نـان خـواردن، بـەو پـەڕی چـێژ لێوەرگرتنـەوە زەڵاتـەی میگـۆ و شـیرنەمەنی لیمـۆی دەسـتاوی بتـی لی یـان دەخـوارد و دەسـتیان دەکـرد بـە قسـان. پوورەکـانی لـۆرا چـەند جارێـك بادیـان بانگهێشـت کـرد بـۆ خـواردنی شـیرنەمەنی و زۆر میوانـدارییان کـرد. بادیش سوپاسی کردن:" بەڕاسـتی ئێـوە بەرامبـەر بـە مـن لوتفتـان هەیـە. مـن بەڕاسـتی بـەم هـەمووە لوتـف و خۆشەویسـتیە رانـەهاتووم. کاتێـك تەمـەنم حـەوت سـاڵان بـوو، دایکم کۆچی دوایی کرد...

سیسـیل بـە ئـارامی گـوتی:" جـەنابت و لـۆرا! جگـە لـەوەی کـە لـۆرا ئێمەشـی هەیە..."

باد بە دەم زەردەخەنەوە بە لۆرای گووت:" تۆ زۆر خۆش شانسی."

پوورەکـان کۆمەڵـە پرسـیارێکیان لـێ کـرد:" ئایـا جـەنابت بنەماڵـەکش هەیـە یـاخود تەنیا باوکت لە ژیاندایە؟"

"تـەنیا بـاوکم هەیـە. خوشـکێکم هـەبوو، بـەڵام ئـەویش لـە تەمـەنی سـێ سـاڵیدا مرد.."

پوورەکـان هاوخـەمی خۆیـان بـۆ دەربـڕی و سیسـیل گـوتی:" جـەنابت ژیـانێکی ئاسوودەت بەسەر نەبردووە، هەست بەمە دەکرێت."

"ڕێك هەر وایە خاتوون، بەڵام خەڵكی وا هەیەكە لە منیش ناخۆشتر بووە. من لەشساغم، خوێندەواریم. ئامادەی چوونە نێو جیهانی كار و بازرگانیم.."

پاشان بە پێكەنینەوە درێژەی دایە:" خوێندنم بەرە بەرە رووەو كۆتاییە و ئێستا دەمەوێ كەمێك پارە بە دەست بێنم، بەڵام بە بێ فرت و فێڵن، واتە بە شێوازێكی پاك و مرۆڤانەوە هەروەها بێ پێچ و پەناو بەو ویژدانەوە.."

پاشان سەیری هەموو ئەو كەسانەی كرد، كە لە دەوری مێزەكە دانیشتبوون و گوتی:

"هیوادارم لەم دان پیانانەی من وا قوڕماو نەبووبن.."

لیلیان دەنگێكی هاوشێوەی پرخە پرخی لێبیسترا:" ئۆمو، بە پێچەوانەوە. ئێمە بەڕاستی كەیفمان بەو جۆرە كەسانە نایە، كە رەواڵەتیان جیاوازە خۆیان بە پیرۆز نیشان دەدەن. تۆ ناتوانی لەم دنیایەدا بە بێ پارە هیچ كارێك ئەنجام بدەی و هەر لەبەرئەوەشە كە هەموو كەس پارەی خۆش دەوێ.."

لۆرا بۆی چوو كە پووری چ بیرێكی لە مێشكی دایە: لەوێ پیاوێكی لێبوو كە دەیتوانی پیشەی بنەماڵەكەیان لە ئەستۆ بگرێت، پوورە داماوەكان! لە رووخسارییانەوە هەموو بیركردنەوەكانیان دەخوێندرانەوە. پوورەكان هەموو شوێنەكانیماڵی خۆیان بە باد نیشاندا، باسی مێژووی بنەماڵەكەی خۆیانیان بۆ كردو بادیش بە سینگێكی فراوانەوە گوێی بۆ گرتن. پاشان لە بەرامبەر وێنەی بە كۆمەڵی خێزانی هەڵدەستەی كردو پرسیاری كرد: "ئەوە باوكی لۆرایە، وانییە؟"

"بەڵێ، ئەوە باوكی لۆرایە. ئەو لە شەڕی كۆریادا كوژرا."

باد گوتی:" گیانی خۆی لە پێناو نیشتیماندا كردە قوربانی. لۆرا، تۆ دەبێ زۆر شانازی بەوەوە بكەی."

لیلیان هەمان شەو گوتی:" خۆ من پێم گووتن. باد رایس كوڕێكی زۆر باشە. هەرلەم رۆژانەدا كچێك دەگاتە جێ و بۆ خۆی دەیڕفێنێ. گرەوتان لەگەڵدا دەكەم."

لۆرا باوەڕی وابوو كە بیركردنەوە سەبارەت بە داگیركردنی پیاوێك باوی نەماوە:" نۆشی گیانی بێت." " بەمن مەڵێ كە كەنیت پێ نایە."

"بەڵام من، نا، ئێ بەڵێ خۆشم دەوێ. ئەگەر كەیفم پێی نەهاتبایە قەت رێگەی ئەوەم پێ نەدەدا بێتە ئێرە. وانییە؟ تەنیا...."

لـۆرا لـە بـارودۆخێکی وەهـادا نـەبوو، کـە حـەزی لـە روونکردنـەوە بێـت و قسـەکەی خۆی بڕی.

"تەنیا چی؟"

"تـەنیا ئەوەیـە کـە مرۆڤـەکان دەتـوانن پـتر لـەوەیان تێدا بێـت، کـە تـۆ دەتـوانی ببینی، وانییە پوورە لیلیان؟"

پوورە لیلیان یەکسـەر بەدواداچـوونی بـۆ بابەتەکـە کـرد:" مەبەسـتت چییە؟ خـۆ ئـەو مرۆڤێکی مایەپوچ و بودەڵە نییە، هیوادارم کەوا نەبێت.."

لۆرا دەسـبەجێ وەڵامـی دایـەوە:" نـا، بـەهیچ جۆرێـك وانییـە" لـۆرا رێگـەی بـەهیچ کەسێك نەدابوو کە سنووری خۆی ببەزێنێ.

لـە سـاڵی ١٩٧١دا، پـەردەی کچـێنی بـۆ کچـێکی تەمـەن نـۆزدە سـاڵان گـرنگ دەژمێـردرا. بـاد هەمیشـە پێـی گوتبـوو: " مـن قـەت دەسـتت لێنـادەم. چـاوەڕوان دەبم. تۆ شوم پـێ دەکـەی لـۆرا، تـۆ ئێسـتا ئەمـە نـازانی، بـەڵام زۆر بـەزوویی لێـی تێدەگـەی. کەواتە من هەوڵی خۆم دەخەمەگەڕ."

لە ناوەڕاسـتی مـانگی ئابـدا، فرانسـیس ئاڵکـات گەڕایـەوە ماڵـێ. سیسـیل گـوتی:" زۆرم پێخۆشە کـە دووبـارە چـاوم پێـی دەکەوێتـەوە. نزیکـەی چـوار سـاڵ بـە سـەر دوایـین دیدارماندا تێپەڕیوە، باوەڕدەکەی، لۆرا؟"

بـەڵێ، لـۆرا بـاوەڕی بـە هـەموو شـتێك دەکـرد و هـەموو شـتێکی بەباشـی لـەبیربوو، ئەو شەوەی کە لۆرا تەمەنی پـازدە سـاڵان بـوو و ئـەو حاڵەتـە منداڵانەیـە! بـە دڵنیاییـەوە فرانسـیس لـەوە تێگەیشـتبوو کـە لـۆرا بـە چ شـێوەیەکی رێکوپێـك و رازاوەوە لەبەرامبەریـدا راوەسـتاوەو ئاواتـەخوازە کـە ئـەو بتوانێـت بـاڵق بـوونی تـازە پێگەیشـتووانە و ئـارامی خـۆی پـێ نیشـان بـدات. چـۆن بـەو حاڵەتـە گاڵتەجارییـەوە لەسەر ئـەو کورسـیە گەورەیـە دانیشـتبوو، نینـۆکی رۆکردبوونـە نێـو کـۆنی گویچـکەکانی و بەدرێـژایی ئـەو کاتـە دڵـی بـەجۆرێکی وا لێـی دەدا، کـە ئەگـەری ئـەوە هـەبوو نترپەکانی بە ئاسانی لەژێر کراسە مەخمەرەیەکەوە ببینرێت.

لە کاتی نـان خـواردنی نیـوەڕۆدا سیسـیل گـوتی:" جـەنابی دوکتـۆر و خـاتوو ئاڵکـات بانگهێشـتیان کـردووین، کـە ئەمشـە و سـەردانیان بکـەین. ئـەوان بـە بۆنـەی هاتنـەوەی

فرانســیس ئاهــەنگێکی خنجیلانــە ســازدەکەن. تــەنیا کەســوکار و هــاوڕێ کۆنــەکان ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن."

لــۆرا لــە کاتێکــدا کــە راســتەوخۆ چــاوی بڕیبــووە قاپەکــەی بــەردەمی خــۆی گــوتی:" ئێوە بەبێ من بڕۆن." هەردووك پوورەکە سەریان سوڕما:" بەبێ تۆ، ئاخر بۆچی؟"

"مــن کەســوکارەکانیان ناناســم و تەنانــەت فرانسیشــم بــە زەحمــەت دێتــەوە یــاد. جــا ئێستا چ جیاوازی هەیە؟"

ئــەم وەڵامــە توندوتیــژە بــە دەنگێکــی وابــەرز دەربــڕدرا، کــە هــیچ وەکــو دەنگــی ئاســایی خــۆی نەدەچــوو، ئــاوازێکی ناســکی لــە بــێ ســەبری و نائــارامی تێــدابوو کــەمی ئەو نەبوو.

سیســیل پرســیاری کــرد:" ئازیزەکــەم ئایــا بڕیــار وایــە لەگــەڵ کەســێکی دیکــەدا یەکتری ببینن؟ یاخود دەتەوێ کارێکی دیکە ئەنجام بدەی؟"

"تەنیا دەمەوێ لە ماڵێ بمێنمەوە."

لیلیــان بــە جــۆرێ تووڕەییــەوە گــوتی:" ئەمــە بــە هــیچ جۆرێــك بــاش نییــە، دوکتــۆر ئاڵکات تەنانەت لە ســاڵیادی لــە دایکبــوونی تــۆدا قــەت گــوڵ هێنــان فــەرامۆش ناکــات، لۆرا. بەڕاستی ئەمە هەڵەیە، بەڕاستی."

سیســیل لــە پشــت مێزەکــە هەســتاو پــەردەکانی لادا."ســەیرکە، ئــەوان خــەریکن لــە گۆشە و کەناری حەزشێدا فانۆسی ژاپۆنی هەڵدەواسن.

شەوێکی جوانە بۆ میوانــداری: زووکــە بــڕۆ ســەرێ جلــەکانت لەبەرکــە، لــۆرای ئــازیزم. کــاتێکی زۆر خــۆش بەســەر دەبــەی. تــۆ تــاکو ئێســتا ئــەو جلــە ســپییە جوانــەی خــۆت لەبەرنەکردووەو هاوینیش بەرەبەرە رووەو کۆتاییە."

لــۆرا بــە خەســتی پەرێشــانحاڵ بــوو. لــە نێــوان هەســتی ترســێکی ســەیر و هەســتی ئازاردەری خۆ لێشــاردنەوەی تــاکو ئــەو نــەزانێ کــە لــۆرا بۆتــە ئــافرەتێکی چــەندە جــوان، لە هەڵکشان و داکشان دابوو. بــۆ مــاوەی یــەك دوو خولــەك لــۆرا توانــای نــەبوو وەڵامیــان بداتەوە.

پاشان لــەناکاو بــۆی دەرکــەوت، کــە بەهــەرحاڵ ئــەم ترســە نــالوژێکی و بــێ ســوودە و پێــی گــوتن کــە لەگەڵیانــدا دەچــێت. لــە قــاتی ســەرێ و لــە ژوورەکــەی خۆیــدا، کراســە سپیەکەی لەبەرکرد، پــێڵاوە ســوورەکانی لــەپێ کــردن و ئــەو ملوانکــە مروایــەی لــە ملــی

کـرد کـەپوورەکانی لـە دوایـین سـاڵیادی ڕۆژی لـە دایکبوونیـدا بۆیـان کردبـووە دیـاری. هەستی دەروونی خۆی پێی دەگووت، کـە ئەمـە یـەکێك لـە باشـترین ڕۆژەکانـە کـە ڕەنگـە ئافرەتێك لە ژیانی خۆیـدا هـەبێت و بـە پێچـەوانەی ئـەو ڕۆژانەیـە کـە هـیچ شـتێك ڕازی و دڵخۆشـی ناکـات. چـاوی گـەورە و درەوشـاوە بـوون، قـژەکانی ئاڵقـە ئاڵقـە ڕژابوونـە سەرشـانەکانی و ژێـر تـەنوورە ئاوریشـمییە سـپیەکەی بـەدەم ڕۆیشـتنەوە خشەخشـی دەکرد.

ئـەو سـێ ئافرەتـە بـەنێو چـەمەن و لـەو کەلێنـەدا تێپـەڕین، کـە لـە نێـوان ئـەو دوو خـانووەدا دروسـت ببـوو و تەنیشـت نـۆژەن نەکرایـەوەو بـەرەو لای شـەپۆلەکانی ڕۆناکییەکی و دەنگەکان کەوتنە ڕێ.

دەنگی پیکـەنین دەهاتـە بـەرگوێ. لـۆرا وا بـیری کـردەوە، کـە دەتـوانێ ئـەو شـادیەی لـە پێکـەنینی فرانسیسـیدا هەیـە لـە ئـەوانی دیکـەی جیابکاتـەوەو بۆیـە خـوێن لـە دەمووچـاوی تـەزی. فرانسـیس لـە نێـو بازنەیـەك لـە هاوڕێکانیـدا ڕاوەسـتابوو. کاتێـك چاوی بە لۆرا کـەوت، لـە کاتێکـدا کـە ئـامێزی کردبـۆوە. هاوڕێکـانی خـۆی وەلاخسـتن و بەرەو لای لۆرا هات و بەهاوارێکی کورت گوتی: لۆرا، لۆرا...

هـەموو ئامـادەبوون ئاوڕیـان دایـەوە تـاکو سـەیری بکـەن، لـۆرا بـۆ سـاتێك کەوتـە بەردیـدی ئامادەبووانـەوە. هـەموو ئـەو پلانانـەی لەبیرچـوونەوە کـە پێشـتر داڕشـتبوون و بە گەمژەیی دەستی ڕاداشت تاکو تەوقەی لەگەڵدا بکات.

"تۆھ، دەتەوێ تەوقەم لەگەڵدا بکەی؟"

فرانسـیس ڕای کێشـایە پێشـی و لـە باوەشـی گـرت. کـەمێك سـوڕاندی، دەتگـووت دەیەوێ بە لە خۆبایی بوونەوە لۆرا بە ئامادەبووان نیشان بدات:

"ئەم کچـە، ببـوورن، ئـەم خاتوونـە لـە تەمـەنی چـوار سـاڵییەوە هـاوڕێی مـن بـووە. ئامۆزا کچـەکانم لـە مـان مۆتـەوە هـاتوون و لێـرەن، تـۆ ئـەوانت نـەدیتووە. دەرفـەتم پـێ بدە تاکو مێری و جۆن و خاڵە دێـوت پـێ بناسـێنم. لـۆرا پـایگ، هـەروەها خـاتوو لیلیـان و خاتوو سیسیل. بە دڵنیاییەوە ئێوە یەکترتان لەیادە.."

زۆربەی ئامادەبوون پیر و بـە ساڵاچـووبوون. ئەوانـەی گـەنج تـر بـوون خێزانـدارو بـوون منداڵە بەچکەکەرویشك لـە نێـو میوانەکانـدا هەڵـدەکاتن و لەپـەنا مێـزی کافەکـەدا، لـەو شوێنەی کە لێی کۆببوونەوە، خۆشحاڵ دەهاتنە بەرچاو.

"قاچـەکانتان هـەڵگرن، زەحمـەتکێش بێنـە ئێـرە باپێکـەوە بـدوێین. ئێمـە دەردە دڵـی زۆرمـان هەیـە. ئـەو لـۆرای کـە مـن دواجـار ببیـنم، کچـێکی گـەنج بـوو کـە کراسـێکی مەخمەری جوانی لەبەرکردبوو."

"ئایا منت دێتەوە یاد؟"

"بەڵێ کە دەتهێنمـەوە یـاد، تـۆ زۆر لەبـەر دڵان جـوان ببـووی. ئێسـتاش زۆر جـوان و لەبـەر دڵانـی. کاتێـك نامـەکانتم دەخوێنـدەوە بـەخۆمم دەگـووت، کـە ئـەو ئێسـتا بۆتـە حەڤدە ساڵان، بە دڵنیاییـەوە کـەمێك لاواز بـووە. ئێسـتاش تەمـەنی بۆتـە هـەژدە سـاڵ و ئیتر باڵای چیدی بەرز نابێـت، جگـە لـەوەش پـێم وابـوو کـە بـەژنت لـە مـەترێك و حـەفتا و پێنج سانتیمەتردا جێگیر دەبێت. باشە مەزەندەکەم راستە؟"

"باشت مەزەندە کردووە."

"باشە دە ئێستا هەموو شتێکم بـۆ بـاس بکـە. سـاڵی داهـاتوو لـە زانکـۆ دەردەچـی؟ ئەی لە دوای ئەوە؟"

"وانەی پیانۆ دەڵێمەوەو هیوادارم بتوانم بەشی مۆسیقادا بەکالۆریۆس وەربگرم."

"بەو مەرجەی کە پێش ئەوە شوو نەکەی و خێزان پێك نەهێنیێ."

ئـەو خوێنـەی گـەڕابۆوە نێـو دڵـی لـۆراو ببـووە هـۆی فێنکبوونـەوەی دەمووچـاوی، سەرلە نوێ هێرشی هێنایەوە بۆ رووخساری.

ئەو گوتی:" جـارێ وەهـا نیـازێکم نییـە،" بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەو رسـتەیەی دەربـڕی زۆر کورت و بێ مانا بوو بە میهرەبانییەوە پرسیاری کرد:

"ئەی تۆ چـی؟ ئایـا خوێنـدنت لـە کالیفۆڕنیـا و بۆسـتۆن و هیندوسـتان و شـوێنەکانی دیکە کۆتایی پێ هاتووە؟"

"بەڵێ، سـەرەنجام مـن نیـازم وایـە بەهاوبەشـی لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەدا عیادەیـەکی تایبەتی لە شاری نیۆیۆرك بکەمەوە و هەروەها لە نەخۆشخانە یەك وانە دەڵێمەوە."

لۆرا بـەدەم زەردەخەنەیـەکی ناسـکەوە لێـی پرسـی:" ئەوسـا ئیـدی سـەفەر لـە ئـارادا نابێت؟"

لۆرا هـەر وا چـاوەڕوان بـوو، بـەڵام چـاوەڕوانی چـی؟ هەڵسـوکەوتی گاڵتـەجاڕ دەهاتـە بەرچاو.

"هەر وایە، ئێستا کاتی ئـەوە هـاتووە، کـە ئیـدی مـن لـە شـوێنێك نیشـتەجێ بـبم و بەرنامەیەکی بەردەوامم هەبێ. تۆ پێت وانییە؟"

"با، پێم وایە هەروا بێت."

شـــەماڵی ئـــارامی شـــەوانە بەرفانۆســـە کاغەزییـــەکان کـــەوت، لـــە راندنییـــەوەو سـێبەرێك لەسـەر لایـەك لـە رووخسـاری فرانسـیس پەیـدابوو. ئێسـتا شـەویلاگەکانی خوارەوەی و چـەناگە ناسـکەکەی و گۆشـەکانی دەمـی کـە بـە پێچـەوانەی چـاوە خومـار و تـۆخ و ئەندێشـمەندەکانییەوە بـە حاڵـەتێکی چـالاکەوە بـەرەو سـەرەوە سـوڕابوو، بەباشـی دەبینـرا. فانۆسـەکان دووبـارە جووڵانـەوەو ئـەمجارەیان نیـو رووخسـاری سـەرەوەی و ئـەو نیگا بیرمەندانەی کە بە ئاراستەی لۆرا سێرەی گرتبوو بەدیارخست. فرانسیس گوتی:

"بەدیتنی تۆ وا هەست دەکەم کە گەلێك پیربووم...

"بۆچی؟ لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا؟"

فرانسیس بە نیشانەی نەرێ سـەری لەقانـد:" پێموایـە لەبەرئـەوە بێـت، کـە مـن هـەر لــە ســەرەتاوە شــایەدی پشــکوتنی تــۆ بــووم. راســتە کــە ســاڵانێکی زۆری بەســەردا تێپــەڕیوە، بــەڵام گۆڕانکارییــەکان زۆر ئاشــکران. کاتێــك ســەیری تــۆ دەکــەم وام دێتــە خەیاڵەوە کە ئیتر ناتوانم بڕوا بکـەم تـۆ منـداڵێك بـووی کـە مـن فێـری خوێنـدنم کـردووە، ئەو کچەی کە لـە حەوشـەی پشـتەوەی ماڵەکەیانـدا لەمنـەوە فێـری یـاریی تێـنس دەبـوو و ئێستاش.."

دوکتـــۆر ئاڵکـــات گـــوتی:" ئیـــدی وا خەریکـــە بـــیری لـــۆرا زۆر مشـــەوەش دەکـــەی. ئێســـتا دەمـــەوێ تکایـــەکی لێ بکـــەم. دەکـــرێ بچـــیە ژووری و پارچـــە مۆســـیقایەکمان بـــۆ بـــژەنی لـــۆرای ئـــازیز؟ ئـــەم ئاهەنگـــە بـــۆ ئـــەوەی گیـــانی وەبـــەربێ، پێویســـتی بـــە مۆسیقایە.."

لۆرا لە دڵیدا سپاسی باوکی فرانسیسـی کـرد. ئـەو پێویسـتی بـەوە هـەبوو بـۆ سـاتێك بیر بکاتەوە، بـەڵام وێـڕای ئـەوەش، زوو وەڵامـی دایـەوە:" ئـەوە ئـاواتی منـە. بـەس پـێم بڵێن کە حەزدەکەن چ ئاوازێکتان بۆ بژەنم؟"

"چەند ئاوازێکی شاد یاخود مۆسیقای جاز؟"

کـابرا لـە تەمـەنێکی لێ چـووبوو، بـە خۆشـحاڵییەوە داواکارییەکـەی خـۆی دووبـارە کردەوە:"دەتوانی ئەو موزیکە بژەنی، شارەزایت هەیە؟"

"زۆر باشــە، بەشــداریی خــولێکم کــردووەو دەتــوانم تــا رادەیــەك داواکارییەکــەتان جێبــەجێ بکــەم. هەڵبــەت کارەکــەم زۆر بــاش نییــە. وەبیرتــان دێنمــەوە کــە تــاکو ئێســتا هیچ کەس داوای لێنەکردووم لەگەڵ گروپی نیۆئۆرلیئانزدا ژەنیاری بکەم."

دەکەواتــە بــا منــیش ئاگــادارت بکەمــەوە، کــە پیانۆکــەی ئێمــەش بــە هــیچ جۆرێــك باش نییە. پێویستی بە قورمیش کردن هەیە.."

دەنگــی مۆســیقا لــە ژووریَ را گەیشــتە نێــو حەوشــە چــەمەنەکە. لــە ئەنجامــدا چــەند کەسێك کــە زۆربــەیان نەوجــەوان بــوون چــوونە ژووریَ بــۆ ئــەوەی باشــتر گوێیــان لیَ بێــت، بــەڵام دوای ماوەیــەك حــەزیان لێنــەماو دووبــارە رایــان کــردەوە دەریَ و فرانسیســیان بــە تــەنیا بەجێهێشــت، کــە لــە تەنیشــت پیانۆکــە راوەســتابوو. ئــەو خــەریکی تەماشــاکردنی رووخساری لۆرا بوو و ســەیری دەســتەکانی نــەدەکرد، کــە لەســەر دوگمــەکانی پیانۆکــە لــە جووڵــە دابــوون. وەك چــاودێرێك بــە حاڵەتێکــەوە ســەری خــۆی دانەوانــد، بــوو کــە گوایــا خــەریکی گوێگرتنــە. لــۆرا لــەناکاو هەســتی بــەوەکرد، کــە ئــەو تەماشــای دەمووچــاوی دەکات، بەڵام خوێندنــەوەی بیرکردنــەوەکانی وی بــەو شــێوەیە مــومکین نــەبوو. کاتێــك کــە لۆرا هەڵوەستەیەکی کرد، فرانسیس پرسی:

"ماندوو بووی؟"

"لە جاز بێتاقەت بووم. ئەمە ئــەو موزیکــە نییــە، کــە مــن پــێم خــۆش بێــت بیــژەنم. بەهەرحاڵ، ئەوەی کە من حەزم لێیەتی بۆ ئەمشەو گونجاو نییە."

لــە دەرەوە دەنگــی ئامــادەبوون لــە نێــو شــەپۆلێکی بــێ پســانەوەی دەنگــەکان و لەرینەوەو ویــزەو ویــزی هــەزاران مێشــولەی نادیــارەوە گــوم دەبــوو، شــەپۆلێك هاوشــێوەی نیشتنەوەی شەپۆڵی دەریا لە کاتی داکشاندا.

لۆرا گوتی:

"ئایا هێــزی جێمــز نــەبوو کــە دەیگــووت دواینیــوەڕۆ یــانی هــاوین، جــوانترین وشــەی زمــانی ئینگلیزییــە؟ بــەڵام مــن پێموایــە کــە شــەوی هــاوینیش هــەمان جــوانی هــەبێت. کەواتە رێگەم پێ بدە تــاکو پارچــە مۆســیقایەکی کــورتی تایبــەت بــە شــەوی هاوینــت بــۆ بژەنم.."

"بەڵێ، بە دڵنیاییەوە.."

فرانسیس لەوێ راوەستابوو و بە هەمان حاڵەتی مۆنی کەمێك بیرمەندانە کە دووهێڵی بچووکی پانی لە نێوچەوانی دروست دەکرد و لە کاتێکدا کە پەنجەکانی لۆرا بەسەر دوگمەکانی پیانۆدا دەهاتن و دەچوون، سەیری لۆرای دەکرد. هاوکات لەگەڵ ریتمی موزیکدا، پرسیارێك بەردەوام لە مێشکی لۆرادا دووبارە دەبۆوە:" ئایا ئەم قسانە دەتوانن هیچ مانەیەکیان هەبێت؟"

کاتێك کە پارچە مۆسیقاکە کۆتایی پێ هات، فرانسیس گوتی: "بەڕاستی جوان بوو."

"نا، نا، بەو شێوەیەش نەبوو، کە جەنابت دەیڵێی. ئەگەر ئێستا لێرە ریکۆردێرێکم لە لابوایە، موزیکی ژەنیارێکی راستەقینەی پیانۆم بۆ پەخش دەکرد و ئەوسا جیاوازی نێوانیانت بۆ دەردەکەوت."

"بەڵێ رەنگە وابێ، بەلام خۆ من موزیکزان نیم. تۆ بەڕاستی دڵمت داگیرکردوو هەر ئەوەندەش بەسە.."

کاتێك کە ئەو سێ ئافرەتە لە تاریکیدا بەنێو گژوگیادا بەرەو ماڵی خۆیان دەچوونەوە، سیسیل پرسی:

"ئەمشەو لەگەڵ فرانسیسدا قسەتان زۆرکرد؟"

"بەڵێ، ئێمە لە ژوورێداماینەوە. ئەوێ بێدەنگ و ئارام بوو و لە گاڵەگاڵی منداڵان دووربووین. باوکی نارەحەتە لەوەی کە ئەو لەناو شاردا خەریکی کاری پزیشکی نابێت.."

لیلیان گوتی:" زۆر چاکە. ئەو ئامانجگەلێکی زۆر بەرزی هەیە و هەقیشەیەتی وابێ، بەلام ئەمەیان بەڕاستی زۆر خراپە. هیوادارم کەتۆ قەت بیر لە شتی وانەکەیەوە کە بچیتە نیۆیۆرك یاخود شوێنێکی دوورتر، لۆرای ئازیز.."

"من سەبارەت بەمە هەر بیریشم نەدەکردەوە.."

ئەمە هەمان ئەو وەلامە بوو، کە ئەوان دەیانویست، بەلام بیهێننە پێش چاوی خۆتان کە فرانسیس وەها داواکارییەك لەو بکات. بەو شێوازەی کە ئەمشەو سەیری لۆرای دەکرد، ئەوان ماوەی دوو سەعاتی تەواو لە ژوورێ پێکەوە خەریکی قسەکردن بوون، ئایا ئەگەری ئەوە هەبوو؟

لــه هەیوانــه بچــووکەی قــاتی ســەرێدا، کاتــژمێرە بچــووکە دیوارییەکــه بــه زەنگــی خــۆی کاتــژمێر یــەك و نیــوی ڕاگەیانــد. وەختێــك کــه کاتژمێرەکــه ســێ جــاران لێــی دا، بیرکردنەوەکانی لۆرا هێشــتاش لــه هەڵکشــان و داکشــان دابــوو:" پــێم خۆشــه ئــەو خــۆشمی بــوێ. دەزانم کــه خــۆشمی نــاوێ، بــەڵام ئەڵبەتــه دڵنیــاش نــیم. چ چــاوانێك! پــێم خۆشــه خۆشمی بوێ. سەعاتە دیوارییەکە، کاتژمێر چواری بەیانی ڕاگەیاند.

بــەیانی ڕۆژی دواتــر پــوورە لیلیــان گــوتی:" وای خوایــه گیــان! ئــەمڕۆ چــەندە درەنــگ لە خەو هەستاین. تاکو نیوەشەو خەوم لێنەدەکەوت، هەر ئەمە هۆیەکەیەتی."

سیســیل ســەرێکی لەقانــدو گــوتی:" تــۆ کاتــژمێر یــازدە قــاوەت خــواردەوە و قــاوەش بەبێ کافئین نەبووە. من ئەمەم وە بیرهێنانەوە تۆش دەبێ هەمیشە پێیان بڵێی."

تیشکی خــۆ لــە چــەمەنەکانی دەداو نــوکی لاســکی گیایەکــە بــەو تیشــکە ســووتابووە بــەیانی ئــەو ڕۆژە دەنگــەدەنگ بــەهۆی دەنگــی کوللەکانــەوە زۆر بــوو و گەرچــی هێشــتا نیوەڕۆ نەببوو، بەڵام پلەی گەرما زۆر بەرزو هەناسە گربوو.

لیلیــان گــوتی:" زۆر بــاش بــوو. کلێــری کچــە مــامی دوکتــۆر بانگهێشــتی کــردووین تــاکو لەگەڵیانــدا بچــینە هــەوارە کوێســتانییەکەیان لــە قــەراغ دەریاچــە، هەرچــەند کــە باشیش نایان ناسین."

سیسیل گوتی:" لۆرای ئازیزم کلاوەکەی بەرە هەتا لەبیرنەچێت!"

لــۆرا خــەریکی خوێندنــەوەی ڕۆژنامــە بــوو و ئاگــای لێنــەبوون، بــەڵام لــەو ســاتەدا سەری بەرزکردەوەو گوتی: "ئۆه، منیش بانگهێشت کراوم؟"

پوورە لیلیان گوتی:" ئێ بەڵێ، دیــارە کــە تــۆش بانگهێشــت کــراوی. بــۆ دوێنــێ شــەو گوێت لە قسەکانیان نــەبوو؟ کچــەمام و کوڕەمامــەکان شــەوی ڕابــردوو لــە مــاڵی ئاڵکــات نووستوون ئێستاش دەیانــەوێ مــن و سیســیل و بنەماڵــەی ئاڵکــات لەگــەڵ خۆیانــدا ببەنــە هەوارە کوێســتانییەکەیان ئێمــە دەبینــە شــەش کــەس و کەواتــە دەبــێ تــۆو فرانســیس بــە ئۆتۆمبێلێکی دیکە بێن."

"لەگەڵ ئێرەدا مەودای چەندە؟"

"بــە ئۆتۆمبێــل نزیکــەی کاتــژمێرێك دەخایــەنێ. ئــەوان وایــان دەگــووت، ڕەنگــە زیاتریش بخایەنێت.."

کاتژمێرێکی تەواو لـە نێـو ئۆتۆمبێلـدا، بـەبێ ئـەوەی کەسـێك خـۆی قسـەکردنی ئـەو و فرانسیس دا هـەڵقورتێنێ:" کاتـژمێرێکی تـەواو! لـۆرا باوشـێکی هـاتێ و وەکـو پشـیلە بە ئارامی دەست و قاچی لێك بڵاوکردن و گوتی:

"من زۆرم حەز لەم جۆرە سەفەرانەیە بۆ قەراغ دەریاچە.."

دواتـر بـە زۆری، تەنانـەت لـە دوای تێپـەڕبوونی بیسـت سـاڵیش، لـۆرا هێشـتاش سـەبارەت بـە هێـزی رووداوێکـی بچـووکی نـاخۆش و ئاسـایی لـە دڵـی خۆیـدا بـیری دەکردەوە و کە رەنگە گۆڕانکاری بەسەر گشتی ژیانیدا بێنێت.

کلێری کچە مامی فرانسیس گوتی:

"بێگومان ئێوە بـەر لـە ئێمـە دەگەنـە ئـەوێ. فرانسـیس ئەگـەر لـە کـاتی شـوفێریدا لە تەکتەوە دانیشم وا دەکەی کە هەموو مـوی لەشـم گـرژ بـبن. کەواتـە هـانێ کلیلـی ئـەو هەوارە وەرگرە و کاتێك گەیشتیەجێ خواردنەکە بخە نێو بە سەلاجەکەوە.

ئۆتۆمبێلی کۆرسـی لـە کاتێکـدا کـە سـەقفەکەیان هەڵـدابۆوە لـەو گردانـە سـەرکەوت کە هەوایان فێـنکتر بـوو و ئەوسـا گەیشـتە سـەرجادەیەکی باریـك و بـەخێرایی درێـژەی دا بەڕۆیشـتنی. رادیـۆ مۆسـیقای پـەخش دەکـرد و بـەهۆی هـەبوونی مۆسـیقاو گڤـەی بـاو. دەبوایـە مـرۆڤ هـاوار بکـات تـا دەنگـی ببسـترێت. لـە دوای ماوەیـەك ئـەوان بێـدەنگ بوون. لـۆرا وای بۆچـوو کـە فرانسـیس تـوقمی بیرکردنـەوەکانی خـۆی بـووە، بێدەنگییەکـە بـە جـۆرێکی وابـوو، کـە دەتگـووت شـتێك تووشـی گرفـت بـووە. خـوری لـۆراش سـەری لێشـێواو بـوو، بۆیـە لەسـەر کوشـتنی ئۆتۆمبێلەکـە پـاڵی دایـەوەو دەرفـەتی ئـەوەی ڕەخسـاند تـاکو بـا قـژەکانی پـەرش و بـڵاو بکـات. هـەر ئـاوا کـە بـە ئـارامی گوێیـان هەڵخسـتبوو بـۆ نـەوای  مۆسـیقا، لـۆراش بێدەنگییەکـەی لەبەرچـاو دەگـرت. خانووەکـە کـەوتبووە ئـەو پـەڕی کۆتـایی دەریاچـە بچـووکی یـەکی ئێـوە هێلکـەیی لەنگەرگەیـەکی بچـووك و کـەنارێکی لمـی دروسـتکراوی دەسـتی مـرۆڤ بەرچـاو دەکـەوت، کـە بەلـەمێکی سەڵبەیی لـە کـەناری دەریاچـەکە راگیربـوو. کورسـی و مێـزی نێـو حەوشـەکەی بـەربێڵای پێشـە دەیـان پڕکردبـوو. لـەو وەختەیـدا کـە لـۆراو فرانسـیس سـەبەتەی خواردنەکـەیان دەهێنایـە دەرێ، ژمارەیـەك شووشـە ساردیشـیان هـەڵگرت و لـە بێلایـە دانیشـت و چـاوەڕێی هـاتنی ئـەوانی دیکـەیان کـرد. لـەو شـوێنەی کـە دەریاچـەکە کـەوتبووە نێـوان قوولایی گردەکانەوە، هەوا ئارام بوو و بای نەدەهات.

بەلەمێکی چارۆکەی کە بەرەو کەنارەکان دەهات، کەمێك لەقی. فرانسیس وەکو ئەوەی کە لەگەڵ خۆیدا بووێ گوتی:" دەڵێی ناتوانێ خۆی بگەیەنێتە کەنار.."

لۆرا وەڵامی دایەوە:" وایە"

بەڵام چ شتێك لە شەوی رابردوو وەوە تاکو ئەو ساتە وەختە ئەوی هێندە گۆڕی بوو؟ ئەو بۆ بیرکردنەوەیەکی قوولّ رووی خۆی لە لۆرا وەرسوڕاندبوو و لەوانەش بوو دەیویست بیر لە بەلەمەکە بکاتەوە. یەکێك لە کولّمەکانی فرانسیس کە لۆرا دەیتوانی ببینێت بۆچی کردبوو و لێوەکانی وەکو ئەوەی بڵێی لە شتێك نارەحەت بن کەوتبوونە سەریەك. ئەو بە وەك پیاوی جاران نەدەهاتە بەرچاو. لەوانەیە بیری دەکردەوە. کە هەر شەوی رابردوو بۆ لۆرا بەس بووەو ئێستا لەوەی کە هاتۆتە ئەم سەیرانە تورە بێت، لەوەی کە رۆژێك لەگەڵ کەسوکاری و دراوسێی وەك خوشکەزای جوان و گەنجی دراوسێکاندا هاتۆتە ئەوێ تووڕەیە. لەوانە بوو دەکاری باشتری هەبوو کە دەیتوانی ئەنجامیان بدات و ئێستاش لەو مەسەلەیە بێ تاقەتە. لۆرا بە داماوییەوە لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە: بەڵام ئەمە تاوانی من نەبوو و نابێ ئەویش لەمبارەیەوە رۆتاڵ بێت. لۆرا بە دوای قسەیەکدا دەگەڕا کە بیکا تاکو بتوانێ ئەو حاڵەتە خەماوییەی نێوانیان تێك بشکێێ، بەڵام وای بۆچوو کە هیچ شتێکی بۆ گوتن نییە و ناشتوانێت لە هیچ بابەتێکی دیکەوە ئیلهام وەربگرێت.

تەنانەت لەو باخەشدا شتێك بەرچاو نەدەکەوت، کە بتوانرێت دەربارەی قسەبکرێت، نە ئەو گوڵە فەرامۆشکراوانەی کە بە هۆی تینی گەرماوە سیس ببوونە نە ئەو ئاسمانە شینە گەرمە. کورسییەکانی حەوشێ بە بچووکترین جووڵە بە دەنگ دەهاتن و تا رادەیەك ئەو بێدەنگییەیان دەشکاند. لۆرا بە قورسی دەستەکانی خستنە سەر قاچەکانی، دەتگوت شتی بێ کەڵکن و بە قورسی لەسەر قاچەکانی داینراون و هەر نەیدەزانی چییان لێ بکات. تەماشای دەستەکانی خۆی کرد. شین هەڵگەڕانێك لە پەنجەیەکی داو ئەنگوستلەیەکی یاقوتیش لە پەنجەکەی دیکەیدا بوو تەواوی دەستیشی کەوتبووە سەر تەنورە کەتانییەکەی کە رەنگی جەرگی بوو.

کاتێك تەلەفۆن زەنگی لێدا، فرانسیس بۆ وەڵامدانەوە چووە ژوورێ. لۆرا گوێی لێبوو کە فرانسیس دەیگووت:" ئاخ، تۆقێنەرە.."

دوایی گوێی لەمەبوو:

"کام نەخۆشخانەیە."

لۆرا یەکسەر بە دوایدا چووە لای تەلەفۆنەکە. فرانسیس گوتی:"

دەربارەی پوورەکانی تۆ نییە، مەسەلەکە پێوەندی بەخاتوو کلێری ئامۆزامەوە هەیە. ئەوان بۆ بەنزین تێکردن چوونەتە بەنزینخانە و راوەستابوون و کلێر لە ئۆتۆمبێل دابەزیوە، بەڵام نازانم چی بووە کە هەڵخلیسکاوەو کەوتووتە سەر و بیلێك قاچی قلیشوە."

کاتێك فرانسیس تەلەفۆنەکەی لە شوێنی خۆی دانایەوە پێشنیاری لە لۆرا کرد:" پێش دە خولەك لە دەرچوونیان لەشاردا، ئەو رووداوە روویداوە. بۆیە ئەوان نیازیان وایە کاتێك لە نەخۆشخانە کاریان تەواو بوو کلێر ببەنەوە ماڵی ئێمە. باوکم دەیەوێ نەشتەرگەرێکی پلاستیك ئەو کارە ئەنجام بدات. کەواتە ئێمە دەتوانین یان بگەڕێنییەوە ماڵێ یاخود ماوەیەك لێرە بەسەرببەین. بڕیار بە تۆیە."

"نا، خۆت بڕیار بدە."

"نا، خۆت بڕیار بدە."

"نا، ئەم بڕیارە دەدەمە دەست تۆ."

" دە کەواتە من دەڵێم واباشترە بگەڕێینەوە ماڵێ."

"بۆچی؟ ئای بەڕاستی شتێکی وات دەوێ."

ئەم هەڵسوکەوتەی وی بەڕاستی گاڵتەجاربوو. لەناکاو لۆرا بە بوێرییەکی زۆرەوە وەکو قوماربازێك کە دەیەوێ دوایین شانسی خۆی تاقی بکاتەوە، وەڵامێکی دۆزییەوەو گوتی:

" من نازانم، بەڵام ئەگەر تۆ حەزت لێیە بمێنییەوە من هیچ پێم خۆش نییە لەگەڵ کەسێکدا لێرەبم کە پێی خۆش نییە لێرە بێت. کەواتە وەرە بابڕۆین."

فرانسیس بە حاڵەتێکی کە نیشانەی سەرسوڕمانێکی زۆر بوو، تەماشای کرد و گوتی:" کێ گووتویەتی کە من پێم خۆش نییە لێرە بم."

"تۆ نەتگوتووەو و بەهیچ جۆرێکیش ناچارنی ئەو کارە بکەی."

حاڵەتی سەرسوڕمانی فرانسیس گۆڕاو بوو بە بەشیمانی "ئۆه لۆرا، بەهیچ جۆرێك مەبەستم ئەوە نەبوو."

پاشـان مـۆنی کـرد. کـە هەمیشـە دەنگـی زوڵاڵ و راشـکاوانە بـوو، ئێسـتا بـە دەنگێکی لەرزۆك و رەخسارێکی سورهەڵگەڕاوەوە گوتی:

"داوای لێبووردنـت لێدەکـەم. مەبەسـتم ئـەوە نـەبوو، نییـەتێکم نـەبوو. تـۆ دەبـێ بزانێ کەمن هـەر نـازانم دەبـێ چـی بکـەم. بـیرم زۆر ئـاڵۆزە. تکـات لێدەکـەم دەرك بەمـە بکە."فرانسیس دەستی لۆرای گرت و گوتی:

"تکـات لێدەکـەم بـا بـۆ ماوەیـەك لێـرە بمێنینـەوە. خـواردنێکی خۆشمـان لەگـەڵ خۆماندا هێناوە دەتوانین چێژ لە سروشتی وەربگرین. باشە؟"

لـۆرا بـە نیشـانەی ئـەرێ سـەری دانوانـد و فرانسـیس گـوتی:" کەواتـە منـت بەخشیوە؟"

"بەڵێ، بەخشیوتمە."

ئـەو رووداوە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەوان بابـەتێك بـۆ قسـەکردن بدۆزنـەوە. لـە مەترسی نەخۆشی کەزاز و ئـەنتی بایۆتیکـەوە، تـا دەگاتـە کـاری پزیشـکی و نـەبوونی لـە هیندوسـتان و هەنـدێك ناوچـەی کـە فرانسـیس لـە مـاوەی چـەندین سـاڵی رابـردوودا تێیاندا بەسـەری بردبـوو بـاس کـرا، کـە بـۆ لـۆرا زۆر سـەیر و نائاسـایی بـوو، بـەڵام ئـەو تەنیا گوێگربوو. لۆرا بە شێوازێکی رووکەشی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.

بینینـی فرانسـیس لـە هـەموو شـتێك گـرنگتر بـوو. تاڵـە مـوی سـپی لـە نێـو قـژە رەشـەکانیدا پەیـدا ببـوون. برژانگـەکانی بـە هـەمان ئەسـتووری و هەڵگـەڕاوەی جـاران بوون، دەتگووت بژیان کـردوون. بلـوزە وەرزشـییە بەنییەکـەی لـە نزیـك گـەروی یەخەیـەی کراوەی هەبوو و ملی خڕن وەرزشوانێکی نیشان دەدا.

تـەواوی ئـەو کۆمەڵـە دیمەنـە بەبەرچـاوی لـۆرادا تێپـەڕیبوون، ئـەو فرانسیسـەی کـە رێکێکی تێنسـی بـە دەسـتەوە گرتبـوو، ئـەو فرانسیسـەی کـە روومـەتی خـۆی خسـتبووە سەر دەستی و موتاڵای دەکرد.

ئەو دیمەنانە لەو رۆژەدا کۆتاییـان پێهـات، کـە لـۆرا لەسـەر شۆسـتە هەڵوەسـتەی کـرد و پەیمانی بە خۆیدا کـە ئیـدی لـەوە زیـاتر بـیری لێنەکانـەوە. بـەم شـێوەیە ئـەوان تـەواوی ئەو دوانیوەڕۆیەیان پێکـەوە بەسـەر دەبـرد و ئـەو دڵنیانـەبوو لـە هەسـتی خـۆی بەرامبـەر بەو پیاوە. وروژان و دڵەڕاوکێ، دڵی لۆرای لە نێو سینگیدا بەترپەلێدان خستبوو.

فرانسیس گوتی:" هێی، بیر لە چی دەکەیەوە؟"

"هیچ، گوێم بۆ قسەکانی تۆ راگرتبوو."

"وەرە بـا لەبـەر هـەتاو لاچـین. خەریکـە دەمووچـاوت بسـووتێ. دەتـوانین لـەژێر ئەوداره دانیشین تاکو خواردنەکە هەرس دەبێت."

ئـەوان دوای ئـەوەی کـەمێك وچـانیان دا، دووبـارە گەڕانـەوە بـۆ کـەنارە زێویـە نیـوە گەرمەکە. لۆرا ئـەو چـاوەڕانییەی هـەبوو کـە فرانسـیس دەسـت بکـات بـە پێهـەڵاگوتنی. پیـاوان هەمیشـە وادەکـەن، بـەڵام ئـەو وای نـەکردوو تـەنیا ئامـاژەی بـۆ ئـەو ملوانکـەی ملی لۆرا کردوو پرسی:

"ملوانکەکـەت دەکرێتـەوە؟" لـۆرا لـەو پرسـیارەی وی دڵـی رانجـا. دەتگـووت ئـەو تەنیا دەیـەوێ شـتێك بـۆ قسـەکردن بدۆزێتـەوەو بـە دڵنیاییـەوە بـەوەی کـە ملوانکەکـەی لۆرا دەکرێتەوە یان نا، ئەوەندە بایەخی دەدا.

لـۆرا گـوتی:" بـەڵێ، وێنەیـەکی تێدایـە. دەتـەوێ ببینـی؟ " پاشـان دەسـتی بـرد بـۆ ملوانکەکــەی تــا بیکاتــەوە. کاتێــك فرانســیس چــاوی بــە وێنەکــە کــەوت، ســەری کێشـایەوەو دەسـتی بـرد بـۆ ملوانکەکـەی تـا بیکاتـەوە. کاتێـك فرانسـیس چـاوی بـە وێنەکە کەوت، سەری کێشایەوەو دەستی بەردایەوەو گوتی:

"وێنەی من؟"

لۆرا لای خۆی بیری کردەوە! دەبا پێـی بڵـێم، بـۆ پێـی نـەڵێم؟ رەنگـە ئـەوە کاریگـەری تیشـکی فۆربێـت کـە مـن وا گێـژ و وێـژبووم... ئەوسـا گـوتی:" ئـەو کاتـەی کـە مـن کێژۆڵەیەکی دوازدە ساڵان بووم، عاشقی تۆ بووم. ئایا ئەوەت دەزانی؟"

فرانسـیس دەسـتەو ئـەژنۆ دانیشـت و واقـی وڕمـا. راسـتەوخۆ سـەیری دەریاچـەی دەکـرد. لـۆراش لـە جێـی خـۆی رەق ببـوو و ئاواتـەخواز بـوو، کـە گۆڕانێـك بەسـەر ئـەو کەشـوهەوایەدا بێـت و نیگـەرانی ئـەوەبوو کـە بۆچـی قسـەیەکی وا گەمژانـەی کـردووە، بۆیە گوتی:

"هیوادارم توڕە نەبووبی."

ئـاوازە دەنگـی زۆر ئـارام و لەسـەرخۆبوو، دەتگـووت ئـەو بابەتـە بـۆ وی زۆر سـادەیە. فرانسـیس گـوتی:" بـە دڵنیاییـەوە تـووڕە نـەبووم." بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە تـووڕە دەهاتـە بەرچاو و رووخسارێکی تێك سڕماوی هەبوو.

هەروا کـە چـرکەکان لـە بێدەنگیـدا تێدەپـەڕین، فرانسـیس راسـتەوخۆ لـە دەریاچـەکە رامابوو. ئێسـتا ئیـدی هـیچ کارێـك بـۆ ئەنجامـدان نـەمابوو، جگـە لـەوەی کـە لـۆرا بـە گاڵتە درێژەی پێ بدات و بە پێکەنینەوە بەسەریدا بازدات.

"ئێ، ئەو نامانـە. مـن تەمـەنم نزیکـەی یـازدە سـاڵان بـوو و تـۆ پێـت گوتبـووم کـە ئەگەر کەمێك تەمەنم زیاتر بوایە زەماوەندت لەگەڵدا دەکردم."

فرانسیس بـە بیسـتنی ئـەم قسـەیە بەسەرسـوڕمانەوە خـۆی سـوڕاند. بیلبیلـەی چـاوی لێك کشابوونەوەو چاوەکانی رەش هەڵگەڕابوون.

" مـن وام گوتـووە؟ هـەر بـەبیرم نایـە، بـەڵام نەدەبوایـە وابڵـێم. بەڕاسـتی هـەردوو دەست نەبووە."

لۆرا کە لەو ساتەدا بەڕاستی شڵەژابوو بە هاوار کردنەوە گوتی:

"بەڕاستی قسەیەکی هەڵـەبوو، لـە جیـاتی پێهـەڵا گـوتن و شاشـێکی دڵگیربـوو. مـن دەمزانی کە تۆ لەو قسەیە هیچ مەبەستێکت نییە و قەتیش وەها کارێك ناکەی."

"تۆ هیچت نەدەزانی و منیش نەمدەزانی.."

لۆرا لەو قسانەتێنەگەیی بۆیە گوتی:" ئەها، ئەها!"

فرانسـیس ئـیتر وەڵامـی نەدایـەوە. لـە جێـی خـۆی هەسـتاو بـەرەو لای بەنـداوە بەردینەکەی ئەوسەری کەناراوەکە رۆیشت و دووبارە گەڕایەوە. پاشان گوتی:

"دەبـێ ئێمـە یەکسـەر بگەڕێینـەوە. بابچـینە ژووریّ و کەلوپەلـەکانمان کۆبکەینەوە."

لـۆرا دڵـی شـکا. رووداوێکـی تۆقێنـەری وا رووی دابـوو کـە لەگـەڵ شـەوی رابـردوودا زۆر جیـاوازی هـەبوو، لەگـەڵ ئـەو سـاتە وەختانـەدا کـە لـە پشـت پیـانۆ، فرانسـیس لـە پـەنای راوەسـتابوو و بـەو نیگـا گـەرم و بیرمەندانەیـەوە تێـی رامـابوو. ئێسـتاش ئـەم دژ بەیـەك بوونـە و دەمەوەڕێیـە، ئـەو دەنگـە توندوتیـژەو هـەنگاونانی لێبڕاوانـەی کـە لـە پێش لۆراوە لە قادرمەکان وەسەردەکەوت...

بەنێو بـۆنی گوڵـە گەرمەسیسـەکان و تـەپۆتۆزدا تێپـەڕین و بـەرەو دەرگـای هەوارەکـە هـەنگاویان نـا. لێـرەدا بـوو، کـە فرانسـیس راوەسـتا بـۆ ئـەوەی فـەرمووی لێبکـات تـا پێشکەوێت. ئەوسا بوو کە فرانسیس چاوی بە فرمێسکەکانی لۆرا کەوت و گوتی:

"خوایە گیـان، خوایـە گیـان، مـەگری لـۆرا، مـەگری، تاکـە شـتێك کـە مـن هـەرگیز نامەوێ، زیان گەیاندنە بە ڕۆحی تۆ.."

بـەو قسـەیە فرمێسـکەکانی لـۆرا ڕژانـەخوار. فرانسـیس دەسـتی لەسـەر شـانی دانـاو لـۆراش ڕوخسـاری خـۆی لـە نێـو شـانی ویـدا شـاردەوە. ئـەوان بـۆ ماوەیـەك ڕاوەسـتان. دەسـتەکانی فرانسـیس لاوێنـەرەوە بـوون و لـۆرا هێـور بـۆوەو بـەرە بـەرە فرمێسـکەکانی وشك بوونەوە. ئێسـتاش بـە ئـارامی لـەوێ ڕاوەسـتابوون و بێـدەنگی بـاڵی بەسـەر هـەموو ژوورەکەدا کێشابوو.

لە مـاوەی ژیانیانـدا قـەت بـەو ئەندازەیـە لێـك نزیـك نەببوونـەوە. لـەناکاو فرانسـیس پاشەوپاش کشایەوەو لۆرای لە خۆی دوورخستەوەو هاواری کرد:

"نا، نا،.. پاشان لەبەرئەوەی لە کاردانەوەی لۆرا دەترسا دووبارە هاواری کردەوە:

"لۆرای ئـازیز، لـۆرای ئـازیز.. لـۆرا بەرلـەوەی شـتێك لـە ڕووخسـاری تۆڤیـوی ویـدی بخوێنێتەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:" چی بووە؟ "

فرانسیس بە دڵە ڕاوکێوە سەری لەقاند و گوتی:

"نا، نا، با زووتر ئێرە بەجێ بێڵین.."

"بـەڵام شـتێك هەیـە، کـە ناتـەوێ بـە منـی بڵێـی." فرانسـیس دووبـارە سـەری لەقانـدەوە گـوتی:" نـا، شـتێك نییـە. جـاری وایـە دۆخەکـە بـە جـۆرێکی دیکـە دەڕواتـە پـێش، گرفتەکـە ئەمەیـە." "بـەڵام کـەمێك بـەر لـە ئێسـتا تـۆ منـت بـە ئـازیزم بـانگ کرد."

"بەڵێ، تـۆ لەبـەردڵی منـدای و هەمیشـە کچـێکی ئاقـڵ و خۆشەویسـت بـووی. لـەو سەردەمەدا من تـۆم بـەو جـۆرە خـۆش دەویسـت کـە مـرۆڤ منـداڵێکی لـە ڕادەبـەدەر بـە تواناو نائاسایی خـۆش دەوێـت." فرانسـیس قسـەکەی خـۆی بـڕی. وا دەهاتـە بەرچـاو کـە بۆ درکانـدنی قسـەی زیـاتر لەگـەڵ خـۆی لـە ململانـێ دایـە، یـان ڕەنگـە بیـەوێ قسـەی زیاتر بکات. پاشان لەسەر قەنەفە لـە تەنیشـت لـۆرا دانیشـت و گـوتی:" لـە هـەموو ئـەو نامە خۆشەویستیانەدا، کاتێـك لێـرە دوور بـووم، لـە هـزری خۆمـدا تـۆم بـە هـەمان ئـەو کیژۆڵەیە تەمەن پازدە ساڵانە دەهێنایـە پـێش چـاوم کـە ڕۆژێکیـان ئـەو جلـەی ئێوارانـەت لەبـەرکرد و لەگـەڵ هاوڕێکانتـدا چـوویە ئاهـەنگ، لـۆرای بچـووك! دوێنـێش کـە چـاوم

پێـت کـەوت کـە لـەو سـەری چـەمەنەکانەوە. بـەرەو لای مـن دەهـاتی بـڕوام نـەدەکرد کەچی دەبینم!"

دەنگی فرانسـیس بـە دەنگێکـی کـز کۆتـایی هـات و تەماشـای ئەوسـەری کـرد. لـۆرا کە بە هۆی چێژ وەرگرتن لـە قسـەکانی کـە ئاوێتـەی خـەم و پـەژارە بـوون خـوێن لـە نێـو دەمارەکانیـدا گـەرم ببـوو. لـە نێـو گوێچکەکانیشـدا دەنگـی دایـەوە، لـە کاتێکـدا کـە وشەکانی لە گەرویدا دەچوونەوە گوتی:" تۆ منت خۆش دەوێ."

"من نابێ... لۆرا..وەرە بالێرە بڕوین.."

"بەلام بۆچی نابێ خۆشت بوێم؟ تێناگەم.."

پاشان بەرەو لای وی کشا.

لۆرا گوتی:" لە هەموو ژیانمدا تەنیا تۆم خۆش ویستووە."

بـەلام لـە ناکـاو فرانسـیس لـە خـۆی دوورخسـتەوەو بـەرەو لای کورسـییەکی دیکـە رۆیـــی و ســـەری خستەســـەر دەســـتەکانی. ئەوســـا دوای ماوەیـــەك بـــە حاڵـــەتێکی ئازارەوییەوە رووخساری بڵند کرد و گوتی:" خوایە گیان، چ بێ ئەقڵییەتم کرد."

"چۆن؟ مەبەستت چییە؟"

"ناتوانم تێت بگەیەنم."

"بـەلام مـن بـە هـیچ جۆرێـك بایـەخی پێنـادەم. تـەنیا شـتێکە کـە بـۆ مـن گرنگـە ئەوەیە کە تـۆش منـت خـۆش دەوێ. ئەمـە تاکـە شـتێکە کـە لـە تـەواوی ژیـانی خۆمـدا ویستوومە."

فرانســیس لەبــەر خۆیــەوە بۆلانــدی:" دەبــێ کەســێك لێــرە لام ببــات و تــەمبێم بکات."

"باسی چی دەکەی؟"

"تۆ لێم نابووری."

دەتگــوت فرانســـیس خـــەریکی جـــۆرە گەمەیەکـــە، هەڵســـوکەوتی ئەوینـــدارێکی سەدەی نۆزدەهەمی هـەبوو کەسـەر لـە کیـژێك تێـك بـدات. لـۆرا زەردەخەنەیـەکی کـرد و گوتی:" زۆر باشە، تاکو ئـەو کاتـەی کـە تەمـەنم دەگاتـە حـەفتا سـاڵی ئـەو نهێنییـە لای کەس نادرکێنم!"

"لۆرا، من نامەوێ لە نێوان من و تـۆدا هـیچ شـتێك رووبـدات. لـە دوێنێـوە کـە تـۆم دیوە دەڵێی نیمچە شێت بووم."

بیرەوەرییـەکانم بـۆ رابـردوو گەڕانـەوەو لەسـەر یـەك کەڵەکـە بـوون، بیرەوەریـەکانی ساڵە یـەك لـە دوای یەکـەکانی ژیـان. مـن نەمدەویسـت ئـەمڕۆ بێمـە ئێـرە، لـە هەمانکاتیشدا نەمدەتوانی بـۆ نـەهاتن خـۆم قایـل بکـەم. نەمدەویسـت دووبـارە تـۆ لێـرە ببینمەوە، چونکە من..."

لۆرا پەی پەوە برد، کە قسـەیەك لـە گـەرووی فرانسیسـدا زینـدانی بـووەو زانیشـی کـە لەو حاڵەدا بـۆ هەمیشـە لـە دەسـتی دەدات. ئەوسـا لـەناکاو گـوتی:" تـۆ دەبـێ بـە مـن بڵێی کەچی روویداوە."

"خوالیـان. یاحـەزرەتی مەسـیح، مـن بڕیـارە رۆژی چـواردەی مـانگی داهـاتوو زەماوەند بکەم."

لۆرا بیری کردەوە:" خوایە گیـان، ئـەوە چـی دەبیسـتم! ئـەو خەریکـە شـێتم دەکـات." لە ناکاو لۆرا پەی بـرد کـە چ حـاڵێکی هەیـە و یەکسـەر لەسـەر قەنەفـە دانیشـت و تـاکو ماوەیەك هیچ قسەیەکی نەکرد.

"ئێمە نەدەبوایە وەها کارێك بکـەین، بـەڵام دایـك و بـاوکم پێیـان وابـوو، کـە تـا ئـەو کاتەی ئـەم زەماوەنـدە نـەکراوە نـابێ ئێمـە هـیچ شـتێك بەکـەس بڵـێین، چـونکە هـەموو کەسوکارمان چـاوەڕێ بـوون بانگهێشـت بکـرێن، لـە کاتێکـدا کـە هـەر بڕیـار نییـە، کـە ئاهـەنگێك سـازبکرێت، لەبەرئـەوەی دەزگیرانەکـەم ئینگلیزییـە دایکـی لـەوە نەخۆشـترە، کە بتوانێ سەفەر بکـات. بۆیـە تـەنیا رێورەسـێمی سـادە لـە نیۆیـۆرك سـازدەکەین و هـەر لەبەر ئەوەشەکە.. لۆرا، ئازیزم، توخوا بەو جۆرە سەیرم مەکە، قسەیەك بکە..."

ئەم قسانە لە راستی دووربوون، بەهیچ جۆرێك بەڕاستەقینە نەدەهاتنە بەرچاو.

"ئێستا پێت دەڵێم کە دەبێ چی بکەین. مـن ئـازیزی تـۆ نـیم و هـیچ لـەوەی کـە ئـەو بووکـە دەبـێ لـۆرا بێـت. بـەردەوام لـە خـۆم دەپرسـم، کـە چـۆن وەهـا هەڵەیـەکم کـرد و ئێستاش دەزانم کە ئیدی بۆ هەموو شتێك درەنگ بووە."

لۆرا لە دڵی خۆیـدا گـوتی:" یەکـەمجار مـن دانم بـە خۆشەویسـتی خـۆم دانـا." پاشـان لە خۆی بێزار بوو.

فرانسیس دەستی کرد بە پیاسە کردن، دەتگوت ناتوانێ بەربەخۆی بگرێ و ناچار بوو بەدرێژەدانی قسەکەی.

"ئەمە پزیشکە. ناوی ئیزابێلە. ئێمە لە هیندوستان پێکەوە بووین. بەرلەوەش بۆ ماوەی دوو ساڵان لە خولی ئەنتەرنی پێکەوە بووین و عیادە هاوبەشەکەمان ئامادەیە. من خۆشم دەوێ، ناتوانم نارەحەت بکەم و تۆش لەو نێوەندەدا دیسانەوە..."

"من بەهیچ جۆرێك بایەخ بە عیادەی تۆ یاخود ئیزابێل نادەم."

"لۆرا، رقت لێم بێت. بە تەواوی هەقتە.."

"خەریکە دڵم لێت تێکەڵ دێت."

لۆرا بەرەو دەشۆری هەنگاوی نا، هەستی بە نەخۆشی دەکرد. هەستی بە قاپی دەشۆرییەکە دەکرد لەسەر گۆناکانی. سەری بە پەنجەرەی دەشۆرییەکەوە نوساند. کاتێك سەری هەڵێنا دیتی کە ئاسمان هێشتاش هەر شینە و سامالە. کەواتە ئەوەبوو رووداوەکە! دەڵێی دەبێ دنیا بگۆرێن. کاتێك هاتەوە سەرخۆ بە خاولی دەموچاوی وشك کردەوە و زاڵبوو بەسەر خۆیدا و لە دەشۆرییەکە

هاتە دەرێ. فرانسیس لە هەیوانێ چاوەڕوان بوو. سێ بەلەمی چارۆکە بەهۆی بابزێوەکەوە لە جولە دابوون. ئەو پرسی:

"حاڵت باشە؟"

"خراپ نیم، سوپاست دەکەم. لەوەباشتر نەبوومە."

چاوەکانی فرانسیس دەپاڕانەوە. دەنگیشی شێوازی پاڕانەوەی هەبوو.

" من قەت خۆم ناپەخشم. " (ئێ دیارە).

لەوانەبوو لۆراش دەبوا بڵێ:" ئێ بەڵێ، تاوانی من بوو، هەموو شتێك تاوانی من بوو."

بەڵام دەتگوت خەنجەرێك لە دڵی لۆرا رۆچووە کە نەیتوانی ئەم وشانە بخاتە سەرزمان. ئەوسا ئەوان هەموو رێگاکەیان بەبێ تاکە وشەکیش تێپەڕاند گەڕانەوە.

بەدرێژایی ئەو شەوە لۆرا خەو نەچووە چاوانی و ئێستا تەنیا دەگریا. ئەو فرمێسکانەی لە چاوانی دەهاتنە خوارێ، لە نێو پەتودا دەیشاردنەوە، پڕی دەدایە،

پەتوەکە، کاتێـك سـەری بـەرز کـردەوە دیتـی کـە لـە نێـو درەختـەکان را بریقەیـەکی زەرد ڕەنـگ وەکـو چـاوی پشـیلە لـە تاریکیـدا دەدرەوشـێتەوە. بریقەکـە لـە مـاڵی ئالکـات را دەهـات، بـە ئەگـەری زۆر لـە ژوورەکـەی ئـەوەوە، ڕەنگـە ئـەویش ئـەو شـەوە خـەوی لێنەکەوتبێت.

لۆرا لـە خـەیاڵی خۆیـدا وای بـۆ چـوو کـە هـەروەکو راهـاتبوو گونـای خـۆی خسـتۆتە سەردەسـت و هـەوڵ دەدات موتـالاّ بکـات. وە بیرخـۆی هێنایـەوە کـە لەپـەنا فرانسـیس چ لەرزینێك کەوتبووە لەتییەوە، ئەوسا لەگەڵ ئێزابێلی هاوسەری هێنایە پێش چاوان.

کـاتی بـەیانی چـاوی هـەڵامس تـابوون و سـورهەڵگەڕابوون، ئـەو دەبوایـە تـەواوی رۆژێـی لەگـەڵ سـێبەرەکانی ژوورەکەیـدا ببردایەتـە سـەر. پـەردە کرکـرِ دارینـەکانی دادا بوونەوە تـاکو کـەس نـەتوانێت ئـەو لـۆرا دامـاو و لێقـەوماوە ببینێـت. پـەپوورە سیسـلی گـوت:" گـەردەم ئـازاری هەیـە. شـتێکی نالـەبارم خـواردووە و ڕەنگـە نەخۆشـییەکی ڤایرۆسیم گرتبێـت." پـوورە سیسـیل هـاتبووە ژوورەکـەی، چـونکە ئـەوان هەسـتیان بـەوە کردبوو، کە نەهاتۆتە سـەر مێـزی نـان خـواردنی بـەیانی. سیسـیل کـە هەمیشـە نیگـەران بوو دەیویست دوکتۆر ئالکات بانگ بکاتە سەرسەری لۆرا، بەڵام ئەو گوتی:

"من پێویسـتم بـە دوکتـۆر نییـە. بەدرێـژایی شـەو بەخەبـەر بـووم و ئێسـتا پێویسـتم بە نووستنە بەهەر حاڵ ئێستا دوکتۆر ئالکاتیش چۆتە عیادەکەی."

"بەڵام فرانسیس دەتوانێ ببێتە ئێرە، دڵنیام کە ئەو دڵگران نابێت."

"نەچن ئەو کـارە بکـەن. جگـە لـەوەش مـن حەزناکـەم ببێتـە ژووری نووسـتنی مـن و پیاسەی تێدا بکات."

سیسیل بە پێکەنینەوە گـوتی:" خوایـە گیـان، خـۆ شـەرم لـە فرانسـیس ناکـەی. هـەر دەڵێی شاژن ڤیکتۆریای. بابە گیان ئەویش پزیشکە."

لیلیان گوتی:" فرانسیس ئێرەی بەجێهێشتووە.."

لۆرا گوێی تیژ بوون.

"ئـەو ئـەمرۆ بـەیانی تەلـەفۆنی کـرد تـا ماڵئاوایشـیان لێ بکـات. گەڕاوەتـەوە نیۆیۆرك."

# بەشی سێهەم

لـۆرا مانگێـك پـاش بیسـتەمین سـاڵیادی لـە دایكبـوونی كۆلێـژی تـەواو كـرد و لـە دوای هەفتەیـەكیش لەگـەڵ بـاد رایسـدا زەماوەنـدی كـرد بۆچـی؟ ئـەو هـەر پێویسـتی نەبوو لەگەڵ كەسدا زەماوەنـد بكـات، بـەڵام باشـترین هاوڕێكـانی زەماوەنـدیان كردبـوو و بادیش بەو هـەمووە خەسـڵەتە شـانەی و بـەو سـۆزی و بـەو هـۆش و توانایـەوە باشـتر لـە هەموو دەزگیرانەكانی ئەوان دەهاتـە بەرچـاو. جگـە لەمـەش بـاد لـە تـەواوی ئـەو سـاڵەدا زۆر جـار داخـوازی لـۆرای كردبـوو و لەبەرئـەوەی ئەوەنـدە خوازیـاری وی بـوو، بـە دڵنیاییەوە دەبووە هۆی سـەرفیرازی لـۆرا، بـەڵام چـۆن دەتـوانیٚ تووشـی زەماوەنـد بكـات؟ كەس نـازانیٚ لەگـەڵ هـەموو گرفـت و رووداوەكانـدا، داهـاتوو چـۆن دەبێتـو بەتیپـەڕبوونی ئـەو سـاڵانە چ شـتێك دەو پیاوێـك رەنگـە ئەمەكـدار بێـت. بـاوكێكی بـاش بـۆ منداڵـەكانی و هاوڕێیـەكی بـاش بێـت بـۆ هاوسـەرەكەی، بـەڵام ئەگـەر خـاوەنی هـەموو ئـەو خەسـڵەتە باشـانە نـەبێت، ئەوسـا بـە دڵنیاییـەوە دژواری ژیانیـان دەڕوا. بـاد مێردێكـی نمونـەیی بـوو، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش هـیچ پێوەندییـەكی راسـتەقینە لـە نێوانیانـدا نـەبوو. لـۆرا پێـی وابـوو كەوشـەی "پێوەنـدی" بـۆ زانسـتی ئـەلیكترۆنی لەبارترەو حەزی بەو وشەیە نەدەكرد. بەهـەر حـاڵ ئـەو لـە وەسـفكردنی ئـەو شـێوازەی كـە باد بە مـەیلێكی زۆرەوە گـوێی بـۆ قسـەكانی دەگـرت و دیسـانەوە وا دەهاتـە بەرچـاو كـە گویٚ ناگریٚ. تووشی شكست دەبوو. ئەو دەیگوت:

"ئیٚ، لەبەرئـەوەی كـە نـاكریٚ لەمبارەیـەوە هـیچ كارێـك ئـەنجام بـدرێت، دەی كەواتـە بۆچی دەربـارەی قسـە بكـەین؟ بـاد هـەر لـە سـەرەتاوە ئەوینـدارێكی بەسـۆز و لەبـەردڵان بوو، تەنانەت سـەرەڕای ئـەوەش كـە لـۆرا نەیـدەتوانی بـەهیچ جۆرێـك لەگـەڵ فرانسیسـدا بەراوردی بكات. ئێستا ئیـدی بیركردنـەوە لـە فرانسیسـیش كـارێكی نالـەبار بـوو. ئێسـتا دەیزانی كە مێردەكەی زۆر گرنگی پیٚ دەدات.

لــە راســتی دا بــاد زۆر تامــەزۆر و شــەیدا دەهاتــە بەرچــاو. بــە بۆچــوونی پوورەکــان، ئەگــەری ئــەوە نــەبوو کــە ئــەو کــارێکی هەڵــە ئــەنجام بــدات. هەڵســوکەوتی لێوانلیــۆ لــە شــاری و زەوقــی، پوورەکــانی خۆشــحاڵ دەکــرد. بــاد بــە پوورەکــانی دەگــوت:" هــەموو پیاوێکی گەنج ناتوانێ وەهــا بازرگانییــەکی گــەورە قبــووڵ بکــات کــە دەخرێتــە ئەســتۆی. وا مەزانن کــە مــن ئــەو شــتانە نــازانم. مــن لــەم پێنــاوەدا هــەموو هــەوڵ و توانــای خــۆم دەخەمە گەڕ و ئێوەش دەبینین."

ئەو سەبارەت بە ژیان لە شاردا زۆر شاگەشکە بووە:

"ئــەو ســەردەمەی کــە مــن منــداڵ بــووم و ئێمــە بــۆ کارێــك دەهاتینــە شــار، ئــاواتم ئــــەوەبوو کــــە لێــــرە ژیــــان بەســــەر ببــــەم. ئێمــــە زۆر بەکــــەمی دەهــــاتین و پێموایــــە کەسوکارەکانمان زیــاتر دەهاتنــە لای ئــەو دوکتــۆرەی کــە دراوســێی ئێوەیــە، واتــە دوکتــۆر ئالگــات. تــاوای لێهــات کــە دوکتۆرێــك لــە نزیــك مــاڵی ئێمــە عیــادەی کــردەوەو ئیــدی ئەوان بۆ سەردانی دوکتۆر نەدەهاتنە ئێرە."

وا دەهاتــــە بەرچــــاو کــــەپوورەکان بــــۆ شــــانازیکردن بــــە بنەچــــەی بــــاد هۆیــــەکیان دۆزیبێتەوە، بەڵام ئــەوە لــۆرا بــوو کــە پێــی وابــوو بــێ ئەقڵییــەکی تێــدا بــەدی دەکرێــت. پووره سیسیل دەیگووت:

"هــیچ حاڵــەتێکی لــە خۆبــایی بــوون و خۆدەرخســتن و ریــا، لــەباد رایســدا نابینرێــت، زۆر رووخۆش و بەسۆزە، لەو مرۆڤە رەسەنانە."

بــاد چــێژە لــە ژیــان لــەو ماڵــەدا وەردەگــرت، کــە ئەوەنــدە بــە جــوانی و رێکــوپێکی بــەرێوەدەبراو حــەزی دەکــرد زۆرتــرین هــەوڵی خــۆی بخاتــە گــەڕ تــاکو خــۆی لەگــەڵ شێوازەکانی ژیانێکی فەرمی و رازاوەدا بگونجێنێ.

دەنگــی زەنگۆڵــەکان کــاتی نــانی ئێــوارەی رادەگەیانــد. ســەر مێزەکــان هەمیشــە پڕبــوون لــە گــوڵ. قەفەســەکانی قــاپ و قاچــاخ پڕبــوون لــە کەلوپــەلی زیــوی بریقــەدار و بۆنی عــود لــە هــەموو ژوورەکانــدا بــەرلوت دەکــەوت. کاتــژمێرە دیوارییەکــەی بەرامبــەر قادرمــەکان هەمیشــە بــە رێکــوپێکی کــاری دەکــرد. بــەر لــە تێپــەڕبوونی نیوەیــەك لــە ساڵی یەکەمی زەماوەنــدیان لــۆرا دووگیــان بــوو. بــاد زۆر دڵخــۆش و بەتــەواوی دڵنیــابوو، کــە هاوســەرەکەی کــوڕێکی بــۆ وەبــەر دێنــێ، کوڕێــك کــە بتــوانی یــاری تــۆپی ســەبەتەو تۆپی پێی لەگەڵدا بکــات، لەگەڵیــدا بچــێتە راوەماســی و ببێتــە هــاوڕێی. رێــك هــەواش

دەرچوو و لۆرا کوڕێکی بوو و ناویان نا تام. بەیادی باوکی لۆرا ناوی "تۆماس" یان بۆ هەڵبژارد. ئەو منداڵە لە رۆژی رێورەسمی بە خاکسپاردنی دوکتۆر ئالکاتدا هاتە دنیاوە. پوورە سیسیل گوتی:

"ئەوان هەر بە بنەماڵە زوو دەمرن، دڵیان بەباشی کارناکات و هیچ کامێکیان ناگەنە تەمەنی شەست ساڵی. رەنگە ئەمە ببێتە هۆی نیگەرانی فرانسیسیش" سیسیل کە بە تەلەفۆن لەگەڵ لۆرادا قسەی دەکرد و گوتی:" دەزانم کە ئەو کاتەی لە نەخۆشخانەی حەزناکەی ئەوانەی دێنە سەردانت مشەوەش و سەرگرانت بکەن، بەڵام من بە فرانسیسم گووت کە دەتوانێ دوانیوەڕۆ بێتە سەردانت..

"بەڵام نەدەبوایە وابڵێی، بۆ خاتری خوا، منداڵەکەم تەمەنی رۆژێك زیاتر نییە و پێم خۆش نییە جگە لە بنەماڵەی خۆم کەسی دیکە ببینم."

" فرانسیسیش بەهەمان باشی بنەماڵەی خۆمانە. من پێم گوتووە کە دەبێ پشکنین بۆ منداڵەکەت ئەنجام بدات." سیسیل بە پێداگریەوە گوتی:" ئەو لە خولەکێك زیاتر دانانشێت. بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەت بە میراتی باوکی سێ رۆژ مۆڵەتی وەرگرتووەو دەبێ پاشان بەپەلە بگەڕێتەوە بۆ نیۆیۆرك کاتێك تۆ بگەڕێیەوە ماڵێ، ئیدی ئەو ئێرەی بەجێهێشتووە."

لۆرا تووڕە بوو. گومان لەوەدا نەبوو، کە فرانسیسیش حەزی نەدەکرد چاوی پێی بکەوێت، چونکە سیسیل کارێکی کردبوو لە روو دابمێنێ.

لۆرا هەر بیری دەکردەوە کە چۆن چۆنی لەگەڵ فرانسیسدا هەڵسوکەوت بکات. فرانسیس بە خۆو بە پاکەتێك شیرنەمەنییەوە گەیشتەبێ و بە شێوەیەکی گەمژانە لەبەردەمی دانا، وەکو کەسێك کە بیەوێ شتێك بپارێزێ کە رەنگە بشکێ یان لێك بلاوببێت، ئەو پاکەتە شیرنەمەنییەکەی لەسەر مێزی نەخۆش لە خوار قەرەوێڵەکە داناو گوتی:

"لە یادمە کە تۆ شەیدای شیرنەمەنی بووی."

دەتگووت دەڕوانێتە دیواری پاش قەرەوێڵەکە. لۆرا یەکسەر تێگەیی کە فرانسیس بەهیچ جۆرێك لە هاتن نەبووە، چونکە زۆر پەشیمان دەهاتە بەرچاو. لۆرا لە دڵی خۆیدا بە تووڕەیی بیری کردەوە کە دەبێ بەشێوازێك لە شێوازەکان داوای

لێبووردنی لێبکات. شەرمێکی تۆقێنەر هەموو جەستەی داگرت. پێی خۆش بوو سەرجەفەکان هەتاکو سەری خۆی هەڵکێشێ و خۆی بشارێتەوە.

ئەمە یەکێك لە هەمان ئەو خەونانەیە کە ئێوە لە خەودا دەیبینن، کە جلەکانتان لەبیرچووەو بەزۆر کراسەوە لەسەر شەقام دەگەڕێن و بەترس و ڕاڕاییەوە بەدوای شتێکیدا خۆتانی پێداپۆشن ئەو پیاوەی کە بەدوودڵییەوە لە ناوەڕاستی ژوورەکە ڕاوەستابوو، شتێکی زیاتر لە پاکەتێك شیرنەمەنی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. ئەو بیرەوەری ڕابردووی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. ئەو هەوار و خانووە سەر لە نوێ هاتەوە بەرچاوی لۆرا، هەروەها ئەو گوشارە ڕۆحییە، ئەو نەبوونی دڵنیاییە، نەخۆشی و حاڵەتی بێ تاقەتییەی هێنایەوە یاد کە لەو سەیرانەی ئەو دوانیوەڕۆیەدا لە نێو دەشۆریەکە تووشی ببوو.

"پوورەکانت پێیان گوتم کە کوڕێکی جوانت بووە."

بەڵام بەهەر حاڵ ئەو دەبوایە چاکسازی لە بارودۆخی خۆیدا بکردایە. بابزانێ، لێگەڕێ بابزانێ کە بە هیچ جۆرێك لۆرا ناڕەحەت نەبووەو لەبەریەك هەڵنەوەشاوەو ئێستا ئیتر هەموو شتێکی لە بیرخۆی بردۆتەوە. لە کاتێکدا کە دەنگی خۆی زوڵاڵ بەرز دەکردەوە گوتی:

"بەڵێ، گومانی تێدانییە. ئەو زۆر باشە، لە باوکی خۆی دەچێ."

پاشان پێڵوی چاوی خۆی بڵندکردن بۆ ئەوەی فرانسیس تێبگات و لە چاوانیدا هەست بە گەورەیی بکات، بەڵام فرانسیس هەر لە دیواری پشت سەری وی ڕامابوو. لۆرا پێی وابوو شێت بووەو لە نێو ئەو شێتییەدا دووبارە بەسەرخۆیدا زاڵ بۆوە. بۆیە لە کاتێکدا کە سەری خۆی لەسەر سەرینەکە پاڵ دابوو، دووبارە سەری بەرزکردەوە. ئەو دەیتوانی هەست بەوە بکات، کە لە دنیادا پلەیەکی جێگیری دەست کەوتووە. ئافرەتێکی بە ئەمەك لەبەرگێکی پەمەیی کاڵی ماڵدا و لە ژوورێکی پڕ لە گوڵ. ئێستا ڕووخۆشی و داب و نەریت ئەو ئەرکەی خستبووە ئەستۆکە داوا لە فرانسیس بکات دانیشێ، بەڵام ئایا ئەو هیچ بایەخێکی بە مەسەلەیە دەدا؟ ڕەنگە ئەو پێی خۆش نەبووبێت، کە لەوێ بمێنێتەوە. لۆرا دەنگی خۆی بیست کە دەیگوت:

"فەرموو دانیشە."

"سوپاست دەکەم."

نیگـــای فرانســـیس بەدەوروبـــەری ژوورەكـــەدا دەســـوڕایەوەو لـــە هـــیچ جێیـــەك جێگیرنـــەدەبوو. ســـەرەڕای ئـــەوە هێشـــتاش دەیزانـــی كـــە قـــژی لـــۆرا چـــەند جـــوان و درەوشـاوەن و رژاونەتـە سـەر شـانەكان، تەنانـەت بەپێچـەوانەی ویسـتی خۆشـی ئەمانـەی دەدیـــت. بەدڵنیاییـــەوە ئـــەو ئاگـــاداری مەســـەلەی زەماوەنـــدی لـــۆرا بـــووە. لەوانەشـــە خەریكی بەراوردكارییەك بووبێت.

ئەو هاوسەرێكی هـەبوو بـەناوی ئیزابێـل، ئافرەتێـك، كـە هـەرگیز نەیدەویسـت زیـانی پێ بگەیەنێ. شكڵ شێوەی ئەو ژنە چۆن بوو؟

چۆن قسـەی دەكـرد؟ چـۆن هەڵسـوكەوتی دەكـرد؟ فرانسـیس چـەندە خـۆش دەویسـت؟ رۆژی سـەیرانەكە بـە لـۆرای گوتبـوو:" دەبوایـە تـۆ بوتبایـە، لـۆرا:" ئێسـتاش لەگـەڵ ئیزابێلدا ژیانی هاوبەشی پێك هێنابوو.

ئایا ئەوانیش هـەمان عەشـق و دڵسـۆزی ئـەو و مێردەكـەیان لـە نێوانـدا هـەبوو؟ بـاد رایس، پیاوێك كـە جێـی سـەرنجی تایبـەتی ئافرەتـان بـوو، بـە عەشـق و خۆشەویسـتییەوە سـەیری وی دەكـرد. زایەڵـەی ئـەم وشـانەی لـە گوێـدا بـوو:" تـۆ ئـازیزترین بوونـەوەری ژیانی منی، لۆرای ئازیزم."

ئەو هەمیشە بـەم شـێوەیە بـانگم دەكـات. "تـۆ زۆرشـت دەزانـی، لـە هـەموو شـتێك دەزانی، من تۆم لە كوێ دۆزییەوە." پاشان پێدەكەنێ و دەڵێ:

"لە بیرمە، لەبەردەم قادرمەكانی كتێبخانە!"

فڕانسـیس گـوتی:" پوورەكانـت پێیـان گوتـوم دەبـێ تەماشـایەكی منداڵەكـەت بكـەم بۆ ئەوەی خەیاڵم ئاسوودە بێت."

"ئـۆه، پێویسـت بـەوە ناكـات ئەوەنـدە ئەزیـەت بكێشـی. دەزانم كـە لـە ماڵـێ زۆر سـەر قـاڵی. كارەكـانی بـەڕێزت زۆر گـرنگترن لـە تەماشـاكردنی منداڵەكـەی مـن." نـا، نامەوێ خولّق بنوێنم، بەڕاستی پێم خۆشە."

پاشـان لـۆرا مەسـەلەیەكی هاتـەوە یـادو دیسـانەوە شـەرمەزار بـوو. مەسـەلەكەش هۆكاری گەڕانەوەی فڕانسیس بوو بۆ ماڵێ:

"بە مردنی باوكتان زۆر دڵگران بوویت. هەموویان زۆر خۆش دەویست."

"بەڵێ، ئەو زۆر بە گەنجی مرد." فڕانسیس هەڵوەستەیەكی كرد و گوتی:

"ئایا، ئەو زۆر بە گەنجی مرد." فرانسیس هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی:" ئایا تۆ سەرەڕای منداڵبوون دیسانەوەش وانەی پیانۆ دەڵێییەوە؟" دەتگوت زۆر بایەخم بەو بابەتە دەدا. ئەم دەمە تەقێیە بۆ لۆرا زۆر بێزارکەر بوو. ئەوان ئەو شتەیان نەدەهێنایە سەر زمان کە بیریان لێدەکردەوەو بە دڵنیاییشەوە هەروا بوو. ئەگەر فرانسیس توانای ئەوەی هەبوایە بیرکردنەوەی وی بخوێنێتەوە، پەی بەو بابەتە دەبرد.

لۆرا لە دڵی خۆیدا و بیری کردەوە:" پێم وایە تۆ وات دەزانی کە من قەت ناتوانم بەسەرتدا زاڵ بم. هاوار لە دەستی ئەم پیاوە خوێریانە!

مێردەکەم خۆشمی دەوێ و ئەم منداڵە، ئەم کوڕە لەبەر دڵانەش بەرهەمی عەشقی ئێمەیە...

ئەوسا وەڵامی دایەوە:" دەبێ کاتەکەم بۆ هەردوو کارەکە تەرخان بکەم."

پاشان درێژەی دایە:" دایك و باوکت پێیان گوتین کە جەنابت زۆر سەرکەوتووی لە کارەکەتدا."

فرانسیس کتێبێکی نووسیبوو، کە زۆر کەوتبووە بەردڵی پزیشکەکانەوەو ستایشیان کردبوو. ئەو بەرە بەرە دەبووە کەسێکی ناوبەدەرەوە و ئێستاش لۆرا بە جۆرێکی وا پێی هەڵدەگوت، کە وەکو بڵێی منداڵێکی قوتابخانەیە کە بە بڕوانامەیەکی پاشەوە گەڕاوەتەوە ماڵێ. لۆرا وای لێکدایەوەو ڕەنگی سوور هەڵگەڕا. ئەوسا زیاتر گوتی:" بەڵام بەهەر حاڵ هەموو کەس وەها چاوەڕوانییەکیان لە بەڕێزت دەکرد."

فرانسیس بەسادەیی گوتی:" من زۆرترین هەوڵی خۆم دەخەمە گەڕ."

پاشان گوتی:" نابێ لەمە زیاتر سەرت گران بکەم ئەو ئافرەتە تانەی تازە دەبنە دایك، پێویستیان بە پشوودان هەیە.

بیر کەڵکی نوێ لە مێشکی لۆرادا دروست بوو:" ئایا ئیزابێلیش تازە بۆتە دایك؟ بە دڵنیاییەوە نا. سروشتییە کە فرانسیسیش شتێك بڵێ، ئەگەر ئەویش منداڵێکی هەبێت؟ ئەمەش زۆر ئاسایی نانوێنێ. تەواوی ئەو سەردانە زۆر گاڵتەجاڕییە، ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵە وشەیەکی بێ کەڵك و بێ مانایە. ئەو هەر نەدەبوایە بێتە ئێرە.

فڕانسیس دەستی کرد بەقسەکردن:" دایکم نیازی وایە خانووەکەمان بفرۆشێت و بێتە رۆژئاوا. لەوێ کەسوکاری زۆری هەیە.

"ئێ، هەم بۆ وی باشە هەمیش بۆ تۆ. بەڕاستی سوپاست دەکەم کە لەم کاتە سەختەدا هاتییە سەردانم."

" مـن نیازم هەبوو بێم. خەریکبوو بیرم لەوە دەکردەوە، کە باوکم بە دیتنی منداڵەکەت چەندە دڵخۆش دەبێت، بەڵام بەداخەوە چەند کاتژمێرێك بەرلەوە ئەو دەرفەتەی لە دەست دا."

دوورکەوتنەوەی هەنگاوەکانی فڕانسیس دەنگێکی کپ و تاکلایەنەی لە ڕاڕاوەکەدا دروست کرد و لەناکاو لۆرا سەرنجی کەوتە سەر ئەو کوڵی گریانەی کە لە گەرویدا پەنگی خواردبوو، هەستی بەداخبوون، ئازار، لە دەستدانی ئازیزێك، یاخود هەموو ئەمانە.

"بەڵێ فڕانسیس، منداڵەکەی من دەیتوانی ببێتە ئەوەی باوکی تۆ. ئایا ئەمە سەیر نییە فڕانسیس؟ ئەوەی کە من لەسەر ئەم قەرەوێڵەیەم، لە کاتێکدا کە رۆڵەی باد رایس لەوپەڕی ڕاڕاوەکەدا لە بێشکەدا نوستووەو هەموو ئەمانەش بەهۆی تۆوەیە. زۆر سەیرە. هەموو شتە بچووك و گاڵتەجاڕییەکانت لەیادبێت."

تەنانەت ئەو فڕوجە سورکراوەش یان بچووکەش کەبتی لی بە بۆنەی هاتنی تامە بچکۆلە بۆ ناو ماڵ دروستی کردبوو. یان ئەو ورچە منداڵانە دێو ئاسایەش کەیاد بۆ منداڵەکە لە ژوورێی دانابوو. پوورە لیلیان گوتی:" خوایە گیان، ئەو دەبێ تەمەنی پێنجساڵان بێت تا بتوانێ یاری بەوە بکات." پوورەکان لە ماڵێ چوونە دەرێ و ماڵەکەیان بە دەستی خێزانی تازە سپارد.

بار لە بازرگانیدا سەرکەوتوو بوو و ئەوان ئیدی دەیانتوانی خۆیان خانەنشین بکەن. لیلیان پێی گوتن:" ئێستا هەموو شتێك لە ئەستۆی خۆتاندایە و نۆرەی ئێمەیە کە ئێمەش لەبیری خۆماندا بین. من دەمەوێ هەندێك لە دنیادا گەشت بکەم و پێموایە سیسیلیش پلانکەلێکی بۆ خۆی هەیە."

سیسیل چاوی بە پیاوێك کەوتبوو کەلە کەشتی گەلی دەریایی پێن ساکوك خانەنشین ببوو، پیاوێکی سەرنجڕاکێش کە دڵی چووبووە سەری.

بـەم شـێوەیە قۆنـاغێکی دیکـە هاتـە ئـاراوە: دەسـپێکی لاوێتـی راسـتەقینەی لـۆرا رایـس کـە ببـووە بەرپرسـی ژیانێـك، مێردێـك، منـداڵێك، ماڵێـك و هـەروەها کـارێکی سـەرنجڕاکێش. دوانیوەڕۆیـان، کاتێـك قوتابییـەکانی وانـەی پیـانۆ دەهـاتن، بتـی لی ئاگای لە تام دەبوو، هـەروەها ئـەو کاتانـەی کـە لـۆراو بـاد پێکـەوە دەچـوونە دەرێ. ئـەو منداڵەکەی ژێر دەکـردەوە. کـە بـەباد شـەیدای ئـەوەبوو کـە لەگـەڵ هاوسـەرەکەیدا بچـێتە دەرێ، هاوســەرێك کــە بەباشــترین جلوبەرگــەوە لــە تەنیشــتی بەدیاردەکــەوت. ئــەو پیـاوێکی لەبـەردڵان بـوو، کـە حـەزی دەکـرد لـە دەرەوەی ماڵـێ نـان بخـوات، پیـاوێکی عاشقی پێشبڕکێ کە دەیویست هەموو دنیـا بـەو ئافرەتـە هـەڵ بڵـێ کـە ببـووە بەشـی وی و هەسـتکردن بـە چـێژ وەرگرتنـی، ئـەو ژینگەیـەی گـەرم دەکـرد، کـە لـۆرا تێیـدا هاتووچـووی دەکـرد. لـەو سـاڵانەی سـەرەتادا ئـەوان ژیـانێکی خۆشـیان هـەبوو، ئەوەنـدە سـەرقاڵ بـوون، کـە دەرفـەتی ئـەوەیان نـەبوو لـەخۆدا رۆبچـن و سـەبارەت بـە چـییەتی راسـتەقینەی بەختـەوەری یـان زەماوەنـدی سـەرکەوتووی خۆیـان بیربکەنـەوە. بـاد مێردێکـی نموونـەیی بـوو، لـە بازرگانیـدا بەباشـی کـاری دەکـرد و بەجـدی هـەوڵی دەدا. قوتابیانی پیانۆی لـۆرا ژمارەیـان ئەوەنـدە زۆر بـوو، کـە بـە درێـژایی رۆژ دەتگـوت شـایی و هەڵپەڕکێیان لـە ماڵیدایـە. لـە هـەمووی گـرنگتر تـام بـوو، تـامی ئـازیز. پوورەکـان وا راهاتبوون کاتێك کەباد لەو دەوروبەرە نەبوایە بەلۆرا بڵێن:

"ئـەو دیمـەنی بـاوکی تۆیـە. "ئـەو هـەموو هەسـتەوەرییەو شـەوق و زەوقـە منداڵانەیـە، تێکـەڵ بـە تـووڕەیی و هەڵسـوکەوتی تونـد دەبـوو و لـە پـاش پێـنج خولـەك بـەو قـژە هەوریشـمە رەشـانەیەوە پوورەکـانی ماچـباران دەکـرد. ئـەو هـەموو گیـانی هاواری دەکرد ئیرلەندییەکی قژ رەشە. منداڵەکە، بە گەنجینەی باد دەژمێردرا.

بـاد وا راهـاتبوو هـەر وا کـە تـام گـەورە دەبـوو و لـە کارەکانـدا یارمـەتی دەدا، لـە ماڵێـدا بـە " کـوڕی بـاوکی " بـانگی بکـات، بـۆ نموونـە کاتێـك بـاد لەسـەر تەختەیـەك چەکوشـاوی دەکـرد یـاخود سـۆندەیەکی چـاك دەکـردەوە تـام یاریـدەدەری بـوو، بـەڵام ئـەو کـوڕی دایکیشـی بـوو، بـەجۆرێکی وا کەلەسـەر قاچـی دادەنیشـت و بەهـەموو هەسـت و نەسـتییەوە بەچـاوە گەورەکانییـەوە گـوێی بـۆ چـیرۆکەکانی وینـی و پـوف! داگـرت. بەتامییـەکی لـەودا هـەبوو. کاتێـك منـداڵێکی دیکـە گەیشـتەجێ، پشـتگوێی ئـیرەی بـردن سـەبارەت بـەتام

بــەهیچ جۆرێــك راســت دەرنەچــوو. لــۆرا بــەبادی دەگــوت:" ئــەم منداڵــە بەڕاســتی زۆر ژیرە.

مــــن پــــێم وانــــەبوو کــــوڕێکی وا منــــداڵ هێنــــدە تێگەیشــــتووبێت. "تــــام دەیپرسی: "بەڵام بۆچی دەبێ تیمی بگەڕێندرێتەوە بۆ نەخۆشخانە؟"

لەبەرئــــەوەی تیمــــی قــــژکاڵ و جــــوان لــــەو ســــاتەوە کــــە هێنابویانــــەوە ماڵــــێ نــەخۆش بــوو. بەدرێــژایی شــەو دەگریــا. بــاد و لــۆرا لــە کاتــە دژوارەکانــدا بــە نــۆرە لەســــەر ســــەری ئێشــــکیان دەگــــرت. کێشــــی لەشــــی نەدەگەیشــــتە رادەی ئاســــایی. لێــــك لێــــك ســــەرمای دەبــــوو و هــــەروا کــــە بــــۆ هەناســــە وەرگــــرتن بــــە لوتــــە گیراوەکــەی هــەوڵی دەدا، رەنگــی دەموچــاوی شــین هەڵدەگــەڕا. بــاد بــە بۆڵــە بــۆڵ و تووڕەییــەوە دەیگــوت:" مــن پــێم گــوتی کــە بــەهیچ جۆرێــك بــڕوام بــە دوکتــۆری ئــــافرەت نییــــە، دوکتــــۆرە ئافرەتــــەکان هــــەر نــــازانن مەســــەلە چــــییە، بــــەڵام تــــۆ بەردەوام پێداگری دەکەی."

ســــەرەنجام لــــۆرا رێگــــەی دا بــــاد بڕیــــار بــــدات ئــــەم کــــابرا لێقــــەوماوە تۆقیــــوە دواجــــار ناچــــاربوو تــــووڕەیی خــــۆی بــــە کەســــێك بڕێــــژێی و کەســــێك ســــەرکۆنە بکــــات. لــــە پــــاش ئــــەوەی کــــە دوکتۆرەکانیــــان گــــۆڕین، لــــەوە تێگەیشــــتن کــــە بارودۆخەکــــە بــــەهیچ جۆرێــــك گــــۆڕانی بەســــەردا نــــەهاتووە. هێنــــدێك دەیــــانگوت کــــە ئەمــــە جــــۆرە شــــێرپەنجەیەکە و هەنــــدێکی دیکــــەش بڕوایــــان وابــــوو ئالێرژییــــە (حساســــیت). تیمــــی، بەرلــــەوەی تەمــــەنی بگاتــــە هــــەژدە مــــانگی، دووجــــار بــــەهۆی نەخۆشــــی ســــییەکانەوە لــــە نەخۆشــــخانەی ناوچــــەیی خەوێنــــدرابوو. لــــە هەمانکاتیشــــدا تــــام بــــە پــــانتۆڵی جــــین و چــــاکەتی کابۆییــــەوە دەچــــووە قوتابخانــــە و باڵابــــەرزترین و بــــەهێزترین کــــوڕە قوتــــابی پــــۆل بــــوو. براکــــەی رێــــك بــــە پێچــــەوانەی وی بوو.

لــــۆرا بــــە پێداگرییــــەوە. دەیگــــوت:" خــــۆ دەبــــێ لەســــەر ئــــەم هەســــارەیە دوکتۆرێك هەبێت، کە پێمان بڵێ تیمی چ نەخۆشییەکی هەیە..

بۆیــــە ئــــەوان لــــە رۆژێکــــی هــــەتاوی زســــتاندا لەگــــەڵ منداڵەکــــەیان ســــواری ئۆتۆمبێــــل بــــوون و ویلایــــەتێکیان تێپەڕانــــد بــــۆ ئــــەوەی بگەنــــە نەخۆشــــخانەیەکی فێرکــــاری. لــــەوێ کەســــێکیان دۆزییــــەوە، کــــە ســــەرەنجام پێــــی گــــوتن مەســــەلەکە

چییه. ئەو دوکتۆرێکی بەسۆز، بەڵام بێ پێچ و پەناو راشکاو بوو، لەبەر ئەوەی لۆرا داوای لێکردبوو تاکو راستییەکەیان پێ بڵێ. دوکتۆر گوتی:

"سیستیك فیبرۆزیس، نەخۆشییەکی کوشندە بەکەس توشبوو ئەگەر چاودێری بکرێ و خۆشەویستی بۆ دەربڕێ دەتوانێ تا تەمەنی بیست ساڵی یانیش کەمێك زیاتر بژی بەزۆری.."

دوکتۆر لێرەدا قسەکەی خۆی بڕی، چونکە باد چاوی پڕببوون لە فرمێسك. لۆرا نەیدەتوانی بگری، بەڵکو دەلەرزی. کاتێك سەرەنجام توانی قسە بکات. بە نەرم و ناسکییەوە گوتی:" رەنگە نەدەبوایە ئێمە داوای دەربڕینی راستی لەبەڕێزت بکەین." دوکتۆرەکە بە هەمان ئارامییەوە وەڵامی دایەوە:" من ناچارم هەموو راستییەکانتان پێ بڵێم و لە کاتی گونجاویشدا ئێوە بۆ خۆتان ئەوەی ماوە دەیزانن."

ئەوان بەهۆی خەم و پەژارەی زۆرەوە، هەستیان بەبێ تاقەتی دەکردو توانای قسەکردن یاخود راوەستانیان نەبوو، لەوێ دانیشتن و هەوڵیاندا تاکو ئەو راسپاردانە وەربگرن، کە ئەوەندە زۆر بوون، کە دەکرا دەفتەرێکی بچووکی لێ بکرێتەوە بەهەرحاڵ راسپاردەکانیان لەگەڵ منداڵە بێ سستەکەیان دانەوە. بۆ سەفەری گەڕانەوە بۆ ماڵ. منداڵەکەیان لە نێو هەمان ئەو پەتووە شینەوە پێچابۆوە، کە پووره سیسیل بە شەوق و زەوقێکی تایبەتەوە درمانی کەروێشکەوە سپییەکانی لەسەرکردبوو. ئەوسا قۆناغێکی دیکە لە ژیانی ئەوان دەستی پێکرد.

***

ئێستا یازدە ساڵ دوای ئەوە، لۆرا بەو بیرەوەریانەی کە بە هزریدا تێدەپەڕین، هاوڕێ لەگەڵ دەنگی بەردەوامی باراندا کەبەر شووشەی پەنجەرەکە دەکەوت، لە ژوورێ راکشابوو. لە ژووری چێشت لێناندا بتی لی خەریکی یاریکردن بوو لەگەڵ ئیریکدا، سەگە دوور رەگەکەی خۆشەویستی تیمی، کە سەگێکی قاچ و کورتی توکن بوو، بە نیگایەکی پڕ لە میهر و ئەمەکداری و بە ئازایەتی سەگە بچووکەکان. تیمی بۆ ئەوەی بەبۆنەی رزگاربوونی لە یەکێك لە دژوارترین هێرشی نەخۆشییەکە ئاهەنگ بگێڕێ،

ئـــەو ســـەگەکەی لـــە دوکـــانێکی فرۆشـــتی گیانـــدارە ماڵییـــەکان پەســـەند کردبـــوو و هـــەڵی بـــژاردبوو. لـــەو هێرشـــەی نەخۆشـــییەکەیدا ســـپییەکان پڕببـــوون لـــە مـــاوەی شل و بەڕاستی گەیشتبووە لێواری مەرگ.

تیمـــی گوتبـــووی:" نامـــەویْ نـــاوی بنـــێم ســـولْتان یـــان شـــازادە، دەمـــەویْ نـــاوێکی جیـــاوازی بـــۆ هەڵبـــژێرم، ناوێـــك کـــە نیشـــانەی رەســـەنایەتی بێـــت." لـــەو سەردەمەدا ئەو نۆ ساڵان بوو و زۆر جدی بوو.

ماســـولکەکانی دەمووچـــاوە بچـــووکەی بـــەهۆی بیرکردنـــەوەی زۆر تێـــك چـــڕژا بوون. تام پێشنیاری کرد:" چۆنە ناوی بنێین ئێرێل؟"

ئێســـتا لـــۆرا لـــە دڵـــی خۆیـــدا دەیگـــوت لـــەم ســـەردەمەدا ســـەگێکی وا رەســـەن بـــە کـــەمی دەســـت دەکـــەویْ! ئەوســـا زەردەخەنەیـــەکی خـــەماوی کەوتـــە سەرلێوان. کاتێك کە بتی لی لە هەیوانیْ را وە ژوورکەوت، گوتی:

"ئۆهو، نەمدەزانی جەنابت لێرە نووستوی، خاتوون. لێم ببوورە."

"نا، شتێکی وانییە، نەنووستبووم."

"لـــە بـــیرم چـــوو پێیتـــان بڵـــێم کـــە وانـــە وتنـــەوەتان دواخـــراوە. ئـــەمڕۆ کـــەس نـــاتوانیْ بـــە ئۆتۆمبێـــل بێتـــە ئێـــرە، ئـــەو منداڵـــەش نـــاتوانیْ بـــەم بارانـــە ئـــەو ڕێگایە لە پێیان ببڕێت."

لـــەو ســـاتەدا هەڵوەشـــانەوەی وانـــە گوتنـــەوە بـــۆ لـــۆرا زۆر دڵخۆشـــکەر دەهاتـــە بەرچـــاو، ئیـــدی بـــە دەگمـــەن ئـــەو بارودۆخـــە ئـــالۆز و ناڕەحەتـــەی تـــووش دەبـــوو، بـــەلاَم کاتێـــك کـــە تووشـــی دەبـــوو نـــەك تـــەنیا هـــەر ورەی، بـــەڵکو جەستەشـــی لاواز دەکـــرد. هەســـتان و چـــوونە لای پیـــانۆ لـــەو حاڵـــەدا، بەڕاســـتی پێویســـتی بـــە هەوڵدانێکی زۆر هەبوو.

بتی لی هێشتاش لەبەر دەرگای راوەستابوو، بۆ ساتێك گومانی برد:

"گرفتێك هاتۆتە پێش خاتوون؟ تۆ قەت دوانیوەڕۆیان راناکێشیْ."

هەڵبـــەت لـــۆرا جـــاری وابـــوو پـــالیْ دەداوە و رادەکشـــا. بتـــی لی کـــە ئێســـتا لـــە هەفتەیەکـــدا تـــەنیا ســـیْ رۆژان دەهـــات. لـــەپاش چـــل و دووســـالْ کـــە لەگـــەلْ ئـــەو بنەماڵەیـــەدا بەســـەری بردبـــوو، هێشـــتاش دەرکـــی بـــە هەنـــدێك پەیوەنـــدی نـــەدەکرد، نەیدەزانی کە رەنگە دیسانەوە هەندێك شت رووبدات.

ئەو بە ئاوازە دەنگێکی ئاگاداری دەکاتەوە، گوتی:" جەنابت زۆر نیگەرانی."

بەهەر حـاڵ لـۆرا وەڵامـی نەدایـەوە. تیشـکێکی چـاوەڕوان نـەکراو هـات و دوابـەدوای ئەویدا تریشقە، ماڵەکەی هەژانـد. ئـەو دوو ژنـە بـە پەرۆشـییەوە سـەیری یـەکتریان کـرد. لـۆرا گـوتی:" پیاسـەی دەرەوەی شـاری تیمـی، مـن دڵنیـام کـە پەناگەیـەك دەدۆزنـەوە، بەڵام ئەگەر ناچار بـن بـۆ دۆزینـەوەی پەناگەیـەك بگـەڕێن، ئەوسا چـی؟ دەزانـی کـە ئـەو نابێ بچێتە بەرباران." پاشان بەناڵەیەك درێژەی دایە:

"ئۆهـو، خوایـە گیـان. ئێسـتاکە ئیـدی زۆر ئەسـتەمە، کـە سـنوورێك لـە نێـوان منـداڵانی دیکـە ئـەودا دابنـێین و لێنەگـەڕێین کـە وەکـو منـداڵانی دیکـە ژیـان بەسـەر ببـات! دەرفـەتی پـێ بـدەین تـاکو ژیـانێکی ئاسـایی هـەبێت؟ بـەڵام ئـاخر ئاسـایی چ مانایـەکی هەیـە؟ ئـەوان بـە ئێمـە یـان گوتـووە، کـە ئاگـاداری نەخۆشـی سـییەکان بـین، ئاگامـان لـە نەخۆشـی شـەکرە بێـت، ئـەو نابـێ زۆر گـەرمای بێـت، نابـێ زۆر ئارەقـە بکـات، چـونکە ئـاوی لەشـی لـە دەسـت دەدات و دەرشـێتەوە. دڵنیـابن کـە حەبـە سـوێرەکانی لـە گیرفاندایـە، لێـی گـەڕێن تـا ئـەو جێیـەی کـە بـارودۆخی رێگـە دەدات وەرزشی بکات، بەڵام مـەهێڵن زۆر وەرزشـی بکـات. خوایـە گیـان، ئـاخر کاتێـك کـە ئـەو منداڵـە شـەیدای یـاری بیسـباڵە (چـۆگان بـازی)، ئـەم قسـەیە دەتـوانێ چ مانایـەکی هەبێت؟"

"بـەڵام خـاتوون پێـت وانییـە تەندروسـتی باشـتر دەبێـت؟ دەزانم کـە بـە گـوێرەی تەمەنی جەستەیەکی بچووکی هەیە، بەڵام بەم دواییانە تەندروستتر دێتە بەرچاو.."

"ئۆه بتی لی، خـوا بتپـارێزێ کـە هـەوڵ دەدەی کـەمێك دڵنـەواییم بکـەی، بـەڵام خـۆ تۆ باشتر دەزانی، زۆر باش دەزانی، زۆر باش."

دەنگـی ئـارامی بتـی لی هـەوڵی دا لـۆرا هـان بـدات:" ئـاخر خـۆ نیگـەرانی دەردێـك دەرمـان ناکـات." وەکـو چـۆن پـوورە لیلیـان راهـاتبوو وا بڵـێ. لـە ناکـاو دەنگـی ئۆتۆمبێلێـك کەوتـە بـەرگوێ کـە لـە شـەقامی سـەرەڕادا دەهـات. خـاتوونێکی پـیری بەساڵاچـوو لەگـەڵ تیمیـدا رایـانکردە بـەردەرگا. هـەردووکیان لـە ئاوێـدا شـەڵاڵ ببـوون. تیمـی مانـدووبێ تاقـەت دەهاتـە بەرچـاو. ئـەو خاتوونـە بـە پـۆزش هێنانـەوەوە گـوتی:" تەندروسـتی منداڵەکـە بـە هـیچ جۆرێـك بـاش نییـە. بەڕاسـتی مـن نیگـەرانم، بـەڵام

زریـــانێکی چـــاوەڕواننەکراو دەســـتی پێکـــرد و ئێمـــە ناچـــاربووین بـــۆ دۆزینـــەوەی ســـەر پەنایەك غاردەین. دەزانم کە ئەو نابێ غاربدات. من نازانم چۆن پێتان بڵێم کە.."

لـۆرا ناچـار بـوو قسـەکەی پـێ ببڕێـت:" بـڕۆ قـاتی سـەرێ و خـۆت وشـك بکەیـەوە. بێجامەکـەت لـە پـێ کـەو هـەڵێ نێـو جێگاکـەت. مـن تـا خولـەکێکی دیکـە دێمـە سەرێ.."

ئـــەو بـــەم شـــێوەیە فـــەرمانی داو تیمـــیش گوێڕایـــەڵی کـــرد. ئەمانـــە ئـــیتر یاســـا گەلی هەمیشەیی بوون.

"هیـــوادارم کـــە منداڵەکـــەت بـــەهۆی ئـــەمڕۆوە نـــەخۆش نـــەبێت. ئـــەو زۆر باش و لەبەردڵانە.."

لـــە تەمـــەنی یـــازدە ساڵیشـــدا، هێشـــتا تیمیـــان بـــە مێرمنـــداڵێکی ئـــازیز دەزانـــی. لـــۆرا مـــۆن بـــوو. ئایـــا دەتـــوانێ لەگـــەڵ ئـــەو دۆخەکـــەدا رابێـــت؟ خـــەڵك بەرامبـــەر بـــە تیمـــی لـــە رادەبـــەدەر بەســـۆز بـــوون. ئـــەوان زۆر بـــەئاگاو کاتنـــاس بـــوون، چـــونکە دەیـــانزانی مـــردن چـــاوەڕێی تیمـــی دەکـــات. لـــۆرا گـــوتی:" تکـــا دەکـــەم. ئـــەوە تـــاوانی ئێـــوە نـــەبوو. خـــۆ تـــۆ نەتـــدەزانی کـــە بـــاران دەبارێـــت. بەڕاســـتی گـــەورەییتان نوانـــد، کـــە داوەتتـــان کـــرد بـــۆ دیتنـــی پێشـــبڕکێ بێتـــە ئەوێ. ئێستا ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەی، من، تیمی.."

تیمـــی چـــووبووە جێگەکەیـــەوە و پـــاڵی بەســـەرینەکانەوە دابـــۆوە. لـــۆرا قـــژە تـــەڕەکانی لەســـەر نێـــو چـــاوانە ئارەقاوییەکـــەی لادا. تیمـــی لەبەرخۆیـــەوە گـــوتی:" بەڕاســـتی یارییەکـــە خـــۆش بـــوو. بیســـباڵ زۆر جوانـــە، بـــەڵام کـــەس زۆر بایـــەخی نـــەدەدا. بۆیـــە مـــن ناچـــاربووم بچـــم یـــاری بکـــەم. دەزانم، کـــە تـــۆ ناتـــەوێ سکاڵا بکەی."

پەشـــیمانی دەربڕینـــی وی هـــیچ ســـوودی نـــەبوو. تیمـــی هەمیشـــە ئاگـــای لـــە دانـــی ئـــەو باجـــە بـــوو کـــە بـــەهۆی پێشـــێلکردنی یاســـاکانی نەخۆشـــییەکەی دەبوایە بیدایە.

"دایە، کەمێك گەدەم تێکەڵ دێت.."

"کـــوڕم، تـــۆ ڕێژەیـــەك لـــە ئـــاوی لەشـــت لـــە دەســـت داوە، بۆیـــە وایـــە، ئێســـتا دەچمە قاتی خوارێ و کەمێك ئاوت بۆ دەهێنم.."

بـــەڵام لـــە نیـــوەی ڕێگـــادا بتـــی لی بـــە خـــۆو بـــە ســـوراعیییەك ئـــاوی ســـاردەوە، کە زۆر سارد نەبوو لەبەرئەوەی قەت سەهۆنیان تێنەدەکرد، گەیشتەجێ.

"خـــاتوو لـــۆرا منداڵەکـــە تەندروســـتی باشـــە؟ ئەگـــەر پێویســـت دەکـــا مـــن دەمێنمەوە."

"نـــا، نـــا، تـــۆ ئـــەمڕۆ بەڕاســـتی زۆرت زەحمـــەت کێشـــا. دەبـــێ ئیـــدی بـــەرە بـــەرە باد بێتەوە."

"ئەگـــەر پێویســـتیان بـــە مـــن هـــەبوو دەبـــێ تەلـــەفۆنم بـــۆ بکـــەی. خـــۆ تێگەیشتی؟ لە بیرتان نەچێ کە کوڕی منیشە."

ئـــەوە خـــودی تیمـــی بـــوو، کـــە ئـــەو خۆشەویســـتییەی دروســـت دەکـــرد. خـــوا دەزانـــێ کەلـــە بەڵایـــەی سروشـــت بەســـەری هێنـــابوو، تیمـــی چـــەندە مـــافی ئـــەوەی هەبوو سکاڵا بکات، بەڵام ئەو قەت سکاڵای نەدەکرد.

"هەر نەبێ نیوەی ئەم پەرداخە بخۆوە. پێویستت پێیەتی."

"بۆ خۆم دەزانم."

تیمـــی بـــە گاڵتـــەو بەشـــێوەیەکی لێزانانـــە گـــوتی:" کلۆیـــد ســـودیۆم بـــە شـــێوەی خۆراك بەکاربرێت."

ئـــەو تـــەواوی ئـــەو زانســـتە پســـپۆڕییانەی دەزانـــی، دەیزانـــی کـــە دەبـــێ ڕێژەیـــەکی زۆر پـــرۆتین و ڕێژەیـــەکی نـــە ئەوەنـــدە زۆریـــش چـــەوری بخـــوات، بـــەڵام ڕژێنەی پەنکریاسی وەکو پێویست کاری نەدەکرد.

تـــا ڕادەیـــەك ئـــەوەیان پـــێ گوتبـــوو کـــە دەبوایـــە بیزانێـــت، بـــەڵام ئـــەو بـــۆ خـــۆی چـــووبووە کتێبخانـــەی قوتابخانـــەو لـــەوێ لـــە کتێبێکـــی پزیشـــکیدا خوێنـــدبۆوە، کـــە تەمـــەنی کـــورت دەبێت.ئـــەوان لـــە ڕێگـــەی کتێبفرۆشـــەکەوە لـــە مەســـەلەیە تێگەیشـــتبوو، بـــەڵام تیمـــی قـــەت وەبـــیر خـــۆی نـــەهێنابۆوە. لـــۆرا لەپـــەنا قەرەوێڵەکـــەی دانیشـــت و ســـەیری ئـــاو خواردنەوەکـــەی کـــرد. ئیرێـــل (ســـەگەکە) هاتـــە ژووریێ بـــۆ لای قەرەوێڵەکـــە. خـــۆی ڕاوەشـــاندو دڵۆپـــە بارانـــەکانی لـــە پێســـتە خۆڵەمێشـــییە توکنەکـــەی خـــۆی تەکانـــد و پڕژاندییـــە دەوروبـــەر. کاتێـــك تیمـــی ئـــەو قۆڵـــەی کـــەبازبوو. لـــە دەوری ســـەگەکە ناڵانـــدن و ڕایکێشـــایە نزیـــك خـــۆی، ئـــەو حاڵەتـــە ئاشـــنایەی کـــە ئـــەو ڕۆژە بـــە ئـــازارەوە. هـــەیبوو، ئەوەنـــدە

توندو نیگەرانکەر بوو، کە لۆرا ناچاربوو چاوی هەڵگری و تەماشای شوێنێکی دیکە بکات. بۆیە چاوەکانی لەسەر بوتڵی ئۆکسیجینەکە لاچوو کە هەمیشە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا ئامادەبوو و کەوتە سەر پیاڵەکانی یاری خلیسکانێ لە نێو دۆلابەکەداو سەرەنجامیش بۆ سەر مشارەکەی تام لەسەر مێزەکە، بەهیچ جۆرێك هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد. پێویست بوو شتێك بگوترێ، قسەیەکی بێ سوود یاخود رادەبڕینێکی ئاسایی. بۆیە لۆرا گوتی:

"خوایە گیان، پێست هەتاو بردویەتی؟ وا نییە؟ خەڵك بە پێستی وەها سپییەوە تەنانەت لە رۆژێکی هەوریشدا ئاگات لە خۆیانە. خۆ بۆ خۆت دەزانی، مرۆڤی وەکو من و تۆ تام."

"دایە، من و تام وەکو یەك دەچین، جگە لە رەنگی قژمان، وانییە؟"

"وایە."

"بەڵام تام خاڵ خاڵ نییە."

"نا، تام خاڵ خاڵ نییە."

"ئەمە بەو مانایە کە منیش نامبێت."

"بە ئەگەری زۆر نا، بەڵام ئەگەر پەیداش ببێت، ئێمە دەتوانین ئاگاداربین تاکو زیاد نەکات."

"بەڵام من وەکو تامم دایە، کەواتە خاڵ خاڵ نابم. "تیمی بە پێداگرییەوە گوتی:" من ناتوانم تاکو ئەو دەگاتەوە ماڵێ چاوەڕوان بم. ئەمرۆ هەینییە؟"

"بەڵێ."

"بابە بۆ ئەوەی خۆی و هەموو کەلوپەلەکانی بێهێنێتەوە بە ئۆتۆمبێل بە شوێنیدا دەچێ و کەواتە ئەو بە درێژایی هاوین لە لامان دەبێت."

"وایە، ئێوە پێکەوە کاتێکی خۆش بەسەر دەبن."

" بیرم لەوە کردەوە، کە تۆ و باوکم هەردووکتان چوونەتە زانکۆی ویلایەتی و ئێستاش تام دەچێتە ئەوێ. کەواتە رەنگە منیش بچمە ئەوێ."

لـــۆرا، بـــە خۆشـــحاڵییەوە گـــوتی:" بـــەڵێ، بـــەڵێ، ئەگـــەر نمرەکانـــت هـــەروا بـــە بەرزی بمێننەوە."

تیمی باوشکێکی هاتێ و گوتی:" کەی بابە دەگاتەوە ماڵێ؟"

لـــۆرا ســـەیرێکی کاتژمێرەکـــەی کـــرد و گـــوتی:" نزیکـــەی کاتـــژمێرێکی دیکـــە و تۆ زۆر ماندووی کوڕم، وانییە؟"

"بەڵێ، پێم وایە وابێت."

" کەواتـــە ســـەرخەوێك بشـــکێنە: ڕۆژێـــك دوور و درێـــژت بەســـەر بـــردووە، دەکرێ سەگەکە لەگەڵ خۆمدا ببەم؟"

"نا، لێی گەڕێ بالێرە بێت. ئەویش هەر لەم ژوورەدا دەخەوێ."

لــە تەمــەنی تیمیــدا، کــوڕێکی وێــڕای ســەگ، حــەزی دەکــرد بــاوکێکی و برایــەکی هــەبێت و تووشــی نەخۆشــییەکی کوشــندە نــەبێت، چــاوەڕوانییەکی ســادە، دیســانەوەش ئەو گرفتانەی کە لەوانــە بــوو لەبەرامبــەر ئــەو شــتانەی کــە لــە داهــاتوودا دێنــە پــێش وا بنوێندرێن کە دەکرێ لەگەڵیان هەڵ بکرێ.

ژووری تــام نزیــك بــوو لــە کۆتــایی قادرمــەکان و دەرگــای ژوورەکــەش کرابــۆوە. چــەند ڕۆژێکــی دیکــە ئــەو بــە هــەموو کەلوپەکانییــەوە دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەم ژوورە، جلــەکانی، کتێبـــەکانی، گیتارەکـــەی و هـــەروەها ڕێکتەکـــەی یـــاری تێنســـی. تـــەواوی ئـــەو پێداویســـتیانەی کـــە دایـــك و بـــاوکی گێلـــی بەختـــەوەر بەتایبـــەتی ئەگـــەر باوکەکـــە فیــداکاربێت. دەتــوانن لــە کۆلێــژ کوڕەکــەیانی پــێ تەیارکــەن. لــۆرا دڵخۆشــبوو، چــونکە تــام تەندروســتی، وزە و هیــوای لەگــەڵ خۆیــدا دەهێنایــەوە. هیــوا، هــەرکاتێك کــە ئــەو سەبارەت بــە تواناکــانی تــام بــیری دەکــردەوە لیوانلیــۆ دەبــوو لــە هیــواو پاشــان لــە ناکــاو وەکو بەردێك کــە فڕێــی بدەنــە نێــو ئــاوەوە هیواکــەی نــەدەمان. ئــەو هــەنگاوی نایــە نێــو ژوورەکــەو لەبەرتیشــکی ســووری خــۆر کــە لــە پــاش زریــان ســەر لــە نــوێ لــە پشــت هەورەکانەوە بەدیارکەوتــەوە هەســتی بــە بێــدەنگی ئــەو ژوورە چــۆڵە کــرد. دڵۆپــە ئــاو بــە ئــارامی لــە داربــەرووی بــەر پەنجەرەکــەوە دەتکــاو لەســەر گەڵایەکــەوە دەڕژایــە ســەر گەڵایــەکی دیکــە. ئێســتا نیگــای بــە دەوری ژوورەکــەدا دەســوڕایەوە. دەیزانــی چ شــتێکە لێك لەوێــدا هــەن و ئــاواتی دەخواســت بــەهۆی هێزێکــی ســحرایەوە ئــەو شــتانە لەناوبچــن و نــەمێنن: کتێبێــك بەناونیشــانی "قارەمــانی مــن، هیتلــەر." " لەوپــەرگێکی ســادە و

بریقەداردا و هەروەها پوستەرێکی گەورە لە رووخساری جوانی جیم جۆنسۆن کە بە پونس بە دیوارەوە دایان کوتابوو.

لۆرا هاواری کرد:" تام، تام، تۆ خەریکی چی لە خۆت دەکەی؟"

لۆرا هەر لەوێ راوەستابوو، کە باد گەیشتەوە ماڵێ و لە قادرمەکان وەسەرکەوت و گوتی:" هێی، لەو سەرەوە چی روویداوە؟ تیمی لە کوێیە؟"

لەبەرئەوەی تیمی هەموو رۆژێك لە هەیوانێ چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکی دەکرد. لۆرا یەکسەر باسی ئەو رووداوەی کرد، کە رووی دابوو، روونی کردەوە: " ئەو لە نێو جێدایە، کە هاتەوە ماندوو بوو."

باد لە تووڕەییان تەقییەوە:" ئەو ژنە گەمژەیە، ئەو دەیزانی، دەیزانی کە دەبێ ئاگای لە تیمی بێت. تاکە شتێك کە ئەم منداڵە پێویستی پێیەتی هێرشێکی دیکە نەخۆشیی سییەکانیاتی لە جەژنی سوپاسگوزارییەوە ئەمە سێهەمین هێرشە، هەر ئەمەو بەس. مەگەر دەستم نەیگاتێ تا ملی بشکێنم."

لۆرا گوتی:" ئاخر خۆ تاوانی وی نەبوو، زریان لە چاو تروکانێکدا هەڵی کرد و ئەوان لە نزیك هیکولی برێنج بوون. ئەو بەڕاستی لەم رووداوە نارەحەت بوو."

"دەڵێی هیچ کارێکی دیکەی نییە جگە لەوەی تیمی ئەوەندە لە ماڵێ دووربخاتەوە. ئەی بیانی گەمژە، لەوە زیاتر سەری لە هیچی دیکە دەرناچێ، چۆن مرۆڤێکی وەکو رۆلاند سان دەبوایە بچێتە ئەوروپا تا هاوسەرێك بدۆزێتەوە، کە من هەر نازانم خەڵکی کوێیە، یۆنانییە یان ئیتاڵی یان شتێکی تر."

"باد، بەڕاستی تووشی زۆر خراپ بووی، ئەو ئافرەتێکی بەسۆزەو بۆ زانیاریشت دەبێ پێت بڵێم کە پورتوگاڵییە."

"هەر نەبێ چاکە کە جوولەکە نییە."

لۆرا ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:" خۆزگە تۆ قسەی ئاوات نەکردبایە. من بەتایبەتی حەزدەکەم کە لەبەر دەمی تامدا ئەو شتانەت نەگوتبایە. چۆن دەتوانی بەرامبەر خەڵکێك کە دەیان ناسی ئەوەندە بەسۆزبی و لە هەمانکاتیشدا هێندە ستەمکار بێتە بەرچاو؟"

"ئۆهو، ئازیزەکەم وازبێنە. وەرە با دووبارە نەچینەوە سەر ئەم باسانە. تۆ لە ماڵێ دانیشتووی، لە کەشوهەوای گەرمی خێزاندا نوقمی نەوای مۆسیقا بووی و

نازانی چ باسە. تۆ لە نێو ڕووداوەکانی ژیاندانی کە لە دنیادا بۆ ژیانت بجەنگی. ئەو شتانە نابینی کە من دەیان بینم. بەهەر حاڵ تیمی باشە؟"

"نووستووە. جارێ ناکۆکێ، بۆیە پێم وانییە سییەکانی پڕ بووبن لە شلە."

"باشە لە ژووری تامدا چیت دەکرد؟ خەریکی خۆ ئامادەکردن بووی بۆ ڕۆژی هەینی؟ من هەر لە ئێستاوە ئامادەم."

"نا، تەنیا بۆ ماوەی خولەکێك لێرە ڕاوەستابووم. نیگەران بووم." لۆرا کتێبی " قارەمانی من، هیتلەر" ی بە دەستەوە بوو: " سەیرکە ئەم منداڵە چ جۆرە کتێبێك دەخوێنێتەوە!"

باد شانی هەڵتەکاندن و گوتی:" تۆ ئەم شتانە زۆر بەجدی وەردەگری. ئەو تەنیا منداڵێکە، لە ماڵێ دوورە، کەوتۆتە بەر ڕۆشنایی هەموو ئەو بیروباوەڕە نوێ و تازانەوە. هەر نەبێ جێی خۆشحاڵییە کە ئەو بیردەکاتەوە، نەك وەکو مرۆڤێکی تێنەگەیشتووی گێل کە سەری لە هیچ دەرناچێ."

" من وام پێ باشتر بوو، کە مرۆڤێکی گێل و تێنەگەیشتوو بوایە و وەها بیروباوەڕێکی نەبوایە."

پاشان لۆرا ئاماژەی بە وێنەی جیم جۆنسۆن کرد، کە بە دیوارەوەدا کوترابوو و گوتی:" ئەمە ئەو پیاوەیە کە لە پشت هەموو ڕووداوەکانەوەیە، ئەو پیاوە خوێڕییە شەڕەنگێزە."

"لۆرا من لەگەڵتدا هاوڕانیم. خۆ جۆنسۆن هیتلەر نییە لە قسەکانی ویدا سەبارەت بە بارودۆخ و هەلومەرجی ئێستا بەڕاستی کۆمەڵە ڕاستییەك خۆیان حەشارداوە. چینی مام ناوەندی کۆمەڵگا بەڕاستی لەژێر گوشار دایە و باجی کەسانێك دەدات، کە کارناکەن، ئەوانەی کە هەموو سامانەکە بۆ گیرفانی ئەوانە، مشەخۆرەکان."

"من قەت مرۆڤی مشەخۆرم خۆش ناون، بەڵام ئەم مرۆڤە دەروونی لە قین ئاخندراوە. ئەو کەڵك لە نەفامی و نەزانی خەڵك وەردەگرێ. بۆ پەلکێش کردنی گەنجەکان، ئەو لە سیاسەت سێرکێکی دروست کردووە، تەڵەیان بۆ دەنێتەوەو بەسادەیی بڵێم. ئەو دەمترسێنێ."

وا چاکە لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا رابێنن. بڕیار وایە ئەو بۆ هەمیشە لێرە بمێنیتەوە. لە مانگی تشرینی داهاتوودا دەچێتە ئەنجوومەنی پیرانی ویلایەتی، ئەمە بزانە."

" وا چاکە لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا رابێین. بڕیار وایە ئەو بۆ هەمیشە لێرە بمێنێتەوە. لە مانگی تشرینی داهاتوودا دەچێتە ئەنجوومەنی پیرانی ویلایەتی، ئەمە بزانە... "بەڵام بە دەنگی من نابێت.."

"بەڵام ئایا نیازت وایە دەنگت بە مەکێنزی بدەی؟"

"بەڵێ، بێگومان کە دەنگ بە دەدەم. ئەو میانە رۆیە، مرۆڤێکی ژیر لە کۆلێژی جۆرج تاون و لایەنگری ئاشتییە، نەك کەسێك کە بەرنە دانی هەستەوەرییەکانیان و دەمارگیرکردنیان خەڵك هان بدات بۆ کاری توندوتیژی و تەنانەت ئەگەر ئەم خەسڵەتانەشی تێدا نەبونایە.. لۆرا بەدژواری گوتی:"..دیسانەوەش لە جیم جۆنسۆن باشتر بوو.."

"ئێ، دەلێگەڕێ دەنگەکانی ئێمە دووانە یەکتری پوچەڵ بکەنەوە. ئێرە وڵاتێکی ئازادە. بەهەر حاڵ من نامەوێ سەبارەت بە سیاسەت قسە بکەم. تۆ دەتوانی بیروباوەڕەکانت لای خۆت بپارێزی و هەر چۆنێك بێت دەتوانی لەگەڵ مندا باسیان بکەی، بەڵام تۆ ناتوانی بیری هیچ کەسێك بگۆڕی و کەسیش ناتوانێ بیری تۆ بگۆڕێ. جگە لەمەش بۆ مرۆڤێکی لە پێگەی مندا، شتی وا بۆ بازرگانی زیانبەخشە، دوژمن دروست دەکات.."

باد هەروا کە دوا بەدوای لۆرادا دەچووە قاتی خوارێ، قسەی دەکرد: " ئێ، مەسەلە ئەوەیە کە باشەکشە بکەین یان نا؟

ئێمە مرۆڤکەلێکی پڕ ئیش و چالاکین. بازاڕ رەونەقی زۆری پەیداکردووە، ئەوان خەریکن هێندێك شتومەك لە ئێمە دەکڕن و سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونیش گۆڕانکاری زۆر هاتۆتە ئاراوە. خەڵك خەریکن لە بری ماڵ گواستنەوەی خانووگەلێکی کە مەیلیان لێیەتی، دروست دەکەن." باد تا ژووری چێشت لێنان وە دووی هاوسەرەکەی کەوت:" هەروەها لۆرا تکایە لە تام توورە مەبە. ئەو قوتابییەکی باشە، قوتابییەکی چالاك و جدی زانکۆیە و هیچ کاتێك بچووکترین کێشەمان بۆ دروست ناکات..."

لۆرا بە قاپـە زەلاتـەی دەسـتییەوە خـۆی سـوڕانە و گـوتی:" ئایـا تـۆ ئـەو کتێبانـەت خوێندونـەوە، کـە لـە ژوورەکەیـدان و دەربـارەی رەش پێسـتەکانت؟ مـن تـەنیا هیـوادارم کە بتی لی نەیخوێندینەوە، چونکە نامەویّ زیان بە رۆحی وی بگات."

" کـوڕە ئـەو بتـی لی زۆر خـۆش دەویّ. ئایـا تـاکو ئێسـتا تـام بەرامبـەر تـی لی بـیّ ئەدەبی نواندووە؟"

"نا."

"باشـە، کەواتـە تـۆ بـە هـیچ جۆرێـك لـەو کتێبانـە رازی نیـت، کـە دەیانخوێنیتـەوە، هەورەکو گوتم کۆمەڵە راسـتییەك لـە نێـو ئـەو کتێبانـەدا خۆیـان حەشـارداوە، شـتێك پـتر لـەوەی کـە تـۆ بـیری لێدەکەیـەوە و تـاکو ئـەو کاتـەی کـە ئـەو خـۆی نەخسـتۆتە نێـو گێژاوەوە من شانازی بە کوڕەکەمەوە دەکەم و هەر ئێستاش شانازی پێوە دەکەم."

" نا، تۆ ناتوانی بیرکردنەوەی خەڵك بگۆڕی."

بـاد گـوتی:" مـن بـەداخم لـەوەی کـە ئێمـە نـاتوانین بـە وردی هـەموو ئـەو شـتانە ببینن."

پاشان دەستی لـە ملـی ژنەکـەی نـا و گـوتی:" بـەڵام ئێمـە سـەبارەت بـە زۆر بابـەتی دیکە رێك دەکەوین، وانییـە؟ سـەبارەت بـە بابەتگـەلی گـرنگ و ئـەوەی کـەچ کارێـك بـۆ یەکتری و کوڕەکان ئەنجام بـدەین، راسـتە؟" ئـەو قسـەیە راسـتییەکی لەسـەدا سـەد بـوو و لۆراش پشتگیری لێکرد.

بـاد گـوتی:" کەواتـە دە وەرە باپێکـەوە شـتێك بخـوین.: و ئـەوان لـە پشـت مێـز دانیشتن. مێزەکـە کـەوتبووە راسـتی شـەماڵێکی فێنـك و بـۆنی گـژوگیا تەڕەکانـەوە. ئـەو کاتـــە، دوانیوەڕۆیـــەکی ئـــارام و درەوشـــاوەبوو و لـــە نێـــو مـــاڵێکی لەمێژینـــەدا ئاسـوودەبییەکی دڵخۆشـکەر هـەبوو، بـەڵام هەسـتێکی قـوڵی تـەنیایی لـە دەروونـی لـۆرا سـەریهەڵدا، کـە لـە ئەنجامـدا لـەرزی هـاتیّ، هەرچـەندە کـە هەستیشـی بەسـەرما نەدەکرد.

# بەشی چوارەم

"هەر لەو تەدا کە ئێوە خەڵك هەمووبە پەرۆشن، کە خودی جیم نەیتوانیوە بێتە ئێرە، بەڵام ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە، کە بتوانێت ئەم ویلایەتەو هەروەها هەموو گۆشەو کەناری ئەم شارە، بەر لە مانگی تشرینی دووەم بخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە.

دەمەوێ ئێوە بزانن، کە من ڕێز لە ئامادەبوونتان دەگرم و جیمیش ڕێزدەگرێت لەو گرنگیدانەی ئێوە بەرامبەر بە من کە لەبری ئەو هاتووم و داواتان لێدەکەم کە بزانن هەر وشەیەك کە من ئەمشەو لێرە دەرمبڕیوە، ئەو شتەیە کە ئەو داوای لێکردووم تاکو بیڵێم.

تکاشتان لێدەکەم کە گوێ بۆ ئەم قسانەی من بگرن، لەبەرئەوەی ئێمە هەموو پێکەوە لێرە کۆبووینەوە و هەمووومان پێکەوە تا دوایین کەس پشتیوانی لە ئامانجەکانی یەکتری و لە ئامانجی جیم دەکەین."

ئەم دەنگە لە دەرەوە لە گەرووی کەسێك دەهاتەدەر و بە بڵند گۆ بەهێز دەکرا، زۆر جار بەر دیوارەکان دەکەوت و دەنگی دەدایەوە تاکو بەرزترین هەورەیان سەردەکەوت و تاریکاییەکەی پشت ڕووناکییەکەی پڕ دەکرد. دوو هەزار دەنگ وەڵامیان دایەوە." هەموو پێکەوە، هەموو پێکەوە. دواتر ئەم دەنگە کپە بەرگوێ کەوت:" ئێمە چیمان دەوێ و دەسەڵات، دەسەڵات دەنگی جۆراو جۆر، کە ئێستا لەو نیوەشەوەدا زۆر توندوتیژ و دا چڵەکێن بوو:" هەمووومان پێکەوە، هەمووومان پێکەوە." کاتێك ئەوان بێدەنگ بوون، بێژەرەکە کە پیاوێکی باڵاکورت بوو بە قژی تەنکەوە، درێژەی دا بەقسەکردن. نێوچاوانی ئارەقاوی بوو و لەژێر تیشکی ڕووناککەرەوەکاندا دەبریقایەوە:" ئێمە پەیامێکمان بۆ واشنتۆن هەیە، بەڵێ ئێمە دەگەینە ئەوێ و پێتان وانەبێ کە ئەمە نابێت. ئێوە جیمتان نارده ئەنجوومەنی ویلایەتی، پاشان دەیکەنە پارێزگار و ددواتریش دەینێرنە واشنتۆن، بۆ خاڵی لوتکە و

دەبینن، کە ئەو ئەم وڵاتە دەگۆڕێ. ئەمەیە پەیامی ئێمە بۆ واشنتۆن: ئێمە لە ڕێی خۆماندابن، لە ڕێی خۆماندا، ئێمە بێزاربووین لەم هەڵاواردنەو ئەوانەی کە خوێنی ئێمەیان مژیوەو کۆمەڵە مشەخۆرێکی دەوڵەمەند کە واشنتۆنەوە پشتیوانی لە وڵاتە دەرەکییە بینراوەکان دەکەن. با لە سەر ڕێگای خۆمان بین، کەمتر قسە بکەین و زیاتر کردەوە، هەبێ لە پشت جیم جۆنسۆن بین، ئەوسا کردەوەتان نیشان دەدەین، کار بکەن، کار بکەن.."

ئامادەبوون هاواریان دەکرد. زۆربەیان هەستابوونە سەرپێ، دەیان نەڕاند و چەپڵەیان لێدەدا. بۆ ماوەی چەند خولەکێك بێژەر لە قسەکردن وەستاو ڕەزامەندی خۆی دەربڕی. لە ناکاو باسکی خۆی لەنێو کراسە قۆڵ کورتەکەیدا بەرەو ئامادەبووندا ڕاداشت و لە کاتێکدا کە لەپی دەستی بەسافی و ڕووەو سەرەوە ڕاگرتبوو ژنی و ئەو پیاوانەی کە لەڕیزی پێشەوە، نزیك بێژەرەکە دانیشتبوون، بە هەنگاوی پتەو دەستیان کرد بە ڕژێ (مەسیرە). تام لە کاتێکدا کە سەیری ڕۆبێرتای دەکرد گوتی:" سروودی سەربازی خوێنی من بە جۆش دەهێنێ."

ڕۆبێرتا، ئەو کچە وردیلەیە هەستایە سەر پێ و گوتی:

" جوانە، زۆر جوانە." چاوە ڕەشەکانی بەترس و ڕێزەوە دەدرەوشانەوە.

"ئەو بێژەرەش زۆر باشە، کاتێك زانیم کە جیم نایەتە ئێرە بەڕاستی نائومێدبووم، بەڵام ئێستا منیش هەست دەکەم کە خوێن لەنێو دەمارەکانمدا بەجۆش و خرۆش هاتووە. بەهەرحاڵ، تۆ تاکو ئێستا ڕاستەوخۆ گوێت لە قسەکانی جیم نەبووە، چاوەڕێ کە تا بیبیستی."

ئەوان ڕێگای خۆیان لە نێو ئامادەبوون بەرەو دەرگاو شەوی گەرمدا کردەوە فڕینی درێژخایەنی هەنگاوەکان بەرەو لای ئەو قادرمە درێژانە تاکو سەر شەقام. ئەو پیاوانەی کە لەملاوئەولا ڕاوەستابوون جۆرە بەرگێکیان لەبەردابوو هاوشێوەی بەرگی فەرمی (یونیفۆڕم) دەهاتە بەرچاو: پانتۆڵی ڕەش، پشتێنی چەرمی ڕەش و دەرزیلەیەکی سووری بەرۆك کە نیشاندەری گروپی جیم جۆنسۆن بوو، بە کراسەکەیانەوە قایمیان کردبوو.

ڕۆبێرتا گوتی:" زۆربەیان چەکدارن. دەزانی؟ ئەو کچەش لە پانتۆڵی چیندا دەبینی؟ ناوی لۆرا دینە ئەویش سەرۆکی پاسەوانانی ئاسایشە، ساڵەهای ساڵ لە سیاسەتدا

کاری کردووه، ئێستا دەبێ تەمەنی سی ساڵ بێت. ئەو ئێستا بۆ جیم کاردەکات. خۆ تێگەیشتی کە ئێمە دەبێ چۆن پارێزگاری لە خۆمان بکەین؟ ئەمە بێزارکەرە، تۆ قەت تێناگەی کە ئەم توندڕەوانە چی دەکەن، کۆمەڵە ڕەش پێستێکی دڕندە، خوا دەزانێت. هێی، سڵاو! لو، حەبسی، نورما، تۆقێنەرە، وانییە؟"

گروپێکی بچووك چوار دەوریان لە ڕۆبێرتادا. تامیش کە نیوەی لە ناوەوەو نیوەی لە دەرەوەی بازنەکە بوو، سەیری دەکرد. ئەوەی کە ئەو کچە بچووکە، ئەو بووکە شووشە پڕ خرۆش لەبەردڵانە چاو ڕەشە، ڕێبەری گروپێك ژن و پیاوبێت، دڵخۆشی دەکرد و خۆشحاڵ بوو لەوەی کە ئەو کچە دەیتوانی زۆران بە قوربانی تام بکات، ئەو تامی بۆ خۆشویستن هەڵبژاردبوو، تام ساڵێك لە ڕۆبێرتا بچووکتر بوو، کە ئێستا لە ساڵی سێهەمی خوێندنی زانکۆی بوو، ئەو ڕۆبێرتا لە جەنگی قوتابییەکی زانکۆ ڕفاندبوو، کە لە دوایین قۆناغی خوێندندا بوو و لە ڕادەبەدەر خۆشی دەویست.

ئەو لە مانگی ڕابردوودا لە ئاهەنگێکی زانکۆدا ئەو کارە بوێرانەی کردبوو کاتێك کە پرسیاری تەمەنیان لێدەکرد، تام هەمیشە وەڵامی دەدایەوە:" تەمەنم نزیکەی بیست ساڵە." ئەم وەڵامە باشتر بوو لەوەی بڵێ تەمەنم نۆزدە ساڵە.

"ڕۆبی" هەمیشە پێی دەگوت:" تۆ بە تەمەنتر دێیە بەرچاو، تۆ پیاوێکی شازی و زۆریش ژیری، ئەوەت دەزانی؟ دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، من ناتوانم لەگەڵ مرۆڤی گەمژەدا ڕێك بکەوم و نیوە مرۆڤی ئەم زانکۆیە بەهیچ جۆرێك هی ئێرە نین."

ڕۆبی حەزێکی سەیری لە وتاربێژی هەبوو. ڕێگای خۆی لە سفرەوە گەیاندبووە ئەو شوێنەی کە ئێستا لێبوو و گەیشتبووە پلەیەکی بەرز. ئەو وەکو دایکی تام زۆر ئەهلی موتاڵاو خوێندنەوە بوو و هەر لە سەرەتاوە نمرەی بەرزی بەدەست هێنابوو، تەنانەت لەوانەی قورسی وەکو فیزیا و کیمیا کەوانەی ئاسان نەبوون. ئەو لە وانەی کیمیادا یەکەم بوو و تەنانەت بە شێوەی تایبەتیش وانەی بە قوتابییەکانی دیکە دەگوتەوەو لە هەمووشی گرنگتر ئەوە بوو، کە هەواڵنامەی هاواری سەربەخۆیی بەڕێوەدەبرد. ئێستاش چەند کەسێك ئەو گۆڤارەیان لەسەر شۆستەکەی بەردەم بینای سیوك سەنتەر دابەش دەکرد.

تام گەڕایەوە سوڕاو سەیری ئەو بینایەی کرد، کە لە شوێنێکی بەرز دروست کرابوو. لە خوارێ ڕا. جوانییەکی تایبەتی تێدا بەدی دەکرا. پەنجەرە بەرز و

باریکەکانی، ئەوەندە لەپەنایەك و لێك نزیك بوون کە بینایەکە لە نێوان تیشکی ئاسمان و گلۆپە دەسکردەکانی خۆیدا بریقەیەکی تایبەتی هەبوو و دەدرەوشایەوەو وا دەهاتە بەرچاو، کە دەتگوت بە تەواوی لە شووشە دروستکراوە. تام لە دڵی خۆیدا ئاوا، بیری دەکردەوە کە زۆر شتێکی باشە مرۆڤ ئەندازیارێکی بیناسازی بێت:

"ئەگەر من بڕیارم نەدابایە، کە بچمە زانستی بۆشایی ئاسمانەوە بە ئەگەری زۆر بەشی بیناسازیم هەڵدەبژارد. هەڵبەت ئەگەر وڵات دابەش نەبێت، لەو کاتەدا ئیدی چ کەسێك پێویستی بە بیناسازی هەیە، چ کەسێك دەتوانێ پلان بۆ داهاتوو دابڕێژێ؟"

کاتێك ئەو قسانەی دەکردن رۆبی هەستی بە خەم و پەشیمانی دەکرد:

"بەڵام ئەو شێوازە قسەکردنە دروست نییە، تۆ دەبێ لە جێی خۆت هەستی و هەوڵ بۆ ئەو شتە بدەی کە باوەڕت پێیەتی.

ئەم کۆبوونەوەی ئەمشەو دەیسەڵمێنێ کە کاتێك تۆ رەگەکان ئاودێری دەکەی، دەپشکوێ و بەردەدا." هەمان شەو، کەمێك پاش ئەوەی کە ئەوان پێکەوە دوان، رۆبێرتا گوتی:

" وەرە بالێرە بڕۆین، سواری پایسکیلەکانمان ببین و ئێرە بەجێبێڵین. من دەبێ ئەمشەو زووتر بچمەوە ماڵێ، چونکە هاوژوورەکەم چۆتەوە ماڵی خۆیان، دایکی نەخۆشە."

تام بە پێکەنینەوە گوتی:" من لە بەشی ناوخۆیی قەت ژوورم بۆ خۆم نەبووە. کێلیم کوڕێکی باشە، بەڵام بەردەوام خەریکی خوێندنی وانەی لاتینی و زمانی یۆنانییە، ئەو قوتابییەکی زیرەکی هونەرە کلاسیکییەکانە. ئێمە قەت پێکەوە قسەناکەین، چونکە ئەو کاتی نییە بۆ قسەکردن."

"بەڵام ئەگەر کاتی هەبێت دەتوانن پێکەوە قسە بکەن؟"

"مەبەستت ئەوەیە، کە ئەویش رەگەڵ خۆمان بخەین؟ ئەو هەمیشە دەرزیلەی بەرۆکی لایەنگرانی دەستە راستی مەکێنزی لە سینگی خۆی دەدات."

"ئەمەگرفتێکی گەورەیە لە بەشی ناوخۆیی، تۆ ناتوانی هاوژووری خۆت هەڵبژێری. ئایا پێم گوتبووی کە بۆچی من لە بەشی ناوخۆیی هاتمە دەرێ و سەبارەت بە کاروباری بەشی ناوخۆیی سکاڵا کرد؟

ئـێ لـە رۆژی گواسـتنەوەمدا بـۆ ژووری نوێیەکـەم لـە مـانگی ئـەیلولی رابـردوودا، مـن چوومە ژوورێ و هەڵی بێنە کێ لەوێ بوو:

" کچێکی جوولەکـە کـە خـەریکی کەلوپـەل و شـتومەکەکانی بـوو. بێتوایـە کـە مـن چ حـاڵێکم بـۆ دروسـت بـوو، وای خوایـە گیـان، ئـەو گـوتی: سـڵاو — بەهاوڕێیانـەترین شـێواز کە دەکرا- من ناوم ئینـد فلانییـە. مـن تەنانـەت نەمـدەتوانی نـاوی خێزانیشـی بهێنمەسـەر زمـان. ئـەو گـوتی: " دایکـم کـەمێك خـواردنی بـۆ هێنـاوم، چـونکە پێـی وابـوو کافتریـا نەکراوەتـەوەو خواردنەکـەش بەشـی هـەردووکمان دەکـات. توخـوا لـەم شـیرنەمەنییە شوکولاتیانە بخـۆ، زۆر بەتامـە. پاشـانیش ئـەوە و ئـەوە و ئـەوە.... لـە کاتێکـدا، کـە ئـەو خـەریکی کردنـەوەی کەلوپەلـەکانی بـوو، بـە دنیایـەك شـتومەکەوە کـە بەشـی گەشـتی دەوری دنیـای دەکـرد، دایکـی بـە ئەنگوسـتیلەیەکی ئەلماسـەوە بـە گـەورەیی دەسـکی خـڕی دەرگاکە، وە ژوورکـەوت و دەسـتی کـرد بـە قسـە، فـلان، فـلان، فـلان... مـن خـەریك بـوو شـێت دەبـووم، هـەر نەمـدەتوانی یـەك وشـەش بـدرکێنم. پاشـان ئـەوان بـە ئۆتـۆمبێلێکی لینکـۆڵن چـوونە پیاسـە. مـن لـە پەنجـەرەوە تەماشـام دەکـردن، ئۆتۆمبێلەکـەیان دوایـین مودێل بوو. بـاوکی پزیشـکە، لەوانەشـە پـارێزەر بێـت، لـەو مرۆڤـە قـۆڵ برانـە، بۆیـە مـن یەکسەر چوومە بەشی کاروباری بەشی ناوخۆیی و ژوورێکم دۆزییەوە.

که هەر نەبێ لەگەڵ مرۆڤێکدا بم."

تام خۆی مۆن کـرد، بـاوکی هەمیشـە حـەزی لـە ئۆتـۆمبێلی جـوان بـوو و بـەردەوامیش باشـترینەکەی دەکـڕی، دوایـین ئۆتۆمبێلیشـی لێکـۆڵینیکی مارکـە-٨- بـوو. دایکـی هێشـتاش هـەمان ئـەو ئۆتۆمبێلـە بچـووکە مارسیدسـەی لێـدەخوڕی، کـە کاتێـك تەمـەنی دایکـی گەیشـتە ٣٥ سـاڵی، بـاوکی پێشکەشـی کـرد. وێـڕای ئـەوەش بـاوکی ئەمریکاییـەکی رەسـەن بـوو، پێشـینەکانی و وەچـە دوای وەچـە بـەو وڵاتـەدا ژیانیـان بەسەربردبوو. ئەو سـامانەکەی خـۆی بـە راسـتگۆیی بـە دەسـت هێنـابوو. تـام لـە کاتێکـدا کە شتێکی دەهێنایەوە یادی خۆی گوتی:

"هێی، تۆ ئەمشەو کارناکەی؟"

"ئـۆه، بـەبیرت هێنامـەوە. لـە هەفتـەدا پێـنج شـەو کاردەکـەم، بـەڵام ئـەمڕۆ لەبـەر کۆبوونەوەکەمان مۆڵەتم وەرگرتووەو گووتم نەخۆشم."

"من نازانم کە تۆ چۆن هەموو ئەو کارانە پێکەوە ئەنجام دەدەی؟"

جارێك تام چووبوو بۆ ئەو شوێنەی کە رۆبێرتا کاری لێدەکرد. ئەوێ خواردنگەیەکی بچووك پیس و پڕ هەراو هۆریا بوو بە کڕیاری هیچ و پوچەوە. ئەو سینییە قاپێکی پیسی بە دەستەوەبوو، رێگای خۆی لە نێو مێزەکاندا کردەوە، تام لەو پارە نەختینەیە کارتی ماڵی نێوگێرفانی خۆی هەستی بە گوناه کردبوو. جارێکیان کە کەتام بە پارێزەوە پێشنیاری پێ کردبوو، کە کەمێك پارەی بداتێ یان تەنانەت بە قەرز بیداتێ تاکو رۆبێرتا هەوڵ بدات لەو شوێنە چەپەڵە بێتەدەرێ، رۆبێرتا هەوڵ دەستی بەڕوویەوە نابوو و یارمەتییەکەی لێ قبوول نەکردبوو. ئەو جۆرە سەربەخۆییەکی سەیری لە خۆیدا هەبوو و ئێستاش تام دووبارەی دەکردەوە:" من نازانم کە تۆ چۆنە ئەو هەموو کارانە پێکەوە ئەنجام دەدەی؟" رۆبێرتا شانی هەڵتەکاندن. تام ئەو جووڵە و هەڵسوکەوتەی وی زۆر لە دڵگیر بوو. رۆبێرتا گوتی:" من مرۆڤێکی زۆر بەوزە و چالاکم، کەمم پێویستی بە خەوەو زوو فێری شت دەبم. بەهەرحاڵ، ئەمە جێی خۆشحاڵی منە." تام پرسیاری کرد:" چۆن چۆنی بەمجۆرە چووتیە نێو سیاسەتەوە؟ ئایا بنەماڵەکەت هیچ رۆڵێکیان تێدا هەبووە؟"

"نا، نا... تەنیا چەند کتێبکم بە دەستهێنا کە دەربارەی جیاوازە رەگەزی بوو و خستیمە بیرکردنەوەوە؟ بنەماڵەکەی من ئەوەندە لێکبلاوە کە نەیتوانی فێری شتێکم بکات. باوکم بەڕەچەڵەك نیوزلەندی بوو. نازانم، نازانم بۆ لەگەڵ دایکمدا زەماوەندی کرد، جگە لەوەی کە رەنگە دایکم زۆر جوان بوویێت، جوان بەڵام گەمژە، باوەڕناکەی کە چەندە گەمژە بوو.

باوکم پیاوێکی خاوەن بیر بوو. من رووخۆشی دایکم و بیرمەندی باوکمم بە میرات بۆ بەجێماوە. سوپاسی خواش دەکەم بۆ ئەم دوو خەسڵەتە. بەهەرحاڵ، باوکم لە نیوزلەندا مامۆستای قوتابخانە بوو و کاتێك بۆی دەرکەوت، کە لەگەڵ دایکمدا هەڵناکات، شەڕ و ئاژاوەی ئەوان دەستی پێکرد. باپێت بڵێم کە جارێکیان رقی هەستاو گەڕایەوە نیوزلەندا. ئەو هیچکات تەنانەت سکەیەکی دەسەنیشم بۆ نانێرێ، مەگەر لە کاتی کریسمەس و رۆژی لە دایکبوونمدا دیارییەکی بچووکم بۆ بنێرێ. ئەو بڕە یارمەتییە ماڵییەش کەبەردەستی دەهێنم، لە لایەن دایە گەورەمەوەیە. کە ئەویش بۆ خۆی لە دۆخێکی زۆر باشدا نییە."

"ئەی دایکت؟"

"دایکـم چـاوی بـە پیـاوێکی دیکـە کـەوت و چـووە شـیکاگۆ. مـن جـار جـارە ئاگـام لێیـــەتی، بـــەڵام زۆر کـــەم و بەدەگمـــەن. پێموایـــە ئـــەو کابرایـــەش دایکمـــی لـــە خـــۆی دوورخستۆتەوە، چونکە ئێستا دایکـم لـە کافتریایـەك کاردەکـات، هـەر نـەبێ دایکـم ئێسـتا خەریکە کاردەکات و ئەمەش لەو ئیشە باشترە، کە براکەم دەیکات.

ئەو کوڕێکی تەمەن بیست و چـوار سـاڵانە و تـاکو ئێسـتاش لـە مانگێـك زیـاتر لەسـەر هـیچ کارێـك نەماوەتـەوە، گەمژەیـە، بەڕاسـتی زۆر پێکـەوە رێکـن، بـە دایکـم چـۆتەوە، بەڵام مـن نیـازم وایـە بـۆ خـۆم بـبم بـە کەسـێك، وانـەی کیمیـا بڵێمـەوە یـان لـەوە باشـتر، بەشداری توێژینەوەکان بکەم."

تـام بێـدەنگ بـوو: دنیایـەکی چـەند سـەیریان بـۆ ئـەم کچـە ئـازاو لـە توانایـە دروسـت کردووە، ئەوسا دیمـەنێکی مـاڵی خۆیـانی هاتـە بەرچـاوان، دیمـەنی پـاش نیوەڕۆیـەکی دڵگـیر بە قەفەسـەی پـڕ لـە کتێبـەوە، پیـانۆو سـەرەجوان و بچـووکەکەی دایکـی کەلەبـەر تیشـکی خـۆردا دەدرەوشـایەوە. بـاوکی رۆژنامـەی دەخوێنـدەوە، دایکـی کتێبـی بەدەسـتەوەبوو و تیمـیش خـەریکی راپەڕانـدنی ئەرکـەکانی قوتابخانـەی بـوو لەسـەر سـەکۆی گۆشـەیەکی ماڵێ. رۆبی ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: "تۆ بەختەوەری کە خێزانی باشت هەیە."

"دەزانم"

"هەڵبەت جگە لە براکەت، داماوە، ئەو ماوەیەکی زۆر ناژی، وانییە؟"

تـام قـەت ئـەو بابەتـەی لای رۆبـی یـان هـیچ کەسـێکی دیکـە نەدرکانـدبوو. بۆیـە ئـەو قسانە وایان لێکرد تا کوڵی گریان گەرووی پڕ بکات.

ئەو بە پرسیارێکی دیکە وەڵامی دایەوە:" بۆ ئەمەت لێ پرسیم؟"

"تۆ پێت گـووتم کـە براکـەت تووشـی نەخۆشـی سیسـتیك فیـبرۆزیس بـووە. منـیش لـە کتێبەکاندا بەدوایدا گەڕام. من حەزدەکەم هەموو شتێك بەباشی بزانم."

کەواتــە تــۆ دەزانــی. ئـەم مەسـەلەیە زۆر تۆقێنـەرە." تـام کـوڵی پـەنگ خـواردووی قـوڕگی قـوت دایـەوەو درێـژەی دا:" بەڕاسـتی زاڵمانەیـە. ئـەو کـوڕە بچـکۆلەیە. باشـترین کوڕی سەر زەوییە، زاتێکی باشی هەیەن وەکو من نییە."

"ناتان رایس، تۆش کوڕێکی لە رادەبەدەر باشی. ئەو قسەیە مەکە."

"نابەڕاسـتیمە، مـن جـاری وایـە تـوڕە دەبم، بـەڵام ئـەو بـە بـەردەوامی میهرەبانـە، لەبەردڵانـە و لـە رادەبـەدەر لەسـەرخۆیە. ئـەو دەزانـێ لـەم دنیایـەدا چ باسـە. سـەرەڕای

ئـەوەی کـە تەمــەنی لــە یازدەسـاڵ زیـاتر نییــە، بــەڵام لــە رادەبــەدەر چـێژ لــە قســەکانی وەردەگری.."

"دەربارەی سیاسەتیش شت دەزانیێ؟"

"ئــێ، نــەك لــەم شــتانە. هێشــتا ســەبارەت سیاســەتی ناوچــەیی زانیاریــیــەکی ئــەوتۆی نییە. من دەمویست وێنەیـەکی جیم جۆنسـۆن لـەو ژوورەکەیـدا هەڵواسـم، بـەڵام دایکـم بـە رادەیەك تووڕە بوو، کە وازم لەو کارە هێنا.."

"کەواتە دایکت لایەنگری مەکێنزییە؟"

"بــەڵێ، دایکـم ژنێکـی زۆر باشــە، بـەڵام مــن قــەت نـاتوانم باسـی سیاســەتی لەگەڵـدا بکـەم. بـاوکم جیـاوازە، ئــەو لایــەنگری جۆنسـۆنە، بــەڵام لــە مبارەیــەوە هێنــدە رای خــۆی دەرنابڕێ. ئەو هەوڵ دەدات خۆی بەم کارانەوە خەریکە نەکات..."

"بەڵام تۆ تێکەڵاوی ئەم بێت، ناڕەحەت نابیێ؟"

"نـا، نـا. لـە روانگـەی ئـەوەوە کێشـەیەك لـە گـۆڕێی دانییـە. ئـەو سـەبارەت بـە زۆر بابەت لەگەڵ مندا هاوڕایە و تـا کاتێـك کـە مـن هەڵسـوکەوتی دروسـت بکـەم، لـە هـەموو ئـەو شـتانە رازییـە، کـە مـن بیریـان لێدەکەمـەوە یـاخود ئـەنجامیان دەدەم. بـەڕای بـاوکم.. ئـەو هێنـدە بـیری مشەوەشـە، کـە دەرفـەتی بیرکردنـەوەی لـە بابەتـە سیاسـییەکان نییـە. زیـاتریش لەبـەر براکەمـە. خۆڕوونـە.." تـام هەڵوەسـتەیەکی کـرد و ئـەم بابەتـەی هاتـەوە یـاد:" خوایـە گیـان، تۆقێنـەرە کـە مـرۆڤ ببینێـت منـداڵێك بـە چ شاگەشـکەبوونێکەوە سـەیری وێنـەکانی یـاریی تـۆپی پێـی بـاوکی دەکـات و تـۆش... دەزانـی ئـەو زۆر لـە بیرکردنەوەدا رۆ دەچیێ. من قەت کاری وا ناکەم..."

"تام، تۆ پیاوێکی بەسۆزی.."

"بەڵێ، تۆ پیاوێکی بەسۆزی.."

تام بزەیەکی هات و لە دڵی خۆیـدا بـیری کـردەوە، کـە چـۆن دەتوانێـت ئـەم کچـە شـۆخە بخاتـە ژێـر رکیفـی خۆیـەوە. رۆبێرتـا ئەوەنـدە بەشـەوق و زەوقـەوە دەربـارەی هـەموو شـتێك قسـەی دەکـرد، کـە ئـیتر لـە بـیری دەچـۆوە وازیـان لێبنێنێـت. ئـەوان لـە چـەپی شـارەوە و ترافیکەکەیـەوە بـە پاسـکیل پایـدەریان لێـداو دوورکەوتنـەوە، لـە شـۆنەکانی زانکـۆ تێپەڕین، کە بەخشـتی سـوور دروسـتکرابوون، لـە داربـەڕووەکان بـە گـەڵای قـورس و گـەورە

تێپـەڕین و گەیشـتنە ئـەو لادێیـە بچـووکەی دەرەوەی شـار و پێیـان نایـە ئـەو شـەقامە ئاشنایەوە.

هـیچ شـوقێکی گڵـۆپی ڕۆنـاکی لـەو بینایـە گەورەیـەی بـە شـێوازی ڤیکتۆریـایی دروستکرابوو بەرچاو نەدەکـەوت، مەگـەر ئـەو گڵۆپـە نـەبێ کـە هاوژەکـەی ڕۆبـی بـۆ کـاری پێویسـت لـە هـەورەیان نەیکوژانـدبووەوە. دوو قەرەوێڵـە، دوو مێـزی نووسـین و دوو کورسـی، ژوورەکـەیان پـڕ کردبـوو. ورچـە بووکـە شووشـەکان بەسـەرینەکانەوە پـاڵ دابوونـەوە. وێنەیـەکی زەبـەلاحی جیم جۆنسـۆن، دوو ئەوەنـدەی ئـەو وێنەیـەی کـە تـام لـە ژوورەکـەی خۆیـدا هـەیبوو، بـەر دیوارێکـەوە هەڵواسـرابوو. ژوورەکـە بـۆنی خـاوێنی لێـدەهات و بەڕاسـتیش پـاك و خـاوێن بـوو. هـەمان ئـەو بۆنـەی کـە لـە خـانووە کۆنەکـەی پایگـدا بـەرلوت دەکـەوت. تـام لـە رادەبـەدەر بایـەخی بـەم مەسـەلەیە دەدا. دەرەنگـانی شەو، شەقام ئەوەندە ئـارام و بێـدەنگ بـوو، کـە ئـەوان بـە روونـی گوێیـان لـە دەنگـی بـای شەوانە بـوو، کـە لـە دارو درەختـەکانی دەدا. تـام گـوتی:" ئێـرە شـوێنێکی جوانـە. خۆزگـە منیش شوێنێکی وەهام هەبوایە.."

"وایە. سەبارەت بە تاقیکردنەوەم هەیە، دەبێ بە جوانی بە کتێبەکاندا بچمەوە."

"ئەگـەر حـەز بکـەی دەتـوانی لێـرە موتـالاَ بکـەی. مـن دوایـین تاقیکردنـەوەی خـۆم کـردووە، بـەلاَم دەبـێ وتارێـك بـۆ رۆژنامـەی (هـاواری سـەربەخۆیی) بنووسـم، بـۆ دوایـین ژمـارە تـاکو مـانگی ئـەیلول. هـەبوونی ئـەم ژوورە سـەرەڕای کـەمی کرێکـەی شـتێکی دیکەیـە)، چـونکە کـەس خـۆم تێهـەڵناقورتێنێ و هـەروەها هاوژوورەکەشـم لایـەنگری ئێمەیـەو مـن بەڕاسـتی هەسـت بـە ئاسـوودەیی دەکـەم، ناچـارنیم ئـەو شـتە بشـارمەوە کـە دەینووسم، تەنانەت دەتوانم کتێبی (جەنگی من) بخەمە سەر مێزەکە."

"ئایا بەڕاستی تۆ خوێندووتەوە؟"

"باوەڕ ناکەی، من تەنانەت بە زمانی ئەڵمانیش خوێندوومەتەوە.."

"ئـەڵمانی؟ سەرسـوڕهێنەرە، کـە دەتـوانی تـەنیا دوای دوو سـاڵ، ئەوەنـدە بـە ئاسـانی زمانی ئەڵمانی بخوێنییەوە. بەڕاستی من کەوتوومەتە ژێر کاریگەرییەوە.

"مـن بەڕاسـتی توانایـەکی باشـم لـە زمانـدا هەیـە، زۆر زوو شـتەکان لـە مێشـکمدا تۆمـار دەکـەم. سـەرنجم داوە، کـە هـەموو کەسـێك کۆمەڵـە کتێبێکـی دەربـارەی هیتلـەر خوێندۆتـەوە، بـەلاَم نەمـدەزانی کـەچ کەسـێك وشـە راسـتەقینەکانی، تەنانـەت لـە

وەرگێڕانیشـدا، دەرك پـێ كـردووە. بۆیـە بڕیـارم داوە هـەوڵی خـۆم بـدەم، دەتـوانم دڵنیاشـت بكـەم كـە شـتەیەكی دەگمەنـە. هیتلـەر پیـاوێكی نائاسـایی و لـە رادەبـەدەر بـوو و ئەگـەر براوە بوایە دۆخەكە بە تەواوی دەگۆڕا، خۆزگە دنیا لە دژی وی یەكیان نەگرتبایە.

ئـەوان چ درۆگـەلێكیان كـرد:" گـەورەترین راگەیانـدن بـۆ بەڕاسـت نیشـاندانی درۆتـرین شتە لە هەموو مێـژوودا، واتـە ژوورەكـانی غـاز، شـەش ملیـۆن كـەس كـوژراو:" رۆبـی لـە بن لێوانەوە پێكـەنی و درێـژەی دایـە:" ئۆهـو، ئـەوان دڵـم تێـك دەدەن. ئـەو كچـە رەواڵـەت جوانەی كە من ناچـار بـووم لەگەڵیـدا ببمـە هـاوژوور چـووبوو لـە لای ئەنجوومـەنی قوتابیـان لە دژی مـن سـكاڵای تۆمـاركردبوو. لـە راسـتیدا مـن تێگەیشـتم كـە ئـەو بـۆ ئـەو كـارەی كـرد. ئـەو سـاڵی وەكـو ئەنـدامی ئەنجوومـەن هەڵبـژێردرا. هـاوار لـە دەسـت ئـەو قسـە قۆرانـەی كـە سـەبارەت بـە رەشپێسـتەكان و بـارودۆخی نالـەباری قوتابخانـەكان و جیـاوازی رەگەزی لە ئەفریقای باشـوور دەكـرێن. ئـەوان دەبـێ دەمـە گەورەكـەیان بـۆ نالاّنـدن بكەنـەوە دەربـارەی هـەموو شـتێك. چـەند پـەیامێكی دڵگیریـان سـەبارەت بـە جەژنـەكان و پشـووە فەرمییـەكانی جوولەكـەكان بـەژێر دەرگـای ژوورەكانیانـدا بنێـرە ژووریَ. ئەوسـا خۆشـحاڵ دەبـن. باوەڕدەكـەی؟ ئایـا دەتـوانی بـاوەڕ بـەم توورەییـە بەجێیـە بكـەی؟ ویـز، ویـز، ویـز. بەهـەرحاڵ بەپـەیامێك یـان نامەیـەكی هەڕەشـە ئـامێز لەسـەر ئـامێری پـەیاموەرگری تەلـەفۆنی دا دەكـرێ كـەمێك قـدی قـدییان بـدەین، چـونكە نـازانن كـە چ كەسـێك ئـەو پەیامەی ناردووە هیچ رێگایەكیان بۆ بەدواداچوون نییە، ئەوسا زۆر نارەحەت دەبن."

رۆبێرتا لە كاتێكدا كە ئـەو شـتانەی دێنایـەوە بـیری، دەسـتی كـرد بـە پێكـەنین:" ئێمـە كۆمەڵـە نامەیـەك دەنێـرین بـۆ لایـەنگرانی مـافی ئافرەتـان، نیوەیـان هاوڕەگـەزبازن، هـەروەها كۆمەڵـە دیارییـەكی ریسـوا كـەریان بـۆ دەنێـرین:" دەكـرێ سـندانتان بگـاتێ و بمـرن؟ " پاشـان لـە ناكـاو رۆبێرتـا جـدی بـوو:" ئێمـە دەبـێ لـە دژی ئـەو جـۆرە مرۆڤانـە خـەبات بكـەین بەرلـەوەی وڵات راكێشـینە نێـو زەلكـاوەوە. مـن دەمێكـە لەمـە تێگەیشتووم، تـام لـە تەمـەنی پازدەساڵییەوە لـە نێـو سیاسـەتدا بـووم و دەربـارەی گـەلێك شت بیرم كردۆتەوە."

"بـەلاّم مـن زۆرنییـە هاتوومەتـە نێـو كـاری سیاسـییەوە. بەرلـەوەی بێمـە ئێـرە، بـیرم هێندە لەسـەر ئـەم شـتانە نـەبوو. ئێمـە لـە مـاڵێ هیچـكات دەربـارەی سیاسـەت زۆر قسـە ناكـەین. دایكـم خـۆی بـە كـاری مۆسـیقاوە خـەریك كـردووەو باوكیشـم بەدەسـت

کاروبازرگانی خۆیەوە گرفتارە. بەهەرحاڵ، بۆ من روونە کە بۆوچونە بنەڕەتییەکانی باوکم وەکو تۆن. تۆ زۆر وەکو باوکم بیردەکەیەوە. ئەو مرۆڤێکی دەست ئاوەڵە و شیرین و گڵگیر و باشترین باوکە کە دەکرێ مەزەندەی بکەی...

رۆبی سەری خۆی سوڕاند و راستەوخۆ لەتام راما گوتی:" تۆ زۆر لەبەردڵانی، تام. هاوینێ پەرۆشم دەبی...

"هێی، من لەسەدا سەد دێمە سەردانت. سەرەڕای ئەوەی کە بۆ کارکردن یارمەتی باوکم دەدەم، بەڵام دەتوانم هەر کاتێك پێم خۆش بێت داوای مۆڵەتی لێبکەم." باوکم لەمبارەیەوە مرۆڤێکی چەنەباز نییە و من هەمیشە دەتوانم بە ئۆتۆمبێلێك بێم. بەداخەوە هێشتاش ئۆتۆمبێلی خۆمم نییە. هەڵبەت هێندەش پێویستیم پێی نییە.

ئەو دووکانە کتێبفرۆشییەی کە تۆ کاری تێدا دەکەی لێرەوە چەندە دوورە؟"

"نزیکەی کاتژمێرێك زیاتر نابێت. ڕێگاکانت فێرکردووم"

ڕاستەوخۆ لە شاڕێگای نۆیەم و پاشان سێ مایل بۆلای رۆژهەلات و هەر ئەمە. لەوێش ژوورێکم هەیە، خراپ نییە، بەڵام باشترین شوێن بوو، کە توانیم بیدۆزمەوە. هاوژووری سەرگرانیشم نییە..

تام لە کاتێکدا کە زەردەخەنەی لەسەر لێوان بوو لە جێی خۆی هەستاو گوتی:" هاوینێکی خۆشمان لە پێش دەبێت. پێموایە ئیدی من دەبێ بڕۆم..

ئەو ماڵئاوایی لە رۆبی کرد و لە بیناکە هاتە دەرێ و پێی نایە سەر شەقامێکی فێنك، کە لە بۆنی گوڵ پڕبوو. بۆ ساتێك هەست کردن بەچێژ وەرگرتن دەروونی داگیر کرد:" دووبارە دەگەڕێمەوە ماڵێ، لەگەڵ باوکمدا کاردەکەم." خواردنە بەتامەکانی دایکی، ئیستیك کێکە شوکولاتییەکانی کە بەبەراورد لەگەڵ خواردنە بێ تامەکانی کولێژ زۆر خۆش بوون. دوانیوەڕۆکانی پشووی رۆژی یەکشەممە، ئەو شوینێکی فێنك دەدۆزێتەوەو تیمی دەباتە مەلەکردن. ماڵێ! پێنج رۆژ زیاتری نەماوە.

# بەشی پێنجەم

لــە خــوار جودســایدی ناوەنــدی، کــە دەکەوتــە ڕۆژئــاوای شــار، ئــەوان خــەریکی ڕژێ (مەسیرە) بــوون. بــە لــوت بــەرزی و بــێ باکییــەوە ڕێیــان دەکــرد. بــە هــەنگاوی قــورس و خــاو، بــە ئێوەیــەکی هاوئاهــەنگ و ئاســان دەبــزوان. هێنــدێکیان جارجــارە لــە وەڵامدانــەوەی هانــدانی ئامادەبوونــدا، قــۆڵی خۆیــان بەنیشــانەی ســڵاوی فاشیســەت ڕاســت و ڕاســتەوخۆ بــەرزدەکردەوە، بــەڵام بــە زۆری ڕوخســاریان هــەبوو، ڕێــك وەکــو ئــەو پیاوانەی کــە لــە پێنــاو جەنگــدا هــەنگاو دەنێــت. پــۆلیس بــەهاژە هــاژی ماتۆڕەکــان لــە دوولاوە لێکیــان نزیــك کردنــەوە و لــە دواوەیــان، چــەند ئۆتــۆمبێلی دیکــەی پــۆلیس بــە ئــاژیری هــەڵکراوەوە گەیشــتنە جــی. لایــەنگرەکان، بــە زۆری کــوڕی گــەنج و تــازە پێگەیشتووبوون و، پیرەمێرد و ئافرەتــە ماڵدارەکان لــە بــەرگی کــەتانی کــراوەدا لــە ســەر شۆســتەکە ڕاوەســتابوون، چــونکە خۆپیشــاندانەکە لەبەیانییــەکی ڕۆژێکــی ناوەڕاســتی حــەوتوودا ئــەنجام دەدراو پیــاوە بەتەمــەنترەکان چــووبوونە ســەر کارەکانیــان. خۆپیشــاندەرانی نێــو بازنەکــە ڕێگــای خۆیــان بــەرەو شــوێنی مەبەســتیان، واتــە بینایــەی یادەوەرییــەکان درێــژەیان بــە ڕۆیشــتن دا. لــۆرا بــەبێ ویســتی خــۆی کــەوتبووە نێــو ئــەو ڕێپیوانەوە. ئــەو لــە پــاش شــت کــڕین و لــە ڕێگــەی گەڕانەوەییــدا بــۆ شــوێنی گەراجەکــە لەو شەقامەدا گیری خواردبــوو و ئێســتا لــە نێــو ئــەو حەشــامەتەدا کــەوا دەهاتــە بەرچــاو لــە شــوێنێکی نائاســاییەوە بــەو شــێوەیە کۆببوونــەوە، گرفتــار ببــوو:" کۆبوونــەوەکان هەمیشە بە ڕووداوێکــی نــاخۆش کۆتاییــان پــێ دێــت:" لــۆرا چــاوێکی ســووکەوە لــە دڵــی خۆیدا وا بیرکــردەوە. ئــەو بــە هــیچ جۆرێــك نەیــدەتوانی خــۆی دەربــاز بکــات و کــەوتبووە بەرامبــەر دیمەنێکــەوە کــە مــەیلی لــەوە نــەبوو قــەت بیبهێنتــە بەرچــاو، ئــەو بینایــەی یادەوەرییــە، یادەوەرییــەك بــۆ گەنجــە کوژراوەکــان لــە شــەڕێکی کۆنــدا، لــە ناوەڕاســتی گۆڕەپانەکە بەرزکرابووەوەو پیاوەکــانیش لــە خــوارێ ڕاوەســتابوون. ئــەوان لــە کاتێکــدا کــە

چاوەڕوانی گەیشتنی خۆپیشاند بوون، ئالآیان بە دەستەوە بوو، بلآوکەرەوەیان دابەش دەکرد و بە هاوار کردنەوە دروشمەکانیان دەگوتنەوە: "تەنیا ئەمریکاییەکان، تەنیا سپی پێستەکان، دەسەلآت، دەسەلآت بۆ ئەمریکاییەکان."

وەکو ئەوە وابوو کە کرمێکی لیج یاخود شەیانۆکەیەتی[٤] تەڕی باخچەیان لەسەر پشتی لۆرا دانابێ، هەستی بەلەرزینێکی نەفرەت و بێزاری دەکرد:" ئەی پیاوە بێزارکەرە نەفامەشێتەکان." ئەوان بە سووکایەتی کردنێك بەرامبەر بینایەی یادەوەری دەژمێردران، کە ئێستا لە بەرامبەریدا تاجەگوڵێنە دانرابوو. لۆرا لەبەرخۆیەوە گوتی:" باوکی من لە پێناو مرۆڤی وەکو ئێوە لەشەڕدا نەکوژرا.. ئافرەتێکی لەپەنا راوەستابوو، کە دەتگووت گوێی لە قسەکانی بووەو هەستی بە نیگای پڕ لە نەفرەتی لۆرا کرد و بەهاوخەمییەوە سەری لەقاند:" مرۆڤگەلێکی گرفت خولقێنن، ئەوە تاکە خەسڵەتە کە ئەوان هەیانە... "ئەوان کێن؟ مەبەستم ئەوەیە کە ئەمڕۆ چ پێگەو بەرنامەیەکیان هەیە؟"

"ئەمە کۆبوونەوەیەکی دەستە راستییەکانە، دەڵێی ئەوانە زۆر دەستە راستین وەکو موحامیدەو خاچپەرەستەکان و لەوچەشنە. کۆتایی ئەم حەوتووە لە میوانخانەیەکی دەرەوەی شار و لە یەکێك لە شارێکان لە نزیك شوێنی نیشتەجێبوونی من چاویان بەیەکتری دەکەوێ. خالّم قادری پۆلیسە. ئەو دەڵێ کە ٦٠٠ یان ٧٠٠ کەسیان لەوێ ئامادە دەبن، هەروەها دەڵێ ئەوانیش چاوەڕێی کێشەن.."

"مەبەستت کێیە؟ پۆلیس یاخود خۆپیشاندەران؟" ژنە زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:" پێم وایە هەردوولا."

لەو کاتەدا پێشەنگی حەشامەتەکە بەدیارکەوت. حەشامەتەکە دیسانەوەش زیادی دەکرد و کەوتنە ئەملا و لای گۆڕەپانە زۆر گەورەکە. ئەوان بە هەنگاوی لەسەرخۆ و بە جۆرێك بەنکۆو هەیمەنەی تەشریفاتییەوە هەنگاویان دەنا کە دەتگوت خەریکی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی کۆنی ئایینن.

---

٤- شەیانۆکەیان قافلە جندۆکە کە وەکو سەدەف وایە و کرمێکی لە نێودایەو لیجە."وەرگێر"

تـەنیا وشـەی نادروسـت و ناشایسـتە دەکەوتـە بـەرگوێی لـۆرا:" ئـەوان لـەو سـروودە کـە دەیـان گوتـەوە، دەیـانگوت:" دەسـەڵات، دەسـەڵات." و بەڕاسـتیش ئـەو دەنگـە زۆرانە بە هێز دەهاتە بەرگوێ.

لـۆرا وا بـیری کـردەوە. قـۆڵی خۆپیشـاندەران بـە شـێوەیەکی هاوکـات و یەکسـان بەرزبوونـەوە، وەکـو قـۆڵی مۆسـۆلۆنی و هیتلـەر، هـەروەکو لـە فلیمـە کۆنەکانـدا دیتبووی.

لۆرا لە بڕیـرەی پشـتیدا هەسـتی بەلـەرزینێك کـرد. زایەڵـەی شـەیپور دەنگـی دایـەوە و سـەرنجی خـەڵکی بـۆ لای ئـەو پیـاوە جەسـتە بچـووکە قـژ خۆڵەمێشـییە راکێشـا کـە هەوڵی دەدا وتار بخوێنێتەوە.

هاوکـات لـە گۆشـەیەکی دیکـە گۆڕاپانەکـەدا رووداوێکـی دیکـە روویـدا. گوشـار و قـەرەباڵغی و دەمـەوەڕێی ئەوانـەی کـە پاڵیـان بـە یـەکترەوە دەنـا، سـەرنجی ئامـادەبوونی لـەلای وتاربێـژەوە بـەرەو ئـەو شـوێنە راکێشـا. لـە هـەموو لایەکـەوە دەنگـەکان دەیـان نەڕاند: وو، وو، وو. لە هەمانکاتدا نەڕەی کەسێکی دیکە کەوتە بەرگوێ:

"بێدەنگ بن، ئەوێ، بێدەنگ بن، ئێمە گوێمان لە هیچ نییە. بێدەنگ بن."

بەدروسـتی نـەدەکرا بگـوترێ داخـۆ ئەوانـە لایـەنگری کـێن:" گەمـژەکان، بێـدەنگ بن."

"چی؟"

"ئێسـتا بێـدەنگ دەبـن یـاخود دەمـە گـەورەکانتان داخـەین؟ دەتانـەوێ چـارەتان بکەین؟"

کـەمێك لـە پێشـەوەتر، دەسـتەیەك پیـاو دەسـتیان کـرد بـە شـەڕ. کەسـێك کەوتـە سەرزەوی، ژنێك قیژانـدی. لـۆرا سـەیری روخسـاری دەرووبـەرەکانی خـۆی کـرد. خـۆ مـۆن کردنی زیتەڵی و قینێی بێزارکەر لەوێ هـەبوو. ئـەو کەوتـە بـیری خـۆ دەربـازکردن لـە نێـو حەشـامەتەکە، بـەڵام ئـەوان بـە جـۆرێکی وا تێـك سـڕمابوون و لـە هـەموو لایـەك را یەکتریان پاڵ دەنا کـە لـۆرا هەسـتی بەترسـی کەوتنـەداو کـرد. ئۆتـۆمبێلێکی پـۆلیس بـە هـەڵکردنی ئـاژیری مەترسـی هاتـە نێـو گۆڕەپانەکـەوە. لـۆرا بـەترس و دڵـەراوکێوە تەماشای دەوروبەری خـۆی کـرد و نیگـای کەوتـە سـەر پیـاوێکی تـا رادەیـەك پۆشـتە کـە رەنگـە بیتوانیایـە هاوکـاری بکـات. ئـەو پیـاوە گـوتی:" خـاتوون ئێـرە جێگایـەکی بـاش

نییه. بـه دوام کـەوە. مـن هـەوڵ دەدەم بـە ئاراسـتەیەکی تـردا بـڕۆم و ئەگـەر بتـوانم خـۆ بگەیەنمە ئەوسەری شەقام."

خورێکی کاڵ بە بن هـەورە نۆکـدار و کپەکانـدا بەدیارکـەوت. لـە هـەوا شـێدارەداو لـە شــەڕی دژی گوشــارو گەمــژەی و نــەفامی و جەســتە شــەڵاڵ بووەکــان لــە ئارەقــدا و هــەروەها هــەراوهۆریاو هــاتوهۆوتی ئــەو خەڵکــەی کــە لەشــەڕ و ململانێــدا بــوون، لــۆرا بەرەو پێش خۆی پـاڵ دا تـاکو بتوانێـت بـەدوای ئـەو هاوشـارییە زاتەپاکـەدا بکـەوێت کـە پێشنیاری دەربازکردنی پێ کردبوو.

بــەڵام ئــەو رێگــا باریکانــەی کــە ئــەو دەیدۆزینــەوە، زۆر بــە زوویــی لــە دواوەی دادەخـران و لـۆرا ئـەو پیـاوەی لێ بـزر بـوو. حەشـامەتەکە دووبـارە شاگەشـکە بـۆوە و بـەزۆری بـەرەو پـێش را درا. ئـەوان شـانیان لـە شـانی یـەکتری دەداو لۆراشـیان لەگـەڵ خۆیانـدا رادەکێشـایە ئـەملاولا. حەشـامەتەکە بـەرە بـەرە بـووە ئاپۆرایـەکی زەبـەلاح. خەڵکی ئاسایی هـەوڵیان دەدا خـۆ قورتـار بکـەن، لـە کاتێکـدا کـە ئـەوانی دیکـە بـەرەو چـەقی گۆڕەپانەکـە کـە ناوەنـدی چـالاکی بـوو گوشـاریان دەهێنـا. ئەگـەر کەسـێك لـەو کێشمەکێشەدا کەوتبایـە سـەر زەوی بەدڵنیاییـەوە دەکەوتـە بـن پێیانـەوەو هـیچ کەسـیش گرنگی پێنەدەدا. لۆرا کە کۆنترۆلی خۆی لە دەست دابوو، هاواری کرد:

"دەکـرێ بەنێوتانـدا تێپـەڕم؟ توخـوا، تکاتـان لێدەکـەمن مـن دەبـێ بچـمە ئەوسـەری شەقام، من دەبێ.."

نەڕەیــەکی تۆقێنــەر بــەرزبۆوە:" ئــەوان خــەریکن ئۆتــۆمبێلی گرتووخانــە دەهێــنن، ئـەوان خـەریکن ئۆتـۆمبێلی گرتووخانـە بهێـنن." خەڵکەکـە تـۆقی. ژمارەیـەکیش بـوون کە هاوکات خۆیان بەرەو پێش پـاڵ دەنـا تـاکو پـەلاماری پـۆلیس بـدەن. هـەر وا کـە لـۆرا پـڕی بـە چـاکەتی نەناسـراوێکدا کـرد تـاکو رێگـە لـە کـەوتنی خـۆی بگرێـت، پیاوێـك فەرمانی پەلاماردانی پۆلیسی دەرکرد.

ئەو هەمان ئەو پیاوە بچکۆلە قژخۆڵەمێشـییە بـوو و لـۆرا بـە چـاوی خـۆی دیتـی کـە پەلاماری ئاسیاری یەکێکی لە ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیسی داو شکاندی.

ژمارەیـەك لـە خۆنیشـاندەرە گەنجـەکان خـەریکی هێـرش کردنـە سـەر ئۆتۆمبێلـەکان بـوون. یـەکێکیان هەڵگێڕایـەوەو لـە کاتێکـدا کـە تایـەکانی ئۆتۆمبێلەکـە لـە سـوڕانەوە

نەکەوتبوون، کەوتە سەر کەلەکە. باتۆنێك[٥] لە هەودا سوڕایەوەو پیاوێك کەوتە سەر زەوی. هەر وا کە لۆرا خەریکی غاردان بوو، کەسێك لەبن کوێی هاواری کرد:" ئەوان خەریکە هەمووان قۆڵبەست دەکەن."

ئەو لەو کەسانە بوو، کە خۆنیشاندانەکەی ڕێکدەخست. لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی:" پێشتریش ئەو ئەوم دیوە." کابرا دیسان هاواری کردەوە:

"ئەوە یەکێکی دیکەش سواری ئۆتۆمبێلی گرتووخانە دەکەن."

لەو لێشاوەی هەڵاتندا، ئیدی هیچ شتێك بایەخی نەبوو. ترس ببوو بە حاڵەتێکی شێتی. لۆرا تا ئەندازەیەك پرزەی لێ بڕابوو و پاژنەی پێڵاوەکەی قاچی ڕاستی هەڵتەقی بوو، بەڵام هەر وا درێژەی دەدایە بەرەو پێشچوون. ئەو لە کاتی خۆ دەربازکردندا، شتومەکەکانی بزر کرد، بەڵام ڕێگای خۆی بەرەو لای شەقامی تەنیشت دۆزییەوە. لۆرا پاڵی دا بە دارتێلێکی کارەباوەو بۆ ماوەی چەند خولەکێك هەناسە بڕکێی بوو.

پاشان هەر کە ترپەکانی دڵی ئاسایی بۆوە، درێژەی دا بەڕۆیشتن بەرەو ئەوسەری شەقامەکە. ئێستا ئیدی لە ناوەندی ئاژاوەکە دوورکەوتبۆوەو بەرەو شوێنی گەراجەکە دەڕۆیی لە دوای ئەوەوە، ژنێك بە هەناسە بڕگێوە گەیشتەجێ:" لۆرا، پێم وایە تۆشم لەوێ بینی. تۆقێنەر نەبوو؟ دڵم تەقی، ئێستاش نەهاتوومەوە سەرخۆ. بەدرێژایی ژیانم ئەوەندە نەترساوم." ئەو ژنە لۆفاستەری هاوسەری قەشە بوو.

"هەڵبەت سەبارەت بەوەی کە حەشامەت چ جۆرە کارێك دەکەن هێندێك شتم خوێندبۆوە، بەڵام بەو جۆرە کەوتنە نێو حەشامەتەوە، شتێکی جیاوازبوو. قەت نەمدەتوانی تەنانەت بیریشی بکەو." لۆرا بە سووکایەتی پێکردنەوە گوتی:" دەڵێی چی ئیدی پیاوەکانی جۆنسۆنن."

"من پێموایە لە دەستەی کوکلوس کلانەکان بووین."

"جیاوازی نییە. لایەنگرانی جۆنسۆن کەمێك بە ئەدەبانە تر قسە دەکەن، بەڵام هەروەکو پەندێکی پێشینانی چینی دەڵێ:

---

٥- ئەو دارەی کە پۆلیس بەدەستیانەوەیە بۆ کاتی پێویست بەکار دێنن."وەرگێر"

"هەموویان قوماشی تۆپێکن."

منـــداڵێك بـــە ســـواری پاســـکیلی ســـێ تایـــە لەســـەر شۆســـتەکە قـــوت بـــۆوە. دەنگـــی ویـــژەی گەســـکێکی کارەبـــایی لـــە پەنجـــەرەی کـــراوەیماڵێـــك را دەهاتـــە بـــەرگوێ. وا دەهاتـــە بەرچـــاو کـــە وەهـــا شـــەقامێك بـــەو خـــانووە ئـــارام و بێدەنگانـــەو ســـێبەری داربـــەڕوو لەملاولایـــەوە، بـــە ئەگـــەری زۆر لـــەو تەقینـــەوە ترســـناکەی بورکـــانی نـــەفرەت و تـــووڕەیی لـــە جودســـایدەکەدا، مەودایـــەکی زۆری هـــەبێت، بـــەڵام وانـــەبوو. لـــۆراش لـــە کاتێکـــدا کـــە بەرامبـــەر ئـــەو ئافرەتـــە ناســـیاوە کاردانـــەوەی نیشـــان دەدا بـــۆ ماوەیـــەك هیچـــی نـــەگووت. پاشـــان پشـــتگیری لـــە قســـەکەی کـــرد کە"بـــەڵێ، ئەمانـــە هـــەموویان یـــەك بابـــەتن. مێردەکـــەی مـــن لایەنگری جۆنسۆنە.

ئـــەو دەڵـــێ کـــە جۆنســـۆن کـــاری بـــەکاری کوکلـــوس کلانەکانـــەوە نییـــە، بـــەڵکو بۆتە قوربانی دەستی راگەیاندنی ناحەزانەوە."

ئافرەتەکـــە گـــوتی:" مێردەکـــەی مـــن شـــتێکی دیکـــە- دەڵـــێ. ئـــەو دەڵـــێ جۆنســـۆن کابرایـــەکی توندوتیـــژ و بـــە توانـــاو جـــەنگاوەرە، کـــە ئێســـتا خـــۆی کردۆتـــە پیـــاوێکی لـــە ســـەرخۆی چـــینی مـــام ناوەنـــدی، بـــەڵام تـــۆ دەبـــێ ئـــاوڕ لـــە دە ســـاڵی رابـــردوو بدەیتـــەوە، ئـــەو ســـەردەمەی کـــە ئـــەو کـــاری بـــۆ رۆژنامـــەی فرێـــد بارتێلـــت دەکـــرد. بارتێلـــت دێتـــەوە یـــاد؟ ئـــەو لـــە دەســـتەی کوکلـــوس کلانەکانـــەوە چـــووە نێـــو رێکخراوێکـــەوە کـــە بـــۆ خـــۆی دامەزرێنـــەری بـــوو: رۆڵـــەکانی زێئـــۆش! جـــۆرە گروپێکـــی ناعـــەقڵانی کـــە خـــودی ئـــەو دایمەزرانـــدبوو. ئـــەو کاتـــەی ئـــەو لـــە لیســـتی گروپـــە نهێنییەکانـــدا لـــە ریـــزی کەســـە مەترســـیدارەکان دەژمێـــردرا. نـــاوی وی لـــەو لیســـتەدا هـــاتبوو. ئەوانـــە هـــەموو لـــە رەگـــەزێکن. نـــا، مـــن بـــەهیچ جۆرێك بڕوام بە جۆنسۆن نییە، لۆرای ئازیز."

ئـــەوان پـــێش لـــەوەی لەیـــەکتری جیابینـــەوە لـــە شـــوێنی گەراجەکـــە هەڵوەســـتەیان کـــرد. لـــە ناکـــاو لـــو گـــوتی: " لـــۆرا مـــن نیگـــەرانم ئـــەو ژن و مێـــردە رەش پێســـتەی کـــە خـــانووی بلێریـــان لـــە شـــەقامی فیرویـــۆ کڕیبـــوو ســـەرەنجام گواســـتیانەوە. قســـەی توندوتیژانـــە ئەوەنـــدە زۆرن کـــەمن نیگـــەران بـــووم. نـــا، نیگەران نیم، دەترسێم."

"تۆ پێتوایە چی روودەدات؟"

"خـــوا دەزانـــێ. خـــەڵکانی وەکـــو مـــن و تـــۆ دوایـــین کەســـانێکن، کـــە لـــە رووداوەکـــە ئاگاداردەبنـــەوە، بـــەڵام مرۆڤـــی هـــیچ و پـــوچ و ناحـــەز زۆرن کـــە دەیانەوێ لەو شتانە بە قازانجی خۆیان کەڵك وەرگرن. لەمە دڵنیابە."

لـــۆرا ئـــاخێکی هەڵکێشـــاو گـــوتی:" زۆر باشـــە، ئـــەوە کێشـــەی یەکـــەم بـــوو، بـــۆ شـــەقامی فیروبـــۆ. لەمـــە دڵنیـــاین." پاشـــان بـــەوە بیرهێنانـــەوەی واجیهـــەی لـــە رادەبـــەدەر جـــوان و لەمێژینـــەی خانووەکـــە بلێـــر درێـــژەی دایـــە:" لەهـــەرحاڵ خاوەنـــە نوێکـــان ئەوەنـــدە ژیانیـــان خۆشـــە کـــە خۆیـــان دەتـــوانن رێگـــە چـــارەیەك بـــۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە."

لـــۆرا گـــوتی:" پێموایـــە هـــەروابێت. ژنـــی خـــاوەن مـــاڵی نـــوێ مامۆســـتای قوتابخانەیـــەن، بـــەڵام وایـــە هـــەروابێت. ژنـــی خـــاوەن مـــاڵی نـــوێ مامۆســـتای قوتابخانەیـــە، بـــەڵام مێردەکـــەی کـــارێکی بەڕێوەبـــەری لـــە رادەبـــەدەر باشـــی هەیـــە، کـــە کۆمپانیـــای ســـیرێل. ئـــەوان لـــە ســـنی ســـنیانی راهـــاتوون. ئەمـــە ئەوەیـــە کـــە من بیستوومە."

لـــۆرا گـــوتی:" زۆر باشـــە، هیـــوادارم کـــە هـــەموو شـــتێك بەباشـــی بـــڕوات." لـــە ناکـــاو بـــەبیری هاتـــەوە، کـــە هێنـــا دۆندرمـــەی قـــاوەیی دڵخـــوازی تـــامی نـــەکڕیوە. تام دەیتوانی سەتڵێك لەو دۆندرمەیە لە ماوەی پێنج خولەکدا هەڵ لوشێت.

"لـــۆرا مـــن دەبـــێ پەلەبکـــەم، ئەمشـــەو تـــام دەگەڕێتـــەوە ماڵـــێ. بـــاد بـــە ئۆتۆمبێـــل بـــە شـــوێنیدا چـــووەو پوورەکـــانیش ســـبەینێ بـــۆ دیتنـــی لـــە پنســـاکوراڕا دێنە ئێرە. ئەوان لە پشووی کریسمەسەوە تاکو ئێستا تامیان نەدیتووە."

"کەواتە سبەینێ خوانێکی خێزانیتان هەیە."

"بـــەڵێ، خـــوانێکی زۆر بـــاش و شـــاز. مـــن دەبـــێ بەپەلـــە بگەڕێمـــەوە ماڵـــێ و خـــەریکی کـــارېم، رەنگـــە بتـــوانم بـــیری خـــۆم لەســـەر رووداوە تۆقێنـــەرەکانی ئـــەم بەیانییە لابېەم."

***

لـــۆرا و پوورەکـــانی لـــە هـــەیوانی پشـــتەوەڕا خـــەریکی ســـەیرکردنی ئـــەو باریەی تۆپی پێ بوون کە لەو زەوییە چەمەنەی بەرامبەریان ئەنجام دەدرا.

سیسیل هاواری کرد و گوتی:
"بڕوا دەکەن کە کێلێم بەو تەمەنەیەوە بتوانێ شان بە شانی تام غاردا؟"

ئەو شانازی بەو مێردەکەیە دەکرد. مێردەکەی، واتە کێلێم هێنسۆن، لە تەمەنی مام ناوەندی و سەرەتای پیریدا بوو، وەکو هەمان ئەفسەری هێزی دەریایی دەهاتە پێش چاو کە پێشتر بوو:
بالاّ بەرز و لەش ئەندام و خاوەنی قژێکی زیوی و کورت بە شێوازی ئەندامانی سوپا بوو. پیاوێکی خولّق خۆشبوو، کە هەر کاتێك لیلیان دەهاتە لای خوشکەکەی بۆ پنساکولا، بە رووی خۆشەوە میوانداری دەکرد. لە راستیدا کاتێك ئەوان بۆ گەشتێك دەچوون. لیلیان هاوڕێیەتی ئەو ژن و مێردەی دەکرد، بەلاّم لەسەر گیرفانی خۆی.
لۆرا بیری کردەوە:" خێزانێکی لە یەکتری نزیك. بە دلّنیاییەوە ئەندامانی خێزانی ئێمە بەو شێوەیەن." لە دلّی خۆیدا گوتی، کە ئەوان ئەو هەموو رێگایەیان بڕیوە تا بەخێرهاتی تام بکەن، کە گەڕاوەتەوە بۆ مالّێ. هاتنی ئەوان لۆرای لەو راستییە ئاگادارکردەوە کە چەندە دلّی بۆ پوورەکان تەنگ ببوو.

ئەو جووتە دایکەی بەو دلّە بەسۆز و کراویانەوە، بەو شێوازانە و خووخدە سەیر و گالّتەچارییەی کە هەتا ببووە و زۆر ئاوڕیان لە وردەکاریان دەدایەوە، ئێستاش کە وازیان لە کاری بازرگانی هێنابوو، هێشتاش کارامەیی و ئیرادەیان لەبەدەست هێنانی پارەو پاراستنیدا هەروەکو خۆی بوو.
لیلیان گوتی:" هەر جارەی کە تام دەبینم، قۆزتر دەبێ. چەندە وەکو باوکت دەچێ. لۆرا تا دێت و گەورە دەبێ زیاتر شێوەی دەچێتە سەر باوکت، بەو چاوانەیەوە، چاوی رەش و بەبرشت."
لیلیان ئەو ریستانەی بە شێوازێك دەبڕین، کە دەتگوت شیعر دەخوێنێتەوە. لۆرا زەردەی هاتێ، ئەمە راست بوو. جگە لەو کاتانەی کە تام تووڕەو بزێو دەبوو و لێوەکانی باریك دەبوونەوەو رەق هەلّدەهاتن،

بەڕاستی مرۆڤێکی جوان بوو. ئێستاش بەو رووخسارە، کە پێدەکەنی و دەدرەوشایەوە، هەروا کە شەقی لە تۆپ و هەڵدەداو باسی دەدایە ئەوانی دیکە، مایەی بەختەوەری و شانازی بوو. چ ئەو کاتەی کە کێلێم هێرشی دەکردە سەر تام چ ئەو کاتەی تۆپەکەی لە باد دەگرت، سیسیل هەر چەپڵەی لێدەدا. قژەکانی کە پێشتر سوور بوون ئێستا سپی ببوون و لەگەڵ ئەوەشدا، وادەهاتە بەرچاو کە ئەو بەتێپەڕبوونی هەر ساڵێك بەسەر زەماوەندی دا، گەنجتر دەبێتەوە. لۆرا سەری لەوە سوڕمابوو، کە کاتێك زەماوەندێك سەرکەوتووبێت. چ کاریگەرییەکی باش لە پاش خۆی بە جێدەهێڵێ.

لیلیان گوتی:" بەڕاستی ژیان لەم خانووە کۆنەدا خۆشە."

ئێستا وا دەهاتە بەرچاو کە پوورە لیلیان بە تێپەڕبوونی هەر ساڵێك بێ ئەملاوئەولا پیرتر دەبوو.

"سەیری ئەو دار مەنگۆلیایە بکەن. من ئەو رۆژەم لە بیرە ناشتم، لە نەمامێکی بچووك زیاتر نەبوو، بەرزی دەگەیشتە پشتێنی من."

لۆرا گوتی:" خۆزگە تۆ زیاتر لە لامان بمایەوە."

"ناتوانین. ئێمە دەبێت بەیانی زوو بەجێتان بێلین. دەبێ چەندین جانتا بپێچینەوە. خۆ هەمیشە لەم جۆرە رووداوانە روونادات.

ئێمە گەشتێکی سێ مانگی بە دەوری دنیادا دەست پێدەکەین."

سیسیل گوتی:" من حەزم لە دیتنی هیندوستانە. بەبیرت دێ لۆرا، کاتێك کە فڕانسیس ئاڵکات لەوێ بوو هەموو ئەو وێنە خەیاڵیانەی بۆ دەناردین؟ ئەو رێشوڵەیەکی بۆ هێنایی، چەندە جوان بوو پەمەیی و زێرین بوو یان شین و زێرین..

سیسیل کەمێك مۆن بوو، دەتگوت بۆ وە بیرهێنانەوەی ئەم بیرەوەرییە خەریکی جێگیرکردنی هەستەوەرییەکانییەتی:" چ رەنگێگ بوو لۆرا، بەبیرم نایە. "

لۆرا لە جلی تۆڕی پەمەیی کاڵ دا، لە ژوورەکەی خۆیدا دەستی بە هەڵپەڕکێ کردبوو. جلەکانی یەکێك لە شانەکانی بەدیارخستبوو.

لـــۆرا بـــەو جلـــەوەن وەكـــو مـــارە بڕاوێـــك لـــە حەرەمســـەرادا، لەبـــەر ئاوێنـــە راوەســـتابوو و چـــێژی لـــە دیتنـــی خـــۆی وەردەگـــرت. ئـــەو بـــە بـــێ گرنگیـــدان شـــانی هەڵتەكاند وەڵامی دایەوە:" منیش بەبیرم نایە."

سیســـیل دووبـــارەی كـــردەوە:" ئـــێ، بەڕاســـتی مـــن نـــاتوانم بـــۆ دیتنـــی هیندوســـتان چـــاوەڕێ بمێنمـــەوە." لـــۆرا وا بـــیری كـــردەوە كـــە ئـــەو ئێســـتا لـــەبیری كۆشـــكە مەڕمەڕییـــە ســـپییەكان و زەنگـــی پەرســـتگاكاندایە نـــەك ســـووككەران و ســـپیی و پۆخـــەڵی و بۆنـــە ناخۆشـــەكان. نـــا، دیـــارە كـــە قـــەت دڵـــی تـــۆ نەشـــكاوە، پوورە سیسیلی ئازیز! باد گوتی:

" مـــن ئیـــدی مانـــدوو بـــووم.. ئەوســـا بەشـــەق تۆپەكـــەی هەڵدایـــە لای قادرمـــەكانی هـــەیوانێ. بـــەڵام ئـــەو بـــە هـــیچ جۆرێـــك ماندوونـــەبوو، بـــەڵكو لـــە بـــیری تیمـــی دا بـــوو، كـــە هـــاوڕێ لەگـــەڵ ئیرێلـــدا شـــان بـــە شـــانی غـــاری دەدا. تیمـــی بـــۆ ئـــەوەی لـــە ئـــەوانی دیكـــە دوانەكـــەوێ درێـــژەی دەدا بـــە هـــەوڵ دان، هەرچـــەندە كـــە ئـــەوانی دیكـــە زۆر ئاگایـــان لێ بـــوو لـــۆرا بـــە حاڵـــەتێكی بـــە ئـــازارەوە بـــیری كـــردەوە كـــە ئایـــا تیمـــی لـــەوە تێدەگـــەیی كـــە ئـــەو خەڵكـــە چـــەندە ئاگایـــان لێیـــە؟ بـــە ئەگـــەری زۆر دەیزانـــی، هەرچـــەند كـــە نەیدەویســـت لای خـــۆی دان بەوەدابنێ.

تیمـــی وەكـــو بـــاوكی زۆر لـــە خۆبـــایی بـــوو. ئـــەو پێوەندییـــە نزیكـــەی نێـــوان ئـــەو كـــوڕ و باوكـــە جـــاری وابـــوو تووشـــی گرفـــت دەبـــوو. لـــە خۆبـــاییبوونی بـــاد، ئـــەوی كـــە وەرزش كردنـــی زیـــاتر لـــە رادەی چـــێژوەرگرتن، دەگێڕایـــەوە. لەبەرئـــەوەی ئـــەو دەیزانـــی كـــە خەریكـــە قەڵـــەو دەبێـــت، بـــەڵام قـــەت ئەمـــەی قبـــووڵ نـــەكردو كەواتـــە قـــەتیش نەیـــدەتوانی هەســـتەوەرییەكانی دەروونـــی خـــۆی دەربـــارەی تیمـــی قبـــووڵ بكـــات. هیچـــكات دانـــی بـــەوەدا نـــەدەنا كـــە هـــاوڕێ لەگـــەڵ ئـــەو خۆشەویســـتییەی كـــە بەرامبـــەر كوڕەكـــەی هـــەیبوو، هەســـتێكی تـــووڕەیی و رەنجـــانێكی تـــا ئێشـــی هـــەبوو، كـــە بـــۆجی دەبـــێ بەڵایـــەكی وای بەســـەدا بێـــت بـــاد، ئـــەو كەســـەی كـــە دەیتـــوانی بـــۆ كـــوڕێكی وەكـــو تـــام بـــاوكێكی بـــاش بێـــت، بـــڕوای وابـــوو كـــە دەبوایـــە ئـــەوان منـــداڵی زیاتریـــان هـــەبێت: كـــوڕێكی دیكـــە بـــۆ بـــاد. تـــام گـــەورە ببـــوو و ئـــەمجار ئیـــدی خـــەریكی كـــاری خـــۆی دەبـــوو، هـــەروەكو كـــە دەبوایـــە وابێـــت. لـــۆرا

ئێستا ئەو راستیانەی بۆ دەرکەوتن بەلاّم لەبەر هەبوونی تیمی کە ئەوەندە پێویستی بە چاودێری کردن بوو، وێنەدەچوو کە زیادبوونی بەرپرسیارییەکی دیکە بۆ خێزان، ژیرانە بێت و لەمەش کەس نەیدەزانی کە منداڵێکی دیکە چ بارودۆخێکی دەبێت. ئەگەر تووشبوونی خوشك و براکانی تیمی بەو نەخۆشییە یەك لەسەر چوار بوو. کە بە رێژەیەکی تۆقێنەر دەژمێردرا. تام لە کاتێکدا کە بە قادرمەکانی هەیوانیّ دا دەهاتە سەریّ گوتی:

" من خەریکە لە برسان دەمرم."

لۆرا گوتی:" دەبێ خواردنەکە دە خولەکی دیکە لە فڕنەکەدا بمێنێتەوە. ئەو ماوەیە بۆ ئەوەی بە خۆدا بکەی بەسە، و پاشان... گۆشت گایەکی خۆش و میوەیەکی بەتام لەوانەی کە تۆ حەزت لێیانە، تام."

"هۆ لە "کێك" لیمۆیەکەی دوێنێ شەو خۆشتر نییە. دایە، تۆ من لەناو دەبەی، قەڵەوم دەکەی."

" تا ئەو کاتەی کە لەناوچوونی تۆ بە واتای قەڵەو بونت بێت پەیدی نییە."

لە نێوماڵێدا، خاتوونەکان کاتێك کە لە رۆیشتنندا بەرەو هۆڵی نان خواردن بە بەردەم وێنەی تۆماس پایگدا تێدەپەڕین، هەمدیسان نەیانتوانی لە چەند رادەربڕینێك خۆیان بە دوور بگرن. ئەوان لەبەردەم وێنەکەدا هەڵوەستەیان کرد سیسیل گوتی:

"بەڕاستی مۆن دێتە بەرچاو. بەبیرم نایە کە قەت وا بە مۆنی هاتبێتە بەرچاوم."

لیلیان گوتی:" هی ئەو کلاّوە سەربازییەتی کە روخساری گۆڕیوە. ئەو کلاّوە بکە سەری تام، ئەویش جیاواز دێتە بەرچاو."

سیسیل گوتی:" نا، هۆیەکەی ئەوەیە کە بە سەفەر ناردبویانە ئەو سەری دەریاکان. هەر کەسێك ئەوەندە لە ماڵ و حاڵی خۆی دوور بکەوێتەوە هەروا مۆن دەبێ. "

لیلیـــان رایگەیانـــد:" بـــەڵام تـــام تەنانـــەت بـــێ ئـــەوەی کـــە لـــە مـــاڵ و حـــاڵیش دوورکەویتـــەوە، و بچـــێتە ئـــەو پـــەری دەریاکـــان، چـــاری وا یـــە هـــەروا مـــۆن دێتـــە بەرچاو."

لـــە ئەنجامیشـــدا پوورەکـــان لـــە بـــاوەڕی دووبـــارەی خۆیـــان بـــەوەی کـــە بنەماڵـــەی پـــایگ و بنەماڵـــەی رایـــس لـــە چ ئەنـــدامێك و چ تایبەتمەندییـــەك پێـــك هـــاتوون، دڵخـــۆش و رازی بـــوون، بـــەرەو هـــۆڵی نـــان خـــواردن کەوتنـــە رێ و لـــە شـــوێنەکانی خۆیـــان دانیشـــتن، ئـــەوان ئیـــدی لەســـەر و خـــواری مێزەکـــە دانەدەنیشـــتن، چـــونکە ئێســـتا ئیـــدی ئـــەوە بـــادو لـــۆرا بـــوون کـــە دەکەوتنـــە ئـــەو دوو شـــوێنە. دەربڕینـــی خۆشـــحاڵیان کـــاری لـــە ئـــەوانی تـــریش کردبـــوو، لـــۆراش هەستی بە بەردەوامی ژیان و درێژەدان بە نەریتەکان دەکرد.

نـــەنك و بـــاپیری ئـــەو مێزەیـــان لـــە ئیرلەنـــدا کڕیبـــوو، مێزێـــك لـــە دارگـــوێزی بەشـــی رۆژئـــاوای هیندوســـتان بـــوو، کـــە لـــە پـــاش هـــەزاران جـــار ســـەرف کـــردن و رێـــك کردنـــی و بـــە توانایـــەکی زۆرەوە رەنـــگ کرابـــوو و زۆر بریقـــاوەو درەوشـــاوە دەکەوتـــە بەرچـــاوان. ســـەردەمانێك بـــاوکی لـــۆرا لەســـەر یـــەکێك لـــە هـــەمان ئـــەو کورســـییە بـــەرگ مەخمەریانـــە دادەنیشـــت و لـــە کاتێکـــدا کـــە بـــە ساڵاچـــووەکان لەســـەر فنجـــانی دووەمـــی قـــاوە خۆیـــان دەخافڵانـــد، ناچـــار بـــوو گـــوێ بـــۆ قســـەکانی ســـەرمێزی نـــان خـــواردن بگرێـــت، ئەمـــەش بـــۆ منـــداڵێکی لـــە تەمـــەنی ویـــدا زۆر ماندووکـــەر بـــوو. ئـــەو رەنگـــە دایکـــی لـــۆرای لـــە هـــەمان شـــەوی مارەبڕینـــدا بـــۆ خـــواردنی یەکـــەمین ژەم هێنابێتـــە ســـەر هـــەمان مێـــز و خەفـــەتی ئـــەوەی هـــەبوو داخـــۆ هەڵبژاردنەکـــە هـــەتا چـــەند جێگـــای رەزامەنـــدی دایـــك و باوکیـــەتی. دایکـــی لـــۆرا ئـــافرەتێکی گەنـــد بـــوو، کـــە ســـەبارەت بـــە بـــەرگ پۆشـــین لەبـــەردەم کەســـوکاری مێردەکەیـــدا، رەنگـــە زۆر بـــە پـــارێز بووبێـــت. ژن و مێـــردە گەنجەکـــە رەنگە کەلوپەلە زیویەکەی تایبەت بە زەماوەندیان لەوێ نمایش کردبێت.

کێڵم گوتی:" من هەمیشە بـە سیسـیل دەڵـێم کـە کوڕەکـانی ئێـوە لـە رادەبـەدەر بـە ئـەدەب و خـۆش خـولقن. لـەم رۆژگـارەدا بـە دەگمـەن دەبیـنم کـە پیـاوێکی گـەنج لـە تەمەنی تامدا بزانێ کورسـی بـۆ خاتوونێـك راکێشـێتە پـێش. دەڵێـی هـەموو ئـەو داب و نەریتە فەرامۆش کراوە. لە بینینی هەندێك دیمەنی هەست بە بێزاری دەکەم."

لۆڤا زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:" ئەگەر لەو نێوە دا بڕیار وابێت کە سوپاسی کەسێك بکەین، ئەو کەسە تەنیا بادە کە زۆر پێداگری دەکات سەبارەت بەو نەرینە."

"زۆرباشە، کەواتە ماڵی ئاوەدان بێت."

باد کە بێ ئەندازە رازی و خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو، گوتی:" بەڕاستی تام شیاوی هەموو کۆشتێك بووەو من نیازم وایە بەم نزیکانە پێی نیشان دەم کە چەندە بایەخی پێدەدەم. دەمەوێ وشەی "کوڕ" بە تابلۆی کارگەکەمان زیاد بکەم بنووسم پایگ و رایس و "کوڕ" لۆرا بۆی راستکردەوە:" دەبێ دواتریش نیشانەی کۆ لە کوڕ زیاد بکەی: پایگ و رایس و کوڕەکان."

باد گوتی:" بێگومان، بەڵام کاتێك تیمی ببکاتە تەمەنێکی گونجاو."

پاشان رووی کردە پوورەکان و گوتی:" خوایە گیان هێشتاش ئەو رۆژەم لە یادە کە ئێوە تابلۆی "پایگ و هاوپشکەکان" نان لاداو بە پتی زێرین تابلۆی "پایگ و رایس" تان هەڵواسی. هەستم دەکرد بلێسەیەك لە دەروونمدا کراوەتەوە، دەڵێی هەر دوێنێ بووە." باد بە حاڵەتێکی بیرمەندانەوە کۆتایی بە قسەکەی خۆی هێنا.

سیسیل گوتی:" گۆڕانکاری زۆر روویداوە و مەزەندە دەکەم لە سەدەی رابردوو زۆر زیاترە. هەر کاتێك دەگەڕێمەوە بۆ ئەم شارە کۆمە گۆڕانکارییەکی زۆرم دێتە بەرچاو."

لیلیان گوتی:" من لە رادیۆی ئۆتۆمبێلەوە گوێم لێبوو، کە دوێنێ لێرە رووداوێکی ناخۆش روویداوە."

کێلیم گوتی:" ئێمە لە تەلەفزیۆنیشدا سەیری رووداوەکەمان کرد، بەڕاستی ریسواییەکی گەورە بوو. دەڵێی ئێستا ئیدی هیچ یاسا و رێسایەك نەماوە."

باد پێی گوتن:" لۆرا لەوێ بوو، ئەگەری ئەوە هەبوو تەنانەت بشکوژدرێت. کاتێك رووداوەکەی بۆ باس کردم خەریك بوو زراوم بچێت. لۆرا، بەسەرهاتەکە بۆ کێلیم و پوورەکانت بگێڕەوە.."

لـــۆرا حـــەزی دەكـــرد ئـــەو رووداوە لـــە بـــیر بكـــات. بۆیـــە لـــە وەڵامـــدا تـــەنیا گـــوتی:" تۆقێنـــەر بـــوو. ئـــەوان بەڕاســـتی دڕنـــدە بـــوون." بـــەڵام چـــی بـــووە هـــۆی ئـــەوەی كـــە لـــۆرا زیـــاتر شـــی بكاتـــەوە، بـــۆ خۆشـــی نەیـــدەزانی ئـــەو بـــەدەم تەماشـــاكردنی بـــادەوە، لـــە ناكـــاو درێـــژەی دایـــە:" ئەمـــە بەڕاســـتی ســـەرەتای كـــار بـــوو. مـــن پێموایـــە ئەگـــەر جـــیم جۆنســـۆن ســـەربكەوێ. لەمـــەشمان خـــراپتر بەســـەر دێت، بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتای كاربوو."

سەرســـوڕمانی بـــاد لـــەو ســـەری مێزەكـــە كەوتـــە بـــەرگوێ:" نـــا، بـــەهیچ جۆرێـــك وانییـــە، تـــۆ جۆنســـۆن بـــە دڕنـــدە نـــاو دەبـــەی. گـــوێ بگـــرە، ســـەیركە، رەنگـــە ئـــەو زۆر جـــار لەســـەر هەنـــدێك مەســـەلە زۆر جـــەخت بكاتـــەوە، كـــەمێك تونـــدڕەوە، بـــەڵام ئەگـــەر بـــە وردی گـــوێی بـــۆ بگـــری و قســـەكانی وی لای خـــۆت لێـــك بدەیـــەوە، بـــۆت دەردەكـــەوێ كـــە ســـەبارەت بـــە زۆر مەســـەلە بیروبـــاوەڕی زۆر دروســـتی هەیـــە و لەســـەر هەقـــە رەنگـــە ئـــەو گرووپـــەی دوێنـــێ هـــیچ پێوەندییەكیان بە جۆنسۆنەوە نەبێ."

لـــۆرا بـــەنكۆڵی كردنـــوەی گـــوتی:" ئەمـــە ئـــەو شـــتە نییـــە كـــە مـــن گـــوتم، بـــە منیـــان گـــوت كـــە ئـــەم كۆبونەوەیـــە لەبـــەر خـــاتری جۆنســـۆنە، چـــاو لـــە پێشـــینەكەی بكەین، هەمان كوكلوس كلانەكان دەبینن."

"ئۆهـــو، خوایـــە گیـــان، لـــۆرا. بەڕاســـتی گاڵتەجارییـــە. جۆنســـۆن هـــەر ئەوەندە پەیوەندی لەگەڵ كوكلۆس كلانەكاندا هەیە، كە تۆ هەتە."

كێلـــێم گـــوتی: " هەڵبـــەت ئێمـــە بـــە فلۆریـــداین، بـــەڵام ئاگاشمـــان لـــەو رووداوانەیـــە كـــە لێـــرە روودەدەن. زۆر لـــە هاوڕێكانمـــان دەربـــارەی وی لێـــرە هەندێك شتیان بیستووەو خۆشیان دەوێ."

ئەوســـا كێلـــێم لـــە تـــامی پرســـی:" رای تـــۆ چـــییە؟ ئێســـتا ئێـــوەی گـــەنج لـــە كۆلێـــژ دەخـــوێنن. دەتـــوانن لـــە تەمـــەنی هـــەژدە ســـاڵیدا دەنـــگ بـــدەن، كەواتـــە پـــێم بڵێ كە هاوتەمەنەكانت چی دەڵێن."

تـــام كـــە چـــاوەڕێ ئـــەوە بـــوو ســـەرەی بگـــاتێ، ئامـــادەی وەڵامدانـــەوە بـــوو، یەكســـەر گـــوتی:" بـــیروڕای جیـــاواز هەیـــە. ئەوانـــەی كـــە مـــن لەگەڵیانـــدا هـــاوڕێم و تێكەڵاوی هاموشۆم هەیە بە زۆری لایەنگری جۆنسۆنن."

تـــام زەردەی هـــاتیّ و هەســـتی بـــە بریســـکانەوەی چـــاویّ بـــاوکی کـــرد: هەڵبـــەت ئێمـــە زۆر نـــاتوانین پێکـــەوە ڕێـــك بکـــەوین. مـــن ئـــەو کەســـانە دەناســـم کـــە نـــزیکن لـــە جۆنســـۆن. ئـــەوان زۆر ڕێـــزی بـــۆ دانـــێن. وەکـــو دیـــارە مـــەکێنزی هـــەر لـــە جێـــی خۆیـــەتی هـــیچ کـــارێکی بـــە ســـوودی نـــەکردووە. ئـــەو بـــە هـــیچ جۆرێـــك گـــویّ ناداتـــە کاروبـــاری گرنگـــی وەکـــو کێشـــە رەگەزییـــەکان، گرفتـــەکانی هاتوچۆو، سەپاندنی تۆقێنەری کار بەسەر خەڵکدا فلان، فلان، فلان.."

لـــۆرا ناچـــار بـــوو هـــۆ تێهـــەڵقورتێنیّ:" مـــن بـــە هـــیچ جۆرێـــك لایـــەنگری جیـــاوازی رەگـــەزی و گرفتـــەکانی هاتووچـــۆی شـــار نـــیم و بەهـــەر حـــاڵ پێموایـــە کـــە مـــەکێنزیش بـــەو شـــێوەیە نـــەبێت، ئـــەو کەســـێکی پارێزگـــاریخوازەو منـــیش هەروام. لەبەر ئەوەشە کە بە نیازم دەنگ بەو بدەم..."

لـــەو کاتـــەدا تـــام قســـەکەی دایکـــی بـــڕی:" مـــەکێنزی قـــەت ســـەبارەت بـــە مەســـەلەگەلی نـــاخۆش قســـەناکات. ئـــەو حـــەز دەکـــات هـــەموان رازی بکـــات. هـــیچ کاتێـــك ناڵـــیّ کـــە دەوڵـــەتی ئێمـــە پشـــتیوانی لـــە کۆمەڵـــە کەســـێکی مشەخۆری خوێڕی دەکات، کە کارناکەن. هەموو کێشەکان لەسەر ئەوەن."

ئەوســـا تـــام دەســـتی بـــردە نێـــو قـــژەکانی کـــە ئێســـتا وەکـــو دەسمـــاڵێکی ئاوریشمی رەش نیوەی ناوچاوانی بەشێوەی کەوانەیی داپۆشی بوو.

بـــاد دەســـتی بـــە چـــەپڵەلێدان کـــرد و گـــوتی:" خوایـــە گیـــان، ئـــەو رۆژێـــك دەبێتـــە پارێزگـــار. ئایـــا کوڕەکـــەی مـــن شـــیاوی هـــەر پلەیـــەك نییـــە؟ راســـت ناکـــەم کێلێم؟"

چاوەکانی باد دەدرەوشانەوەو کێلێمیش پشتگیری لە قسەکانی کرد:

"بەڕاستی تام مەسەلەکان باش دەخاتەڕوو"

پاشـــان بـــە ئـــاوازە دەنگێکـــی بەســـۆز هاوشـــێوەی ئـــەو جـــۆرەی کـــە خـــەڵك لـــە کـــاتی قســـەکردن لەگـــەڵ منـــداڵێکی بچـــووکدا بـــەکاری دەبـــەن، پرســـی: "تیمـــی، سەبارەت بەمە رای تۆ چییە؟"

ســـوورییەکی ناســـك رووخســـاری تیمـــی داپۆشـــی. ئـــەو ســـەیری دایکـــی و پاشـــان بـــاد و تـــامی کـــرد. ئەوســـا دیســـانەوە نیگـــای بـــۆلای دایکـــی ســـوڕاند و بـــە ئـــارامی وەڵامـــی دایـــەوە:" لەســـەر ئـــەو شـــتانەی کـــە تـــاکو ئێســـتا مـــن

خوێندومنەتـــەوە، پێموایـــە کـــە ئـــەو قســـانەی جۆنســـۆن کردوویـــەتی بەڕاســـتی مانایـــەکی تۆقێنـــەریان هەیـــە. بتـــی لی بـــە مـــن گوتبـــوو کـــە ئـــەو رقـــی لـــە رەش پێستەکانە."

بـــاد بـــە نیشـــانەی نارەزاییدەربڕینـــەوە گـــوتی:" لەگـــەڵ تـــەواوی ئـــەو رێـــژەی کـــە بـــۆ بتـــی لی دادەنـــێین و ســـەرەڕای ئـــەوەی کـــە هـــەموو خۆشـــمان دەوێ، بـــەڵام مـــن پێموایـــە کـــە ئـــەو بـــە گـــوێرەی پێویســـت رەنگـــە ئـــەو بابەتانـــەی موتـــاڵا نەکردبێت تا بتوانێ قسەی لەسەر بکات.

ئـــەو بـــە کـــردەوە گـــوێ بـــۆ راگەیاندنـــە دژەکـــان دەگـــرێ. ئەمـــە تـــاوانی خـــۆی نییـــە و مـــن دەرك بەمـــە دەکـــەم. بتـــی لی بەهـــەمان ســـادەیی بیردەکاتـــەوە کـــە پێی دەگوترێ."

تیمـــی گـــوتی:" بـــەڵام هەمیشـــە خـــەڵك زوو لـــەوە تێـــدەگات کـــە کەســـێك رقـــی لێیـــەتی و ئـــەو رەشپێســـتە بابـــە، کەواتـــە لـــە بـــەراورد لەگـــەڵ ئێمـــە زیـــاتر هەســـت بە نەفرەت بەرامبەر رەشپێستەکان دەکات."

تیمـــی کـــە لـــە درێـــژدەدان بـــەو باســـە بـــە رەواڵـــەت نـــاڕازایی بـــوو. لەبـــەر ئـــەوە لـــەو دژەبۆچـــوونەی کـــە لەگـــەڵ بـــاد دا هـــەیبوو هەســـتی کـــرد لـــە قاچـــی لەبـــەرەی خـــۆی زیـــاتر راکێشـــاوە — بـــەو حاڵـــەوە درێـــژەی دایـــە:" هـــەر نـــەبێ ئەمـــە بۆچوونی منە."

لـــۆرا کـــە لـــە دەروونـــدا ورووژابـــوو، گـــوتی:" تیمـــی راســـت دەکـــات. واتایـــەکی تۆقێنـــەر خـــۆی لـــەم بابەتـــەدا حەشـــار داوە. ئەمـــە هەڵبـــژاردنێکی مەترســـیدارە کە من دەتۆقێنێ."

سیســـیل گـــوتی:" نـــازانم لـــۆرا، بـــەڵام بـــەڕای مـــن خـــەڵکی ویلایەتەکـــەی ئێـــوە پێویســـتیان بـــە پیـــاوێکی وەکـــو جۆنســـۆن هەیـــە، پیـــاوێکی خوێنـــدەوار و قسەخۆش، هەر بەو جۆرەی کە هەموو لەسەری هاوڕان."

راســـتە پـــوورە سیســـیل، مەترســـی ســـەرەکیش هـــەر لەمەدایـــە، ئـــەو هێنـــدە قســـەخۆش و خوێنـــدەوارە کـــە دەتوانێـــت قەناعـــەت بـــە هـــەموو ئـــەو کەســـانە بێنێـــت، کـــە گـــوێی بـــۆ دەگـــرن. کاتێـــك جۆنســـۆن لـــە دژی کۆکلـــۆس کلانـــەکان قســـە دەکـــات، ئەمـــە تـــەنیا دەمـــامێکی رەواڵەتییـــە، دەمامکێکـــە بـــۆ ئـــەو

شـــتەی کـــە مـــن دوێنـــێ شـــایەدی بـــووم، ئـــازار، نـــەف ڕەت و بـــە کـــردەوەش ئـــەو خوێنـــەی کـــە لەســـەر شۆســـتە ڕژابـــوو. لـــە ئـــەڵمانی نازیشـــدا لـــە ژمارەیـــەکی کەمەوە دەستیان پێکرد و بینیتان کە چۆن گەشەیان کرد."

تـــام نـــاڕەزایی دەربـــڕی:" دایـــە شـــتێك دەزانـــی؟ تـــۆ و ملیۆنـــان کـــەس لـــە ژێـــر کاریگـــەری پڕۆپاگەنـــدەی نـــەرێنی دا بـــە جـــۆرێکی تۆقێنـــەر بـــە هەڵـــەدا چـــوون. تەواوی ئەو چیرۆکە فێڵ و تەڵەکەیەکی گەورە بووە."

ئەو هەوڵی دەدا بەسەبر و زۆر لۆژیکیانە قسە بکات:

" ئێســـتا کـــە ئێـــوە باســـی ئـــەڵمانیای نازیتـــان کـــرد، پێتـــان دەڵـــێم کـــە هـــەرگیز کورەکـــانی مـــرۆڤ ســـوتێن بوونیـــان نـــەبووەو بـــەهیچ جـــۆرێکیش شـــەش ملیـــۆن کـــەس نـــەکوژراون. بـــەڵێ، کۆمەڵـــە کـــەمبێکی کـــاری زۆرەملـــێ هـــەبووە کـــە تاوانبـــاران، ســـیخۆرە کۆمۆنیســـتەکان و ئـــاژاوە گێڕانمـــان تێـــدا دەسبەســـەر کرابـــوون، کـــە ئـــەوانیش شـــیاوی ئـــەوە بـــوون. ئـــەوی دیکـــە هـــەمووی پڕۆپاگەندەیە، پڕۆپاگەندەی جوولەکان."

بـــاد ڤیژانـــدی:" ڕاســـتە، هـــەموو ئـــەو باســـەی دەربـــارەی ســـووتاندنی مرۆڤـــەکان کـــراوە لـــە کورەکـــانی مـــرۆڤ ســـوتاندن دا گشـــتی پڕۆپاگەنـــدەی لـــە خشتە بردن بووە.

لـــۆرا کـــە هەســـتی دەکـــرد خـــوێن هێرشـــی بـــۆ دەموچـــاوی هێنـــاوە هـــاواری کـــرد:" هـــەموو ئـــەو باســـەی کوشـــتنی بـــە کۆمـــەڵ پڕۆپاگەنـــدەی درۆیـــین بـــووە؟ چـــۆن ڕێگـــە بـــە خۆتـــان دەدەن قســـەی وابکـــەن، ئەمـــە لـــە کاتێکدایـــە کـــە وێنـــەکان لـــە نووســـینگەکانی تۆمـــاری ئـــەڵمانیادا هـــەن و ئـــەوە لـــە کاتێکدایـــە کـــە هـــەن ئـــەو کەســـانەی پاشمـــاوەی قوربانییـــەکانن و بـــە چـــاوی خۆیـــان شـــایەدی ئـــەو تاوانانـــە بـــوون، تەنانـــەت ســـەربازە ئەمریکاییـــەکانیش. ئـــایزەن هـــاوێر کاتێـــك ئـــەو کوشـــتارەی دیـــت گریـــا. ئەگـــەر ئێـــوە نیازتـــان وایـــە نکـــۆڵی لـــە مێـــژوو بکـــەن، وەکـــو ئـــەوە وایـــە کـــە بڵـــێن کەســـێك بـــەناوی جـــۆرج واشـــنتۆن هیچـــکات بـــوونی نەبووە."

باد گوتی:" ئاخ، تۆش هەموو کاتێك بەرگری لە جوولەکەکان دەکەی و بۆچی؟ من هۆیەکەی نازانم. تۆ دەربارەی ئەوان چی دەزانی؟ چەند کەسیان لێدەناسی؟"

" چ جیاوازی هەیە کە من بیانناسم یان نا؟ لە بری ئەوە کۆمەڵە هاوڕێیەکی زۆر باشم لەوان هەبووە، وەکو ئەو کچانەی کە لە بێشکەی منداڵیدا لەگەڵیان گەورە بووم. من رەنگە بە بێ ئەوەی لە زۆرشت ئاگاداربم سەبارەت بەمە هێندێك شت دەزانم، بەڵام هیچکات پێم خۆش نییە دەربارەی ئایین و رەچەڵەکیان لە بارەی خەڵکەوە شت بزانم."

تووڕەیی و قینی لەسەر هەقی لۆرا، بەرە بەرە لوتف بەرزی دەکرد و لە هەستەوەری توندو رەق دەی ئاخنی:" من تەنیا دەمەوێ لۆرا لە روخسارەکان راما. جگە لە تیمی، هەموو دەموچاوی تێکچڕا و ناڕەحەتیان هەبوو. هەستی ماندووبوون لە پێ کەوتن زاڵ بوو بەسەر دەروونیدا بۆیە دەستەکانی ئازادکردن و چاوی بڕیە قاپەکەی بەردەمی. کەس تێنەدەگەیشت. باد و پوورەکان هەموویان وەك یەك بوون باد سەبارەت بە پوورەکان هەمیشە دەیگوت:" خاتوونە لەبەردڵ و بەسۆزەکان."

ئەوانیش دەیانگوت:" مێردێکی باش و شاز." ئەوان لە رۆژی یەکەمیشەوە بەردەوام هەمان بیروباوەڕیان هەبوو بەرامبەر بە بادو بەڕاستیش باد هەر وابوو، بەڵام کاتێك مەسەلەیەك بەو قوڵییە دەهاتە گۆڕێ، کە کەسێك دەربارەی جیهان چۆن بیردەکاتەوەو چ دنیایەکی لە باردەمێنێتەوە بەرچاوی خۆی، ئەوسا پەردەیەك لۆرای لەو مێردە باشەو خاتوونە لەبەردڵانە جیادەکردەوە. تەنانەت سەبارەت بە تامیش وا دەهاتە بەرچاو کە پەردەیەك دەکەوێتە نێوان لۆراو کوڕەکەیەوە و لەوانەشە وانەبێ، ئەو لە پشت مێزەکە هەستی بە تەنیایی دەکرد.

لیلیان بەر لە هەموان گوتی:" من وای بۆ دەچم کە لۆرا دەنگ بە مەکێنزی دەدات."

لۆرا گوتی:" بەڵێ، من پێموایە کە ئەو پیاوێکی لۆژیکی و بەهێزە."

لیلیـــان درێـــژەی دایـــە:" ئـــاخ، ئامـــان لـــە دەســـتی ئـــەو کەســـانەی کـــە بـــە منـــداڵی بـــە کەوچـــکی زیـــو نانیـــان خـــواردووە، مـــافی جۆرجتـــان جۆنســـۆن یەکێکی دیکە لەو مرۆڤانەیە کە لەسەر پێی خۆیانن."

لـــۆرا لای خـــۆی بـــیری کـــردەوە:" ئـــاخ، گـــوێم لـــە چ قســـەگەلێکی دەبـــێ! لیلیـــان نـــاڕەزایی بەرامبـــەر خـــواردن بـــە کەوچـــکی زیـــو دەردەبـــڕێ. تـــەواوی ئـــەو قسانە بەڕاستی گاڵتەجاڕ بوون.

کێلـــێم گـــوتی:" ئایـــا سیســـیل پێـــی گـــوتن کـــە ئێمـــە چـــاومان بـــە مـــەکێنزی کـــەوت؟ زســـتانی رابـــردوو، کاتێـــك ئێمـــە چـــووبووینە کـــاپ تیـــوا لەســـەر خواردنێکی ئێواریێ دا دیتمان.

خـــەڵك زۆر بـــە خۆشەوییســـت و لەبـــەردڵان و زۆر بـــە توانـــاو زیرەکیـــان هاتـــە پـــێش چـــاو." کێلـــێم بـــە پێکـــەنێکی ئـــارام و دەمێکـــی داخـــراوەوە بـــەم شـــێوەیە رەزامەنـــدی دەربـــڕی:" خانمـــان زۆر بـــەدوای دەکـــەون، ئـــەو تەمـــەنی ســـی و حـــەوت ســـاڵە و ســـەڵت و قـــۆزە و ســـەرێکی پـــڕی هەیـــە بـــە قـــژی خورماییـــەوە، بـــۆ نابـــێ وابێ!"

کێلـــێم بـــە ناســـکی و هۆشـــیارییەوە بابەتەکـــەی لـــەو حاڵـــەکی رێکنەکەوتنـــە گوڕی بوو و سیسیلیش هەر لەبەر ئەوە سوپاسی کرد.

ئەو دووانە زۆر وێك دەچوون. لۆرا لە جێی خۆی رەپەڕی و گوتی:

"شیرنەمەنی سوفلەی[6] شوکولاتمان هەیە و ئێستاش پێگەیشتووە.

لـــێم ببـــورن دەبـــێ لـــە فـــڕن بیهێنمـــە دەرێ و بـــەر لـــەوەی لـــە هەڵاســـان بکـــەوێ دەبێ هەمووتان دەست بکەن بە خواردنی."

تام پرسی:" دایە، قەیماغیشت لێداوە؟"

"لـــەوە باشـــتر، ساســـێکی وانیلـــی زۆر خـــۆش. کوڕەکـــان، یارمـــەتیم بـــدەن تـــاکو مێزەکە خاوێن بکەمەوە. ئا پوورە سیسیل و لیلیان ئێوە فەرموون دانیشن."

لـــەو شـــەوق و زەوقـــە میواندارییـــەی، کـــە لـــە ســـەرەتای ئـــەو رۆژەوە دەســـتی پێکردبـــوو، ئێســـتا بـــە شـــێوەیەکی ســـەیرکەم ببـــۆوە وەکـــو ئـــەوەی کـــە رۆژێـــك

---

٦- نەمزانی بە کوردی چ جۆرە خواردنێکە. "وەرگێڕ".

دنیای دەوروبەرتان زیندوو چالاك و خۆشە و ئێو چێژ لە کەشوهەوایەکی بێ کێشە وەردەگرن، بەلاّم لە ناکاو رووداوێکی ناخۆش روودەدات. بەبیرتان دێتەوە، کە لە سەری سەرەوەی ئەو خۆشیانەدا، گرفتێکی گەورەتان هەیە، کە تاکو ئێستا چارەسەریکیتان بۆ نەدۆزیوەتەوە ئێستا قسەکانی سەرمێزەکە ئەو کەشوهەوایەی گۆڕیبوو و کاریگەرییەکی ناخۆش بە جێهیشتبوو.

کاتێك لۆرا سوفلەکەی کە لە بە قاپێکی خۆراگر بەرامبەر گەرمادابوو هاتە ژووری، باد گوتی:

"ئیدی باسی سیاسەت ناکەین." کاتێك کە لۆرا بە نیشانەی سپاسکری نیگایەکی لە مێردەکەی کرد، باد درێژەی دایە:" ئێمە تاکە ژن و مێرد نین، کە بۆچوونی یەکتری پووچەڵ دەکەینەوە ! کێلێم دەکرێ دووبارە خواردنەوەت بۆ تێکەم؟ تام تۆ حەزت لە چییە؟"

لۆرا چەند خولەکێك دوای ئەوە لای خۆی بیری کردەوە:

" سەیرە، کە چۆن خواردنێکی بەتام دەتوانێ نارەحەتییەکان دامرکێنێ! سوفلە، خواردنەوەی سارد، قاوە، هەروەها پەنیر و میوە ئەو هەستە رەزامەندی و دڵخۆشییەی دروست کردبوو، لە کاتێکدا کە چەند خولەکێك لەمەوبەر دوژمنایەتییەکی بە ئەدەبانە لێرە ببووە فەرمانڕەوا."

شەوێ ئەو میوانداریەی خوانی ئێواری زۆر زوو کۆتایی پێ هات. کێلێم داوای لێبوورنی کرد و گوتی:" ئێمە رۆژێکی زۆر دوور و درێژمان بەسەربردووە، مەودایەکی درێژمان بە ئۆتۆمبێل بڕیوە، پێموایە کە دەبێ پشوو بدەین."

لیلیان گوتی:" هەمیشە پێم سەیربوو کە بگەڕێمەوە و لە ماڵێکدا بخەوم کە تێیدا لە دایك بووم، دەڵێی مرۆڤ قەت لێرە دوورنەبووە، بەلاّم من بەڕاستی پێم ناخۆشە کە ئەمشەو دەبێ ئەوەندە زوو بە جێتان بهێڵم."

" نا نیگەران مەبە، منیش تاوێك بچمە دەرەوە کۆبوونەوەیەکم هەیە."

کێلـــیم ســـەرەڕای ئـــەو هەڵســـوکەوتە بـــە ئەدەبانـــەی هـــەیبوو، هەســـتی دەروونـــــی و ڕۆژابـــــوو و بەسەرســـــوڕمانەوە گـــــوتی! "چـــــی؟ لـــــە شـــــەوی یەکشەممەدا؟"

" هەمیشـــە لـــە کارەکانـــدا کۆمەڵـــە گرفتێـــك هەیـــە، کێلـــێم. هەمیشـــە شـــەممەکانیش کـــارێکی بەپەلـــەم بـــۆ پەیـــدا دەبـــێ. ئەگـــەر تـــۆ لەگـــەڵ کۆمیتەیـــەکی جێبـــەجێ کـــاردا، یـــاخود وەزارەتـــی بازرگـــانی، بـــانق و کۆمپانیـــایی بیمـــەی کۆمەڵایەتیـــدا کاردەکـــەی، ڕەنگـــە لـــە هـــەموو شـــەوەکانی هەفتەشـــدا لـــە دەرەوەی ماڵ بیٚ.

ئەمـــە لـــە کاتێـــك دایـــە کـــە مـــن بـــە هـــیچ جۆرێـــك حـــەز لـــەوەها گرفتێـــك ناکـــەم، هـــەوڵ دەدەم دانیشـــتنە بـــە پەلـــەکانم بگەیەنمـــە لانـــی کـــەس خـــۆی. هـــەر چـــۆنێك بێـــت، ئەمشـــەو دەبـــێ بـــڕۆم، لەبـــەر ئـــەوەی بەڕاســـتی کـــارێکی گـــرنگم هەیە. کەواتە بەیانی دەتان بینمەوە."

لـــۆرا و کوڕەکـــان لـــە هـــەیوانی پشـــتەوە دانیشـــتبوون. ئـــەوان دەنگـــی خۆیـــان ئەوەنـــدە نـــزم کردبـــۆوە بـــۆ ئـــەوەی ســـەرگرانی بـــۆ میوانـــەکان دروســـت نەکـــەن کـــە ژووری نووســـتنیان ڕێـــك لەسەرســـەری ئـــەوان بـــوو. چـــاوەکانی لـــۆرا بـــۆلای تـــام کشـــــان، کـــــە تەماشـــــای دەکـــــرد و سەرلێشـــــێواو دەهاتـــــە بەرچـــــاو. ئـــــەو بیروباوەڕانـــەی وی، ئـــەو قســـە هەژێنەرانـــەی ســـەبارەت بەنازییـــەکان، چ کەســـێك مێشـــکی بـــەو قســـانە پیرکردبـــوو؟ تـــام نـــاوی هەنـــدێك کەســـی هێنـــابوو، کـــە تێکـــەڵاوی لەگەڵیانـــدا هەیـــە و ئێســـتا لـــۆرا تێگەیشـــتبووکە دایـــك و بـــاوك هەڵســـوکەوتی جـــۆراو جۆریـــان هەیـــە، بـــەڵام هـــەموو نیگـــەرانی ئـــەو مەســـەلەیەن کـــە ئەگـــەری ئـــەوە هەیـــە کۆلێـــژ چ کاریگەرییـــەکی هـــەبێت لەســـەر شـــێوازی بیرکردنـــەوەی کوڕیـــان کـــچ کـــە وەکـــو ناســـیاوێك ماڵەکـــەی بـــە جـــێ دەهێڵـــێ و پاشـــان وەکـــو نامۆیـــەك دەگەڕێتـــەوە، بـــەڵام ئایـــا تـــام ئەوەنـــدە کـــەوتبووە ژێـــر کاریگەرییـــەوە؟ بـــە هـــەرحاڵ لـــە هـــەر زانکۆیەکـــدا چـــەند گروپێـــك هـــەن، کـــە مـــرۆڤ دەتـــوانێ یـــەکێکیان هەڵبـــژێرێ. کەواتـــە تـــام بەرلـــەوەی مـــاڵیش بـــە جێبهێڵـــێ، وەهـــا بنـــەماو بناغـــەی فکـــری لـــە زەینیـــدا هـــەبووە. بـــەڵێ، لـــۆرا لەگـــەڵ ئـــەو ڕاســـتیەدا ڕووبـــەڕوو بـــۆوە کـــە تـــەواوی کێشـــەکان هـــەر لێـــرە ســـەریان هەڵـــداوەو لـــە

باد دا خۆیان حەشاردابوو. باد بە هەموو ئەو سەر لەقاندنانەی، چاو هەڵتەکاندن و بەرگری کردنە نابەجێ یانە، هەروەها رادەربڕین و گاڵتەکانی، شێوازی بیرکردنەوەی بە تەواوی گواستبۆوە بۆ کوڕەکەی. ئەو کەشوهەوایەکی خولْقاندبوو و تامیش هەوای ژەهراوی ئەو کەشوهەوایەی هەڵمژی بوو. داخ بۆ ئەو بیرە ناسکەوە ئەوەندە هەستیارە، کەتێك چووبوو و بەراڕێدا چووببوو.

تام زنجیرەی بیرکردنەوەکانی بچڕاند و گوتی:" سەیرکەن، سەیری ئەستێرەی گەلاوێژ بکەن."

تیمی پرسیاری کرد:" لە کوێیە؟"

تام پەنجەی هەڵبڕی و ئاماژەی کرد:" لەوێ، دەیبینی؟ ناوەکەی دیکەی ئەستێرەی باکوورە. ئەوە هەمان ئەستێرەیە کە دەریاوانەکان بۆ یەکەمجار بە هۆیەوە زانییان کە بە چ ئاستەیەکدا بەرەو پێش بچن."

لۆرا لەبەر خۆیەوە گوتی:" ئەستێرەی کزی ئێوارەی واگنێر، ئەوەندە بێ شوق و خۆشەویست."

تام گوتی:" ئەوە تاکە ئەستێرەیە کە جێگای خۆی ناگۆڕێ، ئەوانی دیکە بە پێچەوانەی میلەکانی کاتژمێر لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا بەدەوریدا دەسووڕێنەوە، هەر کە بنەوێ فێری بچووکترین شتی ئاسمانی ببی، بەڕاستی سەرت سوور دەمێنێ، مرۆڤ دەبێ زیاتر بخوێنێتەوە. من یەکەی ئەستێرەناسیم لە قۆناغی پێشتردا وەرگرت، بە ئێوەم گووتبوو؟ هەڵبەت لە ئاستی زانستی سەرەتاییدا بوو، بەڵام من نیازم وایە زیاتر بخوێنمەوە، بەو مانایەی کە پێویستە یەکەکانی ماتماتیك. زیاتر بخوێنم."

لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی کە چۆن کوڕێکی ئەوەندە بە توانا لەوەها زەلکاوێکدا گرفتار دەبێت کەئەمشەو بەو جۆرە قسەی کرد.

ئەو بە ئاوازە دەنگێکی یەکجار بە سۆز و هاوڕێیانەوە بە شێوەی هاوکات گوتی:" من قەت لە دۆزینەوەی ڕێگامدا بە هۆی ئاسمانی شەوەوە سەرکەوتوو نەبووم."

تـــام هـــاواری کـــرد:" ســـەیری ئـــەو شـــوێنە بکـــەن، ئـــەو شـــتە لـــەوێ دەبینـــی تیمـــی؟ بـــە دوای دەســـتی مـــن بکـــەوە، حـــەوت ئەســـتێرە، بـــژمێرە. ئایـــا وەکـــو ورچ نایەنـــە بەرچـــاو؟ ئەمـــە ورچـــی گەورەیـــە (حەوتەوانـــەی گـــەورە). ڕێـــك لـــەوێ، ســـەیریکە پەنجـــەی مـــن ئامـــاژە بـــۆ کـــوێ دەکـــات، دیـــتن؟ دووبـــارە حـــەوت ئەســـتێرە بـــژمێرە، ئەمـــە ورچـــی بچـــووکە (حەوتەوانـــەی بچـــووك). دەزانـــی چ شـــتێك بـــیری مـــن دەربـــارەی هـــەموو ئـــەم مەســـەلانە و تووشـــی گومـــان دەکـــات؟ ئـــەو وردەکارییـــەی کـــە هەیـــە، ئەمـــە ئـــەو شـــتەیە کـــە تووشـــی سەرســـوڕمانم دەکـــات. هـــەموو ئەوانـــەی بـــە چ وردەکارییـــەك دروســـت و ڕێزکـــراون. بـــەڕێکوپێکی و کـــاملێ، هـــیچ ئالۆزییـــەك لـــە ئارادانییـــە، بـــۆ نموونـــە ســـەیری ئـــەو شـــەهابانە بکـــە، ئایـــا شـــتێکی جـــوان نییـــە، کـــە پێشـــبینی گەیشـــتنیان بکـــەی؟ لـــە دوازدەی مـــانگی ئابـــدا، یـــانیش ڕەنگـــە چـــەند ڕۆژێـــك بەرلـــەوە یـــان دوای ئـــەوە، بـــەڵام بەهـــەرحاڵ لـــە هـــەمان ئـــەو کاتـــەدا کـــە ئێمـــە بارانێـــك لـــە شـــەهابەکان دەبیـــنن مـــن و تـــۆ دووبـــارە دێنییـــەوە ئێـــرە تیمـــی، ئەوســـا تەماشـــایان دەکـــەین. لـــە دوای ئـــەوە لـــە پـــازدەی مـــانگی تشـــرینی دووەمـــدا، بارانێـــك دیکـــەی شـــەهابەکان لەبەربەیانـــدا دەبێـــت. باوەڕدەکـــەی؟ زانایـــان تەنانـــەت دەزانـــن کـــە لـــە چ کـــاتێکی ڕۆژدا ئەمە ڕوودەدات. لە ڕادەبەدەرە."

تیمی گوتی:" دایە، گەدەم ئازاری هەیە."

لـــۆرا یەکســـەر لـــە جێـــی خـــۆی دانیشـــت و گـــوتی:" ئـــازاری هەیـــە یـــان تێکـــەڵ دێت؟"

"نـــازانم، حـــاڵم بـــاش نییـــە، دەڵێـــی خەریکـــە بڕشـــێمەوە. هەرچـــەندە پێشـــم وانییە."

تـــام گـــوتی:" ئـــەو ئەمشـــەو خـــواردنی چـــەوری زۆر خـــواردووە، ئـــەو کۆشـــتە شوکولات و ساسی قەیماغ."

لـــۆرا گـــوتی:" بـــڕۆ ســـەرێ بـــۆ خـــۆت ڕاکشـــێ. منـــیش دێمـــە ســـەرێ و دەرمانەکەت بۆ دەهێنم."

تـــام گـــوتی:" دایـــه مـــن دەڕۆم، تـــۆ سەرانســـەری ئـــەمڕۆ ئیشـــت کـــردووە، جگـــە لـــەوەش تیمـــی بـــۆ خـــۆی دەزانـــیٚ کـــە دەبـــیٚ چ دەرمانیٚـــك بخـــوات. هەســـتە کوڕە، تۆ و ئیریٚل، ئیٚمە دەتوانین پیٚکەوە قسەیەکش بکەین."

لـــە قـــاتی ســـەریٚ، تیمـــی دەســـتی کـــرد بـــە هـــەمان کۆخـــە هەمیشـــەییە ئازاردەرەکـــەمان، تـــام بـــە گـــویٚرەی ئـــەزمونی دووردوودریٚـــژی خـــۆی، یەکســـەر بـــۆی دەرکـــەوت، کـــە پیٚوەندییـــەك لـــە نیٚـــوان حاڵـــەتی ئیٚڵـــنج و ئـــەم کۆخـــە وشـــکانەدایە و دەیزانـــی کـــە دەبـــیٚ ئیٚســـتا چـــی بکـــات. قـــاپی شـــیر کوڵانـــدن لەســـەر غازەکـــە هەڵواســـرابوو. دیـــارە کـــە شـــیرەکەش لەبەفرگرەکـــەدا بـــوو، هـــەروەها هـــەنگوینیش لە شووشەیەکدا لە نیٚو قەفەسەکەدا.

هـــەر وا کـــە تـــام راوەســـتابوو و لـــە قـــاپی شـــیر کوڵاندنەکـــە رامـــابوو، دیمـــەنیٚکی تۆقیٚنـــەری لـــە بەشـــی چـــاودیٚرییە تایبەتییـــەکانی قـــاتی حەوتـــەم هاتـــە پـــیٚش چـــاوان، کـــە ئەنـــدامانی نیگـــەرانی خیٚـــزان دەبوایـــە لـــەویٚ بـــە چـــاوەڕوانی راوەســـتابان: ســـوڕانەوە بـــۆ دەســـتە راســـت، بـــەردەم ئاسانســـۆەکەو (مەســـلەدە)..

تـــام لـــە ترســـان لـــەرزی هـــاتیٚ و بـــەخۆو پـــەرداخیٚك شـــیری گەرمـــەوە چـــووە نهـــۆمی سەریٚ و گوتی:

" بـــە ئـــارامی ئەمـــە بخـــۆوە. کۆخەکـــەت رادەگـــریٚ... ئـــەو رســـتەیەی بـــە جـــۆریٚکی وا دەبـــڕی کـــە دەتگـــوت تـــیم هـــیچ نازانیٚـــت. ئەوســـا کاتیٚـــك کـــە بـــەرە بـــەرە کۆخەکـــەی کـــەم دەبـــۆوە، تـــام دانیشـــت تـــاکو ســـەیری شـــیرخواردنەوەی براکـــەی بکـــات. ئـــەو دوو دەســـتانەی کـــە پەرداخەکـــەیان گرتبـــوو زۆر بچـــووك و ناسك بوون.

کـــوڕیٚکی منـــداڵی وا چـــکۆلە بیٚگومـــان بچـــووکترین قوتـــابی پۆلەکـــەی خـــۆی بـــوو. مرۆڤـــی چـــەندە ناڕەحـــەت دەکـــرد و ئـــازاردەرتریش لەمـــە ئـــەوە بـــوو کـــە هـــیچ کەســـیٚك بـــە هەڵـــە پیٚـــی رانـــەدەبوارد. هـــیچ کەســـیٚك تەنانـــەت بـــە کورتـــە بـــاڵا، مـــەیمون یـــاخود کوللـــە، نـــاوی نـــەدەبرد، چـــونکە دایـــك و بـــاوکی هـــەموو کەســـیان راســـپاردبوو تـــا ئاگایـــان لـــە کوڕەکـــەیان بیٚـــت، هـــەروەها ئـــەوەی کـــە ئـــەو کـــوڕە زۆر نەخۆشەو دەبیٚ هەموو لەگەڵیدا روویان خۆش بیٚ.

تیمـــی گـــوتی:" کۆخـــەی مـــن ئیریڵـــیش نارشـــەحەت دەکـــات.. چـــونکە ســـەگەکە نیگـــای ڕاڕاو سەرســـوڕماو درەوشـــاوەکەی خـــۆی لـــە تامـــەوە دەگواستەوە بۆ تیمی و هەورەها بە پێچەوانەشەوە.

"تـام، دەزانـی کـە ئـەم سـەگە باشـترین هـاوڕێی منـە؟ هەڵبـەت جگـە لـە تۆ..

"جـا خـۆ مـن بـرای تـۆم، برایـەك کـە تەنانـەت باشـترە بـەرزترە لـە باشـترین هاوڕێکان.

"ئەوە دەزانم."

تـیم دوای ئـەوەی کـە شـیرەکەی خـواردەوە دەسـتەوئەژنۆ لـە تـام رامـا، ئـەو هەستەشـی بـۆ وی گواسـتەوە کـە چـاوەڕوان دەکـات بـەر لـە نووسـتن پێکەوەقسـە بکەن.

"تام، ئایا تۆ لە کۆلێژ لەگەڵ هیچ کچێکدا ئاشنایەتیت پەیداکردووە؟"

"ئـێ بـەڵێ، تـا رادەیـەك بـەڵێ، تـا رادەیـەکیش نـا، مەبەسـتم ئەوەیـە کـە تـۆ لـە کۆلێـژ چـاوت بـە زۆر کـچ دەکـەوێت، لـە پۆلـدا، لـە پێشـبڕکێکانی تـۆپی پێـدا.. مەبەسـتم ئەوەیـە کـە لـە دوای مانگێـك یـان چـەند هەفتەیـەك لەگـەڵ یەکێکی دیکە ئاشنا دەبی، خۆ ئەمە دەزانی...

منداڵەکـە قسـەی دەکـردو تـام نەیدەویسـت سـەبارەت بـە ڕۆبـی پرسـیاری لێ بکرێـت، لـە راسـتیدا هـەر حـەزی نـەدەکرد سـەبارەت بـە هـیچ کچـێکی دیکـەش پرسـیاری لێ بکرێـت، بۆیـە وەڵامـی دایـەوە:" مـن پێموایـە کـە تـاکو ئێسـتا کەسێکی دیاری کراوم هەڵنەبژاردووە..

"بەڵام تۆ دەبێ کەسێك هەڵبژێری تام، ئەمە زۆر باشە."

"بەڵێ، بەڵام تۆ چۆن زانیت؟"

تیمـی نیگایـەکی لـە دەرگاکـە کـرد، کـە کراوەبـوو، کـەمێك بـۆ پێشـەوە نوشـتایەوە تـاکو لـە بـن گـوێی بڵـێ:" لەبەرئـەوەی مـن بـۆ خـۆم کەسـێکم پەیـداکردووە. ئەگـەر بـەڵێنم پـێ بـدەی کـە لای کـەس باسـی ناکـەن، بـۆ خـۆم بۆت دەگێڕمەوە."

تام بە ئەسپایی گوتی:" بەڵێن دەدەم."

"ئەو ناوی مێری بێتە من هەمیشە لەسەر مێز لەگەڵ ئەودا نان دەخۆم. دەزانی بۆچی؟"

"نا، بۆچی؟"

"چونکە ئەو بۆ خۆی داوام لێدەکات. هەموو رۆژێك بۆ خۆی پێشنیارم لێ دەکات.."

"ئێ، ئەو کچێکی بەسەلیقەیە، گرەو دەکەم کە جوانیش بێت."

"بەڵێ، ئەو جوانترین کچی پۆلەکەمانە."

"قژەکانی چ رەنگێکە؟"

" تا ئەندازییەك قاوەیی روون، بەتاڵە موی زێڕینەوە."

" دەمەوێ چاوم پێی بکەوێ، تیم."

" زۆر چاکە، ئەگەر شەوێك لەگەڵ خۆتدا بمبەی بۆ ئاهەنگی ساڵانەی پۆلی شەشەمەکان، نیشانت دەدەم. هەمیشە دایە و بابە ئەو کارە دەکەن، بەڵام ئەگەر تۆ بتوانی لەگەڵ خۆتدا ببەی باشترە."

" بە دڵنیاییەوە حەزدەکەم لەگەڵ خۆمدا بتبەم."

ئەو دەموچاوی بچووکە، ئەو رووخسارە چکۆلەو راستگۆیانە بەو چاوە بەتاسەو ئارەزوومەندانەوە. چاوەکانی وەکو چاوی دایکی دەچوون، تام وای دەدیت و هەرگیز سەرنجی نەدابووە ئەو خاڵە.

چاوەکانی زۆر خەیاڵی بوون، هەم چاوەکانی تیم هەمیش دایکی دەتگوت سەیری شتێك دەکەن لە ئاسۆدا، تەنانەت لەو کاتەشدا کە رووی قسەکردنیان لەگەڵ تۆدا بوایە. لە لایەکی دیکەوە خەڵك هەمیشە دەیانگوت کە خودی تام هاوشێوەی دایك و باپیرەتی (باوکی دایکی).

تیم باوێشکێکی هاتێ، بەڵام سەرەڕای ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی کە قسە بکات. حەزی نەدەکرد تام ژوورەکە بە جێ بهێڵێ، بۆیە گوتی:" لەم ماوەیەدا بابە تەسجیلێکی گیرفانی بۆ کڕیوم حەزدەکەی بیبینی؟"

تام گوتی:" هێی، سەیری کاتژمێر بکە، منیش ئیدی دەبێ بخەوم. سبەی هەموو رۆژەکە پێکەوە دەبین. ئەوسا دەتوانی تەسجیلە نییەکەتم نیشان بدەی، ئێمەش دەتوانین زیاتر پێکەوە قسە بکەین و باشە تیم؟"

تیم گوتی:" زۆر باشە."
" خۆ تەندروستیت باشتر بووە، وانییە؟"
"بەڵێ، باشترم."

تــان بــیری کــردەوە، کــە زەردەخەنــەی وی وەکــو گڵــۆپێکی ١٥٠ وانــی وایــە کە لە هەیوانێکی تاریکدا هەڵ بکرێت.

" بەیانی دەتبینمەوە کوڕە."

تــام لــە ژوورەکــەی خۆیــدا لەســەر قەرەوێڵــە دانیشــت و دەســتی کــرد بــە خوێندنــەوەی کتێــب (ئــایینی گــەورەکانی زایــۆنی). رۆبــی پێــی گوتبــوو کــە ئــەو کتێبــە زۆر کۆنــە، بــەڵام دەوامــی چــاپی دووبــارە کرابــۆوە و لەسەرانســەری جیهــان دابــەش کرابــوو، ئەمــەش راســت بــوو. لــە کتێبەکــەدا گوترابــوو کــە لــە هــەر وڵاتێکــدا لــە نێــو جوولەکــە زیــرەك و بــە تەمەنەکانــدا، کارامــەترینیان هەڵدەبــژێرن و دەینێرنــە شــوێنێکی نهێنــی کــە هــیچ کەســێك تــا ئــەو ســەردەمە نــەیتوانیوە بیدۆزێتــەوە و لــەوێ ئــەوان پلانــەکانی خۆیــان بــۆ دەسبەســەراگرتنی ئەم حەسارەیە دادەڕێژن.

تــام بــە گومانــەوە بــیری کــردەوە:" ئــێ، رەنگــە وابێــت، بــەڵام جگــە لــەوە تــۆ دەبــێ ســەبر بگــری، بزانــێ کــە ئــەو کەســانە لــەم شــارەدا چــەندەیان ســەروەت و ســامانیان هەیــە.. ئــەو فرۆشــگا چــەند نهۆمییــە لــە ناوەنــدی شــاردا و هــەروەها نیــوەی فرۆشــگەکانی قەیســەرییە تازەکــەی شــار کــە ئــەو پــێڵاو چــاکەت و پانتۆڵ کەلوپەلی وەرزشی لێدەکڕی، هی جوولەکەکان بوو.

ئــەو زێڕینگــەرەی کــە دایکــی بــە بۆنــەی دەرچــوونی تــام کاتــژمێرێکی لێ کڕیبــوو، ئــەویش جوولەکــە بــوو. بــەڵێ، هــەروەها ئــەو نەخۆشــخانەی کــە ســاڵی رابــردوو پــووره لیلیــان تێیــا_نەشــتەرگەری بــۆ کــوا بــوو، ســەرۆکی بەشــی نەخۆشــییەکانی دڵ کەســێکی جوولەکــە بــوو. ســەیری هــەر شــوێنێکت دەکــرد تووشــیان دەبــووی، کــە وەکــو ســوڵتانەکان دەژیــان. ئــەو کتێبــە لــە رادەبــەدەر کاریگــەر بــوو، چــونکە رووداوەکــانی بــە شــێوەیەکی جــوان لێــك دەدایــەوە. خــەڵك لــە ناســینی ئــەو رووداوانــەو ئــەوەی کــە دنیــای ئــەوان لــە حــاڵی گــۆڕان و

وەچـــەرخاندایە، زۆر خـــاو و لەســـەر خۆبـــوون، بـــاوکی ئـــەو شـــتانەی بـــاش دەزانـــی، بەڵام دەبوایە ئەو بە پارێزەوە هەڵسوکەوت بکات.

ئـــەو ناچـــار بـــە دابینکردنـــی بـــژێوی بـــوو و خێزانێکـــی هـــەبوو، کـــە دەبوایـــە ژیانیـــان بـــۆ دەســـتبەر بکـــات و بـــە دڵنیاییشـــەوە شـــێوازی ژیانیـــان زۆر خـــەرجی دەویســـت. ئـــەوان بـــاش دەژیـــان، باشـــترین کەلوپـــەلیان لەبەردەســـت دابـــوو، باوکیشـــی نەیـــدەتوانی دوژمنگـــەلێکی زۆر بۆخـــۆی داتاشـــێ. جگـــە لـــەوەش ئـــەو گـــەرەکی بـــوو، کـــە ئاشـــتی و خۆشـــی تـــەبایی لـــە ماڵەکەیانـــدا هـــەبێت. دایکیشـــی بـــە دڵنیاییـــەوە دڵـــی برینـــدار بـــوو، خـــاوەنی دڵێکـــی زۆر میهرەبـــان بـــوو و قســـەو دەمـــەوەری لەگەڵیـــدا بـــێ ســـوودبوو. بـــاوکی داکـــی زۆر خـــۆش دەویســـت و قـــەت حـــەزی نـــەدەکرد، کـــە تـــوورە ببێـــت. دایکـــی ئـــافرەتێکی پـــاك و بـــێ گونـــاه بـــوو، کـــە لەلایـــەن کتێبـــەکان و قوتابیـــانی پیـــانۆوە و بێگومـــان بنەماڵەکەشـــی دەورە درابـــوو، تـــام ســـەیری دەوروبـــەری ژوورەکـــەی کـــرد بـــۆ ئـــەوەی بـــەر لـــە نووســـتن وردەکارییـــەکانی لـــەبیربێت. دایکـــی چـــڵێك ســـوورە گـــوڵی لـــە نێـــو گوڵـــدان لەســـەر مێـــزی نووســـینی وی دانـــابوو. دیتنـــی ئـــەو گوڵـــە باخـــە تـــامی زۆر خســـتە ژێـــر کاریگەرییـــەوە. کاتێـــك دایکـــی بـــۆ چـــنینی ئـــەو گوڵـــە چـــووبووە نێـــو باخـــەوە، چـــاوەڕوان بـــوو و دەیویســـت کـــە تـــام بگەڕێتـــەوە ماڵـــێ. ئەوســـا تـــام لـــە کاتێکـــدا کـــە هەســـتی بـــە پـــەژارە دەکـــرد بـــە خـــۆی گـــوت:" نەدەبوایـــە لەســـەر مێـــزی نـــان خـــواردن مـــن ئـــەو قســـانەم بکردایـــە، بەراســـتی دایکمـــم ناڕەحـــەت کـــرد. لـــە تاریکیـــدا چـــاوەکانی لـــە دوورە دەســـت رامـــان. رەنگـــە دەبوایـــە ئـــەو هـــەموو ئـــەو شـــتانەی کـــە دەبوونـــە هـــۆی تەنانـــەت وێنـــەی جـــیم جۆنســـۆن بشـــارێتەوە. چ کێشـــەیەك بـــۆ بیروباوەڕەکـــانی دروســـت دەبـــوو، کـــە ئەوانـــە لەبـــەر چـــاوبن یـــان نـــا؟ ئـــەو دەیتـــوانی هـــەموویان بباتـــە ژووری نووســـتنی لـــە کۆلێـــژ. لـــەوێ ئـــەو ژیـــانێکی ســـەربەخۆی تەمـــەن گەورانـــەی هـــەبوو. تـــام دەســـت و قاچـــی درێـــژکردن، لەســـەر قەرەوێڵـــەو ئاســـوودەدا ئـــارامی بەخشـــییە ماســـولکەو ئێســـکەکانی. پاشـــان رۆبـــی کەوتـــەوە یـــاد، هەســـتی دەکـــرد بەرۆشـــیەتی. ئەوســـا کەوتـــە بـــیری تیمییـــەوە: بـــە دڵنیاییـــەوە ئـــەو ناگاتـــە تەمـــەنێکی گـــەورە و تـــامی عەشـــق ناچـــێژێت. تـــام دەیزانـــی بـــۆ ئـــەوەی خـــەوی لێبکـــەوێ و لـــەو خـــەم و کەســـەرە

رزگـــاری ببێـــت، دەبـــێ بـــیر لـــە شـــتێکی دیکـــە بکاتـــەوە. لـــە دەرەوەی ماڵـــێ، شـــەوێکی تەمبـــەڵ و نووســـتوو هـــەبوو کـــە بـــە کۆمـــەڵ دەنگێکـــی ئاشـــنا لـــە ژیـــانی چڕوجانەوەر هاوڕێیەتی دەکرا.

سیســـیەرەکان دەیـــان جریوانـــد، هـــەروەك چـــۆن هـــەزاران ســـاڵ بـــوو بـــەو شـــێوەیە دەنگیـــان دەهـــات. بـــە گـــوێرەی ئەگـــەرەکان، لـــە هەســـارەیەکی دیکـــەدا، کـــە لـــە خـــۆرێکی دیکـــە جیـــاببۆوە، کۆمەڵـــە بوونـــەوەرێکی دیکـــە هێشـــتا بـــە خەبـــەر بـــوون. زانایـــان پێشـــبینیان دەکـــرد، کـــە کاتێـــك (کارەســـاتی گـــەورە) ســـەرەنجام هەڕەشـــە لـــە رەگـــەزی مـــرۆڤ و ئێمـــە لەســـەر ئـــەو هەســـارەیەی بکـــات لـــە نـــاوی ببـــات، تـــەنیا چـــڕوجانەوەرەکان دەمێننـــەوە، قالۆنچـــەکانی حـــەمام یـــاخود کوللـــەکان، هەڵبـــەت ئەمانـــە زۆر خـــراپ نـــین، هـــەر چـــەندە کـــە دەنگیـــان بێزارکـــەرە و زیـــان بـــە کێڵگـــەکان دەگەیـــەنن، بـــەڵام سیســـیەرەکان بـــە هـــیچ جۆرێـــك خـــراپ نـــین:" ئـــەو سیســـیەرەکانە و ئـــاوازی نیـــوە شـــەویان، سیســـیەرەکان و ئاوازەکانیـــان بـــە درێـــژایی شـــەو لـــە دەرەوەی پەنجـــەری ژوورەکـــەی مـــن..." بـــەم بیرکردنەوانەوە تام خەوی لێکەوت.

لـــۆرا کـــە لـــە تاریکاییـــەکی رەهـــادا بـــە تـــەنیا مـــابۆوە، هـــەروا نـــوقمی بیرکردنـــەوەکانی خـــۆی بـــوو و لـــە هـــەیوانێ دانیشـــتبوو کـــە بـــاد بـــە ئۆتۆمبێلەکـــەوە هاتـــە نێـــو گەراجەکـــەوە گلیۆپـــەکانی دواوەی ئۆتۆمبێلەکـــە دوو گڵـــۆپی ســـوور بـــوون درەوشـــانەوەو بـــەدەم دادرانـــەوەی دەرگـــای گەراجەکـــە کوژانـــەوە. دەنگـــی پێـــی بـــاد لەســـەر چـــەمەنەکە کەوتـــە بـــەرگوێ و هاتـــە هەیوانێ:" هێی، کێشە چییە؟"

"کێشەیەك لە گۆڕێ نییە، هەروا دانیشتووم."

"بۆ لێرە بە تەنیا دانیشتووە؟"

"هیچ، بەڕاستی هیچ."

" من دەزانم خووخدەی تۆ باش دەناسم، ناتوانی لە خشتەم ببەی."

ئـــەو قســـەیە راســـت بـــوو، بـــەڵام لـــۆرا بـــە نیـــاز نـــەبوو هـــیچ دەمەوەرییـــەك ســـەر لە نوێ دەست پێ بکاتەوە. دڵی زۆر شکا. بۆیە تەنیا وەڵامی دایەوە:

" دانیشتەکەتان چۆن بوو؟"

" باش بوو، بۆ شەوێکی یەکشەممە، قسە زۆر کرا ئێستاش دەنگەکانیان لە گوێمدا دەزرنگێتەوە."

باد هاتە پێشێ بۆ ئەوەی روومەتی هاوسەرەکەی ماچ بکات:

" بۆنی تازەت کڕیوە؟"

"ئا، بۆنەکەی پەسەند دەکەی؟"

" دیارە، من هەر شتێك پێوەندی بە تۆوە هەبێ پەسەندی دەکەم هێی دیسانەوە من برسیم بۆتەوە! با بۆلەیەك (ساندویچ) شتێکمان نییە؟"

ژووری چێشت لێنان، هاوشێوەی سەرانسەری ماڵەکە، بۆ خێزانێکی گەورەدا رێژرابوو. قەفەسەکانی تایبەت بە فنجان جێگای سێ تاخمی تەواو قاپی چینی و یەك دوو دەرزەنی هەبێت. لەولاش تەباخێکی کارەبایی نوێ لە تەنیشت تەباخە خەڵوزییە کۆنەکە دانرابوو، کە هێشتاش سوودی لێوەردەگیرا. تەباخە کۆنەکە، گەرچی بە دەگمەن بەکاردەهێنرا، بەڵام بە بریقە بوو و دەدرەوشایەوە.

قەڵاشکەرییەدارەکانیان بەرێکی لە پەنا سۆبەی دیواری هەڵچنی بوون و ئامادەیان کردبوون بۆ پاش نیوەڕۆیانی زستان.

قاپی مسی بە هیچی ژوورەکەدا هەڵواسرابوون و پەردەیەکی تۆڕی جوان بەسەر پەنجەرەکەوە لەبەردەم شوێنی قاپ شووشتندا هەڵواسرابوو.

باد گوتی:" من ئەم حاڵەم خۆش دەوێ، ماڵی پیاوێك بە واتای کۆشکەکەیەتی. بەڵێ کاکە، گرەو دەکەم، ئەویش بە هەموو بوونییەوە بەرگری لێدەکات. خۆ تێدەگەی؟"

"چاکە کە تۆ ناچارنی لەم وڵاتەدا بۆ بەرگری کردن لە کۆشکی خۆت و هەستی بە شەڕکردن!"

"ئۆه، زۆریش دڵنیامەبە. ئیدی هەموو شتێکی ئێمە کەوتۆتە بەر هەڕەشەوە. لەم وڵاتەدا کۆمەڵە کوخمێك هەن، کە لەم شتانە تێناگەن. رەشپێستەکان، جوولەکەکان، هەروەها سەبارەت بە کاتۆلیکەکان، من هێندەش کەیفم پێیان نایە، هەرچەندە کە بەڕاستیش هەندێکیان مرۆڤی باشن. من مرۆڤم باشم زۆر لە نێو ئەواندا دیتووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش

تـــۆ دەبـــێ لـــە بـــیرت بێـــت، کەبـــەر لـــە هـــەموو شـــتێك، راســـتگۆیی و وەفـــاداری ئەوان بەرامبەر بە پابە."

لۆرا پرسـی:" پارچـەیەك کێـك دەخـۆی؟ مـن دوو دانـەم دروسـت کـردووە، یـەکێك بـۆ پوورەکانەو بۆ ئەوەی ببینەوە ماڵێ."

"نا، سوپاست دەکـەم. مـن دەبـێ کـەمێك ئاگـاداری قەڵـەو بـوونی خـۆم بم. ئەمشـەو چەند پەرداخێك خواردنەوەم خواردۆتەوە."

بـاد بـە ئـارامی کورسـییەکەی خـۆی بـۆ دواوە لەسـەر دوو پێچـکە پـاڵ دایـەوەو پارووی لـە بابۆلەکـە داگـرت:" مـن ئـەمڕۆ لەگـەڵ چـەند کەسـێکدا قسـەم کـردووە، کـە دەیـانگوت ژن و مێردێکـی رەش پێسـت گواسـتویانەتەوە بـۆ شـەقامی فیروبـۆ. ئـەوان خانووی بنەماڵەی بلێریان کڕیوە. باوەڕ ناکەی؟"

"بەڵێ، لۆ فاستەر پێی گوتم."

"بەڕاستی کە چ بەڵایەکیان بەسەر دراوسێکاندا هێناوە!"

لۆرا گوتی:" ئێ بەهەرحاڵ، یاسا یاسایە."

بـاد گـوتی:" ئـەوان نرخـەکانیان بەرزکردۆتـەوە ئەوانـەی لـە پێشـدا لـەوێ بـوون، نەتوانن بیدەن."

لـۆرا پەنجـەکانی بـە دەوری فنجانەکـەدا گوشـی، بـەڵام هـەروا بـە ئـارامی قسـەی دەکرد:" رەنگە ئەوانیش مرۆڤی باش بن."

"ئێ رەنگە وابن، بەڵام بۆ خاتری خوا لۆرا، کەمێك راستبین بە."

" پێموایە مرۆڤێکی راستبینم."

بـاد گـوتی:" خۆشـحاڵم کـە ئـەم بابەتـە کێشـەی مـن نییـە، بـە هـەرحاڵ بنەماڵـەی ئۆردوی دەبێ بەجۆرێك رووبەڕووی ئەم مەسەلەیە بینەوە، هەر ئەوەندەو بەس."

" رووبەڕوو بینەوە؟ ئاخر دەبێ چی بکەن؟ تۆ چۆنی بۆ دەچی؟"

باد شـانی هەڵتەکانـدن و گـوتی:" ئەگـەری ئـەوە هەیـە گوێیـان نـەدەنێ، هـەر ئەمـە کـە تـەنیا شـان هەڵدەتـەکێنن و بـە جـۆرێکی وا سـەیریان دەکـەن کـە هـەر دەڵێـی بوونیشان نییە."

گـریس ئـۆرودی بـە دڵنیاییـەوە هـەروای دەکـرد. ئـەو ئافرەتـە هەمیشـە وا سـەیری دەکـرد دەتگـوت لیمـۆی ترشـی خـواردووە. سـەرەڕای ئـەوەش ئـەوان ژن و مێردێکـی

هـێمن و هێـور بـوون، کـه قـەت بەرامبـەر دراوسـێکەیان کـارێکی نەشـیاویان ئـەنجام نـەدەدا. ئـەو جـۆرە بەرچـاو روونییـە پەیوەسـت بـوو بـە خۆپیشـاندەرە لـەهێزەکانی ئـەو رۆژەی سـەر شـەقام کـە بـەو دەمارگیرییـەی کـە لـە تووڕەییەکەیانـدا هـەیابوو، لۆرایـان دەترسـاند، بـاد، وەکـو ئـەوەی بلێـی بیروترسـی هاوسـەرەکەی خوێندبێتـەوە، درێـژەی دایـە:" مـن پێموایـە کـە لـەم رۆژانـەدا لـەو شـەقامەی سـەرەوە ئێمـە کێشـەیەکمان هەبێت.."

"بۆچی کێشە؟"

" خـوا دەزانێـت، تـەنیا شـتێك کـە مـن دەیـزانم ئەوەیـە، کـە ژمارەییـەك لـە خـەڵك ناتوانن بە ئاسانی شتی وا قبووڵ بکەن."

بریسکەیەکی فێڵاوی لە چاوەکانی بـاددا بـە دیارکـەوت کـە لـۆرای تـووڕە کـرد. ئـەو بە نارەحەتییەوە گوتی:

" بـەڵێ، بـەڵێ، ژمارەیـەك خـەڵك وەکـو تـۆ و بـە داخێکـی زۆریشـەوە تامەکـەی ئێمە."

برۆکـانی بـاد لەسـەر سـوڕمان هەڵکشـان:" مـن؟ تـام؟ ئـاخر ئێمـە چ تاوانێکمـان ئەنجان داوە؟"

"تۆ هیچ کارێکت نـەکردووە منـیش نـاڵێم کـە تـۆ بـە هـیچ جۆرێـك کارێـك دەکـەی، جگـە لـەوەی کـە بـە قسـەکانت هـانی خـەڵکانێك دەدەی کـە خـەریکی هێنـدێك کـارن و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆش تا رادەیەك بە هەمان تاوانباری ئەوان بی."

" مـن تێناگـەم کـە تـۆ بـۆ ئەوەنـدە زوو دڵـت برینـدار دەبـێ، لـۆرا ئـێ دە لێگـەڕێ بارەش پێستێکی تەمبـەڵی دیـك بێتـە بـەردەرگای ماڵەکـەت، دەسـتی درێـژ بکـاو سـواڵ بکات، یاخود چۆلەکەیەك بە ویردو دوعاوە لە گیرفانیدا، بدا لە دەرکەوت."

لۆرا بـە تـوڕەیی لـە هـەوادا دەسـتی راوەشـاند وەکـو ئـەوەی بیـەوێ بـەر لـە هێرشـی تانەکانی مێردەکەی بگرێت و گوتی:

" مـن وام پـێ باشـترە کـە مرۆڤێکـی دڵناسـك بم کـە زوو برینـدار ببێـت تـا ئەوەی دڵێکی سەهۆڵبەستووم هەبێت، یان هەر دڵم نەبێت."

"بەڵێ، بەڵێ، من دژی یارمەتیدان لە پێناو خوادا نیم، چاوت لێیە من چەندە هاوکاری کاروباری خێرخوازی دەکەم. ئەگەر حەزت لێبێت دەتوانی تەماشای دەستە چەکەکانم بکەی."

زەردەخەنەی باد کە ددانە سپی و بریقاوەکانی دەردەخست، زۆر هاوڕێیانەو لەبەردڵان دەهاتە بەرچاو و بزەی ئاشتی بوو. ئەو لە دەمەوەری بێزار بوو و هەمیشە هەوڵی دەدا کە بەهەر شێوەیەك بێت کۆتایی بەو دەمەوەرێیانە بهێنێت. بەڵام لۆرا دەرفەتی نەدەدا کەوا بە ئاسانی کۆتایی بە قسەکەی بهێنێ:" سەبارەت بە تۆ ئیدی هیچ کارێکم لە دەست نایە، لەمە دڵنیام، چونکە قاڵبی تۆ چەندین ساڵ بەر لە ئێستا لەوماڵەدا داڕێژراوە کە تێیدا گەورە بووی. بەڵام من لەوە نارەحەتم کە لێرە دانیشم و رێگە بدەم کە تۆ تام فێری نەفرەت و شەڕەنگێزی بکەی. گۆڕانێکی تۆقێنەر لە تام دا رووی داوە، جۆرە نەگبەتی و بێ دەربەستیەك. تێیدا بەدیار کەوتووە، کە بە هیچ جۆرێك شیادی وی نییە، هەروەها بەم نزیکانە تیمیش تووشی ئەم کتێبە دەبێ."

کوڵێکی پڕ لە کینە لۆرای لەباس و خواس و قسەخست." وا باشترە دەنگت نزم بکەیەوە، ئەگینا پوورەکان گوێیان لێدەبێت."

"ئیتر ناتوانم لەگەڵ تۆدا قسەبکەم. وەکو ئەوە وایە کە سەری خۆم لە دیواری بەردین راکێشم. نەفرەت لێبێت."

"ئوهو، وازبێنە لۆرا، لێگەڕێ با واز لەم قسانە بێنین. تۆ هەموو شتێك دەکەی بە هەراوهۆریایەکی گەورە، ئەمە یەکێکە لەو چەند کەموکوڕییە گەورانەی تۆیە. تام کوڕێکی لەڕادەبەدەر باشە. ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕێکی هەیە کە تۆ لەگەڵیاندا نی و هەمان کێشەشت لەگەڵ مندا هەیە، بەڵام ئێمە مرۆڤی باشین، هەردووکمان. سەرەنجام تێدەگەی کە ئێمە لەسەر هەق بووین. ئێستا وەرە با پشوو بدەین، من ماندووم."

" تۆ بڕۆ. من نایەم."

" ماندوونیت یان حەزناکەی بخەوی؟"

" هـــەردووکیان. بـــا ئەوەشـــت پـــێ بڵـــێم کـــە تـــۆ تـــێکم دەدەی.. بـــاد پێکـــەنی، قـــژی لـــۆرای راکێشـــا و گـــوتی:" زۆر باشـــە، ســـبەینێ تێدەگـــەی کـــە بـــە بـــێ هـــۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە تووڕە بووی. منیش ئیتر تێکت نادەم."

لـــــۆرا خـــــۆی راگـــــرت تـــــا دڵنیابێـــــت، کـــــە مێردەکـــــەی نوســـــتووە. ئەگـــــەر ژوورەکـــانی دیکـــەی مـــاڵێ پـــڕ نەبوونایـــە، ئـــەو لـــە شـــوێنێکی دیکـــە دەنووســـت. هـــەروا کـــە کـــات تێدەپـــەڕی، لـــۆرا لـــە بێدەنگییـــەکی خەماویـــدا چـــاوەڕێ مایـــەوە تـــاکو زەنگـــی کاتـــژمێر، ســـەعات دووی راگەیانـــد، پاشـــان بـــە مانـــدوویی خـــۆی خزاندە دوورترین رۆخی ئەو قەرەوێڵە دوو کەسییە گەورەیە.

ئـــەوە قەرەوێڵـــەی زەماوەنـــدی وی بـــوو و ئـــەو بـــیری کـــردەوە، کـــە شـــەقامی ژیـــان چـــەندە لـــوس و خـــزە، کاتێـــك مـــرۆڤ تێیـــدا دەگاتـــە ســـەرەو لێـــژی. ئـــەو دەیتـــوانی لەگـــەڵ بیروباوەڕەکـــانی بـــاد دا هـــەڵبکات و ئەگـــەریش لەبـــەرخاتری تـــان نەبوایـــە، دەیتـــوانی لەبـــەرخاتری تـــەواوی ئـــەو باشـــیانەی بـــاد و زەماوەنـــدە ســـەرکەوتووەکەی لەگەڵیـــدا، گوێچـــکەو چـــاوی خـــۆی دابخـــات. ئێســـتا تـــام دوایـــین بـــیری وی بـــوو و لـــە پـــاش چـــەند کاتـــژمێرێك خـــەوی ئـــاڵۆز کاتێـــك لـــۆرا لـــە خـــەو هەســـتا، هەمدیســـان یەکـــەمین ئەندێشـــەی وی لـــە بـــەرە بـــەیان دا، تـــان پێکـــی دەهێنا.

# بەشی شەشەم

بتی لی لە رۆژی دواتردا بابەتێکی بۆ باسکردن لەگەڵ لۆرادا هەبوو:

" ئەوە خانووە لە خشت دروستکراوەی کە لە شەقامی فیربۆیە، بەو پەرژینە ئاسنینانەیەوە دێتەوە یادت؟"

" بەڵێ، ئەو خانووە هی بنەماڵەی بلێرە. ئەوان هاورێی باپیر بوون، مەبەستم ئەوەیە کە باپیری ئەوان هاورێی، باپیری منە بووە."

" بەڵام ئێستا فرۆشتوویانە."

" بەڵێ، ئەمەم بیستووە."

" مەزەندە دەکەی کە کێ ئەوێی کڕیێت؟"

شوقێکی بەچێژ دەنگ و چاوەکانی بتی لی دا، ئەوبیرەوەرییە تاڵانەی وە بیر لۆرا هێنایەوە، هەڵاتنی لەو ئاژاوە تۆقێنەرەدا، هۆشداریدانی لۆفاستەر سەبارەت بە کێشە، هەروەها ئەو دەمەوەرێیەو تێکهەڵچوونەی شەوی یەکشەممە لەگەڵ باددا.

" دەزانم کە خێزانێکی رەش پێستبن، بتی لی، بەراستی ئەمە شتێکی زۆر باشە.

"شتێکی زۆر باش نییە؟ ئەوان ئەوەندە یان پارە هەبوو، کە توانییان بینایەکی ئاوا گەورە بکڕن، بە دڵنیاییەوە پارەی زیادەیان هەبووە."

هەر چۆنێك بێت بەرای لۆرا، ئەو خانووە بینایەکی شکۆدار نەبوو، بەڵام ئەو شێوازە بیناسازییەی، گومبەزێك لەسەر دەرگای ژوورە جوانەکانی تەنیشتی، بە نموونەی بیناسازییەکی جۆرجیا دەژمێردرا و هەرچۆنێك بێت بەقەد نیوەی خانووەکەی ئەوان دەبوو. بتی لی تا رادەیەکی زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە:" مێردی خوشکەکەم، شوفێری بۆ کۆمپانیای گواستنەوەی گیچ

مــــۆز و دەکـــات. ئـــەو کەلوپەلـــەکانیان لــــە ســـین ســـیناتی باردەکـــات. ئـــەوان لـــەم حەوتووە ماڵەکەیان دەگوازنەوە."

بـــەیانی ڕۆژی پێـــنج شـــەممە، لـــۆرا لـــە بتـــی لی پرســـی کـــە ئایـــا ئـــەو کەســـانە گواستویانەتەوە خانووەکەی بلێر؟

"بـــەڵێ، دوێنـــێ هـــاتن. مێـــردی خوشـــکەکەم دەیگـــوت ئـــەوان زۆر کەلوپـــەل و شـــتومەکی زۆریـــان هـــەبووە. هـــەتاکو کاتـــژمێر یـــازدەی دوێنـــێ شـــەوی خایانـــد تـــا کارەکـــەیان تـــەواو ببێـــت. ئـــەوان دەبوایـــە پیانۆیـــەکی گـــەورەیان لـــە پەنجـــەرەی پشـــت بیناکەوە ببردایە ژووری."

بتـــی لی پڕبـــوو لـــە زانیـــاری نـــوێ:" مێردەکـــە لـــە کـــاری بازرگـــانی کۆمپیتـــەر کـــا دەکـــات، یەکێکـــە لــــە بەڕێوەبـــەری بەرچـــاوەکانی کۆمپانیـــایی ســـێرل. واش پێـــی گـــوتم. ئـــەوان کچـــێکی هەشـــت ســـاڵان و دوو منـــداڵی بچـــووکتریان هەیـــە. واش دەڵـــێ دەبـــێ چـــاوت بـــە نێـــو خانووەکـــە بکـــەوێ! ئـــەو خـــانووە جـــۆرە قادرمەیـــەکی هـــەن، کـــە لـــە لایەکـــەوە دەســـت پێدەکـــەن و لـــە لایـــەکی دیکـــەوە بـــە شـــێوەی بازنـــەیی کۆتاییـــان پێدێت. من هەمیشە ئەو جۆرە قادرمانەم پێ نموونەیە."

ئـــەو مـــاڵ گواســـتنەوەیە بـــۆ یـــەکێك لـــە دەوڵەمەندیشـــترین شـــەقامی شـــار، تـــاکو چـــەندین حـــەوتوو بـــووە بنیشـــتەخۆشمی ســـەر زمـــانی خـــەڵك، و ســـەر زمـــانی کەســـانی وەکـــو بتـــی لی و لـــۆرا لـــەوە دڵنیـــابوو، ئـــەی بۆچـــی نـــا؟ ئەمـــە ســـەرکەوتنێك بـــوو، نموونـــە و شـــایەدێکی زینـــدوو لـــەو خەونانـــەی کـــە بوونـــە راســـتی لـــۆرا لـــوکی: " نازناویان چییە؟"

بتـــی لی بـــە پێکەنینـــەوە گـــوتی:" ئیجـــوود. مـــن ئـــامۆزای بـــە نـــاوی ئیجـــوودم هـــەبوون، بـــەڵام ئاگـــام لێیـــان نییـــە، بـــەڵام ئەمانـــە خزمـــەتیان لەگـــەڵ کەســـوکاری منـــدا نییە، خۆزگە وا نەبوایە."

لـــۆرا بـــۆ ســـاتێك کەوتـــە بیرکردنـــەوەوەو پاشـــان گـــوتی:" بتـــی لی، دەکـــرێ ئـــەو ســـەبەتەی ســـەیرانی مـــن بێنـــی و بیتـــەکێنی؟ دەمـــەوێ کـــەمێك خـــواردن بـــۆ بنەماڵـــەی ئیجـــوود ببـــەم. مـــاڵ گواســـتنەوە کـــارێکی زۆر دژوارە، بـــەڵام مـــن تـــاکو ئێستا تاقیم نەکردۆتەوە.

پێموایە ئەوان خۆشحاڵ دەبن، کە ناچار نەبن خواردنی ئێواریێ ساز بکەن."

" ئەگــەر نەچــییە لایــان وەکــو ئــەوە وایــە کــە لــە دراوســێیەتیاندا نــەژی. بەهــەر حاڵ دراوسێکان دەبێ بەخێرهاتنی دراوسێی تازە بکەن."

ئەوسا بتی لی چاوی دانەواند و تامەزرۆیی دامرکایەوە:

" پێم وانییە کەس بەخێر هاتنیان بکات. تۆ پێت چۆنە؟"

لــۆرا گــوتی:" نــا، منــیش پــێم وانییــە.. پاشــان قســەکانی بــادی هاتنــەوەی بــیر. ئــەوان پــەیامێکی هێماداریــان هەیــە، راســتەوخۆ لــە نێــو خۆیانــدا ســەیردەکەن، کــە دەڵێی هەر لەوێ نین.

دوای ئــەوە لــۆرا بــە جێــی خــۆی هەســتاو گــوتی:" لــەناو بەفرگرەکــەدا مریشــکی تێدایــە. دەکــرێ تــاکو مــن دەچــم هێنــدێك تەماتــە و کــاهوو لێدەکەمــەوە بــۆم ورد بکــەی؟ مریشــکیان بــۆ لێــدەنێم. فرێزەرەکەشــدا پــودینگی(٧) ئامادەکراومــان هەیــە: نــانی تازەشمــان کڕیــوەو چــەند خولــەکێك زیــاتر ناخایــەنێت تــاکو خواردنــەکان ئامــادە دەکەم."

" تۆ هەمیشە دڵێکی وەکو زێڕت هەبووە."

ســەرەتای دوانیــوەڕۆ بــوو کــە لــۆرا بــە ئۆتۆمبێــل لەبەرامبــەر خانووەکــەی بلێــردا، نــەك مــاڵی ئیجــوود، راوەســتاو تــا بــەر دەرگــا ســەبەتەکەی بــە دەســتەوە گــرت. ئــافرەتێکی گــەنجی رەش پێســت کــە ئاشــکرابوو پەلەیــەتی، بــە گەســکەیەك لە نێو دەستیدا، وەڵامی زەنگی دەرگای دایەوە.

" مــن لــۆرا رایســم، دراوســێی ئێــوەم، ســووکە خــواردنێکم بــۆ هێنــاون تــاکو ئەمشەو ئێوە ناچار نەبن چێشت لێبنێن."

" زۆر لوتفتان نواندووە. من نازانم چۆن سوپاستان بکەم."

ئێوە دراوسێی ئێمەن؟ ماڵتان لە کوێیە؟"

" هەڵبــەت مــن لــەم شــەقامەدا نــاژیم. مــن لــە ناوەڕاســتی ئــوکم، کــە لێــرەوە زۆر دوور نییە، نزیکەی نیو کیلۆمەتر لە ئێوە دوورین."

" نیــو کیلۆمــەتر؟ جــەنابت تــەواوی ئــەو رێگایــەت ئێــرە بڕیــوە، توخــوا.. مــن ئێوەم لەبەر گەرمای هەتاو راگرتووە."

---

٧- پودینگ- جۆرە خواردنێکە نەمزانی لە کوردەواریدا هەیە یان نا. " وەرگێر"

لۆرا چووە ژوورێ، لەوێ کارتۆن و گونییەکان هێشتا نەکرابوونەوەو لە ناوەڕاستی هەیوانێدا پەرش و بڵاوبوون.

" من دەمویست کە کرێکارەکان هێندێك ئێرە رێك بخەن، بەڵام ئەوان هەموو ئەم کازە دڕاوو تەنافانەیان لێرە بەجێهێشتووە و رۆیشتوون. ئێستا دەبێ ئیدی ئەو شتانەی دیکە بۆ خۆمان رێکی بخەین. خاتوو رایس بەڕاستی لوتفت کردووە کە ئەو زەحمەتەت کێشاوە، ناوی خۆت بەو شێوەیە دەربڕی؟ من ناوم پائۆلین ئیجوودە."

ژنە بە جۆرێکی وا شپر دەهاتە بەرچاو، کە دەتگوت بە هیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەو شێوازەی کە دراوسێکانی نەدەکرد.

لۆرا گوتی:" دەتەوێ ئەمانە لە ژووری چێشتلێنان دانێم؟ مریشکم بۆ لێناون، کە دەبێ بخرێتە نێو بەفرگرەوە. هەروەها کێکێکی کاکاویشم خستۆتە نێو قوڕقوشمەوە. ئەم کێکەم بە گوێرەی رێنماییەکانی نەنکم دروست کردووە."

" بەڕاستی شەرمەزار، زۆرت زەحمەت کێشاوە."

" نا، بە هیچ جۆرێك چێشت لێنان و دروستکردنی شیرنەمەنی ئارامیم پێ دەبەخشێت. خانووێکی چەند جوانتان هەیە."

خانووەکە تەختی مەڕمەڕ و، میچی بەرز و پەنجەرەی روو لە باشووری هەبوو، کە بەرەو گەراج و زەوییەکی چەمەن دەکرایەوە. لەسەر چەمەنەکە منداڵێك لە نێو گالیسکەدا دانیشتبوو، هەروەها کوڕێکی بچکۆلەش پاسکیلێکی سێ تایەی بە ئاراستەی گەراجەکە لێدەخوڕی. منداڵە گەورەکەش کە کچێکی تەمەن هەشت ساڵان بوو، بە تەناف خەریکی یاریکردن بوو.

لۆرا گوتی:" وەکو دەبینم منداڵەکانیشتان هێناون."

"بەڵێ، ئێمە لەبەر حەوشەکەی حەزمان لەم خانووەیە، منداڵەکان زۆر چێژی لێوەردەگرن.

"کەسێك دەیگوت بەڕێزت مامۆستای."

"بەڵێ، دەشمەوێ هەر کە منداڵەکە تۆزێك گەورەتر بوو، بگەڕێمەوە سەر کارەکەم، هەڵبەت ناکرێ هەموو کارەکان پێکەوە ئەنجام بدرێت، ماڵداری، منداڵ بەخێوکردن و کاری دەرەوە."

لــۆرا لــەو ســەری هــەیوانیٚ چــاوی بــە پیانۆیــەك کــەوت و پرســیاری کــرد، کــە چ کەسێك دەیژەنیٚ.

" مـــن پیـــانۆ دەژەنم، بـــەڵام زۆر بـــە خراپـــی، بـــەڵام لـــە راســـتیدا ئێمـــە بـــۆ ســـینتیامان کڕیـــوە. ئـــەو حـــەزی لـــە پیانۆیـــە و ئێمـــەش هیواداریـــك کـــە لـــەو بـــوارەدا کەمێك توانا لە خۆی نیشان بدات."

" من وانەی پیانۆ دەڵێمەوە."

" بەڕاســـتیتە؟ یـــەکێك لـــەو کارانـــەی کـــە نیـــازم وابـــوو پـــێش هـــەموو شـــتێك ئـــەنجامی بـــدەم و بـــە مێردەکـــەشم گوتبـــوو ئەوەیـــە، کـــە لێـــرە مامۆســـتایەکی پیـــانۆ ژەنـــین بـــۆ ســـینیا بدۆزمـــەوە. دەکـــرێ لـــە جـــەنابتان بپرســـم کـــە.. مەبەســـتم ئەوەیـــە کـــە دەتوانن منداڵێك بەو تەمەنەکەمەوە بە قوتابی خۆتان قبووڵ بکەن؟"

لـــۆرا بـــە نییـــەتێکی پـــاك و رووخۆشـــییەوە وەڵامـــی دایـــەوە:" جیـــاوازی هەیـــە، مـــن زۆرتـــر قوتابییـــەکانم هەڵدەبـــژێرم، چـــونکە حـــەزم لیٚ نییـــە کـــە لەگـــەڵ کۆمەڵـــە منداڵێکـــدا ســـەروکارم هـــەبێت، کـــە دایـــك و باوکیـــان ناچـــار بـــە پیـــانۆ ژەنینیـــان دەکـــەن. لـــە کاتێکـــدا کـــە بـــۆ خۆیـــان رقیـــان لـــە پیانۆیـــە و بـــە هـــیچ جۆرێـــك مەشـــق ناکەن."

خـــاتوو ئیجـــوود، کـــە ئـــەم جارەیـــان بـــە دڵنیاییـــەکی دیـــاریکراوەوە قســـەی دەکـــرد، زەردەخەنەیـــەکی هـــاتیٚ و گـــوتی:" ئەگـــەر بـــەڕێزت گـــویٚ لـــە شـــێوازی پیـــانۆ ژەنینـــی سینتیا بگری ئەوسا بۆت دەردەکەویٚ کە ئەو لەو جۆرە منداڵانە نییە."

" خۆشحاڵ دەبم کە گوێبیست ببم."

" مـــن دەتـــوانم هـــەر کاتێـــك بـــەڕێزت مـــەیلتان لێبێـــت بیهێنمـــە ماڵتـــان. مەگـــەر ئەوەی کە ئێستا چەند خولەکێك لە کاتی خۆتمان بۆ تەرخان بکەی."

بەڕای لۆرا ئەو ئافرەتە زۆر نەرم و نیان بوو و ناسکییەکی تایبەتی تێدابوو.

ئافرەتەکـــە گـــوتی:" مـــن حەزدەکـــەم هـــەر ئێســـتا گـــویٚ لـــە پیـــانۆ ژەنینـــی وی بگری."

ئـــەو کچـــە بچـــووکە چـــالاکە بـــە چـــاوی رەش و ئـــەو قـــژەی کـــە زۆر بـــە جـــوانی و وردی رازابـــۆوە، پـــانگ کرایـــە ژووریٚ. کاتێـــك کـــە دایکـــی بـــە لـــۆرای ناســـاند، دەســـتی هێنایـــە پـــێش و تەوقـــەی لەگـــەڵ لـــۆرادا کـــرد و کـــاتێکیش کـــە داوای لێکـــرا لـــە پشـــت

پیـــانۆ دانیشـــێ یەکســـەر دانیشـــتن و گـــوتی:" ئـــاوازێکی والـــس بـــژەنم یـــاخود مارشێکی سەربازی؟"

لـــۆرا بـــە هـــەمان شـــێوازی جدیانـــە گـــوتی:" ئـــاوازێکی والـــس، کـــە لـــەبارە بـــۆ رۆژێکی خۆشی وەکو ئەمڕۆ."

منداڵەکـــە پارچـــەیەکی کـــورتی لـــە دانـــوبی ئـــاوی بـــە جـــوانی ژەنـــی و کاتێـــك پارچـــە مۆســـیقاکە تـــەواو بـــوو، لـــۆرا گـــوتی:" زۆر باشـــە، لـــە مێـــژە وانـــەی پیـــانۆ دەخوێنی؟"

دایکی گوتی:" دوو ساڵ نابێت."

" کەواتە من رای خۆم دەگۆڕم بۆ (زۆر زۆر باش)..

" پێتوایە کە دەکرێ سینتیا وەکو قوتابی وەربگری؟"

" ئەگـــەر ســـینتیا حـــەزبکات بێتـــە لای مـــن، بـــە دڵنیاییـــەوە دەبێتـــە جێگـــای خۆشحاڵی من."

چاوەڕەشـــەکانی کیژۆڵەکـــە لـــە لـــۆرا رامـــان و گـــوتی:" تـــۆ خـــاتوونێکی زۆر بەشۆز و لەبەردڵانی، کەواتە خۆشحاڵ دەبم کە بێمە لای بەڕێزت."

ئەو دوو ئافرەتە خۆشحاڵی خۆیان شاردەوە. پاشان لۆرا گوتی:

" تـــۆ دەربـــارەی خوێنـــدنم هـــیچ پرســـیارت نـــەکرد. مـــن خـــاوەنی بڕوانامـــەی بەکالۆریۆسم لەبەشی مۆسیقادا."

پـــائۆلین گـــوتی:" زۆر باشـــە مـــن وا هەســـت دەکـــەم، کـــە بـــە بـــێ درکانـــدنی ئـــەوەش رێزم بۆیان هەبوو."

ئەوســـا ئـــەو دیـــدارە کـــورت خایەنـــە کۆتـــایی پێهـــات. لـــۆرا لـــەو مـــاوە زەمەنییـــە کورتـــەی بـــە ئۆتۆمبێـــل بـــۆ ماڵـــەوە گەڕایـــەوە لـــەوەی کـــە بـــەخێرهاتنی کـــردوون و بـــە هـــەمان شـــێوەش یـــان باشـــتر لـــەوە پێشـــوازی لێکـــراوە و رێـــزی لـــێگیراوە، هەســـتێکی دڵگـــیری هـــەبوو، بـــەڵام ئـــەو بـــە هـــیچ جۆرێـــك نیـــازی نـــەبوو ئـــەو دیـــدارەی دوانیـــوەڕۆی بۆ کەس باس بکات، چونکە وا باشتر بوو هیچ نەڵێ.

# بەشی حەوتەم

تـــام هێشـــتا لـــە خـــەودا بـــوو، کـــە دەنگـــی دەرگـــا لێـــدانی ژوورەکـــەی هـــات. هاوژوورەکـــەی لـــەوێ نـــەبوو، بۆیـــە لـــە جێـــی خـــۆی هەســـتاو بـــەرگی مـــاڵێی لەبەرکرد و دەرگای کردەوە، رۆبێرتا لە پشت دەرگاکەوە راوەستابوو.

"تۆ هیوا بڕوام دەکەی، تام رایس."

تام فەرمووی لێکرد بۆ ژوورێ.

" مـــن دوانیـــوەڕۆ لـــە شـــاردا بڕیـــاری دیـــدارێکی گـــرنگم هەیـــە، بـــەڵام چـــۆن بـــۆ یانـــەی کتێـــب بیســـت خولـــەك دەخایـــەنێت و ئێســـتا دەوروبـــەری کاتـــژمێر دوازدە و نیوی نیوەرۆیە..

تـــام گـــوتی: " بەداخـــەوە مـــن دوێنـــێ وانـــەم زۆر خوێنـــدووەو بـــەیانی درەنـــگ لە خەو هەستام.

رۆبێرتـــا رووی خـــۆی بـــۆ لای ئاوێنەکـــە ســـووڕاند، کـــە بـــە دیـــوارەوە هەڵواســـرا بـــوو و دەســـتی بـــردە نێـــو قـــژەکانی و گـــوتی:" کەواتـــە بـــە شـــێوازی جـــیم جۆنســـۆن باشـــترین چـــاکەت و پانتۆڵـــت لەبەربکـــەو باشـــترین بۆیناخـــت لـــە مـــل بکـــەو یەکسەر ئامادە بە."

رۆبێرتـــا هـــەنگاوێکی لـــە ئاوێنەکـــە کشـــایەوە دواوە تـــا بتوانێـــت ســـەرتاپای خۆی ببینێت:

"خۆزگە جلێکی لەمە جوانترم هەبوایە."

"بۆچـــی، چ کـــەمو و کوڕییـــەکی هەیـــە؟ مـــن بەڕاســـتی حـــەزم لـــە رەنگـــی سوورە ئەو رەنگەشت زۆر لێدێتەوە."

"ئـــاخ تـــامی، تـــۆ هـــیچ شـــتێك لەمبارەیـــەوە نـــازانی. کچـــێك پێویســـتی بـــە جلـــی جۆراوجـــۆر هەیـــە. ئەگـــەر منـــیش بـــاوکێکی وەکـــو ئـــەو کچـــەتیوە

جوولەکەیــە، ئینـــدیم هەبوایـــە، ئەگـــەر دۆلاّبێکـــی پـــڕ لـــە جلـــم هەبوایـــە، ئەوســـا پـــێم دەگـــوتی. زۆر باشـــە، دەبـــێ بـــە ســـوور وەرگـــرتن هـــەر لـــە مانـــەی کـــە هـــەمن، بە باشترین شێوە لەبەرچاوی خەڵك دەرکەوم."

ســـکالاّکردنی رۆبێرتـــا درێـــژەی کێشـــا:" خـــەریك بـــووم بـــیرم لـــەوە دەکـــردەوە، کـــە ئەگـــەر بمتوانیابـــە کـــەمێك پـــارە لـــە بـــاوکم وەربگـــرم، رەنگـــە توانیبایـــە ئـــەو ژوورەی نزیـــك بەشـــی نـــاوخۆیی بـــەبێ هـــاوژوور بـــە کـــرێ بگـــرم. بـــە کـــرێ بگـــرم. دەمتـــوانی بـــە پـــەردە و کەلوپـــەلی تـــازە بیڕازێنمـــەوە. قەفەســـەی ژوورەکـــەی منـــت بەبیردێ؟ هەرزان و پڕوپووچ."

تـــام قەفەســـەی ژوورەکـــەی رۆبێرتـــای هاتـــەوە یـــاد. دوو دانـــە لـــە دەســـکەکانی کـــەوتبوون و رەنگـــە ســـەوزەکەی تـــوێ تـــوێ ببـــوو. تـــام وە بەبیرهێنانـــەوەی ئـــەو کەلوپەلـــە کونانـــە، ئـــەو قەفەســـەیە، کورســـییەکی کـــۆن و سەرچـــەفی کـــاڵ و ناشـــرین، کەلوپـــەلی دایکـــی کەوتـــەوە بـــیر. لـــەو ماڵـــەدا هـــەموو شـــتێك لەبـــەر پـــاکی و مشـــتومالّکردن دەدرەوشـــایەوە. ســـەرەڕای ئـــەوەی کـــە ئـــەو هەمیشـــە حـــەزی لـــە پـــاکو خـــاوێنی بـــوو، بـــەلاّم رۆبێرتـــا باســـی ژوورەکـــەی خـــۆی نـــەکرد، بـــیری لـــە خـــۆی نـــەکردبۆوە. بـــە شـــێوەیەکی کـــت و پـــڕ هەســـتی بـــە بێبەشـــی رۆبێرتـــا کـــرد و هەســـتی بـــە پەرۆشـــی کـــرد بـــۆ ئـــەو بێبەشـــی کـــرد بـــۆ ئـــەو بێبەشـــیە. ئـــەو کچـــە بـــۆ خۆشـــی زۆر خـــاوێن بـــوو و ئێســـتا تـــام بـــۆ یەکـــەمجار تێگەیشت، کە ئەوە یەکێکە لەو هۆیانەی کە شەیدای رۆبێرتا بووە.

رۆبێرتـــا درێـــژەی دایـــە:" هەڵبـــەت ئـــەو ژوورە تـــەنیا بـــۆ هاوینـــە نابـــێ مـــن ئەوەنـــدە دڵگرانـــی ئـــەو شـــتانە بم. مـــن خۆشـــحاڵبووم کـــە ســـەرەنجام، لـــە هـــەموو شـــتێك گـــرنگتر، ژوورێکـــم بـــە کـــرێ گرتـــووە، کـــە ئەوەنـــدە لـــە فرۆشـــگای کتێبمـــان نزیکـــە. پێـــنج مایـــل دوورتـــر لـــەوە ئیـــدی شـــوێنێکی لێ نییـــە، پاشـــان تێدەگەی."

رۆبێرتـــا لـــە ناکـــاو بـــە گـــۆڕانێکی کتـــوپڕ لـــە خۆیـــدا، کـــە بەشـــێك بـــوو لـــە تایبەتمەندنییـــەکانی و دەبـــووە مایـــەی ســـەرگەرمی تـــامیش، حاڵـــەتێکی بەشـــەوق و زەوقـــی پەیـــداکرد، دەمووچـــاوی درەوشـــایەوە، بـــە خێرایـــی ســـوڕێکی خواردوگوتی:

"ئایا ئەمە سەرسوڕهێنترین و باشترین ڕووداو نییە، کە ئەمڕۆ ڕوویداوە؟ من خەریك بووم لە ژوورەکەی پشتەوە کارتۆنە کتێبەکانم دەکردەوە، مەزەندە بکە، کە چ کەسێك گەیشتە ئەوێ! جیم جۆنسۆن! ئەوپەڕی ڕێزی میستەر دادلی بوو کە بانگی کردمە دەرێ و وەکو سەرنووسەری بڵاوکراوەی هاواری سەربەخۆیی بەوی ناساندم.

لە ڕادەبەدەر جوان بوو! دارلی زۆر بە مۆنی دێتە بەرچاو، بەڵام نابێ بایەخی پێ بدەی. هەموو کاتێك چاودێری ئەو مرۆڤە هیچ و پوچە دەستە چەپیانە بکات. ئەوان حەزدەکەن بێن و چاوێك بە کتێبەکانی ئێمەدا بخشێنن.

گاڵتەجاڕییە کە تۆ چۆن دەتوانی بە وردی بیان ناسی! سەیر لەوەدایە کە هەمیشە دەکرێ بیانناسی. پێموایە ئەوان وا دەزانن کە ئێمە لە قەفەسەکانماندا بۆمب هەڵدەگرین."

ڕۆبی دەنگی خۆی نزمتر کرد و گوتی:" هەڵبەت ئەو لە نێو مێزی نووسینی خۆیدا چەکێکی کالبیر "٣ هەڵدەگرێ."

تام گوتی:" ڕەنگە تۆ کاریگەرییەکی باشت لە جۆنسۆن کردبێت. لەبەرئەوەی بانگهێشتی کردووی بۆ نانی نیوەڕۆ."

"هەڵبەت ئەمە بانگهێشتێکی ڕاستەقینە نەبووە بەو فەرمییەی کە تۆ باسی دەکەی. ئەو تەنیا قسەیەکی کرد وەك ئەوەی بڵێی کە دەبێ من سبەینیش بچمە ئەوێ. (کەواتە ئەگەر تۆ لەو دەوروبەرانەیی. دەتوانین ساردییەك بخوێنەوەو باسی ڕۆژنامەکەت بکەین).

ئەمە زۆر باشە تام ڕاوەستە تاکو چاوت پێی بکەوێ."

لە کاتێکدا کە ئەوان سواری ئۆتۆمبێلی پیکاب دەبوون، تام گوتی:

" من خەریکی پارە کۆکردنەوەم بۆ ئەوەی بتوانم لە کۆتایی زستاندا ئۆتۆمبێلێك بکڕم. تا ئەو کاتە ئەم پیکابە کارەکانمان ڕادەپەڕێنێ."

ڕۆبی بە خۆشحاڵیەوە گوتی:" تا ئەو کاتەی کە بمان گەیەنێتە ئەملاولا، کێشەیەك لە گۆڕێ نییە."

دایکی، ئۆتۆمبێلەکەی خۆی پێ پێشنیار کردبۆو و گوتبووی:

"دەزانم کــە تــۆ دەچــی بــۆ دەرەوەی شــار تــاکو چــاوت بــە کچــێك بکــەوێ و لەبەرئــەوەی کــە پێوەنــدی بــە منــەوە نییــە، ئیــدی پرســیاری دیکــەت لێناکــەم. مــن ئامــادەم ئەمشــەو ئۆتۆمبێلەکــەمت بــە ئەمانــەت بــدەمێ تــاکو ســبەینێ ناچار نەبی بە پیکابی باوکت بۆ ئەملاوئەولای ببەی."

ئەمــە هەڵســوکەوتی نموونــەیی دایکــی بــوو و بــە دڵنیاییشــەوە خۆشــحاڵ دەبــوو ئۆتۆمبێلەکــە بــە ئەمانــەت وەربگــرین، بــەڵام لەبــەر ئــەو راســتییەی کــە ئۆتۆمبێلەکــە لــە جــۆری مارسیدیســی بــوو و دەیزانــی کــە رۆبــی ســەبارەت بــەو جــۆرە ئۆتۆمبێلــە هەمیشــە هەســتی دژ بــەری هەیــە. ئــەو پێشــنیارەی رەت کردبــۆوە. رۆیشــتن بــە ئۆتۆمبێلەکــە تــا شــارێی دەرەوەی شــار، لەمبــەرەو بــەری خــانووی. بچــووکی نــوێ دروســتکرابوون، درێــژەیی کێشــا. لــە پــاش دەرچــوون لــە شــارێ و لادان بــۆ جادەیــەکی لاتــەریکی کــۆن، ئــەوان گەیشــتنە دوو یــاخود ســێ گوند کە سەدەیەك یان زیاتر بەسەر دروستکردنیاندا تێدەپەڕی.

لــەوێ خــانووی کــۆن لەگــەڵ کــاروانی ئۆتۆمبێلــەکان لــە نێــو کێڵگــە وشــك و قاوەییەکانــدا، بەمــەودای دوور لــە یــەکتری بــوون. تــام لــە دڵــی خۆیــدا بــیری کــردەوە کــە چــۆن بــووە، کــە کەســێك بــیری لــەوە کردۆتــەوە، کــە لــە شــوێنێکی وەکــو ئــەوێ کتێبخانەیــەك بکاتــەوە. لــە گونــدی ســێهەم لەبەرامبــەر خــانوێکی دوو نهۆمــدا کــە ئاڵایــەك بــە شــێوەیەکی بەرچــاو لەســەری دەشــەکایەوە، رۆبــی ئامــاژەی بــۆ کــرد کــە ئۆتۆمبێلەکــە راگــرێن. گــژوگیا هــەتاکو ئــەژنۆیان دەهــات. خانووەکــە نێــو چــاوانێکی (واجیهــە) تۆقێنــەری هــەبوو. پــەردە پێــدراوەکان لــە پەنجــەرەکان راهاتبوونــە دەرێ و شووشــەکان پــیس و چــەند بەشــێك لــە میچــی هەیوانەکە تەپیبوو.

رۆبــی گــوتی:" ئێرەیــە." هــەروەها لەبــەر ئــەوەی کــە گومــانی نــەبوو کــە تــام تووشــی سەرســوڕمان بــووە روونــی کــردەوە:" ئێمــە زۆربــەی کارەکانمــان لــە رێگــای پۆســتەوە ئــەنجام دەدەیــن و چــاوەڕوان ناکــەین کــەس بێتــە ســەردانمان." کاتێــك رۆبــی لــە دەرگــای دا، پیــاوێکی بــە تەمــەن دەرگــای کــردەوە. تــام لــە گــرژی و چــۆنییەکەی و لــچ و لێــوی دەرپەڕیوەیــەوە، زانــی کــە ئــەو میســتەر

دادلییــــه. رۆبـــی گـــوتی:" بـــەڕێزی تامــــە، یــــەکێك لــــە هـــاوڕێ باشــــەکانی مــــن. هێشتا کەس نەگەیشتۆتە جێ؟"

"نا، ئەو لە ڕێگادایە، تۆ زوو هاتی."

رۆبــی بــە خۆشــحاڵییەوە گــوتی:" زوو هــاتن لــە درەنــگ هــاتن باشــترە. تــام، لەگەڵ مندا وەرە ژووریّ، تا فاتی سەرەوەت نیشان بدەم."

دیوارەکــــانی قـــــاتی ســـــەرەوەیان هــــەموو لابردبـــــوون و ژوورێکـــــی گــــەورەیان لێدروســـت کردبـــوو. چـــوار دەوری ژوورەکـــەو تەنانـــەت ناوەڕاستەکەشـــی پـــڕ بـــوو لــــە قەفەســــەی کتێــــب. تاکــــە کەلوپــــەلی نــــاو ژوورەکــــە بریتــــی بــــوو لــــە مێزێــــك و کورســـییەك کـــە لـــە لایـــەن ئافرەتێکـــەوە پڕکرابـــووەوە. ئـــەو ئافرەتـــە زۆر خـــۆش خولّق دەهاتە بەرچاوەو بەخێرهاتنی کردن. رۆبی گوتی:

"ئــادلاین، تامــت پــێ دەناســێنم. ئێمــە لــە کۆلێــژ پێکــەوە قوتــابین. ئــەو لــە کارەکـــانی رۆژنامـــەدا زۆر یارمـــەتی منـــی داوەو گەرەکیشـــەتی ســـاڵی داهـــاتوو هاوکارێکی کاریگەرتر بێت."

" خۆشـــحاڵم بـــە ناســـینت، تـــام." ئـــەو (خـــاتوونێکی راســـتەقینە) بـــوو. کاتێـــك تـــام لـــە گەلێـــدا ئاشـــنا دەبـــوو، ئەمانـــە ســـەرەتایی تـــرین و خێراتـــرین ووشـــەگەلێك بـــوون کـــە دزەیـــان کـــردە نێـــو هزریـــەوە، لەبـــەر ئـــەوەی وەکـــو دایکـــی دەچـــوو. رووخســـاری هێلکـــەیی ناســـکی، قـــژە روونـــەکانی، تەنانـــەت ئـــەو کراســـە رەنـــگ شـــیرییەی و ئـــەو گـــوارە ناســـکە مروارییانـــەن دەیـــان کـــردە هاوشـــێوەی دایکی.

دژ بە یەکییەکی ئاشکرا لە نێوان ئەو ئافرەتە و ئەو شوێنەدا هەبوو.

رۆبـــی روونـــی کـــردەوە:" خـــاتوو ئـــایرۆنز یەکێکـــە لـــە لایـــەنگرانی جۆنســـۆن و لە هەمووماندا زیاتر تێدەکۆشێت."

" مـــن نـــاوم ئادلاینـــە. مـــن لـــە کـــەس زیـــاتر کارناکـــەم، رۆبـــی، بـــەلاّم بـــە خەســـتی کاردەکـــەم. لەبەرئـــەوەی لێـــرە بەشـــداری هـــەموومان گرنگـــە. ئـــەو شـــتەی کـــە کەوتۆتـــە بەرمەترســـی، ولاّتێکـــە کـــە لاوانـــی وەکـــو تـــۆ دەیانـــەوێ ببنـــە میراتگری.

مـــن قـــەت حەزناکـــەم بـــە کەســـێکی گـــرنگ بێمـــە بەرچـــاو، بـــەڵام ئـــەم مەسەلەیە راستە."

تـــام لـــە کێویـــك کتێبـــی ســـەرمێزەکە رامـــا. یـــەکێکیان ناونیشـــانی هیتلـــەری هـــەبوو، یـــەکێکی دیکـــە (شـــەری دووەمـــی جیهـــانی) هـــەروەها ناونیشـــانی کتێبێکی دیکە (رەشپێستەکان) بوو.

خـــاتوو ئـــایرۆنز هەســـتی بـــە نیگـــای تـــام کـــرد:" تکـــات لێدەکـــەم ئەگـــەر حـــەزت لـــە کتێبێکـــە هـــەڵی بگـــرەو بیخوێنـــەوە. ئەگـــەر مـــەیلتان لەســـەر بـــێ ئـــەمڕۆ شـــتێك بکـــڕی خۆشـــحاڵ دەبم رێنماییتـــان بکـــەم، یـــان رۆبـــی رەنگـــە، تـــۆ حـــەزت لێبێـــت کـــە بەشـــی خزمـــەتگوزاری پۆســـتەی ئێمـــە نیشـــانی هاوڕێکـــەت بـــدەی. ئێمـــە بـــە گشـــتی هـــەزار و پێـــنج ســـەد تـــا دوو هـــەزار بـــەرگ کتێـــب لـــەوێ دادەنێین. ئەگەر حەزدەکەی فەرموو بۆ خوارێ.

تام گوتی:" حەزدەکەم بیانبینم."

هـــەر ســـێکیان چـــوونە نهـــۆمی خـــوارێ. خـــاتوو ئـــایرۆنز لـــە کاتێکـــدا کـــە رووی قســـەی لـــە رۆبـــی بـــوو گـــوتی:" بـــە دڵنیاییـــەوە هاوڕێکـــەت دەزانـــێ کـــە ئێمـــە سەبارەت بەم شوێنە لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسە ناکەین."

رۆبـــی ســـەری لەقانـــد گـــوتی کـــە تـــام ئاگـــای لـــەم مەســـەلەیەیە. خـــاتوو ئـــایرۆنز روونـــی کـــردەوە:" نـــەك لەبەرئـــەوەی کـــە ئێمـــە لـــەم رێکخـــراوەدا کـــاری نایاســـایی دەکـــەین، بـــەڵکو لەبەرئەوەیـــە کـــە ئێمـــە کۆمەڵـــە دوژمنێکمـــان هەیـــە، کـــە هەرچەند دەربارەی ئەم کارە نهێنییەی ئێمە کەمتر بزانن باشترە."

رێزێکـــی درێـــژ لـــەو تانـــەی کـــە رادەیـــەك پڕبـــوون لـــە کتێـــب، لـــە نزیـــك دیوارەکە لەسەر یەك هەڵچندرابوون.

" ئێمـــە راســـپاردەکان لـــە هـــەموو گۆشـــە و کـــەناری وڵات تـــاوتۆی دەکـــەین خزمەتـــەکان بـــە ئـــەنجام دەگەیـــەنین. سەرنجڕاکێشـــە کـــە مـــرۆڤ بزانـــێ کـــە ئـــەم کـــارە لـــە ویلایـــەتی ئێمـــەدا چـــەند بـــە زوویـــی پـــەرەی ســـەندووە، واتـــە لـــەو کاتـــەوە کـــە جیم جۆنسۆن چالاکییەکانی خۆی لێرەوە دەست پێکرد."

تام پرسی:" ئایا ئەو لەو کارانەدا لەگەڵتان هاوبەشە؟"

"نـــا، ئازیزەکـــەم، ئـــەو بـــە تـــەواوی پیـــاوێکی ســـەربەخۆیە، بـــە تـــەواوی رێگـــەم پـــێ بـــدە تـــا ئـــەو بابەتـــەت بـــۆ روون بکەمـــەوە. دەزانـــی، ئێمـــە ســـەبارەت بـــە زۆر خـــاڵ پێکـــەوە هـــاوڕاین، بـــەڵام جـــیم بیروبـــاوەڕی تایبـــەت بـــە خـــۆی هەیـــە. ئـــەو پیـــاوێکی زۆر لەســـەرخۆیە، کـــاتێکیش کـــە ســـەرێك لـــەم بەشـــەی ویلایـــەت دەدات، جـــار جـــارە دێتـــە ئێـــرەش کاتێـــك دێتـــە لای ئێمـــە تـــەنیا لەبـــەرخاتری هاوڕێیـــەتی لـــە مێژینەیـــە. مـــن و ئـــەو پێکـــەوە دەچـــووینە یـــەك قوتابخانـــە. ئێســـتا گـــوێم لـــە دەنگـــی ئۆتۆمبێلەکـــەت، کـــە نزیـــك دەبێتـــەوە. ئـــەو هەمیشـــە لـــە پشـــت خانووەکە ئۆتۆمبێلەکەی رادەگرێ و لە دەرگای گەراجەوە دێتە ژووریَ.

جـــیم جۆنســـۆن قـــۆز بـــوو. بـــێ هونـــەبوو کـــە وێنـــەکانی ئەوەنـــدە ســـەرنجڕاکێش و کاریگـــەر دەهاتنـــە بەرچـــاو. لـــە نێـــو چـــوانە پـــان و خاوێنەکەیـــەوە، قـــژێکی بریقـــاوە بـــەرەو دواوە هەڵـــدرابۆوە. قـــژەکانی ئەوەنـــدە رێکوپێـــك و شـــەپۆڵدار بوون کە دەتگوت بە ئامێری لول دانی کارەبایی راوەستاون.

ئـــەو بـــاڵا بـــەرز و لەشـــێکی لـــەباری بـــوو و چـــاکەت و پـــانتۆڵی خۆڵەمێشـــی روونـــی هـــاوینی کـــە بـــە دڵنیاییشـــەوە گرانبـــەها بـــوو، لەبـــەردابوو. تـــام خۆشحاڵبوو کە بۆ خۆشی باشترین چاکەت و پانتۆڵی پۆشیبوو.

جۆنسۆن گوتی:" سلاو رۆبی تۆش دەبێ تام بی."

ئەو راستەوخۆ سەیری چاوەکانی تامی کرد و دەستی گوشی:

"هـــاوڕێم، رۆبێرتـــا دەڵـــێ کـــە بـــەڕێزت یەکـــەمین و باشـــترین هاوکـــاری پیـــاوی لەو بڵاوکەرەووە گەورەیەدا هاواری سەربەخۆیی ).

"راســـتییەکەی قوربـــان، مـــن خـــۆم لـــە ئـــەوانی دیکـــە بـــە زیـــاتر نـــازانم، بـــەڵام هەوڵی خۆم دەدەم و نیازیشم وایە پتر لەوە تێبکۆشم."

" زۆر چـــاکە، زۆر بـــاش. دەبـــا منـــیش شـــتێکت پـــێ بڵـــێم، ئێمـــە زیـــاتر پێویســـتمان بـــە هـــەبوونی گـــەنجی بیرمەنـــدی وەکـــو ئێـــوە هەیـــە بـــە ئەندێشـــەی دەســـتە راســـتییەوە، لـــە زانکـــۆدا. هەرچـــەندە ژمـــارەی قوتابیـــانی زانکـــۆ زیـــاتر بێـــت باشـــترە، چـــونکە ئەگـــەر بڕیـــار وابـــێ کـــە مـــن پـــاییزی ئەمســـاڵ پـــێم بگاتـــە ئەنجوومـــەنی پـــیران، ئێمـــە پێویســـتیمان بـــە قوتـــابی هاوڕێبـــازی زیـــاتر هەیـــە. پێموایە کەڕای جەنابیشت هەر وابێت و ئەو چاوەڕوانییەشت لە من هەبێ."

جۆنسۆن سەری بە ئاماژەیەك لەقاند كە بە شێوازێكی زیرەكانە سەرنجڕاكێش بوو و بە دڵنیاییەوە خوازیاری وەڵامی ئەرێ بوو. كاتێك كە ئەو دووانە پێكەوە سەریان لەقاند، جۆنسۆن درێژەی دایە:

"گرنگترین بابەت سەبارەت بە هەواڵنامەكەی ئێوە ئەوەیە كە دەبێ تێیدا زیاتر پشتگیری لە قوتابییە دەرچووەكان بكرێت، ئەوان لەسەرانسەری وڵاتدا پرش و بڵاون.

ئێمە بەرنامەكەیەكمان هەیە، دەبێ قسەگەلێك بكەین، كە ببێتە هۆی وروژاندنی خەڵكی دیكە لە ٤٩ ویلایەتی دیكە، وەكو ئێرەی لێبێت، هەڵبەت هیوادارم كە خوێنەرەكانتان مەیلیان. بجووڵێ تا بە دۆلارەكانی خۆیان یارمەتی چالاكییەكانی ئێمە بدەن، لێەش دایە كە پێی ئێوەی گەنج دێتە ناوەوە. هەر لەبەرئەوەیە كە دەمویست چاوم بە ئێوە جووتە بكەوێ، وەڵامی پرسیارەكانتان بدەمەوەو سوپاستان بكەم."

تام بەرێزەوە گوتی:" بۆ ئێمە بەڕاستی جێگای شانازییە، قوربان."

جۆنسۆن بزەیەكی هاتێ و گوتی:" كاتی نان خواردنی نیوەڕۆیە. چۆنە كە بۆ خواردنی هەمبەرگەرێك بچینە خوار شەقام؟ ئەوێ كەسێكی لێیە كە لەو كاتەوە من و هاویەرەكەم لەم بەشەی ویلایەت ژیانمان بەسەردەبرد، دەمناسێت. ئەو لە ژووری پشتەوە چەند كورسی و مێزێكی داناوە تا ئەوانەی نایانەوێ كە سەرنجی كڕیارەكان ڕاكێشن، بتوانن لەوێ كۆببنەوە، منیش یەكێكم لەو كەسانە. ئەو شتەی كە ئەمڕۆ من دەمەوێ ئەوەیە كە بە شێوەیەكی تایبەتی لەگەڵ ئێوەدا كاتێك بەسەر ببەم و دوور لە چاوی خەڵك نان بخۆم. وەرن، ئەو چاوەڕێ ئێمەیە."

ئەوان بە زەحمەت لە نێو ئۆتۆمبێلەكەی جۆنسۆندا جێی خۆیان كردەوە كە پڕبوو لە كاغەز و ڕاگەیەندراوی پڕۆپاگەندە، و چەند كیلۆمەترێك دوورتر لەوێ گەیشتنە ڕێستۆرانێك كە كەوتبووە شوێنێكی سەر ئاواڵە لە نێو درەختی كورتیلەدا لە دەرگای پشتەوەی ڕێستۆڕانەكەوە چوونە ژوورێ و لەلایەن كابرایەكی قەڵەوەوە كە بەروانگەیەكی چڵكنی بەسینگەوە بوو پێشوازیان لێكرا.

پاش ئەوەی بە گوێرەی راسپاردەی خۆیان، هەمبەرگەری بۆ هێنان، ل ژوورێدا بە تەنیا مانەوە. پۆستەرێکی گەورەی کۆکا کۆلا لەسەر دیواری ئەو ژووره بچووکەدا هەبوو و شریتێکی درێژی کاغەزی مێش کوژیش بە هیچی ژوورەکەوە هەڵواسرابوو.

جۆنسۆن زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:" هەڵبەت گومانی تێدا نییە کە ئێرە شوینێکی باش نییە، من لەمەش خراپترم دیتووه!"

پاشان دەفتەرچەیەکی پاداشت و پێنووسێکی لەبەردەم رۆبی دانا و گوتی:" ئەو شتانەی دەیڵێم یاداشتیان بکە. ئەمانە چەند خاڵێکن کە ئێوە دەبێ لە وتاری رۆژنامەکەتاندا گوتی:

" هەڵبەت رەنگە پێویست نەکات دووبارەی بکەمەوە، بەڵام ناچارم بیڵێم کە نابێ بە هیچ جۆرێك لە وتارێکی تایبەتیدا لەو هەواڵنامەی کە ئێوە خاوەنین، ناوی من بهێندرێت. ئێمە نامانەوێ کە هەندێك کەسی ناحەز وەها بیانوویەکیان دەست بکەوێ و بە بەستراوه بە رێکخراوێك بزانن. خۆ دەزانن کە من جگە لەو پارتەی کە بۆ نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی پیرانی ویلایەتی کاندیدای کردووەم. پێوەندیم بە هیچ رێکخراوێکی دیکەوە نییە."

جۆنسۆن هەڵوەستەیەکی کرد، دوو چاوی بە گرژییەکی کەم کە نێوانیان دەرکەوتبوو لە جێگایەکی دوور رامـاو لە ناکاو وا هاتە بەرچاو کە نیازی وایە بڕیارێك بدات.

پاشان بە ئاشکرایی گەیشتە بڕیارێك: " دەمەوێ راستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا قسەتان لەگەڵدا بکەم. رۆبی، هیوادارم زۆر باش دەرك بەم بابەتە بکەی. تۆ ئێستا زۆر باش کارت کردووەو هەر لەبەرتۆشە کە دەمەوێ متمانەمیش هەبێ. سیاسەت هەر ئەمەیە، تۆڕێك لە دڵنیایی و زۆرەملێ."

ئەو بە جوانی دەستی خستنە سەریەك و درێژەی دایە: " هۆی ئەوەی کە نامەوێ ناوم بە هیچ گروپێکەوە بلکێندرێ. تەنانەت بە کتێبفرۆشێکیش وەکو ئەوەی ئێستا لێی بووین ئەوەیە کە کەم و زۆر خەباتێکی پیس لە دژی من دەستی پێکردوەو نەیارەکانم هەوڵیان داوە لە سەرەتای کارمەوە من پەیوەند بدەن بە کوکلۆس

کلانەکانــەوە. بــەو شــتانەی کــە دەیــانڵێم و لــە ســەرەتای کارمــەوە گوتوومــە، کۆمەڵــە دوژمنێکم بۆ خۆم دروست کــردووە. لــەو ســەردەمەوە کــە مــن لــە کۆلێــژ بــوون ژمارەیــەك کەسم لە خۆم کردۆتەوە دوژمن. ئازادیخوازەکان کەیفیان پێم نەدەهات.

هاوپۆلــەکانم خۆشــیان نەدەویســتم، هــەروەها ئەوانــەش کــە لەگەڵمــدا لــە ژوورێــك دابــوون، مــن، بــە هــەمان ئــەو شــێوەیەی کــە ئێســتا ئێــوە کاردەکــەن، بــە خەســتی لــە رۆژنامەیەکــدا کــارم دەکــرد و بوومــە وتاربێــژێك. وا دیــاربوو زۆرم قســە دەکــرد، بــەڵام قەت بەستراوە نەبووم یەکلانەوە، باوەڕ بکەن."

ڕۆبــی بــە شــێوەی بیرمەندانــە گــوتی:" هەڵبــەت مــن دەزانم مەبەســتتان چییە، بــەڵام قســەی خۆمــان بــێ، مــن بــە زۆری بیردەکەمــەوە، کــە لــە رێبــازی کلانیشــدا کۆمەڵــە راســتییەك خۆیــان حەشــارداوە. ئێمــە کلتورێکمــان لــەم وڵاتــەدا هەیــە، بــەڵام لەگــەڵ هەموو جۆرە رەگەزێکی دەرەکی و نا ئەمریکاییدا تێکەڵاو بووین."

جۆنســۆن گــوتی:" رێــك وایــە.." پاشــان زەردەخەنەیــەکی کــرد و درێــژەی پێــدا: " بەڵام ئەگــەر بتــەوێ هەڵبــژێردراێی دەبــێ پەســندی ژمارەیــەکی بــۆڵای خــۆت راکێشــی لــە خۆت نەڕەنجێنیێ. کلانەکان ئیدی زیــاد لــە پێویســت تونــد رۆیشــتبوون. لــەوەش زیــاتر مــن دژی جوولەکە نیم و نامــەوێ رەشپێســتەکان بــە بــێ دادگــایی کردنــی یاســایی لــە ســێدارە بــدەم. لەبــەرخاتری خــوا ئەمــە دەڵــێم، بــەڵام خــۆ ئێــوە دەزانــن: ئەوســا بــە حاڵــەتێکی بیرمەندانــەوە درێــژەی دا:" باشــە مــن لــە تەمــەنی دە ســاڵییەوە کتێــبم خوێندۆتــەوە، بەرهەمــەکانی هــۆبز، نیمچــە، ئــادام ئیســمیت، هــەروەها تــاین و شــوپنهاوەرم موتــالا کــردووەو ئــەوەی تێیگەیشــتووم ئەوەیــە کــە تــۆ دەتــوانی لــە هــەر کامێکیــان تیۆرییــەکی بەبایــەخ بــە دەســت بێنــی، گەرچــی نابــێ لەگــەڵ هــەموویان هــاوڕابی. بڵــێم دەتــوانم بــە ئازایەتییەوە کە دەکــرێ لــە کۆمۆنیزمیشــدا باوەڕگــەلێکی بــە بایــەخ بدۆزرێتــەوە، لەگــەڵ ئەوەشدا ئەو قوتابخانەیە بە تەواوی هەڵەیە.

بەڵام ئامۆژگاری من بۆ ئێــوە ئەوەیــە کــە هــەموو شــتێك بخوێننــەوەو پاشــان بــە وردی دەربارەی بیربکەنەوە.

من بە منداڵاکانی خــۆشم گوتــووە ئــەو کاتــەی کــە بچــووك بــوون. بەڕاســتی کــە ئــەو کتێبفرۆشــییە لــەو بەشــەی دواوەی کتێبــی زۆر ســەرنجڕاکێش لێیــە." پاشــان جۆنســۆن سەیری کاتژمێرەکەی کرد و گــوتی:" دەبــێ پەلــە بکــەم، بــۆ ئــەوەی بتــوانم تــاکو کاتــژمێر

چوار، بەبێ ئەوەی سزابدرێم ١٥٠ مایل تێپەڕێنم دوایین شت پسوولەیەکی سزادانە بەهۆی خێرا لێخوڕینەوە! من ئێوە لە هەمان شوێن کە لێی بوون، لەپەنا ئۆتۆمبێلەکەتان لە بەرامبەر فرۆشگا دابەزێنم و ڕێی خۆم دەگرمەبەر."

لە کاتێکدا کە جۆنسۆن بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لێیان دووردەکەوتەوە، تام گوتی:

" بەڕاستی ئەو ڕێبەرێکی راستەقینە و پیاوێکی خوێندەوار و نەریتزان و لۆژیکییە. من نازانم کە چۆن هەندێك کەس ئەو باوەڕەیان لا دروست بووە کە ئەو خوێن مژەو بە فێڵ و تەڵەکەبازی خەڵکانی ئاسایی بەرەو خۆی رادەکێشێ."

"ئێ بەڵێ، رۆژێکی چەند خۆش بوو."

"هەمیشە هەر وابووە. دەکرێ رۆژی هەینی چاوم پێت بکەوێ؟ من دەتوانم عەسری هەینی، لە دوای ئەوەی کەنتمیم برد بۆ پێشبڕکێی یاری تۆپی پێ، بێمە ئێرە."

رۆبی بەهاوخەمییەوە گوتی:" تۆ بەڕاستی ئەو مندالەت خۆش دەوێ، وانییە؟"

تام بەسادەیی وەلامی دایەوە:" ئێ ئەو برای منە."

********************

رۆبی لە پشت تەلەفۆنەوە دەیگوت:" بیستومە کە شەوی چوار شەممەی داهاتوو لە شارەکەی ئێوەدا ئاهەنگێکی هەڵبژاردن بۆ رێزلێنان لە جۆنسۆن وەڕێدەخرێت.."

" بەڕاستیتە؟ من شتێکی وام لە رۆژنامەدا نەخوێندۆتەوە."

"با، بڕیار وایە ئاهەنگێکی لەو شێوەیە سازبکرێت.

ئەمڕۆ پیاوێك هاتە دووکانی کتێب فرۆشتن و ئەمەی پێ گوتن و من دەمەوێ بێمە ئەوێ و وتارێك دەربارەی بنووسم. بۆچوونێکی تایبەتی خۆم، من دەینووسم و وەکو وتارێکی سەرنجڕاکێش بە چاپی دەگەیەنم."

"بیرێکی باشە. ئەو کارە بکە. هەروەها منیش لە کۆبونەوەیداهاتوودا درێژە بەو کارە دەدەم."

"بەڵێ، بەلام دەبێ بەشداری ئەم کۆبوونەوەیەش بکەی. دادلی دەیەوێ بێت و منیش بە ئۆتۆمبێلەکەی وی دێم.

ئێمە لەبەر دەرگای مالەکەتدا سوارت دەکەین. شەقامی ناوەڕاستی ئۆك، ژمارە چەند؟"

تام نەیدەویست رۆبی لەگەڵ دایك و باوكیدا، بەتایبەتی دایكی چاویان بەیەكتری بكەوێ. كاتێك لە خۆی دەپرسی كە بۆچی بەو جۆرە بیردەكاتەوەو چ جیاوازییەكی هەیە، هەمدیسان نەیدەتوانی وەڵامی خۆی بداتەوە."

"نا، من لە سوچێك چاوەڕێتان دەكەم. هەفتەیەكی تر ژمارەیەك میوان دێنەماڵمان و دەبێ من بەدزییەوە لە ماڵێ دەرچم. لە چوار ریانی ۆست ئۆك و تیلیدان ئستریت. پێم بڵێن كە چ كاتێك دێت و من لەوێ ئامادە دەبم."

رۆژی چوارشەممە دایك و باوكی تام لە ژووری دیوەخاندا خەریكی خوێندنەوە بوون. باوكی سەری لەسەر رۆژنامەكە بەرزكردەوەو گوتی:

" تام، دەچی بۆ شوێنێك؟"

" نا، ناچمە شوێنێكی گرنگ."

"كەواتە، بەهیوای كاتێكی خۆش."

هەر وا كە تام بە بیانووی پیاسەوە دەچووە دەرێ، گوێی لێبوو كە باوكی گوتی:" دەچێ بە دوای كچان دەكەوێ. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا دەتوانێ چ كارێكی دیكەی هەبێت؟"

تام لە پەنا دارتێلی كارەبا، كە پەپوولەكان خۆیان لێدەداو خۆیان بە شۆقە زەرد و كەم رەنگەكەی گلۆپەیەكی دەسووتاند، چاوەڕێ راوەستا. زۆری نەخایاند، كە ئۆتۆمبێلێكی كۆرسی شەق و شڕ بەدیاركەوت. دادلی لە پشت سوكان و رۆبیش لە تەكییەوە دانیشتبوو. رۆبی دەرگای كردەوە:

" تام وەرە سواربە. لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەكە جێی هەرسێكمان دەبێتەوە."

"نا، پێویست ناكا، لە دواوە دادەنیشم."

سەبارەت بە دادلی شتێكی بێزاركەر هەبوو و تام پێی خۆش نەبوو رۆبی لەبەرتەسكی جێگا پاڵ بەو پیاوەوە بدات.

ئۆتۆمبێلەكە دەستی بە رۆیشتن كرد.

دادلی گوتی:" دەبێ من بۆ فیروبۆ رێنمایی بكەی. من باش شارەزایی ئەم شارە نیم."

تام بەسەر سوڕمانەوە گوتی:" فیروبۆ؟ من پێم وابوو كە ئاهەنگێك بە بۆنەی هەڵبژاردنەكانەوە لە یاریگاكە دەكەوێتە خوارەوە شار بەرپا دەكرێت."

دادلی گــوتی:" نــا، جۆنســۆن دیــدارێکی گرنگــی دیکــەی هــەبوو. کەواتــە ئێمە دەچینە شوێنێکی دیکە."

"دەچینە کوێ؟ بڕیار وایە لە فیروبۆ چی رووبدات؟

ڕۆبی تۆ هیچت بە من نەگوتووە."

" مــن تــا ئــەمڕۆ بــەیانی ئاگــام لــەو رووداوە نــەبوو. ئــەمڕۆ کەســێك هاتــە دووکــانی کتێــب فرۆشــتن و گــوتی دەبــێ ئێمــە بچــینە ئــەوێ، گوایــا پیــاوێکی گــەنج کۆبوونەوەیــەکی نــاڕەزایی دەربڕینــی لەبــەردەم ماڵەکــەی ســازکردووە. ئــەو کۆبوونەوەیــە بەشــێك نییــە لەبەرنامــەکانی پرۆپاگەنــدەی هەڵبــژاردن، پێوەندیشــی بــە جۆنســۆنەوە نییــە، بــەڵام ئــەو کەســەش لــە لایــەنگرانی جۆنســۆنە. ئــەو گــەنجێکی دەوڵەمەنــدە بــەناوی ئەندرســۆن و وا دێتــە بەرچــاو کــە لایەنگرێکی زۆر زۆر گرنگ بێت."

(گــریگ ئەندرســۆن). تــام بیرەوەرییــەکی تەمومــژاوی لــە کوڕێژگەیــەکی شەڕەنگێز بەم ناوەوە هەبوو کە دەیانگوت زۆر قۆزە.

ئــەو لــە ســاڵی کۆتاییــدا وازی لــە قوتابخانــە هێنــابوو و پاشــان دایکــو بــاوکی بۆ خوێندن ناردبوویانە ناوچەیەکی دیکە لە باکوور.

ئــەو مرۆڤێکــی گرفــت خــولقێن بــوو و بەهــەر حــاڵ هەرچــییەك کــە هــەبوو، شــوێنی ئاژاوەکــە لــە مــاڵی تــام زۆر نزیــك بــوو. تــام گــوتی:" بــەڕای مــن ئەمــە کــارێکی زۆر هەڵەیــە باشــە بــە چــی ناڕەزایــەتی هەیــە. دادلی وتــی:" بــەڵام لەوانەیــە لــە هەڵەبچــێ، تــاکو بــە چــاوی خۆمــان نــەیبینین نــاتوانین بڕیــار بــدەین، دەتوانین؟ ئێستا بە کام لادا بڕۆین، راست یان چەپ؟ "

لــە کاتێکــدا کــە ئۆتۆمبێلەکــە لــە چــوار ریانێــك لــە پشــت گڵــۆپی ســوور راوەستابوو، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا بیری تام جێگیربوو:

" نــاڕەزایی دەربرینێــك لــە فیروبــۆ؟ بــە ئەگــەری زۆر پێوەنــدی بــەو رەش پێســتانەوە هەیــە کــە بــەم دواییانــە ماڵیــان گواســتۆتەوە بــۆ ئــەوێ. ئــەو لــە ناکــاو گوتی:

" هێــی، ئەمــە بــە هــیچ جۆرێــك دروســت نییــە. مــن لێــرە دەژیــم. مــاڵی ئێمــە چــەند خولــەکێك زیــاتر لێــرە دوورنییــە. بــاوکم لــەو شــەقامە کۆمەڵــە

هاوڕێیــەکی هەیــە. وەکــو ئــەو خــاوەن بانکــەی کــە پــارە لــە بانکەکــەی ئــەودا دادەنــێ. ئەگــەر مــن دەســتم لــە خۆپیشــاندانێکی نــاڕەزایی دەربڕینــدا هــەبێت دەمکــوژێ." کاتێــك کــە دادلی بــەرەو وی ســوڕا، تــام دەیتــوانی تیشــکێك لــە نــەفرەت و بێــزاری لــە چــاوەکانیدا ببینێــت. ئــەو بــە ئــاوازە دەنگێــك کــە وەکــو چــەقۆ تیــژبوو، دووبــارە پرســییەوە:" بــە کــام لادا بــڕۆم؟ مــن نامــەوێ لــە کاتێکــدا کــە تــۆ وەکــو پیریــژنێك لــەرزت لێهــاتووە، تــەواوی شــەو لێــرە بەســەر ببەم."

" بــە دەســتە چــەپدا، پاشــان پێــنج چــوار ریــان دەبــڕی، لــە سوچــێك زەوییــەکی تێنســی لێیــە، لێ دووبــارە بــۆ لای چــەپ دەســوڕێیەوەو ئــەوێ فیروبۆیە."

ئــەو هۆشــدارە بــە دڵنیاییــەوە ترپــەکانی دڵــی تــامی زیــاتر لــە هەمانکاتیشــدا تــووڕەیی کردبــوو. ئــەو رێگــەی دابــوو ســووکایەتی پــێ بکرێــت. ئایــا ئــەو پیرێــژن بــوو؟ ئــەو لەبــەردەم رۆبیــدا، کــە لەڕادەبــەدەر بڕیــار دەرد خــاوەن ئیرادە بوو، خۆی بە لاواز نیشان دابوو.

تام بە توندی گوتی:

" مەســەلە لــەرزین نییــە، منــیش تــەنیا بــیر لــە بــاوکم ناکەمــەوە، بــەڵکو بــیر لــە هــەموو ئــەو رووداوە دەکەمــەوە. رۆبــی ئــەم کــارە بــە هــیچ جۆرێــك ئاکــامێکی، خۆشــی بــەدواوە نابێــت بــۆ کۆلێــژ، هــەروەها بــۆ رۆژنامەکــەشمان، ئەگەر ناوبانگێکی خراپ پەیدابکەین زۆر بە زیانمان تەواو دەبێت.

بەهــەر حــاڵ ئــەم بابەتــە لەبــەر هــەر شــتێك بێــت جیــاوازی نییــە؟ رۆبــی لــە پــاش چــەند خولــەکێك بیرکردنــەوە گــوتی:" تــام راســت دەکــات، میســتەر دادلی. جــیم جۆنســۆن چــاوەڕوانی ئــەوەمان لــێ دەکــات، کــە بەشــداری لــە چــالاکییەکاندا بکــەین، ئەگــەر ئێمــە لــەو شــەقامە بــەو کــارە ئابڕوبەرانــە خۆمــان زەق بکەین، ئەو بە هیچ جۆرێك کارەکەمانی بە دڵ نابێ."

" زۆر باشــە، ئێمــە تــەنیا بــە شــەقامەکەدا تێدەپــەڕین تــا بــزانین چــی روودەدات. پاشــان ئۆتۆمبێلەکــە لــە شــوێنێك رادەگــرین و بەرێــدا دەڕۆیــن، بــا جارێ بزانین بڕیارە چ رووبدات. بەهەر حاڵ دەبێ زۆر سەرنجراکێش بێت."

شـــەوێکی زۆر تاریـــك بـــوو، شـــەوێکی هـــەورامی کـــە بـــە هـــۆی لـــق و پـــۆپی داربـــەڕووە کۆنـــەکان تـــاریکتر ببـــوو. گـــەڵاو لقـــی دارەکـــان دەگەیشـــتنە یـــەك و کـــەپرێکی لەســـەر ئـــەو شـــەقامە باریکـــە دروســـت کردبـــوو. لـــە هـــەردووك بـــەری شـــەقامی فیروبـــۆ، دوازدە یـــان ســـێزدە ئۆتـــۆمبێلی فـــارگۆن دار بـــە بـــێ ئـــەوەی کەســـیان لـــەناودا بێـــت. راگیرابـــوون. خـــوارتر لـــەو شـــوێنە، کۆمەڵـــە خـــەڵکێك لەسەر شەقام کۆببوونەوە.

کۆمەڵـــە ســـێبەرێك کـــە بـــە هـــۆی بازنـــەی شـــۆقی گڵۆپـــەکانی شـــەقامەکە دروست ببوون، بە ئارامی دەجووڵانەوە.

نزیکـــەی ٧٥ تـــاکو ١٠٠ کـــەس لەســـەر زەوییـــە چـــەمەنەکەی خـــوار خانوویـــەکی بـــەردینی گـــەورە کۆببوونـــەوە. لـــە قـــەراغ چـــەمەنەکە، لەســـەر ســـەکۆیەك کـــە بـــە ســـندوقی دار دروســـت کرابـــوو، پیـــاوێکی گـــەنج خـــەریکی وتـــار خوێندنـــەوە بـــوو بـــۆ ئـــەو کۆمەڵـــە خەڵکـــە. دیمـــەنی ئـــەو شـــوێنە وەکـــو تەختـــەی شـــانۆ دەهاتـــە بەرچـــاو. خانووەکـــە هـــەیوانێکی جـــوانی هـــەبوو و روونـــاك کـــەرەوەکان کەوتبوونـــە سوچـــەکانییەوە، خەڵکەکـــەی رونـــاك دەکـــردەوە و تـــەنیا ســـێبەری دەوەنـــەکانی قـــوڵتر دەکـــرد. تـــام بـــە ئەســـپایی گـــوتی:" ئـــەوە گریـــك ئەندراســـۆنە تـــا کاتێـــك ئـــەو وازی لـــە خوێنـــدن هێنـــا، مـــن لەگەڵێـــدا لـــە قوتابخانەیەك بووم."

ئەگـــەری ئـــەوە هـــەبوو کـــە دەمێـــك بێـــت ئـــەو وتـــار خوێندنەوەیـــە دەســـتی پـــێ کردبێـــت، لەبەرئـــەوەی گوێگرەکـــان نائـــارام دەهاتنـــە بەرچـــاو و ئیـــدی لەگـــەڵ یەکتریـــدا قســـەیان دەکـــرد. لـــەو کاتـــەدا دەنگـــی بێـــژەر، کـــە هـــەوڵی دەدا ســـەرنجیان بـــۆ لای خـــۆی راکێشـــێ، بـــەرزبېۆوە تـــاکو جگـــە لـــەوەش دەنگـــی گڤـــەی با لە نێو درەختەکاندا کپ بکاتەوە:

" ئـــەم خەڵکـــە چـــییان دەوێ؟ ئـــەوان دەیانـــەوێ کـــە لـــە کارەکانیانـــدا، زانکۆکانیانـــدا، هـــەروەها لـــە دەوڵەتەکەیانـــدا، گرینگـــی زیاتریـــان پـــێ بـــدرێ. بۆیـــە ئـــەو ئازادیخوازانـــەی کـــە پشـــتیوانیان لێدەکـــەن، ئـــەوان ئێمـــە بـــە رۆح و جەســـتەمانەوە دەکەنـــە کۆیلـــە. ســـەیری ئـــەو خـــانووەی ئەوپـــەری شـــەقام بکـــەن و پاشـــان لـــە خۆتـــان بپرســـن کـــە چـــەند کـــەس لـــە ئێـــوە بـــۆی دەگونجـــێ لـــە بینایـــەکی

ئــەودا ژیــان بەســەرببات. ئــەوان دەیانــەوێ تــا کــوێ بــەرەو پــێش بچــن؟ لەوانەشــە بیانــەوێ بچــنە کۆشــکی ســپی، زۆر باشــە ئەگــەر ئێمــە هــەروا درێــژە بــدەین بــە دەنگــدان بــەو گەمــژەو نەفامانــەی کــە تــا ئێســتا ئــەم ویلایەتــەیان بــەڕێوەبردووەو ئێســتاش بــەڕێوەی دەبــەن، ئــەوان دەگەنــە کۆشــکی ســپیش. هیــوادارم کــە ئێــوە هــــەمووتان مێشــــکی خۆتــــان بخەنــــەکار تــــا بــــزانن ئێمــــە کەوتووینــــە نێــــو چ زەلکاوێکــەوە. بــۆ هاتنــە دەرەوە لــە زەلکــاو دەبــێ تێکۆشــین و کەســانی وەکــو جــیم جۆنســۆن بنێرینــە ئەنجوومــەن. ئــەو کــات رەنگــە، تــەنیا رەنگــە، بتــوانین ئەو پلانە ئەهریمەنییە پوچەڵ بکەینەوە."

بیســتەران، دەتگــوت هــەموویان بوونەتــە کەســێك، ئاوڕیــان دایــەوە. تــام بــۆ مــاوەی چــەند چــرکەیەك پێــی وایــوو گــوێی لــە دەنگــی حیلــەی ئەســپەکانە. پاشــان ورد بــۆوەو دەنگــی هــاواری دەســتەیەك (ســریە) پیــاوی گــەنجی کەوتــە بــەرگوێ. نزیکــەی بیســت کــەس میلیشــیا بــە چــەکمەی (پۆســتاڵ) قــورس و چــاویلکەی تاریکــەوە لــە ناوەڕاســتی شــەقامەکە غاریــان دەدا. لــە مــاوەی چــەند چــرکەیەکدا هــەر بیســت کەســەکە لــە پەرژینــە ئاســنەکە ماڵێــك ســەرکەوتن کــە ســەردەمانێك بنەماڵــەی بلێــر خــاوەنی بــوون. ماڵەکــە تاریــك بــوو، وەکــو ئــەوەی کــە دانیشــتوانەکەی ئامــادەی چــونە نێــو جێگــابوون بــۆ نووســتن، بــەڵام لــە ناکــاو سەرانســەری بەشــی پێشــەوەی بیناکــە روونــاك بــۆوەو لــە ئاکامــدا تــام تــوانی ببینێــت کــە ئــەو ســپبەرانەی ســەر چــەمەنەکە بــەو کڵاوانــەوە کــە تــاکو ســەردەموو چــاویان دایــان کێشــابوون، غاریــان دەداو هاواریــان دەکــرد. ئــەو هاوارکردنــە تۆقێنــەرە بــێ قســە کردنــە، پشــتی تــامی لەرزانــد. ئــەو دیتــی کــە ئــەوان قــۆڵ هــەڵکراوەکانیان بــەرزکردەوەو ئەوســا دەنگــی شــکانی شووشــە و قیژانــدنی منــداڵێکی کەوتەبــەرگوێ. لــە مــاوەی چــەند چــرکەدا ئــەوان تــەواوی شوشــەکانی نهــۆمی یەکــەمی ئــەو خــانووە رازاوە جۆرجیــا بــەیان شــکاند. گریگ ئەندرسۆن قیژاندی:

" چ دۆزەخێکــە، خەڵکینــە بێــدەنگ بــن، لێمــان گــەڕێن بــا بــەردەوام بــین لــە کاری خۆمان. ئەمە هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست ناکات. گوێتان لێمە؟"

ئامـــادەبووان بـــەرە بـــەرە دەســـتیان بـــە هـــەڵاتن کـــرد. ئـــەوان لـــە تاریکیـــدا بزربـــوون و ئیـــدی هـــەر کەســـەی لـــە بـــیری خۆیـــدا بـــوو، تـــام ئامـــاژەی بـــۆ رۆبـــی کـــرد و گوتی:" چ کەسێك و بۆچی؟"

ئـــەو بـــەرەو ئۆتۆمبێلەکـــە غـــاری دەدا. دادلی لـــە کاتێکـــدا کـــە هەناســـە بڕکێـــی بـــوو گـــوتی:" گەمژانـــە، شـــێتانە." ئـــەو ئۆتۆمبێلانـــەی کـــە لـــەملاو لای شـــەقامەکە راگیربـــوون، هـــەوڵیان دەدا کـــە لـــەو شـــوێنە دووربکەونـــەوە، دەیـــان خســـتە گێـــڕی بـــەگ، پێتـــان لەســـەر بـــەنزین دادەگـــرت و خۆیـــان لێـــرەو لـــەوێ دەکوتـــا، هـــەموو لـــە هەوڵـــدابوون و پەلـــەیان بـــوو بـــەر لـــەوەی پـــۆلیس بگاتـــەجێ، هـــەڵێن. ئۆتـــۆمبێلێکی چەمچـــەدار هـــەوڵی دەدا خـــولێکی تـــەواو بـــدات. ئـــەو شـــوفێرانەی کـــە دەگەیشـــتنە ئـــەو شـــەقامە، سروشـــتی بـــوو ئاگایـــان لـــەو رووداوە نائاســـاییە نـــەبوو کـــە روویـــداوە بۆیـــە بـــە تـــووڕەیی دەســـتیان دەکـــرد بـــە هـــۆڕن لێـــدان و هـــەوڵیان دەدا بـــەگ دانـــێن و بـــە ئـــارامی لـــەو ئالۆزیـــە تۆقێنـــەرە دوور بکەونەوە. رۆبی بە دڵە راوکێوە گوتی:

" دەبێ ئێمەش بە زووترین کات خۆمان لێرە دەرباز بکەین."

ئـــەوان بـــە شـــەر لێشـــێواوییەوە لـــە پـــەنای ئۆتـــۆمبێلی دادلی راوەســـتابوون، کـــە رێگـــای خـــۆ دەربـــازکردنی نـــەبوو. تـــام ســـەیری شـــۆقی ئـــەو ئۆتۆمبێلـــەی کـــرد، کـــە بـــە ئـــارامی نزیـــك دەبـــۆوە. کاتێـــك ئۆتۆمبێلەکـــەی تێپـــەڕی، تـــام سەرنشـــینەکانی ناســـین، ســـەری داخســـت و گـــوتی:" خوایـــە گیـــان، رۆبـــی، ئـــەوان باوکی رۆحانی و هاوسەرەکەی بوون. ئەو ئافرەتە هاوڕێی دایکمە."

" ئێ، بۆچی روویداوە؟ خۆ تۆ کارێکی خراپت نەکردووە."

" خوایە گیان، ئەگەر منی دیتبێ چی؟"

" ســـواری ئۆمبێـــل بـــە، هـــیچ کـــەس تـــۆی نـــەدیوە. ئاسمـــان وەکـــو دۆزەخ تاریکە."

" وەکـــو ئـــەوە وابـــوو کـــە کەســـێك راســـتەوخۆ شـــۆقی لاتیـــت لـــە دەمووچـــاوان بگرێتەوە. من دڵنیام کە ئەو منی دیتووە."

دادلی بـــە تـــووڕەیی گـــوتی:" ســـواری ئۆتۆمبێـــل بـــە، زووکـــە، ســـوار دەبـــی یان نا؟"

دادلی دوای ئـــەوەی کـــە چـــووە پشـــت ســـوکان، ئۆتۆمبێلەکـــەی بەگەڕخســـت و دەســـتی بـــە چـــوونە پـــێش و پـــاش ســـەرەنجام خـــۆی دەربـــاز کـــرد. ڕۆبـــی گـــوتی:" گـــوێ بگـــرە، تـــۆ شووشـــەی هـــیچ پەنجەرەیـــەکت نەشـــکاندووە. خـــۆ دنیـــا کـــاول نـــەبووە ئەگـــەریش تۆیـــان بینـــی بێـــت ئـــێ ئـــەوانیش وەکـــو ئێمـــە لـــەم شـــەقامە بوون."

" ئـــەم مەســـەلەیە جیـــاوازە. ئـــەوان لـــە نزیـــك ئێمـــە، ڕێـــك لـــە پشـــت ئـــەو پێچەی شەقام دەژین."

دادلی بەســـەر ســـەختییەکی تـــوڕەوە ڕێگـــای خـــۆی بەشـــێوەی ســـوڕێکی تـــەواو کـــردەوەو لـــە کاتێکـــدا کـــە خـــۆی لـــە ئۆتـــۆمبێلێکی دیکـــە ڕاکێشـــا، بـــێ گوێـــدان بـــەو تـــۆك و نفرینـــەی لێـــی دەکـــرا، لـــە شـــەقامی فیروبـــۆ دەرچـــوو. هـــەروا کـــە خێرایـــی ئۆتۆمبێلەکـــە زیـــاتر دەبـــوو، دادلی چـــەمابۆوە ســـەر ســـوکان و لەبـــەر خۆیەوە دەیگوت: " نەفرەتیان لێبێت، چ پیسییەکیان دروست کرد.

ئۆتۆمبێلەکـــە بـــە دەنگێکـــی زۆرەوە بایدایـــەوە، پـــێش ئۆتـــۆمبێلی دیکـــە کەوتـــەوەو بـــە هـــاڕە هـــاڕ چـــۆوە پێچـــێکی تـــری شـــەقامێك. لـــە دوایانـــەوە، لـــە دوور ڕا دەنگی ئاژیری ئۆتۆمبێلی پۆلیس بەرگوێ دەکەوت.

تام گوتی:" خەیکە بەرەو شاڕێ دەڕۆی، بەڵام من لەوبەر دەژیم."

دادلی کـــە ترســـی لێنیشـــتبوو گـــوتی:" کەواتـــە بـــۆ خـــاتری خـــوا ڕێگـــام نیشـــان بـــدە." ئـــەو بـــە جـــۆرێکی ســـەیر ترســـا بـــوو، بـــە شـــێوەیەکی وەهـــا کـــە بـــۆنی ئـــارەقی لەشی دەهات.

"یەکـــەمین شـــەقام دەســـتی ڕاســـت، پاشـــان لـــەو ســـەرەو لێژیـــە دەڕۆینـــە خوارێ. دەتوانی لەو خوارە ڕاوەستی. من ئەوەی ماوە بە پێ دەیبڕم..

دادلی لەبـــەر خۆیـــەوە هـــەر پرتـــەو بۆڵـــەی بـــوو: هەرئەمـــەمان کـــەم بـــوو کـــە لـــە هێرشـــکردنە ســـەر ڕەشپێســـتەکاندا بەشـــداربین. هـــەر ئەمـــەمان کـــەم بـــوو." ئوتۆمبیلەکـــە بـــە خێراییـــەکی زۆر لەســـەرەو لێژەکـــە دەڕۆیشـــتە خـــوارێ و تـــام بـــە توندی کوشتنی پێشەوەی گرتبوو.

ئـــەم چـــەند خولەکـــەی دوایـــی جۆرێـــك هەســـتی نـــاواقیعی بـــوونی پـــێ دەبەخشـــێ:" شـــەوێکی هـــاوینی تێـــك چـــووە، ئـــەو هـــاوار و پشـــێویە، دەنگـــی

غــاردانی قاچــەکان لــە شــەڕێکی یەکگرتووانــەو لــە پێشــدا داڕێــژراو لــە دژی ئــەو ماڵــە، شووشــە شــکاوەکان. تــام دایــك و بــاوکی ئــەو کاتــەی لــە ماڵــێ دەهاتــە دەرێ هێنانــەوە یــاد. ئــەوان لــە بێــدەنگی و ئاسایشــی مــاڵی خۆیانــدا خــەریکی خوێندنــەوە بــوون. پاشــان هێنایــە پــێش چــاوی خــۆی کــە ئەگــەر ئــەو بەردانــە لــە پەنجەرەکان را بچنە نێو ماڵی ئەوان، بە دڵنیاییەوە دایکی دەقیژینێ.

ئەو گوتی:"نازانم داخۆ لە نێو ئەو ماڵەدا کەس زیانی پێگەیشتووە؟"

رۆبــی وەڵامــی دایــەوە:" ئەگــەر زیانیشــیان بەرکــەوتبێت چ جیاوازیــەکی هەیە؟"

شێوازی دەربڕینی زۆر توند بوو.

" تــۆ دەتــوانی بۆچــوونەکانی خــۆت بــە بــێ زیانگەیانــدن بــە خــەڵك بخەیەڕوو."

دادلی پێکــەنی و گــوتی:" گــوێ بگــرە، ئــەو کەســانە دەیــانزانی کــە لــەو گەڕەکــەدا کەســانێکی خۆشەویســت نــین، بــەڵام وێــڕای ئــەوەش بــە زۆرەملــێ رێگــای خۆیــان بــۆ ئــەوێ کــردەوە. کەواتــە بــۆ دەرپەڕاندیشــیان دەبــێ زۆر بــەکاربرێت. هــیچ کــەس نایــەوێ زیــان بــە کــەس بگەیــەنێ، بــەڵام ئــەو ئەگــەرە لــە ئارادایــە کــە تــۆ بــەو شــێوەیە، بــەکارهێنانی زۆر بتــوانی پــەیامی خۆتیــان پــێ بگەیــەنی. ئەوانــە هــی ئــەو گەرەکــە نــین، ئــەوان هــەر هێنــدە هــی ئــەو گەڕەکــەن کە تۆ هی کۆشکی باکینگهامی."

" زۆر باشە، رەنگە وابێت."

ئــەو کەســانە بــۆ دراوســێیەکی کەســانی وەکــو بنەماڵــەی ئــۆردوی، بــاوکی روخــانی، بنەماڵــەی ئەندرســۆن و بنەماڵــە هاوشــێوەکانیان لەبارنــەبوون و هــەروەکو کــە بــاوك دەڵــێ، ئەگــەر ئــەو دۆخــە درێــژە بکێشــێ رەشــەکان بــە وزویــی تــەواوی خانووەکــانی دەوروبــەریش داگیردەکــەن. هــەموو شــتێك دەگــۆڕاو تــام نەیدەویســت بــارودۆخی هەنووکــەیی گــۆڕانی بەســەردا بێــت. بارودۆخەکــە وەك خۆی زۆر باش بوو. بیری کردەوە:

" ئــەو گرێکــەش مرۆڤێکــی ئازایــە. هاوتەمــەنی منــەو لــە نێــو چــەمەنی ماڵەکەیــدا کۆبوونەوەیــەك بــۆ پشــتیوانی لــە جۆنســۆن رێــك دەخــات. بــە

دڵنیاییــــەوە دایــــك و باوكیشـــی پشـــتیوانی لێدەكــــەن. ئـــەوان وەكـــو دایـــك و بـــاوكی من نین."

پاشان تام بە واقی وڕماوەوە بە دەنگی بەرز گوتی:

" پێتوایە كە ئێستا لەوێ چ شتێك لە گۆڕێیە؟"

ڕۆبـــی وەڵامـــی دایـــەوە:" ئەگـــەر لانگرەكـــان ببیـــنن، قۆڵبەشـــیان دەكـــەن، ئـــەو هاوڕێیـــەی تـــۆش، مەبەســـتم گرێگـــە، ئەگـــەری ئـــەوە هەیـــە كـــە وەكـــو شـــایەد حـــاڵ بـــانگ بكرێـــت. هـــەر ئەوەنـــدە و بـــەس، بـــەڵام ئـــەو ڕووداوە ڕێـــك لـــەو شـــەقامە ڕوویـــــداوە كـــــە لەبەرامبەریـــــدا بەرنامەیـــــەكی پڕۆپاگەنـــــدە بـــــۆ جۆنســـــۆن بەڕێوەچووە، نەفرەت لەو شانسە."

دادلی شـــەركۆنەی ڕۆبـــی كـــرد و پێـــی گـــوت:" پـــەرۆش جـــیم مەبـــە، ئـــەو دەتوانێ پارێزگاری لە خۆی بكات."

" ئـــێ، ئیـــدی ئـــەوە گەیشـــتین تـــام، ئـــاوا ئـــیتر ناچـــار نـــی بـــە پێیـــان هێنـــدە ڕێگا ببڕی."

ئـــەو (ڕووداوەی فیروبـــۆ) كـــە دواتـــر بـــەمجۆرە نـــاوزەدكرا، تـــا ماوەیـــەك لـــەو شـــارەو شـــارەكانی دەوروبـــەر بـــووە ویـــردی ســـەرزمانی هـــەموو كـــەس. بـــەیانی ئـــەو ڕۆژە تـــام زوو لـــە خـــەو هەســـتا بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو ڕۆژنامەیـــە هەڵگرێتـــەوە كـــە لەســـەر چـــەمەنەكەی پـــێش دەرگـــا كـــەوتبوو. ئـــەو كـــە لـــە ســـەردێری وتارێـــك ســـــەبارەت بـــــە ڕووداوەكـــــەی دوێنـــــی شـــــەو زۆر نارەحـــــەت ببـــــوو، لەســـــەر قادرمەكانی هەیوانێ دانیشت و دەستی كرد بە خوێندنەوە.

وەختێـــك كـــە پـــۆلیس گەیشـــتبووە شـــوێنی ڕووداوەكـــە، بـــەرد هاوێـــژەكان ئـــــەوێیان بـــــە جێهێشـــــتبوو. وێنەیـــــەك لـــــە ڕووداوەكـــــە، پەنجـــــەرەی شـــــكاو و خێزانێكـــی نیشـــان دەدا كـــە بەرامبـــەر دەرگـــای پێشـــەوە لـــە تەنیشـــت یـــەكتری ڕاوەســـتابوون و قســـەیان لەگـــەڵ پۆلیســـدا دەكـــرد، بـــەڵام مەســـەلەكە لێـــرە كۆتـــایی پـــێ نـــەدەهات، كـــەمێك دوای ئـــەوەی كـــە پـــۆلیس شـــوێنەكەی بـــە جیهێشـــتبوو ن هێرشـــێكی دیكـــە كرابـــووە ســـەر ماڵەكـــەو ئـــەمجارەیان بـــە چـــەك تەقـــەیان لێكردبـــوون كـــە بـــە نێـــو پەنجـــەرە شـــكاوەكاندا تێپـــەڕیبوو و بـــەر پیـــانۆ گەورەكـــەی

منـــدالّی ماڵەکـــە کـــەوتبووە کاتێـــك کـــە لـــۆرا بـــاد هاتنـــە هـــەیوانێ، تـــام ڕۆژنامەکەی نیشان دان. باد گوتی:

" ئێمـــە لـــە قـــاتی ســـەرێ لـــە ڕێگـــای رادیـــۆوە گوێبیســـتی ڕووداوەکـــە بـــووین. پێدەچـــێ بـــارودۆخێکی وروژێنـــەر بووبێـــت، تـــام بـــیری کـــردەوە کـــە بەڕاســـتی ئـــەوان کۆمەڵـــە مرۆڤێکـــی شـــێت بـــوون، کـــە کـــارێکی لـــەو شـــێوەیان کـــرد، لەبەرئـــەوەی نـــارەزایی دەربـــڕین شـــتێکەو فیشـــەك شـــتێکی دیکەیـــە. ئـــەو پرسی:" تۆ چۆنی بۆ دەچی بابە؟ کوکلۆس کلانەکان بوون؟"

بـــاد شـــانی هەڵتەکانـــدن و گـــوتی:" خـــوا دەزانـــێ، ڕەنگـــە هێنـــدێك لـــە دراوسێکان بووبن، نا؟" پاشان پێکەنی و درێژەی دا:

" پێموایـــە ئەگـــەری کەمـــە کـــە بنەماڵـــەی ئـــۆردوی بـــە خـــۆو بـــە تفەنگێکـــەوە لەســـەر شـــانە ناســـك و لەرزۆگەکـــەیان لـــە کـــاتی شـــەودا بـــە ئـــارامی خزیینـــە دەرێ و ئەو ماڵەیان کردبێتە ئامانج."

" ئەوە تۆ پێدەکەنی؟"

تـــام کـــە هێشـــتا هـــەر لەســـەر قادرمـــەکانی هـــەیوانێ دانیشـــتبوو، بـــە بیســـتنی شـــێوازی قســـەکردنی بـــاوکی ســـەری بـــەرز کـــردەوە و ســـەیری کـــرد، کـــە دایکـــی فرمێسك خزبوونەتە نێو چاوەکانی.

دایکـــی گـــوتی:گ ئـــەو ئاژەڵانـــە، نـــا، ئەمـــە دروســـت نییـــە، ئـــاژەڵیش کـــاری لـــەو جـــۆرە ناکـــات." پاشـــان چـــاوی ســـڕینەوە و گـــوتی:" مـــن هیچـــکات لـــە وەهـــا شتێك تێناگەم. تا زیندووم لەم مەسەلەیە تێناگەم."

تیمـــی کـــە لـــەو ســـاتەدا هـــاتبووە هـــەیوانی پرســـی:" دایـــە، تـــۆ لـــە چ شـــتێك تێناگەی؟"

" لەمـــە ئـــەو شـــتەی کـــە لـــە ڕۆژنامـــەدا نوســـیویانە. باوەڕنـــاکرێ، ئەگـــەر دەســـتم بگاتـــە ئـــەو خوێڕیانـــە، خـــوا دەزانـــێ چـــییان لێدەکـــەم. ئـــەوان گـــلاّوی ســـەر زەوین و شایانی مەرگن."

بـــاد گـــوتی:" ســـزای مـــەرگ؟ ئەمـــەیان ئیـــدی زۆر بـــەهێزە! خـــۆ ئـــەوان کەسیان نەکوشتووە."

لـــۆرا بـــە شـــێوازێکی تونـــدەوە گـــوتی:" مـــن ســـەبارەت بـــە خـــوو ڕەوشـــت قســـەدەکەم، نـــەك یاســـا. خـــۆ مـــن پـــارێزەر نـــیم." ئەوســـا قیژانـــدی:" ئۆهـــو، تـــۆ تێناگـــەی، ئەمـــە تـــەنیا ســـتەم نییـــە لـــە خێزانێـــك، لـــەوە زیـــاترە، ئەمـــە کەشـــوهەوایەکی ژەهراوییـــە، وەکـــو پەڵـــە هەورێکـــە قۆڵوکـــانی کردنـــەوەو درێـــژەی دا:

" هەورێك کە بڵاودەبێت و بڵاودەبێت. ئایا تێناگەی؟"

بـــاد وەڵامـــی دایـــەوە:" بـــا، تێدەگـــەم، مـــن نـــاڵێم کـــە کـــارێکی دروســـتە مـــرۆڤ ماڵێـــك بداتـــە بـــەر دەســـتڕێژی گوللـــە، بـــەڵام ئەوانـــەی دارســـێو رادەوەشـــێنن نابـــێ ســـەریان لـــەوە ســـوڕبمێنێ کـــە بۆچـــی ســـێوەکانیان بەســـەر ســـەریدا بەردەبنـــەوە. بەهـــەرحاڵ مـــن لـــە بیســـتنی هـــەواڵی لـــەم جـــۆرە ســـەبارەت بـــە ڕەشپێســـتەکان حـــاڵم دەشـــێوێ، هـــەر لـــە خـــودی ئـــەوان حـــاڵم دەشـــێوێ، لـــە تـــاك بـــە تاکیـــان. ئـــەوان بنێـــرە بـــۆ نێـــو بۆشـــایی ئاسمانـــەوە یـــان ســـواری کەشـــتییان بکـــەو لـــە زەریـــانی ئەتلەسیدا بەرەڵایان بکە. من بە هیچ جۆرێك پەرۆشیمان بم."

ڕووخســـاری تیمـــی حاڵـــەتی نیگـــەران و سەرســـوڕمانی هـــەبوو. ئـــەو لـــە باوکییـــەوە ســـەیری دایکـــی دەکـــرد و ئەوســـا تـــام. کەشـــوهەوایەکی قـــورس بـــاڵی بەســـەریاندا کێشـــابوو. تـــام لای خـــۆی بـــیری کـــردەوە، دەڵێـــی هـــەر بـــە کـــردەوە زریانێـــك خەریکـــە هەڵـــدەکات، وەکـــو ئـــەو کاتـــەی کـــە بـــا بـــە ئـــارامی درەختـــەکان دەلاژێنێتـــەوەو گـــەڵاکانیان گرمۆڵـــە دەکـــات. ئـــەو بـــە ســـەیرکردنێکی دایکـــی هەســـتی بـــە زریانەکـــە کـــرد و پاشـــان بـــە هـــەمان ئـــەو خێراییـــەی کـــە زریـــان هـــەوڵی کردبـــوو دامرکـــا. ماســـولکەکانی کولمـــەکانی لـــۆرا ڕەق ببـــوون. ئـــەو بـــە ئارامییەکی ناڕاستەوە دەستی بە قسەکرد:

" مـــن هێلکـــەکانم بـــۆ هێلکـــە و ڕۆن تێکـــەڵ کـــردوون. ئـــەمرۆ کێکـــی تەمێشـــکمان هەیـــە. کەواتـــە هەســـتن وەرنـــە ســـەر ســـفرە. وتووێـــژەکانی بنەماڵـــەی رایس لە هەیوانێ ناتوانێ گرفتەکانی دنیا چارەسەر بکات."

لـــە کاتێکـــدا کـــە بـــاد و تـــام بـــە ئۆتۆمبێـــل بـــەرەو کارگـــە دەڕۆیشـــتن، بـــاد گـــوتی:" دایکـــت زۆر زوو تـــووڕە دەبێـــت. لەگـــەڵ هـــەر بابەتێکـــدا بـــە هەستیارییەوە مامەڵە دەکات. خۆشم لەم کارەی نابێت."

"بتــی لی پێــی گــوتم کــه دایکــم کێــك و هەنــدێك خــواردنی بــۆ ئــەو رەش پێستانەی فیروبۆ بردووە.."

" چی؟ ئەو کارێکی وەهای کردووە؟ خوایە گیان، بەختی نەگوتبوو."

"پێموایە دەیزانی کە تۆ گاڵتەی پێدەکەی."

"دیــارە کــە گاڵتــەم پێــدەکرد. بــیری لێبکــەوە ئەگــەر بنەماڵــەی ئــۆردوی دیتبێتیان؟ ئەوان هەموو لە دەستی ئەو کەسانە بێزار بوون.

خــاتوو رایــس، هاوســەری مــن، بــۆ بــەخێرهێنانیان ســەبەتەیەك خواردنیــان بــۆ دەبــات. بــەو جــۆرەی کــە مــن ئــەو بنەماڵەیــە چــاك دەناســم، ئــەوان بــە دڵنیایییــەوە لۆرایــان دیتــووە. رێــك وەك ئــەوە وایــە کــە کاتێــك حەزناکــەی بیندرێی، بەڵام هەموو کەسێك چاوی پێت دەکەوێ."

ئــەو قســەیە تــامی خســتە بیرکردنــەوەوە، بــە هــەرحاڵ ئــەو توانیبــووی دیمــەنی خــاتوو فاســتەر لــەو شــەقامەدان بــە شــێوەیەکی کــاتی، لــەزەینی خۆیــدا رەش بکاتــەوە. ئــەو بــە یــادی ئــەو ئافرەتــەوە خــەوی لێکــەوتبوو و بــە خەبــەر هــاتبوو، ئێســتاش بــە بیســتنی ئــەم قســانەی بــاوکی رووخســاری چــرژاو سەرســوڕمانی ئافرەتەکــە ســەر لــە نــوێ هاتــەوە پــێش چــاوانی، ئەوســا یەکســەر دیمەنەکــەی لــەزەینی خۆیــدا رەش کــردەوە. ســەرەڕای ئــەو هــەموو بیروبــاوەڕە جۆراوجۆرانــە کەســەبارەت رووداوەکــەی فیروبــۆ هــەبوو، دەکــرا لــە مەســەلەیەکی وەهــا بــێ بایەخیش چاوپۆشی بکرێت.

" کەواتە بڕیار وابوو کە ئەو دیدارە بە نهێنی بمێنییەوە!"

" نــازانم. بتــی لی وەهــا شــتێکی نــەگوت. ئــەو گــوتی کــە دایکــم وەکــو فریشتەوایە."

" مــن ئەمــەم قبووڵــە، کــە ئــەو فریشــتەیە، بــەڵام بــە هــەرحاڵ زۆر واقیعــبین نییــە. باشــتر وایــە دایکــت خــۆی لــەو رەش پێســتانە دووربخاتــەوە. ئەگــەر کێشــەکانیش لەمــە زیــاتر بــین، رەنگــە وا باشــتر بێــت، کــە دڵــی ئــەویش برینــدار ببێت."

ئـــەوان بـــە هـــەورازی شـــەقامەکەدا بـــەرەو کارگـــە ســـەرکەوتن و بـــەژێر تـــابلۆی گـــــەورەی ســـــەردەرگای چـــــوونە ژوورەوەدا تێپـــــەڕین کـــــە لەســـــەری نووســـــرابوو "پایگ و رایس".

بـــاد گـــوتی:" بـــەڵێ، مـــن بـــاش ئـــەو رۆژەم لـــەبیرە کـــە ئـــەم تابلۆیـــە هەڵواسرا."

ئـــــەو زۆر شـــــانازی بـــــەو تابلۆیـــــە دەکـــــرد، تـــــام بـــــە حاڵـــــەتێکی زۆر هەســـتەوەریانەوە بـــیری کـــردەوە:" رەنگـــە هـــەزار جـــار زیـــاتر ئـــەو قســـەیەم لێ بیستبێت."

بـــاد گـــوتی:" هـــەر کاتێـــك بـــادێکی گـــەورەمان لـــە یونایتێـــد وایـــەرەوە بـــۆ هـــات، لـــە بـــیرت بـــێ بـــارە مســـەکە لـــە ئـــەوانی دیکـــە جیابکەیـــەوە و بیخەیـــە نێـــو عـــــەمباری ژمـــــارە دووەوە. دوو دانـــــەی دیکـــــەشمان هەیـــــە و رەنگـــــە ئـــــەمڕۆ یـــــان بـــەیانی نوێنـــەری کۆمپانیـــای ئاســـتین کانســـتدا کێشـــین بگاتـــە جـــێ و بڕیـــار بـــدات داخۆ بە چەندێکیان دەیانەوێ."

تام گوتی:" زۆر باشە، تێگەیشتم."

ئـــەو لـــە کـــارکردن لـــەوێ چـــێژی وەردەگـــرت و بـــە دڵنیاییـــەوە ئاگـــاداری ئـــەو شـــتانە بـــوو، کـــە ئـــەوێیان بـــۆ دڵگـــیر دەکـــرد. راســـتییەکەی ئـــەوە بـــوو، کـــە ئـــەو جیـــاوکێکی (امتیـــاز) هـــەبوو، کـــە هیچـــکات کـــەڵکی خراپـــی لێوەرنـــەدەگرت، ئـــەوەی کـــە هـــەر کاتێـــك حـــەزی لێبوایـــە دەیتـــوانی مۆڵـــەت وەربگـــرێ. لـــە راســـتیدا زۆربـــەی ئـــەو کاتانـــەی کـــە گـــەرمای نیـــوەڕۆ دەگەیشـــتە ئـــەو پـــەڕی خـــۆی ئـــەو لـــە پێشـــانگای فێنکـــدا بەســـەری دەبـــرد. راســـتییەکی دیکـــە کـــە جیاوکـــەکان لـــەوەوە ســـەر چـــاوەیان دەگـــرت ئـــەوەبوو، کـــە ئـــەو کـــوڕی خـــاوەن کارگەکـــە بـــوو. تـــام بـــە زۆری کـــە لـــەو بەتاڵاییـــە چـــەند دۆمنیـــەدا پیاســـەی دەکـــرد، ســـەرتاپای دەبـــووە لـــە خۆبـــایی بـــوون و شـــانازە. بـــە هـــاتنی کـــاتی گونجـــاو، ئـــەو دەبـــووە خاوەنی وەچە چوارەکی ئەو کارگەیە، بەڵام ئەمە زۆر جیاواز بوو.

پوورەکـــانی دایکـــی یەکـــەمین کـــەس بـــوون، کـــە دەیـــانگوت ئـــەوە یـــاد رایـــس بـــووە، کـــە بۆتـــە هـــۆی ئـــەوەی کـــە ئـــەو بازرگانییـــەی بـــاپیرە گـــەورەی تـــام دایمەزرانـــدووە، بـــە جـــۆرێکی وای لێبێـــت، کـــە ئێســـتا هەیـــە. ئـــەم هـــەموو هـــارە

هارەی لۆرییە بارهەڵگرەکان، ئەم هەموو عەمبارانە، پەناگەی پڕ لە کەرەستە، پاچ و بێڵ و کەرەستەی بیناسازی و کیە چیمەنتۆکان، گەراجی پڕ لە ئۆتۆمبێل، قەرەباڵغی ئەو کڕیارانەی کە بە درێژایی رۆژ لە هاتوچۆدا بوون، مار هەموویان لەبەرئەوەن و بادبوون هۆی هەموو ئەمانەو کوڕەکەشی شانازی پێوە دەکرد.

کرێکارەکان بەرامبەر بە تام شێوازێکی هاوڕێیانەیان هەبوو. سەرەڕای ئەوەی ئەگەری ئەوە هەبوو ئەوان لە هەبوونی تام لەوێدا هەست بە نارەحەتی بکەن، بە دڵنیاییشەوە ئەو هەستەی خۆیان بە ئاشکرایی دەرنەدەبڕی، بەڵام ئەو ئاواتە خواز بوو، کە ئەوان راستگۆیانە خۆشیان بوێ. لە هەمووی گرنگتر، تام قەت خۆی لێنەدەگۆڕاو هەراڵ نەدەبوو و خۆی بە قسەو گاڵتەکانیانەوە پەیوەست دەکرد، ساندویچەکەی لە نووسینگەو لەگەڵ باوکیدا نەدەخوارد، بەڵکو لە سێبەرێك یان عەمبارێك لەگەڵ کرێکارەکاندا دەیخوارد. ئەو رۆژە لە کاتێکدا ئەوان لەبەر سێبەر دانیشتبوون، دەربارەی رووداوەکەی شەقامی فیروبۆ قسە و باس و خواسیان دەکرد. ئەمجارەیان تام بە وەبیرهێنانەوەی هۆشداری باوکی لە خۆدوورگرتن لە باس و خواسە سیاسییەکان، لەو قسانە دوورمایەوە، چونکە بەو هۆیەوە کرێکارەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش ببوون. پاشان یەکێکیان رادیۆیە ترانیستەرییەکەی خۆی هەڵکرد و هەموویان گوێیان بۆ هەواڵەکانی کاتژمێر دوازدە راگرت. بێژەرەکە گوتی:

" لە کاتژمێر چواری بەرە بەیانی ئەمڕۆدا پۆلیس ئۆتۆمبێلێکی راگرت، کە بە خێرایی لە ناوچەی باکووری رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات دەڕۆیی. لە سندووقی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەدا، نیشانەی ئەندامبوونی و هێمای کوکلۆس کلانەکان، کڵاوخود، هەروەها دەمامك و جلی درێژ دۆزرانەوە، بەڵام بەڵگەیەك لەسەر چەکی سارد و گەرم یاخود کەلوپەلی نایاسایی بەدەست نەکەوت. شوفێری ئۆتۆمبێلەکە بەهۆی خێرایی سنووربەزێن لە ناوچەیەکی شاردا تەنیا سزای دراوی درا."

بێـــژەری رادیـــۆ درێـــژەی دا:" رالّـــف مـــەکێنزی کـــە بـــۆ گەیشـــتن بـــە ئەنجوومـــەنی پـــیران چـــالاکی دەکـــات، ئیدانـــەی ئـــەو پـــەلاماره دڕندانـــە بـــەی کـــرد، کـــە شـــەوی رابـــردوو کرابـــووه ســـەر بنەماڵـــەی ئیجـــوود و دڵگرانـــی و خـــەمی خـــۆی راگەیاند و بە کارێکی دڕندانە و دوور لە شارستانییەتی لە قەڵەمدا.

ئـــەو سەرســـوڕمانی خـــۆی لـــەوە دەربـــڕی، کـــە ئـــەو پەلاماردانـــە دڕندانەیـــە هاوکـــات بـــووە لەگـــەڵ وتـــار خوێندنەوەیـــەکی پروپاگەنـــدەیی بـــۆ پشـــتیوانیکردنی رکابەرەکـــەی کـــەرێك لەوبـــەری شـــەقامەکە بـــەرپاکراوە بـــەیانی ئـــەمڕۆ لـــە چـــاوپێکەوتنێکدا لەگـــەڵ جـــیم جۆنســـۆن، نـــاوبراو رایگەیانـــد، کـــە بانگەشـــەی میســـــتەر مـــــەکێنزی و پـــــلار لێدانەکـــــەی ســـــەبارەت بـــــە پەیوەســـــتبوونی بەرنامـــەکانی هەڵبـــژاردنی سیاســـی و یاســـایی بـــەو کـــارەی کـــە خـــۆی بـــە کـــارێکی تاوانبارانـــەی لـــە قەڵـــەم دەدات، ئیدانـــە دەکـــات. ئـــەو گـــوتی:" نـــەمن و نـــە هـــیچ کـــام لـــە لایـــەنگرانم، کـــرداری لـــەو جـــۆرە هـــان نـــادەین، کـــە خـــودی میســـتەر مـــەکێزی بـــە کـــارێکی نامرۆیانـــەی ژمـــاردووە. ئێمـــە بـــە تـــەواوی و بـــە راســـتی مرۆڤین."

کرێکارێك گوتی:" بژی جیم، باش دەمکوتت کردن!"

یـــەکێکی دیکـــە گـــوتی:" ئەگـــەر رای منـــت دەوێ، ئـــەو تـــەنیا درۆی بـــە روودادان."

" هیچم لە تۆ نەپرسیوە."

" ئێ، هەر چۆنێك بێ من رای خۆمم پێ گوتی."

پیاوی یەکەم خواردنەکەی داناو دەستی کردە مشتەکۆڵە. تام گوتی:

" هێی، ئەم مەسەلەیە بایەخی ئەوەی نییە شەڕی لەسەر بکەن."

ئـــەم وشـــانە بـــە بـــێ ئاگـــایی لـــە دەمـــی وی دەرچـــوو بـــوون، لەبەرئـــەوەی توندوتیـــژی تـــامی نارەحـــەت دەکـــرد و ئـــەوەش بـــە ئاشـــکرایی لـــە دەموچـــاوی ئـــەو دوو پیـــاوەدا دەخوێندرایـــەوە. پیـــاوێکی بـــە تەمـــەنتر گـــوتی:" تـــام راســـت دەکـــات. ئێمـــە هـــەر جۆرێـــك حـــەزمان لێبێـــت ئـــاوا دەنـــگ دەدەیـــن. شـــەڕ و لێکدان دەنگی کەسێك بە قازانجی ئەوی دیکە ناگۆڕێ."

پیــاوی دووەم بــە پەلــە هەســتاو دوورکەوتــەوە ئــەو لەبــەر خۆیــەوە شــتێکی دەگــوت کــە ئــاوا دەبیســترا:" هێــی، ئێســتا بــۆ مــن لایــەنگری کــوڕی ســەرۆك دەکەی."

تــام وا بــیری کــردەوە کــە ئــەو بــە ئاشــکرا لایــەنگری مەکێنزییــە وشــەکانی دایکی لە گوێیدا دەزرینگایەوە کە دەیگوت:

(ئــەم هەڵبژاردنــە تۆقێنــەر و ئــاژاوە خــولقێن دەبێــت). بەڕاســتی ئــاژاوە، بــەڵام نــەك زۆر زۆر هەســتیار. خــاوەن رادیۆکــە رادیۆکــەی کوژانــدەوە و گفتوگۆمــان بــە شــێوازی خــۆش بــەرەو یــاری بیســباڵ کشــان. پاشــان چــەند خولــەکێك دوای ئــەوە، بــاد بــە شــێوەیەکی چــاوەڕواننەکراو بــەم هەواڵــەوە گەیشتەجێ:

" لــە پــاش نــان خــواردن بــۆ چــەند خولــەکێك کــار رادەگــرین. رێــورەسمێکی بچــکۆڵەمان هەیــە و مــن ئێســتا رای دەگەیــەنم کــە دەمــەوێ هــەمووتان بەشداری تێدا بکەن."

لەبەرامبــەر بینــای ســەرکیدا، تــابلۆی (پــایگ و رایــس) یــان داگرتبــوو و لــە هــەردووك بــەری دەرگــای هاتنــە ژوورەوەدا پەیــژەیان دانــابوو، تابلۆیــەکی نــوێ لەســەر چــەمەنەکە دانرابــوو بــۆ هەڵواســین. نوشــتایەوە هــەروەکو چــۆن بــەراوژ و دانرابــوو بیخوێنیتــەوە! لەســەر تابلۆکــە وەهــا نووســرابوو! (رایــس و کــوڕ) ئەمــە بــووە هــۆی ئــەوەی کــە ســوڕێکی گــەرمی خــوێن، کــە دەرەنجــامی شــەرم و تــەریق بوونــەوە بــوو، لــە پشــتی را بــەرەو رەگــی قــژەکانی بــە جووڵــە بکــەوێ. تــام بــەبێ پێشــەکی گــوتی:" چــی؟ بــۆ ئەمــە زۆر زووە. بــاد بــە نیشــانەی خۆشەویســتی دەستێکی لە شانی داو گوتی:

" بۆچی نا؟ تۆ کوڕی منی، وانییە؟"

ئــەو دوو پیــاوە و کرێکارەکــان پێکــەنین، تــامیش لــە کاتێکــدا کــە ئــەوانی دیکــە خــەریکی هەڵواســینی تابلۆکــە بــوون، بەشــەرمێکی لــە رادەبــەدەر ئاشکراوە لەبەرامبەریان راوەستابوو.

پیتــە زێڕینــەکانی تــابلۆ لــە بەرامبــەر تیشــکی خــۆردا دەدرەوشــانەوە. یــەکێك لــە کرێکارەکــان هــاواری کــرد:" هــۆڕا " و چــەند کەســێکیش دەســتیان

کرد به چەپڵەلێدان. ئەو سێ ئافرەتەش، کە لە نووسینگە دەستیان کرد بە چەپڵەیان لێداو بە دەنگی بەرز گوتیان:" تام، ئەوسا وتار بخوێنەوە، وتار."
کاتێکیش کە تام بۆ رەتکردنەوە سەری لەقاند، خاتوونێکی بەساڵاچوو، کە لەو سەردەمەوە کە دایکی تام منداڵێکی کەم تەمەن بوو لەو کارگەیەدا کاری دەکرد، هانی داو گوتی:
" وەرە تام، من بەر لەوەش لە دایك ببی دەتناسم."
تام گوتی:" بەڵام من شایانی ئەو هەموو لوتف و سۆزەی ئێوە نیم. بەهەرحاڵ پێم وایە کە زۆر زوو بوو. بەڕاستی نازانم ئێستا چی بڵێم."
باد لە بن لێوانەوە بەبۆڵەبۆڵ گوتی:" بەڵێ کە تۆ شایانی ئەوەی. تر لێرە کاردەکەی. وانییە؟ تۆ هەموو رۆژێك بە دڵسۆزی بۆ ئێمە کار دەکەی و ئەگەر وا نەبوایە، باد رایس ناوی تۆی نەدەخستە سەر ئەو تابلۆیە. بەڕاستی دەتوانی متمانە بە قسەکانی من بکەی. وانییە کوڕەکان؟"
کرێکارەکان دووبارە پێکەنینەوەو سەریان بۆ لەقاند:
" نا، باد رایس ئەو کارەی نەدەکرد. دەتوانی لە سەداسەد دڵنیایی."
باد قۆڵەکانی لە ملی تامدا ئاڵقەکردن و گوتی:" کوڕینە، ئەمە کوڕی منە، چ کوڕی من بی، چ کەسێکی دیکە ئەو گەنجێکی زۆر شایستە و باشە، ئەگەر وا نەبوایە پاداشتم نەدەدایەوە. تەنیا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە.... نفرینم لێبێت، دیارە زۆر هەستیار بووم. دەزانم زۆربەتان خاوەن کوڕن و هەستی من دەرك دەکەن. من تەنیا دەمەوێ بڵێم کە ئەگەر شتێکم لێ بەسەربێ، تام بەڕێوەبردنی کاروباری ئێرە دەگرێتە ئەستۆ. ئەو بەرامبەر بە ئێوە بە هەمان ئەندازە بە وێژدان و رووخۆشە، کە من هەوڵم داوەو هیوادارم وا بووبم. بەهەر حاڵ هەردەم هەوڵم داوە."
شەپۆڵێك لە خۆشەویستی لە دەروونی تامدا سوڕایەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی:" لەوانەیە ئەو وتاردانە کەمێك هەستیارانە بووبێت، رەنگە بووبێتە هۆی شەرمەزاری. بەڵام راست بوو. باوکی من.. ئەگەر شتێکی بەسەر بێت من نازانم دەبێ چی بکەم."

لــەو دەمەشــدا ئــەو هــە گرنگــی نــەدەدا بــەوەی کــە ئــەوانی دیکــە چــۆن بیردەکەنــەوە. تــامیش قــۆڵی خــۆی بــە دەوری بــاددا ئالْقــە کــرد و لــە باوەشــێی گــرت. بــاد گــوتی:" زۆر باشــە، ئێــرە زۆر گەرمــە و نــاکرێ ئێــوە زۆر لەبــەر ئــەم خــۆرە گەرمــەدا راگــرم. لــە نووســینگە خواردنــەوەی ســاردی لێیــە، بــۆ ئــەوەی بەرلــەوەی بگەڕێنــەوە ســەر کارەکانتــان گــەش ببنــەوە. ئەمــە ئاهــەنگی ئێمــە بوو."

لــە دوای ئــەوەی کــە تــام و بــاد ماڵێیــان بــە جێهێشــت، لــۆرا لــە مــاڵێ تــەنیا مایــەوە، چــونکە ئــەو رۆژەی تیمــی بــۆ مــاڵی هاوڕێیــەکی بانگهێشــت کرابــوو، یــاخود لــۆرا وای دەزانــی بــە تەنیایــە، لەبــەر ئــەوەی کاتێــك رۆژنامەکــەی هــەڵگرت و بــەرەو هــەیوان رۆیشــت، بتــی لی بــە دوای کــەوت. لــۆرا گــوتی:" من ئاگام لێنە بوو کەلی هاتووی."

" دەزانم کــە هــەمووتان ســەر قــاڵی قســەکردن بــوون و کاتێــك بــۆ خــواردنی نانی بەیانی چوونە سەر سفرە، من لە قاتی سەرێ خۆم شاردەوە."

ئــاوازە دەنگێــك کــە ئاوێتــە بــوو بــە وشــەی (شــاردنەوە)، ئەوەنــدە ســەیر بــوو، کــە لــۆرا رۆژنامەکــەی دانایــە ســەر زووی و لــە بتــی لی رامــا. دەموچــاوی تاریکی ئەو ژنە بە تەمەنە ببووە خۆڵەمێشی. بێگومان گریابوو.

لــۆرا گــوتی:" کێشــە چــییە؟ چــی روویــداوە؟" لەوانــەبوو کارەســاتێك یــاخود مردنێکــی دیکــە لــە بنەماڵــەی گــەورەی ئــەو ژنــە بــە ساڵاچــووە رووی دابــوو:" دانیشە و پێم بڵێ."

" نــاتوانم خــاتوو لــۆرا، دڵــم برینــدار دەبێــت." ئەوســا پــاش دەربڕینــی ئــەو قسەیەی بتی لی دەستی بە دەمووچاوی خۆیەوە گرت.

لــۆرا بــە نــەرم و نیــانی گــوتی:" هــەر شــتێك کــە دڵــی مــرۆڤ برینــدار بکــات، تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ هەڵی نەڕێژێ بە ئازارە."

دەســتەکانی بتــی لی لەســەر دەموچــاوی وەلا کــەوتن و چــاوەکانی بــە گریــان و پەژارەو کەسەرەوە لە لۆرا راما:" گوێم لێبوو، گوێم لێبوو چی گوت."

(نــەك ئــەو شــتانەی دەربــارەی هەڵــدانی رەشپێســتەکان بــەرەو بۆشــایی ئاسمان یاخود فڕێدانیان بۆ نێو زەریای ئەتڵەسی. نا، نا ئەو شتانە نا)

" مەبەستت ئەوەیە کە..."

"کاتێـك، کـە ئـەو گـوتی حـالّم لـە هـەموویان دەشـێویَ، مەبەسـتی مـن بـوو. قـەت پـێم وانـەبوو، هیچـکات بـاوەڕم نـەدەکرد، کـە کەسـێك لـەم حالّـەدا هەسـتێکی وەهـای بەرامبـەر مـن هـەبێت. ئێـوە خێزانـی مـنن، ئێـوە خێزانـی مـن بـوون، بـەلاّم ئێسـتا ئیترنـا..بتی لی دەسـتی هـەلّبڕین و درێـژەی دا:" ئیـدی چۆن من دەتوانم لێرە بمێنێمەوە، خاتوو لۆرا؟ من ناتوانم، ئیدی ناتوانم..

بـێ هەسـت بـوون و تـووش بـوون بـە لاوازی، ئـەو کاتەیـە کـە توانـای سـوود وەرگـرتن نـەبێت لـە زمـان وشـەکان، وشـەگەلێك کـە بتـوانێ خـەم و کەسـەری ئـەو ئافرەتـە بڕەوێنێتـەوە. دنیـای وی، ئـەو دنیـا بچـووك و دەرەوشـاوەیە لـە خێزانێـك پێـك دەهـات، کـە ئـەو تێیـدا وەرگیرابـوو، خێزانێـك بـەو هـەموو لـە دایـك بـوون و مردنانـەوە، ئاهەنگـەکان، تێپـەڕبوونی ڕۆژەکـان و سـالّەکان، هـەموو ئەمانـە لـە گیـانی بتـی لی دا بارگـەیان پێچـابۆوە. بـاد لـە مـاوەی چـەند چرکەیەکدا توانیبووی ئەو کارە بکات و لۆراش توانای قسەکردنی نەبوو.

پاشـان بتـی لی لـە جێـی خـۆی هەسـتاو دەسـتی خسـتە سـەر سـەری شـۆڕی لۆراو گوتی:

" تـۆ پێـت وایـە کـە مـن نـازانم کـە هـیچ کارێکـت لـە دەسـت نایـە؟ ئـاخ مـن زۆر پەڕۆشـی تۆمـە. تـۆ کیـژە بچـکۆلانەکەی مـن بـووی کاتێـك دایکـت مـرد. مـن تـۆم لـە ئـامێزدابوو. مـن ئـەو قـژە زێڕینانـەتم لـە پەنجـەکانی خـۆم دەئالاّنـد و لولم دەدان.

مـن تـامی تـۆم فێـری ڕۆیشـتن کـرد، چـاودێریم دەکـرد و دەمبینـی کـە چـۆن گەشـە دەکـات. بـەلّێ، مـن یـەك دوو لاپـەڕەم لـەو کتێبانـە خوێندۆتـەوە، کـە ئـەو لـە ژوورەکەیـدا هەیـەتی بـەلاّم قـەت ئەمـەم بـە تـۆ نـەگوتبوو. ئـەو هێشـتا گەنجـە. منداڵـەکان کـاتی بـالّق بـوون کـەمێك شـێت دەبـن، بیروبـاوەڕی گەمژانـە پەیدادەکـەن، وەکـو منداڵـەکانی ئێمـە و گروپـی (دەسـەلاّتی ڕەش) کـە ڕقیـان لـە هـەموو سـپی پێسـتەکانە. پاشـان ئـەوان دەکەونـە نێـو ژیانـەوەو هـەموو شـتێك بـە باشـی فێـردەبن. هیـواداربین کـە ئـاوا بێـت، بـەلاّم کاتێـك پیـاوێکی گەورەی مالێ وەکو ئەو کاکە..

ئەگەر خاتوو سیبل یان خاتوو لیلیان گوێیان لەو قسانە بوایە نازانم چییان دەکرد."

دەستە گەرمەکەی وی ئەوەندە سەری لۆرای لاواندەوە ئەتوانی سەری بەرزبکاتەوەو قسە بکات:" خۆزگە بمتوانیایە بڵێم کە چەندە لەم بابەتە پەشیمانم خۆزگە بمتوانیبایە ئەوەی بیستوومە لە مێشکت پاکی کەمەوە. گوێ بگرە، گوێ بگرە بتی لی، بەڕاستی ئەو مەبەستی تۆ نەبوو. ئەو قسەیەی ئەو کردی زۆر دزیوو ناپەسەندبوو، بەلاّم زۆر لە خەڵك شتێك دەڵێن کە هیچ مەبەستێکیشیان نییە."

"بەلاّم ئەو لە قسەکانیدا مەبەستی هەبوو."

"مەبەستی تۆ نەبوو بە خوا راست دەڵێم. ئەو دەزانێ کە تۆ ژنێکی چەندە باش و بە سۆزی، هەمیشە پێت هەڵدەڵێ."

بتی لی بەلاقژئێوە گوتی:" چ جیاوازی هەیە کە مەبەستی من بێت یاخود نا."

لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی کە بەهەرحاڵ ئەو راست دەکاو خستنەڕووی ئەو بابەتە ئەوپەڕی گەمژەیی من نیشان دەدات.

ئەو بە شێوازێکی پرسیارییەوە لە کاتێکدا کە هیواداربوو وەلاّمێك ببستێت گوتی:

" من نازانم چی بکەم."

بتی لی گوتی:" منیش نازانم دەتوانی چ کارێك بکەی، هەر لەبەرئەوەشە هێندە پەرۆشتم. بەڕاستی تۆقێنەرە کە ژنێك و مێردەکەی."

بتی لی ئیتر درێژەی بە قسەکەی نەدا.

لۆرا گوتی:" بەلاّم ئەو لە زۆر روانگەوە پیاوێکی باشە. دیتت کە.."

قسەکەی خۆی بڕی. ئەوسا بتی لی باسکی خۆی لە ملی لۆرادا ئاڵقەکرد و، بە هەمان شێوازی رابردوو ئارامی کردەوەو گوتی:" مەگری، شتێکی وەکو ئەمە بایەخی گریانی نییە. هەموو شتێك چاك دەبێت، دڵنیابە..

لـــۆرا گـــوتی:" کاتێـــك گـــوتن لـــەو کاتـــەوە کـــە گوێـــت لـــەو قســـەیە بـــووە ئـــیتر ناتوانی لێرە بمینێتەوە خۆ مەبەستێکت نەبوو، وانییە؟"

ماوەیـــەکی بەســـەردا تێپـــەڕی تـــاکو ئـــەو گوێبیســـتی وەڵامێـــك ببێـــت:" بـــا، مـــن ئـــیتر نـــاتوانم لێـــرە ئاســـوودە بم، ئەگـــەر تۆڵـــە جێـــی مـــن بویتایـــە ئاســـوودە دەبووی؟"

ساتێکی دیکەی دژوار تێپەڕی. لۆرا گوتی."نا."

دیســـانەوە ماوەیـــەکی خایانـــد:" مـــن نـــاتوانم ئـــەم خـــانووە بـــە بـــێ تـــۆ وێنـــا بکەم."

ئەو ژنە بە حاڵەتێکی خەماوی زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

" بەهـــەر حـــاڵ مـــن وا خەریکـــە ئیـــدی پـــیر دەبم. ئـــیتر ئـــەوجار دەبـــێ خانەنشین ببم."

" نـــا، نـــا، تـــۆ ئەوەنـــدە پیرنـــی، هـــەر لـــە بـــیری بەجێهێشـــتنی ئێـــرەدا نـــەبووی، بیرت لە خانەنشینیش نەدەکردەوە."

"با راستی قبووڵ بکەین."

" زۆر باشە قبووڵی دەکەین."

" دەزانی کە من هەمیشە لەبەر تۆ لێرە بووم، وانییە؟"

لـــۆرا ســـەری لەقانـــد و فرمێســـکەکانی ســـڕینەوە:" هـــەروەها منـــیش لەبـــەر تۆ."

" ئێستا دەبینم کە ئیتر وا باشترە لێرە بڕۆم."

بتـــی لی چـــەمایەوەو گۆنـــای لـــۆرای مـــاچ کـــرد:" تـــۆ دەتـــوانی ئاگـــاداری خـــۆت بـــی، هـــەر کـــاتێکیش پێویســـتیت پـــێم هـــەبوو تەلـــەفۆنم بـــۆ بکـــە، ئـــەو کـــارە دەکەی؟"

لـــۆرا بـــە ورتـــە ورت گـــوتی:" باشـــە." ئـــەو ســـەری داخســـت و ســـەیری نـــەکرد. گـــوێی لـــە دەنگـــی هـــەنگاوەکانی بـــوو لـــە ژووری چێشـــت لێنـــان دا لەگـــەڵ ئیرێلـــدا کـــە لـــە نێـــو ســـەبەتەیەکدا پـــاڵ کـــەوتبوو ماڵئـــاوایی دەکـــرد و دەرگـــای پشـــتەوەی پێوەدا. ئەو ڕۆیشتبوو.

کەسـایەتی ژنێکـی بـەڕێز پێشـێل کرابـوو، دنیـا زۆر بـێ بەزەییـە. بتـی لی و ئـەو منداڵـەی کـە بـەو قـژە رازاوانـەوە لـە پشـت پیـانۆ دانیشـتبوو. بۆچـی؟ بـەرد، بـێ رێـزی و گوللـە. بـۆ خـاتری خـوا بۆچـی؟ و لـۆرا لـەوی دانیشـتبوو نیگـای خـۆی لەسـەر ئـەو وێنـە تۆقێنـەر بێزارکـەرەی لاپـەڕەی یەکـەمی رۆژنامەکـە هەڵنـەگرت و تەماشـای بتـی لی نـەکرد، کـە دووردەکەوتـەوەو بـەرەو مـاڵ دەبـۆوە لـە خـوار شـەقامەکە. ئـەو لـە پـاش ماوەیـەك لـە جێـی خـۆی هەسـتاو ماڵێی بەجێهێشت.

بـەرە بـەیان، هەوایـەکی تـازەو شـێداری هـەبوون، کاتێـك لـۆرا گەیشـتە فیرویـۆ، شـەماڵێکی فێنـك بـە نێـو درەختەکانـدا هـەڵی دەکـرد. شـەقام ئـارام بـوو. باخـەوانێك دارشمسـادەکانی هەڵدەپـەردادت. ئـاو پیرژینێـك لـە نێـو چـەمەنەکاندا، دڵۆپـە ئـەڵماس شـێوەکانی ئـاوی بـەدەم دەنـگ هـاتن و سـووڕانەوەوە، دەپرژانـدە دەوروبـەر. بڕواکـردن بـەوەی کـە شـتێك بتـوانێ ئـارامی جێگایـەکی ئـاوا بشـێوێنێ دژوار بـوو، ئـەو شـوفێری کـە بەبـەردەم خانووەکـەی بلێـردا تێدەپـەڕی، خێراییەکـەی کـەم کـردەوەو لـە خانووەکـە رامـا. دەبوایـە چـەندین سـاڵ بەسـەردا تێپەڕیایـە. تـاکو خـەڵك ئـیتر ئـەو خـانووە بـە مـاڵی بلێـر نـاو نەبـەن، لەبەرئـەوەی ماوەیـەکی زۆر ئـەو خـانووە هـی بنەماڵـەی بلێـر بـوو. ئۆتـۆمبێلێکی دیکـەش بـە خێراییـەکی زۆر کـەم تێپـەڕی تـاکو سەرنشـینەکانی بتـوانن بـە وردی چـاو بـە خانووەکـەدا بخشـێنن، پاشـان رێـی خـۆی گرتەبـەر. لـۆرا لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی:" خـۆ تێهـەڵقورتێنێ هـیچ و پـوچ، بـەڵام مـن وەکـو ئـەوان نیم، من ئەوانم دەناسی، هەرنەبێ ئەوان بۆ من شتێکن زیاتر لە ناو."

لـۆرا گەیشـتە پەرژینـە ئاسـنەکە. لۆرییـەکی لـە شـوێنی وەسـتانی ئۆتۆمبێـل راوەسـتا بـوو و چـەند کەسـێك پەنجـەرەکانیان نـۆژەن دەکردنـەوە، شووشـە شـکاوەکانیان بـە نێـو چـەمەنەکە دانـابوون، پارچـەگەلێکی شووشـەیی کەنووکەکەیان بەتیژی چەقۆی تیژی ژووری چێشت لێنان بوو.

لـەو وەختـەدا کـە لـۆرا کەوتـە ئـەو ئاراسـتەیە یـەکێك بـە کرێکارەکـان ئاگـاداری کـردەوە:" خـاتوون، وریابـە!" پەڵەیـەك رەنگـی رەشـیان برژانـدبووە سـەردەرگا سـپیەکەی پێشـەوە، وەکـو ئـەوە دەچـوو کـە کەسـێك شـتێکی لەسـەر

نووسـیبێت و یـەکێکی دیکـە رقـی هەسـتابێ و بـەو شـێوەیە رەشـی کردۆتـەوە، کـە ئـیتر نـەکرێ بخوێندرێتـەوە. تـەنیا پیتێـك کـە وا پێدەچـوو (س) بێـت دیـاربوو. رەنگـە بـاوکی خێزانەکـە بـەیانی زوو بـە خەبـەرهاتبێت تـا ئـەوە بسـڕێتەوە کـە نووسـراوە. لـۆرا زەنگـی دەرگـای لێـدا، ماوەیـەك چـاوەڕێی کـرد، پاشان دووبارە لێی دایەوە.

دەرگایەکـە کـەمێك کەوتـە سەرپشـت، بـە ئەندازەیـەك کـە سـەری بچـووکی منـداڵێکی تێـدا دەرکـەوێ. چـاوەکانی واق وڕمـاو نیگـەرانی منداڵەکـە کـە تێکەڵ بە چاوی لۆرا بوون. لۆرا گوتی:

" سینتیا!" دەرکە جوولا بۆ ئەوەی دابخرێت. لۆرا گوتی:

" سینتیا، ت ۆمنت نایەتەوە یاد؟"

" دایکـم پێـی گوتـوم کـە جگـە لـەو پیاوانـەی کـە بـۆ نـۆژەن کردنـەوەی پەنجەرەکان هاتوون، رێگە بە کەسی دیکە نەدەم بێتە ژوورێ."

"تکـات لێدەکـەم پێـی بڵـێ کـە چ کەسـێك لـە پشـت دەرگایـە، ئـەو خاتوونـەی کـە چـەند رۆژ بـەر لـە ئێسـتا هـاتبوو، هـەمان ئـەو کەسـەی کـە بڕیـار وابوو وانەی پیانۆ بە تۆ بڵێت. خۆ تۆ منت لە بیرە، لە یادتە؟"

منداڵەکـە دەرگـای پێـوە دایـەوە، لـۆرا لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی:" دەیـەوێ لەوە دڵنیابێت، کە من نامەوێ بە زۆر دەرگاکە بکەمەوە."

ئەوسـا لەبـەردەم دەرگـا پـیس و گوللـە بەرکەوتووەکـەدا چـاوەڕێ مایـەوە. لـە پـاش چـەند خولـەکێك سـەر لـە نـوێ دەرگـا کرایـەوە، سـینتیا گـوتی:" دایکـم دەڵێ حەزناکات کەس بێتە سەردانی، هیچ کەس، ئەو دادەڵێ."

زۆر باشە، ئەمە شیاوی دەرك بوو، بەڵێ، بەڵێ، وابوو.

وەکـو ئـەوە وابـوو کـە کـارێکی دیکـەی نـەبوو جگـە لـەوەی برینـی ئـەو ژنـە بکولێنێتەوە.

لۆرا بە ئازامی گوتی:" بەداخەوە، رەنگە بۆ کاتێکیتر."

کچەکە گوتی:" وانەی پیانۆشمان ناوێت."

دەرگـا بـە دەنگـی کـپ و لەسـەرخۆ، دەتگـوت بـە هـەمان بڕیـار و ئـیرادەوە کەبـەر لـە چـەند کاتـژمێرێك هێرشـی کرابـووە سـەر، داخـرا. لـۆرا لـە شۆسـتەکە

چــووه خــواریٚ، هەســتی شــەرمێکی نەناســراوی تــووش ببــوو، وەکــو ئــەوەی کــە ئەکتــەرێك دێڕەکــانی ڕۆڵــی خــۆی لــە بــیر بکــات، یــاخود لــە نێــو گروپێکــدا بــی کــە یــەکێکیان خــۆی بــە گەمــژە نیشــان بــدات و لەگــەڵ ئەوەشــدا کــە بابەتەکــە پێوەنــدی بــە تــۆوە نییــە، بــە هــەرحاڵ لــە هەســتی شــەرمی ئەوانــدا ببیــە هاوبەش.

لــۆرا لــە شــەقامەکە چــووە خــواریٚ و بــەو زەوییــە چــەمەنەدا تێپــەڕی، کــە تێیــدا چــەند کورێژگەیــەکی تەمــەن حــەوت هەشــت ســاڵان خــەریکی یــاری بیســبالْ بــوون. حاڵــەتی ئــەوان بــەو دەســتەوانەو کڵاوانــەوە ئەوەنــدە جــدی و پیشــەیی دەهاتــە بەرچــاو کــە دەتگــوت هــەموو شــتێك پەیوەســتە بــە ســەرکەوتنی تیپەکەیانــەوە. چــەند پــاك و بــێ گونــاه بــوون. لــە چــوار ریانەکــە، لــە پشــت ئــەو دارشمشــادانەی کــە دەوری یانــەی تێنســیان دابــوو، زایەڵــەی دەنگێــك کەوتــە بــەرگوێ، دەنگــی تەقەتــەقی بەریــەك کــەوتنی تــۆپی تێــنس لەگــەڵ ڕێکــت دا. ئــەویش بــێ گونــاه بــوو، پیشــەیەك بــێ گوناهانــە، دوانیوەڕۆیەکی لەبەردڵان.

لۆفاستەر لەسەر سوچی شەقامەکە بەدەرکەوت. ئەو گوتی:

" هــاتبووم ســەرێکیان لێبــدەم، بــەڵام کــەس وەڵامــی زەنگــی دەرگــای نەدایــەوە. زۆر دڵگــران بــوون. ئایــا دەتــوانی ترســانی ئــەو کەســانە مەزەنــدە بکەی لە شەوی ڕابردوو؟ باوەڕدەکەی؟"

لــۆرا بــە نائومێدییــەوە وەڵامــی دایــەوە:" وا دیــارە کــە مــن و تــۆ تــەنیا لــە کاتە ناخۆشەکاندا چاومان بە یەکتری دەکەویٚ."

لۆفاســتەر گــوتی:" مــن و جــین ڕێــك دوێنــێ شــەو ســەردانی ئــەویٚمان کــرد. خــەریك بــووین دەچــووینەوە ماڵــێ و کاتێــك گەیشــتینە شــەقامی فیبروبــۆ دیتمــان کــە کــاری توندوتیــژی ئــەنجام دەدرێــت، خــەڵك غاریــان دەداو ئۆتۆمبێلــەکان لــە هــەر ڕێگایەکــەوە بۆیــان بکرایــە تێدەپــەڕین، لێکیــان دەداو هــەراو هۆریایــان دروســت کردبــوو. ئێمــە بــە زەحمــەت توانیمــان خۆمــان لــەو قەڕەباڵغییە دەرباز بکەن.

کوڕەکەی تۆش لەوێ لەگەڵ چەند کەسێك لە ئۆتۆمبێل دابوو. لەمبارەیەوە هیچی بە تۆ نەگوت؟"

لۆرا تووشی راچەنینێك بوو، رێك وەکو ئەوەی کە مرۆڤ لەسەر تەختێکی کاشی کراودا پیاسە بکات، دەست لە دەسکێکی کانزایی بدات و ئەوسا دەستی تووشی بریسکە ببێت. ئەم هەستە هاوشێوەی راچەنینێکی بچووکی گەرابوو.

لۆرا گوتی:" نا، باد و ئەو بەیانی درەنگ لە خەوهەستان و ئێمە دەرفەتی ئەوەشمان نەبوو دوو سێ وشە پێکەوە قسە بکەین."

" زۆر باشە، ئەو پێت دەڵێ کە چ ریسواییەك روویدا. من وای دەبینم کە ئەو کەسانەی پەنجەرەکانیان شکاندبوون ببوونە هۆی تۆقینی ئەو ئامادەبووانەی کە لەسەر شەقامەکە بوون. ئەوان دەیانویست بەرلەوەی پۆلیس بگاتە شوێنی رووداوەکە هەڵێن. بەڵام لۆرا ئەگەر لە بۆچوونی من دەپرسی گرێگ ئەندرسۆن بە هەرحاڵ دەستی لەو رووك وەدا هەبووە. ئەو لە لایەنگرەکانی جۆنسۆنە و من پێم وا نییە کە ئەم جۆنسۆنە کابرایەکی بێ ئازار بێت. من نازانم، بەڕاستی شتێکی دیکە نازانم."

لۆرا گوتی:" گرێگ ئەندرسۆن کابرایەکی بەرەڵای خوێڕییە. بنەماڵەکەی هەر لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە هیچ جۆرە چاودێری و کۆنترۆڵێکیان بەسەریدا نەبووەو ئێستاش نیانە."

(کاتێك دەگەنە نۆزدەساڵی. ئیتر ناتوانی کۆنترۆڵیان بکەی) لۆرا دەیویست بگەڕێتوە ماڵێ. بە هەورازی شۆستەکەدا تا بەردەرگای ماڵێ سەرکەوت و چاوی بە دەرگا سەوز و درەوشاوە و بریقاوە شکۆدارەکەی ماڵی خۆیان کەوت و بەو کێلۆنە هی سەدەیەك لەمەوبەر بوو، بەر لەوەی زەنگی دەرگا دابهێندرێت و زۆر جوان دەهاتە بەرچاو.

هیچ کەسێك رەنگی نەپرژاندبووە سەر ئەو دەرگایە و کەسیش پەنجەرەکانی نەشکاندبوو. پەنجەرەکان لەبەر تیشکی خۆردا دەدرەوشانەوەو لەو دیویشیانەوە نەخشێکی جوانی هێشوەترێ لەسەر پەردە تۆڕەکان بە ئاشکرایی دەبینرا. گوڵە ئەتڵەسییەکان بە رەنگی سوور و شیرییەوە لە لولە

دارەکـــانی پـــەنا دیـــواری ســـەریان وەدەرنـــابوو و وەکـــو تاقگەیـــەکی بچـــوك رژابوونە خوارێ.

ئیریێــل هەســـتی بـــە هاتنـــەوەی لـــۆرا کـــرد و لـــۆرا گـــوێی لێبـــوو کـــە ئـــەو گیانـــدارە ڕێگـــای خـــۆی بـــە نێـــو ژووری چێشـــت لێنـــان دا دەدۆزێتـــەوە و بـــە شـــەوق و زەوقـــەوە خـــەریکی وەڕینـــەو ئەگـــەری ئـــەوە هەیـــە ڕاکاتـــە هەیوانەکـــەی پشـــتەوە تاکو پێشوازی لێ بکات.

لـــۆرا کلیلەکـــەی لـــە قوفڵەکـــەدا بـــاداو چـــووە ژوورێ. ســـەگەکە لـــەوێ پـــاڵ کـــەوتبوو و بـــە خۆشـــحاڵییەوە بـــە کلکـــی زەوییەکـــەی گەســـك دەدا، دەتگـــوت لـــۆرا لـــە پـــاش ســـاڵێك دوورکەوتنـــەوە تـــازە گەیشـــتۆتەجێ ســـەگەکە پێـــی خۆشـــبوو ئـــەویش ئـــاوڕی لێبدرێتـــەوە. لـــۆرا چـــەمایەوەو لاواندییـــەوە:" بـــەڵێ، بەڵێ، من هاتوومەتەوە ماڵێ."

هـــــەوای ئـــــەو ڕۆژە زۆرگـــــەرم و نـــــاخۆش نـــــەبوو، پیاســـــەکردنیش زۆری نەخایانـــدبوو. جگـــە لەمـــەش، زۆربـــەی ڕێگاکـــە ســـەرەو لێـــژی بـــوو، بـــەلاّم دیســـانیش هـــەر گـــەرمای بـــوو و هەســـتی بـــە تێنـــوێتی دەکـــرد. لـــە کاتێکـــدا کـــە لـــە ژووری چێشـــت لێنانـــدا، ئـــاوی لـــە پـــەرداخ دەکـــرد، لـــەوێوە دەیتـــوانی نێـــو ژووری دیوەخـــان و دواوەشـــی ببینێـــت. هـــەموو شـــتە ئاشـــناکان لـــە جێگـــای گونجـــاوی خۆیـــان بـــوون. کورســـییەکانی بـــەڕێکوپێکی بـــە دەوری مێزەکـــەوە بـــوون و قەفەســـەکان سوچـــی دیـــواریش بـــە قـــاپ و قاچـــاغی ڕازاوەی چـــینی ســـپییەوە و هـــەروەها شـــین پڕکرابـــوون، ئـــەو قاپانـــەی کـــە لـــە نێـــو ســـەدەلەمەو بەرەوخرابوونـــە نێـــو ئـــەو قەفەســـانەوە. هـــەموو شـــتێك ڕێکوپێـــك و دەســـت لێنـــەدراو بـــوو، بـــەلاّم لـــە ناکـــاو هەســـتێکی ئـــازاردەری هەڕەشـــە یـــاخود مەترســـی لـــەو ژوورە ڕازاوەو شـــکۆدارەدا گـــەڕا. ئـــەو هەســـتە چـــی بـــوو؟ وەکـــو پایـــەکی ســـارد وابـــوو، کـــە هـــەموو دەرگاکـــان بکاتـــەوەو پێکیـــان دابـــدات. ئـــەو ژوورە، ئـــەو ماڵـــە ئیـــدی ئاسایشـــی تێدانـــەبوو. دڕنـــدە توورەکـــان دەیـــانتوانی ئـــەوێ تێـــك بـــدەن و لـــە نـــاوی ببـــەن، هـــەموو شـــتێك کـــاول بکـــەن و بیکەنـــە وێرانـــە، هـــەموو شـــتێك، شـــەقام و شـــارەکان. هەســـتی نـــەفرەتی تۆقێنـــەر توانـــای هـــەبوو ئـــەو کـــارە بکـــات. حـــوکمی مێژوو وابوو.

لــــۆرا چـــــووه ژووری تـــــام لـــــه قـــــاتی ســـــەرێ. دیمـــــەنی روخســـــاری جـــــوان و سەرنجڕاکێشـــــی جـــــیم جۆنســـــۆن لـــــه نێـــــوان دوو پەنجـــــەرەدا بـــــه دیـــــوارەوە هەڵواســـــرابوو. بەهـــــەرحاڵ ئـــــەوێ ژوورێکـــــی ئاســـــایی بـــــوو، ژووری کـــــوڕێکی قوتـــابی بـــه ئـــاڵای قارەمـــانێتی زانکـــۆ و نەخشـــەیەکی وڵاتـــی ئـــەمریکا کـــه بـــه پونس به دیوارەوه داکوترابوو.

لەســـەروی مێزەکـــه خشـــتەیەك لـــه ئەســـتێرەکان و وێنـــەی فەلـــەکی لێبـــوو. لەســـەر مێزەکـــەش ژمارەیـــەك کتێـــب لەســـەریەك کەلەکـــه کرابـــوون و لـــه چوارچـــێوەی کـــه نرخەکـــەی هـــەرزان بـــوو، وێنـــەی بچـــووکی کچـــێکی تێـــدابوو بـــه دەموچـــاوێکی لـــه رادەبـــەدەر سەرنجڕاکێشـــەوە، کـــه بـــه هـــۆی تۆپەڵـــه قـــژێکی رەش و درێـــژەوە کـــه دەگەشـــتنه ســـەر شـــانەکانی، تـــا رادەیـــەك شـــاردرا بـــۆوە. لـــه گۆشەیەکی وێنەکە نووسرابوو:

" پێشکەشـــه بـــه تـــامی ئـــازیز: لـــۆرا هەســـتی بـــه ئـــازارێکی شـــاراوە کـــرد، کـــه لـــه ئیرەییـــەوە سەرچـــاوەی دەگـــرت، بـــەڵام ئەمـــه سروشـــتی بـــوو. لـــه شـــوێنێك نووســـیبویان تـــەواوی دایکـــان بـــه هـــۆی ئـــەوەوە کـــه وا بیردەکەنـــەوە لـــه نێـــو دڵـــی کوڕەکانیانـــدا پلـــەی دووەم بـــه دەســـت دەهێـــنن، ترشـــی داچـــڵەکێن دەبـــن. ئـــەوان هـــەموویان نیگـــەرانی ئـــەوەن داخـــۆ عەشـــقی کچـــێك کـــه نیشـــتۆته ســـەردڵی کوڕەکانیـــان عەشـــقێکی راســـتەقینەیە؟ ئەگـــەریش کـــه خۆشەویســـتییەکی راستەقینەیە ئایـا ئـەو کەسـێکی لـه بـاره یـان نـا؟ ئـەو کچـه کـێ بـوو، نـاوی چـی بـوو و چ پیشـەیەکی هـەبوو؟ لـۆرا لـه نێـو کتێبەکانـدا رۆژنامەیـەکی هـەڵگرت و سەیری کرد. ئەو ئاوای خوێندەوە:

(هـــاواری ســـەربەخۆیی) و لەبـــەر ئـــەوەی شـــارەزای خێـــرا خوێندنـــەوە بـــوو، چـــاوی بـــه لاپـــەڕەی یەکەمـــدا خشـــاند و یەکســـەر تێگـــەیی کـــه لـــەو هەواڵنامەیـــەدا پڕۆپاگەنـــدەی توندڕەوانـــەیان لـــه بـــری رۆژنامەگـــەری گونجانـــدبوو. نمایشـــێکی سیاســـی زیرەکانـــه خـــۆی تێداحەشـــار دابـــوو، کۆمەڵـــه بیروبـــاوەڕێکی دەمارگیریانـــەی فێـــری مـــرۆڤ دەکـــرد و هـــەروەها پـــڕ بـــوو لـــه درۆ و دەلەســـەی مەترسیدار.

لـــۆرا لاپـــەڕەکانی هەڵدانـــەوەو بـــە پەلـــە ناوەکـــانی خوێندنـــەوە گەیشـــتە نـــاوی تۆمـــاس رایـــس. هەواڵنامەکـــەی وەلا نـــاو لـــە سوچـــێك لەســـەر کورســـی دانیشـــت. ئـــەوەی کـــە گوێـــت لێبێـــت، کـــە کوڕەکـــەت بـــە دەنگـــی بـــەرز بـــاس لـــە بیروباوەڕەکـــانی بکـــات شـــتێکە، بـــەڵام ئەگـــەر ببینـــی کـــە ئـــەو بـــە کـــردەوە خـــۆی بـــەو بیروباوەڕانـــەوە بەســـتۆتەوەو لـــەوەش خـــراپتر بەچاپیشـــیان دەگـــەنێ، مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە.

دەبـــێ ئەمـــە هـــەمان ئـــەو هەواڵنامەیـــە بێـــت، کـــە لـــۆرا دەربارەیـــەوە شـــتی خراپـــی بیســـتبوو. بڵاوکراوەوەیـــەکی قوتابیـــان کـــە لـــە لایـــەن کەســـاتێکی بەدەســـەڵاتەوە پشـــتگیری لێـــدەکرێت کـــە خـــاوەنی نووســـینگەی تایبـــەت بـــە خۆیـــانن. لـــۆرا جـــارێکی دیکـــە چـــاوی بـــە بەشـــی پەیوەندیـــدار بـــە ناونیشـــان و نـــاوی بڵاوکراوەوەکـــان و نووســـەرەکاندا خشـــاندەوە، نـــاوی نێـــر و مـــێ بـــە گـــوێرەی پیتـــی ئـــەلف و بـــێ بـــوون و لـــۆرا بـــە شـــێوەیەکی لـــەناکاو وای بـــۆ هـــات و وای بیرکـــردەوە، کـــە یـــەکێك لـــە نـــاوە مێینـــەکان دەبـــێ پەیوەســـت بێـــت بـــەو کچـــەی کـــە لـــە وێنەکـــەدا دیتبـــووی، بۆیـــە دەســـتی کـــرد بـــە خوێندنـــەوەی ناوەکـــان. ســـوالێك، جینینـــەر، رۆبێرتـــا، لینـــدا،.... بـــەڵام ئەمـــە زۆر گەمژانـــە خـــۆی دەنوانـــد و جیـــاوازی چـــی بـــوو؟ ئـــەو بـــە دەنگـــی بـــەرز گـــوتی:" مـــن زۆر خـــەمبارم، زۆر تـــووڕەم، زۆر بـــێ هیـــوام و نـــازانم دەبـــێ چـــی بکـــەم. ئـــاخ، خۆزگـــە دەمتـــوانی ملـــت بشـــکێنم تـــام، چـــۆن توانیـــت ئـــەو کـــارە بکـــەی، چـــۆن توانیـــت؟ لـــە کاتێکـــدا کـــە هەرچـــییەکت دیتـــووە، هەرچـــیم فێرکـــردی، هـــەمووی چـــاکەو نـــەرم و نیـــانی بووە."

لـــۆرا هێشـــتا هـــەر لـــەوێ دانیشـــتبوو، کـــە گوێبیســـتی دەنگـــی چـــونە ژوورەوەی ئۆتۆمبێـــل بـــوو بـــۆ نێـــو گـــەراج. خولـــەکێك پـــاش ئـــەو بـــاد و تـــامی بینـــی کـــە ئـــامێری چـــەمەن بـــڕین لـــە ژووری کەلوپەلـــەکان دەهێننـــە دەرێ. بـــاد حـــەز و کەڵکەڵەیـــەکی ســـەیری هـــەبوو ســـەبارەت بـــە چـــەمەن بـــڕین و پارێزگـــاری لێکردنـــی و هـــەروەها رێکخســـتنی پەرژینـــە شمشـــادەکان. لـــۆرا هـــەروا کـــە ســـەیری دەکـــردن وابـــیری کـــردەوە، کـــە دوو رێگـــای لەبـــەردەم دایـــە: رێگـــای ئاســـانتر ئەوەیـــە کـــە قســـەکانی لۆفاســـتەر و هـــەروەها ئـــەو هەواڵنامەیـــە پشـــتگوێ بخـــات،

لــە کاتێکــدا کــە ڕێگــای دژوارتــر ئــەوەبوو کــە رووبــەری هــەردووکیان (کوڕەکــە و مێردەکــەی) ببێتــەوە. کــام لــەم دوو ڕێگایــە دەیــانتوانی بگەنــە ئــەنجام و ئایــا هــیچ کامێکیــان بەڕاســتی دەرەنجــامی هــەبوو، ئەمــە بابــەتێك بــوو کــە بەڕاســتی دەرك پــێ کــردن گرفتێکــی گــەورە بــوو. ئــەو کــە ڕێگــا دژوار و ســەختەکەی هەڵبــژاردبوو. کاتێــك یــاد و تــام هاتنــە ژووری چــاوەڕوان راوەســتان. لــۆرا گــوتی:" بــە دڵنیاییــەوە گــەرماتان بــووە. مــن چــاوی ســاردم لێنــاوە، ئێســتا دانیشــن. تــام، دەمــەوێ قســەت لەگەڵــدا بکــەم، بــەڵام دەبــێ باوکیشــت گــوێی لــە قسەکانم بێت."

ئەوسا لە کاتێکدا کە نیگایەکی بەقینی لە بادکرد، درێژەی دا:

" تام، تۆ دوێنی شەو لە کوێ بووی؟"

لەبەرئــەوەی کــە بــە گشــتی تــام مرۆڤێکــی راســتگۆ بــوو و هــەرگیز نەیــدەتوانی ببێتــە درۆزنێکــی راســتەقینە، لــەو حاڵــەدا چــاوی ئەبڵــەق بــوون، رۆبــی هەڵکشــان و هێلێکــی لەســەر نێــو چــاوانی دروســت کــرد. لــۆرا تێگــەیی کــە کوڕەکەی هەستی بە مەترسییەکە کردووە:

" لــەم دەوروبــەرەدا لەگــەڵ هەنــدێك کەســدا دەســوڕامەوە ئــەم و ئــەوم دەدیت، بۆ پرسیاری وا دەکەی؟"

"لەبەرئــەوەی دەمــەوێ چــەند شــتێك لــە مێشــکمدا روون بکەمــەوە پــێم بڵــێ ئایا قسەت لەگەڵ هیچ کەسدا کرد؟ لەگەڵ هیچ کەسێکدا سوڕایەوە؟"

"نــا ئەوەنــدە، مــن بەبــەردەم چــوار کەســدا تێپــەڕیم، ســڵاوم لێکــردن و لــە ئیست ئوك وادەتر نەچووم. پاشان بێ تاقەت بووم و گەڕامەوە ماڵ."

" لــە ئیســت ئــوك وادەتــر نەچــووی؟ لــە هــیچ شــوێنێکی نزیــك فێربــۆ نەبووی؟"

چاوە جوانەکانی تام گەورەتر بوون و بە سەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە:

" دایــە خــۆ تــۆ وا بیرناکەیــەوە، کــە مــن ئــەو کەســەم کــە پەنجــەرەی ئــەو ماڵەی شکاندووە، وانییە؟"

ئەوســا لــە کاتێکــدا کــە بــە قســەپێکەنینەکەی خــۆی پێدەکــەنی درێــژەی دایە:

" یـــان ئـــەو کەســـەم کـــە گوللـــەی تەقانـــدووە؟" پاشـــان دەنگـــی خـــۆی نـــزم کـــردەوە و بـــە حاڵـــەتێکی ریابازانـــەو گومانـاوییـــەوە، وەکـــو ئـــەوەی خـــەریکی فێـــڵ و پیلان گێڕی بێت، گوتی:

"دەمـــەوێ شـــتێکت پـــێ بڵـــێم: مـــن تیرۆریســـتیکی نێـــو دەوڵـــەتیم و گرنگـــی بە کاروباری وابێ بایەخ نادەم."

" من گاڵتەم ناکەم تام. هەوڵ مەدە بە گاڵتەکردن مەسەلەکە بگۆڕی."

لەبەرئـــەوەی کـــە جـــۆرە حاڵـــەتێکی ئاگادارکردنـــەوە لـــە تـــام دا دروســـت ببـــوو، ئەو خۆی وانیشان دا کە دڵی بریندار بووە:

" من نامەوێ بابەتەکە بە گاڵتەکردن بشوێنم، دایە."

" کەواتـــە درۆم لەگەڵـــدا مەکـــە. تـــۆ دوێنـــێ شـــەو لـــە فیروبـــۆ لـــە نێـــو حەشـــامەتەکەدا بـــووی. لۆفاســـتەر تـــۆی دیتـــووە، ئـــەو لەگـــەڵ جـــەنابی قەشـــەدا، بەوێدا تێپەڕیون."

تـــام بێـــدەنگ بوو.بـــاد چـــایەکی دیکـــەی لـــە قۆریەکـــە تێکـــردو ئـــەویش بێدەنگ بوو. لۆرا پرسیاری کرد:" زۆر باشە چی تر؟"

"ئـــێ، مـــن بـــە پیاســـە بـــەرەو فیروبـــۆ رۆیشـــتم، نـــەك ئیســـت ئـــوك، ئـــەوە باشە؟"

"نا، چونکە تۆ لە مبارەیەوە درۆت لەگەڵدا کردووم."

"خـــۆمن منـــداڵ نـــیم. ئایـــا بـــۆ هـــەر هـــەنگاوێك کـــە هـــەڵی دێـــنم دەبـــێ پرســـتان پێ بکەم؟"

"دەزانم کـــە مەســـەلە ئەمـــە نییـــە. ئایـــا قـــەت داوام لێکـــردووی راپـــۆرتی کارەکـــانتم پـــێ بـــدەی؟ هـــیچ کـــەس ئـــەو سەربەســـتییەی نییـــە، کـــە تـــۆ هەتـــە، بـــەڵام ئـــەو هەنگاوانـــەی کـــە دوێنـــێ شـــەو هاویشـــتووتن هـــەنگاوی ئاســـایی نـــەبوون. رووداوی نائاســـایی ســـەیر لـــەو شـــەقامەدا روویـــان داوە مـــن دەمـــەوێ بـــزانم کـــە تـــۆ لەوێ چیت کردووە."

"زۆر باشـــــە چـــــووبوو؟ بەشـــــداری لەبەرنامـــــەی پڕوپاگەنـــــدەی جۆنســـــۆندا بکـــەم. ئەمـــە ئیـــدی شـــتێکی شـــاراوە نییـــە، کـــە مـــن یـــەکێکم لـــە لایـــەنگرانی جۆنسۆن، هەروەها باوکیشم..

"ئەی بۆچی هەر لە سەرەتادا پێت نەگوتین کە دەتەوێ بچیە ئەوێ؟"

ئەوسا تام بە حاڵەتێکی بەرەنگارییەوە گوتی:

" لەبەرئەوەی تۆ رقت لە جۆنسۆنە."

لـۆرا کـە زۆر هەڵچـووبوو، هـاواری کـرد:" مـن رقـم لـە هـیچ کەسـێك نییـە، بـەڵام بەڕاسـتی لەگەڵیـدا نـیم، بـەڵام تـۆ مـافی خۆتـە بەهـەر جۆرێـك کـە حـەز دەکەی دەنگ بە هەرکەسێك بدەی کە پێت خۆشە.

نـا، تـام، تـۆ چـووبوویە ئـەوێ حـەزت نـەدەکرد ئێمـە بـزانین لەگـەڵ چ کەسـانێکدا بـووی. تـۆ لـە ئۆتۆمبێلـدا لەگـەڵ کچـێك و پیاوێـك بـە تەمـەن تـردا بووی. ئەوانە کێن؟ نهێنی تۆ چییە؟"

بـاد دەسـتی بـە قسـەکرد:" لـۆرا، وازی لێبێنـە، ئەمـە بەڕاسـتی هەڵسـوکەوتێکی دزێـوە. تـۆ خەریکـە بـەو کارانـە تیمـی دەتـوقێنی." لەبەرئـەوەی تیمـی هـاتبۆوە ماڵـێ و بـە واقـی وڕمـاوەوە لـە سوچـێك راوەسـتا بـوو. لـۆرا گـوتی:" تیمـیش ئەنـدامێکی ئـەم خێزانـە بـەو بـە ئەنـدازەی پێویسـتیش گـەورە بـووە، کـە بزانـێ مەسـەلە چـییە و لـەم ماڵـەدا چـی روودەدات. ئێمـەش ئـەو مافـەمان هەیـە بـزانین کـە کوڕەکـەمان لەگـەڵ چ کەسانێکدا تێکەڵاوی هەیە."

باد لە کاتێکدا کە لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵدەستا گوتی:

" نـا، نـا، تـام لەسـەر هەقـە. ئـەو ئیـدی منـداڵ نییـە و هـیچ ناچـار نییـە کـە وەکـو ئـەو کاتـەی دەچـووە باخچـەی سـاوایان پرسـت بـێ بکـات. ئەگـەر پێـی خۆشـە چـاوی بـە کچـێك بکـەوێ پێویسـت بـەوە ناکـا بۆمـان روون بکاتـەوە، کـە لەگـەڵ چ کەسـانێکدا هەڵسـوکەوت دەکـات و تێکـەڵاوی هەیـە..، لـە هەمانکاتیشـدا سـەیرێکی تـامی کـرد کـە لـۆرا هەسـتی پێکـرد: سـەیرکردنێك کە نیشانەی هاودەستی بوو لە خراپەکاریدا.

"نـا، نـا، کەواتـە چـاوێك بەمـەدا بخشـێنە و پـێم بڵـێ کـە تـۆ چـۆن بیردەکەیەوە..

لـۆرا دەسـتی درێـژکرد و لـە چـەکمەجەی مێزەکـەدا دانەیـەك بڵاوکـراوەی هاواری سەربەخۆیی فرێدایە سەرمێزەکە:

" تـــۆش یـــەکێکی لـــە نووســـەرانی ئـــەم هەواڵنامەیـــە تـــام. ئەوانـــە ئـــەو کەسانەن کە تۆ تێکەڵاویانی، باد فەرموو بخوێنەوە."

باد ستوونێکی لە هەواڵنامەکە خوێندەوە و وەلای نا:

" ئێ، ئەمە باسی ئازادە لۆرا، تۆ ناتوانی شەڕی لەگەڵدا بکەی."

"ئەمە باسێکی قین لە دڵانەیەوە."

"ئەمە بەڕای تۆ."

"هەروا بەڕای تۆش."

"ڕەنگە وابێ، بەڵام لێرەدا باس لە بیروباوەڕی من ناکەین."

"تۆ چۆن ڕێگە دەدەی ڕووداوێکی ئاوا بۆ تامی ئێمە رووبدات؟"

بـــاد بـــە بـــێ تاقـــەتی گـــوتی:" هـــیچ ڕووداوێـــك بـــۆ وی رووی نـــەداوە. ئـــەو بـــۆ خۆی دەبێتە شتێك و ئێرەش وڵاتێکی ئازادە."

"بـــەڵێ، هیـــواداریش بـــین کـــە هـــەروا بمینێتـــەوە. تـــۆ بەراســـتی تێناگـــەی کـــە ئەمە چییە. مەسەلەی کوکلۆس کلانەکان لە گۆڕێیە."

"دایە، من کلان نیم.!"

کاتێـــك تـــام تـــووڕە دەبـــوو یـــان کەســـایەتی برینـــداردەبوو بـــە دایکـــە بـــانگی دەکرد:

"ئـــەم ڕۆژنامەیـــە بـــە هـــیچ جۆرێـــك لایـــەنگری لـــە کولکـــۆس کلانـــەکان ناکـــات. جـــیم جۆنســـۆنیش هـــەروا. ئێمـــە دوو ســـێ جـــار لـــە مبارەیـــەوە بـــاس و خواسمان کردووە.

"بەڵێ کردوومانە، بەڵام من تاکو ئێستا قەناعەتم نەکردووە."

"پـــەیامنێرێك ســـەبارەت بـــەو بەرنامەیـــەی پرۆپاگەنـــدەیی شـــەوی رابـــردوو گـــوتی کـــە ئەندرســـۆن قســـەی خراپـــی و ســـووکایەتی بـــەو رەشپێســـتانەی دانیشـــتووی ئەوســـەری شـــەقام کـــردووە و هـــەروەها کوویـــەتی ئـــەوان بـــە هـــیچ جۆرێـــك مـــافی ئـــەوەیان نـــەبووە مـــاڵ بـــۆ ئـــەو شـــوێنە بگوازنـــەوە. مـــن ئەمـــەم لـــە رادیۆ گوێ لێبوو."

بـــاد گـــوتی:" بـــەڵێ، ئەوەشـــت بیســـتووە، کـــە جۆنســـۆن لـــە رادیـــۆدا چـــی گوت. ئەو پەلاماردانی سەر ئەوماڵەی ئیدانەکرد."

لــۆرا قیژانــدی:" تۆقێنــەرە، ئــەو خەڵکــە دامــاوە تۆقیــون، ئــەم بڵاوکراوەیــەی تــۆش هــەموو ئــەو شــتانەی لــە ئەســتۆدایە، تــۆ ئەمــە دەزانــی تــام، تــۆ ئەمــە دەزانی."

تــام گــوتی:" مــن هــیچ نــازانم دایــە. ئێمــە هــەرگیز هــانی ئــەو جــۆرە کارانــە نــادەین. مــن وەکــو خــۆم ئــەم شــێوازە پەســەند ناکــەم دایــە، بــەڵام درك بــەوە دەکەم کە بە چ شێوەیەك وەها رووداوێك روویداوە."

"هەنــدێك خــەڵك ســەبارەت بــە کۆکــوژی جوولــەکان لــە ئــەڵمانیا هــەمان قسە دەکەن."

تــام ئــاخێکی قــوڵی هەڵکێشــاو گــوتی:" ئــۆف، تــۆ وەکــو جوولەکــەکان قسەدەکەی. بە داخەوە، بەڵام دەبێ ئەو قسەیەت پێ بڵێم."

"بــەداخ مەبــە. ئەگــەر مــن وەکــو جوولەکــەکان دەچــم، بــەڵام بــە هــەمان شــێوەیەش وەکــو زۆرێــك لــە خــەڵك لــە کڵێســەکانماندا قســەدەکەم، خــەڵکانی وەکو دوکتۆر فاستەر."

لــۆرا لــە دڵــی خۆیــدا گــوتی:" ئــەو بــە باشــی لــە مەســەلەکان تێــدەگات. رەنگــە نــەیزانبێت کــە دوێنــێ شــەو بڕیــار وابــووە چــی رووبــدات، بــەڵام هێشــتاش ســەبارەت بــە ســۆز و بــاوەڕە مەعنەوییــەکان هەنــدێك شــت دەزانــێن. ســەیری بکــە! بــە هــیچ جۆرێــك ئاســوودە نایەتــە بەرچــاو. بــە پــەرداخی بەتاڵــەوە لــە نێــو دەســتی دا نائــارام و تورەیــە و ســەیری دوورە دەســت دەکــات. دەنگــی مــن تونــد و بــەرز بۆتــەوە، بــۆ وی دەنگێکــی نائاشــنایە. ئــەو بــە باشــی لــەوە ئاگــادارە کــە ئێســتا کێشــەیەکی جــدی کەوتۆتــە نێــوان مــن و ئــەوەوە و لــەم مســەلەیە نارەحەتــە، چــونکە منــی خــۆش دەوێ. هــەر چــۆنێك بــێ، بەهــەمان شــێوە بــوو، کــە لــە ســەردەمی بــاپیرە گەورەمــدا خێزانــەکان بەســەر دوو گروپــی بــاکوور و باشــووردا دابــەش ببــوون و دەســتیان دایــە جــەنگ لــە دژی یــەکتری، یــان وەکــو هاودەســتەکان و گروپــەکانی بــەرەنگاری لــە فەرەنســادا. ئــەم مەســەلەیە لــە کوێ کۆتایی پێ دێت؟

لۆرا لە جێی خۆی هەستاو بە نەرمی شانەکانی تامی گرگرت:

"ئایا شتێکی دیکە هەیە، کە پێم بڵێی تام؟ چ شتێك دەزانی؟ من وەڵامێکم دەوێ. تکات لێدەکەم وەڵامێکی لۆژیکیم بدەوە."

" من چوومە ئەوێ و هاتمەوە. بڕوا بکە هەر ئەوەندە و بەس."

پاشان تام لە جێی خۆی هەستاو درێژەی دا:"من نامەوێ دەمەوەریت لەگەڵدا بکەم دایە گیان. ئێمە بە هیچ کوێ ناگەین. کەواتە لێم گەڕێ و وازم لێبێنە."

باد لە کاتێکدا کە بە تووڕە بوونەوە سەیری لۆرای دەکرد گوتی:

" بیرۆکەیەکی باشە. دە هەستن با وەرزش بکەین، من و تیمی بەرامبەر بە تام."

بەڵێ باد، ( ئەی کەڵەکەی چەوری، گەمژەیی و سەلامەتی ). ئەمە رستەیەك بوو، کە بەزەینی لۆرادا تێپەڕی، لە کاتێکدا کە دەیبینی تام، باد و دوا بە دوای ئەوانیش تیمی و سەگەکەی لە ژووریَ دەڕۆنە دەرێ.

ئەو ئازاردرا بوو، واقی وڕمابوو و سەری دەئێشا. مێردەکەی قەت تێناگات. ئەو هەر توانای دەرك کردنی نەبوو.

بە دڵنیاییەوە لۆرا ناچار بوو، کە بەزوویی هەواڵی ناخۆش سەبارەت بە بتی لی بەوان بگەیەنێت، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نەبوو، لەبەرئەوەی وەکو دەڵێن قسە قسەی لێ پەیدادەبێت و مەسەلەکە بە هیچ کوێ نەدەگەیشت.

بەدەم نان خواردنەوە، ئەو سێ کەسە سەبارەت بە یاری تێنس و ئەستێرەکان و پێشبڕکێ وەرزشییەکان قسەیان دەکرد، بەڵام لۆرا هیچی نەدەگوت. پاشان لۆرا بەرەو لای پیانۆکە رۆیشت تاکو پارچە مۆسیقایەك بژەنێ. پارچە مۆزیکەکە زۆر پەژارەهێنەر و غەریب بوو.

مۆسیقای "دۆبۆسی." وەکو شەماڵێکی بەهاری بوو، کە بە نێو لق و پۆپی درەختەکاندا هەڵکات و وەکو هاژەی رووبارێکی بچووك وابوو. هەروا کە خەریکی ژەنینی مۆسیقا بوو، ئەو بارەگران و سەنگینەی لەسەر شان دەچوو. ئەوسا باد هات خۆی تێهەڵقورتاند و گوتی: " لۆرا، دەکرێ ئاوازێکی دیکە بژەنی؟ ئەمە وەکو مۆسیقای کفن و دفن وایە و دەماری مێشکی تێك داوم."

لـۆرا گـوتی:" مـن پـێم وانـەبوو، کـە تـۆ دەمـاری مێشـکت هـەبێت. تـۆ قـەت هەسـتێکی تایبـەتیت بەرامبـەر مۆسـیقا نـەبووە، وانییـە؟ تـەنیا خـۆت وا نیشـان دەدەی. کاتێـك داوام لێدەکـەی شـتێك بـۆ میوانـەکان بـژەنم دەتـەوێ تـەنیا نیشـانی بـدەی کـە لـەم دەوروبـەرەدا هـیچ پیـاوێکی دیکـە نییـە، کـە هاوسەرەکەی بتوانێ وەکو من پیانۆ لێدا. ئەمە راست نییە؟"

باد لەسەر کورسی پیانۆکە لە پەنا لۆرا دانیشت و گوتی:

" وازبێنـە، وەرە بائاشـت بینـەوە، بـا وەکـو بـۆ خـۆت دەڵێـی بگەینـە رێگـا چارەیەکی لۆژیکیانە."

شـێوازی پاڕانـەوە کـەی بـاد، کـەمێك دڵـی لـۆرای نـەرم کـرد، بـەڵێ ئـەو ئـافرەتێکی دڵناسـك بـوو، رەنگـە زیـاد لـە پێویسـت بەسـۆز بووبـێ. بۆیـە بـە ئارامی گوتی:

" منیش حەزدەکەم ئاشت ببینەوە، بەڵام تۆ ناهێڵی."

"زۆر باشـە، تـۆش نـاهێڵی لـۆرا. تـۆ سـەبارەت بـە مەسـەلەگەلێکی زۆر دڵـەڕاوکێت هەیـە. بـۆ نموونـە سـەبارەت بـەو هەواڵنامەیـە. دەبـێ بیروباوەڕەکانـت کـەمێك نـەرمتر بکـەی و ئـەو دیـو مەسـەلەکەش کـەمێك ببینـی. خـۆ تـام زەماوەنـدی لەگـەڵ ئـەو بیروباوەڕانـەدا نـەکردووە. بـا بزانـی کەمنیش لەگەڵ هەندێك بیروباوەڕیدا کۆکم."

" بۆ خۆشم ئەمە باش دەزانم."

"هـەروەها لەگـەڵ هێنـدێك لـە بۆچوونەکانیشـیدا هـاوڕانیم، بـەڵام مـن نیـازن وانییـە بـە هـۆی سیاسـەتەوە ئـازاری بـدەم. مـن بـێ لایـەن دەمێنمـەوە. لـە هەمانکاتیشـدا تـام ئـەزموونێکی بـاش پەیـدا دەکـات. ئـەو بەلگەهێنەرەوەیـەکی ژیـرە، بینیـت لـە قوتابخانـەی دواناوەندیـدا چـۆن قسـەی دەکـرد. لـەوەش دڵنیـام کـە لـە کۆلێـژ زیـاتر بـەرەو پـێش دەچـێت. ئەزموونیشـی لـەو رێکخـراوەدا جـۆرە خـۆ ئامادەکردنێکـە بـۆ ژیـان، دیـدار لەگـەڵ خەڵکـدا، کـارکردن لەگـەڵ خەڵکـدا، تـۆ نـاتوانی بلێـی کـە لـە داهـاتوودا چـی روودەدات. رەنگـە ئـەو ئـەم ئەزموونـە فێـر ببێـت و پاشـان سـەد و هەشـتا پلـە ئاراسـتەکەی

بگۆڕێــت و ئەزموونــەکانی تەنانــەت لــە بازرگــانی ئێمەشــدا بــەکارببات، خــوا دەزانێ چی روودەدات."

لــۆرا لەبەرخۆیــەوە دووبــارەی کــردەوە:" دیــدار لەگــەڵ خەڵکــدا! خــەڵکانێك کــە ئــەو شــتە پڕوپوچــانە لــەو هەواڵنامەیــەدا دەنووســن. کاتێــك بــەم شــێوەیە قسەدەکەی، حاڵم دەشێوێنی، باد"

پاشــان ســەری بــە هــۆی دەرمارەکــانی مێشــکییەوە لــەرزی، لــۆرا چــاوی نوقاند و گوتی:

" من ماندووم، دەمەوێ بچمە نێو جێگا."

بــاد بــە ســۆز و خۆشــحاڵییەوە گــوتی:" هــەر ئــەو کــارە بکــە ئازیزەکــەم، کــەمێك دڵــی خــۆت ئاســوودە بکــە. لــۆرا بچــکۆڵە داماوەکــە، بــەردەوام نیگــەرانی، نیگــەرانی، نیگــەرانی. تــۆ نــاتوانی تــەواوی کێشــەکانی دنیــا بــە کــۆڵ خۆت دابدەی.

بــۆ خــۆت دەزانــی کــە ئــەو رەشپێســتانە وریــای خۆیــان دەبــن و تــاجیش ئاگاداری خۆیەتی..

لــە کاتێکــدا کــە بــاد لــە قــاتی خــوارێ خــەریکی ســەیرکردنی تەلــەفزیۆن بــوو، لــۆرا لــە نێــو جێگــادا بەخەبــەر راکشــابوو. کوڕەکــان لــە ژوورەکــانی خۆیانــدا بــوون. بێگومــان تیمــیش خــەوی لێکــەوتبوو و سەگەکەشــی (ئیرێــل) لــە ژێــر قەرەوێڵەکــە پــاڵ کــەوتووە و رەنگــە تــامیش هــەوڵی دابێــت بــە جۆرێــك لــە جۆرەکــان تــووڕەیی خــۆی دامرکێنــێ. بەڕاســتی چ داهاتوویــەك چــاوەڕێی کوڕەکــانی وی بــوو؟ لــۆرا بــیری کــردەوە: " منداڵــەکانمان زۆر دڵمــان دەشــکێنن. کۆتــایی مەســەلەکە بــۆ تــیم زۆر روون و ئاشــکرایە و داهــاتووی تــامیش لــە نێــو بۆشــایی هــەوادا ســەرگەردانە. ئــەو زۆر هاوشــێوەی بــادەو شــێوازی پــاوانخوازی و کەللە رەقیشی چۆتەوە سەر باوکی."

ئەگــەر لــۆرا لەگــەڵ پیــاوێکی دیکــەدا زەماوەنــدی بکردایــە، کــە جینــەکانی خانــەکانی لەشــی جیــاواز بوونایــە، چــی رووی دەدا؟ ئایــا ئێســتاش تــام هــەر کــوڕی وی دەبــوو، ئایــا تــام نــەدەبوو. بــۆ نموونــە ئەگــەر لەگــەڵ فڕانســیس

ئاڵکاتــــدا زەماوەنــــدی بکردایــــە ئەوســـا چـــی رووی دەدا؟ (بیرکردنەوەیـــەکی سەقەت، پشێوییەکی فکری).

باڵندەیـــەکی بەخەبـــەر لەســـەر درەختـــەکانی نزیـــك پەنجەرەکـــە چـــریکەیەکی سەرســـوڕهێنەری لێبـــەرزبۆوە و پاشـــان ئـــارام بـــوەوە. ئـــەو چـــریکەیە کـــە بێـــدەنگی بـــە دواوە بـــووە ئێســـتا بـــە شـــێوەیەکی کـــت و پـــڕ لـــۆرای لـــە ئـــاوازی جرۆجانـــەوەری نێـــو حەوشـــێ ئاگـــاداركردەوە، کۆمەڵـــە دەنگێـــك بـــە شـــێوازێکی نـــزمتر، کـــە بەقـــەد بێدەنگییـــەکی بـــەردەوام نادیـــاربوو و وێـــڕای ئـــەوە لـــۆرا گـــوێی لێنـــەبووە. لەوانەشـــە لەبـــەر نـــاوی فرانســـیس ئاڵکـــات بووبـــێ کـــە لـــە نێـــو ســـندووقێکی بچـــووکی داخـــراودا لەســـەری خزابـــووە دەرێ. لـــەو ســـندووقە بچـــووکەدا بیرەوەرییـــەکی دیکـــەش ســـەری وەدەر نـــابوو، دەنگـــی ئـــەو شـــەوە هاوینییـــە، کاتێـــك کـــە لـــۆرا ئـــەو پارچـــە مۆســـیقا کورتـــەی شـــەوانەی بـــۆژەنی بـــوو. لـــەو شـــەوەدا سیســـرکەکان زۆر دەنگـــە دەنگیـــان دەکـــرد. دیســـانەوە بیرێکـــی هەڵـــە و گەمژانەی دیکە.

"کۆتایی بەشی حەوتەم"

"بەشی هەشتەم"

پۆســـتە هەمیشـــە درەنـــگ و لـــە کۆتاییـــەکانی دوانیـــوەڕۆدا بـــە دەســـتیان دەگەیشـــت. ئـــەو نامەیـــەی کـــە لـــە کـــەلێنی دەرگـــاوە هـــەڵیان دابـــووە ژووری، لەسەر تەختی ڕاڕەوەکەی ماڵێ کەوتبوو.

کۆمەڵـــە پســـوولەیەکی هەقدەســـت، پۆســـت کـــارتی پوورەکـــان کـــە خـــەریکی گەشـــت و گـــوزار بـــوون، کۆمەڵـــە داخوازییـــەك لـــە دامـــەزراوە فێرخوازەکانـــەوە، کـــە تـــەلۆ گلـــەیێکی پرۆپاگەنـــدەی کەرەســـتەی رازاندنـــەوەی ژووری چێشـــت لێنـــان، کراســـی دەستچـــن، باڵنـــدەی مـــاڵی و هـــەروەها شـــتی دەســـتکردی مـــرۆڤ ئەمانـــە هـــەمووی لـــەوێ کـــەوتبوون. ئـــەو رۆژە لـــە نێـــو نامەکانـــدا زەرفێکـــی ســـپی نامـــەیان تێـــدابوو. بـــەڕای لـــۆرا ئـــەو نامەیـــە بـــەو پیتـــە پیشـــەییانەیەوە، کـــە بـــەم شێوەیە دەخوێندرایەوە:

" لانگ فلو، برایس و مەکێنزی، راوێژکارانی یاسایی "

زۆر سەیر دەهاتە بەرچاو. لۆرا کەیفی بە رەوالەتی پیتەکان نەدەهات. لەبەرئەوەی کەمێك گەمژانە دەهاتنە بەرچاو. ئەو کارەکانی دیکەی وەلانان و دانیشت تاکو نامەکە بخوێنێتەوە:

"خاتوون و میستەر رایسی ئازیز، بەم دواییانە بابەتێك کەوتۆتە بەر سەرنجی منەوە، کە بۆ ئێوە بایەخ و گرنگییەگی زۆری هەیە. ئامانجی من لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە، کە داواتان لێبکەم کە لە رێگای تەلەفۆنەوە یاخود نامەوە بە زووترین کات پێوەندیم پێوەبکەن، تاکو ئێمە بتوانین لە هەر شوێن و جێگایەك بێت کاتێك بۆ چاوپێکەوتن دیاری بکەین و ئەم دیدارە رێك بخەین.

بە سوپاس و پێزانینە و دڵسۆزتان

راڵف. ر. مەکێنزی

بابەتێکی زۆر گرنگ و بایەخ! ئەم لەرزینەی دەمارەکانی مێشك بەراستی گاڵتەجاری بوو. ئەو ترپانەی لە ناکاوی دڵ! ئەو کەسانەی گیرۆدەی کاری بازرگانین هەمیشە لەو جۆرە نامانەیان پێدەکات. رەنگە کەسێك شتێکی بۆ فرۆشتن هەبێت، بەڵام راڵف مەکێنزی، کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە لەبەرامبەر جیم جۆنسۆندا، فرۆشیارێکی ئاسایی نییە.

دەبێ چ داخوازییەکی هەبێت؟ چاوەڕوان مانەوە گرفتێکی چارەسەر نەدەکرد، بۆیە لۆرا چووە لای تەلەفۆنەکەو داوای قسەکردنی لەگەڵ میستەر مەکێنزی دا کرد. ئەو گوتی:

" من هەر ئێستا نامەکەی بەڕێزتانم پێگەیشت و سەیرەکە یەکسەر و بێ دواکەوتن وەڵامتان دەدەمەوە. کێشە چییە؟"

"بابەتێکی زۆر شەخسییە خاتوو رایس، شتێکی وانییە کە بتوانم بە تەلەفۆن دەربارەی بدوێم. بەداخەوە."

لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی: تام و ئەو کارە تۆقێنەرەی ئەو شەوەی. خوایە گیان، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە مەسەلەکە پێوەندی بە تامەوە هەبێت؟ بەڵێ دەکرێ.

" من حەزدەکەم کە دیدارێك لەگەڵ بەڕێزت میستەر رایسدا رێك بخەم، دەکرێ جەنابت کاتەکەی دیاری بفەرمووی؟"

دەنگەکــە هــی پیــاوێکی گــران و ســەنگین بــوو، بــەڵام واش هیچــی دەرنەدەخســت. دەشکرا کە ئەو کابرایەکی قۆڵبڕ بێت.

لــۆرا بــە دڵــە راوکێــوە پرســیاری کــرد:" بــەڕێزت میســتەر مــەکێنزی کــە بــۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پیران کاندیدا کراوی، وانییە؟"

"بــەڵێ، بــەڵێ، راســتە. مــن تاکــە راڵــف مــەکێنزیم کــە نــاوی لــە دەفتــەری رێبــەری تەلەفۆندا تۆمارکراوە.

ئەگــەر دەتــەوێ دڵنیــایی، کــە مــن هــەمان ئــەو کەســەم کــە بانگەشــە دەکــەم. لــەم دەفتەرەدا ژمارە تەلــەفۆنی زۆری تێدایــە، کــە هــەموویان بــە گــوێرەی پیتــی ئــەلف و بــێ هاتوون، دەتوانی هەر کامێکیان تاقی بکەیەوە و تا باوەڕ بە قسەی من بکەی."

"شــتێکم پــێ بڵــێ، مــن زۆر نیگــەرانم. ئایــا لەبەرهۆیــەك داوای قەرەبووکردنــەوەی ژیانمان لێکــراوە؟ ئەگــەر کێشــەیەك لــە کــاری بازرگانیــدا هاتۆتــە پــێش، دەبــێ پەیوەنــدی بە مێردەکەمەوە بکەی لە نووسینگەی کاریدا."

" تکــات لێدەکــەم دڵگــران مەبــە. هــیچ کــەس داوای قەرەبووکردنــەوەی لــە ئێــوە نەکردووە."

ئــەو دڵگەرمییــە بــووە هــۆی ئــەوەی کــە لــۆرا هەســت بــە بــێ ئــەقڵی بکــات، بۆیــە یەکسەر گوتی:" نــازانم بــۆ ئــەو قســەیەم کــرد. بەڕاســتی ئێمــە پارەمــان لــە کــەس قــەرز نەکردووە، قەرزی کەسمان لەسەر نییە، هیچ کارێکی نایاسایشمان ئەنجام نەداوە."

"بەڕاستی من بە پەرۆشم کــە بوومــە هــۆی نیگــەرانی بــەڕێزت و نامــەوێ بــە شــێوەی نهێنی ئامێز دەرکەوم. پێم بڵێ چ رۆژێك پێتان دەکرێ، سبەینێ باشە؟"

ئــەو پیــاوە دەتگــوت زۆر پەلەیــەتی و ئــەو پەلەکردنەشــی گوازرابــۆوە بــۆ خــودی لۆراش، بۆیە بــە خێرایــی وەڵامــی دایــەوە" بــەڵێ ســبەینێ دوانیــوەڕۆ، بــەیانی شــەممەیە و مێردەکــەم لــە مــاڵ دەبێــت.. پاشــان بــە وەبیرهێنانــەوەی ئــەوەی کــە ئــەو پیــاوە داوای چاوپێکەوتنی دەکرد نەك خودی ئەو، بۆیە بە حاڵەتێکی گران و سەنگینەوە گوتی:

" کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ بۆ ئێمە لە بارە."

"زۆر سوپاست دەکەم خاتوو رایس."

بــاد بــە شــێوازێکی ناڕازیانــە گــوتی:" خوایــە گیــان، ئــەو کەســێکی سیاســەتوانە. خەریکی کۆکردنــەوەی پارەیــە بــۆ چــالاکییە هەڵبژاردنــەکانی خــۆی، دەچــیتە ئێــرەو ئــەوێ

و سوالْ دەکات. بابەتێکی شەخسی، بەلاّم بۆ ئەو پیاوە خوێڕییە بابەتێکی شەخسییە و تۆش کەوتووتییەتە داویەوە...

باد پێکەنی و درێژەی دا:" زۆر باشە، من کارێکم بۆ وی لە دەست نایە. ئەو بە هەڵەدا چووە. من هەرچییەکم پارە هەبێت بۆ جۆنسۆنی خەرج دەکەم."

" من نازانم." پاشان دیسانەوە هەستێکی تۆقێنەر بەسەر لۆرادا زالْ بوو و درێژەی دا:" ئەو گوتی مەسەلەیەکی بەپەلەیە. پیاوێکی زۆر بە ئەدەب بوو...

"ئەها تێگەیشتم، کوڕە مامێکی من یان تۆ مردووەو بێ ئەوەی میراتگرێکی هەبێ، یاخود ژن و منداڵی هەبێ، ئەوسا هەموو سامانەکەی بۆ ئێمە بە میرات بە جێهێشتووەو ئەوان وەکو دوورترین کەسوکاری ئێمەیان دۆزیوەتەوە.!

بەدڵنیاییەوە هەر ئەمەیە لۆرا. ئۆهو، خوایە گیان، ئێمە بەو پارەیە دەتوانین هەموو دنیا بگەڕێین من ملوانکەیەکی ئەڵماس بۆ دەکڕم، کە لە ڕێگای فرۆشگای کەلوپەلی خواردەمەنیدا لە ملی بکەی، چۆنە؟"

لۆرا بێ ئەوەی وەلاّمی پێکەنینەکەی باد بداتەوە گوتی:

" ئەو سبەینێ دێت."

ئەمجارە باد خۆی مۆن کرد و گوتی:" تۆ نەدەبوایە ڕێگەی ئەوەت پێ بدایە. دەبوایە لێی گەڕێی کە بەوەوەی لە هەگبەی دایە بێتە نووسینگەکەی من. من کارە بازرگانییەکانم لە ماڵەوە کە دەبوایە ئەو باشتر لەمە تێگەیشتبایە، پارێزەرێکی خاوەن کەسایەتی وەکو وی، لانگ فلو، برایس و مەکێنزی...."

"بەلاّم ئەو گوتی مەسەلەیەکی شەخسییە."

***

ڕاڵف:" مەکێنزی لە کاتی خۆشدا ڕاست کاتژمێر سێ گەیشتەجێ. ئەو بالاّ بەرز و بەژن باریك بوو و لەو چاکەت و پانتۆڵە جوانە کەتانییەی داو بەو جانتا چەرمییەی بە دەستییەوە بوو کە پڕ بوو لە کاغەز، وەکو پارێزەر دەهاتە بەرچاو. ئەو بە ڕووخۆشییەوە گوتی:

"داوای لێبووردن دەکەم کە لە ماڵێ سەرتان گران دەکەم، بەلاّم پێم وابوو، کە ئێوەش هەست پێدەکەن بەم شێوەیە باشترە."

باد بە هەڵسوکەوتێکی ئەدەبانەوە، کە زۆر بەدڵگیری نیشان دەدا گوتی:

"زۆر دروستە. ئێمە دەتوانین لە ژووری کتێبخانەدا دانیشین. ئەوێ فێنکترین ژووری ئەم ماڵەیە."

مەکێنزی جانتاکەی لەسەر زەوی لە پەنا کورسییەکەی خۆی دانا، پاشان کردییەوە و دوو سێ کاغەزی تایپ کراوی لێدەرهێناو ئامادەی قسەکردن بوو، بەڵام باد دەسپێشخەری کرد و دەستی کرد بە قسە"

"ڕێگەم پێ بدە تاکو پێت بڵێم ئەگەر داخوازییەکت هەیە لە بواری هاوکاریدا بۆ چالاکییەکانی هەڵبژاردن، من لایەنگری جۆنسۆنم. من هەمیشە پێم وابووە کە دەبێ لە سەرەتاوە راستگۆیانە قسە بکرێت."

"بەڵێ، تێدەگەم، بەڵام ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە بەرنامەی هەڵبژاردنەوە نییە. من وەکو پارێزەر لێرەم نەك وەکو کاندێکی هەڵبژاردن."

لۆرا ئۆقیبوو، تۆقین وەکو ئاوی سارد لە هەست و نەستیدا دەگەڕا، رشووداوەکانی ئەو چەند رۆژەی دوایی لەبەرامبەر بە هێزە دەرەکییەکان زۆر لاوازی کردبوو. هەڕەشە و مەترسییەك لە جیهاندا لە ئارادابوو کە ئەو هیچکات ئەوەندە روون و ئاشکرا لێی ئاگادار نەببووەوە.

نیگای تێڕاماوی لۆرا، هەروا کە بە چاوەڕوانی دانیشتبوو، بڕدرابووە ئەو پیاوە.

"هەروەکو بە جەنابتم گوت، خاتوو رایس، ئەمە بابەتێکی زۆر شەخسییە، بابەتێکی بە ئازارە، بۆیە بەبێ پێشەکی یەکسەر دەچمە سەر خاڵی سەرەکی باسەکە. من پارێزەری بنەماڵەیەکم کە کوڕەکەیان لە عیادەی ئافرەتانی تایبەتی بادنێس کە ئێستا هەڵوەشاوەتەوە، لە دایك بووە. ئەو کوڕە لە رۆژی ٨ ی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٧٤دا هاتە دنیاوەو ئێوەش کوڕێکتان هەیە بە ناوی تۆماس کە دەزانم ئەویش لە رۆژی نۆیەمی تەمموزدا لە دایك بووە، ئایا بە هەڵەدا نەچووە؟"

باد گوتی:" تۆماس پایگ رایس.. ئەوسا دەنگی بەرزتر بۆوە:" مەسەلەکە چییە؟"

مەکێنزی لە کاتێکدا کە لە کاغەزەکانی دووبارە دەخستە نێو جانتاکەیەوە، بۆ ساتێك لە داخستنەوەیدا گرفتی دروست کرد، ئەم دواکەوتنە مرۆڤی شێت دەکرد، بەڵام لۆرا تێگەیی کە ئەو دواخستنە بە ئەنقەستە، لەبەرئەوەی ئەو پیاوە هەستی بە

ئازار دەکرد. کاتێـك بـە تـەواوی جانتاکـەی داخسـت، لـە بـادەوە سـەیری لـۆراو هـەروەها بە پێچەوانەی کرد:

"خـاتوون و میسـتەر رایـس، ئەمـە قورسـترین بابەتـە کـە مـن تـاکو ئێسـتا لـە مـاوەی ئـەو چـواردە سـاڵەدا کـە لـە کۆلێـژی بـووم لەگەڵیـدا و ئـەنجامم داوە. کۆمەڵـە بەڵگەیـەك لەبەردەسـتدایە کـە نیشـان دەدات، هەڵەیـەك لـە نەخۆشـخانە روویـداوە کـە بـە هەڵـە منـداڵی ئـەو دوو خێزانـە گـۆڕاون و بـە هەڵـە منداڵی یەکتریان گەورە کردووە."

لـۆرا قیژانـدی و بـادیش کـە لـە سـەر قەنەفەکـە لـە پـەنای دانیشـتبوو لـە جێـی خـۆی راپـەڕیی و هـاواری کـرد:" چـی؟ شـێت بـووی کـە بـە چـیرۆکێکی خەیاڵییەوە هاتوویە ئێرە."

"خۆزگـە خـەیاڵی بوایـە، میسـتەر رایـس، بـەڵام مـن دەتـوانم پێتـان بڵـێم کـە مـن نوێنـەری خێـزانێکم و ئێمـە چـەندین مانگـە خـەریکی تـاوتوێکردنی ئـەم بابەتەین و بەداخەوە."

باد هاواری کرد:" نامەوێ گوێم لەو قسانە بێت."

لـۆرا قـۆڵی گـرت و گـوتی:" بـاد، بـاد، تکـات لێدەکـەم تـووڕە مەبـە، ئێمـە ناچـارین گـوێ بـۆ قسـەکانی ئـەو برایـە بگـرین. سـوپاس بـۆ خـوا کـە تـام لـە ماڵەوە نییە."

دڵی لۆرا بە خێرایی لێ دەدا.

"سەیری هاوسەرەکەم بکە، خەریکە لە هۆش خۆی بچێت."

مـەکێنزی سـەری خـۆی لەقانـدوگوتی:" مـن نـازانم کـە دەبـێ چـی بکـەم. دەبوایـە ئەمـەتان پـێ راگەیـەنم، بـەڵام نامـەوێ نارەحـەتتان بکـەم خـاتوو رایـس، دەبێ چی بکەین؟"

ئەوسـا تەماشـایەکی لـۆرای کـرد، کـە نیشـانەی ئەوپـەڕی هاوسـۆزی و هاوخەمی وی بوو.

لۆرا گوتی:" هەڵبەت بەڕێزت ناچاری درێژە بە قسەکانت بدەی."

"ئــەو خێزانــەش کاتێــك پێیــان گــوتن کــە شــتێکی وا هەیــە هاتنــە لای مــن. ئــەوان بــە هــەمان ئەنــدازە تووشــی نابــاوەڕی و داچــڵەکین بــوون، کــە ئێــوە تووشــی هاتوون."

بــاد قســەکەی پــێ بــڕی و گــوتی:" ئەمــە تەڵەکەبازییــە، شــتی وەهــا روونــادات. ئەمــە ئــازار و ئەزیــەتێکی تۆقێنــەرەو مــن ئامــادەم تــاکو دوایــین دڵۆپــە خــوێن لــە دژی تــۆ بجــەنگم.. ماســوولکەکانی ملــی بــاد لــە یەخەکراوەکــەی کراســەکەی دەرپــەڕیبوون و کوڵمەکانیشــی ســوور هەڵگەڕابوون:

" هاتوویــە ئێــرە بــۆ ئــەوەی دەمارەکــانی مێشــکمان تێــك بــدەی." پاشــان بــە وەبیرهێنانــەوەی پێگــەی خــۆی بــە شــێوازی ئــارامتر گــوتی:" نامــەوێ ســەرکۆنەت بکــەم میســتەر مــەکێنزی، تــۆ پــارێزەری و وەکــو پــارێزەریکیش بــە وەهــا چــیرۆکی فریودەرانــە و گەمژانــەوە دێنــە لای ئێــوە، دەشــزانم کــە تــۆ ناچاری گوێ بۆ قسەکانیان راگری، بەڵام من ناچارنیم."

مــەکێنزی بــە ئــارامی گــوتی:" ئــەم بەســەرهاتە زۆر بــە ئــێش و ئــازارە، بــەڵام بــە هــیچ جۆرێــك تەڵەکــەبازی نییــە، مــن دەتــوانم ئــەوەتان پــێ بســەلمێنم. مــن ســاڵانێکی دوورودرێــژە کــە ئــەو کەســانە دەناســم، ئــەوان هــەروەکو کــە مــن بــەڕێزن و پێویســت بــە باســکردن ناکــات کــە مــن کــاری شەخســی خــۆم ئــەنجام داوە. ئێمــە تــەواوی بەڵگــەکانمان تــاوتوێ کــردووە، کــە لــە دوای داخســتنی عیــادەی بارنێســەوە گوازراونەتــەوە بــۆ نەخۆشــخانەی ویڵســۆن ژەنــەڕاڵ. ئێمــە قســەمان لەگــەڵ تاکــە پەرەســتیاری ئــەو بەشــەدا کــردووە، کــە تــاکو ئێســتاش هــەر لــەوێ کاردەکــات، دیــارە کــە ئــەو هــیچ نــازانێ، تــەنیا راســتییەك کــە دەتــوانین بــە ئاشــکرایی بیســەلمێنین ئەوەیــە کــە لــەو ســەردەمەدا، لــە بەشــی لــە دایکبووانــدا تــەنیا یــەك منــداڵی نێرینــەی دیکــەی لێبــووە، کــە ئــەویش هــی میستەر هومر و خاتوو رایس بووە. هەر ئەوەندە و بەس."

بــاد بــە قورســی هەناســەی هەڵدەکێشــا، بــە دەســتە گرمۆڵــە کراوەکانییــەوە لەســەر ئــەژنۆکانی، پــاڵی دابــووە پێشــەوە.. دیســانەوە بــە ئــارامی و هــەوڵ دانەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی خۆی گوتی:

" نا، نا، ئیدی بەسە، ئیتر بەسە میستەر مەکێنزی...

لۆرا زۆر لەسەرخۆ گوتی:" نا، نا، بەس نییە یاد. ئێمە دەبێ گوێ راگرین، چارەمان نییە." ئەوسا بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر خۆیدا دەسکی کورسییەکەی گرت. مەکێنزی دەستی کرد بە قسەکردن:

" نزیکەی پێنج مانگ لەمەوبەر کوڕی ئەو خێزانە بەناوی پتێر، کە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە منداڵێکی نەخۆش بوو، تووشی قەیرانێکی نەخۆشی بوو. لە ماوەی چەندین ساڵدا، ئەوان لە ناوەندێکی گەورەی پزیشکییەوە بۆ ناوەندێکی دیکەیان بردبوو. چووبوونە بالتیمور، نیویۆرك، ئەتلەنتا، توێژینەوەی جینیتیکی ئەنجام درا و بۆ هەمان مەبەست کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەکی بەرفراوانی خوێنی دایك و باوك ئەنجام درا، هەروەها توێژینەوەی جینیتیکی دی. ئێن تا، کە لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت، کە ئەگەری ئەوە هەیە کوڕی ئەوان نەبێت."

لەو ساتە وەختەدا باد بە تەواوی کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دابوو:" بەڵام تاقیکردنەوەکان هیچکات هەڵەناکەن! کەسێکی شێت لە تاقیگەدا بۆی دەرکەوتووە، کە منداڵەکەیان هی ئەوان نییە. ئەو مرۆڤانە بۆ خۆیان شێتن و لێرە لەوێ دەگەڕێن تاکو بزانن کوڕەکەیان لە کوێیە و چ کەسێکەو ئەوسا تێدەگەن، کە کوڕەکەی من منداڵی ئەوانە!

خوایە گیان، مرۆڤ لە ژیاندا گوێی لە چ شتێکێ سەیر دەبێ! تۆ پێت وایە من تا چ ئەندازەیەك گەمژەم؟"

" من دەزانم کە ئەم بەسەرهاتە وەکو رۆمانێکی پۆلیسی وایە، بەڵام."

مەکێنزی دەیویست درێژەی پێ بدات، کە دووبارە باد قسەکەی پێ بڕی:

" نا، نیوە پۆلیسییە. تامی من، رۆڵەی من، هیچ شتێکی شاراوەش لە گۆڕێ نییە، تێگەیشتی؟"

بۆ چەند ساتێك بێدەنگی بووە فەرمانڕەوا. لۆرا بەو دەستانەی کە دەسماڵی سفرەکەی بە توندی گرتبوو، ئارەقەی نێو چاوانی خۆی سڕییەوەو هەروا چاوەڕێ دانیشتن.

ئەوسا مەكێنزی بە ئارامی گوتی:" من لێرە بەڵگەنامەی زۆرم لەلایە، ئەگەر دەكرێ چاوێكی پێدا بخشێنن."

باد هاواری كرد: گ نا، من بە هیچ شێوەیەك شتی وەهام قبوولْ نییە، كە گەرەكم بێت شتی وا پڕوپووچ بخوێنمەوە."

مەكێنزی بەسەیركردنی لۆرا ڕێگایەكی دیكە گرتەبەر:

" ئەگەر ئێوە لەوە تێبگەن كە بەڕاستی بەسەرهاتەكە چۆن چۆنییە، ئایا بەڕاستی هزر و بیرتان ئاسوودە نابێت؟"

باد گوتی:" بیری ئێمە بەڕاستی ئاسوودەیە، بە تەواوی بێ كێشەین."

"بەڵام ئەگەر من لە جێگای ئێوە بوومایە هەستم بە ئاسوودەیی نەدەكرد. لە ماوەی ئەو ڕۆژانەدا كە كوڕەكەی ئێوە و ئەو كوڕەی دیكە لە دایك بوون، ئەو نەخۆشخانەیە تەنیا پێنج منداڵی لێبووە، كەسێ لەوانە كچ بوون."

باد بە شێوازێكی بڕیاردەرانە گوتی:" گوێ بۆ قسەی من بگرە، منداڵی دیكەی كوڕیش لەو نەخۆشخانەیەدا هەبوون. ڕەنگە منداڵێك لە بەشی منداڵە نەخۆشەكان ڕاهێندرابێتە ئەوێ. ئەمە دروست نییە لەبەرئەوەی كوڕێكی دیكە لە نێو تازە لە دایكبووەكاندا بووە، كە بەرێكەوت كوڕی من بووە، بیخەینە ژێر ئازار و ئەزیەتەوە."

"ئەگەرەكەی بەڕێزت ئالۆژیكیانەیە میستەر رایس، بەڵام من دیسانەوە قبوولّی دەكەم كە ئەوەش ئەگەرە."

مەكێنزی هەڵوەستەیەكی كرد و گوتی:

"هەر لەبەرئەوەش بوو، كە دەبوایە ئێمە هەموو بابەت و مەسەلەكان تاوتوێ بكەین. ئەوانەی منیان كردۆتە بریكاری خۆیان دەڵێن كە ئەم ئالۆگۆڕكردنەی منداڵەكان جگە لە نەخۆشخانە نەدەكرا لە هیچ جێگایەكی دیكە رووبدات، چونكە ئەوان یەكسەر منداڵەكەیان بردۆتەوە ماڵێ و قەت لەبەرچاویان لانەچووە."

باد گوتی:" ئەمەش چیرۆكێكی گەمژانەی ترە."

"ئەگــەر وابــێ، ڕێگــە چــارەیەکی دیکــە هەیــە، کــە تــەواوی مەســەلەکە ڕوون دەکاتــــەوە. تـــەنیا کارێـــك کـــە ئێـــوە دەبـــێ بیکـــەن ئەوەیـــە کـــە چـــەند تاقیکردنەوەیـــەکی خـــوێن ئـــەنجام بـــدەن، هـــەم تـــۆ و هـــەم هاوســـەرەکەت و هەمیش کوڕەکەتان."

باد بە تووڕەیی گـوتی:" تاقیکردنـەوەی خـوێن؟ مەگـەر شـێت بـین، کـە کـارێکی لـەو جۆرە بکەین. ئەمە بە هیچ جۆرێـك کـارێکی مرۆییانـە نییـە، ئەمـە جـۆرە هێرشـێکە بـۆ سەر ژیانی تایبەتی ئێمە."

مەکێنزی گوتی:" نا، من دەتـوانم فـەرمان لـە داگـا وەربگـرم، بـەڵام وام پـێ باشـترە، کە ئەو کارە نەکەم."

لۆرا لە قوڕگیدا هەستی بـە ڕشـانەوە کـرد. خۆزگـە بـاد بیتوانیایـە بـەو کابرایـە بڵـێ لە ماڵێ بڕواتە دەرێ. خۆزگە دەیتوانی ڕاکێشێ و بیر و هزری کۆبکاتەوە.

بـــاد گـــوتی:" بـــۆ ئـــەو نـــەفرەت لێکراوانـــە داوای قەرەبووکردنـــەوە لـــە نەخۆشـــخانە ناکەن و واز لە خەڵك بێنن؟..

"خـــۆ پـــێم گـــوتی، ئـــەو نەخۆشـــخانەیە ئـــیتر نـــەماوە. بەهـــەرحاڵ بەهـــەرحاڵ ئـــەوان هەقی ئـەوەیان نییـە کـە لـە ناوچـووە، تـەنیا دەیانـەوێ بـزانن داخـۆ منداڵەکـەیان لـە چ بارودۆخێکدا ژیان بەسەردەبات."

لـــۆرا بـــە هـــۆی زۆر ترســـانەوە توانـــای قســـەکردنی نـــەبوو. فرمێســـکەکانی کـــە بـــە ئەگـەری زۆر کۆببوونـەوە و بـەڵام ئـەو زۆر ئازایانـە ڕێگـەی لـە ڕژانیـان گرتبـوو. ئێسـتا ئیـــدی وەکـــو تـــاوی بـــاران هـــەڵڕژان. ئـــەو دەســـتەکانی خســـتنە ســـەر دەمـــوو چـــاوە گرگرتووەکەی و ڕێگەی ئەوەی دا فرمێسکەکانی بڕژێتە نێو پەنجەکانییەوە..

باد بـە نارەحەتییـەوە گـوتی:" تەماشـاکە، بزانـە چـیت بەسـەر هاوسـەرەکەم هێنـاوە. ئایا ڕەوایە کـە خێزانێـك لـە پـاش نیوەڕۆیـەکی دڵگـیری شـەممەدا لـەم هاوینـەدا ئەوەنـدە ئازار بدرێ و تووڕە بکرێت؟"

پاشـــان دەســـتی بـــەرزکردەوە و لـــە کاتێکـــدا کـــە وێنـــەی تـــامی لەســـەر مێـــزی کتێبخانەکـە هەڵـدەگرت، بـە مـەکێنزی نیشـان داو گـوتی:" ئەمـە کـوڕی ئێمەیـە، ئـەو نابێت وشەیەك لـەم قسـە پڕوپووچـانە ببیسـتێت میسـتەر مـەکێنزی، تێگەیشـتی؟ ئەمـە کوڕەکەمان لەناو دەبات و من قەت ڕێگەی ئەوە نادەم."

مـــەکێنزی تـــەنیا گـــوتی:" پیـــاوێکی گـــەنجی قـــۆزە." پاشـــان جانتـــا دەســـتییەکەی کردەوە و گوتی:" منیش لێرە وێنەیەکی پتێر کرافیلدم لە لایە."
باد گوتی:" بۆ خۆت هەڵگرە."
مـــەکێنزی وێنەکـــەی بـــەرزکردەوە تـــا بـــە شـــێوەیەکی تـــەواو رووخســـار ببینرێـــت و لۆراش بـــە نابـــەدڵی چـــاوی هـــەڵبڕین. گـــەنجێکی قـــژ زەرد بـــە دەموچـــاوێکی ناســـکەوە تێـــی رامـــابوو. لـــوتی کـــورت بـــوو نێـــوانی لەگـــەڵ لێـــوی ســـەرەوەی زۆر بـــوو. چـــەناگەی بـــە شـێوەیەکی دیـار و ئاشـکرا قـۆڵ بـوو. ئـەو دەموچـاوە، دەموچـاوێکی تیمـی بـوو، لـۆرا بەدم ناڵەوە گوتی:
"ئەوە تیمییە، خوایە گیان، ئەمە تیمییە."
باد دەستی درێژکرد و وێنەکەی وەرگرت، ئەوسا بە ئارامی گوتی:
"ئەمە بە هیچ جـۆرێکیش تیمـی نییـە، مـن دەبـێ خـۆم یـەکلایی بکەمـەوە. هـەموو شتێك بە من بسپێرە."
مەکێنزی بـە ئـارامی گـوتی:" میسـتەر رایـس، پێموایـە کـە ئێـوەش دەبـێ پـارێزەر بگرن. ئەم بابەتە جارێ کۆتایی پێ نایە، لەمە دڵنیاتان دەکەمەوە."
"قبروسـیا! باشـە! پـارێزەر دەگـرم. فـۆردایس و فـۆردایس پـارێزەری مـنن. ئەگـەر ئەوانـە واز لـە مـن نـەهێنن، مـن لـە هـەر دادگایـەك لـەم وڵاتـە داوای قەرەبووکردنـەوە دەکەم."
بـاد بـە لاقرتێـوە گـوتی:" خوایـە گیـان ! پێموایـە ئـەوان بـە دڵنیایـەوە داوای مـافی بەخێوکردنی منداڵیش دەکەن."
مـەکێنزی بـە هێواشـی گـوتی:" کاتێـك کەسـێك تەمـەنی هـەژدە ساڵی تێپەڕانـدبێ ئیدی مافی بە خێوکردنی مانای نییە."
لۆرا لە دڵـی خۆیـدا بـیری کـردەوە:" ئـەو کەسـانە کـێن؟ ئـەوان لـە هـەوڵی چـی دان؟ تان هی منە. خوایە گیان، خوایـە گیـان، مـن نـاتوانم بـاوەڕ بکـەم. تەنانـەت ئەگـەر ئـەو کوڕە هاوشێوەی تیمیش بێت، ئێ خۆ زۆر کوڕ هاوشێوەی تیمیسن."
لەو حاڵەدا مەکێنزی لـە رووخسـاری یـەکێك لـەو دووانـە سـەیری ئـەوی تـری دەکـرد. بـاد لـە زەوی رامـابوو. دەسـتە گرمۆڵـە کراوەکـانی بەردابوونـەوە. بـەڕای لـۆرا ئـەو لـە مـاوەی نیـو کاتـژمێردا پیربـوو. لـۆرا نیگـای تێڕامـاوی چـاوە قـاوەیی و خـەمبارەکانی

مەکێنزی بینــی. ئــەویش پەرۆشــان بــوو. ئــەو پیــاوێکی بەســۆز بــوو و هــەر چــۆنێك بێــت لۆرا متمانەی پێ هەبوو. لۆرا پرسیاری کرد:

" ئەو کەسانە کێن؟ دەکرێ بزانم؟"

"بۆچــی نــا، هەڵبــەت ئــەوان لــە رێگــای نەخۆشــخانەوە دەربــارەی ئێــوە هەنــدێك زانیارییان دەست کەوتووە."

باد لە شوێنی خۆی راپــەڕی:" ئــەو نەخۆشــخانەیە ئیــدی بــوونی نییــە، بــۆ خــۆت وات گوت."

"هەڵبــــەت ئــــەو نەخۆشــــخانەیە فرۆشــــراوە و بەڵگەنامــــەکانی گوازراونەتــــەوە بــــۆ نەخۆشــخانەی ویلســـۆن ژەنــەراڵ و ئــەو خێزانــەش نــاوی کرافیلــدە. ئــەوان خــاوەن فرۆشــگایەکی زنجیرەیــین (کۆمپانیــا)، ئــارتۆر و مارگرێــت کرافیلــد. ئــەوان پێشــتر لێــرە دەژیــان، بــەڵام بەشــی ئێرەیــان فرۆشــت و ئێســتا تــەنیا فرۆشــگای ســەرەکی بەڕێوەدەبــەن، کە دەکەوێتە بەرامبەر بینای کۆنگرێس، رەنگە رێتان کەوتبێتە ئەوێ."

برۆیەکانی بــاد لێــك نزیــك بوونــەوەو هێڵێکــی ســوور و راســت و درێــژی لەســەر لــوتی دروست کرد:" چی؟ کرافیلد؟ مەبەستتان ئەوەیە کە پێم بڵێی."

مەکێنزی نیگایەکی بەردەوام و ئارامی تێگرتن و گوتی:

"با، هەروایە، ئەوان جوولەکەن."

"زۆر باشە، زۆر باشــە، تــۆ نــەك هــەر تــەنیا چیرۆکێکی نابــا وەرانــەت لەگــەڵ خۆتــدا هێناوە، کە بەڕاستی تۆقێنەرە، بەڵکو خەریکە سووکایەتیشمان پێ دەکەی.

جوولەکەکان، بەڕاستی ئەمە مرۆڤ لەگەڵیدا هەڵناکات."

بــاد کــە ئیــدی توانــای جێگیرکردنــی هەســتەوەرییەکانی خــۆی نــەمابوو، لەســەر کورسییەکە کەوت. لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی:

"ئێستا تووشــی وەســتانی دڵ دەبێــت، بــەڵام مــن هــیچ کــارێکم لــە دەســت نایــە و وا دێتــە بەرچــاو، کــە ســەرەڕای هــەر شــتێکی تــر، ئــەو ئێســتا دەتــوانێ بــەرەنگاری ئــەم کێشەیە ببێتەوە. بەهەرحاڵ تامیش لەم مەسەلەیە ئاگادار دەبێتەوە."

لــۆرا گــوتی:" میســتەر مــەکێنزی بــەڕێزت گوتــت، کــە کوڕەکــەی دیکــە نــاوی پتێــر بوو. ئەو نەخۆش بوو؟"

"بەڵێ، تا رادەیەك لە سەرەتای لە دایك بوونییەوە. دەبێ بڵێم کە ئەو تووشی نەخۆشی سیستیك فیبرۆزیس ببوو."

سەر لە نوێ دڵی لۆرا کەوتەوە ترپە، بە خێرایی لێی دەداو خەریك بوو لە سینگی بێتە دەرێ. سیسیتیك فیبرۆزیس و ئەو وێنەیە، بەڵێ ئەو بە تەواوی هاوشێوەی تیمی بوو. لۆرا هەوڵی دا بە جۆرێك وشەکان دەربرێت:" بەڵێ، چی بەسەرهات؟ مەبەستم ئەوەی کە ئێستا لە چ حاڵێك دایە؟"

" ئەو کۆچی دوایی کردووە خاتوو رایس، سێ مانگ بەر لە ئێستا ماڵئاوایی لە ژیان کرد."

"کۆتایی بەشی هەشتەم."

"بەشی نۆیەم"

مارگرێت کرافیلد گوتی:" من نازانم تۆ چۆن بەم هەموو کارانە رادەگەی، لەمسەرئەوسەری ویلایەت بۆ هەڵبژاردن چالاکی دەکەی و ئێستاش کاردەی ئێمەت خستۆتە پێشەنگی کارەکانتەوە بەدڵنیاییەوە تۆ زۆر ماندووی."

مەکێنزی بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:" من کەیفم بە چالاکی دێت."

جۆرە خۆرشاگرییەکی لادێیانە لە مارگرێتدا هەبوو کە مەکێنزی دڵخۆش دەکرد. دەربڕینی دەستەواژەی لادێی بەرامبەر ئافرەتێکی وەها کە ئەوەندە بەرگی جوان و پۆشتە بوو، بە گەمژانە دەهاتە بەرچاو. لە ئارایشی قژی پڕیەوە بگرە تاکو ئەو قۆندەرە سوورانەی کە لە پێی بوون، هەموویان رەواڵەتێکی جوانیان پێ دەبەخشی، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو لە رووی جەستەییەوە لەشێکی لەڕادەبەدەر ساغ و تەندروستی هەبوو و هەروەها جۆرە خۆ راگرییەکی هەبوو، کە بە هیچ جۆرێك شاریانە نەبوو.

هەر کاتێك مەکێنزی لە ماڵی کرافیلد بوایە، خۆزگەی بە ئارتۆر دەخواست و وا بیری دەکردەوە، کە ژنهێنان کارێکی زۆر باشە، بەڵام وێڕای ئەوە ئەو قەت زەماوەندی نەکردبوو. ئارتۆر بە بێ تاقەتی گوتی:

"کەواتە تۆ دوێنێ لەوێ بووی."

"هەروەکو لە تەلەفۆندا بە جەنابتم گوت، من لەو باوەڕەدام ئەوان هەمان ئەو کەسانەن، کە ئێمە بەشوێنیان دەگەڕێین."

مارگرێت یەکسەر بەدوای مەسەلەکەدا چوو و گوتی:

"رالّــف، لەســەر چ بنەمایــەك بڕیــارێکی وەهــا دەدەی؟ لەبەرئــەوەی منداڵەکــەی ئەوان تاکو کوڕی تازە لە دایك بوو لەبەشی ئافرەتان و لە دایکبووندابوو؟"

"هەڵبــەت ئــەم بابەتــە، ئەگەرەکــە کــەمێك زیــاد دەکــات، بــەڵام مەســەلەگەلێکی دیکــەش لــە گۆڕێیــە، کاتێــك مــن وێنــەی پتێــرێم نیشــان دان، خــاتوو رایــس بــە تــەواوی راچــەنی بەباشــی دیــاربوو. ئــەو بــە مێردەکــەی گــوت، کــە خــاوەنی وێنەکــە هاوشــێوەی تیمییە. ئەوان دوو کوڕیان هەیە، تام و تیمی. لەبیرتانە؟"

ئارتۆر گوتی:" کوڕە گەورەکە ناوی تامەن جەنابت وێنەی ئەوت بینی، وانییە؟"

"بەڵێ، کوڕێکی گەنجی قــۆز.. پاشــان مــەکێنزی بــە دیتنــی ئــەو دووانــە، کــە لەســەر کورســییەکان را بــەرەو پێشــەوە نوشــتابوونەوە و شاگەشــکەبوونیان پێــوە دیــاربوو، لــە دڵی خۆیدا گوتی: ئایا زیاد لە پاس کردوون؟"

بــەڵام یەکســەر پاشەکشــەی لــە قســەکەی کــرد و گــوتی:" هەڵبــەت رەنگــە ئــەو وێکچــوونی پتێــر بــە کوڕەکــەی خــۆی تــەنیا خــەیاڵ کردبێــت. تــەنیا بــە ئەنجامــدانی تاقیکردنەوەی خوێنــە کــە دەتــوانین لــە هــەموو شــتێك دڵنیــا بــین. خــۆ بــۆ خۆتــان باشــتر دەزانن."

"بەڵام بەڕێزت گوتــت کــە میســتەر رایــس بەرامبــەر بــەم پێشــنیارە نــاڕەزایی نیشــان داوە وانییە؟"

"جیــاوازی نییــە، ئێمــە دەتــوانین ئەگــەر ناچــار بــین لــە دادگــاوە فــەرمان وەربگــرین، هەرچــەندە مــن پــێم وایــە پێویســت بــەو کــارە نــەکات. خــاتوو رایــس بــە تــەواوی ئارەزوومەند دەهاتە بەرچاو."

مارگرێت گوتی:" ئەو لوژێکی تر دێتە بەرچاو."

مــەکێنزی گــوتی:" بــەڵێ، وایــە." ئەوســا ئــەو کاتــەی هێنایــەوە یــاد کــە لــۆرا بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی هەســتەکانی خــۆی دەســتی لەســەر دەموچــاوی خــۆی دانــابوو و پاشــان تەماشــای وی کردبــوو، نیگایــەکی زۆر بــە ئــازار و هەراســان، وەکــو نێچــیرێکی تۆقیــوی دارستان کە رێك بەر لە تەقاندنی تفەنگ لە راوچی رابمێنێ.

مارگرێت درێژەی بە باسەکە دا:" دایکی تام شێوەی چۆنە؟"

دەتگوت نەیــدەزانی کــە ئــەم پرســیارە شــتێکە قــتر لــە هەســت بزوانــی ئاســایی ژنانــە ســەبارەت بــە ئــافرەتێکی دیکــە. پرســیارەکەی مارگرێــت لــە دڵنیــایی وی ســەبارەت بــەم

بابەتەوە سەرچاوەی دەگـرت، کـە ئـەوان هـەمان ئـەو کەسـانە بـوون کـە منـداڵی ئـەویان بەخێوکردووە.

مـــەکێنزی گـــوتی:" ئـــافرەتێکی قـــژ زێـــڕین، بـــە بـــەرگێکی لـــە رادەبـــەدەر ســـادەوە، هەروەها رۆشنبیر و خوێنـدەوار، بـەڵام مارگرێـت تکـات لێدەکـەم بـەو خەسـتییە هیـوادار مەبە."

ئـــارتۆر پرســـی:" ئـــەی مێردەکـــەی؟ مـــن وا هەســـت دەکـــەم کـــە تـــۆ کـــەیفت پـــێ نەهاتووە."

هیچ شـتێك لـە ئـارتۆر ون نـەدەبوو. ئـەو خـاوەنی پێسـتێکی بزرکـاو و هەتاونـەدیتوو بوو، لە کاتێـك کـە بـە زۆری لەسـەر کورسـییەك دادەنیشـت و موتـاڵای دەکـرد، حاڵـەتی زانایەکی ئەفسانەیی هەبوو. لێکدانەوەکانی زۆر خێراو دروست بوون.

(دەبوایـە سـەبارەت بـە وشـەکانم و هـەر جـۆرە گۆڕانێـك لـە ئـاوازە دەنـگ و واتـای قسەکانم زۆر بە پارێزەر بوومایە).

پاشـان هەمدیسـان بـەم شـێوەیە پرسـیاری لـە خـۆی کـردووەوە: ئایـا لـە رادەبـەدەر قســـەم کـــردووە؟ ئـــەو لـــەوەی کـــە ســـەبارەت بـــە رایـــس راســـتییەکان بلـــێ هـــیچ نەدەپڕینگایـــەوە: ئـــەو پیـــاوێکی لـــە رادەبـــەدەر رووتـــرش، تـــوڕە، کەللـــە رەق و دژی جوولەکـە بـوو و منیشـی تـوڕە کردبـوو، بـەڵام رەنگـە بنەماڵـەی رایـس بەڕاسـتی هـیچ پێوەندیـەکیان بـە مەسـەلەکە نـەبێت. ئـێ، ئـەو تـا رادەیـەك رایسـی بـە لەسـەر هـەق دەزانـی، بۆیـە راڵـف دڵنیـابوو کـە ئـەوان هـەمان ئـەو کەسـانەن، کـە ئـەو بەدوایانـدا دەگەڕا.

مـــەکێنزی وەڵامـــی دایـــەوە:" نـــە کـــەیفم پـــێ هـــات و نەبەرامبـــەری رق و کینـــەم پەیـداکرد. بـاس و خواسـی ئێمـە لـەوە کـەمتربوو، کـە بکـرێ دەربـارەی کەسـێك شـت بزانی."

مارگرێـت بـە حاڵـەتێکی سـکاڵاکردنەوە گـوتی:" بـەرەو پێشچـوونی کارەکـان زۆر خـاوە، لـە مـاوەی هـەموو ئـەو مانگانـەدا کـە بەسـەر مردنـی پتێـردا تێدەپـەڕێ، توێژینـەوەکان، لێکۆڵینـەوەکان و هـەموو شـتێك وەکـو کێـوێکی سـەهۆڵ سـانتیمەتر بـە سانتیمەتر بەرەو پێش دەچن."

مارگرێت بە خێرایی خۆی سووڕاند و بووە هۆی ئەوەی کە پەرداخە شەربەتە زەنجەفیلەکە ئاواز و ببێتەوە پارچە پارچە شکاوەکانی بە گۆڕێی وەربن. ئەو کە رقی لە خۆی هەستابوو دەستی کرد بە پۆزش هێنانەوە:

" بەداخەوە، من زۆر لە خۆڕاگر نیم."

ئارتۆر ئامۆژگاری کرد:" بە پێچەوانەوە، تۆ لە رادەبەدەر خۆ راگری. لە هەندێك کاتدا تەنانەت کەسێکی پیرۆزیش شێت دەبێ." پاشان چەمایەوە تا پارچە شکاوەکانی پەرداخەکە لە نێو کلینسێکدا کۆبکاتەوە. ئارتۆر وەکو زانایەکی تێگەیشتوو قسەی دەکرد. لە قسەکانیدا نیشانەیەك لە ئازاری رۆحی و ورووژانی توند، بوونی نەبوو. ئەمە تاکە شێوازی وی بوو، بۆ دەربڕینی خۆی. بەڵێ، دەبوایە ببێتە زانا. راڵف لە دڵی خۆیدا بەنییەت پاکییەوە وەها بیری دەکردەوەو دژ بە یەکیەکی سەیری هاتە زەنگییەوە: (ئارتۆر کرافیلد رایس) کە هاوسەرەکەی بە باد بانگی کردبوو. هەمدیسان دژ بە یەکیەکی دیکە: (باد و لۆرای هاوسەری، ئەم هەستە شاراوە نەبوو. ئارتۆر بە پێچەوانەی رایسەوە حاڵەتێکی ئارام و گران و سەنگینی هەبوو. ئەو جزدانێکی بچووکی لە کلینس دروست کردوو بە پارێزەروە لەسەر سوچێکی مێزە شووشەکەی دانا:

"وریابن، من هەر ئێستا ئەم وردە شووشانە کۆدەکەوە راڵف. دەمویست پرسیارت لێبکەم هەنگاوی دواترمان چییە؟"

"هەنگاوی دواتر، من نیازم وایە سبەینێ تەلەفۆن بۆ خاتوو رایس بکەم و هەوڵ بدەم بۆ ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی خوێن لە نەخۆشخانە کاتێك دیاری بکەین. ئەگەر ئەم هەوڵە رووبەڕووی شکست ببێتەوە، ئەوسا من ناچار دەبم..."

لەو ساتەدا راڵف قسەکەی خۆی بڕی، لەبەرئەوەی کچی ماڵەکە لە نێوچەمەنەکەوە لە ماڵ نزیك دەبۆوە. مارگرێت گوتی:" درێژە بە قسەکانت بدە، ئێمە هیچ شتێك لە هولی ناشارینەوە. خوای گەورە! ئەو لە مانگی ئەیلولدا دەچێتە کۆلێژ و ئیدی منداڵ نییە."

هولی پرسیاری کرد:" کێ منداڵ نییە؟ ئۆه، تۆ لێرەی راڵف؟ من چووبوومە دەرێ نێو خەڵك و رای خەڵکم سەبارەت بە تۆ وەردەگرت... ئەوسا نێو چاوانی مەکێنزی ماچ کرد.

مەکێنزی وەڵامی دایەوە:" ئەو کەسەی کە ئیدی منداڵ نییە تۆی! ئەگەر چی باوەڕکردنی بۆ من ئەستەمە. دەڵێ دوێنێ بوو، کە بۆ یەکەمجار تۆم بینی. لەو کاتەدا تۆ خەریکی لێخوڕینی گالیسکەیەکی منداڵانە بووی لە خوار شەقامەکە.

"بەبیرم دێ، ئەو گالیسکەیە یەکێك بوو، لە دیارییەکانی نەنکم. دیارییەکانی وی هەمیشە جوان و گرانبەهان."

مارگرێت گوتی:" ئەو کوڕەی دیکە دایك و باوکی ئەوی دیتووە، ئێستاش هەر سەبارەت بەمە قسەمان دەکرد...

هولی بە تووڕەییەکی سەرسامانەوە گوتی:" ئومێدەوارم کە ئەو کوڕە ئەو کەسە نەبیت، کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین. کەسێکە بەناوی رایس کە دەچێتە زانکۆی ویلایەتی و براکەی ئالیسۆن دەیناسێ، ئەو نازیەك و مرۆڤێکی تۆقێنەری راستەقینەیە."

بێدەنگی و ئارامییەکی لەناکاو باڵی بەسەر ئامادەبوواندا کێشا. نیگای تێڕاماوی راڵف لە لای چەمەنەکانەوە بەرەو لای بەشی قەراغ و قاوەیی رەنگی ئەو ماڵە پڕ لە ئاشتی و تەباییە بە ماڵ و هەوای ژاپۆنییەوە تێیدا گەڕاو ئەو تێگەیشت کە بەڵاو نەگبەتی لە ئاسمانەوە دەکەوێتە خوار. (جوولەکەکان! تۆقێنەرە، سوکایەتی و ئازار)، لە دایك و باوکێکی ئاوادا، منداڵێکی بەو شێوەیە پەیدا دەبێت.

هولی گوتی:" ئەو بۆ بڵاوکراوەیەکی سیاسی شت دەنووسێت، لەو دەمارگیرە توندڕەوە دەستە راستیانە."

کاتێك راڵف بەرەو لای هولی سوڕا، دەیزانی کە چ بیرەوەرییەك کەوتۆتە نێو زەینییەوە! چاوی ئەو پیاوە گەنجە، کە رایس وێنەکەی نیشان دابوو، پێڵوی قورس، کراوەو بە شێوەیەکی نائاگەورەی وی کە دەتگوت هەموو رووخساری داپۆشیوە، ئێستاش هەمان چاو لە رووخساری هولیدا دەدرەوشانەوە. هولی لە دایك و باوکی جوانتر بوو، نەرەنگی تاریکی پێستی مارگرێتی هەبوو نەڕەنگی قژی قاوەیی مەیلە و خۆڵەمێشی ئارتۆر، هەروەها لە رادەبەدەر جوان و شۆخ و شەنگ بوو. ئەوە چاوانی کچەکە بوون، کە وایان نیشان دەداو مەکێنزی وەها چاوێکی لە بیربوو. ئەو کە هەستی دەکرد کەمێك تووشی گرفت بووە بە هولی گوت:" رایس ناوێکی زانی زۆر بەربڵاوە و من بە خێرایی ناگەمە دەرەنجام.. ئەو هەستی کرد بیستووە. ئەو گوشارە

ڕۆحییەی کە کەوتبووە سەرئەوان، خۆی لەبەرنەدەگیرا. هەرچۆنێك بێت مەکێنزی سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و گوتی:

"واچاکە من بڕۆم. بەرنامەیەکی وتار خوێندنەوەم هەیە، کە دەبێ ئامادەی بکەم. پێم وایە ناچارم، نیوەشەو پێوەی خەریك بم، بەڵام سبەینێ دووبارە وەدووی مەسەلەکەی ئێوە دەکەم."

ئارتۆر بە سادەیی گوتی:" ئێمە لێرەین و چاوەڕێ دەکەین."

ئەوان دیتیان کە ئۆتۆمبێلەکەی راڵف لە شەقام چووە خوارێ، سوڕایەوەو لەبەرچاو ون بوو. پاشان گەڕانەوە ماڵێ. لە ماوەی ئەو چەند مانگەی دواییدا، ئاواتەکانی مارگرێت و هەموو شتێك لە مەکێنزیدا کورت کرابۆوە. دەتگوت ئەو ساحێرێکە کە دەیتوانی راستی لە نەبوونەوە بخولقێنێ، یاخود مێشکێکی ئەلیکترۆنی بوو، کە دەیتوانی راستەقینە بژمێرێ، یاخود پزیشکێك و حەکیمێك کە توانای هەبوو بەدەست لێدان شیفای بریندار بدات. مارگرێت بە حاڵەتێکی توند و پڕ لە وزەوە گوتی:" من پێموایە کە راڵف بە ئاراستەیەکی دروست دا دەڕوات و بۆ خۆشی لەمە دڵنیایە، تەنیا نایەوێ کە تا ئەو کاتەی کە بە تەواوی دڵنیانەبووە، زۆر جەخت لە مەسەلەکە بکاتەوە، بەڵێ من باوەڕم وایە."

هولی پرسیاری کرد:" بەڵام دایە، ئەگەر رایس هەمان ئەو کەسە بێت کە من باسم کرد، هەمان ئەو کەسەی کە ئالیسۆن باسی کردووە، ئەوسا ئێمە چی دەکەین؟"

ئارتۆر بە ئارامی سەی لەقاند و گوتی:" وازبێنن، ئەگەر، ئەگەر، گرفتێك چارەسەرناکات. ئێمە سەبر دەگرین و چاوەڕێ دەکەین تاکو بزانین چی دەبێت. جارێ دەتوانین ئەمشەو بە ئاسوودەیی بخەوین."

"کۆتایی بەشی نۆیەم"

"بەشی دەیەم"

ژۆزێف فۆردایس لە نووسینگەی مافپەروەری فۆردایس و فۆردایس، بەرە بەرە بێ تاقەت دەبوو لە تاوتوێکردنی ئەو بابەتە مافپەروەرییە. ئەو ماوەیەك سەبارەت بەو مەسەلەیە کاری کردبوو و کارەکەی بێ ئەنجام بوو، لەبەرئەوەی بە کردەوە بابەتێکی ئاڵۆز لە ئارادا نەبوو و پتر لە دوو حەوتوو بوو، کە مەسەلەکە کۆتایی پێ هاتبوو. ئەو چاوی بە بەڵگەنامەکانی نەخۆشخانەدا خشاندبۆوە، تاقیکردنەوەی نوێی ئەنجام

دابــوو و دوو زنجـیره راپــۆرتی جیاجیــای خوێنــدبۆوه، یــەکێك لــه باشــترین پسـپۆڕانی ئــەو دەڤــەرەی دامەزرانــد بــوو تــاکو کــار لەســەر راپۆرتــەکان بکــات. هــەوڵی ســەرەکی وی ئــەوەبوو، کــه رایــس قایــل بکــات بــۆ ئەنجامــدانی تاقیکردنــەوەکانی خــوێن و بەهــەمان شێوەش کوڕەکەی. ئەو هەموو ئــەو کارانــەی ئــەنجام دابــوون کــه دەبوایــه ئــەنجامیان بــدات و ئێســتاش کــه کێشــەکه چارەســەرکرابوو، ئیــدی لــه رایــس بــێ تاقــەت ببــوو فــۆردایس کێشــەی گــرنگتری هــەبوون، کــه دەبوایــه چارەســەریان بــۆ بدۆزێتــەوه، تــا ئــەوەی لەگــەڵ رایسی سەرکێش و خولــق و خــۆ دڕندانــه و نالــەباردا ســەر و کەللــه لێ بــدات. بــاد رایــس کابرایەك بــوو بــه دڵێکــی شــکاوەوە، تــووڕەو تــڕۆ، قــین لــه دڵ زۆر دەمــارگیر و نــەگونجاو. بەهیچ جۆرێك نەدەکرا لەگەڵیدا هەڵبکرێت.

بەدڵنیاییەوە ئــەو بارودۆخــه بــارودۆخێکی دژوار بــوو. ئەگــەر لــه ناکــاو بــه فــۆڕدایس بگوترایــه کــه کیــژه دووانــەکانی منــداڵی وی نــین، خــودی ئــەو چ هەســتێکی لا دروســت دەبوو؟ بەڵام هەر چــۆنێك بێــت، ئــەو بەرامبــەر لــۆرا رایــس هەســتی بــه پەرۆشــی دەکــرد. ئەو بــەردەوام لــۆرای لەســەر خوانــەکانی ئێوارێــدا دیتبــوو و بــه ئــافرەتێکی زۆر لەبــەردڵان و بێ کەموکوڕی هــاتبووه بەرچــاو، کەســێك کــه قــەت رەپ وشــك لــەخۆبایی و خۆپەرســت نەبوو و بــەو کەشــوهەوا بەهارییــەی کــه بــه دەوروبەریــدا بــڵاوی دەکــردەوه، زۆر لەبــەردڵان دەهاته پێش چاو. فۆردایس بــه گشــتی بەرامبــەر بــه هــیچ کەســێك شــێوازی بیرکردنــەوەی وەها شاعیرانه نەبوو.

ئێســتا ئــەوان لــه نووســینگەیەکدا بەســەریان دەبــرد، کــه کــەوتبووه قــاتی ژێــر زەوی نەخۆشــخانه. رایــس زۆر بــه تونــدی لەگــەڵ ئــەو پەرەســتارەدا دەدوا کــه تاکــه کارمەنــدی بەشــی منــداڵانی نەخۆشــخانەی لــه دایکبــوون بــوو، کــه لــەوێ مــابۆوه، هــەمان ئــەو نەخۆشخانەی که کوڕەکەی تێیدا له دایك ببوو.

باد گوتی:

" زۆر باشــه، دوو پەرەســتیاری دیکــەش لــەوێ لەگــەڵ تۆدابــوون. ئــێ، تــۆ ســەبارەت بــەوەی کــه ئەگــەری ئــەوه هەیــه چ رووداوێــك روویــدابێت یــاخود بەڕاســتی رووداوی وا روویداوه یاخود نا، هیچ شتێك نــازانی. مــن بــاوەڕ بــه قســەکانت دەکــەم، بــەڵام ســەبارەت بەو دوو کەسەی دیکه چی؟"

پەرەستیارەکە هەوڵی دەدا ڕێگە لە توڕەبوونی خۆی بگرێت، دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوون:" میستەر رایس، خۆ من پێم گوتی. مایزی نیل لە کارەساتێکی رووداوی ئۆتۆمبێلدا گیانی لە دەست دا. داد گریمیش زەماوەندی کردووە و چۆتە هاوایی، تەلاقی وەرگرت، سەر لە نوێ شووی کردەوە، لەوسا بەدواوە ئاگام لێی نییە. من تەنانەت نازانم ناوی خێزانی مێردەکەشی چییە. گوێ بگرە، من شەش جاری تەواو کەوتمە بەر لێکۆڵینەوەی بەڕێزت،لەوەش زیاتر نازانم کە پێم گوتووی. ئیدی لەو قسانە بێ تاقەت بووم. بەوانم گوت، بە تۆش دەڵێم، کە چ هۆیەك هەبووە، کە من یاخود هەر کەسێکی دیکە بمانەوێ منداڵەکان بگۆڕین؟

من ئیتر لە تەواوی ئەو بابەتە حاڵم دەشێوێ...

لۆرا بە هەستکردنی بە بێ تاقەتی گوتی:" باد تکات لێدەکەم، من دەمەوێ بچمەوە ماڵێ."

فۆردلیس گوتی:" بۆ خاتری خوا وازبێنە یاد، چاوت لێ نییە کە خەریکە هاوسەرەکەت لە هۆش خۆی دەچێت. من ئێستا بە ئۆتۆمبێل دەتانگەیەنمەوە ماڵێ."

ئەوسا نەخۆشخانەیان بەجێهێشتوو بەرەو ئۆتۆمبێلەکەی فۆردایس کەوتنەڕێ. لۆرا بە تەنیا لە خانەی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشت. فۆردایس دەیتوانی لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەڕا لۆرا ببینێ کە چاوی نوقاند بوون و بە دژواری هەناسەی هەڵدەکێشا. ئەو ئافرەتە داماوە نەخۆش ببوو.

بادیش هەستی بە نەخۆشی دەکرد، بەڵام نەخۆشییەکەی نەك بەهۆی سەرسوڕمان و پەرۆشی بوو، بەڵکو بەهۆی توڕەیی بوو.

منداڵە جوولەکەیەك لە نێو خێزانی رایس دا! شتێکی وا تا رادەیەك پێکەنیناوی بوو. باد گوتی:" کەواتە تۆ دەڵێی کە هیچ شك و گومانێك نییە."

"هیچ گومانی تێدا نییە."

"من بڕواناکەم، بەهیچ جۆرێك ناتوانم باوەڕ بکەم."

بۆ جاری دەیەم فوردایس هەوڵیدا بەربە تووڕەیی خۆی بگرێ و وتی:" باد تۆ دوو راپۆرتت بینی و کارناسەکان بۆتیان شی کردەوە. خوێنی کوڕەکەت لەگەڵ خوێنی بنەماڵەی کرافیلد یەك دەگرێتەوە."

باد بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان لە ناکاو تەقییەوە و گوتی:

"ئەمەش یەکێکە لە خێڵـە ناخۆشـییەکانی ئـەوان. ئـەو کەسـانە، ئـەو خێزانـە، ئـەوان پارە بە کەسێك دەدەن، کە ئـەو کـارێکی وا بکـات تـاکو ئـەوان ببنـە خـاوەنی منـداڵێکی ساغ و تەندروست."

فۆردایس کۆنترۆڵی خـۆی لـە دەسـتدا:" ئەگـەر وابوایـە، بۆچـی منداڵـە نەخۆشـەکەیان بـۆ خۆیـان بـردو ڕێگـەی ئـەوەیان دا تـا تـۆ منداڵـە سـاغەکە بـۆ خـۆت ببـەی؟ کـەمێك ژیرانە بیربکەوە، توخوا کەمێك لۆژیکیانە قسە بکە."

باد سوور هەڵگـەڕاو گـوتی:" زۆر باشـە، داوای لێبـووردن دەکـەم، تـۆ ڕاسـت دەکـەی. من بەدروستی بیرناکەمەوە." ئەو مستی لە لەپی دەستی خۆی ڕاکێشاو درێژەی دا:

"بەهەرحاڵ من ئەو قسانەم بـە گوێـدا ناچـن. تـام هاوشـێوەی بـاوکی لۆرایـە. تـۆ تـام دەناسی، بە زۆری دیتوتە."

فـۆردایس بـە شـێوەیەکی وشـك گـوتی:" مـن تیمـیش دەناسـم. ئایـا ئەمـە هـیچ واتایەکی بۆت نییە؟"

فـۆردایس تەماشـایەکی کـرد و پاشـان چـاوی لەسـەر هـەڵگرت. بابـەتێکی یاسـایی خراپ، لـە ڕادەبـەدەر خـراپ. ڕەنگـی ئـەو پیـاوە ببـووە مەیلـەو خۆڵەمێشـی. چـاکەت و پـانتۆڵ، چـاوەکان و هـەروەها دەمووچـاوی هـەمووی هـاوڕەنگی زەوییـەکی قلێشـاو بەمۆی وشکە ساڵییەکی درێژخایەت بوون.

ئەوان بەرەو سەرەوەی شـار لێیـان خـوڕی و تـاکو ئـەو کاتـەی کـە بـاد قسـەی نـەکرد، هیچ کامێکیان قسە نەکرد، باد ئاوای گوت:

"ئایـا هـەر نـەبێ دەتـوانین کـە ئـەم بەسـەرهاتە لـە ژاوەژاوی ڕۆژنامـەکان بـە دووربگرین؟"

فـۆردایس گـوتی:" مـن هـەوڵی خـۆم دەدەم، کـە مەسـەلەکە ئاشـکرا نـەبێت، بـەڵام دەزانـن کـە لـە نەخۆشـخانە کۆمەڵـە دەنگۆیـەك هەیـەو دەنگـۆش بڵاودەبێتـەوە. ئەمـە بابـەتێکی دەگمەنـە و چـیرۆکێکی بـە دڵـی خەڵکـە و ئەگـەر ئاژانسـی ئاسۆشـێتد پـرێس بـۆنی مەسـەلەکە بکـات، ئـیتر هـیچ ڕێگایـەك نامێنێتـەوە، بـەڵام مـن هـەوڵی خـۆم دەخەمە گەڕ، باد."

فـۆردایس لـە پـاش دەربڕینـی ئـەم رسـتانە کەوتـە بـیری لـۆراو کوڕەکەیـەوە، کـە ئۆتۆمبێلەکـە لـە گردەکـە سـەرکەوت و راوەسـتا. لـەوێ لـەژێر گـەڵا تۆزلێنیشـتووە هاوینەکانـدا، خـانووە جـوان و کۆنەکـەی ئـەوان بـە هـەمان سـادەیی و شـکۆداری جـاران لەوێ بوو.

لۆرا هاواری کرد:" ئۆهو، ئێمە چۆن دەتوانین ئەم مەسەلەیە بەتام رابگەیەنین؟"

لە هەیوانێ، ئیرێـل کـە لەسـەر زەوی فێنـك خـەریکی سەرخەوشـکاندن بـوو، بەخەبـەر هات، چاوی هەڵبڕین و پاشان نوستەوە، تام یاداشتێکی لەسەر مێزەکە دانابوو.

" من و تیمی دەچینە پاسکیل سواری، نزیکەی کاتژمێر پێنج دەگەڕێینەوە."

بینینـی ئـەو خەتـە ئاشـنایەی وی کـە دەتگـوت لاسـایی ئـەوی کردۆتـەوە و لەسـەر کاغەز نووسرابوو، بۆ مـاڵی لـۆرا جیـاوازی نـەبوو. ئێسـتا کـە لـۆرا ناسـنامەی کوڕەکـەی بـە بـابردوو دەبینـی، ئـیتر بـەهۆی باوەڕەکـانی یـاخود پێگـەی داهـاتووی لـە جیهانـدا هەسـتی بـە نیگـەرانی نـەدەکرد، هـەموو شـتێك لەناوچـووبوو، جگـە لـە تـۆقین، کـە هێشتاش لە جێی خۆی بوو، ئەمە کۆتـایی چـیرۆکەکە بـوو، وەکـو بیرێکـی بـێ بـن وابـوو، لۆرا لە کاتێکدا کە نێو چـاوانی خسـتبووە سـەر شووشـەکە، لەبـەر پەنجـەرە راوەسـتا. بـەر چـاوی ئەوەنـدە تاریـك ببـوو، کـە لـە دەرەوە جگـە لـە شـۆقێکی رەنـگ سـەوز هیچـی دیکەی نەدەدیت. شـانەکانی دەلـەرزین. بـاد لـە پشـت ئـەوەوە پیاسـەی دەکـرد. هـەنگاوە قورسەکانی باد سـوڕەییا هەڵواسـراوەکانی دەلاژانـدەوە. هـەروا کـە ئـەو بـەردەوام بـوو لـە رۆیشتن، ئەوان دەلەرزین. باد لەبەرخۆیەوە بۆڵاندی:" سەیرکە، تەماشای ئەو بکە."

لۆرا دەیزانی کە مەبەستی وێنەی تامە، بەڵام ئاوڕی نەدایەوە:

"ئـەو ژیـر و بـەهێزە، روخسـاری دەدەروشـێتەوە، نموونـەی تـەواوی کـوڕێکی بـەهێزەو ئەوان پێمان دەڵێن کە ئەو هی ئێمە نییە!

خوایـــە گیـــان، بڕواناکـــەم. ئێمـــە هـــەر نـــەبێ شـــایانی منـــداڵێکی لەشســـاغ و تەندروستین. خوایە نەفرەتیان لێبکە. ئێمە شیاوی ئەوین..

بەم قسەیەی باد، لۆرا خـۆی سـوڕاند و بـە نیگایـەك کـە تـووڕەیی ئاشـکرای تێـدابوو، سەیری بادی کرد، بـە جـۆرێکی وا کـە بـاد هـاواری کـرد:" نـا، نـا، نـا، مەبەسـتم ئـەوە نییـە کـە تیمـیم خـۆش نـاوێ بـۆ خـۆت باشـتر دەزانـی، بـەڵام ئەمـەیان دەسـتی راسـتی منـە، ئەمـەیان.." پاشـان بـە تەماشـاکردنی وێنەکـە دەسـتی بـە گریـان کـرد. هەسـتی

پەرۆشی لۆرا بۆ ئـەو پیـاوە لەگـەڵ بێزاریـدا بەرامبـەر رسـتەی (ئێمـە هـەر نـەبێ شـایانی منداڵێکی لەشسـاغ و تەندروسـتین) ئاوێتـە ببـوو، بـەڵام ئەگـەر پتێـر کرافیلـد لەگەڵیانـدا بژیایە، ئەوسا دوو منداڵی نـەخۆش لـەو ماڵـەدا دەبـوون، ئـەوجار بـاد چـی دەکـرد؟ بۆیـە ئـــەوان لـــەوێ راوەســـتان. لـــە چـــاوەڕوانییەکی تاقـــەت پڕوکێنـــدا، لـــە شـــوێنی خۆیـــان بزمـــارکوت نـــەدەجولان، وەکـــو ئـــەو کەســـانەی چـــاوەڕێی نەشـــتەرگەرێکن، کـــە بـــە زانیارییەوە لە ژووری نەشتەرگەری بێتـە دەرێ. لـۆرا لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی:" دەبـێ مـن بـیر لـە چارەسـەرێك بکەمـەوە، نابـێ لەناوبچـم." لـە سـێ رۆژ لەمەوبـەرەوە، کـە ئـەوان لەگـەڵ کۆمەڵـە راسـتییەکی حاشـاهەڵنەگردا روو بەڕووببوونـەوەو شـەوانیش لەسـەر جـێ کەلەکە و کەلەکـەیان کردبـوو، لـۆرا بـەردەوام دەسـتی خـۆی راگوشـی بـوو بـە حاڵـەتێکی تـووڕەیی دەسـتی لێـك نەخشـاندبوو و لـە تەنیایـدا فرمێسـکی بارانـدبوو. ئـەو چـەندین جار ئـەم رسـتەیەی دووبـارە کردبـۆوە:" دەبـێ مـن بـیر لـە چارەسـەرێك بکەمـەوە، دەبـێ لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەم، ئەگەر شێت ببم ئەوشا چی؟"

ئاشـکرا بـوو کـە هـەردووکیان پێویسـتیان بـە راوێـژ و دۆزینـەوەی چارەسـەر هـەبوو و خوازیاری پشتیوانێك بـوون، کـە بتـوانن لەبەرامبـەر ئـەو کارەسـاتەدا خـۆ رابگـرن، بـەڵام باد هیچ کارێکی ئەنجام نەدابوو، ئـەو تـەنیا پرسـیبووی:" تـۆ دەتـەوێ چـی لەگـەڵ تـام دا بکـەی؟ ئایـا حەزدەکـەی ئـەم هەواڵـە گاڵتـە جاڕییـە لـە هـەموو شـاردا بڵاوببێتـەوە؟" لـۆراش وەڵامـی دابـۆوە: بـەڵام ئێمـە جگـە لەمـە چـارەی دیکـەمان نییـە. بنەماڵـەی کرافیلد بە دڵنیاییەوە هەر ئەمەیان دەوێت.

"نەفرەت لـەو زۆڵانـە! مـن بـە هـیچ جۆرێـك نامـەوێ هـیچ شـتێکم دەربـارەی ئـەوان گـوێ لێبێـت، هـەموو ئـەم بەسـەرهاتە جـۆرە گاڵتەیـەکی ئـازاردەرە و مـن بـەنیازم تـا کۆتایی لە دژی ئەوە خەبات بکـەم. نامـەوێ هـیچ کەسـێك خـۆی لـەم کـارە هـەڵقورتێنێ، نە پزیشکەکان، نە قەشەکان، تاکو ئـەو کاتـەی مـن بـە شـێوازی خـۆم چارەسـەری دەکـەم، شێوازی من، لۆرا..."

بەڵگەهێنانەوە بـۆ بـاد هـیچ سـوودێکی نـەبوو. دەرگـا گەورەکـەی ماڵـێ هـات و تـام بە کڵاوێکی یاری بیسباڵ و دەستەوانە لە دەستەوە بەدیارکەوت:

"سـلاو، مـن تـيمم لـه دووكـان دۆندرمـه فرۆشـەكە لەگـەڵ هاوڕێكـانی دا بەجێهێشـتووە. ئـەو لـە كـاتی خۆیـدا بۆنـان خـواردن دێتـەوە، بـەڵام ئایـا كێشـەیەك لـە ئارادایە؟ ئێوە هەردووكتان زۆر نارەحەت دێنە بەرچاو."

لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی:" نا، نا، من نـاتوانم پێـی بڵـێم، نـا، ئـەوە بـە هـیچ جۆرێـك ناكرێ. وەكو ئەوە وایە كە بەبێ لە هۆش خستن قاچێك ببڕنەوە.نا، نا."

چاوە گەورەكانی تام بە حاڵەتێكی هۆشیارانەوە گەورەتر بوون:

"چی بووە دایە؟ پێم بڵێین."

بەرلەوەی لۆرا بتوانێت قسەیەك بكات، باد هاتە ناوەو گوتی:

"هیچ كێشەیەك لـە گـۆڕێ نییـە، گرفتێكـی بچـووكە، مەسـەلەی كـار و بازرگانییـە، لەو جۆرە شتانە زۆر روو دەدات، تۆ كە باشتر دەزانی چۆن چۆنی.."

"نا، نا، ئەمە راست نییـە، دەبـێ تـام لـە مەسـەلەكە ئاگـادار بكرێتـەوە، ئـەو دەبـێ بەسەرهاتەكە لە ئێمەوە ببیستێت.."

تام گوتی:" ناكا یـەكێك لـە ئێـوە نەخۆشـی شـێرپەنجەی هـەبێت؟ خوایـە گیـان، ناكـا وابێ؟ یاخود شتێكی دیكە هەیە، كە دەترسێن بە منی بڵێین."

لـۆرا بـە تـەواوی هێـزی خـۆی كـۆكردەوە، دەتگـوت لـە هـەورازێك پـاڵ بـە تـاوێرە بەردێكەوە دەنێت، لـە تـاو ئـازاری دەروونـی خـۆی، ددانـەكانی جیركردنـەوە. هـەر وا كـە باسـكی لـە شـانی تـام دەئالانـد گـوتی:" وەرە بابچـینە ژووری موتـالا، لـەوێ پێكـەوە دادەنیشین و من مەسەلەكەت تێدەگەیەنم."

بـاد بـە تووڕەییـەوە دەسـتی راوەشـاند گـوتی:" كەواتـە خـۆت ئـەو كـارە بكـە، مـن توانای خۆ راگرتنم نییە، خوایە گیان."

ئەو قیژاندی و لـە ژووری چـووە دەرێ. لـۆرا دەسـتی تـامی گـرت و گـوتی:" گـوێ لـە من بگرە.. بە هێزێكی ئەفسووناوی دەنگەكەی هەردا بەهێزمایەوە.

"دەبێ پێت بڵێم كە نا، مەسـەلەی مردنـی ئێمـە لـە گـۆڕێ نییـە. نـا، شـتی وانییـە، بـەڵام ئـەم مەسـەلەیە دەتهـەژێنێ. ئایـا لەبیرتـە كـە سـەبارەت بـەو مندالانـەی كـە لـە نەخۆشخانە دەگۆڕێن و بەهەڵە دەدرێنەوە كەسوكاریان، شتێكت ببیستبێ؟"

"ئێ بەڵێ، پێم وایە..

"بـڕوا پێکردنـی ئەسـتەمە، کـە شـتێکی لـەو بابەتـە ڕووبـدات، بـەڵام ئیـدی، لـەو جۆرە ڕووداوانەش ڕوودەدات..

تـام راسـتەوخۆ چـاوی بڕیـە لـۆرا، دەتگـوت دەیـەوێ شـتێك بڵـێ، پاشـان هەڵوەستەیەکی کرد و بە دژواری گـوتی:" تـۆ دەتـەوێ شـتیك بـە مـن بڵێـی. ئایـا ئەمـە لە خێزانی ئێمەشدا ڕوویداوە؟"

لۆرا بە ئەسپایی گوتی:" بەڵێ."

"مەسەلەکە دەربارەی تیمیە؟ ئەو لە خێزانی ئێمە نییە؟"

چـاوی لـۆرا لەسـەر چـاوی تـام هەڵنـەدەگیرا. ئـەو چـاوی جـوانی هـەبوون، جووتـە چاوێك کە بـە شـێوازێکی دەگمـەن جـوان و درەوشـاوەو قـوڵ بـوون، هـەروەك دەریاچـەیەك لەشەودا، لۆرا گوتی:" نا، تیمی نا.."

بێدەنگییـەکی دوورودرێـژ بـووە فـەرمانڕەوا، بێدەنگییەکـە ئەوەنـدە دوورودرێـژ بـوو، کـە لـە و ماوەیـەدا لۆریـەکی بـاد هـەڵگر لـە گردۆڵکەکـە سـەرکەوت و بـەهاڕەهاڕ بەبـەردەم ماڵەکەیانـدا تێپـەڕی، گێـڕی گـۆڕی و دوورکەوتـەوەو بـەرە بـەرە دەنگـی لەمەودای بیستندا نەما. تام پرسی:" من؟"

نیگـای ڕەش هەڵگـەڕاوی لەسـەر ڕوخسـاری لـۆرادا بـە جـێگیری مایـەوە. لـۆرا گـوتی:" بـەڵێ" و ئەوسـا کـوڵی گریـانی تـەقی و سـەری خسـتە سـەر شـانی کوڕەکـە و چەندین جار ماچی کرد.

:" کوڕی خۆم کوڕە بچکۆڵەکەی من.."

تام هیچی نەدەگوت و لۆرا زانی کە ئـەو ئـیتر نـاتوانێ قسـە بکـات. کاتێـك کـە لـۆرا هەستی بـە دڵۆپـە ئاوێـك کـرد لەسـەر شـانی خـۆی، زانـی کـە فرمێسـکی کوڕەکەیـەتی. دەسـتەکانی وی بـەو چـاوە نوقـاوە فرمێسـکاویانەوە بـە دەسـتە سـارد و لەرزۆکـەکانی خۆی گرت:

"گـوێ بـۆ قسـەی مـن بگـرە، تـام، تـۆ هـی منـی، تـۆ کـوڕێکی کـە مـن بـەخێوم کـردووە، گـەورەم کـردووە. لـە یەکـەم سـاتەوە خۆشـم ویسـتی و ئێسـتاش خۆشـم دەوێ و هەمیشەش هەروا دەبم. هیچ شتێکی دیکە گرنگ نییە. هیچ شتێك."

تام کەمێك بۆ دواوە کشایەوە تاکو سەیری دایکی بکات:

"ئەمە زۆر گاڵتەجارییە، ڕاست نییە، تۆ دڵنیانی، ئایا دڵنیایی؟ ڕەنگە هەڵەیەك رووی دابێت، وانییە؟"

لۆرا لێوە وشك و قەڵشاوەكانی خۆی تەڕكردن و وەڵامی دایەوە:" هیچ جۆرە هەڵەیەك لە ئارادا نییە."

"باوكم چی دەكات؟"

"ڕاستی، راستی، تەواوی راستییەكەیان پێ گوتووە. ئەم مەسەلەیە ئەوی لەناوبرد، ئەو بە هیچ جۆرێك ناتوانێ بڕوا بكات."

تام لە پڕێكدا حاڵەتێكی دڕندانەی بە خۆوە گرت و گوتی:" چۆن شتی وا روویداوە؟"

ئەوسا قیژاندی:" ئەوان، ئەو كەسانە كێن؟" هەر كەسێك بن من نامەوێ بیان ناسم، بە هیچ جۆرێك حەزناكەم لەگەڵیاندا تێكەڵاو ببم، نامەوێ، ئەوان كێن؟"

"ئەوان ناویان كرافیلدە. كاتێك پەرەستیارەكان منداڵەكانیان گۆڕین، ئەوان منداڵێكیان بەخێوكرد كە هی ئێمە بوو."

پەرەستیارەكان منداڵەكانیان گۆڕین؟ حەزدەكەم بیانكوژم. هەركەسێك بن، من دەیاندۆزمەوەو دەیانكوژم. هەڵەیەكی بچووك، خوایە گیان، هەڵەیەكی بچووك، بەڕاستی مەسەلەیەكی سەیر و سەمەرەیە.

تام راوەستا تا رووبەڕووی لۆرا ببێتەوە:" دایە ژیانی من ئەوە خەریكە چ بەلایەك بەسەر ژیانی مندا دێت؟ ئەوان ژیانیان لێ تێك دام..

" نا ئازیزم، من هەرگیز رێگە بە كەس نادەم ژیانت لێ تێك بدات. ئێمە لەسەرانسەری ئەم رووداوەدا پێكەوەین. بەهەرحاڵ دەگەینە رێكەوتنێك، دڵنیابە."

"تۆ گوتت بابە باوەڕ ناكات؟"

"لەبەرئەوەی كە نایەوێ باوەڕ بكات. هەرچەندە كە بەڵگەنامەكان ئەم راستییە پشتڕاست دەكەنەوە، تاقیكردنەوەكانی خوێن."

"كەواتە هەر لەبەر ئەوە بوو، كە هێندە زوو پشكنین پزیشكییە ساڵانەكەمان ئەنجامدا؟"

"بەڵێ."

"ئاكامی تاقیكارییەكان چی بوو؟"

لۆرا هەناسەیەکی قـوڵی هەڵکێشـاو گـوتی:" ئـەوەی دەرخسـت کـە تـۆ لـە بنەماڵـەی کرافیلدی."

تـام ئـاخێکی قـوڵی هەڵکێشـا، دڵۆپـە ئـارەق کەوتبوونـە نێـو چـاوانی. پـاش چـەند سـاڵی درێـژخایان بـە لاوازیـەوە گـوتی:" ئـەی ئـەو کـوڕەی دیکـە؟ ئـەوەی کـە هـی ئێوەیە؟"

"ئەوبەر لـە چـەند مانگێـك کۆچـی دوایـی کـردووە. ئـەو تووشـی نەخۆشـی سیسـتیك فیبرۆزیس بووە."

"خوایە گیان."

لۆرا بیری کـردەوە: هـەردووکیان. پاشـان سـەر لـە نـوێ دیمـەنی ئـەو وێنەیـەی هاتـەوە یـاد، کـە راڵـف مـەکێنزی نیشـانی دابـوو: دەموچـاوی رەقەڵـەی بـرای تیمـی. بنەماڵـەی کرافیلـد، ئایـا ئـەوان ئـەو پـەڕی هـەوڵی خۆیـان دابـوو، بـۆ رزگـارکردنی ئـەو منداڵـە داماوەی لۆرا؟ لەگەڵ ئەوەشدا تامی زیاتر لـە خەیاڵـدا بـوو، واقیعـی تـر بـوو، زیـاتر لـەو کوڕەی دیکە کـە نەناسـراو بـوو. دەروونـی لـۆراش لەبەریـەك هەڵوەشـابوو، دەتگـوت دڵـی دوو لەت کراوە. لـۆرا گـوتی:" تـۆ نابـێ رێگـە بـدەی کـە تیمـی بزانـێ ئـەو بـە هـۆی چ نەخۆشـییەکەوە مـردووە، تـام. ئێمـە دەبـێ بـیر لـە نەخۆشـییەکی دیکـە بکەینـەوە، بـۆ نموونە رێخۆڵە کوێرە. ئەمە باشە، ئەمە بەهۆی مردنی دا دەنێین."

"بەڵام با لەوە گەڕێین، بنەماڵەی کرافیلد چ کەسانێکن؟"

"مـن تـەنیا ئـەو شـتانە دەزانم کـە پارێزەرەکـان پێیـان گوتـووین. میسـتەر فـۆڕدایس قسـەی لەگـەڵ پارێزەرەکـەی ئەوانـدا کـردووەو بەرێکـەوت ئـەو راڵـف مەکێنزییـە، ئـەو دەڵـێ ئـەوان خـەڵکانێکی زۆر بـەڕێز و باشـن. ئـەوان خـاوەنی ئـەو فرۆشـگایە چـەند نهۆمیـەی بەرامبـەر بینـای کۆنگرێسـن، ئـەو شـوێنەی کـە ئـەو سـاڵەی باڵتۆکـەت بزرکردبـوو لـەوێ بـاڵتۆم بـۆ کـڕی." لـۆرا لێـرەدا هەڵوەسـتەی کـرد پاشـان بـە شـك و گومانـەوە گـوتی:" مـن ئاگـادارم کـە ئـەوان منـداڵێکی دیکەشـیان هەیـە، کچـێکی تەمـەن حەڤـدە سـاڵانە." ئـەو دیسـانەوە تووشـی راڕایـی بـوو پاشـان درێـژەی دا بـە قسـەکانی:" ئـەوان جوولەکـەن، تـام دەتگـوت هـەورە تریشـقە لێـی داوە. لـۆرا وای هاتـە بەرچـاو کـە دەمارەکـانی مێشـکی بـە تـەواوی گـرژ بـوون، سـەرەتا بـەهۆی سەرسوڕمانەوەو پاشان لە رق و تووڕەییـەوە. ئەوسـا تـام هەسـتا بـە کـارێکی سـەیر، ئـەو

بــه خێرایــی بــەرەو لای ئاوێنەکــە ڕۆیــی کــە لــە پشــت پێشــخوانی ســۆبە دیوارییەکــە هەڵواســرابوو تــا گڵۆپێــك هــەڵکاو چــاوی بــە خــۆی بکــەوێ. ئــەو لەبەرخۆیــەوە گــوتی:" خوایــە گیــان مــن؟ مــن؟ ئەمــە مــومکین نییــە!" پاشــان بــەرەو لای لــۆرا ســوڕایەوە و گــوتی:" ســەیری مــن بکــە، تەماشــاکە، ئایــا مــن هاوشــێوەی ئــەوانم؟ وەکــو ئــەو مرۆڤانە؟"

لۆرا بــە ئەســپایی گــوتی:" ئــەوانیش وەکــو کاتۆلیــك و پرۆتســتانەکان لــە هــەر شــکڵ و قەبارەیەك لە دایك دەبن و هیچ کانێکیشیان کلك و شاخی لێنەڕواوە."

"هەوڵ مەدە قەناعەتم پێ بهێنی، ئیدی هــیچ شــتێك نییــە کــە تــۆ نــەیزانی. مــن رقــم لە خۆمە. دەبێ پەتێك لە ملی خۆم بکەم و لە حەوشەی پشتەوە خۆم بخنکێنم.

لــە خــۆم بێــزارم... ئــەو هــاواری کــرد:" خوایــە، بــۆ هــەر ئێســتا نــامکوژی؟ هــەر ئێستا.."

"ئازیزەکەم ئەو قسـانە مەکــە، تکــات لێدەکــەم. ئــازیزم، ئێمــە تۆمــان بــە زینــدوویی دەوێ."

بــەڵام لــەو کاتــەدا تــام غــاری دا " تــا بچــێتە ژوورەکــەی خــۆی. لــۆرا گــوێی لــە هەنگاوە قایمەکانی بوو لەسەر قادرمەکان.

ماوەیــەك دوای ئــەوە، بــاد لــە کاتێکــدا کــە پــەرداخێکی بەدەســتەوە بــوو گەیشتەجێ:" خواردنەوەی بەهێز، من پێویستم بەوە هەبوو. پێت گوت، نا؟"

"بەڵێ، دەبوایە کەسێك ئەو کارە بکات."

باد پۆزشــی هێنایــەوەو گــوتی:" مــن دەزانم کــە دەبوایــە منــیش لێرەبــام، بــەڵام لــۆرا وەکو ئەوە وابوو کە کەسێك بەچەکوش لە مێشکم راکێشێ."

ئێســتا رەنگــی ئــەو پیــاوە ســپی ببــوو و رەنگێکــی ســپی مەیلــەو ســەوزی نەخۆشــی بەخۆوە گرتبوو. لۆرا مەزەندەی کــرد، کــە رەنگــە ئێســتا ببورێتــەوە یــان تووشــی جەڵتــەی دڵ ببێت.

"دەزانــی کــە مــن مرۆڤێکــی خــۆ راگــرم، دەتــوانم بــادێکی زۆر گــران لەسەرشــان هەڵگرم، بەڵام ئەمە خراپترینیان بوو.

من بەڕاستی تەریق بوومەوە. کاتێك تۆ زاڵبووی بەسەر خۆتدا، من رووخام."

"زاڵبووم بەسەر خۆمدا؟" لە کاتێکدا کە دەنگێکی وەها گەورە و سەرئێشەیەکی تۆقێنەر لە مێشکیدابوو، ئێستا بیرێکی ئاڵۆزی دیکە لەسەری لۆرادابوو:" ناکا هەموو ئەو شتەی کە دەیانبینم خەون بێت؟ خوایە گیان، شەڕێکی چەندە تاڵ! تامی ئازیزی من، فرۆشگایەکی چەند نەهۆمی، هی جوولەکەکان، خوایە گیان..

ئیرێل بە وەڕین لە حەوشێدا بەخێرهاتنەوەی خاوەنەکەی دەکرد، دەیویست بڵێ کە تیمی گەڕاوەتەوە ماڵێ. باد گوتی:" وەرە بابچینە قاتی سەرێ و دەرگا لەسەر خۆمان داخەین و خۆمان زیندانی بکەین. من نامەوێ ئەو بەم شێوەیە چاوی پێمان بکەوێ.."

هەتاوی دوانیوەڕۆیەکی درەنگ، لە ژوورەکانی نووستنی دەدا. ئەوان لە پەنجەرەڕا چاویان بە تیمی کەوتکە پاسکیلەکەی لە سێبەرێ دانا، ئیرێلی لاواندەوەو لە دەرگای پشتەوەڕا هاتە ژوورێ. ئەو زۆر بچووك و ناسك و لە بەرامبەردا زۆر زیان وەرگربوو و ئێستاش دەبوایە تێبگات کە برا ئازیزەکەی، قارەمانەکەی، نمونەکەی، (من وەکو تام دەچم دایە، وانییە؟) برای نییە. ئەوان هەردووکیان چاوەڕوان بوون، بە ئەنقەست چاوەڕێیان دەکرد و نەیاندەزانی کە ئایا واباشترە بچنە ژووری تام یان لێی گەڕێن بە تەنیا بمێنێتەوە، کە لە ناکاو دەرگای ژووری نووستنیان بە بێ دەرگالێدان کرایەوە کە هیچ کەس بەبێ دەرگا لێدان نەدەهاتە ژوورێ، تیمی هاواری کرد:" خوایە گیان، دایە، بابە، من چوومە ژوورەکەی تام و ئەو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە. ئەو زۆر دەگریا."

تام دابویە پیرمەی گریان و مستی لەسەرینەکە رادەکێشان:

"ئۆهـو، دایە، ئۆهـو بابە، من حەزدەکەم بمرم." کاتێك لۆرا بۆ لای چوو، دەموچاوی بزڕکابوون:

"بەڵام تۆ دایکی من نی، تۆ باوکی من نی.."

لۆرا لەپەنا قەرەوێڵەکە دانیشت و لاواندییەوە:" تۆ کاتێك تەمەنت سێ رۆژ بوو ئێمە تۆمان هێنایە ئەم ماڵەو بەخێومان کردی. ئێمە خۆشمان دەوێ، وا بزانە تۆمان بە کوڕی خۆمان قبوولٚ کردووە. سەبارەت بەمە هیچ کێشەیەك لە ئارادا نییە، وانییە؟"

"ئەمە جیاوازە، زۆر جیاوازە، ئەوان منیـان نـەدا بـە ئێـوە تـا گـەورەم بکـەن. ئێسـتا بە دڵنیاییەوە ئەوان دەیانەوێ من ببینن، بەڵام من ناتوانم ئەوان ببینم."

باد، بێچـارەو هیـوابڕاو لـە پـەنا قەرەوێڵەکـە راوەسـتابوو تیمـیش بـە دەمـی کـراوەوە فرمێسکی دەڕشت.

لۆرا کـە ئێسـتاش هـەر خـەریکی لاواندنـەوەی سـەری تـام بـوو، پرسـی:" حەزدەکـەی چاوت بە دوکتۆر فاستەر بکەوێ؟ رەنگە قسە کردن لەگەڵیدا یارمەتیت بدات."

تام بە رووگرژییەوە گـوتی:" نـا، نـا، سـەرەڕای هـەموو ئـەو رێـزەی کەبەرامبـەر بـەو هەمە، بەڵام پێویستیم پێی نییە.

دەتـوانم پێتـان بڵـێم کـە رێـك ئـەو دەڵـێ چـی، ئـەو دەڵـێ خـوای گـەورە تاقیـت دەکاتـەوە، خـوا هـەرگیز ئەوەنـدە سـەختی و گرفتـت بـۆ دروسـت ناکـات کـە نـەتوانی لەگەڵیـدا هـەڵ بکـەی. تـۆش لـەم تاقیکردنەوەیـەدا بەسـەر بـەرزی دەردەچـی و لـە جـارانیش باشـتر دەبـی. نـا، مـن ئـەوم ناوێـت، حەزناکـەم هـیچ کەسـێکی دیکـە بێتـە ئێرە."

لەگـەڵ ئەوەشـدا کاتێـك ئـەوان ژوورەکـەیان بەجێهێشـت، تەلـەفۆنیان بـۆ دوکتـۆر داوێنـز کـرد، کـە هـیچ کاتێـك بـۆ سـەردانی نەخۆشـەکان نەدەچـووە ماڵـەکانیان، بـەڵام ئەگـەری ئـەوە هـەبوو کـە ئـەو کاتـە بـە حاڵـەتێکی نائاسـایی لـە قەڵـەم بـدات و ئـەوان دڵنیابوون لەوەی کە ئەو مەسەلەکە لە هیچ شوێنێك باس ناکات.

دوکتـۆر داوێنـز بـۆ مـاوەی کاتـژمێر و نیوێـك لـە قـاتی سـەرێ لەگـەڵ تامـدا تـەنیا بـوو، لـە کاتێکـدا کـە لـە قـاتی خـوارێ لـۆرا هـەوڵی دەدا سـوکە خواردنێـك دروسـت بکات، کـە هـیچ کەسـێك حـەزی لێنـەبوو. ئـەو خواردنـە بـۆ بـاد و تیمـی بـوو. دوکتـۆر رایگەیانـد:" مـن هێورکەرەوەیـەکی سـوکم داوەتـێ کـە بەسـە بـۆی نـا لـە بـاری خـەم و پـەژارەی هەنـدێك کـەم بکاتـەوە. چـاك دەبـێ، دڵنیـام. ئـەو گـەنجێکی بـەهێزە، دامـاوە، ئـەو وابیردەکاتـەوە، کـە پیـاوێکی راسـتەقینە هیچـکات نابـێ هەسـتەکانی دەربڕێـت و تـەریق بۆتـەوە لـەوەی کـەوا رووخـاوە. مـن هـەوڵم دا کـەمێك بابەتەکـە روون بکەمـەوە پێم گوت کە کاتێك من لە ڤێتنام بووم دیتومە کە گەلێك پیاو دەگریان."

لـە خـەوی ئـەو شـەوەدا هـیچ ئاسـوودەییەك و هـیچ هەسـتێکی شـیرین و دڵخـۆش بوونی نەبوو. لۆرا کەلەکەو کەلەکـەی دەکـرد و لـە رۆیـاد خەیاڵێکـەوە پێـی دەنایـە رۆیـاو

خەیاڵێکی دیکەوە. ئەو لە خەودا لە دەستی پیاوکوژێك رای دەکرد کە بە شوێنییەوە بوو، بەڵام ئەو توانای هەنگاونانی نەبوو، گەیشتە فرۆکەیەك، بەڵام پسوولەی (پلیت) نەبوو، بەخێرایی گەڕایەوە ماڵێ تا هەموو شوێنێك بپشکنێ. نەیدەتوانی پسوولەکە بدۆزێتەوە، درەنگ ببوو، هاواری کرد و لە خەو راپەڕی، لە کاتێکدا کە ئاگادار بوو لەوەی باد خەوی لێنەکەوتووەو تامیش لە ژوورەکەیدا تەنیایە ئەو دەبوایە دڵنیایی پەیدا بکات لەوەی کە رووداوێکی ناخۆش بۆ تام روونادات. لە کاتێکدا تام لەبەر ئەو رۆناکییە کزەی کە لە هەیوانێ را دەهاتە ژووری،لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشابوو، لۆرا لە پەنا جێیەکەی راوەستا. بیرکردنەوە لەو بابەتەی کە هەردوو رۆژ بەر لە ئێستا لە کورەکەی تووڕە ببوو بەڕاستی سەیربوو بۆی. خۆشەویستی وی بەرامبەر بەتام وەکو گرێیەك دابوو لە سینگیداو هاوشێوەی ئازارێك بوو کە بەنێو تەواوی گیانیدا دەگەڕا.

تام گوتی:" دایە، من نەخەوتووم. دایە گیان، ئایا ئەوان دەیانەوێ کە من ئەم ماڵە بەجێ بهێڵم؟"

ئەو بە ئارامی دەدواو لۆرا خۆشحاڵبوو لەوەی کە هێورکەرەوەکە کاری خۆی کردووە.

" من نامەوێ تۆ بابە و تیمی بەجێ بهێڵم. ئەوان ناتوانن ناچار بەم کارەم بکەن."

لۆرا دڵنیای کردەوە:" هیچ کێشەیەك لەمەدا نییە، تۆ ئێستا تەمەنت پتر لە هەژدە ساڵە و چۆنت حەز لێبێت دەتوانی وا بکەی."

"ئایا من ناچارم چاوم بەو کەسانە بکەوێ؟ هیچ حەزناکەم بیان بینم."

کاتێك لۆرا بیری لە بابەتەکە دەکردەوە دەگەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە بە دڵنیاییەوە ئەوان دەیانویست چاویان بە تام بکەوێ، تەنانەت ئەگەر تامیش خۆی لەو کارە ببرادایە، ئەوان دەیانتوانی بە زۆرەملێ چاویان پێی بکەوێ، لەبەرئەوەی بە هۆی ئەو پێگەیەی هەیانبوو، توانای ئەنجامدانی ئەو کارەیان هەبوو، لۆرا گوتی:" بەڵام تۆ قەرزداری ئەوانی تۆ دەزانی کە چ هەستێکت هەیە، بەڵام بیر لە هەستی ئەوانیش بکەوە."

" مـــن بـــه هـــیچ جۆرێـــك گـــوێ نادەمـــە هەســـتی ئـــەوان. هـــیچ خـــاڵێکی هاوبەشـــم لەگەڵیاندا نییە."

"لەبەرئەوەی ئەوان جوولەکەن؟ مەبەستت ئەمەیە؟ تەنیا ئەمە، نا؟"

"هەر ئەوەندە بۆ من بەسە.."

"میســـتەر فـــۆردایس چـــاوی بـــە پارێزەرەکـــەی ئـــەوان کـــەوتووەو هـــەردووکیان بڕوایـــان دایە کە تۆ دەبێ هەر چاوت پێیان بکەوێ."

"خوایە گیان، بۆ ئەوەندە ئەشکەنجەم دەدەن؟"

"نا، منـــیش هاوڕێیـــەتیت دەکـــەم. بـــەم شـــێوەیە دەکـــرێ خـــۆ کـــی لەگەڵـــدا بگـــونجێنی. دژوارە، بەڵام زۆریش قورس نییە.

"زۆر باشە، هەر چۆنێك بێ حەزدەکەم باوکیشم لەگەڵماندا بێت."

"نازانم داخۆ باوکت ئەو کـــارە دەکـــات یـــان نـــا. ئـــەو لـــە زۆر لایەنـــەوە پـــتر لـــە تـــۆ خـــۆ بـــە هۆی ئەم مەسەلەیە گوشاری لەســـەرە. ئـــەو هیچـــکات بـــڕوا ناکـــات، کـــە شـــتێکی وەهـــا راســـت بێت و هەرئەمەش نیگەرانم دەکات، چونکە دەبێ لە کۆتاییدا ئەمە قبووڵ بکات."

"تـــام جـــارێکی دیکـــە گـــوتی:" بـــەڵام مـــن حەزناکـــەم چـــاوم بـــەو کەســـانە بکـــەوێ، دڵنیاشم کە تۆش پێت خۆش نییە."

لۆرا لە ساتێك زیاتر بۆ وەڵامدانـــەوە بـــیری نـــەکردەوەو بـــەم وەڵامـــە، بـــۆ خۆشـــی ســـەری سوڕما:" رەنگـــە منـــیش حـــەزم لـــە دیتنیـــان نـــەبێت، بـــەڵام لـــە لایەکیشـــەوە پـــێم خۆشـــە: دەمەوێ بزانم داخۆ پتێر چ ماڵێکی هەبووە."

لـــۆرا بـــە باســـکردنی ئـــەم بابەتـــە هەســـتی کـــرد دەنگـــی نوســـاوە. تـــام پرســـی:" ئـــەوان ناوی کوڕەکەیان نابوو پتێر؟"

لۆرا بیری کردەوە، کە رەنگە باســـکردنی ئـــەم بابەتـــە تـــامی خســـتبێتە ئـــەو بـــیرەوە کـــە ئەگـــەر ئـــەو لـــە نێـــو ئـــەو خێزانـــەدا گـــەورە ببوایـــە، نـــاوی پتێـــر دەبـــوو، ئەوســـا وەڵامـــی دایەوە:

"بەڵێ."

تـــام بـــە تـــووڕەیی گـــوتی:" چـــۆن چـــۆنی وەهـــا حـــەزێکت هەیـــە؟ ئەمـــە هـــەمووی پەیوەندی بە رابردووەوە هەیە. جیـــاوازی بـــۆ تـــۆ چـــییە کـــە ئـــەو لـــە کـــوێ ژیـــاوە؟ خـــۆ تـــۆ قەت نەتناسیوە."

سینگی لۆرا بە ئازار و کەسەرەوە کەوتە لەرزە، چۆن دەکرا چاوەڕوان لە کوڕێکی تەمەن نۆزدەساڵان بکرێت، کە هەستەکانی دەرك بکات، کە خۆی تەمەنی دوو ئەوەندەی ئەوە؟

کەسێك کە ئافرەتێك و دایکێك بوو: " تامی" لۆرا هیچکات لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئەوی بە "تامی" بانگ نەکردبوو:" ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە عەشقی منەوە نییە بەرامبەر بە تۆ کە ئەوەندە بەهێزە هیچ وشەیەك توانای دەربڕینی نییە."

تام بە حاڵەتێکی جدی تەماشایەکی لۆرای کرد، بە ئارامی سەری لەقاند و گوتی:" داوای لێبووردن دەکەم دایە، ئەگەر دڵگران نابی حەزدەکەم کەمێك تەنیا بم."

"باشە کوڕم، ئێمە سەر لە بەیانی زیاتر پێکەوە قسە دەکەین."

تام یەکسەر تەلەفۆنۆنی بۆ رۆبی کرد. ئەو لەم بڕوایەدا کە ئەگەر نەتوانێ متمانە بە کەس بکات و ئەگەر توانای نەبێت، کە خەم و بەدبەختی خۆی بە کەسێك بڵێ کە شایانی دەرك پێ کردنە، دەی کەواتە دەبوایە چۆن چۆنی دەردی دڵی خۆی هەڵڕێژێت؟ بە بیستنی دەنگی رۆبی، تام تێگەیی کە لە خەو هەڵی ستاندووە. رۆبی گوتی:" ئاهو، ئەوەندە درەنگ؟ چی بووە تام؟"

"هیچ، تەنیا ویستم قسەت لەگەڵدا بکەم." ئەوسا زانی کە ناتوانێ بە تەلەفۆن لەمبارەیەوە قسە بکات و دەبوایە لە شوێنیکی چۆڵ قسەی لەگەڵدا بکات:

"دەکرێ بەیانی چاوم پێت بکەوێ؟"

"تامی ئازیز، من ئەمشەو ویستم زووتر پێوەندیت پێوەبکەوم، بەڵام کەس تەلەفۆنەکەی ئێوەی هەڵنەدەگرت."

ئەمە راست بوو. هەموویان گوێیان لە دەنگی تەلەفۆن ببوو، بەڵام لێگەڕابوون بۆ خۆی هەر زەنگ لێدان.

" من لە سەرەتای مانگی داهاتوودا شار بە جێ دەهێڵم، تام دڵی کەوتە لەرزە و گوتی:" لێرە دەڕۆی؟"

"بەڵێ، زۆر شاگەشکەم. گوێ بگرە با پێت بڵێم: دوێنێ مامۆستای کیمیا پێوەندی پێوەکردم. نازانم چۆن بڵێم، لەڕادەبەدەر باشە."

رۆبی پێکـەنی. پێکـەنینی وی هەمیشـە دڵـێ تـامی بەلـەرزە دەخسـت. ئـەو درێـژەی دا:" بەرنامەیـەکی هـاوینی سـێ حـەوتوو لـە ئـایۆوا ! پێموایـە ئـەوێ زۆر جـوان و شـکۆدارە مامۆسـتایەکی بـەناوبانگی کیمیـا کـە رەنگـە ناوەکـەیت بـەرگوێ نەکـەوتبێت، منـیش نـاوم نەبیسـتبوو. بەهـەرحاڵ دوکتـۆر مۆرگـان دەڵـێ تەنانـەت بـڕە پارەیـەکی کەمیش دەدەم بۆ خەرجی سەفەرەکە."

رۆبـی کـە لـە خۆشـیان هەناسـەی بـۆ هەڵنەدەکێشـرا بـە پێکەنینـەوە گـوتی:" ئـەو سەرەتا جۆو مـایلزی راسـپاردبوو بـۆ تێپەڕانـدنی ئـەم خولـەن، بـەڵام دووشـەممەی رابـردوو باوکی جۆو نەخۆش کـەوت و ئـەو ئـیتر نـاتوانێ بـڕوات. بۆیـە لـە جیـاتی ئـەو تەلـەفۆنی بۆ من کرد. زۆر باش نییە؟"

"لەڕادەبەدەر باشە، من شانازین پێوە دەکەم."

ئێسـتاش ئـەو بـە جـوانی و هۆشـی ئـەو کچـەیەوە دەنـازی کیمیـا توێژینـەوەیی تـام هیـوای ئـەوە بـوو کـە توانـای هەبوایـە بـە ئامـادەبوون لەگەڵیـدا هەسـت بـە تامەزرۆییەکەی بکات.

"ئەمە بەڕاسـتی بـۆ خوێندنەکەشـم زۆر باشـە، لەوانەشـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی کـە لـە پاش دەرچوونم خێراتر کاربدۆزمەوە.

بەو کاسبییە خزمەتکارییەش بەڕاستی پێم وانییە بگەمە شوێنێك...

"سەرکەوتوو بێ ئازیزم، خۆشحاڵم بۆت، بەڵام پەرۆشت دەبم."

"چەند حەوتوو یەك زیاتر ناخایەنێت. تۆ باشی؟ دەنگت زۆر باش نالێ."

"لە دووری تۆ پەرێشانم."

"گوێ بگرە، بـەکارکردن بـۆ جـیم خـۆت بخافڵێنـە. ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بـیرت سـەرقاڵ بێـت. جـیم بـە سـەختی خـەریکی خەباتـە. ئایـا لێدوانـەکانی دوێنـێ ئـەوت لـە رۆژنامەدا نەخوێندۆتەوە؟ بەڕاستی پۆرتی مەکێنزی شکاند، زۆر باش بوو."

بـەم شـێوەیە قسـەی ئـەوان درێـژەی کێشـاو لـە پـاش ماوەیـەك بـە هـۆی ئـەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەوە هەستێکی دڵگیر دەروونی تامی گرت.

کاتێـك رۆبـی تەلەفۆنەکـەی داخسـت، تـام خـۆی بـە ئـارامتر هەسـت پـێ دەکـرد. هێزێکی لەو شێوەیە لـە رۆبیـدا هـەبوو. ئـەو بـە زوویـی دەگەڕایـەوەو خۆشەویسـتی وزەی بە تام دەبەخشی.

"کۆتایی بەشی دەیەم"

"بەشی یازدەهەم"

مارگرێت هەروا کە بەبەردەم ئاوێنەکەی هەیوانێ دا تێدەپەڕی بیری کردەوە:" ئێمە هەموومان چەندە زاڵین بەسەر دەمارەکانی مێشکمان دا، کۆمەڵە مرۆڤێکی تووڕەو ناڕەحەت!.. لەو کاتەدا چاوی بە لێوە لەرزۆکەکانی خۆی کەوت.

ئەندامانی خێزان، وەکو کۆمەڵێك کە بەشداری ڕێوڕەسمێکی بووك گواستنەوە یاخود تازیە بووین، قڕوقپ لە ژووری دیوەخانێدا دانیشتبوون و چاوەڕوان بوون.

ئارتۆر کە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی بەیانی بوو، هێشتا لاپەڕەی یەکەمی تەواو نەکردبوو. هولی لە پشت مێزی نان خواردن خەریکی حەڵکردنی خشتەی یەکتربڕ بوو. ئارتۆر سەری هەڵبڕی و تەماشای مارگرێتی کرد و گوتی:

"دانیشەو هێوربەوە."

مارگرێت وەڵامی دایەوە:" من بە تەواوی هێورم. تۆلەوەی کە من ئەوەندە هێورم سەرت سوڕدەمێنێ؟"

"بەڵێ سەرم سوڕدەمێنێ. تۆ تەنانەت ساتێکیش دەست لە کارکردن هەڵناگری. لێگەڕێ با ئەو گوڵانە لە جێی خۆیان بن. شوێنەکەیان باشە."

هۆی ئەو قسەی ئارتۆر ئەوە بوو، کە مارگرێت مقەسی بە دەستەوە گرتبوو تا لە باخچە، گوڵی هەمیشە بەهار لێی بکاتەوە. مارگرێت لە پاش بیستنی ئەو قسەیەی ئارتۆر مقەسەکەی داناو گوتی:" من تەنیا دەمەوێ کە هەموو شتێك لەبار بێتە بەرچاو. ئەو کوڕە تان..."

مارگرێت قسەکەی خۆی بڕی. لە کاتی دیاریکردنی ئەو چاوپێکەوتنەوە، ئەو خۆی کۆنترۆڵ کردبوو و ئێستاش ئەو حاڵەتی کۆنترۆڵ کردنە بەرە بەرە نەدەما مارگرێت، کە دڵنیانەبوو کە ئیتر چ کارێکی لە دەست دێت، چاوی بە هەموو ژوورەکەدا گێڕا هەر لە قەنەفەکانەوە بگرە تاکو دەگاتە وێنە کێشراوەکانی سەر دیوارەکان و کتێبە جۆراوجۆرەکان کە لە خوارێ را بۆ سەرێ لە نێو قەفەسەکاندا هەڵچندرابوون.

هەر شتێك کە دەبوایە بتەکێندرێ، تیف تیفە بدرێ، یاخود گەسك بدرێت، هەمووی ئەنجام درابوو. بیرکردنەوەکانی مارگرێت هەمدیسان دەستی کرد بە

سوڕانەوەو گەڕان. بیری جۆراو جۆری هاتنە سەر زەینیێ. ئەو گوتی:" ڕاست دەکا کە دەڵێ ماڵەکەیان زۆر خۆشە، خانوویێکی زۆر کۆن بە کەلوپەل و ئاسەواری کۆنەوە! ئەو دەڵێ کە بنەماڵەی پایگ، واتە کەسوکاری خاتوونی خێزان بەر لە شۆڕش[8] دانیشتووی ئێرە بوون.

چەند شتێکی باشە کە مرۆڤ خاوەنی ڕەگ و ریشەیەکی ئاوا بێت، لە شوێنێکدا ژیان بەسەر ببات کە بە بەردەوامی کەسوکاری نیشتەجێی ئەوێ بوون."

ئارتۆر بە ئارامی گوتی:" بەر لە شۆڕش، واتە ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش. دایك و باوکی من لە ئەڵمانیا لە هەمان شار دەژیان کە باپیرانمان لە سەردەمی دوورخستنەوەیان لە ئیسپانیا لە ساڵی ١٤٩٢ دا لەوێ بەسەریان بردووە."

"پێویست بەوە ناکا ئەوەندە دوور بڕۆین. مەبەستم خانوونێکە وەکو خانووەکانی شێوازی کۆنفدرات، خانووی کۆن بە میچی بەرز و قادرمەی دوولایەنە."

"رابردووی ویلایەتی کۆنفدراتیۆ[9] (کۆنفدراسیۆن) خۆ هی تۆنییە، کەواتە دڵی خۆت هەر بەم خانووە تازە و نوێیە خۆش بکە..."

"ئارتۆر، بەڵام زۆریش لەم خانووە رازیم، تەنیا مەبەستم ئەوە بوو کە.."

مارگرێت بێدەنگ بوو. ئەوان هەموویان لە رووی تووڕەبوونەوە زۆر زیان وەرگربوون و ئامادەبوون پەلاماری یەکتری بدەن.

---

٨- مەبەست لە شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکایە لە ساڵەکانی دیەی ٧٠ ی سەدەی هەژدەهەمی زاینی دا بەرێبەرایەتی جۆرج واشنتۆن لە دژی دەوڵەتی ئیمپراتۆری بەریتانیا .

جۆرج واشنتۆن فراماسۆن بوو و فراماسۆنەکانیش جگە لە شۆڕشی ئەمریکا، لە شۆڕشی ١٨٧٩ی فەرەنساشدا دەستیان هەبوو و رژێمی پاشایەتی بۆر بۆنیان روخاند.

٩- مەبەست چوار ویلایەتی باشووری ئەمریکایە، کە لە دەیەی شەستی سەدەی نۆزدەهەمدا جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆیان لەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا راگەیاند و "لی" یان بە فەرماندەی هێزە شۆڕشگێرەکان دامەزراند. هۆی جیابوونەوەکە بڕیاری دەوڵەتی ئابرەهام لینکۆڵن بوو بۆ ئازادکردنی کۆیلە و ڕەشپێستەکان کە باشوورییەکان بە هۆی پێویست بونیان بە هێزی کرێکارانی ڕەشپێست نەدەچونە ژێر بارەوە.

لەو کاتەدا نیگـای وی بـەرەو مێـزی نـان خـواردن سـوڕا کـە لـەو سـەری هـەیوانێ را، دەتواندرا ببینرێـت. ئـارتۆر کـە بـە دوای نیگـای ئـەوە بـوو، دڵنیـایی کـردەوە و گـوتی:" ئەگەر نیگەرانی خواردنی، ئەوە خواردنەکەمان بەشی بیست کەسیش دەکات."

"دەزانم، بەڵام بەهـەرحاڵ ئـەوان نزیکـەی سـەد مایـل لەگـەڵ ئێمـەدا مـەودایان هەیـە و بە دڵنیاییەوە بەیانی زوو لە ماڵ دەرچوون و ئێستا برسین."

بەڵام رەنگە برسیش نەبن...

هـەر چـۆنێك بێـت مارگرێـت سـەبارەت بـە تـام و دایکـی هیچـی نـەدەزانی. پاشـان بیرکردنەوەی ئاڵۆز دیسان هێرشـی بـۆ مێشـکی هێنـاو لـە دڵـی خۆیـدا وابـیری کـردەوە:" ئەگەر من بتوانم بەسەر ئەم گرفتـەدا سـەرکەوم، مەزەنـدە دەکـەم کـە دەتـوانم بەسـەر هـەر کێشەیەکی دیکەشدا زاڵ ببم."

ئەوسـا هەوڵێـدا مێشـکی خـۆی بحەسـێنێتەوە و لـە بـیری خواردنـدا بێـت، زەڵاتـەی مریشکی، میوە، هـەروەها شـیرنەمەنی بـادامی کـە دایکـی لێـی نـابوو، پاشـان گـوتی:" ئەو ئافرەتـە لـە پشـت تەلەفۆنـەوە زۆر بـە ئـەدەب بـوو:" سـەرەڕای ئـەوەی کـە دەیانجـار باسی ئـەوەی کردبـوو. ئەوسـا درێـژەی پێـدا:" خۆشـحاڵ دەبـووم کـە بـۆ خـۆم بچـوومایە لایان، بـەڵام وام هەسـت پێکـرد، کـە ئـەو خاتوونـە وای پـێ باشـترە بێتـە ئێـرە. وادیـارە مێردەکەی زۆر تووڕەیە؟ بۆ خۆی وای دەگوت."

ئارتۆر بە بۆڵـە بـۆڵ گـوتی:" تووڕەیـە؟ سـەرەنجام راڵـف کـارێکی وای کـرد، کـە ئـەو راستی قبووڵ بکات. رایس رقی لەوەیە کە ئێمە جوولەکەین."

"دەزانم. هەر چۆنێك بێ رایس نایەتە ئێرە، بەڵکو تەنیا ژنەکەی و کوڕە دێن."

مـارگرێت سـەیری مێردەکـەی کـرد. لـە رووخسـاریدا، رەنـج و ئـازار بەرچـاو دەکـەوت و ئـەو وابـیری کـردەوە، کـە رەنگـە دەرد و ئـازارێکی هاوشـێوەش لـە روخسـاری خۆیـدا هـەبێت. کاتێـك هـولی گـوێی لـەم رسـتەیە بـوو، سـەری لەسـەر خشـتەکە بـەرزکردەوەو گوتی:" هـەروەها گوایـە ئـەو کـوڕە ببێتـە بـرای مـن! دەمـارگیرێکی نـازی دەبێتـە بـرای من."

هولی لە تووڕەییان دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوون:

"ئاخر ئێوە بڕوا دەکەن؟"

مارگرێت بە شێوەی هۆشداردانەوە گوتی:

"هولی واز لەو قسانە بێنە."

"بەداخەوە، تاوانی من نییە، بەڵام ئەوەی کە دەربارەی ئەم گروپە لە زانکۆی ویلایەتی بیستومە ئەوەندە تۆقێنەر و ئازاردەرەکە..."

ئارتۆر بە دەنگێکی بڕیاردەرانەوە گوتی:" زۆر باشە، تێگەیشتم. بەڕاستی باش نییە، کە تۆ ئێمە لەوە زیاتر تووڕە بکەی. مەڵێ کە بڕیارە ئەو ببێتە برای تۆ، ئەو براتەو کەواتە دەبێ بە برای خۆتی قبووڵ بکەی و خۆشت بوێ."

دەنگی ئارتۆر لە گەرودا خنکا.

هولی گوتی:" زۆر باشە بابە، بەڵام تەنیا شتێك کە دەتوانم بڵێم ئەوەیە، کە تەواوی ئەو کارانە بەڕاستی هەڵەن و دەبنە هۆی ئەوەی کە من بەرامبەر بە پتێر خۆم بە بێ وەفا هەست پێ بکەم. پتێر برای من بوو، نەك ئەم تامە."

مارگرێت دووبارە گوتی:" هولی وازبێنە." ئەوسا بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. کاتژمێری سەر پێشخوانی سۆبەکە، کە دیمەنی کەشتیوانێکی ئاسمانی لەسەر مانگی لەسەر تەختەکەی بوو، بە لێدانی زەنگەکانی نیوەڕۆی راگەیاند. ئەگەری ئەوە هەبوو، کە ئێستا نا تاوێکی دیکە میوانەکان بگەنە جێ. چاوەکانی مارگرێت لەسەر بلوێرەکەی هولی و کتێبە مێژووییەکانی ئارتۆرەوە تا دەگاتە وێنەی پتێر و وێنەی تام، کە حەوتووی رابردوو لۆرا رایس بە پارێزێکی زۆرەوە بۆی ناردبوو، لە هاتووچوودا بوو و بە بێ ئامانج دەسوڕایەوە. وێنەی تام هێشتاش لە نێو کاغەزێك دابوو و نەخرابووە نێو چوارچێوەوە. مارگرێت هەر کاتێك چاوی پێدا دەخشاند، قاچی سست دەبوون و ناچار دەبوو لە شوێنێك دانیشێ.

مارگرێت لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:

" من دەبێ ئەمەم لە یادبێت، کە لۆرا رایسیش هەستی من هەیە، هەموو خەم و کەسەرەکانی من، هەروەها رق و تۆقینم و رەنگە زیاتریش لەوە هەست پێ دەکات.

ئەو دوو منداڵی نەخۆشی هەبوون و یەکێك لەوان، ئەوەی کە ئەو نەیناسیوە، ئێستا مردووە. ئەو هیچکات ئەو منداڵە ناناسێت، بەڵام من هەر نەبێ ئەو شانسەم هەیە، کە منداڵەکەی خۆم بناسم. هیوادارم وابێت. بە دڵنیاییەوە ئەو دەربارەی پتێر پرسیارم لێدەکات و من دەبێ هەموو گرفتەکانی خۆم و گرفتەکانی کوڕەکەی پێ بڵێم: لە دەرچوونی ریخۆڵەی راست (پرۆلایس دیکتۆم)، کاتێك کە پتێر تەمەنی تەنیا

دوو ساڵان بوو، تا هەوکردنی سییەکان و هەموو ئەو هێرشە نەخۆشیانە و پاشانیش مردن. خوایە گیان، صۆن دەتوانم هەموو ئەو شتانە روون بکەمەوە؟"

ئێستا هولی هەستابووە سەرپێ تا لە پەنا پەنجەرەکە راوەستێ کە پەردەکەی لادا بوو. ئەو رایگەیاند:

" ئۆتۆمبێلێك بە ئارامی خەریکی چوونە خوارەوەیە لەسەر شەقام. وا دیارە ئەوان بەدوای ژمارەی خانوودا دەگەڕێن."

مارگرێت بە حاڵەتێکی دوو دڵییەوە گوتی:" لەبەرپەنجەرە وەلاکەوە، جوان نییە ئەوەندە پەلە پەل کەین."

کاتێك پەردەکە دادرایەوە، هولی لە کەلێنی دوو پەردەکەڕا سەرێکی پێوەناو گوتی:" بەڵێ، ئەوە گەیشتن. خاتوونەکە لە پشت سوکانە. ئۆتۆمبێلێکی مارسیدیسە. مێردەکەی نەهاتووەو ئێستا لە ئۆتۆمبێل دادەبەزن. ئەوە لە قادرمەکان سەردەکەون. ئەو ئافرەتێکی جوان و باڵا بەرز و قژ زەردە."

زەنگی ماڵێ لێدرا. تام کەمێك بەر لە کاتژمێر ٩ لە ماڵێ دەرچوو بوون. ئەوان خزابوونە ترافیکی بەرەبەیان گەیشتبوونە شارێ. ئەوسا کەوتبوونە ئاراستەی شەقامێك کە بۆ لای رۆژهەڵات و بەرەو هەتاو بەرەو پێش دەچوو.

لۆرا بە بێ هیچ روونکردنەوەیەك چووبووە پشت سوکان. بە شێوەیەکی گشتی ئەو رێگەی بەتام دەدا کە لەو هەستە پیاوانەیە چێژ وەربگرێت، کە بریتی بوو لە دانیشتن لە پشت سوکانی ئەو ئۆتۆمبێلە جوان و ناسکە، بەڵام ئەو رۆژە ئەوەندە تووڕە بوو، کە نەیدەتوانی هێندە وەك سەرنیشنی لە ئۆتۆمبێلەکەدا بمێنێتەوە. لۆرا پێویستی بەوە هەبوو، کە بیری لەسەر بابەتێك جێگیر بکات، جگە لە شوێنی مەبەستیان. هەتاوی سوور رەنگ گەرمییەکی لە رادەبەدەری بڵاودەکردەوە. لۆرا هیچکات بیری لەوە نەکردبۆوە، کە روانگەکانی مرۆڤ بەرامبەر بە سروشت دەتوانێ پەیوەست بێت بە خولق و خوی ئەو کەسەوە، لە رۆژێکی پڕ لە شادی و بەختەوەریدا، خۆری سوور رەنگ دەتوانێ وەکو بالۆنێکی سێرك بچێ کە لە ئاسمان هەڵواسراوە، بەڵام ئەو رۆژە خۆر وەکو کۆمەڵە خەڵوزێك سوور ببۆوە، ئەهریمەنی و ئازار دەردەهاتە بەرچاو. ئەو لە دڵدا بیری لە تام دەکردەوە، کە بە درێژایی رێگاکە بێدەنگ دانیشتبوو و لە ئاراستەی خەماوی جادە رامابوو. هەر ئاوا کە لە شار نزیك

دەبوونــەوە، فرۆشــگاکان، ســینەما و هــۆڵی گــەورەی شــانۆگەری شــار و تــابلۆی دەرەوەی کارگــەکان، بــەو رەواڵەتــە جــوان و دڵڕفێنەیانــەوە، بــە بەرچــاوەکانیاندا تێدەپــەڕین. بــە زوویی دەوروبــەری شــار بــە دیارکــەوت. کۆمەڵــە بینایــەکی بازرگــانی چــەند نهــۆمی تــازە دروستکراو، کەوتبوونە ئەمبەرەو ئەوبەری شەقامەکە.

ئــەوان لــە شــار تێپــەڕین، ســوڕانەوە بــۆ ئاراســتەیەکی هەڵــە و دووبــارە درێــژەیان دایەوە بە رۆیشتن، لە کۆتایدا گەیشــتنە شــتێکی کــە لــە گونــد دەچــوو، کــە ئەوەنــدە تــازە دروستکرابوو کە بەشی هەرە "زۆری دەڤەرەکە بە درەخت داپۆشرابوو. لۆرا گوتی:

"وردە وردە وا خەریکە دەگەین: دەمی وشك ببوو و دەستی سارد و سڕبوون.

تام گوتی:" ئێمــە بەڕاســتی لــەم کارەمــان پەشــیمان دەبینــەوە. ئــەم کــارە هەڵەیــەکی گەورەیە."

"ئەگەر هەڵەش بێت، خۆ کــارێکی دیکــەمان لــە دەســت نایــە، چــونکە چــارەی ترمــان نییە، خۆ تۆ تێدەگەی، تام."

"بەڵام باوکم بەشی خۆی هەڵبژاردووە."

"ئــاخ تــام، بــاوکی دامــاو تــەنیا فــێڵ لــە خــۆی دەکــات. تــۆ نــاتوانی لەبــەر راســتی رابکەی."

لــــۆرا خێرایــــی ئۆتۆمبێلەکــــەی کــــەم کــــردەوە و گــــوتی:" ئێرەیــــە، ژمــــارە ١٧، راستییەکان لێرەیە."

هــەموو شــتێك حاڵــەتی کــپ و تارمــایی هــەبوو. کــە لــە کەشــوهەوای نیــوە بینــراو و نیوەبیســتراودا هــەنگاوی دەنــا، لەگــەڵ ئەوەشــدا دیمــەن و دەنگــەکان دزەیــان دەکــردە نێــو دڵییەوەو ســەر لــە نــوێ لــە تاریماییــدا ون دەبــوون. تــام کتێبــی "تراژیــدیای ئــەمریکایی" بەرهــەمی درایــزەری خوێنــدبۆوەو لــە بەشــێك لــە کتێبەکــەدا، کــە تێیــدا پیــاوێکی بەســتراوە بــە کورســییەکی کارەبــایی، هێشــتا ئاگــای لــە رووداوەکــانی دەوروبــەری خــۆی بوو، تووشی سەرسوڕمان ببوو.

ئــەوێ ژوورێــك بــوو گــەورە و روونــاك، پــڕ لــە گــوڵی باڵاخانــە چــەند نهۆمییــەکان و هەروەها بۆشــاییەکی لــە پشــتەوە هــەبوو. سەرانســەری درێــژایی دیوارەکــان بــە قەفەســەی کتێــب داپۆشــرابوون. کۆمەڵــە کەســێك بــە شــێوەی نیــوە بازنــەیی راوەســتابوون و کەوتبوونە بەرامبەری تامــەوە. ئــەو لــە ناکــاو هەســتی کــرد، کــە ژمارەیــەکی زۆر خــەڵك

قەرەباڵغیان دروست کردووەو تێی راماون، بەڵام بە خێرایی هاتەوە سەرخۆ و توانی لێکیان جیابکاتەوەو بینی کە ئەوان تەنیا سێ کەسن: پیاوێك و دوو ئافرەت. یەکێك لە ئافرەتەکان کچێکی جوان و شۆخ و شەنگ بوو بە جووتە چاوێکی گەورە و واق ورماوەوە، کە ملوانکەیەکی سپی لە ملدابوو. ئەو زۆر پۆشتەبوو، وەکو ئەوەی بچێتە ئاهەنگ گێران. تام بە تووڕەیی لە دڵی خۆیدا گوتی رەنگە ئەو کچە پێی وابوو بێ کە ئاهەنگێك لە گۆڕییە. ئافرەتەکەی دیکە هات و دایکی ئەوی لە ئامێزی گرت. ئەوان یەکتریان لە باوەش گرت و دەگریان، دەتگوت دوو هاوڕێی کۆنن، کە لە پاش ساڵانێکی دوورودرێژ لەیەکتر دووربوون و ئێستا چاویان بە یەکتر دەکەوێتەوە. دایکی ئەوی بەرەڵا کردبوو تاکو بکەوێتە بەرامبەر ئەوانی دیکەوە، لە کاتێکدا کە ئەو تەنیاو دامابوو، دەستەکانی هاوشێوەی مەیمونێکی بێچارەی باخچەی ئاژەڵان، بەملاولادا هەڵواسرابوون و بەراستی ئەو حاڵەتە بۆوی ئازاردەر بوو. ئافرەتەکان لە حاڵی گریاندا دۆخێکی ئاخۆشیان هەبوو. ئەوان لێك دوورکەوتنەوەو بەدوای کلێنسدا گەڕان تا فرمێسکەکانیان بسڕنەوە. لۆرا، وەکو ئەوەی شتێکی کەوتبێتەوە یاد بەرەو لای تام سوڕاو گوتی:" ئەمە تامە."

ئافرەتەکەی دیکە گەنج بوو و قژی رەشی پیری هەبوون. پێستی لەشی وەکو کاغەزی سپی وابوو و بە جۆرێکی وا تەماشای دەکرد، کە دەتگوت سەرەنجام دەبورێتەوە. رەنگە ئەوە دایکی تام بووبێت.

باوکی گوتبووی:" درۆیەکی گەورە! خۆ ئەو هەر مرۆڤ نییە،" بەڵام نا، ئەو خاتوونێکی بەرجەستە بوو و تام خۆی لەو ئافرەتەدا دۆزیەوە. تام هەستی بە نەخۆشی دەکرد و خوا خوای بوو ئەو ئافرەتە نەیەوێ ماچی بکات و لە باوەشیدا بگری.

دڵی هەروا بە خێرایی لێی دەدا و لەناو گوێچکەکانیدا تەپەتەپی دەهات. لە دڵی خۆیدا گوتی:" هیچ کەسێك شتی وا باوەڕناکات، بەڕاستی مرۆڤ شێت دەکا."

بە حاڵەتێکی دڕندانەوە سەیری دوای خۆی کرد و بە دوای دەرگای پێشەوەی ماڵەکەدا گەڕا، کە دیاربوو لە شوێنێکی خوار هەیوانەکە بوو. بەرلەوەی ئەوان بچنە نێو ڕاڕاوە بچووکەکەوە جارێك سوڕابوونەوە. لە کوێ بوو؟ ئەو دەرگایە لە کوێ بوو؟

ئافرەتەکـە گـوتی:" تـام." دەنگـی ئـارام و لـەرزۆك بـوو:" تـام، مەترسـە." ئـەو بـە هـیچ جۆرێـك دەسـتی لـە تـام نـەدەدا، هـەروەها بـەرەو لای هەنگاویشـی نـەنا. تەنانـەت کەمێکیش کشایەوە. وەکو ئەوەی بلێـی چـاوەڕوانی ئـەوە بـوو، کـە تـام بـەرەو لای بچـێت و یان ئەوەبوو، که لێـی دەترسـا. ئـەو ئافرەتـە تـەنیا سـەیری کـرد و ئەوەنـدە چـاوی پێـدا گێڕا، که تام تەریق بـۆوە و ئـاوڕی دایـەوە تـا دووبـارە پێـدا گێـڕا کـە تـام تـەریق بـۆوە و ئاوڕی دایەوە تا دووبارە چاو بە ژوورەکەدا بگێڕێ.

لـە هـەموو شـوێنێك چـاوەکان لـەوی رامـابوون، کۆمەڵـە چـاوێك کـە بـە شـێوەیەکی نائاسـایی گـەورە، بریقـاوەو هـەموویان تـەڕبوون. ئێسـتا هـەر کـام لـە رووخسـارەکان ناوێکی هەبوو. ئـارتۆر پیـاوێکی باریـك ئەنـدام بـوو بـە قـژی خۆڵەمێشـی روونـەوە. تـام لە دڵی خۆیدا گوتی:

"ئەمـە بـاوکی منـە؟ هیچـکات! وەرە لەگـەڵ بـاددا بـەراوردیان بکـە! خوایـە گیـان، هولی، ئەوە کچۆڵە زمـان لوسـە لـە خۆڕازییـە... ئـەو لـە بێدەنگیـدا بـە هـولی گـوت:" کەیفم بە شـێوازی سـەیر کردنەکـەت نایـە." ئەوسـا بـۆی دەرکـەوت کـە کچـەکە وەڵامـی نیگاکـەی دایـەوە:" زۆر باشـە، منـیش تـۆم خـۆش نـاوێ." مارگرێـت گـوتی:" مـن حەبێکی هێورکەرەوەم خواردووە. لەبیرمـە کاتێـك کـە بـاوکی ئـارتۆر کۆچـی دوایـی کـرد، دۆسـتمانمان بـە دایکیـان گوتبـوو کـە هـیچ دەرمـانێکی هێورکـەرەوە نـەخوات، ئـەو فرمێسك رشتنە تەندروست ترە، منیش لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام، بەڵام نەك ئەمڕۆ.

لە رێـوڕەسمێکی ماتەمینیـدا، هـەموو چـاوەڕێی ئـەوەتان لێدەکـەن کـە بگریـت، بـەڵام من ئەمڕۆ پێم بـاش بـوو کـەمێك ئـارام بم. دەزانـن، مـن بـە هـیچ جۆرێـك تەنانـەت بـە خواردنی حەبیش، مرۆڤێکی ئارام نیم."

فرمێسـك لـە چـاوەکانی مارگرێـت دابـارین و تـام لـۆرای بینـی کـە دەسـتی ئـەو ئافرەتـەی گـرت و دەیزانـی کـە دایکـی کـەیفی بـەو ئافرەتـە هـاتووە:" خوایـە گیـان، بەڕاستی هەموو شتێك سەیر و نائاساییە."

لۆرا گـوتی:" مـن نـاوم لۆرایـە." بـۆ یەکـەمجار ئـارتۆر دەسـتی بـە قسـەکردن کـرد:" مارگرێت لە بیرت بێ کە خاتوو لۆرا تەشریفیان لێرەیە، لەبەر ئەوەی پتێریش."

مارگرێت دەستی بە دەمیەوە ناو گوتی:" داوای لێبووردن دەکەم، من بە هیچ جۆرێك سەبارەت بەم بابەتە بیرم نەدەکردەوە. بەڵێ! من چ کارێکم لە دەست دێت؟ پێم بڵێن کە ئایا حەزدەکەن ژوورەکەی ئەو ببینن؟"

لۆرا لە بن لێوانەوە گوتی:" بەڵێ، تکا دەکەم."

کاتێك ئەو دوو ژنە چوونە قاتی سەرێ، بلێسەیەکی بە ئازاری ئێرەیی لە دەروونی تامدا کلپەی سەند و هەستی تەنیایی لە خۆی گرت. وا هاتە پێش چاوی کە لە ژوورێکدا لەسەر کورسی دانیشتووە، کە لە ناکاو لە رادەبەدەر بە گەورە خۆی دەنوێنێ و ئەوەش کە ئەو سەر بە هیچ شوێنێك نییە. ئەو کێ بوو؟ ناوی خێزانی تام چی بوو؟

دەنگی ئەو پیاوە دەتگوت لە نێو لولەیەکی نێو بەتاڵدا بە دووری چەندین فەرسەخەوە دەهات:

"ئێمە زۆر لە مێژە چاوەڕوانی دیتن بووین، تام."

تام سەری بەرزکردەوەو تەماشای کرد. ئەو پیاوە جەستە بچووکە کە بوونی لێواو لێو بوو لە هەستەوەری، بڕیار وابوو باوکی وی بێت. خۆزگە بیتوانیایە بوێرانە وەڵامێکی بداتەوە، بۆ نموونە بڵێ: ئێ، بەڵام من بە هیچ جۆرێك تامەزۆری دیدارت نەبووم، بەڵام ئەگەر وابوایە، ئیدی دایکی قەت نەیدەبەخشی. بۆیە لە وەڵامدا تەنیا بە ئارامی سەری لەقاند. ئارتۆر درێژەی دایە:

"ئێمە دەزانین کە تۆ چەندە داچڵەکیوی، کەواتە ئەگەر حەزت لە قسەکردن نییە، دەتوانی هەر قسەمان لەگەڵدا نەکەی."

تام هیچ قسەیەکی بۆکردن نەبوو، جگە لەوەی بڵێ:

بمرن، لەناوچن، لێم گەڕێن با من لێرە بڕۆم و قەت سەبارەت بە ئێوە بیرنەکەمەوە. ئەو دیسانەوە بە ئارامی سەری خۆی لەقاند. بێدەنگی زاڵ بوو.

کچەکە، بە بێ هیچ هۆیەکی تایبەت جێگۆڕکێی بە کورسییەکان دەکرد. هەر ئاوا کە ئەو دەجووڵایەوە، بازنە زێڕەکانی خرینگە خرینگیان بوو. ڕۆبی دەیگوت جوولەکەکان زۆر کەیفیان بە ئاڵتون دێت و کچە جوولەکەکانی کۆلێژ باشترین زێڕەکان بەخۆیاندا دەکەن و زۆریش سوودیان لێ وەردەگرن. بێدەنگی درێژەی هەبوو. تام بە دڵخۆشییەکی ئاشکرا وای دەزانی کە:" ئەم کەسانە بە هەمان ئەندازە لە

ئازاردان، کە من هەم. زۆر باشە، لەوانەشە بەقەد من نارەحەت نەبن و کەمتر لە من هەست بە نارەحەتی بکەن."

پیاوەکە پێشنیاری بە کچەکەی کرد: هولی، رەنگە تام حەزی لە خواردنەوە بێت...

کچەکە هەستا، رووی لە تام کرد و گوتی:" حەزت لە پەرداخێك کۆکا هەیە؟"

"نا، پاشان بە بیری هاتەوە بڵێ: "نا، سوپاست دەکەم."

"رەنگە تام حەزی لێبێت. بچێتە دەرێ و کەمێك هەوا هەڵمژێ."

ئەوان بە جۆرێکی وا دەربارەی وی دەدوان، کە دەتگوت ئەو هەر لەوێش نییە. رەنگە ئارتۆر بەمەی زانیبێت، چونکە یەکسەر راستەوخۆ لە تامی پرسی کە ئایا ئەو سەگی هەیە؟

"براکەم سەگێکی هەیە." (تێگەیشتی، برای من.)

"هولی سەگێکی بچکۆلەی سپی هەیە. هولی، تام ببە دەرێ تا ئستار ببینێت."

تام بە دڵخۆشییەوە لە جێی خۆی هەستاو بە دوای کچەکە کەوت. لە دەرەوەی ماڵ، هەناسە هەڵکێشان ئاسانتر بوو، لە چنگی ئەو نیگاو پرسیارانە لە ئەمان دابوو. کچەکە جوان بوو و لەش و لارێکی لێوەشاوەی بە لێوەشاوەیی رۆبی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەو کچەدا دوژمنی یەکتر بوون. لەوپەری بەتاڵایی چەمەنەکە، شۆڕە بییەك بەلق و پۆپی هەڵواسراوە، سێبەری خستبووە سەر مەلەوانگەیەکی بچووك کە سوورە ماسی مەلەیان تێدا دەکرد. سەگە بچکۆلەکە لە بن ئەو سێبەرە پاڵ کەوتبوو. هولی گوتی: " ئەو ئەمڕۆ بەیانی بڵند کرد تا هولی بیلاوێنێتەوە. هولی گوتی:" کوڕی باش، کوڕی لەبەردڵان."

تام حەزی دەکرد سەگەکە بلاوێنێتەوە. ئەو نەیدەتوانی دڵنیا بکات، کە خێزانێك هەبێت سەگیان نەبێ، بەڵام کاتێك ئیرێلی لە ماڵی خۆیان هاتەوە یاد، نەیتوانی ئەمەیان بلاوێنێتەوە.

"ماڵ." ئەمە وشەیەك بوو، کە دەبووە هۆی ئەوەی کوڵمی گریان گەروی تام داگیربکات. هولی لە کاتێکدا کە لەسەر ئەژنۆ بوو، سەری بەرزکردەوەو تەماشای وی کرد و گوتی:" تۆ کەیفت بە ئێمە نایە." چاوە رەشەکانی کەمێك باریکتر بوونەوە.

"وایە، کەیفم پێتان نایە."

" من کۆمەڵە شتێکم دەربارەی تۆ بیستووە."

ئەو کچە بە باق و بریقە، بەو بازنانەیەوە، دەبێ چ شتێك بزانێ؟

"بەهیچ جۆرێك بایەخ بەو شتانە نادەم، کە تۆ دەیانزانی، هەروەها خۆشت."

دەرگا شووشەییەکە لەسەر سکەی خۆی خلیسکاو کرایەوە.

ئـارتۆر بـانگی کـرد:" ئەگـەر حـەزتان لێیـە شـتێك بخۆنـەوە، سـوراممییەك شـەربەتی لیمۆناو لەسەر مێـزی هـەیوانێ دادەنـێم. دوایـە دەچـمە قـاتی سـەرێ." پاشـان پـاڵی بـە دەرگاوە نا تا دابخرێت.

هـولی گـوتی:" گـوێ بگـرە." ئـاوازی قسـەکردنەکەی توندوتیـژ بـوو:" هـەروەکو تـۆ حەزناکەی قسـەم لەگەڵـدا بکـەی، منـیش هـیچ حـەزم لـە قسـەکردن لەگـەڵ تـۆدا نییـە، بەڵام نامەوێ هەسـتی دایـك و بـاوکم بڕۆشـێنم. ئـەوان تـا ئێسـتا بـە ئەنـدازەی پێویسـت ڕەنـج و ئازاریـان چەشـتووە. مـن چـەند گۆڤارێـك دەهێـنم و پێکـەوە دادەنیشـین و وانیشـان دەدەیـن، کـە خـەریکی خوێندنـەوەیانین، تـەنیا یـەك وشـەش پێکـەوە قسـە ناکەین. رازیت؟"

تام گوتی:" بەلای منەوە کێشەیەك نییە."

❊❊❊

"ئێرە ژووری پتێر بووە."

لۆرا بـە یـەك سـەیرکردن هـەمووی لەبـەر کـرد. پۆسـتەرەکان، کتێبـەکان، ڕێکـوردێر، هـەروەها پـەردە کەتانییـەکان بـە پـەتی سـوودی روونـەوە، کـە بەسـەریانەوە دوورا بـوو، ئەمانـەی هـەموو لـە مێشـکیدا تۆمـارکردن. لەسـەر قەفەسـەیەکی چـەکمەجەدار وێنـەی پتێـری لەسـەر بـوو لـە نێـو بـەرگێکی زۆر رازاوەو بـە رووخسـارێکی زۆر جدییـەوە. لـۆرا هـەروا لـەوێ راوەسـتابوو کـە یـەك یـان دوو خولـەك تێپـەڕی. ئەوسـا ئـارتۆر دەسـتی بـە قسەکردن کرد:

"لەم وێنەیەدا، ئەو تەمـەنی سـێزدە سـاڵانە،ئەو لـە ئاهـەنگێك دایـە، کـە بـە بۆنـەی گەنجـە تـازە پێگەیشـتووەکان بەرپاکراوەـ ئـەوە نیشـان دەدات، کـە ئـەو کـوڕە پێگـەی خۆی لـە نێـو کۆمەڵگـەدا وەکـو مرۆڤێکـی بەرپرسـیار دۆزیوەتـەوە و ئـیتر منـداڵ نییـە، ئیـدی هەسـت بـە جیـاوازی نێـوان راسـت و هەڵـەدا دەکـات. کلتـووری خـۆی کـە

لەسەردەمی حەزرەتی موساوە پشت بە پێیگەیشتووە دەناسێت." لەو ساتەدا ئارتۆر قسەکەی خۆی بڕی، بەرەو لای پەنجەرەکە سوڕاو هەوڵی دا رووخساری خۆی بشارێتەوە. ئەوسا درێژەی دا:"ئەو رۆژە بەڕاستی ئەو بووە هۆی سەرفیرازی ئێمە لەو ئاهەنگەدا. خەڵك ماوەیەکی زۆر باسیان دەکرد. ئەو یەکێك بوو لە لایەنگرانی پارێزگاری لە ژینگە، دەزانی، ئەو دامەزرێنەری یانەی پارێزگاری لە ژینگە بوو لە قوتابخانەکەیانداو هەمیشە لە مبارەیەوە قسەی دەکرد، سەبارەت بەوەی کە گەلی ئێمە صۆن چۆنی گەیشتە سەرزەمینی شیر و هەنگوین، چۆن رێزی لەو ولاتە گرت، کە خواوەند بە ئێمەی بەخشیبوو، هەروەها بۆچی دەبێ ئێمە هەسارەی خۆمان بە گرنگ لە قەڵەم بدەین تا رۆڵەکانمان سەر لە نوێ.."

ئارتۆر کە ئیتر توانای قسەکردنی نەبوو، بێدەنگ بوو و لۆرا دەیزانی کە ئەو بۆ هەردووك کوڕەکە دەگریا، ئەو کوڕەی کە بە فیداکاری و خۆشەویستییەوە زەحمەتی بۆ کێشابوو تا خێزانەکەی سەربەرز بکات و ئەوی دیکەش کە نامۆیەك بوو لە گۆشت و خوێنی خۆی و ئێستا لە قاتی خوارێ دانیشتبوو. لۆرا لە رووخساری کوڕەکە راما، ئەو رووخسارە ئاشنایە، دەموچاوی تیمی لەبەرچاوانی بوو. رێکەوتێکی سەیر و تۆقێنەربوو. بێدەنگی هەروا بەردەوام بوو، بەلاّم لۆرا تێکی داو گوتی:" لە سەرەتاوە هەموو شتێکم بۆ باس بکەن و منیش دەربارەی تام قسە دەکەم. ئەمانە بابەتگەلێکن، کە هەموومان پێویستمان بە زانینانە."

مارگرێت دانیشت و بە هەڵکێشانی ئاخێك دەستی بە قسە کرد:

" ئەو لە سەرەتادا گرفتی زۆری بۆ ئێمە خولقاند، منداڵێك بوو کە پێویستییەکی زۆری بە چاودێری هەبوو. کاتێك دەگریا دەستەکانی دەکردنە مستەکۆڵە، تا رادەیەك هەمیشە دەگریا، بەلاّم یەکەم پزیشکمان گوتی کە گرفتێك لە ئارادا نییە و زۆر منداڵ هەن کە بەو شێوەیەن."

لۆرا سەری لەقاند و گوتی:" ئەوان دەربارەی تیمیش هەمان شتیان گوت. بە دڵنیاییەوە سەبارەت بە تیمی بیستوتانە."

"بەڵێ، رالف مەکێنزی بۆی باسکردووین."

لۆرا بە پەلە پەل گوتی:" ئێ، دوای ئەوە، چی تر؟"

"پاشــان ئێمــە گواســتمانەوە بــۆ ئێــرە، بــاوکی ئــارتۆر تووشــی جەڵتــەی دڵ بــوو و واپێویست کرا بە ئارتۆر کـاری بازرگـانی بگرێتـە ئەسـتۆ. لـەو سـەردەمەدا ئـەو خـەریکی تێپەڕانــدنی پلــەی دوکتــۆرا بــوو لــە ئەدەبیاتــدا، بــەڵام چاوپۆشــی لــەوە کــردو وازی لێ هێنا، هەرچەندە کە ئێستاش زانیاری لە زۆر مامۆستای زانکۆ زیاترە."

ئــارتۆر خــۆی تێــوە گلانــدو گــوتی:" لــۆرا دەیــەوێ دەربــارەی پتێــر شــت بزانــێ نــەك من."

"زۆر باشــە، ئێمــە چــووینە لای دوکتــۆرێکی تــری منــداڵان و پاشــان یــەکێکی دیکــە، لە کاتێکدا کە کێشی لەشـی پتێـر بـەردەوام کـەمی دەکـرد. تووشـی نەخۆشـی هـەوکردنی سییەکان دەبوو، باشتر دەبوو، هەمدیسان نەخۆش دەکەوتەوە."

مارگرێت کە حاڵەتی روخساری دڵەڕاوکێی تێدابوو و هیواو بڕاو ببوو گوتی:

"ســــەرەنجامیش گــــورزی کۆتاییمــــان بەرکــــەوت و ئــــەویش ئــــەو کاتــــە بــــوو، کــــە تێگەیشتین گرفتـی سـەرەکی چـییە. چـووینە هـەموو شـوێنێك تـاکو دوایـین رۆژەکـان بـە دوای دەرمـــــانێکی ســـــوودبەخش تـــــردا دەگـــــەڕاین. هیواداربــــووین یارمــــەتی کــــوڕە ئازیزەکـــەمان بـــدەین. چـــووینە لای مامۆســـتایەکی گـــەورەی پزیشـــکی لـــە نیۆیـــۆرك، ئێمە..."

لۆرا گوتی:" زۆر چاکە، توخوا ئیدی بیبڕەوە."

وەکـو ئـەوە وابـوو کـە مارگرێـت هیچـی نەبیسـتێت. ئەگـەریش بیسـتبێتی توانـای قسەڕاگرتنی نەبوو:" من دەکەومـە یـادی یەکـەمین بـیری خۆمـەوە، ئـەو رۆژەی کـە ئێمـە بۆمان دەرکەوت کـە ئـەو منـداڵی راسـتەقینەی ئێمـە نییـە، دوکتـۆر، ئـەو پیـاوە گەنجـە دڵســۆز و هاوخەمــە لــە کــاتی قســەکردن لەگــەڵ ئێمــەدا ســەیری دەرەوەی دەکــرد، ئــەو تەماشای شکۆفەی درەختەکانی دەکردو تاکـە بیرێـك کـە مـن هـەمبوو، ئـەوەبوو کـە ئـەو منداڵەی کە ئی منە لە شـوێنێکی دیکـە سـاغ و سـەلامەتە، هـەروەها نـازانم ئـەو کێیـە، لەبەرئەوەی ئـەو خـۆی بـە هـی کەسـانێك دەزانـێ کـە گـەورەیان کـردووە، هـەروەکو چـۆن پتێـر خـۆی بـە هـی ئێمـە دەزانـی. مـن پـێم وابـوو کـە ئـەو کـوڕەی تـر بـە دڵنیاییـەوە تەندروست و چالاکە."

لــۆرا گــوتی:" بــەڵێ، هــەروا کــە دەبیــنن." ئێســتا ســەرەی وی بــوو:" منداڵەکــەی ئێمــە لــەو کاتــەوە کــە لــە نەخۆشــخانە لــە دایــك بــوو زۆر دەگریــا، یــان مــن وام

بیردەکــردەوە، بەهــەرحاڵ شــتێکم دەزانــی، بــەڵام کاتێــك هاتینــەوە ماڵــێ، ئــەو لــە رادەبــەدەر ئــارام بــوو. پێموایــە ئێمــە هیچــکات قــەدری ئــەومان نــەزانی. منــداڵێکی چەندە بێ کێشە بوو.

تــا ئــەو دەمــەی کــە تیمــی هاتــە دنیــاوە." پاشــان لــۆرا بــە حاڵــەتێکی لاڵانــەوەوە گوتی:" ئەوەی کە ئێوە دەربــارەی پتێــر بــە منتــان گــوت رێــك ئەوەیــە، کــە مــن دەتــوانم دەربارەی تیمی پێتان بڵێم." لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی:

" دەربارەی تام دەتوانم چییان پــێ بڵــێم؟" ئــەوان چــاوەڕێ بیســتن بــوون. لــۆرا درێــژەی دا: " تــام کــوڕی چــاکە. کــارێکی دژوارە بتــوانی بەشــێوەیەکی کــورت بەســەرهاتی ژیــانی کەســێك بــاس بکــەی. ئــەو کــوڕێکی بــاش، قوتــابی زانکــۆ، هــەروەها وەرزشــوانە. ئــەو لەگــەڵ بــادی باوکیــدا هاوپشــکن. تیمــی بــۆ هــەموو شــوێنێك لەگەڵیانــدا دەچــێ. تــام ئاگای لە براکەی دەبێت. ئەو هەڵسوکەوتێکی زۆر باشی لەگەڵ تیمیدا هەیە."

ئــەم رســتانە هــەروا بــە بــێ رێکوپێکییــەکی تایبەتــەوە لــە دەمــی دەرچــوون:" سروشتییە لــە پــاش ســاڵێك دوورکەوتنــەوە لــە ماڵــێ و خوێنــدن لــە کۆلێــژ، ئــەو گــۆڕاوە زۆر سەربەست تربــووە، هەمیشــە کۆمەڵــە هاوڕێیــەکی هــەبووە، بــەڵام بەداخــەوە مــن لــە مبارەیەوە زۆر رازی نیم."

ئەو دووانە بە وردی گوێیان بــۆ پیــت بــە پیتــی قســەکانی دەگــرت. مارگرێــت بــەر لــە مێردەکــەی بــە هەســتیارییەکی زۆرەوە دەســتی بــە قســەکرد:" هــەر نــەبێ ئێمــە قــەت ناچــار نــەبووین بابەتەکــە لای پتێــر بــاس بکــەین. ئــەو بــەبێ زانیــاری ســەبارەت بــە لــە دایکبوونی خــۆی، کۆچــی دوایــی کــرد. هەرچــۆنێك بــێ، دەربڕینــی راســتی چ کێشــەیەکی چارەسەر دەکرد؟ بەڵام ئێوە ناچار بوون مەسەلەکە بە تام رابگەیەنن."

مارگرێت شــانی هەڵتەکانــد گــوتی:" هەڵبــەت ئــەم مەســەلەیە بــە دڵنیاییــەوە بــۆ تــام جێگای ناڕەحەتییە." ئــارتۆریش زیــاتر گــوتی:" ئەمــەو بــە زانینــی ئــەو راســتییەش کــە ئێمە جوولەکەین."

لــۆرا تەماشــای ئــەو چــاوە خۆڵەمێشــی و بــێ هیوایانــەی کــرد. ئاشــکرایە کــە مەکێنزی هەموو شــتێکی بــۆ باســکردن. بــەڵام وێــڕای ئــەوەش ئێســتا لــۆرا پیــاوێکی بــە تەمــەن و لــۆژیکی و لێــبڕاو لــە بەرامبــەر خۆیــدا دەدیــت، کــە خــۆی نــەدابووە دەســت نکــۆڵی کــاری و کەللــە رەقــی و یــاخود مامەڵــەکردنی منداڵانــە. ئێســتا ئــەو چــاوانە

چاوەڕێی وەڵامێك بوون، بۆیە لۆرا بە راشکاوی گوتی:" بەڵێ، هەر وایە." ئاخێکی بە کۆمەڵ بە دەروونیانەوە هاتە دەرێ. فرمێسکەکانی مارگرێت رژانە سەر گوناکانی و سڕینییەوە. ئارتۆر لوتی خۆی سڕی. لۆرا گوتی:

" لێرەوە دەچینە کوێ؟"

ئارتۆر وەڵامی دایەوە:" جارێ ئیدی بەسە، ئێستا بابچینە قاتی خوارێ."

لەوبەری دەرگا شووشەییەکەوە تام هۆلی بە جیا لەیەك دانیشتبوون و بەڕەواڵەت خەریکی موتاڵا بوون. پاشان وەختێك بانگیان کردن، بەڕووخساری گرژ و مۆنەوە هاتنەژوورێ. مارگرێت کە هەولّی دەدا تا ئەو کەشوهەوایەی ئێستا بگۆڕێ بۆ کەشوهەوایەکی دڵگیر گوتی:

"بەدڵنیاییەوە هەمووتان برسین. من سوکە خواردنێکم دروست کردووە. لۆرا، برسیتە؟"

لۆرا بە تەریقەوە گوتی:" هەڵبەت زۆر نا، ئایا پتێر زۆر دوور لێرە نێژراوە؟"

"نا، تەنیا سێ چوار مایل لێرە دوورە، حەزدەکەی چاوت بە گۆڕەکەی بکەوێ؟"

"ئەگەر نەبێتە هۆی زەحمەتتان."

"بەهیچ شێوەیەك نا، ئێستا دەچینە ئەوێ."

تام لە دڵی خۆیدا گوتی:" خوایە گیان، گۆڕستانێك." بەهەر حاڵ لەوە باشتر بوو، کە لەگەڵ ئەو کچەدا لەماڵێدا بمێنێتەوە، کەوا دیار بوو کچەکەش نەیدەویست بچێتە ئەوێ.

ئەو رۆژە، رۆژێکی تۆقێنەر بوو، تەنانەت خراپتر لەوەی کە ئەو مەزەندەی دەکرد. بەڵام، تام سەرەڕای هەستی ئیرەیی و تووڕەیی خۆی، لە دەمووچاوی گەشی دایکی و شێوازە لەرزۆکەکەی لە قسەکردندا هەستی بە پەرۆشی دەکرد. دایکی لە دەربڕینی وشەکاندا تووشی گرفت دەبوو. خۆزگە تام بیتوانیایە بڵێ:

"دایکی ئازیزم وازبێنە. وەرە با لەم دۆزەخە بچینە دەرێ."

خۆزگە رۆبی زووتر بگەڕابایەوە. ئەو پێویستی بە هاودەمی رۆبی هەبوو. هەر نەبێ دەیتوانی چەند وشەیەکی لۆژیکیانە لەگەڵ تام دا بئاخڤێت. ئەو دوو ئافرەتە خەریکی قسەکردن بوون، لە خانەی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا وەکو شێتان قسەیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد. لۆرا ئۆتۆمبێلەکەی خۆی لێدەخوڕی، ئەو ئۆتۆمبێلە کۆرسیە

بـەدوو نیـو کوشـنەوە ئـەو دژواری لـە خانـەی دواوە لـە تەنیشـت ئـەو پیـاوە جێـی خـۆی کردبۆوە، دەیتوانی لە شوێنی خۆیەوە بە ڕوونی ئەو دوو ئافرەتە ببینێت.

ئەو کەسێکی زیـرەك بـوو کـە بـەخێرایی دەناسـی. مارگرێـت ژنێکـی خوێنـدەوار بـوو. دەتـوانرا لـە شـێوازی قسـەکردنەکەیەوە بـەی بـەر پـەروەردەکردنی ببرێـت. هاوشـێوەی دایکـی، بـەرگێکی سـادەی لەبـەردابوو، سـەرەڕای ئـەوەی کـە زۆر جـوان و سـەردەمیانە بوو، تام سەبارەت بـە جلوبـەرگی ئافرەتـان زۆری شـت دەزانـی، ئـەو بابەتانـەی کـە رۆبـی فێـری کردبـوو و دەیتـوانی زۆر زوو بـە پۆشـتەبوونی ژنێـك بزانێـت. زۆر باشـە، بۆچـی ئەوان پۆشتە و جوان نـەبن؟ هەرچـییەك بێـت ئـەوان خـاوەنی فرۆشـگایەکی چـەند نهـۆمی بوون. کاتێك ئەو ژنە بۆ مـاوەی چـەند خولـەکێك دەسـتی خسـتە سـەر پشـتی کوشـنەکە، تـــام چـــاوی بـــە بازنەیـــەکی ئـــاڵتونی بارێـــك کـــەوت لـــە مەچـــەکیداو هـــەروەها ئەنگوسـتلەکەش، کـە نقێمێکـی سـەوز و بـەردێکی تـاریکی درەوشـاوەی لەسـەربوو کـە بێشك لە جۆری زومـوڕۆد بـوو. تـام روخسـاری دایکـی و دەمووچـاوی ئـەو ژنـەی بـەراورد کرد. ئـەو لـە مـاوەی چـەند خولەکێکـدا ئەنـدامانی روخسـاری مـارگرێتی لـە مێشـکیدا تۆمارکردبوو.

ئەو قـژەکانی وەکـو قـژی تـام بـوون و لوتیشـی وەکـو لـوتی تـام چـەماوەیی هـەبوو و هاوشـێوەی پەیکـەرەکانی رۆمـی کـۆن لەسـەر شـێوەی پەیکـەری سیروسـێزار دەهاتـە بەرچاو، هیچ شك و گومانێك نەبوو کە ئەو زیاتر لەو ئافرەتە دەچوو تاکو دایکی.

تام لە بێدەنگیدا گوتی:" دایە، تۆ چ رۆژێکت بەسەرهێناوم؟!"

ئەوسـا بـە قینـەوە بـیری کـردەوە:" ئـەوە خەریکـە چـی بکـەی؟ بـۆ منـت هێناوتـە ئێرە؟" بەڵام سەرەڕای ئەوەش تـاوانی دایکـی نـەبوو. هـیچ رێگایـەك نـەما بـۆوە، کـە بـە هۆیـەوە بتـوانێ رێگـە لـە رووداوەکـان بگـرێ. ئـەو ناچـار بـوو بەرهەڵسـتی فرمێسـك رشـتنی خـۆی بێتـەوە. ئۆتۆمبێلەکـە لـە دەروازەیەکـەوە تێپـەڕی کەسـەردەرگایەکی هـەبوو بـە هێمـای ئەسـتێرەی داوود. تـام لەبەرخۆیـەوە بـیری کـردەوە:" خوایـە گیـان، هاتوومەتە کوێ!"

لۆرا گوتی:" ئێرە قەبرستانێکی بچووکە."

مارگرێـت لـە وەڵامیـدا گـوتی:" ژمارەیـەکی زۆر لـە ئێمـە دانیشـتوی ئـەم شـارە نین."

ئەوان لە ئۆتۆمبێل دابەزین و پێیان نایە سەرشەقامی گۆڕستانەکە. پاشان لەسەر گۆڕێك راوەستان، کە تازە هەڵکەندرابوو. دیاربوو کە ئەو گۆڕە تازەیە، چونکە هێشتا کێڵە قەبری لەسەر نەچەقابوو. مارگرێت گوتی:" پێش لە تێپەڕبوونی ساڵێك، کێلی لەسەر دەچەقێنین."

گۆڕەکە کەوتبووە بن داربەڕویەکی گەورە و ئەوان بە ئارامی لەژێر سێبەرەکە راوەستابوون و هەر کەسەو لە دالغەو بیرکردنەوەی خۆیدا بوو. " برای تیمی." ئەمە بیری تام بوو و بیرێکی تاڵ بوو. لە ناکاو ئارتۆر بە لۆرای گوت:" ئەو شەیدای مۆسیقا بوو. راڵف پێی گوتین، کە جەنابت ژەنیاوی پیانۆی، کەواتە دەبێ بزانی کە هەر کاتێك ئێمە سەفەرمان بۆ شارێکی گەورە دەکرد، کە لەوێ بەرنامەیەکی ئۆرکێسترای گەورە بەڕێوەدەچوو، ئەو حەزی دەکرد بچێ و گوێ بگرێت.

پتێر بەسەرهاتی ژەنیارە گەورەکانی دەزانی. ئەو دەیتوانی شێوازە رێبەرەکانی ئۆرکێسترا لێك جیابکاتەوە."

تام لە دڵی خۆیدا گوتی:" زۆری نەماوە بیکەنە پیاوێکی پیرۆز، لە کاتێکدا کە ئەو مرۆڤێکی هاوتەمەنی من بووە، کە ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. ئەو ژن و مێردە دەستی یەکیان گرتووە کاتێك سەیرم دەکەن چاوەڕوانی ئەوەم لێدەکەن بە روویان پێ بکەنم، یان بگریم، ئاخ، رووی خۆمیان لێوەردەسوڕێنم. دایە، بۆ خاتری خوا دوورم خەرەوە."

مارگرێت بەدڵەڕاوکێوە گوتی:" ئێوە رێگایەکی درێژتان بڕیوە، فەرموون بابچینەوە ماڵێ و نانی نیوەڕۆ بخۆین."

لۆرا گوتی:" ئێمە ئیدی دەبێ بگەڕێینەوە. درەنگ دەکەوین. "ئێستا کاتژمێر یەك و پازدە خولەکە، ئێوە بەپێی پێویست کاتتان بە دەستەوەیە، کە سەرەتا نان بخۆن. جگە لەوەش ئێستا دایك و باوکم دێنە ماڵی ئێمەو دەیانەوێ هەموان ببینن."

تام هەروا کە لەگەڵیاندا رووبەڕوو دەبۆوە، بیری کردەوە:" ئێستا سێ کەس دیکەش رێزیان بەستووە تا لێم رامێنن."

فریدا، دایە گەورە بە دەستە چرچ و لۆچ و پەڵەپەڵە کالیەوە، وەکو کۆپییەکی بەتەمەنتر لە کچەکەی لەوێ بوو. هەروەها ئالبێرت، بەو سمێڵ و شێوازە قسەکردنە

بيانييه چڕەيەوە و ملوينى كـوڕە مـامى، كـە هـيچ شـتێكى شـايانى سـەرنجى تێـدا نـەبوو جگە لە لوتە گەورەكەى، ئەمانە هەموويان لەوێ ئامادەبوون.

تام لە كاتێكدا كە لـە لـوتى ئـەو پيـاوە ورد دەبـۆوە، لـە دڵـى خۆيـدا گـوتى:" ئەمـە بە تەواوى دەريدەخات كە جوولەكەيە."

هەرچۆنێك بێـت، ديمـەنى رووبەڕووبوونـەوەى بـەيانى سـەر لـەنوێ دووبـارە بـۆوە، ئـەو چـاوانە فرمێسـك لـە چـاوى پێرێژنەكـەدا، بێـدەنگى، هەڵوەسـتەكان و قسـەكردنە نادڵنياكانى ئەو كەسانەى كە لەو ديمەنەى بڕواپێنەكراوەدا سەريان سوڕمابوو.

بەخۆشييەوە مارگرێت بەپەلە بانگى كردن بۆنان خواردن.

ئامۆزا ملوين بەبێ ئـەوەى رووى قسـەى لـە كەسـێكى تايبـەت پێـت گـوتى:" كاتێـك ئێوە چووبوونە دەرێ، من و هولى يارييەكى شەترەنجمان كرد."

پاشـان خواردنەكـەى هێنـا، هـۆڵى نـان خـواردن سـادە و كەلوپـەلى كـەمى تێـدابوو. هەموو كەلوپەلەكانى ژوورەكە، لـە مێـزە دارەكـەوە كـە لـە جـۆرى قەفەسـەكانى تەنيشـت بـوو بگـرە، تـا دەگاتـە كورسـيە شـێوازە چـينييەكان و فانۆسـە ژاپۆنييـەكان، هـەموويان سـادە بـوون. تيشـكى خـۆرى دوانيـوەڕۆ لـە پەنجـەرە شووشـەييەكانەوە لـە ژوورەكـەو هەموو كەلوپەلەكـەى دەدا. لـە سوچـێكدا لەسـەر قەفەسـەيەك، كەوچـك و چـنگاڵ، چـەند قاپ زەللەتەى مريشـكى زەڵاتـەى سـەوزەوات، ميـوەى تـازەو هـەروەها كۆمەڵـە قـاپێكى ديكەش لە پيراشكى [10] بـرژاو و كێكيـان تێـدابوو. لـۆرا واقـى وڕمـابوو، ئـەو ژنـە ديـارە چەندين كاتژمێر بۆ دروستكردنى ئەو خواردنانە زەحمەتى كێشابوو.

مارگرێـت گـوتى:" تكاتـان لێدەكـەم خۆتـان خزمـەت بكـەن و لـە هـەر شـوێنێك حەزتان لێيە دانيشن."

لۆرا لە پـەنا تـام دانيشـت، كـە بەڕێكـەوت ئـامۆزا ملـوينى لـە تەنيشـت بـوو. لـۆرا ئيشتايى خواردنى نـەبوو بەهـەرحاڵ ئـەو قاپەكـەى خـۆى پڕكـرد و دەيويسـت خـواردن بـۆ تاميش تێ بكات، بەڵام سەيربوو كە تام بە ئاشكرايى حەزى لە خواردن نەبوو.

مارگرێت گوتى:" تام تۆ حەزناكەى لێرە هيچ بخۆى؟"

"نا، سوپاست دەكەم."

---

١٠- پيراشك، جۆرە نانێكى وەكو شيرنەمەوانيە، "وەرگێر"

ئــەوان هەمدیســان خــەریکی تەماشــاکردنی تــام بــوون و هــەوڵیان دەدا وا نەیەتــە بەرچاو. تام لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:

"ئایــا ئــەوان وا دەزانــن، کــە مــن ئاگــام لــەو نیگــا خێــراو گەمژانــەیان نییــە کــە بەردەوام خەریکی خۆ تێهەڵقورتاندن؟"

ئەو ئەوانی پشتگوێ خیت و وای بــە باشــی زانــی تــا ئــەو کاتــەی کــە ئــەوان خــەریکی نــان خــواردنی بــە گــەرمی خــەریکی قســەکردنێکی دروســتکراو ساختەچــییانەن، بــەهیچ جۆرێك سەیریان نەکات. پاشان سەرەگەیشتە سەر تام کە چاویان پێدا بگێڕێ.

تام رقی لە هەموویان بــوو، لــەو پیرەپیــاوە بــەو شــێوەزارە چــڕەیەوە، ئــەو کچــە زمــان لوســە بەبازنەکانییــەوە، هــەروەها لــەو پیرێژنــە چــاو بــە گریانــەی کــە دەتگــوت جگــە لــە فرمێسك رشتن هیچ کارێکی دیکە نەبوو:

"ئێمــە چــەند خۆشمــان دەویســت. ئــەو بەرامبــەر نەخۆشــییەکەی چــەندە خــۆڕاگر بــوو، قەت سکاڵای نەدەکرد."

مارگرێت گوتی:" دایە، تۆ ئەو خوایە لێی ببڕەوە."

"ئەو کــوڕێکی رووخــۆش بــوو، چــەندە لــە لای ئێمــە خــۆی بــە دڵخــۆش دەزانــی. مــن ئیدی ناتوانم سەیری ئەو پیانۆیە بکەم. ئەمە پیانۆی ئەوە"

"دایکە، وازبێنە، تکات لێدەکەم."

ژنــە بــە ساڵاچــووەکە لــوتی خــۆی هــەڵ لوشــی و گــوتی:" قســەی تــۆ راســتە، لــێم ببوورە، نەدەبوایە ئەو قسانە بکەم."

تــام بــیری کــردەوە:" خۆشــی چــەندە بەهەســتیار نیشــان دەدا! ئــەو پتێــرە پــیرۆزەی ئەوان! دایکە داماوەکــەی منیــان بــردە قــاتی ســەرێ کــە ژوورەکــەی ئــەوی نیشــان بــدەن. پاشانیش بردیانە گۆڕستان.

دەڵێــی ئــەو کەســانە لــە کارکێشــانەکانەوە دابەزیونــە ســەرمان تــاکو ژیانمــان لێتێــك بدەن. ئەوسا لە من چاوەڕوان دەکــەن، کــە ئــارام لێــرە دانیشــم و بــە ئەدەبــەوە قســە بکــەم و خواردنەکەیان بخــۆم. مــن هــەر لــە قســەکردن لەگەڵیانــدا بێــزارم. مــن قســەیان لەگەڵــدا ناکەم. قسە ناکەم."

تــام بــە رق و کینــەوە لــە ئــارتۆر رامــا. ئــەو بــە بــەراورد لەگــەڵ بــاردا وەکــو کوللــە دەچــوو. مــن بــاوکمم خــۆش دەوێــت. تــام لــە دەروونــی خۆیــدا گریــا، هــاواری کــرد و

رووبەڕووی ئازارێك بووەوە لە نێو سینگی دا. ئەو رق و کینەیە، هەڵکردن لەگەڵیدا دژوار بوو. مارگرێت دڵنیابوو کە هەست بە ئازار و مەینەتی تام دەکات. داماوە رەنگە تووشی سەرسوڕان بووبێت.

لۆرا، ئەو ژنە لەبەردڵانە دایکی وی بوو." ئێستا من دەتوانم چ مانایەکم بۆ وی هەبێت؟ ئایا قەت حەزدەکات بمان ناسێت؟ ئایا بە باشی چاودێری و پەروەردە کراوە؟

کاتێك دایکی دەیویست دانیشێ، ئەو کورسییەکەی بۆ راکێشا. سەرنجی ئەمەم دا. مەودایەکی بچووك لە نێو ددانەکانی پێشەوەی هەیە. وەکو هولی خوایە گیان، ئایا دەگونجێ ئێمەش رۆژێك بیناسین؟ تامی داماو! منیش سەرم دەسوڕێ."

لۆرا لە دڵی خۆیدا وا بیری کردەوە !" خواردنی نانی نیوەرۆ کارێکی هەڵە بوو. ئێمە هەموومان دڵگرانین. تام راستی دەکرد.

بەڵام ئەوانە مرۆڤی باشن، هەر لە سەرەتاوە دەکرێ هەست بەمە بکرێت. دایك و باوکەکە کەسانی لەسەرەخۆن. ئەو کچە ژیر و بە ئەدەب دێتە بەرچاو، کچێکی شۆخ و شەنگ و جوانە بەو کراسە یەخە دارایەوە چەند ژنانە خۆی دەنوێنێ، بەو بازنە جوانانەیەوە کە خرینگە خرینگانە. بابە گەورەو دایە گەورەش بە مرۆڤی باش دێنە بەرچاو، پیاوێکی بەسالاچوو سەرەڕای شێوەزارە ئەڵمانییەکەی بەرێکی و دروستی بە ئینگلیزی قسە دەکات، ئێرە ئەو شوێنەیە کە منداڵەکەی منی تێدا گەورە بووە.

ئەو لەسەر یەکێك لەم کورسیانە دانیشتووە...

لۆرا لە کاتێکدا کە گەشاوە، گوتی:

"کاتێك بۆ یەکەم جار وێنەی پتێرمان بینی، دیتمان کە وەکو برای دووانەی تیمییە!" تام زۆر رق هەستا. ئەو دەیویست زار هەڵبڕێ و بڵێ:" نا، تیمی برای منە، برای تێگەیشتی؟ گوێت لێبوو؟ ئەوە منم کە ئەوم خۆش دەوێ، من بووم کە فێری مەلەو یاری تۆپی پێم کرد. منم کە چاودێری دەکەم و دەربارەی دەرمانەکان و ئۆکسجێن زانیاریم هەیە. من تێگەیشتی؟"

ئەوسا تام نیگایەکی بەقینی گرتە لۆرا کە ئەو هەستی پێنەکرد، بەڵام ئارتۆر نیگاکەی دیت. ئارتۆر، بەرلەوەی کۆتایی بە مەسەلەکە بێت و ئەو دیسانەوە چاو بە لۆرادا بخشێنێتەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت کە ئەو ئافرەتە بەهۆی ئەو قسەیەی کە کردوویەتی باجێکی قورس دەدات، ئافرتێکی قژ زەرد، لەبەردڵان، ناسك و شکۆمەند

بەرِچـەڵەکی ئەوروپاییـەوە کـە لـە دنیـایی کۆنـدا دەیتـوانی بـە کـۆنتێس بـژمێردرێت. مێردەکـەی لەگـەڵ ویـدا جیـاوازی هـەبوو. ئـەو کابرایـەکی کـورت بـێن و کـورِێکی لادێـی بـوو. هەڵبـەت بـە پێـی گوتـەی راڵـف. بۆیـە ئـارتۆر هەسـتی بـەوە کـرد، کـە رەنگـە کاریگـەری زۆر ئـاڵۆزی لەسـەر تـام هـەبووبێت. ئـەو کورشـە قـۆزە، بـەڵام گـرژو مۆنـە! هەڵبەت ئەو نەیدەتوانی وەهـا شـتێك ببینێتـە سـەر زمـان.. بـیر لـەو سـەر لێشـێواوی و تۆقێنە بکەوە... ئـارتۆر بـۆی چـوو کـە ئـەو رق و بێـزاری بـە روخسـاری تامـدا دەبینێـت " خوایە داوات لێدەکەم کـە مـن بـە هەڵـەدا چـووبم." ئـارتۆر گـەرەکی بـوو ئـەو کـورِەی خۆش بوێت، ئەوسـا لـە ناکـاو گفتوگـۆ کۆتـایی پـێ هـات. دەتگـوت ئێسـتا ئیـدی هـیچ کەسـێك نـازانێ چ قسـەیەکی لـە دەم بێتـە دەر. بـەڵام ئـەوە ئـاڵبیرت بـوو کـە برِیـاری دا ئەو کەلێنـە مەرگەسـاتە پرِبکاتـەوە. ئـەو بـە دڵسـۆزییەوە گـوتی:" بـۆ مـانگی تشـرینی دووەم تـەنیا چـەند مـانگێکی مـاوە. کاندیـداکانی هەڵبـژاردن شانبەشـانی یـەك بـەرەو پێش دەچن. راڵف وا دەڵێ."

ملوین گوتی:" راڵف جەنگێکی راستەقینەی لە پێشە."

ئـاڵبێرت وەڵامـی دایـەوە:" هەڵبـەت دەرەقـەتی ئـەو جەنگـە دێـت، لـە بـن ئـەو رەواڵەتـە نـەرم نیانـەدا، پیـاوێکی پـۆڵاین خـۆی حەشـارداوە. راڵـف پیـاوێکی لـە شـکان نەهاتووە."

ئـارتۆر بـۆ لـۆرای روون کـردەوە:" مەبەسـتی بـاوکم لـە لەشـکان نـەهاتوو بـە واتـای راسـتەقینەیە. راڵـف ماوەیـەکی دوورودرێـژە کـە هـاورِێی ئێمەیـە. ئێمـە بەراسـتی بـاش دەیناسین و من دەتـوانم دڵنیاتـان بکـەم کـە ئـەو یەکێکـە لـە خۆشەویسـترین مـرۆڤ، کـە دەکرێ لەسەر ئەم هەسارە خاکییەدا پەیدابێت."

لـۆرا زەردەخەنەیـەکی کـرد و گـوتی:" مـن لـە مێـژوو برِیـارم داوە دەنـگ بـەو بـدەم. یەکەمجار دوو یان سێ ساڵ بـەر لـە ئێسـتا بـوو، کـە گـوێم لـە وتارەکـانی بـوو و هەنـدێك شتم دەربارەی وی بـۆ روون بـۆوەو لـەوەی کـە بیسـتم چـێژم وەرگـرت. لـە بیرمـە کـە ئـەو دەربـارەی سـود وەرگـرتن لـە زەوییـە بابـەیار و شـێوازە نوێکـانی کشـتوکاڵ زۆر ئاقڵانـە قسەی دەکرد.

مارگرێـت پـتر روونـی کـردەوە:" ئـەو کـورِی کوێسـتانە، گەرەکیشـییەتی بەشـێك لـە زەوییەکانی ئەم وڵاتە بۆ وەچەی داهاتوو بپارێزێت."

ئارتۆر زیادی کرد:" بەڵام ئەو حەز دەکات کاری زیاتر بکات: قوتابخانەی باش، باشترکردنی بارودۆخی نیشتەجێ بوونی خەڵك. لە هەمووشیان گرنگتر، بۆچوونێکی یەکجار مرۆڤ دۆستانەی هەیە، دەیەوێ خەڵك ئاوڕ لە یەکتری بدەنەوە، کە بەبێ ئەوە پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگا دەبێـە دۆزەخێك. ئەم ئەو شتەیە کە راڵف دەیەوێ بیکا." ملوین پڕخەیەکی کرد و گوتی:" ئەمە بەو جیم جۆنسۆنە و لایەنگرانی بڵێن. ئەو گروپە کولکوسە نەفرەت لێکراوانە، بەڵام جیم بۆ خۆی زۆر زیرەکە، ئەو بە کەم مەگرن. ئەو دەزانێ چۆن چۆنی خواستەکانی پراکتیزە بکات و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی چۆن خەڵك بە جوڵە بخات، کە لە زانکۆ قوتابین." ملوین بە گەرم و گوڕی درێژەی دا:

"راڵف جەنگێکی راستەقینەی لە پێشە. تەلەفزیۆن هەڵکەن لە هەموو شوێنێك جۆنسۆن دەبینن. گۆڤارێك بکەنەوە، نەفرەتی لێبێت، کە تەنانەت پێویست ناکا ناوەڕاستی گۆڤاریش لێك بکەنەوە، لەبەرئەوەی وێنەی وی بەو زەردەخەنە منداڵانەیەوەو چاکەت و پانتۆڵی هەشت سەد دۆلارییەوە لەسەر بەرگی دوو گۆڤاری هەواڵنامەی حەوتووی رابردوودابوو."

خۆ راگرتن لەبەرامبەر وەها بابەتێك بۆ تام کارێکی زۆر ئەستەم بوو. ئەوەی کە بیانەوێ ئەو بێدەنگ بێت بۆی دژوار بوو لە پاش ئەوەی کە ئەو قبوولی کردبوو لەو رۆژە نەفرەتاوییەدا لە نێو ئەو کەسانەدا دانیشێ کە پەیوەندی بە ئەو، ئێستا ئەو کابرا دزێو لوت گەورەیە رێگەی بە خۆی دەدا بەو زارە زلەی سوکایەتی بە ئارمانجەکانی وی بکات. تەواوی رق و کینەی هەڵچەی وەکو گەمەشامی هەڵاسابوو و دەرپەڕییە دەرێ و گوتی:

"بە پێچەوانەوە، من لە نزیکەوە جیم جۆنسۆن دەناسم و پێتان دەڵێم کە ئەو باشترین کەسە کەتا ئێستا لەم ویلایەتە و یاخود تەواوی وڵات دا سەریهەڵداوە.. ئێوە نازانن دەڵێن چی."

لۆرا بەشێوەیەك کە بیەوێ سەرکۆنە بکا، گوتی:" تام ئەوە دەڵێی چی؟" پاشان سەیرێکی ئەوانەی دەوروبەری خۆی لەسەر مێزەکە کرد و گوتی:" تام بە هیچ جۆرێك مەبەستی نییە بێ ئەدەبی بکات. من بەڕاستی سەرم سوڕدەمێنێ، نازانم چی بڵێم."

هـولی رووی خـۆی کـرده تـام و بـە بێشـەرمییەوە گـوتی:" مـن بـەهیچ جۆرێـك پـێم سەیر نییە خاتوو رایس."

هەموو سەرەکان بۆ لای هولی سوڕان کە ئێستا رووبەڕووی تام بوو:

"من پـێم گـوتی کـە کۆمەڵـە شـتێك دەربـارەت دەزانم. تـۆ لەگـەڵ کچـێکدا ئاشـنای کە تەلەفۆنی ناحەز بۆ خـەڵك دەکـەن و یاداشـتی نـەفرەتاوی لـەژێر دەرگـای مـاڵی خـەڵك دادەنێن..

تام گوتی:" ئەمە درۆیە."

"نـا، درۆ نییـە. بـرای هاورێکـەم پێـی گـوتم کـە لـە نێوتانـدا گروپێـك مرۆڤـی دەمـارگیر و گرفـت خـولقێن هەیـە و ئێـوە جگـە لـە خۆتـان رقتـان لـە هـەموو کەسێکە..."

لـۆرا کـە هیـوا بـڕاو ببـوو کەوتـە بیرکردنـەوەوە:" ئێمـە نەدەبوایـە بێنییـە ئێـرە." شـەپۆلێك سـەر لێشـواوی زاڵ بـوو بەسـەریدا هـەموو ئـەو کارانـە راواڵـەتی بـوون. ئـەو کچـەکە ئەوەنـدە هاوشـێوەی تـام بـوو، بـە هـەمان قسـەی بڕیاردەرانـە و چـاوی گـەورە و گەشـەوە دیـارە ئـەو هەواڵنامـە تۆقێنـەرەی خوێنـدبۆوە، کـە کوڕەکـەی وتـاری تێـدا دەنووسی. لۆرا لە شەرمان سوور هەڵگەڕا.

مارگرێت گـوتی:" هـولی، تکـات لێدەکـەم، هەڵسـوکەوتت بـە هـیچ جۆرێـك لـە بـار نییە."

کچـە سـوور بـۆوە، بیبلـەی نائـارامی چـاوەکانی فـراوان ببـوون، بـەڵام شـێوازی دەربرینی خـۆی کـۆنترۆل دەکـرد:" بـەڵی دایـە، هـەوڵ دەدەم، بـەڵام گـوێ بـۆ قسـەی مـن بگـرن، تـام کەسـێکی دژە جوولەکەیـەن ئێـوەش رەنگـە تـاکو ئێسـتا لەمـە تێگەیشـتبن، وانییە؟"

تـام هەسـتا بـە بـەرگری کـردن لـە خـۆی و گـوتی:" ئـەو شـوێنەی دوو کـەڵی لێیـە، ئاگریش هەیە."

"مـن ئـەو قسـەیە وا هەڵدەسـەنگێنم کـە تـۆ پێتوایـە سـەبارەت بـە هیتلـەر بـە دروستی بڕیار نەدراوە."

ئیـدی کـەس نـانی نـەدەخوارد، ئـەوان لـەو بێدەنگییـە تۆقێنـەرەدا، چـنگاڵەکانیان لەسەر قاپەکانیان دانابوون و لە تام رامابوون.

"سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم هیتلەر ئەو کارانەی کە پێیان مەحکوم و ئیدانە کراوە، ئەنجام نەداوە، تەواوی ئەو تاوانانەی خراونەتە پاڵی، هەمووی پڕوپاگەندەی درۆیین کە لە دژی وی.."

هولی بە روخسارێکی وەکو سەهۆڵەوە گوتی:" ئۆه بەڵێ، زۆربەیان، بەڵام سەبارەت بە کارەکانی دیکەی دەڵێی چی؟

تەنانەت ئەگەر بەشێك لەو کارانەش بزانی؟ بۆ ئەوەی کۆتایی بەم دەم بەدەمێیە بهێنن، ئایا دەکرێ کارەکانی ئەو راستەقینەبن؟ ئەگەر وابێ ئەوسا چی؟"

"لە ئەڵمانیا جوولانەوەیەك بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان هاتبووەکایەوە، نەدەکرا پێش لە زیان بەرکەوتنی. ژمارەیەك بگیردرێ.."

ئامۆزا ملوین بە شێوەیەکی توند گوتی:" سەیرەکە ئەو ژمارەیەی کە دەبێ لەو گۆڕانگارییە کۆمەڵایەتییەدا زیانیان بەرکەوێ، هەمیشە جوولەکەن. هیتلەر، ستالین! زۆر باشە ئێمەش لەوێ بووین، بەڵام دۆخەکە نەگۆڕاوە. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە باپیرەی تۆ ناچار بوو ناوی خۆی لە کرەفیلدەوە بگۆڕێ و بیکاتە کرافیلد. ئارتۆر، خۆت بشارەوە! بلەرزە! وانییە؟"

هەروا کە ملوین دەستی لێك بڵاودەکردن، ئاتیشکی بەر تام کەوت و ئەویش خۆی کێشایەوە دواوە. "ئاه، کرەفیلد، خوایە گیان کرەفیلد." تەواوی جەستەی تام ئاوێتەی شەرم و تەریقی ببووەوە دەتگوت ئەو شەرم لە خۆشی دەکات.

پاشان خۆی لە چنگی شانی ملویت دەرباز کرد و کشایەوە دواوە. (من کرەفیلد نیم، کرافیلدیش نیم. نەفرەتتان لێبێت گەمژەکان، من تۆماس پایگ رایسم."

ئارتۆر گوتی:" ملوین، ئیدی بەسە." پاشان خۆی مۆن کرد و درێژەی دا:" تۆ زۆر چاك دەزانی کە ئێمە لێرە ناچار بووین ناوی خۆمان بگۆڕین بۆ ناوێکی ئینگلیزی.

باپیرەی من لە دەیەی ١٨٩٠ دا دەچووە لای گوندنشینەکان تا بەروبوومەکەی بفرۆشێ. کام یەك لەوانە دەیتوانی ناوی کرافیلد بخاتە سەر زمان؟ لە تۆ دەپرسم."

ملوین بە تووڕەیی و نارەحەتییەوە وەڵامی دایەوە:" ئەگەر گوندنشینەکان بیانویستایە دەرزی و سەنجاقەکە لەو کۆچکردووە بکڕن، بەبێ گوێدان بە ناوەکەی لێیان دەکڕی، ئەوان هەمیشە کەم تا زۆر رقیان لێبوو، وەکو جیم جۆنسۆن و ئەو

ستایشکەرە گەنجەی وی کە ئێستا لێرە دانیشتووە. ئەوان تێیان دەگەیاند: کە تۆ کەسێکی بیانی و لەگەڵ ئێمەدا ناگونجێنی.

بەڵام سەبارەت بە خۆم، من هێشتاش کرافیلدم و گرنگی بەوە نادەم، کە داخۆ کێ کەیفی بە ناوەکەم نایە."

ملوین سەری خۆت سوڕاند و کەوتە بەرامبەر تامەوە:" بەڵێ، تام کرافیلد، تۆ دەبێ زۆر شت دەربارەی ئەم دنیایە فێر ببی.

گوتت کە دەبێ خەڵك لە جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئازار بچێژن، کەواتە پێشنیارت پێ دەکەم، کە بۆ دەسپێکردن، سەرەتا بزانە تۆ چ کەسێکی، کرافیلدی لاو!"

"من ناون تام رایسە." تام دەیویست لەسەر کورسی هەستێ کە بە هۆی پەنجە لەرزۆکەکانی لۆراوە بە توندی لەسەر جێی "نیشاندرابەوە. ئەوە ملوین بوو، کە مێزەکەی بەجێهێشت و گوتی:

"ئەگەر ئەو کوڕی من بوایە دەمزانی چی لێدەکەم، تێم دەگەیاند."

"بەڵام ئەو کوڕی تۆ نییە."

"زۆر باشە، پۆزش دەخوازم، لێم ببوورن. هیوادارم کە لە دەستی من تووش دڵ پیس نەبووبن. من دەبێ بگەڕێمەوە نووسینگەکەم."

کاتێك کە دەرگای پێشەوە لەسەر ملوین داخرا، مارگرێت بێدەنگی بێزارکەری ژوورەکەی شکاند و گوتی:" هەندێك جار ملوین بەڕاستی وەکو گایەکی لێدێت لە نێو فرۆشگایەکی قاپی شوشەوات دا. ئارتۆر من خۆشحاڵم کە مەسەلەکەت بۆ روون کردەوە، لەبەرئەوەی ئەو ئامۆزای تۆیە و نەك من.

ئەوانەی کە لەگەڵ بنەماڵەیەکدا بەهۆی زەماوەندەوە خزمەیەتیان دروست دەبێت، ئەگەر بیانەوێ ئارامی لە نێو ئەو خێزانەدا بپارێزن، دیسانەوەش ناتوانن رازی دڵی خۆیان باس بکەن."

فریدا بە رووخۆشییەوە گوتی:" بەڵێ ئارامی، ئاشتی و تەبایی.."

لۆرا سەری خۆی لەقاند. هیچ کەس مەزەندەی نەدەکرد، کە ئەم رووبەڕووبوونەوەیە، کارێکی سانا بێت، بەڵام ئەمەیان تۆقێنەربوو و ئەوە تام بوو. کە ببووە هۆی ئەمە ئارتۆر بە شێوەی هەڕەم دەستەکانی خۆی لەبەرامبەر دەمیدا

نوشـــتاندنەوە و هەڵوەســـتەیەکی کـــرد، دەتگـــوت دەیـــەوێ وتـــار بـــدات. ســـێ هێڵـــی یەکسانی قوڵ لەسەر نێو چاوانە راڕایەکەی بەدیارکەوتن.

لـــەپاش خولەکـــەیێك دەســـتەکانی خســـتنە ســـەر مێزەکـــە و دەســـتی بـــە قســـە کـــرد. قسەکانی وی بیرکردنەوەکانی لۆرای بچڕاند:

"هـــیچ کاتێـــك لـــە ئێمـــە چـــاوەڕوانی ئـــەوە نـــەبووین، کـــە ئـــەمڕۆ رۆژێکـــی ئاســـوودە بێت، بەڵام پێشـــم وایـــە کـــە هـــیچ کـــەس چـــاوەڕێ ئـــەوەی نـــەدەکرد، کـــە رۆژێکـــی ئەوەنـــدە ئاڵۆز بێت. تـــام، راســـتەکە تـــۆ زۆر هەســـت بـــە تـــرس دەکـــەی، هـــەروەکو ئـــەو ترســـەی کـــە پتێر هەستی پـــێ دەکـــرد، بـــەڵام دەبـــێ شـــتێکت پـــێ بڵـــێم پتێـــر بـــەهیچ جۆرێـــك دەمـــارگیر نـــەبوو. تەنانـــەت ئەگـــەر بۆشـــی روون ببوایـــەوە کـــە دایـــك و بـــاوکی وشـــکە مەســـیحییەکی پیرۆزن، بەهیچ شێوەیەك دڵگران نەدەبوو....

رەنگی تام سوور هەڵگەڕا. دەستەکانی ئارەقەیان کردبوو.

ئـــەو پیـــاوە زۆر میانـــە رۆ و خۆپـــارێز بـــوو بـــەم ئـــاوازە دەنگـــە ئارامـــەی دەیویســـت نیشان بدات، کـــە چـــەندە بەســـەریدا زاڵـــەو چ مرۆڤێکـــی مەزنـــە. بەرەنگاربوونـــەوەی لەگـــەڵ ئامۆزا ملوینـــدا بـــەو لوتـــە گەورەیـــەوە کـــارێکی ئاســـانتر بـــوو، لەبەرئـــەوەی ئەگـــەر بـــە دوو مســـتی گرێکـــراوەوە بهاتایـــە لات ئەوســـا تـــۆش دەتتـــوانی مســـتی خـــۆت بەرزبکەیـــەوە. ئارتۆر درێژەی دایە:

"ئایا ئـــەو رووداوەی کـــە ئێســـتا روویـــدا دڵـــی ئێمـــەی شـــکاند؟ بـــە دڵنیاییـــەوە بـــەڵێ، ئایـــا هیواکـــانی ئێمـــەی لـــە گۆڕنـــا؟ نـــا، ئێمـــە ئێســـتاش دەتـــوانین بـــە هیـــوابین. تـــام کـــە رووداوەکان چاوی تۆ بکەنـــەوە، بـــەڵام هـــەروەکو پتێـــر گـــوتم، ئێمـــە دەبـــێ لەگـــەڵ یەکتریـــدا راســـتگۆ بـــین. لـــۆرا بـــە ئێمـــە گـــوترا کـــە مێردەکـــەت نایەتـــە ئێـــرە لەبەرئـــەوەی مـــاڵی جوولەکەیە. کەواتە ئێمەش ناتوانین بێنە ماڵی ئێوە."

لـــۆرا بـــە ناڕەحەتییـــەوە ســـەری لەقانـــد. ئـــەو هـــەوڵی دەدا تـــا رێگـــە لـــەڕژانی فرمێســـکەکانی بگرێـــت. ئـــارتۆر گـــوتی:" هەرئەمـــە، ئـــەوەی کـــە ئێســـتا ئەوەنـــدە ئـــاڵۆز و تێکەڵە ئاڵۆزتری دەکات، بەڵام ئایا رێگایەکی دیکە نییە؟"

لـــۆرا وەڵامـــی دایـــەوە:" مـــن و تـــام دیســـانەوە دێینـــەوە بـــۆ ئێـــرە. بـــەڵێ تـــام، تـــۆش دێیەوە."

تام نیگایەکی گرتە دایکی و دەیویست بەو نیگایە ئەوە بڵێیت: هیچکات تۆ ئیتر ناتوانی بۆ ئێرە بمهێنییەوە.

دیاربوو هێمایەك ئاڵۆگۆڕکرا، چونکە هەموو لەپشت مێزەکە هەستان قاپەکان پڕبوون لە شیرنەمەنی تەواوەو دۆندرمە: کۆمەڵە شتێکی بەسەریەکدا دراو. دیدار و چاوپێکەوتن کۆتایی پێ هاتبوو و هیچ ڕێگایەکی دیکە نەبوو کە ئەوان جگە لەمە رواڵەتیان بە جۆرێکی دیکە بنوێنن.

لەبەر دەرگا ئارتۆر رووی کردە لۆراو بە زەردەخەنەیەکی خەماوییەوە گوتی:

" تکات لێدەکەم دڵنیابن، کە ئێمە هیچکات هەوڵ نادەین بکەوینە نێوان ئێوە و تامەوە. ئەوەی کە زیاتر خوازیارین ئەوەیە، کە هەموومان پێکەوە بین، با دوعا بکەین وای لێبێ.. بەم شێوەیە ئەوان ماڵئاوایان لە یەکتری کرد.

تام لەسەر کوشنی ئۆتۆمبێلەکە بوو. ئەو وای نیشان دەدا، کە خەوتووە. بەدرێژایی مەودای نێوان ئەوێ ماڵێ، هیچ قسەیەك ئاڵۆگۆرنەکرا. لۆرا گێژاو ماندوو بوو. دڵی بۆ تام، بۆ بنەماڵەی کرافیلد و بۆ هەموان خەفەتبارو ناڕەحەت بوو. کاتێك لە ماڵێ لەگەڵ بادا بە تەنیا مایەوە، هەموو بەسەرهاتی ئەو رۆژە بۆ گێرایەوە. باد بە روویەکی ترش و تاڵەوە گوتی:

"خۆ پێم گوتبووی کە ئەمە هەڵەیەکی تۆقێنەری تۆقێنەر بووە.

ئەو کوڕە بە درێژایی شەو نەنووستووە، هەر کەلەکە و کەلەکەی کرد. نەفرەتیان لێبێت: تۆ خۆت تووشی داوای ئەوان و ئەو پارێزەر زمان لوسە کرد." لۆرا رەنگە بۆ جاری دەیەم لە ماوەی چەند حەوتووی رابردوودا، هەمدیسانەوە دەستی کرد بە بەڵگەهێنانەوە:" باد ئەم کارە گەمژەیی نەبوو. خۆ تاقیکردنەوەکانی خوێن درۆ ناکەن. ماددەی جینێتیکی کە.."

"بەهو، ماددەی جینێتیکی، ئەم قسە پڕوپوچانە چین؟ کەسێکی توێژەر کۆمەڵە باوەڕێك دەردەبڕێت، رۆژنامەو بڵاوکەرەوەکان تۆماری دەکەن، هەموو ئەو بۆچوونانە قبوولّ دەکەن و لەپاش چەند ساڵ دوای ئەوە، لە

شـــوێنێکدا دەخوێنییـــەوە: ئۆهـــو، ڕەنگـــە کـــەمێك خێـــراو بەپەلـــە ئاکـــامگیری کربێت، یان لە ڕادەبەدەر خێرا. بەه، وازبێنە..

"بـــاد بـــا لـــەوەش گـــەڕێین، ئەگـــەر تـــۆ لـــەوێ بوایـــە دەتتـــوانی بەچـــاوی خـــۆت وێکچوونەکان ببینی، وێکچوونی دایك، کچەکە و تام."

ئێستا دەنگی باد بە هۆی ڕق و تووڕەییەوە بەرز ببۆوە:

"وێکچـــوونەکان! ئەگـــەری ئـــەوە هەیـــە، کـــە لـــە دنیـــادا چـــەند لـــوت و دەم هەبێت؟ هەر کام لە ئێمە هاوشێوەیەك ملیۆن کەس دیکەین.

خـــەڵك ئەوانـــەی دەیانـــەوێ ببیـــنن، دەبیـــنن و یـــاخود هـــەروەکو پێیـــان دەگـــوترێ دەیبیـــنن. لـــۆرا، ئـــەم کـــوڕە، ئـــەم کـــوڕە، کوڕەکـــەی ئێمـــە لـــە نێـــو ئـــەم زەلکـــاوەوە بێنـــە دەرێ. مـــن تـــاکو ئێســـتا فـــەرمانم بـــە تـــۆ نـــەکردووە، بـــەڵام ئێستا فەرمانت پێ دەدەم، کە واز لە تام بێنی."

تـــام کـــە لەبـــەردەرگا ڕاوەســـتا بـــوو گـــوتی:" مـــن گـــوێم لـــە قســـەکانی ئێـــوە بـــوو. بابـــە ڕاســـت دەکـــات. ئـــەوان خـــەریکن هـــەوڵ دەدەن مـــن لـــە ئێـــوە جیابکەنەوە. تۆ ئاگات لێ نییە دایە؟"

"ئاخ خوایە گیان، هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی بکات.."

" من ڕقم لێیانە، لە تەواوی ئەو جوولەکانە."

لە ڕوخساری جوانی تامدا حاڵەتێکی دزێو هەبوو.

لـــۆرا تـــا ڕادەیـــەك بـــە شـــێوە پاڕانـــەوە گـــوتی:" لـــەم مارکـــە جوولەکەیـــەدا چ شتێك خۆی حەشار داوە کە ئەوەندە ڕقت لێیانە؟

ئەگـــەر تـــۆ لـــە نەخۆشـــخانە نـــەگۆڕابایی، ئەوســـا وەکـــو جوولەکـــە پـــەروەردە دەکرایـــی، بـــەڵام دیســـانەوەش هـــەر تـــام دەبـــووی، هـــەر بـــەم پێیتـــەوە دەســـتەکان، قاچەکان و هەروەها مێشکەوە."

بـــاد لـــە کاتێکـــدا کـــە باســـکی لـــە شـــانی تامـــدا ئاڵقـــە دەکـــرد هـــاواری کـــرد:" دایکـــی تـــۆ پـــاش ماوەیـــەکی دیکـــە ئـــاقڵی بەدەســـت دەهێنێتـــەوە، مـــن دڵنیـــام. تـــا ئەو دەمە دەبێ ئێمە خۆراگربین، هەر ئەمە..

تیمی کە بە دوای تام دا هاتبوو لە کاتەدا دەرپەڕیە دەرێ و گوتی:

" مــــن حـــەز دەکـــەم ئـــەو مرۆڤانـــە بچـــوونایەوە ئـــەو شـــوێنەی کـــە لێـــوەی هاتوون..

لۆرا گوتی:" لە کوێوە هاتوون؟"

"تام دەڵێ لە ئەڵمانیاوە هاتوون."

لـــۆرا ئـــاخێکی هەڵکێشـــا و گـــوتی:" یەکـــەم دەبـــێ بڵـــێم کـــە ئـــارتۆر کرافیلـــد و دایـــك و بـــاوکی لێـــرە لـــە دایـــك بـــوون. دەربـــارەی بـــاپیرانی خۆشـــتان دەبـــێ ئەمـــەت لـــەبیربێ کـــە هـــەموو دانیشـــتوانی ئـــەم وشـــکارۆیە لـــە شـــوێنەکانی دیکـــەوە هاتوونەتـــە ئێـــرە، تەنانـــەت هینـــدە ســـوورەکانیش (سوورپێســـتەکان)لە ڕێگـــای تەنگەبـــەری برینگـــەوە لـــە وشـــکارۆی ناســـیارا هاتوونەتـــە ئێـــرە. تـــۆ ئەمـــە دەزانی، تیمی."

تیمـــی بـــۆ ماوەیـــەك کـــپ و بێـــدەنگ بـــوو. پاشـــان گـــوتی:" ئـــەو کـــوڕە بـــەهۆی نەخۆشی سیستیك فیبرۆزیسەوە مرد؟ تام وای دەگوت."

بـــەتامیان گوتبـــوو، کـــە قـــەت ئەمـــە نـــەدرکێنێ، بـــەڵام دیـــارە خـــۆی بـــۆ نەگیراوەو ئەو قسەیەی لە دەم دەرچووە. باد خۆی تێهەڵقورتاند و گوتی:

"دەبینـــی، دەبینـــی ئـــەم مەســـەلەیە دەگاتـــە کـــوێ؟ تـــۆ قوتـــوە خـــواردنێکی پـــڕ لە کرمت کردۆتەوە. گوێ بگرە تیمی." پاشان بۆی ڕوونکردەوە:

"ئەمـــە بابـــەتێکی تـــەواو جیـــاواز بـــووە مـــن هـــەموو شـــتێکم دەربـــارەی وی دەزانی. ئەو پارێزەرە گەمژەیە هەموو ئەو قسانەی بە من گوت.

ئـــەو کـــوڕە خـــاوەنی هـــەموو جـــۆرە کەموکوڕیـــەك بـــوو، گرفتێکـــی لـــە خوێنبـــەرەکانی دڵیـــدا هـــەبوو، هـــەورەها نەخۆشـــی شـــەکرە، کـــە بابـــەتێکی تـــەواو جیـــاوازبوو. تـــۆ لـــە دڵـــداو هـــەروەها ئەندامـــەکانی دیکـــە لـــە شـــتدا، هـــیچ گرفتێـــك نییە. وەرن بابچینە دەرێ."

با بچین تۆپ بخەینە نێو تۆڕی یاری سەبەتەوە."

لـــۆرا لـــە پەجـــەروە بینـــی کـــە ئـــەو ســـێ پیـــاوەی ماڵـــێ لەبـــەردەم تـــۆڕی یـــاری ســـەبەتەدا ڕاوەســـتاون و ئـــەویان لـــە خۆیـــان دوورخســـتۆتەوە، بـــەڵام ئـــەو بایـــەخی بەو مەسەلەیە نەدەدا.

ئەوەی کە دەیتۆقاند، ئالۆزی بیری باد بوو. باد زۆر داخورپابوو، بە جۆرێکی وا کە بیر و هۆشی بە باشی کاری نەدەکرد و باش قسەی نەدەکرد و نکۆڵی کردنی لە راستییەکان، مەترسیداربوو.

لۆرا لە کاتێکدا کە بە شەقامی فیروبۆدا تێدەپەڕی. دیتی کە تابلۆیەکی گەورە ئەمەی لەسەر نووسرابوو بۆ فرۆشتنە.. لە چەمەنەکەی بەردەم خانووە کۆنەکەی بلێردا هەڵواسرابوو. سەری سوڕما بۆچی؟

ئایا ئەوان رێگەی ئەوەیان دابوو، کە بەو شێوەیە لەو گەڕەکە دەربپەڕێنردێن؟ کارێکی هەڵە بوو، هەڵە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە لۆرا پرسیار لە خۆی بکات، کە ئایا ئەو بۆ خۆی ئەوەندە ئازا بوو، کە لە خانووێکدا بمێنێتەوە کە لەو شەوە تۆقێنەرەدا. پەلامار درابوو؟ ئەو بڕیاری دا باسەکە لە بوفاستەر بپرسێت.

هەرکە گەیشتەوە ماڵێ تەلەفۆنی بۆ کرد. کە ئایا ئەو لەمبارەیەوە چی دەزانێت لۆرا گوتی:

" بەڵێ، من لە مبارەیەوە بیستومە، بەڵام نەك لە لایەن بنەماڵەی ئیجوودەوە، چونکە ئەوان ئێستاش لەگەڵ کەسدا قسەناکەن. من لەو کارمەندەی نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە بیستومە...

"بەڕاستی جێی شەرمەزارییە. خۆزگە رێگایەك هەبوایە تا بمان توانیایە هاوکارییان بکەن."

"هەڵبەت رێگایەك هەیە. من دەمویست بە تەلەفۆن پێوەندیت پێوە بکەم. تۆ لە پێرستەکەی مندا یەکەم کەس بووی. لە پاش دەرچوونمان لە کلێسە، چەند کەسێك لە ئێمە پێکەوە قسەمان کرد و گوتمان چەندە باشە کە داواکارییەك بە نووسراو بەشێوەی بە کۆمەڵ رێك بخەین و بە پێی رێوشوێنی دراوسێیەتی داوا لە بنەماڵەی ئیجوو بکەین کە ماڵ نەگوازنەوە.

ئێمە پێیان دەڵێین کە هەموومان بەخێرهاتنتان دەکەین، ئەو پەلامارە دزێوە بە توندی ئیدانە دەکەین و داوایان لێدەکەین کە بمێننەوە. تۆ لە مبارەیەوە چی دەڵێی؟"

"چـــی دەڵـــێم؟ لـــە مـــن دەپرســـی کـــە حەزدەکـــەم داخـــوازی نامەکـــە واژۆ بکەم؟"

کاتێك لۆرا تەلەفۆنەکەی داخستەوە بیرێکی بەزەینێدا هات:

ئـــەی بـــاد چـــی؟ بەڕاســـتی گاڵتـــەجاڕبوو، کـــە واژۆی وی بـــەبێ واژۆی مێردەکـــەی بێـــت. زۆر باشـــە، کاتێـــك وەختـــی هـــات ئـــەو پـــڕدەش دەبـــڕێ. بەهـــەر حـــاڵ. لـــە دوای چـــەند ڕۆژێـــك ئـــەو داخوازینامەیـــە بـــە کۆمەڵـــە ناوێکـــەوە کـــە تێیـــدا دەبینـــرا بـــە دەســـتی گەیشـــت. لـــۆرا بردییـــە لای مێزەکـــە و بـــێ ئـــەوەی شتێك بڵێ کردییەوەو واژۆی کرد.

هـــەر لـــەوێ دانیشـــتبوو و واقـــی وڕمـــابوو، کـــە چـــۆن دیســـانەوە دەتـــوانرێ قڕەقڕێکـــی بـــێ ســـوودی تـــر دروســـت بکـــات. هـــەر کـــە بـــاد هاتـــە ژووری پرســـیاری کرد:" ئەوە چییە؟"

کاتێـــك لـــۆرا ڕاســـتییەکەی بـــۆ ڕوون کـــردەوە بـــاد بـــەلا قریتـــۆە بـــرۆی هەڵکشـــان و کوڵمـــەکانی وەکـــو کوڵمـــەی مـــەڕ هەڵبەزینـــەوەو خڕبـــوون. ئـــەو گـــوتی:" وا مەزەنـــدە دەکـــەم کـــە دەبـــێ منـــیش واژۆی بکـــەم. وا دیـــارە ســـەبارەت بـــە بتـــی لی زۆر پیـــاو خراپبـــام کـــردووە، وانییـــە؟ بۆیـــە وا باشـــترە پیاوخراپیـــەکی دیکە لە کڵێسەدا ئەنجام نەدەم.. لۆرا جەختی کردەوە:

"بەتایبـــەتی لەبەرئـــەوەش کـــە تـــۆ بـــۆ خـــۆت زۆر هامۆشـــۆی کڵێســـە دەکەی."

"زۆر باشـــە، مـــن ئـــەم دوژمنایەتیـــە لەگـــەڵ ڕەش پێســـتەکاندا وەلا دەنـــێم. قیڕوســـیا، خـــۆ مـــن لـــە فیروێـــۆ ژیـــان بەســـەرنابەم، کەواتـــە جیـــاوازی بـــۆم نییـــە، نـــازانم بنەماڵـــەی ئـــۆردوی بەرامبـــەر بـــەم مەســـەلەیە چ کاردانەوەیـــەك دەنوێنن؟"

"نیگـــەران مەبـــە، بـــەو گـــوێرەی کـــە لۆفاســـتەر دەناســـم، دەزانم کـــە ئـــەوانیش داخوازینامەکە واژۆ دەکەن."

بۆیە باد کە حەزی دەکرد لەبەر چـــاوی خـــەڵك خـــۆی بـــەباش نیشـــان بـــدات ئـــەو دەرمانـــە تاڵەشـــی قوتـــا دا. دوای چـــەند ڕۆژێـــك تـــابلۆی "بـــۆ فرۆشـــە" لەســـەر خانووەکـــەی بنەماڵـــەی ئیجـــوود هـــەڵگیراو چـــەند ڕۆژێکـــیش دوای ئـــەوە

لۆفاستەر بەم شێوەیە بە لۆرای ڕاگەیاند:" من نامەیەکی پڕ لە سۆزم لەو خێزانەوە بەدەست گەیشت کە لەو نامەیەدا سوپاسی ئێمەیان کردووە. ئەوان بەڕاستی گرێی دڵی خۆیان بۆ کردومەوە. خوێندنەوەی ئەو نامەیە بووە هۆی ئەوەی فرمێسکم دابارن..

لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی:" من دەبێ بچم و خاتوو ئیجوود ببینم، لە هەفتەی داهاتوودا ڕۆژێك ئەم کارە دەکەم. ئەمجارەیان دیدارەکەی ئێمە زۆر بەچێژ دەبێت." بەڵام بەرلەوە مەسەلەیەکی دیکە هاتە گۆڕێ. لە لایەن ڕاڵف مەکێنزییەوە. تەلەفۆن کرا. ئەو بەم شێوەیە دەستی بە قسەکرد:" ئەگەر دەبمە سەرگرانی و خۆتێهەڵقورتێن لە کاروباری شەخسی ئێوەدا تکایە پێم بڵێن. ئێستا من وەکو پارێزەرێك تەلەفۆن ناکەم، لەبەرئەوەی ئیتر پێویست بە پارێزەر ناکات، بەڵکو وەکو هاوڕێی بنەماڵەی کرافیلد تەلەفۆن دەکەم و هیوادارم کە هاوڕێی ئێوە و تامیش بم."

لۆرا گوتی:" تکا دەکەم جەنابت سەرگرانیمان بۆ دروست ناکەی."

"حەزدەکەم ئەگەر بتوانم، کەمێك هاوکارین کرد بێت. ئارتۆر پێی گوتم کە ئەو دیدارەی پێشوو زۆر خراپ بەرەو پێش."

"بەڵێ، خراپتر لەوەی کە من مەزەندە دەکرد، من چاوەڕوانی فرمێسکم دەکرد، بەڵام چاوەڕوانی ئەو ڕق و کینەیەك نەدەکرد."

لۆرا هەڵوەستەی کرد،ئەو نەیدەویست وێنەی دیمەنێکی دزیو لە تام بکێشێ.

"بەڵێ، بەسەرهاتەکەم بیست. ئەم مەسەلەیە بۆ مارگرێت زۆر تاڵ بووە. ئەو ئافرەتێکی زۆر بەهێزو خۆ ڕاگرە. بنەماڵەکەیان هەمیشە پشت بەو دەبەستن. ئێستا کە ئەوان ئەو بەو شێوەیە بە لە دەستچوو و تێکچوو دەبینن، ئیدی نازانن کە چی بکەن."

لۆرا هاواریکرد:" ئۆهو، ئایا پتێریش ڕووداوی هاوشێوە ڕوویداوە؟"

"بەڵێ، هەروەکو دەزانن لەم جۆرە ڕووداوانە زۆر ڕوودەدات، بەڵام بە دەگمەن، جێگای سەرسوڕمانە کە ڕۆژنامەکان لەمە بێ ئاگان."

لۆرا گوتی:" میستەر فۆردایس پێوەندی تایبەتی خۆی هەیە."

"زۆر باشــە، مــن پــێم وانییــە کــە راکــێش کردنــی ئــەم بابەتــە بــۆ نێــو ڕۆژنامەکان هیچ سودێکی بۆ تام هەبێت."

"ئەمــە ئــەو شــتەیە کــە بەڕاســتی مــن لێــی تۆقیــوم، تــام یــەکجار ناڕەحەتــە، میســـتەر مـــەکێنزی. ئـــەو هێڵێکـــی ســـووری بـــەدەوری خـــۆی و ئـــەو مەســـەلەیەدا کێشاوەو من تەنانەت ناتوانم لە مبارەیەوە قسەشی لەگەڵدا بکەم."

"پێت وانییە من بتوانم ببدوێنم؟"

"تــەنیا هــەر تــام نییــە. بابــەتێکی ئــاڵۆزتر لــە خــودی تــام لــە ئارادایــە، شتێك کە ناتوانم لە رستەیەکدا کورتی بکەمەوە. زۆر ئاڵۆزە."

لۆرا قسەکەی خۆی بڕی.

"پێتــان وانییــە ئێمــە بتــوانین دیــدارێك رێــك بخــەین و لــە مبارەیــەوە قســەبکەین؟ مــن ئــەمڕۆ لــەناو شــارادام و دەتــوانم دوانیــوەڕۆ ســەرێك لــە مــاڵی ئێوە بدەم، ئەگەر پێتان خۆش بێت."

"پــێم وانییــە، تــام لەگــەڵ بــاددا کاردەکــات و جــاری وایــە زوو دەگەڕێتــەوە ماڵێ."

مــەکێنزی گــوتی:" تێدەگــەم کەواتــە فکرێکــی باشــی نییــە، رەنگــە لەبەڕێوەبەرایــەتی کارەکــانی منــدا یــاخود لــە گۆشــەیەك لــە هۆتێــل فــونیکس بکــرێ چــاومان بەیــەك بکــەوێ. ئێمــە دەتــوانین لــەوێ فنجانێــك قــاوە بخۆینــەوە وبزانین داخۆ هیچ کارێکمان لە دەست دێت."

دەنگـــی وی زۆر لۆژیکییانـــە بـــوو و دڵنیـــایی بەبەرامبەرەکـــەی دەبەخشـــێ کــە ئــەو مرۆڤێکــە زوو هەڵناچــێ و تــوڕە نابێــت یــاخود گــوێ بــۆ بەرامبەرەکــەی رادەگرێــت. لــەو دەنگــەدا ئارامیــەکی تایبــەت خــۆی حەشــاردابووە. بۆیــە لــە کاتــژمێر چــواری دوانیــوەڕۆی هــەمان رۆژدا لــە کاتێکــدا کــە لــۆرا کراســێکی ســەوزی روونــی لەبــەردابوو و لەچــکێکی ســپی لەســەری ئاڵانــدبوو و هەســتی بــە گەشــەیەکی نەناســراو دەکــرد لــە دەروونــی خۆیــدا، لــە هۆتێــل فونیکسچــاوی بــە راڵــف مــەکێنزی کــەوت. راڵــف بــەخێرهاتنی کــردو رایگەیانــد:" تــۆ وەکــو نــەعنا ســەوزو فێنــك دێیــە بەرچــاو. چــۆن لــە هەوایــەکی ئــەوا گەرمــدا خــۆت رادەگــری؟ پــێم وایــە کــە دەبــێ پێــت بڵــێم کــە...، و هــەروا کــە لــە کافتریــای هۆتێــل دا

دادەنیشـــتن:".. کـــە بنەماڵـــەی کرافیڵـــد پێیـــان وایـــە جـــەنابت ئـــافرەتێکی لـــە رادەبـــەدەر شـــازی. هـــەموویان، تەنانـــەت هـــولی و دایـــە گـــەورەو بابـــە گـــەورەش بەرامبەر جەنابت رێزیان هەیە."

"منـــیش ئـــەوانم وەبـــەر دڵ کـــەوتووە، میســـتەر مـــەکێنزی تکـــات لێدەکـــەم ئەم پەیامەی من بە ئەوان بگەینە."

"تکادەکـــەم بـــە راڵـــف نـــاوم بێنـــە. پـــەیامی بـــەرێزتانیان پـــێ رادەگەیـــەنم. ئـــەوان بەڕاســـتی مرۆڤـــی باشـــن، لـــۆرا زۆر بـــە ســـۆزو لەبـــەردڵانن. مـــن حەزدەکـــەم تۆزێـــك لـــە ئازاریـــان کـــەم بکەمـــەوە. هـــەروەها ئـــازارو مەینـــەتی تـــام و بەرێزیشت، ئەگەر لە دەستم بێت."

"ئاه، تام بە خراپترین شێوە خۆی ئەشکەنجە دەدات."

"باسی ئەوم بۆ بکە."

لـــۆرا زۆر پێویســـی بـــەوە بـــوو کـــە رێگایـــەك خـــۆی هێـــور بکاتـــەوە، بـــەڵان بـــە دوو دڵیـــەوە چـــیرۆکەکەی هێنایـــە ســـەر زمـــان، چـــونکە توانـــای ئـــەوەی نـــەبوو کـــە بـــێ هیـــوایی و نائومیدییـــەکانی خـــۆی لـــەلای هـــیچ هاوڕێیـــەك و کەســـوکارێکیدا بـــدرکێنێ، تەنانـــەت ئەگـــەر پوورەکـــانیش لـــەماڵ بونایـــە، نەیـــدەتوانی لەگـــەڵ ئەوانیشـــدا قســـەبکات. لـــۆرا دەبوایـــە وەکـــوو هاوســـەرێکی وەفـــادارو راســـتگۆ بـــۆ بـــادو دایکێکـــی پشـــتیوان بـــۆ تـــام بمێنێتـــەوە. گومـــانی تێدانـــەبوو. کـــە رۆژێـــك دەهـــات بـــاد نارەحەتیـــەکانی خـــۆی لـــەبیربکات دواجـــار دەبـــووە کەســـێك کـــە لـــۆرا ئەوەندە بەهیوابوو.

ئێســـتا لـــە گفتوگـــۆکردن لەگـــەڵ ئـــەو پیـــاوە نامۆیـــەی کـــە لـــۆرا بـــە بـــەرێزو گـــەرم و گـــوڕی هـــەژماردەکرد، ئـــەو هەســـتی دەکـــرد کـــە نهێنییـــەکانی خێزانەکەی، دەمارگیریەکانی بادو داڕوخانی تام ئاشکرادەکات:

"پـــێم وایـــە هەنـــدێك جـــار رەنگـــە دوو دڵـــی و خـــوو رەوشـــتی پـــاکی تـــام بێـــت کـــە کاریگـــەری دەخاتـــە ســـەربیروباوەڕە تازەکـــانی. مەبەســـتم ئـــەو شـــێوازە بیرکردنەوەیـــە کـــە هـــەموو شـــتێکی بـــەو پـــەڕی کاملێـــەوە دەوێـــت، وەکـــو لاوە هیتلەرییەکان.

تـــۆ لـــە زەینـــی خۆتـــدا دەگەڕێیـــەوە بـــۆ دواوە و دواتـــریش و هـــەوڵ دەدەی کـــە تێبگـــەی چـــۆن و بۆچـــی مـــن هـــەمان ئـــەو شـــتە، کـــە بـــەڕێزت گوتـــت. هەڵبـــەت بـــاد وەکو زۆر خەڵك دەمارگیری خۆی هەیە، بەڵام نازانم تام بۆ بەو شێوەیەیە."

"بـــەڵێ، ڕێبـــەری گەنجەنازیـــەکان، بالـــدۆرفۆن شـــیراخ، دایکێکـــی ئـــەمریکای هـــەبوو و بـــاوکی بـــاپیرەی لەشـــەڕە ناوخۆییـــەکانی ئـــەمریکادا بەلایـــەنگری ویلایەتـــەکانی بـــاکور جـــەنگابوو. هێنـــدی فـــۆر کتێبێکـــی نووســـی کـــە ئـــەو پیـــاوەی کـــردە دژی جوولەکـــە لـــەو ســـەردەمەدا کـــە هێشـــتا دەچـــووە قوتابخانـــە. دەتـــوانی ئاوای لێك بدەیەوە کە ئەو ژەهری نێو کتێبەکەی هەڵ لوشی."

لـــۆرا هەســـتی بەســـەرما دەکـــرد. ئـــەو لـــە ناکـــاو دەســـتەکانی بەفنجانـــە قاوەکـــە گـــەرم کردنـــەوە. ڕاڵـــف بـــە میهرەبانییـــەوە گـــوتی:" قاوەکـــەش ســـاردە. تـــۆ پێویستیت بە ئامێری قاوە کولاندن هەیە..

لـــۆرا بـــێ ئـــەوەی هـــیچ بڵـــێ ســـەیری کـــردو گـــوێی گـــرت. کاتێـــك مـــەکێنزی باســـی بلاوکـــراوەی هـــاواری ســـەربەخۆیی و شـــەوی پـــەلاماردانی مـــاڵی ئیجـــوودی کرد، ئەو سەری دەلەقاند. مەکێنزی گوتی:

"مـــن پـــێم وایـــە دەنگوباســـی ئـــەم حەوتوویـــەت بـــەوردی گـــوێ لێبووبێـــت. ئایـــا دەزانـــی کـــە ئەوانـــەی هێرشـــیان کـــردە ســـەر ئـــەو ماڵـــە پەیوەنـــدییان هـــەبوو بـــە کۆبوونەوەکـــەی لایـــەنگری جۆنســـۆنەوە لەبـــەردەم ماڵەکـــەی ئەندرســـۆن لـــەو بـــەری شەقامەکە؟

ئـــەوان لـــە کـــاتێکی خراپـــدا، دەســـتیان بـــە کارەکـــەیان کـــرد، لەبەرئـــەوەی بڕیـــاروابوو شـــەوی داهـــاتوو ئـــەو هێرشـــە ئـــەنجام بـــدرێت. ئـــەو گەمـــژە شـــێتانە! ئـــەو کوڕە، گرێك ئەندرسۆن مرۆڤێکی مەترسیدارە.

کەســـێك شـــتێکی بـــاس کردبـــوو کـــە لـــە ئـــەنجامی دا پـــۆلیس درێـــژەی بـــە لێکۆڵینـــەوەکان داو ئـــەو چـــەکەیان دۆزیـــەوە کـــە لـــە ژوورەکـــەی ئـــەودا شـــاردبۆوە. ئـــەوان وای بـــۆ ناچـــم کـــە دایکـــو بـــاوکی دەســـتیان لـــە کارەکانیـــدا هـــەبێت یـــاخود هانیـــان دابێـــت بـــۆ ئـــەو کـــارەو تەنانـــەت ناشـــزانن کـــە ئێســـتا لـــە کـــوێی ئـــەو ڕۆژی دواتر لە شارڕای کرد."

"ڕەنگــە منــیش، بــەهۆی ئــەو شــتەی کــە دەمــەوێ ئێســتا باســی بکــەم، وەکــو دایکــو بــاوکی گرێــك ئەندرســۆن کــوێر. یــاخود گەمژەیــەکی تــەواوبم. بــەڵام مــن پــێم وانییــە کــە تــام بــە هــیچ جۆرێــك دەســتی بــەو ڕووداوەدا هــەبێت. تــام تــەنیا قســەی هــەن. ڕاڵــف بــە ئازایەتیــەوە گــوتی:" ڕێــك وەکــو جۆنســۆن، ئــەویش تــەنیا قســەی دەکــا و هەمیشــەش قســەکانی دەبنــە هــۆی ڕووداوی نــاخۆش لــە شــوێنەکانی دیکــە وەکــو کتێبەکــەی هێــزی فــۆرو کەکەســێکی کــردە ڕێبــەری گەنجــە هیتلەرییــەکانی. ئەمــە دەســەڵاتی قســەیە. هەرلەبەرئەوەشــە کــە مــن پێم ناوەتە نێو خەباتەوە تاکو بگەمە ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتی."

ئــەوان لــە پــەنا پەنجەرەکــە دانیشــتبوون. هــەروا کــە خۆرلــە پشــت هــەورە تاریکەکانــەوە دەهاتــە دەرێ، تشــکێکی باریــك کەوتــە سەرســەری مــەکێنزی و ڕەنگــی قــژەکانی لەقاوەییــەوە گــۆڕی بــۆ ڕەنگــی پرتــەقاڵی. ئــەو هــەوڵی دابــوو تــا قــژە فرفڕییــەکانی لەســەریەك بخــەوێنێ. بــەبێ ئــەوەی لــەو کارەیــدا ســەرکەوتنێك بەدەست بێنێت.

لــۆرا لــە دڵــی خۆیــدا گــوتی:" روفــوس، بــە ئەگــەری زۆر نــاوی وی ڕاڵــف روفــوس مــەکێنزی بــوو. دەموچــاوی لاوازی وی وەکــو پاڵەوانــەکانی ڕۆژئــاوای ناشارســتانی (ئــەمریکا پــێش لــە دۆزینــەوەی)[١١] درێــژ و موچــدار بــوو. لــۆرا هەســتێکی تایبــەتی لــە خۆیــدا بــەدی کــرد، وەکــو ئــەو کاتــەی کــە چــەقۆیەك لــە جەســتەی مــرۆڤ نزیــك بکەنــەوە و داچــڵەکنێکی بچــووك تــەواوی جەســتە بخاتــە لەرزینەوە.

تــەنیا چــەند حەوتوویــەك لەمەوبــەر بــوو، کــە پوورەکــان ســەبارەت بەدیــداری مــەکێنزی لــە فلۆریــدا قســەیان کردبــوو و ئــەوەی کــە ئــەو چــەندە ئــەوانی خستبووە یادی فرانسیس ئاڵکاتەوە. لەناکاو لۆرا گوتی:

"پوورەکــانم زســتانی ڕابــردوو لــە کلۆریــدا بــەڕێزتیان دیتبــوو. بەرلــەوەی مــن چــاوم پێــت بکــەوێ، ئــەوان لــە ماڵەکــەی خــۆم باســی نــاوی تۆیــان کــرد و گوتیــان کــە ئــەوانت خســتۆتەوە بــیری کەسێك، کــە هــەمومان بەباشــی دەیناســین. جێــی

---

١١- ناوی ملیێکی سینەماییە، کە خۆشم لە هەشتا کاندا لە ئێران لە سینەما دیتوومە "وەرگێر"

پێکەنینـــە کـــە هـــەر ئێســـتا منـــیش وەهـــا هەســـتێکم بۆهـــات." رالّـــف زەردێکـــی هاتیّ و گوتی:" ئەو چ کەسێك بوو؟ ئەوینێکی کۆنی خۆت؟"

"بەلّیّ خەیالّێکی سەردەمی مندالّی. تۆ چۆن مەزەندە دەکەی؟"

"نـــازانم، جـــاری وایـــە مـــن هەســـتی شەشـــەمم هەیـــە، جگـــە لـــەوەش لـــە روخســـارتدا دەکـــریّ زۆر شـــت بخوێندرێتـــەوە، لـــۆرا نـــەیزانی کـــە بۆچـــی ئـــەو بابەتـــەی دواتـــری دەربـــڕی، کـــە بـــە زەینیـــدا هـــات، رەنگـــە لەبەرئـــەوە ئـــەوە بووبێت، کە دەیویست ماوەی دیدارەکەیان درێژتر بکات:

"پوورەکـــانم بەبـــەرێزت هەلّـــدەلێن، هەرچـــەندە ئەگـــەر بۆیـــان بکرێـــت دەنـــگ بە جۆنسۆن دەدەن."

پاشـــان لـــۆرا پێکـــەنی و گـــوتی:" پـــێم وانییـــە ئـــەوان جۆنســـۆن بـــە باشـــی بناسن، بەلاّم هەر لە خۆرا دەنگ بەو دەدەن."

"ئەوان تەنیا نین، زۆر مرۆڤی باش دەنگ بەو دەدەن."

لۆرا گوتی:" حەزدەکەم سەرکەوتنی بەڕێزت ببینم."

"منـــیش حەزدەکـــەم ســـەرکەوم. بەڕاســـتی مـــن قـــەت نەمدەویســـت کـــارێکی سیاســـی هەلّبـــژێرم، لەگـــەلّ ئەوەشـــدا کەســـایەتی کۆمەلاّیـــەتی ئـــەم کارەیـــە کـــە دلّگـــیرە، دەبـــیّ جانشـــیت هـــەبیّ تـــا بتوانێـــت کـــارێکی گـــرنگ ئـــەنجام بـــدەی، بـــەلاّم مـــن ئەوەنـــدەش شـــەیدای نـــیم. مـــن چـــێژ لـــە جێبـــەجێکردنی یاســـاکان وەردەگـــرم و بـــە ســـادەیی دەمـــەویّ بەســـەر جۆنســـۆندا ســـەرکەوم. دەبـــیّ وابکـــەم، ئێـــدی یـــەکێك دەبیّ رێگە لەو جۆرە کەسانە بگرێت."

مـــەکێنزی تەماشـــای لـــۆرای کـــرد، لـــۆراش بـــە هـــەمان شـــێوە ســـەیری کـــردەوەو بـــۆ ماوەیـــەك هەســـتێك لـــە نێوانیانـــدا ئـــالۆگۆڕ کـــرا. ئـــەوە چـــی بـــوو؟ هەســـتێکی متمانەپێکردن، وردبوونەوە؟"

لـــۆرا چـــاوی داخســـت تـــا دەســـبەندەکەی بێنێتـــە دەریّ، کـــە لـــە قۆلّێـــدا گـــیری خواردبـــوو. رالّـــف گـــوتی:" زۆر باشـــە، ئێســـتا ئێمـــە دەبـــیّ ســـەبارەت بـــە بنەمالّـــەی کڕافیلّـــد و تـــامی ئێـــوە چـــی بکـــەین؟ ئـــەوان زۆر حەزدەکـــەن دووبـــارە چاویان پێی بکەوێتەوە، لۆرا..

"بەڵێ ئەگەر پتێریش زیندووبایە، من ئامادەبووم هەموو کاتێك ئەگەر بۆ ئەو ویلایەتەش پێت بچم و چاوم پێی بکەوێ.

"ئەوان هیوادارن، کە جاری دووەم باشتر بێت و ئەگەریش هەیە، کە هەروابێت..

"بەڵام ئەو نایەتە ئەوێ رالف، بادیش ئەو کارەی لێ قەدەغەکردووە."

"رێگە دەدەی لەگەڵ مێردەکەتدا قسە بکەم؟ بەهەرحاڵ کەسێك کە لە دەرەوەی بازنەیە دەتوانێ باشتر لە ئەندامێکی بنەماڵە کاریگەری هەبێت."

"بەدڵنیاییەوە هەروا دەبێت،" بەڵام لۆرا لە دڵی خۆیدا هیچ ئومێدێکی نەبوو."

"پێم وایە سەرەتای حەوتووی داهاتوو دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە. تەلەفۆن بۆ بەڕێزت دەکەم تا پێم بڵێی چ کاتێك دەتوانم بێمە ماڵی ئێوە.

زیاترین هەوڵی خۆم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی بیروبۆچوونەکانی تام کەمێك سەبارەت بەو مەسەلەیە روون بکەمەوە. ئەگەر سەرکەوتم، لەگەڵ خۆمدا دەیبەمە ماڵی کرافیلد چۆنە؟"

زەردەخەنەی وی دۆستانە و دڵگیربوو و بۆ لۆرا نەدەگونجا بڵێ! نا، ئەم کارە هەڵەیە، بەبیرخۆتی بەرەوە. لەبری ئەوە لۆرا گوتی:

"بەڕاستی بایەخی تاقیکردنەوەی هەیە."

❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋ ❋

تام قڕە قڕی دەکرد و دەیگوت:" هەموو ئەو قسە خۆشانە دیدارێکی دیکەیان بەدواوە دەبێت و دووبارە لە من چاوەڕوان دەکەن بە بەردەوامی بچمە سەردانیان."

تام کەوتبووە سەروبەندی شێتییەوە:" نەفرەتیان لێبێت مافی بەخێوکردنی منیشیان دەوێ بگرن ئەستۆی خۆیان، زۆر باشە، من ئیدی منداڵێکی تەمەن سێ ساڵان نیم ئەگەر واش بوومایە هی ئەوان نەبووم."

لەسەرەخۆبوونی رالف بەڕاستی جێی دەسخۆشی و ستایش کردن بوو. لۆرا لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە: ئەگەر من لە جێی وی بوومایە تاکو ئێستا ئیدی خۆم بە دەستەوە دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە رالف گوتی:

"تەنیا شتێك كە ئەوان دەیانەوێ، تام، ئەوەیە كە جارجارە بتوانن چاویان بە تۆبكەوێ، بەو هیوایەی كە رۆژێك دابێت تۆش بیان ناسی و خۆشت بوێن. ئەمە تەنیا شتێكە كە ئەوان دەیانەوێ."

تام وەڵامی دایەوە:" من هیچ كەیفم بە خواستەكانی ئەوان نایە، ئێستا بە بەرێزت دەڵێم و پێشتریش بە دایكم گوتووە، باوكی من تاكە كەسێكە كە لایەنگریم لێ دەكات.

بەڵێ: تیمیش بە هەمان شێوە بەڕاستی جێگای داخە، كە برا بچووكەكەم لە دایكم زیاتر تێدەگات...

لۆرا بە نارەحەتییەوە سەیرێكی كاتژمێرە دەستییەكەی خۆی كرد. ئەو بە فێڵێكی بچووك تیمی لە ماڵێ ناردبووە دەرێ و ببووە هۆی ئەوەی تام لە كاتی خۆیدا بگەڕێتەوە ماڵێ تا بەر لەوەی باد بگاتەوە جێ. راڵف دەرفەتی قسەكردنی هەبێت لەگەڵیدا ئەوان نزیكەی كاتژمێرێك بوو خەریكی قسەكردن بوون. لۆرا قیژاندی:

"تام، تكات لێدەكەم جارێكی دیكە بچۆوە بۆ ئەوێ. میستەر مەكێنزی هاوڕێیەتیت دەكات. تۆ دەتوانی ببینی كە ئەو چۆن دەرك بە تۆ دەكات. ئەو لەوێ دەبێتە هاوڕێی تۆ، هەست بە تەنیایی ناكەی لەوێ، تەنیا یەك جاری دیكە."

راڵف گوتی:" كەمێك ئازایەتی لە خۆت نیشان بدە. دەزانی كە ئەم بابەتە تەنانەت بۆ دایكیشت گرنگی خۆی هەیە.

"ئاخر بۆچی دەبێ ئەوان گرنگی بەو مەسەلەیە بدەن؟ دایكە، تۆ بۆ ئەوەندە بایەخ بەم بابەتە دەدەی؟"

رەنگە لۆرا لە ماوەی ئەو چەند حەوتوودا جۆرە توانایەكی تاوتوێكردنی شەخسی پەیداكردبێت و بۆی دوركەوتبێت، كە توانای گەلێك كاری هەیە بۆتە خاوەنی وزەی زیاتر و دەتوانێ هۆی ئەو شتە دەربڕێت، كە گرنگی پێدەدات.

ئەو بە ئارامی گوتی:" لەبەرئەوەی كە نامەوێ تۆ ئەوەندە بەستەمكار ببینم."

ئـــەو ژنـــە، ئـــەو ژن و مێـــردە داماوانـــە، بـــۆ یەکـــەمجار لـــە کـــاتی لـــە دایکبـــوونی کوڕەکەیانـــــەوە دەمووچـــــاوی گـــــرژی ئـــــەویان دەدیـــــت و گوێیـــــان لـــــەو قسەتۆقێنەرانە دەبوو، کە ئەو دەیکردن.

ئـــەو کەســـە لێقەوماوانـــە! جگـــە لـــەوەش، لـــۆرا هەســـتێکی ئـــازاردەری لـــە دڵیـــدا هـــەبوو. هەســـتکردن بـــە فێـــڵ، ئـــەو بـــەبێ ئـــەوەی مـــەیلێکی ئـــەوتۆی هـــەبێت بـــە ناڕەحـــەتی گـــوتی:" مـــن لـــە یـــادی پتێـــریش دام، لـــەو بـــیرەدام کـــە ئـــەو تـــەواوی تەمـــەنی خـــۆی لـــە ماڵێکـــدا بەســـەربرد و مـــن هیچـــکات نـــەمزانی، هەمان ئەو یەك جارەی کە چوومە ئەو فرۆشگایەو ئەو دەیتوانی لەوێ بێت.

کاتێـــك چـــاکەت و تـــەنورە ســـەوزەکەم کـــڕی رەنگـــە بـــە بەردەمیـــدا تێپـــەڕیبم، بـــەڵام هیچـــم نـــەدەزانی.. لـــۆرا دەموچـــاوی خـــۆی بـــە دەســـتەکانی داپۆشـــی. راڵـــف کۆخەیـــەکی کـــرد و لەســـەر کورســـییەکە چـــەمایەوە. تـــام بێـــدەنگ بـــوو و ئەوســـا راڵـــف گـــوتی:" مـــن نـــاتوانم زیـــاتر بمینێمـــەوە. هـــەموو شـــتەکان دەدەمـــە دەســـت خۆت، تام".

لـــۆرا دەســـــتەکانی هێنایـــــە خـــــوارەوە و داوای لێبـــــوردنی کـــــردوو گـــــوتی:" داوای لێبـــــووردن دەکـــــەم. ئـــــەم مەســـــەلەیە بەڕاســـــتی زۆر ئـــــاڵۆز بـــــووە. مرۆڤدۆســـتی و هەســـتی فریـــو خـــواردن، رەنگـــە لەبەرئـــەوەش بێـــت، کـــە مانـــدوترم لەوەی بتوانم سەبارەت بە قسەکان بە باشی بیربکەمەوە.. نازانم."

راڵف دووبارە گوتی:" هەموو شتێك بە خۆت دەسپێرمەوە، تام."

تـــام هەســـتا. کولمـــەکانی گـــەرم داهـــاتبوون. بـــەئارامی دەســـتی بـــردە نێـــو قـــژەکانی و گـــوتی:" زۆر باشـــە، زۆر باشـــە، دێـــم، تـــەنیا پـــێم بڵـــێن کـــەی؟" لـــە کاتی قسەکردندا رووی لە مەکێنزی نەبوو:

"هەینی باشە؟"

"بەڵێ هەینی."

ئەوســـا تـــام لـــە ژووری چـــووە دەرێ. لـــۆرا تـــاکو دەرگـــای پێشـــەوەی ئـــەو ســـەری شـــەقان هاوڕێیـــەتی راڵفـــی کـــرد، لـــەوێ ئۆتۆمبێلەکـــەی راڵـــف لـــە ژێـــر ســـێبەری داربـــەردێك راگیرابـــوو. ئـــەو لـــە کاتێکـــدا کـــە لـــە پـــەنا ئۆتۆمبێلەکـــە هەڵوەستەی دەکرد، گوتی:" کۆنە داری زۆر جوانتان هەن."

"باپیرە گەورەم چاندونی و حەوت بنەچەی سەرەکیمان لێیان هەیە."

"هەمووشیان ساغن؟"

"بەڵێ، بە باشی پارێزراون. یالّی رابردوو، باخەوانە کارامەکان دوو چالّە درەختیان بە هەمان باشی پڕکردەوە، کە پزیشکی ددان، ددان پڕدەکاتەوە."

رالّف بە وردی گوێی بۆ قسەکانی لۆرا دەگرت و سەرنجی دەدایە، لۆرا هەستی کرد، کە پتر لێی شارەزا دەبێت. ئەو پالّی بە ئۆتۆمبێلەکە دابۆوە دەتگوت دەیەوێ کات بە فیرۆ بدات و چاوەڕوان بوو لۆرا لە پێشدا قسە بکات. لۆرا لە کاتێکدا کە ئاماژەی بۆ درەختەکان دەکرد گوتی:" گالّتەجارییەکە مرۆڤ چۆن عاشقی ئەوانە دەبێت و پێی وایە ئەوان زیندوون."

"بەڵێ کە زیندوون."

"بەڵێ وایە. مەبەستم ئەوە نەبوو کە.."

مەکێنزی زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:" دەزانم مەبەستت چییە."

ئەو بۆ ساتێك کەوتە گومانەوەو پاشان گوتی:" کوڕەکەی ئێوە لە زۆر لایەنەوە تێکڕووخاوە. نازانی لەو حالّەتەدا چەندە بۆی بەپەرۆشم."

"یەڵێ دەزانم، چونکە گوێ لە باد دەگرێ و لە جۆنسۆن کە.."

"... کە پێی وایە قسەی ئەویش راستە. یەکێك لە پەندە پێشینەکانی کە باوکم کەیفی پێدەهات ئەوەیە: ئەو شەقامەی کە دەگاتە دۆزەخ بە نییەتی پاك رازاوەتەوە ئەمە پەندێکی کۆنە، بەلاّم راستە."

"بەلاّم چۆن دەکرێ ئەو بابەتە تۆقێنەرانە بە نیسبەت پاکییەوە بێت، کە تام لە مالّی کڕافیلّدا هێنایەوە سەر زمان؟"

"ئەمە پرسیارێکی فەلسەفیانەیە. کاتێکیتر لەمبارەیەوە قسە دەکەین."

رالّف پێکەنی و گوتی:" ئایا ئەم پرسیارە بە بابەتێکی دلّگیر دەژمێری بۆ تەوەری باسێك لە نێوان من و جۆنسۆندا؟"

راڵــف هێشــتاش هەڵوەســتەی دەكــردو دوو دڵ بــوو لــە ڕۆیشــتن. لــۆرا لــە ناكاو گوتی:

" بەڕاســتی بــەڕێزت ئەوپــەڕی پشــوو درێــژی و تاقــەتت بەرامبــەر كوڕەكــەم نوانــدووەو مــن نــازانم چــۆن سوپاســتان بكــەم. بنەماڵــەی كڕافیلــدیش دەبــێ مەمنون و سوپاسگوزاری بەڕێزت بن."

مــەكێنزی هــەروا بــە ســادەیی وەڵامــی دایــەوە:" پێگەیــەكی لــەو شــێوەیەش جۆرێكە لە خەبات و سەركەوتن."

"بــەرێزت ئێســتا خــەباتێكی دوورودرێــژت لــە پێشــەو رەنگــە لــەو خەباتــەش چێژ وەرگری."

"لــە مــانگی تشــرینی دووەمــدا پێتــان دەڵــێم كــە تــا چ رادەیــەك چــێژ وەردەگرم."

"خۆزگە دەمتوانی لەسەر كەوتندا یارمەتیت بدەم."

"بەدڵنیاییــەوە دەتــوانی، ئەگــەر بەڕاســتی حــەزت لێبێــت لــە پــاش ئــەوەی كــە كێشــەی تــام یــان هــەر كەسێكی دیكــە چارەســەركرا، تــۆ دەتــوانی یارمــەتی كۆمیتــەی كاروبــاری هەڵبژاردنــەكانی شــار بــدەی. ئــەوان هەمیشــە پێویســتیان بە هاوكاری كردنە."

لــۆرا گــوتی:" بــە ئەنجامــدانی خۆشــحاڵ دەبم." لــە ناكــاو كاتــژمێری هاتــەوە یاد دەستی هێنایە پێش و گوتی:" درەنگ بووە، منیش بەڕێزتم ڕاگرتووە."

"نــا، بــەهیچ جۆرێــك وانییــە." مــەكێنزی ســواری ئۆتۆمبێــل بــوو و گــوتی:" من ڕۆژی هەینی دێم بە شوێن تام دا."

لــــۆرا بــــۆ چــــەند ســــاتێك لەبەرامبــــەر دەرگــــای پێشــــەوە ڕاوەســــتابوو و تەماشــــای ڕۆیشــــتنی وی كــــرد. هــــەر كــــە ئۆتۆمبێلەكــــەی گەیشــــتە كۆتــــایی شەقامەكە، ئۆتۆمبێلی بادیش لە دەستی رووبەڕوودا بەدیاركەوت.

باد پرسی:" ئەوە كێ بوو؟"

"راڵف مەكێنزی هاتبوو تام ببینێ."

"تام ببینێت؟ ئەوە چی لە گیانی تامی ئێمە دەوێت؟"

"ئـــەو داوای لێکـــرد، هـــەروەها منـــیش داوام لێکـــرد، کـــە جـــارێکی دیکـــە بچێتە سەردانی بنەماڵەی کرافیلد."

باد لە نیشانەی نارەزایی دەربڕین دەستی راوەشاند گوتی:

"ئـــاخ، لـــۆرا. بـــۆ خـــاتری خـــوا پـــێم گوتبـــووی کـــە واز لـــەو کـــوڕە بهێنـــی. ئـــەو لەو مەسەلەیە بێزار بووە."

"دەزانم بێـــزار بـــووە. چ کەســـێك بێـــزار نییـــە؟ تـــەواوی ناســـنامەی وی رژاوەتـــە نێـــو قـــاڵبێکی دیکـــەوە. ئەمـــە مۆتەکەیـــەکی تۆقێنـــەرە، بـــەڵام راســـتییەك کـــە لـــە ســـەرووی هـــەموو شـــتێکەوەیە ئەمەیـــە کـــە تـــۆ رێگـــە بـــە کوڕەکەت نادەی تاکو رووبەڕووی راستییەکان ببێـتەوە."

راســـتییەلێك کـــە درەنـــگ یـــان زوو دەبـــێ رووبـــەڕووی ببێتـــەوە. پاشـــانش ئـــەم رووداوەی جۆنســـۆن، نـــابینی کـــە تـــام ژەهـــر خواردووبـــووە؟ جۆنســـۆن ژەهـــری خۆی بە هەموو کۆمەڵگادا بڵاوکردۆتەوە و تامیش لێی خواردۆتەوە."

بـــاد پـــاڵێکی پێوەنـــاو چـــووە ژووری. ئـــەو گـــوتی:" تـــۆ هـــەموو خـــەم و پەژارەکانی ئێمە تێکەڵ بە سیاسەت دەکەی. ئەو قسانە پڕوپوچن."

" من ئەو کارە ناکەم. ئەوان بۆ خۆیان تێکەڵی یەکترین."

"بـــۆ؟ لەبەرئـــەوەی ئـــەو گەمژانـــە جوولەکـــەن و تـــامیش کـــەیفی بـــە جوولەکـــە نایە؟ شتێکی سەیر نییە کە مرۆڤ رقی لە جوولەکان بێت."

بـــاد زەردێکـــی هـــاتێ و گـــوتی:" نـــەفرەتیان لێبێـــت. مـــن پێویســـتم بـــە خواردنەوەیـــەکی ســـاردوفێنك هەیـــە. بەڕاســـت، تـــام نـــەیگوت کـــە داخـــۆ جـــارێکی دیکە دەچێتەوە بۆ ئەوێ؟"

لـــۆرا بەڕاســـت گۆییـــەوە گـــوتی:" بـــا، بـــۆ قەناعـــەت پێکردنـــی کـــەمێك کـــات پێویســـت بـــوو، بـــەڵام دواجـــار رازی بـــوو. تکـــات لێدەکـــەم پەشـــیمانی مەکـــەوە، باد."

"لـــۆرا، دەکـــرێ واز لـــە قســـەکردنی بێنـــی دەربـــارەی ئـــەو مەســـەلەیە؟ رۆژێکـــی دژوارم تێپەڕانـــدووە، چـــەندین حـــەوتووی دژوارم لـــە پێشـــە." بـــاد لـــە پەنجەرە ڕا تەماشای دەرێی کرد:

"جاری وایە بیردەکەمەوە، کە رەنگە ئەم مەسەلەیە راست بێت. ئۆهو، نەفرەت لەم ژیانە. نازانم چۆن بیربکەمەوە. ئەگەر ئەو منداڵەیتر هی ئێمە بووبێت ئێمە هیچکات نەماننناسی و ئەمەش بەڕاستی خەماوی و بەئازارە. بەڵام پاشان بیردەکەمەوە کە نا، ئەمە دروست نییە. تام کوڕی راستەقینەی ئێمەیە.

ئەو هی ئێمەیەو و ئەوان خەریکن شێتی دەکەن. کارێکی وا ویژدانی نییە. ئێمە دایك و باوكێكی باش بووین. بۆ دەبێ رووداوێکی لەو شێوەیە لە نێو خێزانی ئێمەدا رووبدات؟"

ئەوسا سوڕایەوە تاکو سەیری لۆرا بکات. باد لەبەر باری خەمدا مۆن ببوو، نێو چاوانی لۆچی کردبوو و لەژێر چاوەکانییەوە بازنەی رەش دەبینران:

"تۆش وەکو من زیانت بەرکەوتووە. نامەوێ ئەمشەو بچییە ژووری چێشت لێنان. وەرە با ئەمشەو بچینە دەرەوەو لە چێشخانەیەك خۆراکی دەریایی یان ئیستیك بخۆین. یان هەر شتێك کە پێت خۆشە. وەرە با ئەوەندەی دەتوانین شاد بین."

"کۆتایی بەشی یازدەهەم."

"بەشی دوازدەهەم"

وێڕای نارەزایی باوکی، رۆژی هەینی تام هاوڕێ لەگەڵ راڵف مەکێنزیدا لە ماڵ دەرچوو. هەستی کەسەر دەروانی داگیرکردبوو. ئەو خۆی بە رادەیەك دەناسی کە بزانێ ئەوە خەم و پەژارەی دایکی بووە، کە ناچار بەو کارەی کردووە. دایکی زۆر بەسۆز بوو، زۆر لێی نزیك بوو و ئەو نەیدەتوانی داخوازییەکەی رەت بکاتەوە. باش بوو کە هەرنەبێ لە لایەن ئەو پیاوە خاوەن کەسایەتییەوە هاوڕێیەتی دەکراو دەیتوانی قسەی لەگەڵدا بکات.

ئەو مەکێنزی بوو نەك کرەفیلد، هەروەها نەك یەکێك لەو مرۆڤە تۆقێنەرانەی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد تام هی ئەوانە. تان بە وەبیرهێنانەوەی ئەم بابەتە رووی گرژ و مۆن بوو، شەپۆلێکی سەرما لە نێو لەشیدا گەڕا. ئەگەر باوکی بە هەڵەدا چوو بوو و ئەو بەڕاستی ئەندامێکی

خێزانــی کرەفیلّــد بوایــە چــی دەبــوو؟ ئەوســا لــە دەروونیــدا گــوێی لــە دەنگێکــی ترســناك بــوو، هــەمان ئــەو دەنگــەی کــە لــە کــاتی وردبوونــەوەدا لــە مارگرێــت گوێی لیّ ببوو!

ئەوە تۆی و دەبیّ راستییەکان قبوولّ بکەی.

لــەو کاتــەدا ئۆتۆمبێلەکــە لــە رێگــای خۆیــدا لــە شــەقامی نێــوان ویلایەتیــدا بــە بــەردەم تــابلۆی "ڕایــس و کــوڕ" دا تێپــەڕی، کــە تابلۆیــەکی گــەورە بــوو و لەبــەر تیشــکی گرنگــی خــۆردا دەدرەوشــایەوە، دلّــی تــام داخــورپی و ئــەو لــە رووی غەریزەییەوە لەسەر کورسییەکەی خۆی قیت دانیشت.

"خوایــــە گیــــان" ئــــەو نیشــــانی هــــەمووانی دەدات. تــــام نایــــەویّ بــــوونی تێکبڕووخیّ " رایس و کوڕ."

مــەکێنزی کــە تــاکو ئــەو کاتــە بێــدەنگ بــوو، دەســتی بــۆ لای رادیــۆ و ریکــۆر دێــری ئۆتۆمبێلەکــە درێــژکرد و لــە تــامی پرســی کــە حــەزی لێیــە گــویّ لێیــە گــویّ لــە چــی رابگیرێــت:" رەنگــە لــە جیــاتی ئــالۆگۆڕکردنی قســە، زیــاتر حــەزت لە مۆسیقا بێت. یاخود دەبیّ شتێك هەبیّ کە بتوانیّ بە منی بلّێی؟"

تام کە لەم مەسەلەیە خۆشحالّ ببوو گوتی:" مۆسیقام پیّ باشترە."

"ئیّ، حەزت لە چ جۆرە موزیکێکە؟"

"نازانم، هەرچی بەڕێزت حەزت لێیە."

"ئێستا کە جیاوازی بۆت نییە، من مۆزارت هەلّدەبژێرم."

دایکــی تــەواوی بەرهەمــەکانی مــۆزارتی دەژەنــی و هــەر ئــەوەش بــووە هــۆی خۆشــحالّی تــام، لەبەرئــەوەی توانــای هــەبوو زۆربــەی ئــەو بەرنامانــە لێــك جیابکاتــەوە، بــەلاّم واش هــەر هیچــی نــەگوت و رێگــەی دا تــاکو شــەپۆلّە دەنگەکانی مۆسیقا لە دەروونیدا بسوڕێنەوە.

هەولّی دەدا بیر لە هیچ نەکاتەوە.

دواجــار ئــەوان لــە ناوەڕاســتی رۆژدا ســوڕانەوە بــۆ نــاو ئــەو شــەقامە. تــرس و دلّە راوکیّ گەرایەوە بۆ دەروونی تام.

خانووی ژماره ۱۷ ! ئەو دەیتوانی ئەو دەرگایە، بەو گوڵە پێچ پێچانەی ئەملاولایەوە لەبیر بکات؟ ئایا ئەو بەبێ ڕۆیشتنەی نێوان ئۆتۆمبێلەکە ئەو ماڵە لەبیردەکرا، کە ترپەکانی دڵی زیاد دەکرد؟

مەکێنزی گوتی:" دە خولەك لە کاتژمێر دوازدە لای ڕاوە. ئێمە لە کاتی خۆیدا گەیشتین."

تام گوتی:" من ئیشتیای خواردنم نییە، لەوێ هیچ ناخۆم."

"پێویست بەوە ناکات، بەڵام مارگرێت کابانێکی چاکەو کەواتە من تام لە خواردنەکانی دەکەم."

مارگرێت دەرگای کردەوە. لە پشت ئەوەوە لە هەیوانێ ئەندامانی خێزانەکەی ڕاوەستا بوون، ئارتۆر، هولی، دایە گەورە و بابە گەورە و ئەو سەگە سپیە، تەنیا ئامۆزا ملویت ئامادە نەببوو. تام بەیەك نیگای خێرا هەموو شتێکی دیت و یەکسەر دۆخەکەی هەڵسەنگاند. دەنگەکان. ڕوخسار و ئاماژەکان لەگەڵ جاری پێشوودا جیاوازییان هەبوو و دڵەڕاوکێیەك لە ئارادا نەبوو. بەخێرهێنان دەتگوت ئاسایی و دوور لە هەستیاری بوو، وەکو ئەوە وابوو، کە ئەو میوانێکە کە مەکێنزی لەگەڵ خۆیدا بردبوویە ئەوێ. تام دەیزانی کە ئەو گۆڕانگارییە دەبێ دەرەنجامی ڕێبازێکی وردبینانە بێت، دەرەنجامی دانیشتنێکی ڕاوێژکارانە لە نێوان مەکێنزی و خێزانەکەدا. تام بە پەرێشانییەوە بیری کردەوە: بەڕاستی زیرەکانەیە، پلانێکی ژیرانە! سەر لە نوێ سفرەیەك لە ژووری نان خواردن دا ڕاخرابوو، ئایا ئەو خەڵکە جگە لە خواردن کارێکی دیکەیان نەبوو؟ تام بە درۆ گوتی:" سوپاس ! لە ڕێگا شتێکم خواردووە..، بەڵام مەکێنزی گوتی:" بەڵام بەهەرحاڵ تۆ دەبێ بێی و لێرە دانیشی ئەگەر حەزت لێبوو فنجانێك قاوە بخۆیەوە یان هەر هیچ نەخۆی.

ئەو پیاوە شێوازێکی لەسەر خۆیانەی هەبوو، کە بەوە بەرامبەرەکە تێدەگەیاند چی کێ دەوێت. سەرپێچی لە پێشنیاری وی دەبوو هۆی ئەوەی خۆی بەبێ ئەدەب نیشان بدات. تام ئەمەی باش دەزانی. ئەو لە تەنیشت مەکێنزی و لە کاتێکدا کە کورسییەکەی تەنیشتی بەتاڵ بوو دانیشت. لە

بەتاڵ بوونی کورسی هەشتەم لە پەنا هەستی بە رەزامەندی دەکرد. قسەکانی سەرمێز سەبارەت بە رکابەرێتی هەڵبژاردنەکان و خەڵکانی پێوەندیدار و بودجە بەندییەکان بە هیچ جۆرێك لەگەڵ حەزی تام دا نەدەگونجا. کەسیش هەوڵی نەدەدا بیگلێنتە نێو قسەکانەوە. لە راستیدا نەدەهاتە بەرچاو کە جێی سەرنجی هیچ کەسێکیش بێت، لەبەر ئەوەی ئەوان سەیری تامیان نەدەکرد، بۆ تام لۆرا چاوێکیان پێدا بخشێنێ و بڕیارە شەمییەکانی بەرامبەر ئەوان سەر لە نوێ هەڵسەنگێنێ. هولی تەنانەت لەوەش جوانتر بوو، کە لەبیری بوو. تام دەیتوانی ببینێت کە ئەو کچە کەمێك بالای بەرز و گوشتنترە لە رۆبی، بەڵام زۆر لەش و لای جوان دەهاتە بەرچاو، قژێکی درێژ و رەشی بریقاوەی هەبوو. هەروا کە سەری دەجوولایەوە یاخود رووناکایی ژوورەکە دەگۆڕا تاڵە مووی سوور یاخود تەنانەت شینیش لە نێو قژەکانیدا بەرچاو دەکەوت.

خاتوونی بەسالاچوو. فرێدا ئەوەندەش پیرنەدەهاتە بەرچاو جگە لەو کاتانەی کە دەمی دەکردەوە تا لە قوولاییەوە ئینگلیزی بە شێوەزاری ئەڵمانی بێنێتە سەر زمان. ئەو کەسانە بە هیچ جۆرێك گرنگ نەبوون و چاوی تام لە سەریان هەڵگیرا و بۆیەش سەرەوە مێزەکە چوو ئەو شوێنەی کە ئارتۆر دانیشتبوو و خوار مێزەکەش ەو جێیەی کە مارگرێت لێی دانیشتبوو. مارگرێت هەستی بە نیگای وی کرد و بەبێ دەربڕینی تاکە وشەیەکیش لە جێی خۆی هەستاو فنجانێك قاوە و پارچەیەکی گەورەی کێکی نارگیلی لەبەردەم دانا. کاتێکی زۆر بەسەر خواردنی نانی بەیانیدا تێپەڕیبوو و تام خەریك بوو لە برسان بمرێ. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر مارگرێت پرسیاری بکردایە داخۆ حەزی لە خواردنە؟ ئەو وەڵامی رەتی دەدایەوە، بەڵام لەبەرئەوەی پرسیاری نەکردبوو، تام بە بێ شەرم کردن هەموو کێکەکەی خوارد.

پاشان سەبارەت بە رەواڵەتی ئەو ژنە بیری کردەوە. ئەو شتێك بوو هاوشێوەی دایکی، ژنێك لەگەڵ مێرد و کوڕەکانیدا بەبێ لەبەرچاو گرتنی تەمەنیان وەکو منداڵی بچووك مامەڵەی دەکرد و هاوکاتیش داکۆکی لە

ناسـنامەی تەمـەن گـەورەییان دەکـرد. تـام لـە مێـژ بـوو هەسـتی بەمـە کردبـوو. ناسـکی و نـەرمی ئـافرەتێکی بەسـۆز و لەبـەردڵان. ئافرەتێـك کـە شـەیدای خێزانەکـەی خۆیـەتی. لـەوەش ترسـا. ئـارتۆر خـەریکی قسـەکردن بـوو. ئـەو چـاویلکەکانی لادابـوون و جـارێکیتر چـاوەکانی ببوونـە خـاڵی چـەقی روخسـاری. ئـەو چـاوانە. هـەر وا کـە لـە وەڵامـی مەکێنزیـدا باسـی بابـەتێکی دەکـرد، حاڵـەتێکی جـدی و بڕیاردەرانـەی هـەبوو. جووتـە چـاوێکی رەق وجـدی لـە روخسـارێکدا کـە بـە شـێوەیەکی کـاتی حاڵـەتێکی رەقیـان بـە خـۆوە گرتبـوو. ئـەو پیـاوە دەیتـوانی دوژمنێکـی بـەهێز بێـت. هـیچ لاوازییـەك لـەودا بـەدی نـەدەکرد. بۆچـی تـام پێشـتر بـیری لـەوە نـەکردبۆوە؟ لەبـەر ئـەوەی بـە پێچـەوانەی بـاوکی، پیـاوێکی وردیلـە بـوو؟ بـەڵام نـاپلیۆنیش کابرایـەکی جەسـتە بچـووك بـوو لـە ناکـاو بـەدێنی ئـارتۆر وەکـو مرۆڤێـك دووبـارە تووشـی تـرس بـوو. وەکـو جـاری پێشـوو، خـۆی وا دەهاتـە بەرچـاو کـە بەتەڵـەوە بـووەو وەکـو ئـەوە وابـوو کـە خسـتبێتانە نێـو ئـامێرێکی دەرزی لێدانـەوە (کـەپس) و لـە هـەموو لایەکـەوە دەیگوشـت. خۆزگـە بیتوانیایـە لـە جێـی خـۆی هەسـتێ و لـەو ماڵـە راکـات. ئەگـەر سـەد کیلۆمـەتر لـە مـاڵێ دوور نەبوایـە و پـارەی زیـاتری لـە گیرفاندا بوایە، بە دڵنیاییەوە ئەو کارەی دەکرد.

مارگرێـت پرسـی:" حـەزتان لێیـە کـەمێکیش بچـینە دەرێ دانیشـین؟ شەماڵێکی فێنکی دێت، پاییز نزیك بۆتەوە."

پـاییز، گەڕانـەوە بـۆ کۆلێـژ، گەڕانـەوە بـۆ لای رۆبـی. ئـەوان چـوونە ئـەو هەیوانـەی کـە جـاری پیشـوو لەگـەڵ هـولی دا بـە روو گرژییـەوەو دوور لەیـەکتر لەوێ دانیشتبوون.

کـەپرێکی گـەورە بەپـەتی سـەوز و سـپییەوە لـە گـەرمای خۆرەتـاوی کـەم دەکـردەوەو سـەگەکە لـە دەرێ لەبـەر هـەتاو نوسـتبوو، هاتـە پێشـێ تـاکو لـە ژێـر کەپرەکە پاڵ کەوێ.

ئـارتۆر گـوتی:" ئسـتار، بەڕاسـت دەزانـی کـە هـولی لـە ئەنجوومـەنی پاراسـتنی گیانـداران وەری گرتـووە؟ ئـەو لـە سـاڵی یەکـەمی خوێنـدنی قۆنـاغی دواناوەندییەوە لەوێ وەکو قوتابی خۆبەخش کاری کردووە.."

ئـەم بابەتـە بـەڕوونی بـە مـەکێنزی گوترابـوو، لـە ڕاسـتیدا ڕووی لـە تـام بـوو. تـام ئەمـەی بەباشـی دەزانـی. لەبەرئـەوەی بـە دڵنیاییـەوە کۆمەڵـە شـتێك سەبارەت بە ئستار بەرگوێی مەکێنزی کەوتبوو.

ئـارتۆر درێـژەی پێـدا:" خاوەنەکـەی مردبـوو و هـیچ کـام لـە کەسـوکاری کۆچـکردووە، کـە سـەگەکەیان نەدەویسـت، هـەر لەبەرئـەوەش سـەگەکەیان دایـە ئەنجوومەنی پاراستنی گیانداران.. "

سـەگەکە کـە گـوێی لـە نـاوی خـۆی ببـوو، لـە جـێ خـۆی هەسـتاو دەسـت و قاچـی لێـك بڵاوکـرد. پاشـان هاتـە پێشـەوەو لـوتی لـە ئـەژنۆی تـام خشـاند و خـۆی خۆشەویسـت کـرد. پێویسـت بـوو. ئـەویش کاردانەوەیـەك بنـوێنێ. بـەبێ دەربڕینی تاکە وشەیەك سەرە نەرمەکەی سەگەکەی لاواندەوە.

ئارتۆر گوتی:" پێم وایە گوتت ئێوەش سەگێکیان هەیە؟"

"گوتم براکەم هەیەتی." لە دڵی خۆیدا گوتی: براکەم تێگەیشتی؟

"ڕەنگـە لەبـەر ئـەوەش بێـت، کـە سـەگەکەی ئێمـە هەسـتی بەرامبـەر جەنابت بزواوە."

تـام هـەر وا سـەری ئسـتاری دەلاوانـدەوە. نیـازی نـەبوو خۆبگلێنێتـە نێـو قسـەکانی ئەوانـەوە. ئـەو هـاتبووە ئێـرە، بـۆ دووەم جـاریش بـوو کـە دێـت. ئایـا هـەر ئەوەنـدەیان بـەس نـەبوو؟ نـا، ئـەوان خوێنیـان دەویسـت، خـوێنی وی، نیگـای لەسـەر ئیسـتار هەڵنـەدەگرت. کـەس قسـەی نـەدەکرد کۆترەکـان لـە هێلانەکەیاندا دەیانگماند و بێدەنگییەکەیان دەشکاند.

تـام بـیری لـە گوتەیـەکی کـۆن کـردەوە: بێـدەنگی زەنـگ لێـدەدات. لێـرەش بەڕاسـتی بێـدەنگی زەنگـی لێـدەدا. تـام دەیزانـی ئـەوان چـاوەڕوانن ئـەو سـەری قسـە بکاتـەوە دەبوایـە مـەکێنزی بەهانایـەوە بچـوایە تـا شـتێك بڵـێ تـام لـە مەکێنزی تووڕە بوو.

ئـارتۆر گـوتی:" نـا، تـۆ تـاکو ئێسـتا یـەك وشەشـت لـە دەم نەهاتۆتـەدەر، ناتوانی درێژە بەم دۆخە بدەی.

ئەمـە نائاسـاییە بـە دڵنیاییـەوە تـۆ قسـەیەکت هەیـە کـە بـە ئێمـەی بڵێـی، قسەکەت بکە، هەرچییەك بێت بۆ ئێمە جیاوازی نییە."

ئایــا ئــەوان بــە گــوێرەی پێویســت قەســەیان لێنەبیســتبوو؟ ئــەوان دەیــانزانی کە ئەو لایەنگری چ کەسێکە، بەڵام دیسانەوە پرسیاری زیاتریان لێدەکرد.

مارگرێــت بــە نــاڕەزایی دەربڕینــەوە گــوتی:" ئــارتۆر ئــەوە دژوارە، هیچــی بەسەردا مەسەپێنە. تام هەر کاتێك ئامادەیی تێدابێن، قسە دەکات..

بــەڵام ئــارتۆر پێــداگری کــرد:" نــا، دە رێگــە بــدەن بــا ئێمــەش ئاســوودەبین. ئێمــە ســەبارەت بــە کەمپــەنیی هەڵبــژاردنی راڵــف قســەمان کــرد و تــام، تــۆ گوتت کە لایەنگری جۆنسۆنی، ئایا دەتوانی لەوە زیاترمان پێ بڵێی؟"

وا پێدەچــوو کــە ئــەو پیــاوە هــەر بەڕاســتی بــەدوای کێشــەدا دەگــەڕێ. زۆر باشە، لێگەڕێ با توشی کێشە ببێت.

هەســتی دوو دڵــی و تــووڕەیی و تــرس و بــەزەیی بــەخۆدا هاتنــەوە، کــە تــا ئێســتا لــە دەروونــی تــام دا کەڵەکــە ببــوو، لــە ناکــاو رژایــە دەرێ و هــەروەکو ناربخۆکێك تەقییەوە.

"زۆر باشــە، پێتــان دەڵــێم کــە چــۆن بیردەکەمــەوە، ئێــوە کــەیفتان پــێ نایــە، بــەڵام لەبەرئــەوەی بــۆ خۆتــان داواتــان کــرد دەیڵــێم. مــن پــێم وایــە کــە لــە دوای بــاوکم جــیم جۆنســۆن راســتگۆترین پیــاوی ســەر زەوییــە. مــن لــە نزیکــەوە چــاوم پێــی کــەوتووە. تەنانــەت زۆربــەی هــەمان ئــەو کەســانەی کــە دان بــەم بابەتــەدا نــــانێین، وابیردەکەنــــەوە، بـــــەڵام دەرینـــــابڕن، لەبەرئــــەوەی لــــە بازنــــە کۆمەڵایەتییەکانــدا گوتــەکانی وی پەســەند نــاکرێن، بـــەڵام لـــە دەروونـــەوە دەزانن کە ئەو لەسەر هەقە.

هولی گوتی:" لەسەر هەقە کە مرۆڤێکی نازی بێت؟"

"ئەوە راست نییە."

"ئەو خۆشی دانی بەوەدا ناوە کە سەردەمێك نازی بووە."

"بــەڵێ وابــووە، لــە تەمــەنی تــازە لاویــدا، کەســێك لــە خشــتەی بــرد تــا لەگــەڵ نازییــەکانی ئــەمریکا[12] بکــەوێ، بــەڵام ماوەیــەکی زۆریــان لەگــەڵ نــەبوو.

١٢- گروپی کراس زیوییەکان. نازییەکانی ئەمریکایی بوون، کە لە ساڵانی ١٩٣٣ دا تاکو ١٩٣٩ چالاکی بەرفراوانیان هەبوو- چاڕێز سیندر بێرگ فڕۆکەوانی بەناوبانگی ئەمریکایی پشتیوانی لە نازییەکان و دەستەو

هەرکەچییەتی ئەوانی ناسی ئیدی لە بازنەی ئەوان هاتە دەرێ. ئەو بە کەڵك نازیەتی نایە، ئەو لە رادەبەدەر هێورە."

ئارتۆر بە ئارامی گوتی:" ئەو خەسڵەتانە رێژەین، بۆ نموونە ئەو لەسەر خۆییەی کە تۆ باس دەکەی. گورکێکیش پێستی مەرێکدا لەسەر خۆو دڵگیرە."

ئالبێرتی پیر لەسەرقسەی ئارتۆر رۆیی و گوتی:" ئەو پیاوە تەنیا بۆ رەش پێست و جوولەکەکان مەترسیدار نییە. لە کۆتاییدا ئەو و پەیڕەوەکانی ژیانی هەموو کەس دەخەنە مەترسییەوە. دەبێ خەڵك لەم خاڵە تێبگەن."

تام کە ئێستا بڕوا بە خۆبوونی بە دەست هێنابۆوە، گوتی:

"زۆر باشە میستەر رێگە بدەن کەمێك مەسەلەکە روونتر دەربڕین."

تام هەوڵی دەدا ئارام و لەسەرخۆ بێت، ئامۆژگاری باوکی هاتەوە یاد، کە لە کاتی دەمەتەقێدا، ئارامی و لەسەرخۆیی لە دەست نەدات، لەبەرئەوەی ئەمە هۆی لاوازی بوو. " ئێوە دەبێ لە شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکانی دیکەش بەئاگابن. جیم رووی قسەی لە چینی مام ناوەندی ئەمریکایە، ئەمریکایە راستەقینەکان، کەسانی وەکو باب و باپیرانی من. بنەماڵەی رایس بەر لە ساڵی ١٧٠٠ ی زایینیدا، لە زنجیرە چیاکانی لوتکە شین تێپەڕین و هاتنە ئەم وڵاتە. ئەوان لە شەڕەکانی فەڕەنساداو[١٣] پیاوە

---

دایەرەی کراس زیوییەکان دەکرد. لە ساڵی ١٩٣٩ دا، لە پاش دەستپێکردنی شەڕ بە فەرمانی پڕێز دیونێت رۆزوفێلت، چالاکی کراس زیوییەکان کەوتە ژێر چاودێری ئیف. بی. ئای. یەوەو ماوەیەك پاش ئەوە ئەو رێکخراوە بە هەڵوەشاوە راگەیەندرا و ئەندامەکانی کەوتنە بەر لێپێچینەوە. هیتلەر پرۆپاگەندەی زۆری لەسەر ئەفریقاییەکان دەکرد و پسپۆرێکی پرۆپاگەندەیی ئەمریکایی دامەزراندبوو. هێڵی تەلەگرافی ترانس ۆرڵد پرۆپاگەندەی هیتلەری لە سەدان ئیزگەی رادیۆی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٣٧ دا لەسەرانسەری ئەو وڵاتە پەخش دەکرد.

١٣- مەبەست لە شەڕەکانی فەڕەنسا، ئەو شەڕانە بوو کە فەڕانسەبەکان لەگەڵ سوورپێستەکان و لە ئینگلیزەکاندا دەیانکرد. روونکردنەوەی ئەوەی کە ویلایەتی کێك لە کەنەداو ویلایەتێکی فەڕەنسی نشین بوو

بەسالاچـــووەکە ئێســـتا بـــە چـــاوی ســـوور و تـــوورەوە رووبـــەڕووی تـــام راوەســـتابوو. مارگرێت بە پاڕانەوە گوتی:

"پاپـــا، تکـــات لێدەکـــەم.. بـــەلاّم پیـــاوە بـــە سالاّچـــووەکە هـــەر لـــەوێ راوەستابوو و لەسەر قاچەکانی کەمێك دەلەرزی:

"لـــە بیرمـــە تـــۆ گوتـــت ئـــەو شـــتانە هـــەمووی پڕۆپاگەنـــدە بـــووە، ئـــەوەی کـــە هـــیچ کورەیـــەك نـــەبووە، بـــەلاّم ســـەیری ئێـــرە بکـــە، ئـــەو قـــۆڵی کراســـەکەی خـــۆی هەڵکر و قۆڵی لەبەردەم تام راگرت:" سەیرکە! چی دەبینی؟"

مارگرێت دیسانەوە هاواریکرد:" پاپا تکات لێدەکەم."

" نـــا، مارگرێـــت دەبـــێ ئـــەو شـــتانەی پـــێ بگوترێـــت، مـــن دەیڵـــێم، ئـــەوە ئـــەو ژمارەیەیـــە کـــە ئـــەوان لەســـەر جەســـتەی مـــن کوتاویانـــە. منـــیش لـــە گرتووخانـــەی ئاشـــوتیس بـــووم، بـــەلاّم مـــن خـــۆش شانســـتر بـــووم، ئەگـــەر بکـــرێ وا بگـــوترێ، لەبەرئەوەی شەڕ کۆتایی پێهات و من زیندو مامەوە.

رووی خـــۆتم لێـــوەر مەســـوڕێنە، پێویســـتە ئـــەم شـــتانە ببینـــی. ئێمـــە هێشـــتاش زینـــدووین. تـــاکو بســـەڵمێنین کـــە جـــیم جۆنســـۆنی ئێـــوە و کەســـانی هاوشێوەی وی چەندە درۆزنن. ئەو سەبارەت بە پرۆپاگەندە چی گوتووە؟

ئـــەوەی کـــە ئـــەو کورانـــە بـــە مەبەســـتی ســـوورکردنەوەی خشـــتە بـــەکاربراوەو کورەی مرۆڤ سووتاندن هیچکات بوونیان نەبووە؟

زۆر باشـــە، مـــن ببـــە لای وی، مـــن ئـــەم ژمارەیـــە نیشـــانی ئـــەو دەدەم. چـــۆن دەوێرێ درۆی وابکات؟ چۆن دەتوانێ؟.

---

و لە ژمارەیەك لە ویلایەتەکانی ئەمریکاش دا فەرەنسییەکان رۆڵی کەمە نەتەوەییان دەگێڕاو ئینگلیزەکان بەرە بەرە فەڕەنسییەکان لە شەڕەکانی سەربەخۆیی ئەمریکادا ئازایانە بەشداربوون و ژەنەڕاڵ و ژەنەڕاڵی بەناوبانگی فەڕەنسایی (لافائێت)، فەرماندەی خۆ بەخشە فەڕەنسییەکان بوو لە ئەمریکا کەلە دژی ئینگلیزەکانی دەجەنگان.

ویلایەتی کێك لە کەنەدا تا ئێستاش شکڵی فەڕەنسی بوونی خۆی پاراستووەو فەرەنسیەکان لە نەژادی ئینگلیزی لە کەندا، هەست بەو دوری دەکەن.

مارگرێت گوتی:" پاپا، تام سەبارەت بە شۆڕشی ئەمریکا قسەی دەکرد و ئەمە.."

"نا، مارگرێت تۆ دەتەوێ من کۆتایی بەم داستانە ناخۆشە بهێنم، بەڵام ناکرێ، باسکردنی پێویستە."

سمێڵە خۆڵەمێشییەکەی پیرەمێردەکە دەلەرزی، دەنگی تووشی لەرزین ببوو. تام لەو رووبەڕووە هەستیارانەدا، لە ئارامی خۆی هەستی بە باڵادەستی دەکرد.

"بەڵێ تام، دەمەوێ بزانی کێی. ئێمە بەر لە شەڕ ئەڵمانیامان بەجێهێشت. من و هاوسەرەکەم، من و هاوسەرێکی دیکەم هەبوو.

بنەماڵەی ئەوان بەر لە هەزار ساڵ لە ئەڵمانیا بوون.

تێدەگەی، هەزار ساڵ! من منداڵێکم لەو هەبووە بەر لە فریدا! ماوەیەکی زۆر درێژ

دوای ئەوە زەماوەندم لەگەڵ فریدا دا کرد، سەردەمێك کە هاتمە ئەم وڵاتە، لەبەرئەوەیە کە زۆر لەوی بە تەمەنترم.. پیاوە پیرەکە هەڵوەستەیەکی کرد، نێو چاوانە ئارە قاوییەکەی سڕیەوەو گوتی!

"ئاخ! ئەم قسە کردنانە چ سوودێکی هەیە. وا دیارە زێدەڕۆیشم کردووە."

مەکێنزی بە شێوەیەکی جدی گوتی:" نا، بەڕێزت دەبێ درێژەی پێ بدەی. ئەم قسانە پێویستە، ئێوە هەقتان بووە. درێژەی پێ بدە ئالبێرت.."

"زۆر باشە، لە کوێ بووم؟ ئۆهـو، بەڵێ هاوسەرەکەم و کچێکی بچکۆڵە لە باشووری فەڕەنسا. پاشان هێزەکانی نازی لەشکرکێشیان کرد بۆ ئەوێ. دەوڵەتی ویشی هاتە سەرکار و ئێمە یەکسەر بۆمان دەرکەوت، کە دەبێ لەوێش راکەین. بیرمان کردەوە باشتر وایە لە رێگای زنجیرە چیای پیرینەوە بچینە ئیسپانیا پاشان بۆ شیۆنە، بەڵکو بتوانین بە دڵێکی ئاسوودەوە بۆ شوێنێك جگە لە ئەورووپا داوای ڤیزا بکەین. ئەوەندە بەس بوو کە کەسێك وەکو چاوساغ بە کرێ بگری، پاشان بە پێیان بەرەو چیاکان بەڕێکەوی. سەفەرێکی سەخت و مەترسیدار و درێژخایەن لە پێش بوو. ئەگەری ئەوە

هــەبوو کــە چاوســاغ کێڵــت لێبکــاو پارەکــەت لێدەرکێشــێ. هــەروەها مەترســیدار و درێژخایــەت لــە پــێش بــوو. ئەگــەری ئــەوە هــەبوو کــە چاوســاغ کێڵــت لێبکــاو پارەکــەت لێدەرکێشــێ. هــەروەها مەترســی ئــەوە هــەبوو تووشــی کەشــتییە ئەڵمانییــەکان ببــی کــە لــە نێــوان ڕێگــادا لــە کەمینــدا بــوون. بەهــەرحاڵ ئێمــە لــە گروپێکی هەشت کەسیدا سەفەرەکەمان دەست پێکرد.

ئــەوان ئــەو کەســانە بــوون، کــە لــە میانــەی ســەفەردا چــاومان پێیــان کــەوتبوو و ئەگــەر بــەهۆی منــداڵ لەبەرچــوونی هاوســەرەکەم نەبوایــە، ڕەنگــە هــەمووومان بەسەلامەتی لە ناوچە شاخاوییەکە ڕزگارمان ببوایە....

ئــالبێرت لــە ناکــاو گــوتی:" دەبــێ دانیشــم." هــەر ئــەوە بــووە هــۆی دڵخۆشــی تام کە کابرا لە پێش چاوانی لاچوو.

ئــەو تــا ئــەو کاتــە پــێش دیمــەنی بەرامبــەری گرتبــوو. لەبەرئــەوەی کــە ســەگەکەش لاچــوو بــوو، دەبوایــە نیگــای ببڕایــە ســینگی پیــاوە بەساڵاچــووەکە. ئێســتا ئــەو دەرفــەتی بــۆ ڕەخســابوو تــاکو ڕووبــەڕووی دەڤــەری چــەمەنەکە ببێتەوە.

وشەکان هەروەکو زیلە لەبەردەمی ئالبێرت دەرچوون:

"چــیرۆکەکە کــورت دەکەمــەوە. هــەر کــە هاوســەرەکەم کەوتــەوە ســەرپێیان، هەرچــەندە کــە ئەوەنــدە نــەهاتبۆوە ســەرخۆ کــە بــە داوێنــی چــیادا ســەرکەوێ، گەڕاینــەوە شــوێنێك لــە تولــوس. ماوەیــەك لــەوێ خۆمــان حەشــاردا. چ ســوودێکی هەیــە، کــە بمــەوێ ئــەو ڕۆژە ســەخت و دژوارانــەتان بــۆ بگێڕمــەوە، کــە لــەوێ بەســەرمان بــرد؟ لــە ژوورێکــدا لــە تەنیشــت یــەکتری تێــك ســڕمابووین و نەمانــدەوێرا بچــینە ســەر شــەقام، مەگــەر ئــەوە نــەبێ کــە لــە دەرفەتێکــدا خواردنێــك وەچــەنگ بخــەین. ئــەوان ئێمــەیان گــرت و بەنــدیان کــردین. ژن و منــداڵ لــە ئۆردوگایــەك، پیاوەکــانیش لــە ئۆردوگایــەکی دیکــە، لــە دوای ئــەوە نــۆرە گەیشــتە ســەر ســەفەری درێژخایــەن بەشــەمەندەفەر. بــۆ کــوێ؟ ئاشــویتس. مــن ئــیتر قــەت هاوســەر و منداڵەکــەمم نەدیتــەوە. ئــەوان مــردن. هاوســەر و کچــە بچــکۆلەکەم لوتــە. مــن بــە زینــدوویی مامــەوە. ئــەم بەســەرهاتی مــن بوو."

فریــدا گــوتی:" تــۆ بــەو قســانەت خــۆت ئــازار دەدەی. بــاش نییــە کــە هــەموو بیرەوەرییە تاڵەکانی رابردوو زیندوو بکەیەوە. بایەخی ئەوەی نییە."

"بــەڵام بــۆ تــام بایــەخی هەیــە. ئێســتا دەمــەوێ گــوێی لەبەســەرهاتی تــۆ بێت."

فریــدا دوو دڵ بــوو لــە قســەکردن و وا هاتــە زەینــی تامــەوە کــە ئــەو پەرۆشــی ناموس و ئابڕوی خۆیەتی.

چ کەســێك حــەزی دەکــرد لــەوێ دانیشــێ و گرێــی دڵــی خــۆی بــۆ کەســێکی نــامۆ بکاتــەوە؟ مــن بــۆ ئــەوان نــامۆم. تــام وای بــە خــۆی دەگــوت. نــامۆ بــەوان و خــەماکانیان. هەڵبــەت بەســەر هــاتی هاوســەر و کچــە بچــکۆلەکەی لــە رادەبــەدەر خەماوییــەو بــە دڵنیاییشــەوە راســتەقینەیە. ئــەو نەیــدەتوانی لــە خۆیــەوە ئــەو چــیرۆکە هەڵبەســتێ. ئــەو درۆی نــەدەکرد، چــاوی بــە فرمێســك تــەڕ بــوو، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا بــە دڵنیاییــەوە کۆمەڵــە شــتێکی تــریش لــە ئــارادا بــووە. هۆیــەك بــۆ تــەواوی ئــەو رووداوانــە هەیــە، کــە روویــان داوە. کاتێــك کــە تــۆ کتێبی هیتلەرت دەخوێندەوە، لەو دیوی مەسەلەکە تێدەگەیشتی.

بــەدەربڕینێکی ئاشــکراو روون. جــا ئــەو مەســەلەیە چ پێوەندییــەکی بەمنەوە هەیە؟

فریــدا بــە پەلــە چــیرۆکی ژیــانی خــۆی گێڕایــەوە:" دوای ئــەوەی کــە دایــك و بــاوکم لــە ئــەڵمانیا رایــان کــرد، لێــرە لــە دایــك بــووم. بــاوکم پزیشــکێکی گــەنج بــوو لــە ئــەڵمانیا. ئــەو تــازە لەگــەڵ دایکمــدا زەماوەنــدی کردبــوو، کــە کێشــەکان دەســتیان پێکــرد. ئــەو دووانــە هــەڵهاتن بــۆ ئیتاڵیــا. ئــەو لــەوێ فێــری زمــانی ئیتــالی بــوو و رێگــەی پێــدرا دەســت بکــات بــە کــاری پزیشــکی. پاشــان مۆســۆلۆنی دەســەڵاتی گرتــە دەســت. ئــەوان هەمدیســان لــە ئیتاڵیــا رایــان کــردوو ئــەمجارەیان هاتنــە نیۆیــۆرك. شــوێنێك کــە بــاوکم ناچــار بــوو زمــانێکی دیکــەی بیــانی فێــر ببێــت و لــە ســەرەتاوە دەســت پــێ بکاتــەوە، بــەڵام ژیــان بــۆ مــن ئاســان بــوو. مــن وەکــو منــداڵێکی ئــەمریکایی گــەورە بــووم. زەماوەنــدم لەگــەڵ ئــاڵبێرت دا کــرد، مارگرێــت لــە دایــك بــوو و کاتێــك کــە مارگرێــت شــووی بــە

ئــارتۆر کــرد، ئێمــە هاتینــە ئێــرە تــاکو لــەوان نزیــك بــین. هــەر ئەمــەو بــەس، بەسەر هاتێکی کورت و سادە."

مەکێنزی لە کاتێکدا کە نیگایەکی بە مانای گرتبووە تام، گوتی:

"بەڵام کەمێك زیاتر لە سادە..

دووبــارە تــام هەســتی کــرد، کــە نمایشــی ئــەمڕۆ پێشــتر چــەندین جــار مەشــقی لەســەر کــراوە. ئــەوان هــەوڵیان دەدا دزە بکەنــە نێــو رۆحــی ئــەوەوە. بیکەنــە هــی خۆیــان، بــەڵام ئــەو لــەوان نەبوو.ئــەم بیرکردنەوەیــە ئــازاری دەدا. ئــەو خەڵکــە هــەموو ببوونــە قوربــانی، هەمیشــە ســوکایەتیان پــێ کرابــوو، هەمیشــە دۆڕابــوون، تــامیش هێنایــە پــێش چــاوی خــۆی ئــەوان لــە داهــاتوودا بــەردەوام بــە نامــەو تەلــەفۆن یــاخود دیــداری رووبــەڕوو دەســتیان پــێ رادەکــا. داوای لێدەکــەن کــە دووبــارە بێتــەوە ئێــرە. دایکــی لەبــەری دەپاڕێتــەوە کــە بچــێت، بــەڵام بــاوکی بــە پشــتیوانی کــردن لــە تــام نــاڕەزایی دەردەبڕێــت. ماڵێــك کــە هەمیشــە ئــارام بــووە، بــە شــەڕ ئــاڵۆز دەبێــت. لــەوەش خــراپتر ئەوەیــە کــە ئــەم رووداوە و بەسەرهاتە لە دەرەوە بڵاودەبێتەوە.

دنیــا ئەوەنــدە گــەورە نــەبوو، کــە بتوانرێــت شــتێکی وا بــۆ هەمیشــە بشــاردرێتەوە. گــۆڕانی ســەیری دوو منــداڵ لــە نەخۆشــخانە، ناونیشــانی لاپــەڕەی یەکــەمی ئــەو رۆژنامانــەی کــە لــە فرۆشــگای کەلوپــەل لەبــەردەم سندوقی دەفرۆشــرا. خوایــە گیــان! تــام هەســتی بــە خنکــان دەکــرد، هەناســەی بــۆ هەڵنەدەکێشرا. ئارتۆر پرسی:

"زۆر باشــە، رات چــییە بەرامبــەر ئــەو بەســەرهاتانەی کــە گوێبیســتیان بووی؟"

"رایەکی ئەوتۆم نییە."

"رایەکی ئەوتۆت نییە، حەزدەکەم بچووکترین رای تۆم گوێ لێبێت."

تــام بــۆلای ئــارتۆر ســوڕا، نیگــای هــەروا بڕیبــووە زەوییــە چــەمەنەکەو لــە ســەیرکردنی درەختــەکان کــە شــەماڵێکی ئــارام گــەلاکانی دەبزوانــد، هەســتی بــە ئاسوودەیی دەکرد.

سوپاس بۆ خوا کە بای دەهات. ئەو ناخنکێت. ئارتۆر دووبارەی کردەوە:" رای خۆتمان پێ دەڵێی؟"

تام بە دژواری دەستی بە قسەکرد:" بەپەرۆشم لەوەی کە ئەو کچە بچووکە مردووە. بەسەرهاتی ژیانیان زۆر خەماوی بوو."

"ئەوان کەسوکاری تۆ بوون. ئەو هەستە دەرك دەکەی؟"

"نا، من جوولەکە نیم، من مەسیحیم."

"تۆ سەربەستی کە مەسیحیی بمێنییەوە، بەڵام ئەوان کەسوکاری تۆن."

"نا."

" زۆر باشە، دەرفەتمان بدەیە ساتێك بیربکەینەوە، کە ئەوان کەسوکاری تۆ نەبوون. ئایا هیچ کەسێك مافی ئەوەی هەیە، کە ئەو شتانە لەو هەواڵنامەیەدا بنووسێت کە تۆ کاری بۆ دەکەی؟ ئایا مافێکی ئاوای هەیە؟"

هولی گوتی:" من نوسخەیەکم دەست کەوتووە. ناوی تۆ لە نێو ناوی دەستەی نووسەراندا هاتووە. ناوی شەرماوی تۆ."

مارگرێت بە شێوەیەکی هۆشداری گوتی:" هولی !"

کەواتە ئەوە ئەو شتە بوو، کە ئەوان دەیانویست پێی بگەن.

"کڵێسەی تۆ ئەو درۆیە تۆقێنەرانەی ئەو هەواڵنامەیە پشتڕاست ناکاتەوە."

ئێستا ئەو پیاوە وەکو سەگێك کەڵبەکانی لە قاچی کەسێکدا رۆ ببات، دزێو بوو و دەستی لە ئازاردانی هەڵنەدەگرت.

تام شێواو گوتی:" گوێ بگرن، من هاتوومە ئێرە لەبەرئەوەی ئێوە داواتان لێکردم. من نەهاتووم بەرگری لە خۆم بکەم و بەهیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد، کە هێرشم بکرێتە سەر."

مارگرێت بە نەرم و نیانییەوە گوتی:" ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ هەروەکو هەین تۆ قبووڵمان بکەی، تام."

مارگرێت کە لەسەر کورسییەکی حەسیری نزیك وی دانیشتبوو، بەبێ ئاگا لە خۆبوون دەسی خستە سەردەستی تام و ئەوەندە بە توندی رایگوشی کە تام

بەسەرسوڕماوی لێـی روانـی. مارگرێـت ئەوەنـدە لێواولێـو بـوو لـە هەسـتیاری کـە تـامی تۆقاند. هەر ئەوەش رقـی هەسـتاند. ئەمـە یەکـەمجار بـوو کـە مارگرێـت دەسـتی لێـدەدا. تام هەستی بە بێزارییـەکی سـەیر کـرد و واقـی وڕمـا. ئـەوەی کـە سـەرەڕای نکـۆڵی بـاد، ئـەو لـە نێـو سـکی ئـەو ئافرەتـەدا کۆرپەلـە بـووەو نـۆ مانگـان لـە منداڵـدانی ئـەودا پـەروەردە کـراوە. هـەرگیز دەربـارەی دایکـی ئـاوا بـیری نـەکردبۆوە. ئەگـەریش بـیری بکردایەوە بە تووڕەییـەوە بەسـەریدا بـازی دەدا. ئێسـتاش ئـەم ژنـە، ئـەم ژنـە سـەیرە تـام بە توندی دەستی کێشایەوە. هـەموو چـاویان لـەو کـارەی ئـەو بـوو. ئـەو کـارەی دووربـوو لە هەڵە.

"من تەنیا دەمـەوێ لـێم گـەڕێن، ئێسـتا و هەمیشـە. ئێـرە وڵاتێکـی ئـازادە وانییـە؟ بۆچی وازم لێناهێنن؟"

مارگرێت هەستا، دەلـەرزی، هـولی قـۆڵی بـە دەورەدا ئاڵقـە کـرد. مـەکێنزی گـوتی:" ئـەمرۆش هەڵـەی مـن بـوو، هیوادارب‌وومجـۆرێکی دیکـە بێـت. خـوا دەزانـێ کـە مـن نامەوێ ژیان بۆ ئێوە لەوەی کە هەیە ناخۆشتر بکەم."

مارگرێت بۆی راست کردەوە:" یاخود بۆ تام."

مەکێنزی گوتی:" زۆر باشە، زۆر باشە، ئەمرۆش رۆژێك بوو."

تـام هەسـتی بـە نەخۆشـی دەکـرد. بـۆ هەناسـە هەڵکێشـان هـەوڵی دەدا. مـەکێنزی تووڕە بوو و زۆری قسە هەبوون بـۆ دایکـی، ئەمـە گومـانی تێـدا نـەبوو. ئـەم پەیوەندییـە دیسـانەوە ئاکـامێکی خۆشـی لێنەکەوتـەوە. تـام بـەو پـەڕی گەمژەییـەوە رێگـەی پـێ دابـوون تـا رقـی هەڵسـێت و ئێسـتا ئـەدەب و خەسـڵەتی مرۆیـی وای حـوکم دەکـرد، کـە سەبارەت بەو دۆخە نالەبارە داوای لێبووردن بکات.

تـام گـوتی:" مەبەسـتی ئـەوەم نـەبوو، کـە بـە نـەفرەتاوی بێمـە بەرچـاو، تکاتـان لێدەکەم لێم ببوورن."

مارگرێت لە کاتێکدا کە هێشتاش هول لە ئامێزدا بوو گوتی:" ئوهو، تام."

ئـارتۆر تـا بـەردەگا بـەڕێی کـردن:" بـۆ هـەموو شـتێك سوپاسـتان دەکـەین." ئـەو رووی قسەی لە مەکێنزی بـوو و دەسـتی گوشـی. ئـارتۆر بـێ ئـەوەی تەوقـە لەگـەڵ تامـدا بکات، گوتی:" دیداری داهاتوو باشتر دەبێت."

هەروا کە ئەوان دوور دەکەوتنەوە، ئارتۆر هێشتاش لە بەردەرگا راوەستابوو و تەماشای دوورکەوتنەوەیانی دەکرد.

لە روخساری ویدا هەمان نیگای دژوار کەسەراوی بەرچاو دەکەوت. دوو سێ کیلۆمەتر دوورکەوتبوونەوە کە مەکێنزی دەستی بە قسەکرد. ئەو بە وشکی گوتی:

"دۆخەکە زۆر باش بەرەو پێش نەچوو، وانییە؟"

"چۆن بیرت کردەوە کە بە باشی دەڕوات بەرێوە؟"

"نازانم، هیواداربووم."

ئەوان مەودایەکی دیکەشیان بڕی کە مەکێنزی دووبارە دەستی کردەوە بە قسە:" تام، تۆ دڵی ئەوانت شکاند، ئەمە دەزانی؟"

تام دەیزانی کە چەندە دڵی بریندار کردوون، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە پاڵی بە دەستی مارگرێتەوە نابوو، بەڵام بەڕاستی ئەو لەم کارانە مەبەستێکی خراپی نەبوو. جگە لەوە نەیدەتوانی کارێکی دیکە بکا. بۆیە نابێ بەهۆی ئەوەوە سەرکۆنەی بکەن.

"ئەوان ناهێڵن من جگە لەمەبم، تۆ بینیت کە ئەو چۆن وەڵامەکانی لە دەمی من دەرکێشاو پاشانیش کەیفی بە وەڵامەکانی من نەهات."

"ئەو وەڵامانە، وەڵامی دڵخۆشکەر نەبوون."

"بە دڵنیاییەوە بۆ بەرێزت دڵخۆشکەر نەبوون."

" من تێناگەم، دایکت دەڵێ کە تۆ خاوەنی دڵێکی بەسۆزی من دیتم کە تۆ لە چیرۆکی ژیانی ئالبێرت نارەحەت بووی.

تێناگەم چۆن دەکەی لەپڕا وەها بێزارکەر قسە بکەی."

"من نارەحەت بووم، لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانویست من لەگەڵ بەرشانسی خۆیاندا پەیوەند بدەن. ئەم جوولەکانە دۆڕاون و من وەکو ئەوان نیم."

"نا، تۆ بە هەڵەدا چووی، ئەوان دۆڕاو نین، ئەوان سەرکەوتوون، خەڵکانێك کە لە وەها کارەساتێك دڵتەزێندا بەسەلامەتی رزگاریان ببێت سەرکەوتوون."

"بەڵام ئەوان سەرەتا دەبنە قوربانی. هەر ئەوە هۆی دۆڕانی ئەوانە. من کۆمەڵ، بەڵگەیەکی باشم بۆ ئەم قسەیە هەیە."

"تۆ زۆر قسەی پڕوپوچ دەکەی، تام قسەی پڕوپوچ و ئەهریمەنی. رۆژێك دادێت کە تێدەگەی.."

مــەکێنزی بــە تــوورەیی قســەی دەکــرد. بەڕاســتی تۆقێنــەر بــوو. ئــەوان دەیــان کیلۆمــەتر ڕێگایــان لــە پــێش بــوو و ئــەو لــە تەنیشــت پیاوێــك دانیشــتبوو کــە کــەیفی پێنەدەهات.

کاتێك کـە مـەکێنزی کاسـتێکی خسـتە نێـو ڕێکوردێرەکـەوە، ڕای تـامی وەرنـەگرت، ئـەمجارەش بتهـۆڤن بـوو. کاتێـك کـە لـە مـاڵ نزیـك بوونـەوە، چـاویان بـەو دراوسـێیە کـەوت، کـە لەوسـەری شـەقامەکە ڕاوەسـتابوو. ئـەو بـە نیگـەرانی دەیڕوانییـە سـەر و خواری شـەقامەکە. هێشـتا مـەکێنزی ئۆتۆمبێلەکـەی ڕانـەگرتبوو، کـە ئـەو ئافرەتـە ڕای کـردە پێشـی. ئـەو بـە حاڵـەتێکی شـێت ئاسـاوە هـاواری کـرد:" تـام، تـام دایکـت لـە کوێیە؟"

"نازانم، مەسەلە چییە؟"

مەسەلەکە تیمییە، ئـەو لەڕادەبـەدەر حـاڵی تێـك چـووە، لـە هـەموو کاتێـك خـراپتر، خراپتر لە سێ ساڵ لەمەوبەر. ڕۆژی پشـووی کرێکـارت لـە یـادە، ئـەو کاتـەی کـە بەپەلـە گەیاندتانە نەخۆشخانە ئەو نەیدەتوانی هەناسە بدات و ئازاری سینگی تۆقێنەر بوو. لەبیرتە؟"

ترپەکانی دڵی تام، خێراتر بوو:" بەڵێ، بەڵێ. تیمی لە کوێیە؟"

"من تەلەفۆنم بۆ باوکـت کـرد و ئـەو گـوتی زۆر دەخایـەنێت تـا بگاتـەوە ئێـرە. بۆیـە داوای لێکــردم لــە جیــاتی وی تیمــی ببەمــە نەخۆشــخانە. باوکـت گـوتی کـە لەبەشـی فریاکــەوتن چـاوی پێـت دەکـەوێ. خـاتوونی دراوسـێ بـەدەم گریانـەوە گـوتی:" دایکـت ئەمڕۆ ماڵێ بەجێهێشت، بـەڵام نـازانم بـۆ کـوێ چـووە، ئـەو قـەت تـەواوی ڕۆژ بـە کـڕین بەسەرنابات. خوایە گیان، خۆزگە دەمزانی لە کوێیە؟"

مەکێنزی گوتی:" سواربە، تام." لەبەرئەوەی تام لە ئۆتۆمبێل دابەزیبوو.

"وەرە من دەتگەیەنمە نەخۆشخانە."

ئەوان چەند شـەقامێکیان تێپەڕانـد تـام ڕووی خـۆی لـە مـەکێنزی وەرسـوڕاندبوو و لـە جامەکــەی تەنیشــتەوە ســەیری دەرەوەی دەکــرد. مــەکێنزی دیتــی کــە ئــەو بــە دژواری هەناسە دەدات، قـوڕ قوڕاگـەی سـەر و خـوار دەکـات و ڕەنگـی ڕوانـی نـەماوە. مـەکێنزی بە هێواشی گوتی:" ڕۆژێکی دژوارت بەسەربردووە، تام، بەڕاستی بۆت بە پەرۆشم.."

"سوپاست دەکەم."

لە ناکاو تام دەستی بە قسەکرد:" سێ ساڵ لەمەوبەر."

ئـەوان پێیـان وابـوو زینـدوو نامێنێتـەوە. ئـەو خـەریك بـوو بخنکێـت. خوایـە گیـان، ئایا تاکو ئێستا کەسـت بینـووە، کـە بـۆ هەناسـە هەڵکێشـان زۆر لـە خـۆی بکـات، پەلـە کـوتێ بکـات؟ ڕەنگـی دەموچـاوی شـین هەڵدەگـەڕا. ئـەو چـەند سـاڵی تـر دەژیـا؟ هـەرجارەی کـە لەسـەر جێگـای نـەخۆش هەڵدەسـتێتەوە پێمـان وایـە کـە کێشـەکان کۆتاییان پێ هاتووە. نا، ئێمە وا بیر ناکەینەوە، ئێمە هەموو شتێك باش دەزانین."

ئـەم ڕسـتە کـورت و کـەم پوختـە بـە تونـدی لـە دەمـی هاتـەدەر. دەتگـوت کـە تـام ئەگـەر بیشویسـتبایە نەیـدەتوانی ڕێگـە لـە قسـەکردنی خـۆی بگرێـت. مـەکێنزی لای خۆی ئاوای بیرکردەوە.

تام گـوتی:" ئـەو کـوڕێکی زۆر باشـە، ئـەوان وادەزانـن کـە ئـەو نـازانێ لـە تەمـەنی لاوێتیـدا دەمـرێ. بـەلام مـن دڵنیـام کـە ئـەو دەزانـێ. جـاری وایـە بـیر دەکەمـەوە، کـە چـەندە گاڵتەجاڕییـە ئـەوەی کـە ئەگـەر کـوڕێکی لەشسـاغ بوایـە، دەیتـوانی کەسـێکی سەرگران بێت، مرۆڤێکـی گرفـت خـۆڵقێنن. کـام کـوڕەی پـۆلی حەوتەمـە حـەزدەکات کـە براکـەی لـە باخچـەی سـاوایان بـەردەوام لـە بـن دەسـت و پێیانـدا بێـت؟ بـەلام ئـەو زۆر نەخۆش بوو. لەو دەمەیەوە. کە بەبیرم دێت بۆی نیگەران بووم."

بـەهیچ جۆرێـك وا نەدەهاتـە بەرچـاو کـە ئـەو هـەمان ئـەو کەسـەیە کـە چـەند کاتژمێرێك لەمەوبـەر بەوپـەڕی لەسـەرخۆیی و دڵڕەقییـەوە ژمارەیـەك خـەڵکی بـە تونـدی ئازار دابوو.

تام گوتی:" داماوانە دایك و باوکی من، ئەگەر ئەمجارەیان تیمی بمرێت."

مـەکێنزی بـە ئـارامی گـوتی:" زۆر تۆقێنـەرە." ئەوسـا کاتێـك گەیشـتنە بـەردەرگای نەخۆشـخانە گـوتی:" ئەگـەر کـارێکم لـە دەسـت دێـت، تکایـە پـێم بڵـێ. بەڕاسـتی وا دەڵێم."

تام بە قادرمەکانـدا سـەرکەوتە سـەرەوە نیـوەی ڕێگـای تـاکو دەرگـای چـوونە ژوورەوە بڕیبوو کە سوڕایەوە و گوتی:

"سوپاسی بەرێزت دەکەم کە منت گەیاندە ئێرە."

مەکێنزی بە ئۆتۆمبێل بـە هێواشـی لـە شـەقامەکە چـووە خـوارێ. دڵنیانـەبوو بچـێتە کـوێ. ڕووداوەکـان بەبەرچـاویدا تێدەپـەڕین. دووبارەبوونەوەیـەك لـە مـردن و ژیـانی ئـەو

کوڕەی دیکە، پتێر ئەو جارێکی دیکە دایکێکی دیت کە دەگریاو باوکێك کە لە ڕاڕەوەکەدا سەر و خواری دەکرد.

لە هەر حاڵ دیمەنی زەینی وی، گۆنا خڕ و بە فرمێسك تەڕبووەکەی مارگرێت نەبوو، بەڵکو سەری نوشتاوەی لۆرای بەو قژە زێڕینانەیەوە هێنایە خەیاڵ. دڵی مەکێنزی لە خەفەتان بە ئازار کەوت. ئەگەری ئەوە هەبوو کە نامە ئالۆگۆڕکراوەکانی ئەو ڕۆژە لەسەر مێزی نووسینگەکەی کەڵەکە بوبن و پێویست بوو کە وەڵامیان بداتەوە. لە لایەکی دیکەوە لەوێوە تا کەمپەینی هەڵبژاردن بە ئۆتۆمبێل تەنیا پێنج خولەك مەودای زەمەنی بوو.

خراب نەبوو کە سەرێك لەوێ بدات و بزانێ داخۆ چ لە گۆڕێیە. سەرەڕای ئەوەش هەستی دەروونی پێی دەگوت کە هۆیەکی دیکە بۆ چوونە ئەوێ هەیە. ئایا لۆرا نەیگوتبوو کە حەزی لێیە یارمەتی کەمپەینی هەڵبژاردن بدات؟ مەکێنزی بە دەنگێکی گەورە بەخۆی گوت:" گەمژە، کەواتە خاتوو ڕشایس کەوتۆتە بەردڵی؟ خاتوو ڕایس لەو ئافرەتە خاوەن خێزانانە نییە کە لە بیری ڕابواردن دابێت." لەسەدا چەند ئەگەری ئەوە هەیە؟ سفر ئەمە یەکێکە لەو هۆیانەی کە ئەو هێندە سەرنجڕاکێش و شکۆمەند خۆی دەنوێنێ.

مەکێنزی هەمدیسان دووبارەی کردەوە:" گەمژە، گەمژە!"

ئەوسا ئۆتۆمبێلەکەی لە ژێر ئەو پارچەیەدا ڕاگرت، کە لەسەری نووسرابوو (مەکێنزی بۆ ئەنجوومەنی پیران).

ژووری پێشەوە قەرەباڵخ و پڕ لە هەراو هۆریابوو، کۆمپیوتەرەکان، تەلەفۆنەکان و خۆبەخشەکان کە بە هەموو تواناyانەوە کاریان دەکرد. مەکێنزی بە دەوروبەردا سوڕایەوەو چەند پرسیارێکی کردو چاکو چۆنی لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکرد، چاوی سوڕان و دەتگوت بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ. پاشان بە هەڵسوکەوتێکی تەواو ئاساییەوە چووە ژوورەکەی پشتەوە، ژووری نامە گۆڕینەوەی پۆستەیی و لەبەر دەرگا هەڵوەستەیەکی کرد. خاتوو ڕایسی بە لەشە باریك و قژە ڕوونەکانییەوە ناسییەوە، کە ئەمجارەیان قژەکانی بە تاڵێکی سووری ئاوریشمی شل بەستبوو.

لۆرا بە بیستنی دەنگی مەکێنزی خۆی سوڕاند و زەردەیەکی کرد و بە ڕوو خۆشییەوە گوتی:" دەبینی کە لەسەر بەڵێنەکەی خۆمم. من ئەمڕۆ هەزار نامەم بۆ

ئێرەو ئەوێ پۆست کردووە.. پاشان وەکو ئەوەی شتێکی بەبیرهاتبێتەوە، دڵە راوکێ ئەو زەردەخەنە جوانەی لەسەر لێوان دوورخستەوە و گوتی:" چی روویدا؟"
مەکێنزی لە دڵی خۆیدا گوتی:" کارەساتێك بۆوی بەسەر بەم شێوەیە بە خۆ دزینەوە لە پرسیارەکەی وەڵامی دایەوە:
"زۆر خراپ نەبوو." دووبارە بەسەیرکردنی لۆرا، ئەو گاکێیەی هێنایە پێش چاوی خۆی کە بە نیگایەکی نیشانەی متمانە بە خۆبوون چاوی بڕیوەتە شوێنی تەقاندنی گوللە. مەکێنزی گوتی:" بەڵام ئەوان بە دوای تۆدا دەگەڕێن. تیمی حاڵی زۆر باش نییە. من تامم گەیاندە نەخۆشخانە. مێردەکەشت لەوێیە، بەڕاستی نازانم، شتێکی دیکە نازانم.."
مەکێنزی ئەمەی گوت و دڵی داخورپا. لۆرا بەپەلە سویچی ئۆتۆمبێلەکەی هەڵگرت و گوتی:" سوپاست دەکەم کە تامت گەیاندووە، جەنابت چەندە میهرەبانی."
"دڵنیایی کە دەتوانی بە تەنیا ئۆتۆمبێل لێخوڕی؟"
"بەڵێ، بەڵێ، ئێمە هەمیشە دەزانین کە ئەم کارەساتە جارێکیتر روودەدات. ئێمە فێر بووین چۆن چۆنی هەڵسوکەوت بکەین." لۆرا بە شێوەیەکی لێبڕاوانە قسەی دەکرد.
"بەڕای من هەڵسوکەوتی تۆ بێ کەموکوڕییە."
"بەڵام من دەبێ لە بیری تام و بادیشدا بم. ئەو زۆری رەنج کێشاوە."
دەنگی لە نێو هەوادا بزر بوو. راڵف بەردەرگا هاوڕێیەتی کرد و تەماشای دوورکەوتنەوەی وی دەکرد. ئەو شەوەی هێنایەوە یادی خۆی کە بەخەبەر بوو و راکشابوو و رێگەی دابوو بیری سەربەستانە بۆ هەموو جێیەك بڕوات. لە لای خۆی ئەو خولەکانەی ژماردن کە لەگەڵ لۆرادا بەسەری بردبوو. ئەوان کاتێکی کەمیان پێکەوە تێپەڕاند بوو. رەنگە بە گشتی سێ کاتژمێر. سەیر لەوەدابوو کە زۆر لەوە زیاتر دەهاتە بەرچاو.
لەو شوێنەی کە ئامبولانسەکانی لێڕادەوەستان، دەرگایەك هەبوو کە بەویدا دەچوویە نێو نەخۆشخانەوە. کاتی تێپەڕاندبوون لە قەرەباڵغی ژووری چاوەڕوانی کە پڕبوو لە جلە سپییەکانی کارمەندان، دەست و قاچی خوێناوی و لەگەچ گیراو و

خەڵکی لێقەوماو و تۆقیو، هەمیشە هەستێکی سەرسوڕمانت هەبوو، کە لەم هەموو قەرەباڵغییەدا چۆن ئەوەندە دەنگ کەمە.

بێدەنگییەکی ئازاردەر لە هەموو شوێنێك فەرمانڕەوابوو. چاوەڕوانی، چاوەڕوانی لە ترسی ئەوەی نەکا دەنگت دەرچێ لە پچە پچ قسەت دەکرد و پرسیارت دەکرد و ڕێنمایی دەکرای.

هەروا کە دەتزانی، دەچیە لای چوارچێوەی پەردە داپۆشراوەکە نەخۆشەکەت بینی کە لەوێ ڕاکشابوو.

باد و تام و دوو پزیشك لەسەر سەری تیمی ڕاوەستابوون. لۆرا دەستی تیمی گرت و گوتی:" ئازیزەکەم، دایە لێرەیە."

تیمی چاوی هەڵێنان، دایکی ناسی. لۆرا دەیزانی کە ئازاری سینگی بە جۆرێکە کە ڕێگەی قسەکردنی پێ نادات، ئەوەی کە ئەو بۆ هەناسە هەڵکێشان بە دژواری هەوڵ دەدات و تۆقیوە. ئەو دەنگەی لە قوڕگییەوە.دەهاتەدەرێ. تۆقێنەربوو. وا دەهاتە بەرچاو کە ژێیەکان بەهۆی گوشار و لێك کشانەوە خەریکن دەسپێنن.

لۆرا گوتی:" ئازیزم تۆ چاك دەبیەوە. پتێریش قۆناغی ئاوات تێپەڕاندووە، دەزانی تۆ باش دەزانی و هەموو جارێکیش بە جەرگ بووی." بە بیستنی ئەم قسانە چاوەکانی تیمی کاردانەوەیان نواند، تەنیا داخران. سەرە ئارەقاوی و تەڕەکەی بە لایەکدا کەوت. ئەو هەمدیسان شین هەڵدەگەڕا.

لۆرا بینی کە دوو پیاوە گەنجەکان سەیری یەکتریان کرد. ئەو نیگایە زۆر مانای هەبوو. لۆرا هەستی بە گۆڕانێك کرد لە دەموچاوی باددا، ئەویش هەستی بەو نیگایەکردبوو. وەکو ئەوەی کە پرسیارێکی لە زەینێدا دروست بووبێت. برۆکانی هەڵکشان. پرسیارێك کە وەڵامەکەی باش دەزانی. لۆرا توانای دڕکاندنی وشەیەکی نەبوو. ئەو دایك و باوکە پێیان نابووە سەرزەمینێکی بێگانەوەو زمانی خەڵکەکەیان نەدەزانی. پیاوە سپی پۆشەکان و بە خێرایی جووڵەیەکیان کرد، ئەوان بە دەستەواژەی کورت قسەیان دەکرد، ئۆکسجین ! پەرەستیارێك رایکردە پێشەوە. ئۆکسجین لە دیواری سەرسەری تیمی لە ڕێگای لولەوە بە پاڵە پەستۆ دەرچوو. پاشان خاتوونێك لە بەرگی سپیدا کە ڕەواڵەتێکی خاوەن کەسایەتی هەبوو، بەپەلە هاتە پێش و گوتی:

"گازە خوێنییەکان، گازە خوێنییەکان دانێن، ئێستا هەر ئێستا پەلە بکە ویند ریێگ. دەکرێ بۆ خۆت ئەو کارە بکەی؟ " پاشان بەرەو لای پەرەستیارەکە کە سوڕاو گوتی:" دواتر نموونەی خوێنەکە بەپەلە ببە نهۆمی سەرێ. بەپەلە کاتێك دەڵێم بەپەلە، واتە پەلە بکە." ئەوان خوێنیان لە قۆڵی تیمی وەرگرت، خوێنی دەمار. لۆرا چاك دەیزانی لەبەرئەوەی خوێن بە پاڵەپەستۆ رژایە نێو لولەکەوە. کوڕەکە لە ترسان دەلەرزی. بەهەست کردنی ئازار لەودا. ماسولکەکانی دەموچاوی لۆرا چرببوونەوە. ئێستا کەسانی زیاتر دەهاتنە نێو پەردە چوار گۆشەکەوە. ئەوان شانیان لە بادو لۆرا دەداو وەلایان دەخستن. تام لەوێ هاتە دەرێ. رەنگە زانیبێتی کە وەکو دایك و باوکی لەوێ زیادەن، یاخود دیمەنی خوێن شێواندبووی. بادو لۆرا خاموش و بێدەنگ سەیریان دەکرد. ئەو کەسەی کە بە ویندر بێرگ ناوبرابوو، لولەکەی راست کردەوەو گوتی:" سەیری خوێنەکە بکەن، سییەکان ئۆکسجینی پێویست وەرناگرن." پیاوێکی دیکە پەردەکەی لاداو هاتە ژوورێ، ئەو بە خێرایی و هەناسە بڕکێ هاتە پێش.

وەکو کەسێك کە دواکەوتبێ و هەموو رێگاکەی بەغاردان بڕیبێت. یەکسەر پرسی:" ژماردنی خڕۆکە سپییەکانی خوێن چی نیشان دەدات؟ ئایا خوێنی شا دەمارتان وەرگرتووە؟

لولەیەکی نایلۆنی تریان لە قۆڵەکەی دیکەی تیمی بەست. ئێستا چوار دوکتۆر و دوو پەرەستیاری لێ کۆببوونەوە. پاشان پسپۆڕێك لە کاتێکدا کە ئامێری تیشکی ئیکس (X) پاڵ دەنا، بە دیارکەوت. کەسێك بە لۆراو بادی گوت:

"ببوورن دەکرێ رێگەمان بۆ چۆڵ بکەن؟ ئێمە پێویستمان بە جێگای زیاتر هەیە.."

کاتێك ئەوان لە نێو پەردە چوارگۆشەکە هاتنە دەرێ، پەردەکە لەسەریان داخرا، ئێستا ژیانی منداڵەکەیان لە دەست کۆمەڵە کەسانێکی نەناسراو دابوو، کە تەنانەت ناونیشیان نەدەزانی و لەگەڵ ئەوەشدا بە نیگەرانی و لێهاتوویی و تواناوە هەوڵیان دەدا گیانی رزگار بکەن. تام لەگەڵیاندا چووە راڕاوەکەوە. ئەو سێ کەسە لە دۆخێکی هەستیار و قەڕاناویدا بوون، بەڵام کارێکیشیان لە دەست نەدەهات. ئایا ئەوان لە چالاکییە ئاڵۆزەکانی پاش پەردەکە هیچیان دروست دەکەون؟ کەسێك وێنەی تیشکەکەی بەردەستەوە بوو و لە چوارگۆشە هاتە دەرێ. بۆ دەرخستنی بەخێڕایی

رایکرد. پیاوێکی دیکەی گەنج لە کاتێکدا کە پەرداخێکی کاغەزی لە نێو قاپێکی پڕ لە سەهۆڵی وردکراوی بە دەستەوە بوو لە پشت پەردەکەوە هاتە دەرێ و لە کاتێکدا کە لەسەرشانی را ئاوڕی دەدایەوە، گوتی:

"هەر ئێستا دەگەڕێمەوە، با ئەو خوێنە بگەینمە تاقیگەی خوارێ." دەنگێکی کپی دیکە کەوتە بەرگوێ. یەکێك لەبەر لێویەوە شتێکی کورت و لە ناکاو دەنگی بەرزکردەوە. لۆرا گوێیەکانی تیژ کرد.

"دی ئۆکسیدی کاربۆن زۆر بەرزە."

"هەر وەکو کە بیرم دەکردەوە."

"دەمارێکی بۆ بگرن. ئاوی بۆ هەڵواسن بۆ قەرەبووی بێ ئاوی. پەلە بکەن."

ئەوان چاویان بە دوکتۆر ئیسپراگ کەوت کە لە عیادە قەرەباڵغەکەیەوە (عیادەی وی هەمیشە قەرەباڵغ بوو) بۆ نەخۆشخانەی فریکەوتن بانگ کرابوو. باد دەستی بە قسەکرد:" دوکتۆر،" بەڵام ئیسپراگ لە کاتێکدا کە بە ئارامی سەری لەقاند بەبەردەمیدا تێپەڕی و چووە نێو چوار گۆشەکەوە:" تاقیکردنەوەکان چی دەر دەخەون؟"

ئەوان دەیانتوانی داواکانی توند و کورتی ئیسپراگ ببستن و پاشان دەنگی دیکە و دیسانەوە دەنگی دوکتۆر ئیسپراگ کە دەیگوت:" ئێمە لێرە لەگەڵ کێشەیەکی راستەقینەدا بەرەنگاربووینەوە، پێم وایە ئێوە نموونەی تێکەڵەی خوێنتان بردبێ بۆ تاقیگە؟"

"بەڵێ، تێکەڵەی خوێنە. کاتێك ئەو کوڕە هاتە ئێرە بە تەواوی ئاوی لەشی لە دەست دابوو ترپەکانی دڵی خێرابوون و ٤١ پلە تای هەبوو."

"نموونەیەکی دیکەی تێکەڵەی خوێن بنێرە بۆ تاقیگە و من پێویستم بە چاوساغی پسپۆڕێکی سییەکان هەیە. ناکرێ کارەکە دوابخەین، چ کەسێك دەتوانێ خێراتر بگاتە ئێرە؟ بۆ نموونە لە ماوەی ٦٠ چرکەدا. ئەتول، ئەگەر لە نێو شاردایە یاخود ئەو دوکتۆرە گەنجە، ئالێن کۆهین:" فەرمانەکانی دوکتۆر ئیسپراگ هێور کەرەوە بوون. ئەو دوکتۆرێکی نموونەیی بوو، بەڵام کاتێك گەڕایەوە بۆلای باد و لۆرا قسەکانی بەهیچ جۆرێك هێورکەرەوە نەبوون.

"بەڕاشــکاوی بڵــێم، مــن نیگــەرانی هــەوکردنم، تــەواوی ســینگی ئــازار دەکــات و کەواتــە ئەگــەری ئاوســان هەیــە. نەخۆشــی ســییەکان یــاخود ئاوســانێك، زۆر باشــە ئێــوە پتێریش کێشەیەکی هاوشێوەتان تێپەڕاندووە بۆیە پێموایە نابێ شتی زیاتر بڵێم."

بــاد و لــۆرا هــیچ وەڵامێکیــان نەدایــەوە. ئیســپراگ هەڵوەســتەیەکی کــرد، دەتگــوت لــــەلای خــــۆی پێویســــتی درانــــی روونکردنــــەوەی زیــــاتری ئــــازارەی کــــە هــــەیبوو، هەڵدەســـەنگاند، "ئێمــــە دەبــــێ بیخەینــــە ژێــــر چارەســــەرەوە بــــە پێــــدانی چــــەند ئــــەنتی بایۆتیکێکی بەهێز " پاشان بە دەنگی بەرز گوتی:

"ئەو یاریــدەدەرە بــە راپۆرتەکانییــەوە لــە کوئیــە؟ مــن بــە تەلــەفۆن فەرمانــەکانم پــێ راگەیاندووە. ئاه، هاتی؟"

بە نائارامی چاوەڕان بوو تاکو گەنجەکە بۆ راپۆرتدان بێتە پێشەوە.

"جــەنابی دوکتــۆر بــە دڵنیاییــەوە هەوکردنــە لــە جــۆری ئســتر پتوکوکییــە. میکرۆبــی گەرمی پۆزەتیفە."

دوکتۆر ئیسپراگ لە کاتێکدا کە خۆی مۆن کرد، گوتی:

"زۆر باشــە، کەواتــە بیبەنــە بەشــی چــاودێرییە تایبەتــەکان، دەمــەوێ لــە قەرەنتینــە بیخــەوێنم.با هــەر ئــاوا ئۆکســجینی پــێ بــدرێت، درێــژە بــدەن بــە چــاودێری کــۆنترۆڵی نیشانەکانی ژیان. من چاوەڕێی دەکەم تاکو دوکتۆر ئەتول دەگاتە ئێرە، ویندربێگ"

ئەو لــە کاتێکــدا کــە پەردەکــەی لا دەدا گــوتی:" کــێ تەلــەفۆنی بــۆ ئــەتول کــردووە؟ ئەتول کــردووە؟ ئــۆه، زۆر چــاکە." ئەوســا لــە کاتێکــدا کــە بــۆلای لــۆرا و بــاد دەســوڕا، گوتی:

"دوکتــۆر ئــەتول تــاکو ســەبەینێ دوانیــوەڕۆ لــە دەرەوەی شــارە. ئــەو دوکتــۆر ئــالێن کــۆمینی بــۆ قبــوولکردنی بەرپرســیارییە ئێشــك گرتنــەکان هەڵبــژاردووە و کــۆهنیش هــەر ئێستا بەرێوەیە، ئێمە تــاکو ئــەو دەگاتــە ئێــرە تیمــی دەگوازینــەوە بــۆ نهــۆمی ســەرەوە."

دیار بوو ئیســپراگ شــتێکی لــە چــاوەکانی بــاددا خوێنــدبۆوە یــان رەنگــە لەبەرئــەوەی کــە گۆشەکانی دەمی بــاد هەڵواســران، لــۆرا لای خــۆی ئــاوا بــیری کــردەوە، چــونکە درێــژەدانی قسەی وی بە ڕوونکردنەوەیەکی زیادە دەهاتە بەرچاو:

"ئەگەر ئەتول کەسێك لە شوێنی خــۆی دانــێ دڵنیــابن، کــە ئــەو باشــترینە. کــۆهین لــە زانکــــۆیی پزیشــــکی هــــاروارد خوێنــــدنی تــــەواو کــــردووە و خــــۆی یاریــــدەدەری لــــە

نەخۆشییەکانی دڵ و سییەکان لە کێرنێل تێپەڕاندووەو لە هەمووشی گرنگتر پیاوێکی لە رادەبەدەر بوێرە، ئیدی چیتان دەوێ؟"

پەردەکە لاداو دوای چەند خولەکێك تیمی لەسەر قەرەوێڵەیەکی تایەدار هێندرایە دەرێ، چاوەکانی نوقابوون.

ئەوەندە ئارام و بێ جووڵە راکشابوو، کە بەتێپەڕین بەبەردەم دایك و باوکیدا، هەبوونی راستەقینە و دڵنیایی مەرگ سەرتاپای لۆرای لەرزاند. شێوازی قسەکردنی دوکتۆر ئیسپراگ گۆڕا بوو، ئەو زۆر لەسەر خۆ گوتی:" من هاوکاری پسپۆڕی سییەکان دەکەم. خۆ لەوە دڵنیان، ئێمە دەبێ تیمی ئێوە لە بەڵایەکی دیکە رزگار بکەین..

لۆرا گوتی:" جەنابی دوکتۆر، سوپاست دەکەم." هەروەها باد دوا بە دوای ئەودا دووبارەی کردەوە:" جەنابی دوکتۆر سوپاست دەکەین."

بەڵام ئەویش وەکو لۆرا دەیزانی کە کوڕەکەیان کەوتۆتە سەر لێواری مەرگەوە. رۆژ و شەوەکان تێپەڕین. ئەوان هەر چوار کاتژمێر جارێك رێگەی دیتنی کوڕەکەیان پێ دەدراو دەچوونە ژووری قەرەنتینە، ئەو شوێنەی کە تیمی تێدا بوو زیندوومانەوە ململانێی دەکرد. بە روخساری خەماوییەوە لەسەر سەری پچ و پچیان دەکرد و لە دەموچاوە بچووکەکەی رادەمان. پێڵوی چاوانی بە وێنەی سەدەف ناسك و سپی بوو، گۆشەی لێوە زەرد هەڵگەڕاوەکانی کەمێك دواکەوتبوو و دەستەکانی.. دیتنی ئەو دەستە رەقەڵانە دڵی لۆرای بە ئازار دەخست. ماوەیەك پێش ئێستا، ئێستا بەسەد ساڵی دەهاتە پێش چاو. کاتێك کە تیمی تەمەنی سێ ساڵان بوو، ئەوان ئاوسانێکی بچووکی دوایین قامکی پەنجەکانیان نیشان دابوو.

هەڵاسانی پەنجەکان نیشانەی سەرەتایی و نادیاری کەمبوونی ئۆکسجین بوو و لۆرا هیچکات نەیتوانی بەبێ وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە سەیری دەستەکانی منداڵەکە بکات.

فیکەی ئامێری کۆنترۆڵ کە بە دیوارەوە داکوترابوو، بێدەنگی ژوورەکەی دەشکاند. ترپەکانی دڵی تیمی لە رێگای کۆمەڵە تێلێکەوە کە بە سینگییەوە نوساند بوون، دەگوازرایەوە بۆ ئامێرێك. چەند ئامێرێك لە مەودایەکی رێکخراودا، پزیشکی چارەسەرکەری نەخۆشی سییەکان ئامێرێکی تری دەهێنایە ژوورەکە تا

دەرمان و هەوا لە ڕێگای دەمەوە بگەیەنێتە سییەکان. گوێچکەو چاوەکانی لۆرا بە هەموو هەڵکشان و داکشانەکانی ئەو ئامێرە ئاشنا بوون. تای تیمی هەروا بەرز بوو. وێنە تیشکییەکان کە تازە گیرابوون نیشانی دەدا، کە بەشێك لە سییەکان بە تەواوی داخرابوو.

دوکتۆر ئەتول یەك دوو جار لە ڕۆژدا بۆ ڕاپۆرتدان بە باد و لۆرا دەهاتە ژووری چاوەڕوانی. ژووری چاوەڕوانی ئەو شوێنە بوو کە بە زۆری ئەوان دادەنیشتن و بێ ئەوەی بیان خوێنینەوە لاپەڕەکانی گۆڤارەکانیان هەڵدەدانەوە.

"هەڵاساتێکی گەورە و هەوکردنی سییەکان، دەتوانم چ شتێکی دیکەیان پێ بڵێم؟ ئەمە دووبارەبوونەوەی تەشەنەکردنێکە، بەڵام کەمێك.."

باد و لۆرا بە خۆیان گوتی:" بەڵام کەمێك خراپتر."

"بەڵێ، بەڵام خەریکین سییەکان بە ئەنتی بایۆتیك دەشۆینەوە. بەردەوام گازەکانی خوێن کۆنترۆل دەکەین، ئاگامان لە زیادکردنی خرۆکە سپییەکانی خوێنە. هەر کارێکی لە دەستمان بێت ئەنجامی دەدەین." و هەمدیسان قسەکەی بە ناتەواوی بڕی. کاتێك کە ئەو ڕۆیشت. تام و باد و لۆرا سەیری یەکتریان کرد. پاشان وا هاتە زەینی لۆراوە کە شتێکی دیکەش هەیە، کێشەیەکی دیکە، بەڵام لەبەرئە ئەشکەنجە ڕۆحییی ئەوەی تر لەبیر کراوەو لە ناکاو هەموو شتێکی هاتەوە یاد، ئەو ئەشکەنجە ڕۆحییەی دیکە و باسکی لە جەستەی تام ئالاند. ئەو بە تامی گوت:

"بڕۆوە ماڵێ و کەمێك پشوو بدە، ئۆتۆمبێلەکەش لەگەڵ خۆتدا ببە، کاتێك کارەکەمان تەواو بوو بە تەکسی دەگەڕێینەوە."

"نا من دەمەوێ لای براکەم بم."

"تۆ دەبێ بچییەوە ماڵێ، ئیرێل بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵێ بەند بووەو ئەگەر لە نەبوونی ئێمەدا سەگەکەی تیمی شتێکی بەسەر بێت هاوار لە حاڵمان.. بڕۆوە ماڵێ تام. تکات لێدەکەم بڕۆ."

تام لە دەرەوەی ماڵێ لەسەر کورسییەکەی باوکی لە کاتێکدا کە ئیرێل نیوە خەوتوی لە تەك دابوو، پاڵی دایەوە.

خواردنی دابوو بە سەگەکە، بەڵام لەبەرماندوویەتی و دڵەڕاوکێ لە بیری ئەوەدا نەبوو خواردنێك بۆ خۆی ساز بکات.

پرتەقاڵێك، مۆزێك و کەمێك نانی خواردبوو. پاشان هاتبووە دەرێ تاکو دەرکەوتنی یەکەمین ئەستێرە ببینێت، گومانی تێدا نەبوو، کە ئەو یەکێك لەو ملیۆنان کەسە بوو، کە لە دەستپێکی هاتنە سەر ئەم هەسارە خاکییە لە دیتنی ئەو تۆپەڵە ئاگرینانە لە نیوە شەودا، هەستیان بە ئاسوودەیی کردووە. ئەمە وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ مرۆڤ تا لە بودەڵەیی و کەمووکوڕی خۆی ئاگاداربێت لەبەرامبەر نهێنی وا گەورەدا، بەڵام ئەمە راست بوو.

تام لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:" پێشینان چییان گوتووە بەبێ هۆ نییە.

پاشان بە دەنگی بەرز گوتی:" کەواتە سەیرکە!" شێوازی دەربڕینی توند و لە ناکاوی بووە هۆی ئەوەی کە ئیرێل سەری بەرز بکاتەوەو سەیری دەموچاوی بکات.

"من هاتوومەتە ئەم دنیایەوە. نەمدەویست بێم. ماوەیەك دەژیم و پاشان دەمرم. ژیانی من چ گرنگیەکی دەبێت؟ من تەنانەت نازانم چ کەسێکم، هی کوێم، بەڵام تیمیش دەمرێ و دڵم لەمە زیاتر بریندار دەکات. لەم دنیایەدا چ کەسێك گرنگی پێدەدات؟ بۆ دەبێ من گرنگی بدەم؟

من گرنگی پێنادەم. هەر بەلامەوە گرنگ نییە داخۆ سبەینێ بەیانی لە خەو هەڵدەستم یان نا." سەگەکە خۆی هەڵدەدایە سەرقاچی تام و دیسانەوە تێی رامایەوە. تام لەبەرخۆیەوە گوتی:" رۆژگار بە قورسی مەگرە."

فرمێسکی بە چاواندا هاتنە خوارێ. ئەو چاوی نوقاندن:

"هەوڵ بدە لە دنیا دەچی. هەوڵ بدە بخەوی. رەنگە ئەگەر کەمێك شانست هەبێت سبەینێ ئیتر لە خەو هەڵنەستی."

ئەو خەونێکی دیت. گەرچی خەونەکە خاوەنی هەمان هێزی راستەقینە بوو، بەڵام بە هۆیەکی سەیر و لەوەسف نەهاتووەوە چەندین چرکەی بەسەردا تێپەڕین، کە لەواندا دەیزانی خەون دەبینێ. تیمی لە تابووتێکی ژێر گوڵی سووردا کەوتووە.

دایکی هاوار دەکات:" منساڵی رابردوو ئەو گوڵانەم چاندوون.

تۆ ئەو خوایە گوڵەکانی لەسەر دەموو چاو لابەن. کوڕەکەم دەخنکێ." هەروەها مارگرێت کرافیلدیش دەگریا. ئەو لە تام نزیك دەبێتەوە. دێتە پێشتر و پێشتر، دەموچاوی گەورە و گەورەتر دەبێت. وەکو فودانەیەك کە فو بدرێت.

دەموچاوی مـەودای دیـدی ئـەو داگـیر دەکـات، ئەوەنـدە نزیـك دەکەوێتـەوە، کـە تـام برژانگـە ڕەشـەکانی لەیـەکتر جیادەبینێـت. خـاڵێکی بچـووکی قـاوەیی لەسـەر گۆشـەی لوتیـەتی و نقێمێکـی مـرواریش لـە گوارەکەیدایـە لـەژێر ئـەو قـژە ڕەشـە بریقاوانەیـە دەدرەوشێتەوە.

بـاد بەسـەریدا دەقیـژێنیێ:" تـۆ چ مافێکـت هەیـە کـە دەگـری؟ خـۆ ئـەو کـوڕی تـۆ نییە."

چ کەسـێك کـوڕی وی نییـە؟ تیمـی یـان تـام؟ ئـەو پیـاوە هـیچ و پوچـە ئـارتۆریش، کـەمێك دوورتـر ڕاوەسـتاوە، بـە گاڵتەپیکردنـەوە چـاویان پێـدا دەگێـڕێ. ئـەو ڕازی دێتـە بەرچـاو. لاقرتێیـەکی لەسـەر لێوانـە کـە دەڵـێ:" مـن بیرکردنـەوەی هـەموو کەسـێك دەخوێنمـەوە." تـام لـە ترسـان لـەرزی دێنـێ و ئـەو گوڵانـە کۆدەکاتـەوە کـە دایکـی بـە شـێوەیەك و زارییـەوە لەسـەر تابۆتەکـەیان هەڵـدەگری. باوەشـی پـڕ بـووە لـە گـوڵ و جێگـای گـوڵی تـر نابێتـەوە. گوڵـەکان دەکەونـە سـەر زەوی:" دایـە، توخـوا، تکـات لێدەکەم، وا مەکە." ئەوسا دەپاڕێتەوە:

"دایـە، وازبێنـە... دوای کـەمێکیش ئـەو کـوڕێکی بچـکۆلەیە کـە لـە نێـو فرۆشـگایەکی گـەورەدا لـە نێـو مرۆڤـی بـاڵا بـەرزدا ڕاوەسـتاوەو لـەوێ هـەراو هۆریایـە. دایکـی دەڵـێ:" ئـازیزم لێـرە بمێنـەوە، هـەر ئێسـتا دەگەڕێمـەوە... تـام کـە تۆقـابوو، دەپاڕایەوە:" دایکە، تـەنیام مەهێڵـە." تـام بـە ترسـەوە دەپاڕێتـەوە، دەگـری.." تـام کـە لە ئارەقدا شـەڵاڵ ببـوو لـە خـەو هەسـتا. لەسـەرمان دەلـەرزی. دنیـا بـە تـەواوی تاریـك داهاتووە و تەلەفۆنی ماڵـێ زەنـگ لێـدەدات. لـە شـوێنی خـۆی هەسـتاو بـە قادرمەکانـدا سـەرکەوت:" ئەگـەر ئـەو تەلەفۆنـە لـە نەخۆشـخانەوە بێـت، ئەگـەر ئـەوە تیمـی بێـت، کە.." ئەو تا ڕادەیەك بە هاوارکردنەوە گوتی:" ئەلۆ، ئەلۆ."

"مـنم ڕۆبی.ئـاخر تـۆ لـە کـوێ بـووە؟ تـەواوی حـەوتووی ڕابـردوو بـۆ پەیوەنـدی پێکردن تەلەفۆنم کرد، بەڵام کەس تەلەفۆنی هەڵنەدەگرت."

"کێشەکە تیمییە، ئەو لە نەخۆشخانەیە و ئێمە هەر لەوێ بووین."

"ئۆهو تام، حاڵی زۆر خراپ بووە؟"

"بەڵێ، زۆر خراپ. ئێمە نازانین.... نازانین چی ڕوودەدات."

"ئۆه، بە دڵنیاییەوە بۆ ئێوە کارێکی ئەستەمە."

هاوخــەمی دۆخەکــەی خــراپتر دەکــرد، تــۆ پێویســتیت بــە هاوخــەمێك هــەبوو، چاوەڕێی ئەوەت دەکرد و وێڕای ئەوەش تۆی ئازار دەدا."

تام گوتی:" هەر کە هەواڵێکی نوێم پێگەیشت تەلەفۆنم بۆ دەکەم."

"نا، تۆ دەستت بە مــن راناکــا. ژوورەکــەی مــن تەلــەفۆنی تێــدا نییــە. مــن لــە قــاتی خوارێ را تەلەفۆنت بۆ دەکەم.

بەڕاســتی لێــرە خــۆش رادەبــوێرم. فێــری زۆر شــت بــووم، بــەڵام ئێســتا کــاتی باسکردنیان نییە. تام، تام زۆر پەرۆشتم."

هیوایەك لــە دڵێــدا دروســت بــوو. کــوڵی گریــان قــوڕگی گــرت، بــەجۆرێکی وا کــە بــە دژواری قسەی دەکرد:" خوایە گیان، خۆزگــە تــۆ لێرەبــای، رۆبــی بــەبێ تــۆ خــۆم بــە تــەنیا هەست پێدەکەم ئەوەندەم سەرمایە کە دەلەرزم."

"کــاری دەمــارە مێشــکیەکانە، بــەڵام ئــازیزم دووری نێوانمــان زۆر ناخایــەنێت، تــەنیا یەك یان دوو حەوتووی دیکە. ئەو کاتە...

ئۆه، تام لە قووڵایی دڵمەوە بۆ سەلامەتی براکەت دەپارێمەوە.

زۆر ناڕەحــەتم بــۆ تیمــی. وا هەســت دەکــەم بــرای خۆمــە. گەرچــی قــەت نەمــدیتووە. ئەو هەستەم لەبەرئەوەیە کە برای تۆیە.

لەبیرت نەچــێ کــە ئــەو لــە هــەموو هێرشــە نەخۆشــییەکانی دیکــەی دا چــاك بۆتــەوە. خەفەتبار مەبە."

"هەوڵی خۆم دەدەم."

"ئێستا دەبێ بڕۆم، شەو شاد ئازیزم. ئەگەر دەتوانی کەمێك بخەوەو پشوو بدە."

کاتێــك کــە تــام تەلەفۆنەکــەی دانایــەوە، زەردەخەنەیــەکی نادیــاری کەوتــە ســەرلێوان. هەرچەندە کە هیچ لەو بــارە گرانــەی سەرشــانانی کــەم نــەببۆوە، بــەڵام ئــەو چــەند خولــەك قســەکردنە بــە تەلــەفۆن خۆڵــق و خــۆی بــە تــەواوی گــۆڕی ببــوو. ئــەو ئیــدی خــۆی بــە بوونــەوەرێکی بــووە لــەو هــیچ لــەژێر ئەســتێرکانی ئاسمانیــدا هەســت پێنــەدەکرد، شــتێکی بێ کەڵك کە لەناوچوونی مان و واتایەکی نەبێت.

ئەمە رۆحییەی شاری رۆبی بــوو، کــە ئــەوی وا زینــدووکردبۆوە. دڵــی هــەر وەکــو خــۆر رۆناك ببــۆوە. دەنگــی گــەرم و گــوڕی وی هــەموو ئەمانــەی لێکــەوتبۆوە. وەبیرهێنــەرەوەی دەســەڵاتی ژیــان بەخشــی ئــەو بــوو. وا دەهاتــە بەرچــاو کــە رشــۆبی تەنانــەت دەتــوانێ

روحـی ژیـانیش لـه جەسـتەی هیلاکـی تیمـی بکـات و گالتـەش بەبەسـەرهاتی مـالی کرافیلد دەکات. تام دەیتوانی بیهێنە پێش چاوی خۆی کە ئەو سەری خۆی دەکێشێتە دواوە و قاقا پێدەکەنێ:" چ درۆیەك، چ گالتەیەکی گەمژانە: ئەوان پێیان وایە کێن بە درۆیەکی ئاواوە بگەنە جێ و بانگەشەیەکی لەو جۆرە بکەن؟"

خۆزگە هەر لەبەیانییەوە خوێندن دەستی پێ بکردایەوە. بە دلنیاییەوە رۆبی ژوورە تازەکەی بە شێوازێك دلڕفێن دەڕازێنێتەوە. پەردەی تۆڕی سپی و کەلوپەلی نوێ و جوان هاوڕێ لەگەل کۆمەلێکی زۆر گیانداری یاری کردن کە لەسەر قەرەوێلەکەی دادەنان. ئەمە گالتەجاڕی بوو. هەستی لوت بەرزی ئەویش گالتەجاڕی بوو، کە کەوتۆتە بەردلی کچێکی داوە، کە کۆمەلە شانازییەکی لە بەشی توێژینەوەیدا بەدەست هێناوەو. لە ناکاو تام بەبیری هاتەوە، کە لە نێو جامخانەکەی فرۆشگای نهۆمی خوارەوەی نەخۆشخانەدا ورچێکی بووکە شووشەیی سپی توکنی بە دەموچاوێکی جوانەوە دیتووە، بە دلنیاییەوە رۆبی حەزی لێدەکات. هەرچییەکیش رووبدات. تام بەیانی هەربۆی دەکڕێت.

*******

دوکتۆر ئەتول گوتی:" ئێمە درێژە دەدەین بە دەرهێنانی ماددەی شل لە نێو سییەکان."

ئەو لە کاتێدا کە پشتی تیمی دەشێلا گوتی:" کوڕم رێگە بدە تا کەمێك بتسوڕێنم، زۆر باشە، ئێمە دەبێ ئەو خلتە پیسانە لە سییەکانت دەرکەین.

تیمی زەردەخەنەیەکی کرد، هێشتاش بە قورسی هەناسەی بۆ دەهات و تاقەتی قسەکردنی نەبوو. بەلێ، لەپاش حەوتوویەك تایەکەی نەماو گەرمی لەشی تا رادەیەك ئاسایی بۆوە.

ئەو ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسابوو، کە لە بەشی چاودێریە تایبەتیەکان بگوازرێتەوە بۆ ژوورێکی تایبەت. دوکتۆر ئەتول لۆرای ئاگادارکردەوە:" جەخت دەکەمەوە کە وردبینی و چاودێری بۆ چارەسەری چەندە گرنگی هەیە. ئێوە دەبێ تەنانەت لە دوای دەرچوونی تیمیش لە نەخۆشخانە، بە وردی فەرمانەکان لەبەرچاوبگرن."

کەواتە ئەوان بەڕاستی پێیان وابوو، کە تیمی دەتوانێت بگەڕێتەوە مالێ. تیمی لە جەنگێکی دیکەدا سەرکەوتبوو.

لۆرا وای بیرکـردەوە. هەرچـەندە کـە ئەمـە جـەنگێك نـەبوو، نـا، نـا، بـەهیچ جۆرێـك جـەنگ نـەبوو. لـۆرا حـاڵێکی شـێواوی هـەبوو. حەوتوویـەك بـوو کـە شـەوی دوو سـێ کاتـــژمێر زیـــاتر پشـــووی نـــەدابوو و ئێســـتا زۆر مانـــدووبوو. زۆر مانـــدوو ئـــەو ئاگادارکردنەوەیە تۆقاندی. لۆرا بـە شـێواوییەوە هـاواری کـرد:" ئایـا مـن وەکـو پێویسـت ئەرکەکانم بەڕێوە نەبردووە، هەر لەبەرئەوە ئەمە روویدا؟"

"نـا، نـا، تـۆ ئەرکـەکانت بـە باشـترین شـێوە بـەڕێوەبردووە، هـیچ پێوەندییـەکیان بـە یەکەوە نییە."

تیمی لەبەرخۆیەوە گوتی:" من یاری تێنسم کرد، دایە، تاوانی خۆم بوو."

"قەیناکە، گرنگ نییە."

دوکتۆر بە شـێوەیەکی دۆسـتانە وتـی:" تـاوانی هـیچ کەسـێك نییـە، جگـە لـە..." و لە کاتێکدا کە قسەکەی دەگۆڕی گوتی:

"جگـە لـەوەی کـە تـۆ دەبـێ زانیاریـت هـەبێ سـەبارەت بـە یاسـاکانی پەیوەسـت بـە تەندروستیت هیچکات زیـاد لـە پێویسـت خـۆت گـەرم و مانـدوو مەکـە. دیـارە ئەوەشـت زانیووە بەڵام هەر کردووتە."

تیمی بـە تەریقییـەوە سـەری دانەوانـد، کاتێـك چـاوی بـە چـاوی دایکـی هەڵـەنگوت، لـۆرا لـە هـەموو شـتێك تێگەیشـت. ئـەو لەبەرگـەرما یـاری کردبـوو، گـەڕێگی یـاری دۆڕاندبوو، بەڵام هـەر کـۆلی نـەدابوو. چـونکە نەیدەویسـت بـە دۆڕاو بێتـە بەرچـاو، ئەمـە چـیرۆکی ژیـانی وی بـوو. کاتێـك دۆکتـۆر لـە کارەکـەی بـۆوە، هـەتاکو راڕەوەکـە لەگـەڵ لۆرادا هات.

ئەتول گوتی:" ئـەو لەمـەش بـە تـەواوی رزگـاری دەبێـت، ئـەمڕۆ یەکـەم رۆژە کـە لـە گوتنی ئەم قسەیە شك و گومانم نییە."

پاشـــان دوکتـــۆر نیگایـــەکی نیگـــەرانی گرتـــە لـــۆراو گـــوتی:" تـــۆ و مێردەکـــەت حەوتوویەکی دژوارتان بەسەربردووە، ئەو چۆن؟"

"ماندووە و لە پێ کـەوتووە. ناچـارم کـرد ئـەمڕۆ بچـێتە سـەر کارەکـەی، لەبەرئـەوەی دوو باری گرانی لە کۆڵە، کابرای داماو."

"تـۆ هاوسـەرێکی باشـی و ئـەو لـە مبارەیـەوە شانسـی هـەبووە. هیـوادارم قـەدرت بزانێ."

لـۆرا بــه زۆری دەیگــوت بــه سالاچــوون بــه جیــاوك (امتیــاز) دەژمێردرێــت، بــەلام پیاوان و ئافرەتانی تەمەن مـام ناوەنـدی جـاری وایـە هێنـدە بـە پوچـی قسـە دەكـەن، كـە گەنجەكان بە دەگمەن توانای كردنیان هەیە.

لۆرا وەلامی دایەوە:" بەڵێ قەدرم دەزانیٚ."

"زۆر باشــه، ئێســتا كــاتی ئــەوە هــاتووە، كــە تــۆش كــەمێك خــەریكی خــۆت بــی. كــەمێك بخــەوەو هــەولّ بــدە چــەند كاتــژمێرێك لــە نەخۆشــخانە دوور بــی. لــە مــاڵیش مەمێنەوە، بەهەرحاڵ تیمـی تـەواوی دوانیـوەڕۆ دەخـەویٚ و پێویسـتی بـە بـوونی تـۆ نییـە لێرە."

لۆرا نەیـدەزانی كـە چ كارێـك بكـا، بـەلام ئـەم ئامۆژگارییـەی لـە گـوتی گـرت و بـە ئۆتۆمبێـل چـۆوە مالّـیٚ تـا سـەرخەوێك بشـكێنیٚ. كاتێـك گەیشـتەوە مـاڵ، تەلـەفۆن زەنگی لێـدەدا:" سـلاو لـۆرا، مـن مـارگرێتم، مارگرێـت كرافیلّـد، سـەرت گـران ناكـەم، تــەنیا بۆیــە تەلــەفۆنم كــرد تــا هــەواڵی كوڕەكــەت بپرســم. رالّــف رووداوەكــەی بــۆ گێڕاینەوەو ئێمە هەمووشمان نیگەرانین."

"ئێمە پێمان وایـە، یـانی دڵنیـاین كـە ئـەو باشـتر دەبێـت. بـەرە بـەرە، ئێمـە شـەو و نزا دەكەین. بەلام تەواوی رووداوەكە كە بۆ خۆت دەزانی."

"بەڵێ، دەزانم، زۆر باشە، رێگـەم پـیٚ بـدە بپرسـم كـە ئایـا ئێمـە هـیچ كارێكمـان لـە دەست دێت؟"

تەلەفۆنەكـە لـە جێـی خـۆت دانرایـەوەو كـەلێنێكی دروسـت كـرد. لـۆرا لـە مـاوەی چەند رۆژی دواییدا سـەبارەت بـە سـەردانەكەی دووەم جـار بـۆ مـالّی كرافیلّـد پرسـیارێكی نـەكردبوو و هەلّبـەت تـامیش هیچـی بـاس نـەكردبوو. لـۆرا لەسـەر قەنەفـە گەورەكـەی ژووری خــۆ گــۆڕین راكشــا. دۆلابــە تەختــە و نــەخش لەســەر هەڵكەندراوەكــەی دایــە گەورەش لەو ژوورەدا بـوو. ئـەمڕۆ بـەیانی دوكتـۆر ئـەتول هیـوای پێـدا بـوو، هیـوادنێكی كە خەوتنێكی كە زۆر پێویستی پێـی هـەبوو، ئاسـان دەكـرد، بـەلام نەیـدەزانی كـە بۆچـی خەوی لێناكەویٚ. لۆرا بـە تـەواوی بـە خەبـەر بـوو، وێنـەی باڵنـدەكانی سـەر دیـواری كـە لـە فـڕین دابـوون، سـەیر دەكـرد. كەواتـە رالّـف سـەبارەت بـە تیمـی هەنـدێك شـتی بـە بنەمالّـەی كرافیلّـد گوتبـوو. رالّـف، نـەك مـەكێنزی. تـاكو ئـەو كاتـە لـۆرا بـیری لێنـەكردبۆوە و لـە ناكـاو بـیرەوەری ئـەو دیـداری دوانیـوەڕۆ لـە كافتریـا لـە زەینیـدا

زیندوبۆوە. رالفی هاتەوە یاد. هەستی هاوخەمی و دەرك پێکردنەکەی کە بەرامبەر بەو هەیبوو و ئەو ساتە سەیر و سەمەرەیەو پێکەنیناوییە کە تێیدا بە ئاشنایی سەیری یەکتریان کردبوو. ئاخ کە ئەو چەندە بە سۆز بوو. چەند کێشەی هاتبوونە سەر رێگا تا ئەو رێگایە سەخت و دژوارەیان بۆ هەموار بکات. رێك لەو کاتەدا بوو کە دووبارە تەلەفۆن زەنگی لێدایەوە، رالف گوتی:" نیگەرانی کوڕەکەت بووم."

"تیمی سوپاس بۆ خوا کە ئەو لە بەشی چاودێرییە تایبەتییەکان نامێنێت.دۆخەکە زۆر باشتر دێتە بەرچاو. حەوتووی رابردوو لەو کاتەدا."

"دەزانم لە روخساری تامەوە تـوانیم تێبگەم، کە دۆخەکە چەند ئالۆز بووە. ئایا ئەو بە تۆی گوت کە من چەند جار تەلەفۆنم کرد؟"

"ئەو هیچی بە من نەگوت، لەو بە دوورە کە ئەو جۆرە شتانە لەبیر بکات."

"قەیناکە، لە مبارەیەوە هیچی پێ مەڵێ. من ناچار بە کارێکم کرد کە لێی بێزارە."

"کەواتە سەردانی دووەمیشی شکستی هێنا؟ ئەو چەند رۆژەی رابردوو من هەر دەرفەتی بیرکردنەوەشم نەبوو لەو شتانە."

"بەڵێ، ئەوانی تر هەولێیان دەدا، بەڵام تام مەیلێکی ئەتۆی لە خۆی نیشان نەدەدا. بۆیە پێم وایە کە بە شکستی ئاوەزە و بکەین."

"خۆزگە بمزانیایە چ شتێك لە بەرژەوەندی ئێمەدایە."

"رەنگە بتوانین لە مبارەیەوە پێکەوە قسە بکەین. بەڵێ، ئێمە دەبێ قسە لەگەڵ یەکدا بکەین. ئایا ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ کاتت هەیە؟"

لۆرا بۆ ساتێك تووشی دوو دڵی بوو:" ئاخر... من، من دەبێ خواردنی ئێواری ساز بکەم و پاشانیش بگەڕێمەوە نەخۆشخانە."

"مەبەستم چەند خولەکێکە لە کافتریای هوتێل فۆنیکس. من لە بارەگای کەمپەینی هەڵبژاردن لەو بەشەی دیکەی شار کارێکم هەیە."

بەڕاستی لۆرا سەبارەت بە تام پێویستی بە یارمەتی هەبوو.

"زۆر باشە، ئێمە لەوێ چاومان بە یەکتری دەکەوێ. چ کاتێك؟."

"کاتژمێر چوار باشە؟ پێویستیش بەوە ناکات لەوێ یەك ببینین. لەبەردەمی ماڵەکەت سوارت دەکەم. لەوپەری شاریش کارێکم هەیە."

بەڵام ئەمە هەڵــە بــوو. زۆر باشــە ئەگــەر هەڵــەش نــەبوویێت، زۆریــش دروســت نــەبوو، بەڵام نا، ئەوەندە گەمژە مەبــە. خــۆ ئــەوە دیــدارێکی ئەویندارانــە نییــە. تــۆ دەبــێ بزانــی کە رووداوێك بۆ تام و ئــەوانی دیکــە روودەدات، کــە لــەم دۆخــە نالــەبارەدا تووشــی بــوون. لەبەرئەوەی باد چاو و گــوێی بەســەر ئــەو رووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ ئــەو دۆخــە هەســتیارەدا ئەمە باشترین رێگــا بــوو. کەواتــە زۆر باشــە، ئــەو کێشــەیەك دروســت ناکــات. ئــەم کــارە دروستە. لۆرا چــووە حــەمام و ماندویــەتی بــێ تاقــەتی ئــەو رۆژەی لــە خــۆی شووشــتەوە. دنیا هەور بــوو و لەبــەرکردنی بــەرگی کــەتانی ســپی کــەمێك نالــەبار دەهاتــە بەرچــاو لــە بری ئــەوە ئــەو بلوزێــك و تەنورەیــەکی شــین و خۆڵەمێشــی لەبــەر کــرد. رەنگێکــی قــورس کــە لەگــەڵ ئــەو رۆژەدا هاوئاهــەنگی هــەبوو و پاشــان بــە دەســماڵێکی ملــی گوڵــدار گەشاوەیی بەخشییە رەواڵــەتی. کاتێــك کــە لــۆرا ســواری ئۆتۆمبێــل بــوو، راڵــف گــوتی:" کەیفم بەو رەنگانەی دەسماڵی ملت دێت."

"سوپاست دەکەم."

"خۆشحاڵم کە کوڕەکەت ئەمجارەش رزگاری بوو."

"سوپاست دەکەم."

لە ناکاو لۆرا هەستێکی ناخۆشــی هــەبوو. دەیزانــی کــە زیــاد لــە پێویســت بــە فــەرمی هەڵسوکەوتی دەکات. کەسێك کــە ئەوەنــدە قســە لەگــەڵ کردنــی ئاســان بــوو، هاوســەرێك کــە بــاد شــانازی بــە جــوانی هەڵســوکەوت و دابونــەریتی کۆمەڵایــەتی ئــەو دەکــرد، چــۆن دەکرێ ئەوەنــدە لــە خــۆ رازی و لــوت بــەرز بێتــە بەرچــاو؟ دەســتی لەســەر یــەك و لەســەر قاچی دانــابوون، وەکــو کچــێکی گۆشــەگیر کــە لــە نێــو کۆمــەڵێکی نەناســراودا دانیشــێ. یاخود نەخۆشێك کە لە ژووری چاوەڕوانی پزیشکی ددان چاوەڕێی نۆربێت.

لۆرا بــە شــلکردنی دەســتەکانی هەولێــدا لــە دەســتەواژەیەکی ژیرانــە دەربــارەی دوایــین وتاری جۆنسۆن بیر بکاتەوە.

کــە بــە بیســتنی راڵــف پێکــەنی و بۆیــە کەشــوهەوای نالــەبار نێــو چــوو. ئــەوان لــە هوتێــل فــۆنیکس لەســەر هــەمان مێــزی پیشــوو دانیشــتن و هــەمان بابــەتی جارانیــان هێنایە گۆڕێ.

ڕاڵف بە نارەزاییەوە گوتی:" نا، نا، دۆخەکە زۆر باش بەڕێوەنەچوو. لۆرا ئەمە دژوارترین بابەتی یاساییە کە تاکو ئێستا من لەگەڵیدا ڕووبەڕووبوومەتەوە. خۆم بەرامبەر بەم ڕووداوە دڵتەزێنە. خەمبار و لاواز هەست پێدەکەم."

"مارگرێت ئەمڕۆ تەلەفۆنی بۆ ماڵی ئێمە کرد."

"بەڵێ، پێی گوتم کە لە حاڵی تیمی دەپرسێت، بەڵام دڵنیام کە ئەو بەو هیوایە بوو تام تەلەفۆنەکە هەڵگرێت.

ئارتۆر دەڵێ کە ئەو بە هۆی تامەوە ئازارێکی رۆحی و جەستەیی زۆری پێدەگات. کێشی لەشی دابەزیوەو باش ناخەوێ."

"ئەمشەو تەلەفۆنی بۆ دەکەم، بەڵام من ناتوانم تام ناچار بە قبووڵ کردنیان بکەم. من هەوڵی خۆمم داوەو هەرچەندە زیاتر هەوڵم داوە. ئەوم زیاتر لە خۆم تورە کردووە."

ڕاڵف بە شێوەیەکی بیرمەندانە گوتی:" ڕەنگە وا باشتر بێت کە هیچ کام لە ئێمە هەوڵ نەدەین، دەستەو ئەژنۆ دانیشین و بزانین داخۆ چی ڕوودەدات ئەگەر پێوەندی تۆ تان خراپ بێت. ئەو بە تەواوی خەماوی و ناراحەت دەبێ گومانی تێدا نییە، کە ئەویش ئێستا وایە."

"بەڵام تام باوکیشی هەیە."

ڕاڵف لەسەرخۆ ڕستەکەی لۆرای ڕاست کردەوە:" ئەو پێویستی بە دایکیشی هەیە."

دایکی ! دایکی هەمان ئەو ئافرەتەیە کە تەلەفۆن دەکات. کەسێك کە لە ڕەبح و ئازارێکی دژواردا بەسەردەبات. لۆرا لە نێو دەمیدا هەستی بە تامی تاڵ کرد. لێرە دوو ئافرەت لەبەرامبەر یەکتردا بوون و ئەگەریش کەسایەتی ئێستایان نەبوایە، ڕەنگە لێك بێزار بوونایە. هەروەها ئەو کوڕە، واتە بابەتی جیاوازیی نێوانیشیان لە خۆیان بێزار دەکرد. لۆرا کوڵی نێو قورگی بە دژواری قوت دایەوەو گوتی:" دەزانم، بەڵام لەگەڵ باوکیدا زۆر سەیر لێك نزیکن."

ڕاڵف بەسەرسوڕمانەوە گوتی:" پێم وایە مەبەستی تۆ لە ڕووی ڕێبازی سیاسییەوە بێت؟"

"بەڵێ، ئەوان هەردووکیان لایەنگری جۆنسۆنن، گەرچی بە کردەوە باد مەیلێکی ئەتۆی بەرامبەر سیاسەت نییە."

راڵف زەردێکی هاتێ و گوتی:" خۆشەویستی بەرامبەر بە سیاسەت لە نێو خوێندایە. لە بیرمە کە کەسێك گوتی ئەوە نەخۆشی خوێنە."

لە هەموو لایەکەوە دەرگای قسە والا بوو. گفتوگۆ کە ئاراستەیەکی تایبەتی بە خۆیەوە نەگرتبوو. ئەو دووانە هیوا براوانە بە دوای هیلێیکی قسەکردندا دەگەڕان. هێڵی راستەڕێی. لۆرا بە هەست کردن بەمە وازی لە قسەکردن هێنا.

راڵف گوتی:" من بە بەردەوامی لەسەردەمی قۆناغی دواناوەندییەوە خوازیاری بالا دەست بووم. چێژم لە ململانێکانی ژیان وەرگرتووە، گەرچی هەندێك شەڕیشم دۆڕاندووە. گاڵتەجاڕ ئەوەیە کە ئارتۆر کرافیلد لە زۆر کاتدا رکابەری من بووە و هاوکاتیش ئێمە هاوڕێی باش بووین بۆ یەکتری."

"ئێوە پێکەوە گەورە بوون؟"

"بەڵێ، ئەو کاتەش کە گواستمەوە بۆ بەشی باشووری ویلایەت لە یەك جێ دەژیاین. پاشان من کەوتمە بیری کردنەوەی نووسینگەیەکی یاسایی و ئێستا گەڕاومەتەوە بۆ ئێرەو زۆر جاریش چاومان بە یەکتری دەکەوێ." راڵف بە شێوەیەکی جدی درێژەی دا:" ئەوان خەڵکانێکی زۆر باشن، لۆرا."

دایك و باوکی تام. کەواتە ئەوە هەمان هێڵی راستەڕێ بوو، کە راڵف دۆزیبوویەوە. لۆراش دەیویست بەو رێگایەدا بڕوات. زیاتر دەربارەیان بزانێت، لە هەمانکاتدا کە نەیدەویست هیچی تر بزانێت. بەلام وای لێ چاوەڕوان دەکرا، کە وەلامێك بداتەوە، بۆیە گوتی:" زیاتر باسیان بکە، تکات لێدەکەم."

"زۆر باشە، من ئارتۆر باشتر دەناسم. ئەو پیاوێکی بیرمەندە لەو کەسانەی کە دەبوایە بگاتە پۆستی سەرۆکایەتی زانکۆی هارڤارد یان شوێنێکی دیکە. لەو مامۆستا گەورانەی کە تا تەمەنی نەوەو ساڵیش لەوانەیە لە دەوروبەری خۆیان کۆمەڵە قوتابییەکیان هەبێت کە بۆ چوونە نێو پۆلەکەیانەوە هەموو هەوڵێك دەدەن.

رەنگە بەڕاستی ئەو شێوازە ژیانەی هەڵبژاردبێت، بەڵام کاتێك خێزانەکەی لە کاری بازرگانیدا پێویستیان بەوی بوو. چاوپۆشی لە خوێندنەکەی کردو گەڕایەوە بۆ ئێرەو هەرگیز دەمی هەڵنەپچڕی بۆ سکاڵا کردن. ئەو ئێستا فرۆشگایەکی گەورە بەڕێوەدەبات و بەڕێوەبەرێکی زۆر لێوەشاوەیە."

"بەسەرهاتنێکی سەرنجڕاکێشە."

"بەڵێ، هەروەها کەمێکیش خەماوی، بەڵام ئارتۆر هەرگیز رێگە نادات کەسەر دزە بکات نێودڵییەوە دەبوایە کەسێك بەرپرسیاریەتی بازرگانی خێزانێك بگرێتە ئەستۆ کە بە ئارەقەی نێو چاوان بە دەست هاتبوو. گوێت لێبوو کە گوتم چۆن دەستی پێکرد. وەکو زۆربەی فرۆشگا چەند نهۆمییە گەورەکان لەم وڵاتەدا. جوولەکەیەکی کۆچبەر کە گوندە دوورە دەستەکانی خاتە ژێر پێوە تا کەلوپەلەکانی بفرۆشێت.

زۆرباشە، باوکی مرد. دایکە بێوەژنەکەی بە سێ منداڵەوە بە تەنیا مابۆوە کە دووانیان هێشتا دەچوونە قوتابخانە و سێهەمیشیان بێوەژنێکی گەند بوو بە چوار منداڵەوە، بەبێ ئەوەی هیچی لە مێردەکەیەوە بە میرات بۆ بەجێمابێ. بۆیە ئارتۆر بەرپرسیاریەتی بنەماڵەکەی گرتە ئەستۆ.

لۆرا پرسی:" ئەی مارگرێت؟"

"ئۆهو، مارگرێت خاتوونێکە بە تەواوی ماناوە، ئەو زۆر ئەهلی خوێندنەوەو موتاڵا نییە، بەڵام بۆ خۆی کەسایەتییەکی دڵگیر و دڵخوازە. من ئەوان بە ژن و مێردێکی تەواوکەر و بێ وێنە دەزانم.

من و ئارتۆر شەوێك لە ماڵێ کەسێك میوان بووین، کە ئەوان پێکەوە ئاشنا بوون. میوانداریەکی گەرم و قەرەباڵغ بوو و زۆر خۆشمان رابوارد. لە ناکاو مارگرێت هاتە ژوورێ، ئارتۆر نەیدەتوانی چاوی لەسەر هەڵگرێت. هەمان کات ئەو دووانە هەستێکیان بۆ دروست بوو، کە وەکو تەزووی کارەبا وابوو.

نائاسایی و داچڵەکێن. شەش مانگ دوای ئەوە زەماوەندیان کرد. "رالف بە وەبیرهێنانەوەی بیرە وردییەکان لە دوورە دەست راما:" من

هەمیشە پێموایە ئەمە ئەو شێوازەیە کە حەز دەکەم زەماوەند بکەم. یان بەو شێوەیە یان هیچکات. حەزدەکەم وا هەست بکەم کە ئەو هەمان کەسە، تاکە کەس. ئەگەریش نەتوانم ئەوم هەبێت وا باشترە کە ئاراستەی ئێستای ژیانم درێژە پێ بدەم.

پێموایە و دڵنیاشم کە ئەوە شێوازی دروستی زەماوەندە. ڕەنگە زیاد لە پێویست خەیاڵاوی بم. پێتوایە وابم؟"

لۆرا بە بیری هاتەوە، کە ئەویش پێی خۆشبوو بەو شێوازە زەماوەندی بکات. هەستێکی بێخەوشی لە ئاشتی نەهاتوو، یان ئاوا یان هیچکات. ئەو بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە:" پێم وانییە هەڵسەنگاندنی تۆ نالۆژێکی یاخود هەڵە بێت..

"خۆشحاڵم کە وا بیردەکەیەوە. ئارتۆر و مارگرێتیش هەروا بیردەکەنەوە."

لێرەدا هەڵدەستەیەك ڕوویدا کە چاوەکان تێك هەڵەنگوتن و هەروا کە راڵف فینجانە قاوەکەی بۆ سەرێ و بۆ لای لێوی دەبرد، لۆرا بە شەرمەوە سەیری شوێنێکی دیکەی کرد.

"من قاوە زۆر دەخۆمەوە، نازانم چی لێبکەم. کەمپەینی هەڵبژاردن بۆ سەلامەتی زیان بەخشە. شەوانە تا بەو درەنگانێك بە خەبەرم.

میوانە فەرمییەکانی نان خواردنی ئێواری، خواردنی چەور و سوورکراوە، قاوە، بەڵام بەداخەوە کە دەبێ پێتان راگەیەنم کە لە هەمووان بەسەلامەتی دەردەچم."

"بارودۆخەکە چۆن چۆنی بەرێوەدەچێت؟ من ئەم حەوتووە ئاگام لە هیچ نەبووە. لەو کاتەوە دەکرێ شەرێکی جیهانی دەست پێ کردبێت."

"ئێمە تاکو ئێستاش لە پێشیانەوەبن، بەڵام بە گوێرەی راپرسییەکان، رێبەرانی کەمپەنیی ئێمە کەمێك کەمتەرخەمی دەکەن. جۆنسۆن رکابەرێکی بەهێزە، با راستیەکت پێ بڵێم.

ئەو قسەزانێکی بەرجەستە و زۆر قۆزە، ئافرەتان سەرنجیان بۆلای رادەکشێت."

"مەرج نییە، هەموو ئافرەتێك كەیفی پێ نایە."

ئـەو روخسـارە لـە خـۆ باییـە بـە كـەڵك رێكلامـی كەلوپـەلی ریـش تاشـین و كەلوپـەلی تەندروسـتی پیاوانـە دێـت. لـە كاتێكـدا كـە ئـەو پیـاوەی كـەوتبووە ئـەو سـەری مێزەكـە، بـەو دەمووچـاوە درێـژ و گـران و سـەنگینەیەوە، ئـەو لوتـە گـەورە و چـاوی ورد و بەسـۆز و دزەكـەرەوە.... زۆر باشـە، لـە بیركردنـی ئەستەم بوو.

لـۆرا لـە ناكـاو گـوتی:" ئەگـەر بارودۆخەكـە بـە باشـی بەڕێوەبچـێت، هەركـە تیمـی گەڕایـەوە مـاڵ و كـەمێكیش دەرفـەتم وەگیركـەوت و دووبـارە دەگەڕێمـەوە بـۆ بارەگـای كەمپـەرینی هەڵبـژاردن و بـۆ سـەركەوتنی تـۆ لـە هەڵبژاردندا یارمەتیت دەدەم.."

"تـۆ بەدەسـتێك چـەند گنـدۆرە هەڵـدەگری؟ دایـك؟ سیاسـتمەدار، ژەنیـاری پیانۆ و چەند شتێكی تر.."

لـۆرا تێگـەیی كـە ئـەو وشـەی هاوسـەری لـە خەسـڵەتە بەرجەسـتەكان نەهێنایـە هـەژمار و بەرلـەوەی وەڵامێـك بداتـەوە، رالـف درێـژەی دا:" بـەم دواییانـە سـەبارەت بە تواناكانی تۆ لە بواری مۆسیقادا كۆمەڵە شتێكم بیستووە.

یـەكێك لـە هاوپشـكەكانم لـە میواندارییەكـدا شـایەدی پیـانۆ ژەنینـی تـۆ بـووە و بەسـەختی كـەوتبووە ژێـر كاریگەرییـەوە. ئـەو شـێوازێكی سەرسـوڕهێنەر نـیم، تـەنیا زۆر باشـم، بـاش، بـەو رادەیـەی كەوانـە بـە قوتابیـانی پیـانۆ بڵێمـەوە، بـەڵام شـتێك لەمـە زیـاتر نـیم، بـە هـەر حـاڵ چـێژ لـە پیشـەكەم وەردەگـرم و بـێ سـەبرانە چـاوەڕێی هـاتنی مـانگی ئـەیلول و دەسـتپێكردنەوەی وانەكانم."

هەمدیسـان هەڵوەسـتەیەكیتریش هاتـە پـێش. چـاو لێـك هەڵنـەگوتن و هـەردووكیان تەماشـای شـوێنێكی دیكـەیان كـرد، رالـف وەكـو ئـەوە بیـەوێ كەلێنێك پڕ بكاتەوە، بەپەلە گوتی:

"پـێم بڵـێ چـۆن دەسـبەكاربووی و لـە كـوێ بەشـداری خـولی راهێنانـت كردووە؟"

لــۆرا لــە رووی کاتــەوە لــە تــەنگنا دابــوو. ماڵــێ، خــواردن دروســتکردن و نەخۆشــخانە، ئەمانــە هــەمووی چــاوەڕێی بــوون، بــە جووڵەیــەکی بچــووکی دەســتی ســەیرێکی کاتــژمێرە دەســتییەکەی کــرد. نیــو کاتــژمێر بەســەرهاتنیدا تێپــەڕیبوو:" پــازدە خولــەکی دیکــەش دەمێنمــەوەو پاشــان هەڵدەســتم." ئــەو بــەڵێنی بــە خۆیــدا. تــەنیا خولەکــەیێکیش ســەبر ناگرێــت و بۆیــە لــۆرا ســەبارەت بــە یەکــەمین وانــەو ئــەو پیــانۆ گەورەیــەی کــە پــوورە گــەورە و ئازیزەکــان بۆیــان کڕیبــوو، دەســتی بــە قســە کــرد. پاشــان وانــە پێشــکەوتووەکان و تــەواوی بەسەرهاتەکە.

راڵفــیش چــیرۆکی ژیــانی خــۆی گێڕایــەوە:" لــە کۆلێــژ بــۆ ماوەیــەك حــەزێکی سەیرم بەرامبەر گیتاری کلاسێکی پەیدا کرد.

تەنانــەت لــە وەرزێکــی هاوینــدا ســەفەرم کــرد بــۆ ئیســپانیا و تــا لــەوێ بەشــداری لــە خــولی راهێنــان بکــەم. مــن شــێت تــرین مامۆســتای مۆســیقام هــەبوو. ســەیر و نائاســایی و گاڵتــەجار و لــە هەمانکاتیشــدا ئاقــڵ و زانــا. ئــەو لــە مۆســیقای کلامینگــۆدا مامۆســتا بــوو. شــێتێکی مۆســیقاو منیشــی شــێت کرد. ئەوە ئەو ئاگرە بوو، کە کەوتە نێو خوێنمەوە."

بۆیــە ئــەوان دیســان درێــژەیان بــە قســەدا. هــەردووکیان ســەریان ســوڕما کــە لــە یــەکتردا کەســێك دەبیــنن، کــە بەڕاســتی زۆر شــتی دەربــارەی مۆســیقا دەزانــی. شــتێك بــەرزتر لــە ئــەو بێهــەڵاگوتن و ســتایش کردنــە هەمــە لایەنــە رواڵەتییەی کەسانێك لە هونەرە گەورەکانی مرۆڤ.

راڵف پرسی:" ئایا تا ئێستا سەفەری دەرەوەی وڵاتت کردووە؟"

کــاتێکیش کــە لــۆرا گــوتی نــەیکردووە، ئامۆژگــاری کــرد:" تــۆ دەبــێ بچــییە ســەفەر بەڕاســتی پێویســتە. دەبــێ مۆســیقای مــۆترات لــە ســاڵژبۆرگ یــاخود ســەمفۆنیای بنهــۆڤن لــە ڤیــەننا گــوێ لێ بگــری. ئــامو، زۆر باشــە، دەزانم مــن لە رادەبەدەر خەیاڵیم. ناتوانم جگە لەوەبم."

لۆرا زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:" بەڵام ئەمە ناواسایی نییە."

لــۆرا دەســتەکانی خســتبوونە ســەر مێزەکــە، تیشــکی گڵۆپەکــە کەوتــە ســەر کاتژمێرە دەستییەکەی و تووشی سەرسوڕمانی کرد.

چەند خولەك ببوو بە كاتژمێر و نیوێك. لۆرا هاواری كرد:
" دەزانی سەعات چەندە؟"
"داوای لێبووردن دەكەم، تاوانی من بوو، هەر ئێستا دەتگەیەنمەوە ماڵێ."
لە نێوان رێگادا بێدەنگییەیەك زاڵ بوو، بێدەنگییەك كە لە رادەبەدەر قوڵ و بەئازار بوو. لۆرا دەبوایە بە شێوازێك ئەو بێدەنگییە بشكێنێ:" ئێمە دەمانویست كێشەی تام چارەسەر بكەین، بەلاّم هیچ كارێكمان نەكرد."
تێپەڕینی زەمان چارەسەری دەكا، جا باش بێت یان خراپ.
هەمیشە هەر وایە، بەلاّم پێویستە تام لەمبارەیەوە بڕیارێك بدات. هیچ كەس ناتوانێ لە جیاتی ئەو وەها بڕیارێك بدات."
لۆرا دووبارەی كردەوە:" سەرەنجام باش یان خراپ؟"
راستگۆیانە پێم بڵێ تۆ سەبارەت بەو چۆن بیردەكەیەوە؟"
راڵف لە رووی ناچارییەوە تەماشایەكی كرد و گوتی:" بەهیچ جۆرێك نازانم، بەلاّم نا دەزانم، ئەوەی كە بەهەرحاڵ بۆ تۆ دەبێتە كێشە. هەرچەندە تام زیاتر پشت بەست و بێت بە تۆ، گوشاری بنەماڵەی كرافیلدی لەسەر زیاتر دەبێت.
ئەو لە قبوولكردنی ئەو بابەتە ئازار دەچێژێ. ئەگەر شانسی هەبێت، كە بە بۆچوونی من ئەگەری زۆر كەمە، رەنگە بەرەو لای ئەوان بكێشرێت. من لەمە زیاتر هیچی دی نازانم."
لۆرا هیچ وەلاّمێكی نەدایەوە. لە دەستدانی تامی ئازیزی، ئەو كوڕە ژیكەڵە دەم بە پێكەنینە و گەشاوەیە، ئەو كوڕە ئازاری هەشت ساڵە، ئەو خوێندكارەی ئامادەییە، كوڕێك كە بۆ رۆژی لە دایكبوونی هۆنراوەی بەسۆزی بۆ دەنووێنێ، تەنانەت ئەو پیاوە گەنجەش كە وتاری ئازاردەر لەو هەواڵنامەیەدا دەنووسێ لە رادەبەدەر خەماوی بوو. لۆرا بە ناڕەحەتییەوە گوتی:" خۆزگە رێگایەكی مام ناوەندی هەبوایە."
"ئەمە ئەو شتەیە كە ئومێدم پێیەتی."

کاتێــك کــە ئۆتۆمبێلەکــە لەبــەردەمماڵــێ ڕاوەســتا، خــەریك بــوو بیرێکــی هەڵــەی دیکــە بەشــێوەی وشــە لــە دەمــی بێتــەدەر: چ کــەی دووبــارە دەتبێنمــەوە؟ تــۆ کــە ئەوەنــدە لــۆژێکی و دڵگــیری. تــۆ وەهــا پیــاوێکی، حــەز دەکــەم دووبــارە چاوم پێت بکەوێتەوە، بەڵام یەکسەر ویژدانی خۆی سەرکۆنە کرد:

لۆرا رایس تۆ گەمژەیەکی شێت، چۆن دەتوانی بیرێکی وەها بکەیتەوە؟

راڵــف گــوتی:" هیــوادارم کــە کــاتێکیتر کــە ســەر لــە بارەگاکــەمان دەدەم، تــۆ لــەوێ بــەدەم کارکردنــەوە بیــنم. ئــەوە بــەو مانایــەی کــە حــاڵی تیمــی بــەرەو باشــی دەڕوات."

راڵــف بــە پێکەنینــەوە درێــژەی دا:" بــە هــەر هاوکــاری کردنێکــت خۆشــحاڵ دەبم."

ئــەو هــەر وا کــە لــۆرا لــە ئۆتۆمبێــل دادەبــەزی، زیــادی کــرد:" بەداخــەوە کــە نــەماتوانی کێشــەی تــام چارەســەر بکــەین لــۆرا، دەکــرێ قســەکانی منــی پــێ بڵێی؟"

"بــەڵێ، وا دەکــەم، هــەروەها بــۆ هــەموو شــتێك سوپاســت دەکــەم، ئــەوەی کــە بــۆ چارەســەرکردنی کێشــانە هــەوڵ دەدەی. تــۆ هــاوڕێی، هاوڕێیــەك بــۆ هەموو ئێمە."

لــۆرا کلیلــەی لــە قوفڵەکــەدا بــادەدا، کــە دەرگــا کرایــەوەو بــاد ڕووبــەڕووی ڕاوەستا:" خوایە گیان، تۆ لە کوێ بووی؟ ئەوە کێ بوو هێنایەوە ماڵێ؟"

"راڵف مەکێنزی."

" راڵف مەکێنزی؟ لێرە چ باسە لۆرا؟ مەسەلە چییە؟."

لــۆرا بــە دەربڕینــی تاکــە وشــەیەکیش بــەرەو لای ژووری چێشــت لێنــان هــەنگاوی نــا، بــاد ڕێگــەی پــێ گــرت، بــەڵام لــۆرا وەڵامــی خســت و ڕەت بــوو. پاشــان گــوتی:" مەســەلەیەك لــە ئــارادا نییــە. مــن بــۆ کەمپــەینی هەڵبــژاردن چالاکی دەکەم.

تــۆ دەزانــی کــە مــن دژی جۆنســۆنم و قــەتیش هــەوڵم نــەداوە ئەمــە بشــارمەوە، ئێســتاش دەمــەوێ لــە مــاوەی پــازدە خولەکــدا شــتێك بــۆ ئێــوارێ لێنێم و پاشان بگەڕێینەوە نەخۆشخانە."

"بـــــەڵێ، دیـــــارە ئێمـــــە کـــــوڕێکی نەخۆشیشـــــمنان هەیـــــە؟ بـــــەڵام هەڵبژاردنەکانی مەکێنزی لەوە گرنگترە."

"ئەمــە ویژدانانــە نییــە، بــاد، مــن لــە کاتــژمێر هەشــت و نیــوەوە تــا کاتــژمێر یــەك دوانیــوەڕۆ لــە لای تیمــی بــووم. ئــەوە دوکتــۆر ئــەتول بــوو، کــە گــوتی واباشــترە، کــە مــاوەی چــەند کاتــژمێرێك لــە نەخۆشــخانە دەرچــم. لەبەرئــەوەی تەندروستی تیمی زۆر باشترە."

بـــاد لەبـــەردەم ژووری چێشـــت لێنـــان راوەســـتابوو و تەماشـــای دەکـــرد. لـــۆرا ئـــەو خواردنـــە ســـاردەی کـــە بـــەیانی لێـــی نـــابوو، لەبـــەفرگر هێنایـــە دەرێ و خـــەریکی ســـفرە راخســـتن بـــوو، هـــەرجارەی کـــە دەســـوڕایەوە، هەســـتی بـــە قورســـایی نیگـــای بـــاد دەکـــرد لەســـەر شـــانەکانی. بـــیری لـــە گونـــاه ســـوڕی خـــوێنی خێرا کردبوو، بەجۆرێك کە لە گەردەنیدا هەستی بە گەرمییەکەی دەکرد.

بـــاد پرســـی:" چـــۆن گەیشـــتییە ناوەنـــدی شـــار، خـــۆ تـــۆ ئۆتۆمبێلەکـــەت لـــە گەراج دایە؟"

"راڵـــف تەلـــەفۆنی کـــرد و پرســـیاری تەندروســـتی تیمـــی کـــرد، بەڕاســـتی ئـــەو پـــەڕی لوتـــف و خۆشەویســـتی نیشـــان دەدات. مـــن کـــە وای بـــۆ دەچـــم و پـــاش ئـــەوەی کـــە باســـی مـــەیلی خـــۆمم کـــرد بـــۆ هاوکـــاری کـــردن لـــە هەڵبژاردنەکانـــدا، پێشـــنیاری کـــرد کـــە بـــە ئۆتۆمبێلەکـــەی خـــۆی بمگەیەنێـــتە ئـــەوێ، لەبەرئـــەوەی وەکـــو دەگـــوترا هـــەر لـــەم نزیکانـــە بـــوو... لـــۆرا بـــەم شـــێوەیە رســـتەکەی خـــۆی راست کردەوە.

"ئۆهـــو، بـــەڵام دەبیـــنم کـــە کـــەمێك دەموچـــاوت ســـوور بۆتـــەوە، ئایـــا چـــاوی تێبڕیبووی؟"

"ئەگـــەر دەموچـــاوم ســـوور هەڵگـــەڕاوە لەبەرئەوەیـــە کـــە قســـەکانی تـــۆ زۆر گەمژانە دێنە بەرچاو.."

ئێســـتا درۆ، رێگـــای خـــۆی نـــا، نێـــو چـــاوانی وی پەیـــدا کردبـــوو، بـــەڵام ئەمـــە درۆ نـــەبوو. ئایـــا درۆ بـــوو؟ لـــە راســـتیدا ئـــەو شـــەڕە لەســـەر هـــیچ بـــوو. لـــۆرا لـــە دڵی خۆیدا بیری کردەوەو گوتی:

"راڵف هاوڕێی ئێمەیە، باد."

"چ هاوڕێیەکی بەسۆز، هاوڕێیەکی راستەقینەی خێزانەکەمان!"

"بەو شێوەیە خۆت تێك مەدە، ئەو بەڕاستی هاوڕێیە. ئەو بۆ یارمەتیدانی تام، لەگەڵ گرفتی زۆردا هەڵی کردووە."

"تام پێویستی بە یارمەتی وی نییە. ئێمە پێویستیمان بە یارمەتیدانی هیچ هاوڕێیەك نییە. مەکێنزی یاخود بنەماڵەی کرافیلد، بەو تەلەفۆن کردنانەو دیارییە نەفرەت لێکراوانەیان. ئەو بیژوانە، نەفرەت لە هەموانیان بێت."

"باسی کام دیاری دەکەن؟"

"تام دیارییەکی پێ گەیشتووە، کتێبێکی گەورە سەبارەت بە زانیارییەکانی ئەستێرە ناسی. چۆن ئەو گەمژەیە زانی کە تام حەزی لە بابەتی گەردوون ناسیە؟ نازانم، رەنگە ئەو کوڕە لە ماڵی ئەوان شتێکی گوتبێت. بەهەر حاڵ ناڵێ. ئەو چۆتە ژوورەکەی و ئەو شتەی لەسەر مێزەکەی فڕێداوە.."

کتێبەکە هەروەکو خۆی چۆی پێچراوە لە نێو بەستەکەیدا بوو و، نوسخەیەکی دەگمەن بوو. سەدان لاپەڕە کە کۆمەڵە بابەتێکی لە خۆگرتبوو، کە بریتی بوو لە خشتەو وێنە و وێنەی کێشراو و جگە لەمانەش کارتێکی سادەی لەسەر بەرگەکەی دەبینرا:

"پێشکەشە بە تامی ئازیز لە لایەن مارگرێت و ئارتۆرەوە. هیوادارین چێژ لە خوێندنەوەی وەربگری."

لە لایەن مارگرێت و ئارتۆرەوە بۆ کوڕی خۆیان. کاغەزە دڕاوەکەی کە کتێبەکەی تێدا پێچرابۆوە نیشانەیەکی خەماوی بوو. کتێبەکە لە کاتی کڕینییەوە بە نەفرەت لێکراو دەهاتە بەرچاو. ئەو شتانەی کە بیرەوەری تاڵ زیندوو دەکەنەوە.

باد گوتی:" نەفرەتیان لێبێت، ئەوان چۆن بیردەکەنەوە، ئەوەی کە حەز و هەستی وی بکرن؟ ئەگەر کوڕی من پێویستی بە کتێب بێت، پێموایە توانای کڕینیم هەیە."

ئەوسا لە بەرزایی مێزەکەڕا فڕێی دایە خوارێ، کتێبەکە لەسەر ناوەڕاستی زەوی کرایەوە.

لۆرا هاواری کرد:" ئاخ خۆ تۆ تێکت دا، تۆ لە بەربەرەکانیش خراپتری، چۆن دەتوانی کاری وابکەی؟"

"بۆ نەیکەم؟ تام ئەم زبڵەی ناوێ، ئەو کتێبە فڕێدە یان ببەخشە بە کەسێك. ئەگەر پێویستی پێ بو ئەوە دانەیەکی دیکە بۆ دەکڕم."

لۆرا هیچی نەگوت. ئەو تووڕە بوو، بەڵام گرنگتر لە دەربڕینی رق و تووڕەیی ئەوەبوو کە بچێتە سەرمێزی خواردن و لە پاش نان خواردن بەرەو نەخۆشخانە بەڕێکەوت. ئەوان نانی ئێوارەیان لە بێدەنگیدا خوارد. رۆحی ژیان رۆژ بە رۆژ زیاتر لە گیانی تیمیدا زیندوو دەبۆوە.

ناوەڕاستەکانی حەوتووی دووەم، لە کاتێکدا کە هێشتاش کانولەی لە دەستی دابوو، لە نێو جێگا هاتە دەرێ و زۆر لەسەر خۆ تا خوار راڕەوەکە پیاسەی کرد. پاشان کانولەکەیان لە دەستی دەرهێنا. ئێستا دەیتوانی قاچەکانی بجوولێنێ و تەواوی رێگاکە تاکو ژووری کۆتایی راڕاوەکە بڕوات.

دواجار کەمێك هاتەوە سەرخۆ کە نیشانەی ئەوەبوو باشتر بوو. تیمی بە پەژارەوە دەیگوت:" زۆر لێرە وەڕز بووم، لێرە بێزارم، لە مێژە هیچ یەك لە هاوڕێکانم نەدیتووە، من پەرۆشی ئیرێلیشم."

دوکتۆر ئەتول لە کاتێکدا کە چاوی لە دایك و باوکی دادەگرت، دەیگوت:" دەمەوێ چەند رۆژێکی دیکەش لێرە بی تاکو چاودێریت بکەین. ئەو منداڵانە لە دیتنی تۆ لە دووشەممەی حەوتووی داهاتوودا بە هەمان ئەندازە خۆشحاڵ دەبن کە ئێستا."

"ئێ، بەڵام من ئێستاش نیگەرانی ئیرێلم.."

"ئیرێل کێیە؟"

"سەگەکەم."

دوکتۆر دووبارە چاوی هەڵتەکاندو گوتی:" دڵنیام کە دایکو باوکت بە باشی ئاگایان لێدەبێت، لە لایەکیتریشەوە ئەوان تۆو براکەتیان بەباشی

گــەورە کــردووە، کەواتــە ئاگــاداری کــردن لــە ســەگێك کــارێکی هێنــدە قــورس نییە."

لــۆرا بــۆی روونکــردەوە:" بــەڵێ، لەڕاســتیدا تــام بەرپرســی پاراســتنی ئیرێلــە. ئــەو هــەموو رۆژێــك ســەگەکە دەبــات بــۆ گــەڕان. تیمــی. هــەروەها هــەر خواردنێکیش پێویست بێت دەیداتێ.."

کاتێــك کــە تیمــی نــەخۆش دەکــەوت، لــۆرا لــە بــیری دەچــوو، کــە ئــەو منــداڵێکی تەمــەن یــازدە ســاڵانە. دایکــی ئــەوی وەکــو کــوڕێکی بچــووك دەدیــت و حەزی لێبوو بە هەمان شێوە قسەی لەگەڵدا بکات.

دوکتــۆر بــە ئاگادارکردنــەوەوە گــوتی:" ئەوســا کاتێــك کــە دەگەڕێیــەوە ماڵــێ دەبــێ بــە ئیرێــل و هاوڕێکانــت بڵێــی کــە لــە حەوشــەدا لــە تــەکت دانیشــن و لــە تــەواوی حــەوتوودا جگــە لــە دانیشــتن و قســەکردن هــیچ شــتێکی دیکــە نەکــەن. دوای ئــەوە تــۆ دەتــوانی لــە هــەوای فێنکــدا بەرەبــەیان یــاخود شــەو کــەمێك پیاســە بکــەی. نامــەوێ جــارێکیتر تــۆ لــەم نەخۆشــخانەیە ببینمــەوە، میستەر تیموتی رایس، گوێت لە قسەکەم بوو؟"

لــۆرا زەردەخەنەیــەکی کــرد، ئــەو هاوهــەنگاو لەگــەڵ ئــەو شــێوازە نیــوە جدییە و نیوە گاڵتەیە بەرەو پێش دەچوو.

ئەمــە خــۆ خافڵانــدنی رۆژ و مایــەی دڵخۆشــی کــاتی ئــەوان بــوو. هەرچــەندە ئــەوان دەیــانزانی کــە تیمــیش رۆژێــك وەکــو پتێــر کرافیڵــدی بــرای دەگەڕێتــەوە بــۆ نەخۆشخانەو دەفتەری ژیانی بە هەمان شێوە خەماوییە دادەخرێت.

لــە ژوورەکــەی تیمیــدا، لەســەر مێزەکــەی پــەنا قەرەوێڵەکــە، دەرمانــەکان لــە رێزێکــدا لــە تەنیشــت پــەرداخێك ئــاو و ســوراحییەك لەســەر یــەك دانرابــوون. ســیلەندەری ئۆکســجین لــە سوچــێك، لــە تەنیشــت پەنجــەرە دانرابــوو و ئامــادەی دەگەڕخستن بوو.

هــیچ شــتێك نــەگۆڕابوو، بــەڵام دەبوایــە ماوەیــەکی پــێ بچــووبایە تــا حاڵەکــە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی.

**لــۆرا لــە دڵــی خۆیــدا بــیری کــردەوە، ئێمــە لــە ســەفەرێکی دوورو مەترســیدار را گەڕاوینەتــەوە. ئــەو ســەربازی کــە لــە توندوتیــژی و تــۆقینی گۆڕەپــانی شــەڕ**

**دەگەڕێتەوە، دەبێ هەمان هەستی هەبێت. لە نێوان ئەواندا جۆرە کێشێکی دەمارەکانی مێشك هەبوون پێکەنینی لە ناکاو،** کاتێك کە هیچ قسەیەکی پێکەنیناوی نەدەکرا، یاخود نیگای توند و رقاوی کە لە پاش تیمییەوە سەیری یەکیان دەکرد، یاخود کۆمەڵە پرسیارێك بێ ئەوەی وشەیەکیش لە یەکتری بپرسن. گەرچی ئێستا لە ماڵێدا دەنگی وی بەرگوێ دەکەوت، بەلاّم هیچ کەس هەستی بە رەزامەندی نەدەکرد.

تیمی لە دەرەوەی ماڵ لەسەر یەکێك لەو کورسییە گەورانە لێی راکشا، لە سێبەرەوە بۆ بەرخۆر و دووبارە دەگوازرایەوە بۆ سێبەری کتێبی دەخوێندەوە، وێژینگی دەبرد، گوڵی بۆ ریکۆردێرەکەی گیرفانی رادەگرت و لەگەڵ ئیرێلدا قسەی دەکرد، کە بە زۆری بە دوای سمۆرەیەك دەکەوت و پاشان دەگەڕایەوە شوێنی حەسانەوەی بۆ بن قاچی تیمی. لە کۆتایی حەوتوودا کە هەوا رووەو فێنکی دەچوو، تیمی بۆ یەکەمجار کەمێك لە دەوروبەر بە پێیان رێی کرد. هەرچەندە دانی بەو مەسەلەیەدا نەدەنا، بەلاّم ئەو هەوڵدانە زۆری ماندوو دەکرد، هەروەها ناچار نەبوو بە زۆرەملێ بنێرنە نێو جێگای نووستنەوە، ئەوان کە دەنگی کۆخەی یەك لە دوای یەکی ئەویان دەبیست، هەستیان بە دڵەڕاوکێ دەکرد. تام نیگەران بوو:" دڵنیان کە چوونە دەرەوەی ئەمشەوی من کێشەیەك دروست ناکات؟

ئاخر رەنگە پێویستی بە من هەبێت؟..

لۆرا بە پێداگرییەوە گوتی:" نا، نا، ئازیزم، بڕۆ. ئەگەر پێویستیشمان پێت بێت، بۆ ماڵێ ئێدی بەدواتدا دێین، بەلاّم پێویستیمان پێت نابێ، بڕۆ..

کاتێك دەرگا لە پاش تامەوە داخرا، باد گوتی:" ئەم کوڕە شازادەیە. لەبیرتە لە ژووری نەخۆشخانەی فریاکەوتن چەندە راڕاو نیگەران بوو. بۆ ساتێکیش تیمی بی جێ نەدەهێشت."

"بەڵێ، لە بیرمە... لۆرا دەیویست پرسیارێك بکات، بەلاّم نەیدەکرد. ئەوەی کە ئایا بەم دواییانە دیتوتە کە چەندە بێ تاقەت و پەرێشانە؟ باد گوتی:" کەسایەتی، گران و سەنگینی، لێهاتوویی، پشوودرێژی. ئەمانە لە

خـــوێنی دایـــه. زۆر باشـــه ئـــه‌و خـــوێنی باشـــی لـــه دوو لاوه بـــه‌میرات وه‌رگرتـــووه. خوێنی تۆو خوێنی من، که‌سانی به‌هێز و به ده‌سه‌ڵات."

ئـــاخێکی درێـــژ لـــه ســـینگی لـــۆرادا خنکـــا. بـــاد دووبـــاره بـــه حاڵـــه‌تێکی گوشاده‌وه گوتی:

**"به‌دڵنیاییـــه‌وه ئێـــدی چـــه‌ند کچێکیشـــی بـــۆ میوانـــداری بانگێهشـــت کـــردووه. به‌هـــه‌ر حـــاڵ ده‌زانم. کـــه تـــامی ئێمـــه‌ش لـــه‌م ده‌وروبه‌رانـــه کچـــێکی لـــه‌بن ســـه‌ریدایه. هیـــوادارم کـــه‌وا بێـــت و، کاتیشـــی هـــاتووه. نـــۆزده ســـاڵ، بـــه‌ڵێ، ئه‌وه‌نده پیرنیم که له‌بیرم نه‌بێت مرۆڤ له نۆزده ساڵیدا چ شتێکی هه‌یه.**

**ئه‌و کچه‌ی وێنه‌که‌ی له چوار چێوه‌دایه له‌سه‌ر مێزه‌که خراپ نییه...**

**پاشان له‌به‌رخۆیه‌وه پێکه‌نی و گوتی:" سه‌رنجت داوه‌تیێ؟"**

**"بـــه‌ڵێ ســـه‌ره‌نجم داوه‌تـــیێ.. ئـــه‌و کچـــه‌ی کـــه لـــه‌و هه‌واڵنامـــه نـــه‌فره‌ت لێکـــراوه‌دا کۆمه‌ڵـــه شـــتێکی ده‌نووســـی. به‌درێـــژایی ســـاڵ وێنه‌کـــه لـــه چـــوار چـــێوه‌دابوو، که‌واتـــه ده‌بـــێ پێوه‌نـــدی ره‌حییـــان زۆر جـــدی بێـــت. لـــۆرا بـــۆ خۆشـــی ئه‌وه‌نـــده پیرنـــه‌بوو کـــه لـــه‌بیری نـــه‌بێت گـــه‌نجی نـــۆزده ســـاڵ چ هه‌وایـــه‌کی له‌ســـه‌ری دایه. ئه‌مجاره‌یان ئاخی له سینگی هاته‌ده‌ر.**

بـــاد بـــه میهره‌بانییـــه‌وه گـــوتی:" تـــۆ مانـــدووی و منـــیش مانـــدووم، کـــاتی ئه‌وه هاتووه که کێشه‌کان له‌بیرببه‌ینه‌وه و که‌مێك پشوو بده‌ین..

کاتێـــك بـــه راڕاوه‌کـــه‌ی نهـــۆمی ســـه‌رێدا تێپـــه‌ڕ ده‌بـــوون، تیمـــی له‌ســـه‌ر قه‌ره‌وێڵه شه‌وشاری له‌گه‌ڵدا کردن:" شه‌و شاد دایه، شه‌و شاد بابه..

ده‌نگـــی حاڵـــه‌تی گنـــی هـــه‌بوو کـــه بـــه زۆری هاوکـــات له‌گـــه‌ڵ په‌ره‌ســـه‌ندنی نه‌خۆشـــییه‌که تێیـــدا دروســـت ده‌بـــوو. هـــه‌ر گۆڕانێـــك بـــه ده‌نگیـــدا زۆر روون و ئاشـــکرا بـــوو. هـــه‌روا کـــه بچـــووکترین گـــۆڕان لـــه کۆخه‌که‌یـــدا ئاشـــکرا بـــوو. چ شـــه‌و گـــه‌لێك کـــه ئـــه‌وانم لـــه کـــاتی نووســـتن و بـــێ خه‌ویـــدا، هێـــز و راده‌ی دووباره‌بوونـــه‌وه‌ی کۆخـــه‌کانی ئـــه‌ویان هه‌ڵســـه‌نگاند بـــوو. لـــه خۆیـــان ده‌پرســـی، ئایـــا ئـــه‌وه کۆخه‌یـــه‌کی درێژخایـــه‌نی ئاســـاییه یـــاخود شـــتێکی تونـــد و مه‌ترســـیدار؟ ئـــه‌مجاره‌ش بـــه ماســـوولکه‌ی گـــرژه‌وه لـــه ته‌نیشـــت یـــه‌کتری راکشـــان. گوێیـــان گـــرت و گوێیـــان گـــرت تـــاکو ده‌نگـــی دوایـــین کۆخـــه کـــپ بـــۆوه و حاڵه‌کـــه

لــه بێدەنگیــدا ڕۆچــوو. بــاد گــوتی:" تەندروســتی باشــە، خــەوی لێکــەوتووە، دامــاوە، خــۆ دەزانــی داهــاتوو چــی دەبێــت. ئــەو ســاڵانەی کــە حــەزدەکات جــرت و فرت بکات و بە دوای کچان بکەوێ. کوڕە بچووکە داماوەکە.."

ئەم دوعایەش ئاشکرا بوو. باد ئایندەیەکی بۆ تیمی نەدەدیت.

لــە نێــو نائومێــدی بــێ کۆتــایی و گیــانپڕوکێنی ئــەودا، جێگــای هــیچ هیوادایــەك بــوونی نــەبوو کــە لــۆرا دەری بڕێــت. بــە دەرك کردنــی ئــەم بابەتــە ئیدی ئەوجار بە دەگمەن قسەی دەکرد.

بــاد هــەر ئــەو دەمــە خــەوی لێکــەوت، بــەڵام لــۆرا بــۆ ماوەیــەك چــاوی بڕیبووە میچی ژوورەکە. شەوی هاوینی، ڕووناك بوو.

لــە شــەوی نیــوە تاریکــدا ئــەو دەیتــوانی هێڵــی بەیــەك گەیشــتنی مــیچ و دیوارەکــە لێــك جیابکاتــەوە. شــانی بــە هێــزی بــاد هــەر وەکــو پشــتی نەهــەنگ هەڵبــەزیبۆوە. ئــەو بــە ئــارامی و ســووکی هەناســەی هەڵدەکێشــا. قــەت پرخــە پرخــی نــەدەکرد. بــۆنی ســابوونی بــۆن خۆشــی لەلەشــی دەهــات. بەڕاســتی جێگــای داخ بــوو کــە ئیــدی لــۆرا هــیچ هەســتێکی بەرامبــەر و وی نــەبوو. تەنانــەت توڕەبییەکەشــی نــەمابوو. شــەو لــە نیــوە تێپــەڕیبوو، ماوەیــەکی درێــژ لــە پــاش ئــەوەی کــە دەنگــی هــەنگاوەکانی تــام بــە ئــارامی لەســەر فەرشــلا قادرمــەکان بیســترا لــۆرا لــە نێــو جێگــا هاتــە دەرێ و چــووە قــاتی خــوارێ. مــاڵ، ئــەو خــانووە خۆشەویســتە ناڕەحــەتی دەکــرد. بۆیــە پێــی نایــە دەرێ. ئاسمــان هــەروا ڕوونــاك بــوو و دیمــەنی درەختــە دوورە دەســتەکان نەخشــێکی تــاریکی لــە خــوارەوەی دروســت کردبــوو. ئــەو لــە ناوەرساســتی چــەمەنەکە. لەســەر ئــەو گــژوگیای کــە بــە شــەونم شــێدار ببــوو، دەســتەوئەژنۆ دانیشــت. بــیری لــە هــیچ نــەدەکردەوە. هەســتی پووچــی و تــەنیایی قــووڵ ئــازاری دەدا. شــەماڵێکی ئــارام بــە حاڵــەتێکی خەماوییــەوە بــە نێــو درەختەکانــدا هــەڵیکرد و ئــەو هەســت تەنیاییــەی قــووڵتر کــرد. لــۆرا کــەوتبووە ســەر لوتکەیــەکی بــەرز. لــە بیابانــدا سەرگەردان ببوو. لەسەر شەپۆڵەکانی زەریادا دەهات و دەچوو.

لەدارســتانێکدا ون ببــوو. لەگــەڵ تــەواوی ئــەو قســانەش لــە پشــت پــەرژینی دار شمشــادە کۆنــەکان کــە ئێســتا گەشــەیان کردبــوو بــۆ بــەرزایی چــەند مــەترێك،

لوولـه سـۆبەی مـاڵی ئاڵكـات دەبینـرا. لـۆرا بـە دەسـتە تـەڕەكانی دەمـوو چـاوی خـۆی داپۆشـین و دایـە پڕمـەی گریـان. ئـازارێكی گـەورە لـە سـینگی سـەركەوت و قـوڕگی گوشـی. فرمێسـكی ڕژایـە خـوارێ. گـەرم و سـووتێنەر گلانـە نێـو پەنجەكانییـەوە. ئـەو فرمێسـكەكانی ئەسـڕینەوە. دوو حـەوتوو لەمەوبـەر بیـانووی هـەبوو بـۆ فرمێسـك ڕشـتن، ئـەو كاتـەی لـە ڕاڕەوی نەخۆشـخانەدا لـە كاتێكـدا كـە بـۆنی مـادەی دژی میكرۆبـی ئـازاری دەدا، پیاسـەی دەكـردو دادەنیشـت و هەڵدەسـتایەوە. بـەڵام لـەو كاتـەدا لـۆرا فرمێسـكەكانی ڕاگرتبـوون، بـەڵام ئێسـتا چـی؟ دوای ئـەوەی گریانەكـەی كۆتـایی پێهـات و كـەمێك هاتـەوە سـەرخۆ، شـەرمی لـە خـۆی كـرد. بـە خـۆی گـوت:" هـیچ بیانوویـەك نییـە بـۆ ئـەوەی بـەم شـێوەیە بم. لـۆرا هەسـتە بـڕۆ بـۆ ئیشـی خۆتـەوە. خوا دەزانێ كە تۆ چەندە كارت زۆرە.

***

بـەیانی، لـۆرا لـە ناوەنـدی شـار زۆری كـار هـەبوو. دەبوایـە بچـێتە بانـك، بچـێتە لای پزیشـكی ددان، سـەرێك لـە فرۆشـگا بـدات تـاكو كراسـەكەی تـام بگـۆڕێ. هـەموو ئـەو كارانـە دواجـار بـۆ لای هوتێـل مۆنیكسـیان ڕاكێشـا. لـە سووچـێكی شـەقامەكە، بارەگـای هەڵبژاردنـەكانی ئەنجوومـەنی پیرانـی مـەكێنزی لێبـوو. ئـەو كـە بـەڵێنی بـە خـۆی و ڕاڵـف دابـوو بـە گەڕانـەوەی تیمـی بـۆ ماڵـێ، ببێتـە خۆبـەخش كەمپـەینی هەڵبـژاردن، بـە خـۆی گـوت هـیچ كاتێـك لـە ئێسـتا باشـتر نـابێ. لـۆرا بـە نییـەتی چـاكە بـەرەو ئـەو شـوێنە هـەنگاوی نـا. ئـەو ژنـەی كـە شـەوی ڕابـردوو لەسـەر گژوگیایەكـە گریـابوو، ئێسـتا ئیـدی خـۆی نەدەناسی.

پارتەكـەی مـەكێنزی فرۆشـگایەكی بـە كـرێ گرتبـوو كـە لـە پشـت پەنجـەرە پانەكانییـەوە چـالاكییەكی چـڕوپڕ بەرچـاو دەكـەوت. ئـەو بـۆ سـاتێك هەڵوەستەی كرد و چاوێكی بە ژوورێدا خشاند.

نـەیزانی بـۆ هەڵوەسـتەی كـرد. ئەگـەر ڕاڵـف لـەوێ بێـت، وا دەزانـی كـە ئـەو هاتۆتـە سـەردانی. بـەڵام ئەمـە گاڵتـەجاڕی بـوو. ئایـا ئـەوان ڕێـك نەكـەوتبوون كـە لـۆرا بـۆ سـەركەوتن لـە هەڵبژاردنەكانـدا یارمـەتی بـدات؟ ئـەو

هاوشـــارییەکی نیگـــەرانی بـــارودۆخی وڵاتەکـــەی بـــوو. وەکـــو هـــەموو ئـــەو خانمانـــەی کـــە لـــە شـــاردا یارمـــەتی پاڵێوراوەکـــانی خۆیـــان دەدەن. راڵـــف پیـــاوێکی بـــاش بـــوو. پیـــاوێکی بەســـۆزو قـــۆز کـــە لـــە پێنـــاو بنەماڵـــەی کرافیلـــد دا هـــەوڵێکی زۆری دابـــوو و لـــە هـــیچ لوتـــف و خۆشەویســـتییەکیش بەرامبـــەر بـــە تـــام درێغـــی نەکردبوو.

ڕاڵـــف بـــەو شـــێوەیە بـــوو. بـــەڵام لـــە هـــەموو گـــرنگتر ئـــەوە بـــوو کـــە ئـــەو دەسخۆشـــی لـــە دایکـــی تـــام دەکـــرد و بـــە روون و ئاشـــکرایی حـــەزی چـــووبووە ســـەری. بـــەڵام یـــانی چـــی؟ ســـوپاس بـــۆ خـــوا کـــە هێشـــتاش جوانـــە بـــۆ ئـــەوەی بکەوێتـــە بـــەر ستایشـــی خـــەڵکانی دیکـــەوە. بـــەڵام ئـــەم قســـانە چـــین؟ تـــۆ وەکـــو کچێکی قوتابخانەی دواناوەندی هەڵسوکەوت دەکەی.

لـــۆرا بـــە شـــەرمەزارییەوە ئـــاوای بـــە خـــۆی گـــوت و لـــە پڕێکـــدا هەســـتی کـــرد کـــە بـــۆ مـــاوەی چـــەند خولـــەکێك هـــەر ئـــاوا لەبـــەر دەرگـــا راوەســـتاوە. بـــەڵام ئەگـــەر ناســـیاوێك بـــەو شـــێوەیە چـــاوی پـــێ بکەوتایـــە، ئەوســـا چـــی؟ دەڵێـــی هەســـت و هۆشـــی خـــۆی لـــە دەســـت داوە. ناکـــا راڵـــف بـــە ئۆتومبیـــل بگاتـــە جـــێ و بـــەم شـــێوەیە چـــاوی پـــێ بکـــەوێ. رەنگـــە هـــەر ئێســـتا لـــە نێـــو فرۆشـــگای ئـــەو دیـــوی پەنجەرەکـــە راوەســـتابێ و ئـــەو حـــاڵ و دۆخـــەی وی پـــێ ســـەیر بێـــت. لـــۆرا لـــە کاتێکـــدا کـــە بـــە تونـــدی کراســـەکەی تـــامی بـــە دەســـتەوە گرتبـــوو، لـــەوێ رایکـــرد، تـــا رادەیـــەك غـــاری دا و قاچـــی لـــە نێـــو پـــێڵاوی پازنەبـــەرزدا ســـوڕا. ئیـــدی لـــە خۆشـــی دەترســـا. ئێســـتا بیریشـــی خێڵـــی لێـــدەکرد. (یـــاری بـــە ئـــاگر دەکـــەی دەتســـووتێنێ). پـــووره سیســـیل لـــە رابـــردوودا بـــەم شـــێوەیە ئاگـــاداری کردبـــۆوە. ئەوەنـــدە بـــەس بـــوو کـــە رۆژنامـــەکان بخوێنێتـــەوە یـــاخود ســـەیری تەلـــەفزیۆن بکـــەی تـــاکو ببینـــی خـــەڵك بـــە هـــەزار شـــێوە ئـــاگر لـــە خۆیـــان بـــەر دەدەن.لـــۆرا خـــۆت لـــەم ململانێیـــەی هەڵبژاردنـــە بـــە دوور بگـــرە. خـــۆت لـــە راڵـــف مـــەکێنزی دوور خـــەرەوە، لـــۆرا لەوبـــەری بەتاڵاییەکـــەی گەراجەکـــە رێـــزە دوکـــانێکی لێبـــوو، کـــە لـــە نێویانـــدا یـــەکێکیان شـــوێنی فرۆشـــتنی ســـیدی مۆســـیقاو ئـــامێرە مۆســـیقییەکان بـــوو. لـــە دەرەوە زایەڵـــەی مۆســـیقای شـــادی گەنجانـــە دەهاتـــە بـــەرگوێ. بـــەبیری هاتـــەوە کـــە تیمـــی داوای شـــتێکی لێکردبـــوو. لـــۆرا چـــووە

ژووریّ، سـیدییەکی هەڵبـژاردوو کـڕی. ویسـتی لـە دەرگـا بڕواتـە دەریّ، شـتێکی دیکـەی بـە بیرهاتـەوە. گەڕایـەوە و پرسـی: ئایـا سـیدی گیتـاری کلاسیکیان نییە؟

"سـگوویا، بـویم؟ کامـەتان مەبەسـتە؟ ئێمـە چـەند دانـەیکمان هەیـە و ئەوەی کە نیشتمانە بە پارەی پێشوەخت رادەسپێرین.

ئایا بە دوای شتێکی تایبەتدا دەگەڕێی؟

"بـەڵام گومـانی تێـدا نییـە کـە ئێـوە کـاملترین کۆمەڵـە بەرهـەمی ژەنیارەکـانی پیـانۆ لـەم وڵاتـەتان هەیـە؟".. کـابرا زەردەیـەکی کـرد و درێـژەی دایە:" ناکا لەبەرخاتری پیانۆ واز لە گیتار بێنی؟"

لـۆرا وەڵامـی زەردەخەنەکـەی دایـەوە و بـیری کـردەوە، بـۆ پڕکردنـەوەی سـاتەکانمان لـەو قسـە دۆسـتانانە، تـەنز ئـامێروبێ ماناگەلـە چ چـێژێك وەردەگرین؟

"نـا، تـەنیا چـەند رۆژ لەمەوبـەر سـەبارەت بـە گیتـار لەگـەڵ کەسـێکدا قسـەم کردو بیرم کردەوە کە خراپ نییە کەمێك گویّ لە مۆسیقای گیتار بگرم.."

ئـەم راسـت بـوو، لەبەرئـەوەی ئـەو هـەر ماوەیـەك لەمەوبـەر بـوو کـە کاسـێتێکی ئـامێری فلـوتی لـە رادیـۆی ئۆتۆمبێلـدا گـویّ گرتبـوو، یەکسـەر چـوو بـوو تـاکو ئـالبۆمی فلـوتی جێمـز گـال وی بکرێـت. ئـەمجارە مەبەسـتی گیتـار بـوو. هـەر ئەمـەو بـەس دوانیـوەڕۆ سـیدییەکەی خسـتەنێو ئامێرەکـەوە. سـگویا، مـوزیکی گرانـداو سـیولای دەژەنـی. هـەوای ژوورەکـە فێنـك بـوو و ئێسـتا کـە خـۆر کـەوتبووە ئەوبـەری ماڵـیّ، درەختـی زمـان چـۆلەکەکەی ئـەو دیـو پەنجەرەکـە سـێبەرێکی خـۆش دروسـت کردبـوو. لـەو فێنکایەتییـە خۆشـەدا، مـوزیکی گیتـار گـوێی دەلاوانـدەوە و دڵـی شـاد دەکـرد، ئـەو کەسـە، جۆگەلـە ئـاوێکی دێنایـە بەرچـاو کـە بـە نێـو بـاخێکی سـەوزدا دەڕوات و شـەپۆڵە بچـووکەکانی ئاوەکـەش قـوڕە قـوڕی دەهـات. کچـە ئیسـپانیاییەکە بـە تـەنوورەی تـۆڕی سـوورەوە سـوورِ دەداو سـوورِ دەدات و کاسـتانتیف[١٤] لێـك

١٤- جۆرە ئامێرێکی مۆسیاقە "وەرگێڕ"

دەخشێ و ریتمێکی دیاریکراو دروست دەکات. هەر وەکو ئاوازێکی دڵڕفێن. کە دڵدارێك لە بن پەنجەرەی کچێکی گەنج دەپچڕێت. راڵف گوتبووی:" موزیك ئاگرێکە کە دەکەوێتە نێو خوێنەوە... بەڕاستیش وابوو.

لۆرا لەسەر کورسییەکە پاڵی دابۆوە و چاوی نوقاندبوون.

دەرگای پشتەوەی ماڵەکە بە دەنگەوە داخراو باد لە کاتێکدا کە نیوچەوانە ئارەقاویەکەی دەسڕیەوە هاتە ژوورێ.

"ئۆف... دەرێ چەند گەرمە، ئەمە چ مۆسیقایەکە؟ دەنگی دەگاتە دەرێ.."

لۆرا گوتی:" حەزم لێیەتی... ئەوسا هەستا تاکو مۆسیقاکە بکوژێنێتەوە."

"نا، ناچار نی ئەو کارە بکەی، من کەی گوتوومە بیکوژێنەوە؟ چێژ لە مۆسیقای دڵخوازت وەربگرە. بەڵام من بە هیچ جۆرێك حەزم لە گیتار نییە. خوایە گیان، ئاخر تۆش لێرە مافت هەیە."

لۆرا یەکسەر هەستی بە شەرمەزاری کرد و گوتی:

"نا، قەیدێ ناکا. گرنگ نییە. تام لە کوێیە؟"

" لە رێگایە. ئەمڕۆ کارگە زۆر قەرەباڵغ بوو. شێت خانە بوو. ئەم هەوایە مرۆڤ شێت دەکات. تام وەکو ئەسپ تا ئێستا کاری کردووە. پێم گوت بریا چەند کارمەندێکی وەکو تۆم هەبوایە. تیمی چۆن؟"

"باشە، بە درێژایی رۆژ کتێبی خوێندۆتەوە و ئێستاش چەند هاوڕێیەکی بۆ ئەنجامدانی یارییەکی فکری هاتونە لای. زۆر دەکۆخێ، تاکو ئاوێك بەدەمووچاوتدا دەکەی من خواردن ئامادە دەکەم.."

کاتێك تەلەفۆن زەنگی لێدا، لۆرا لە ژووری چێشت لێنان هەڵیگرت. دەنگێگی ئاشنا لەو سەری هێڵەکەوە گوتی:" لۆرا، هیوادارم کە تەندروستی تیمی باشتر بووبێت."

"تۆی مارگرێت؟ سوپاست دەکەم. بەڵێ، تەندروستی باشترە."

"ئۆه، داوای لێبوردن دەکەم کەمێك تووڕەم، بەڵێ، منم مارگرێت، مارگرێت کرافیلد."

لـــۆرا دڵـــی داخورپـــا.. ئـــەو دەنگـــە وەکـــو ئامـــادەبوونێکی زینـــدوو لـــە ژووری چێشـــت لێنانـــدا هەســـت پێـــدەکراو ئاگـــاداری دەکـــردەوە کـــە بـــۆ هـــەتا هەتایـــە لەگـــەڵ ئـــەو مـــاڵ و خێزانـــەدا لـــە پەیوەندیـــدا دەبێـــت و قـــەت وازیـــان لێنـــاهێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەنگەکە لەرزۆك و شێوەی یەك پارانەوە بوو:

"ئایا لە کاتێکی خراپدا سەرگرانم کردی؟ ئایا کارەکەم لێتێك دای؟"

"نـــا، نـــا، گـــرنگ نییـــە. زۆر لوتفـــت کـــرد کـــە دووبـــارە لـــە تیمـــیش پرسییەوە."

"بـــەڵێ ئێمـــە دەزانـــین کـــە ئـــەو کێشـــەیە چـــەندە مایـــەی دڵگرانییـــە. پێویســـت بەوە نەبوو کە راڵف بۆمان باس بکات. ئێمە هەموو شتێك باش دەزانین."

لـــۆرا بـــە لاوازییـــەوە لـــە دڵـــی خۆیـــدا بـــیری کـــردەوە: بـــەڵێ ئـــەو کـــوڕەی دیکـــەم پتێر کرافیلد، ئەوەی دیکە کوڕی من.

"ڕاڵـــف گـــوتی چـــەند تەلـــەفۆنی بـــۆ مـــاڵی ئێـــوە کـــردووە و قســـەی لەگـــەڵ (تام) دا کردووە. تۆ پێت وایە... مەبەستم ئەوەیە کە...

بـــا راســـتییەکەت پـــێ بڵـــێم. هیـــوادار بـــووم کـــە ئـــەمجارەیان تـــام تەلەفۆنەکـــە هـــەڵگرێت. دەکـــرێ پێـــی بڵێـــی کـــە قســـەم لەگەڵـــدا بکـــات؟ ئایـــا ئێســـتا لـــە ماڵەوەیە؟"

لۆرا بەبێ پرسینیش دەیزانی کە تام قسەی لەگەڵدا ناکات.

بـــۆوی وا ئاســـانتر بـــوو کـــە بڵـــێ تـــام لـــە مـــاڵ نییـــە. بـــەڵام ئـــەو کـــارەی پـــێ نـــەکرا. بۆیـــە وەڵامـــی دایـــەوە:" ئێســـتا بـــانگی دەکـــەم..، مارگرێـــت لەوســـەری هێڵـــی تەلەفۆنـــەوە بێگومـــان هەســـتی بـــە دوو دڵـــی لـــۆرا کردبـــوو، لەبەرئـــەوەی رونـــی کـــردەوە:" ئێمـــە کتێبێکـــی ئەســـتێرە ناســـیمان بـــۆ نـــاردووە. ئـــارتۆر پێـــی وابوو ئەمە بابەتێکی باشە بۆ قسە لەسەر کردن، نازانم کە..."

لـــۆرا بـــیری کـــردەوە کـــە ئـــەو ئافرەتـــە لەســـەرو بەنـــدی گریاندایـــە. وەکـــو مـــن بۆیـــە گـــوتی:" کـــەمێك چـــاوەڕێ بکـــە، هـــەوڵ دەدەم بیدۆزمـــەوە." تـــام و بـــاد لـــە ژووری موتـــاڵادا لـــە نزیـــك تەلەفۆنەکـــە راوەســـتابوون. بـــاد گـــوتی:" زەحمـــەت مەکێشـــە، پێـــت دەڵـــێم کـــێ لەســـەر هێڵـــی تەلەفۆنـــە. مـــن هاوکـــات لەگـــەڵ تـــۆدا تەلەفۆنم هەڵگرت."

بــــەڕەنگاری لــــە لێوەکـــانی تامـــــەوە دیـــاربوو. تەنانــــەت لــــە شـــێوازی جەستەشـیدا، دەسـت لەسـەر سـینگ، قاچـی لێـك بـڵاو، خۆزگـە ئـەو ژنـە وازی لـەو بنەماڵەیـە بهێنایـە و چاپۆشـی بکردابـە، لـۆرا دیسـانەوە لـە دڵـی خۆیـدا وا بـیری کـردەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەدەم پاڕانـەوەوە گـوتی:" تکـات لێدەکـەم، تـام. تـەنیا چـەند قسـەیەکی لەگەڵـدا بکـە. تـام، تـۆ نـاتوانی ئەوەنـدە خـۆ بـە دوور بگری."

بـاد گـوتی:" دەبـا ئـەو ژنـە ئەوەنـدە پێـی دەکـرێ پێـداگری بکـات. چـەند دزیوە، ئاشکرایە، جوولەکەکان قەت واز ناهێنن."

لـۆرا بـە ئـارامی گـوتی:" بـاد، خـۆت بخـە جێگـەی وی، کـەمێکیش بـەزەیی و لێبوردنت هەبێت."

"لێبـوردن؟ تـۆ جووتـە مرۆڤێکـی تەلەکـەباز کـە خۆیـان بـە ژیـانی ئێمـەوە هەڵواسـیوە. بـە کۆمەڵـە درۆیەکـەوە تـاکو بتـوانن تـامی ئـازیزی لێ بسـتێنن. ئەگـەر پیـاو کوشـتن نایاسـایی نەبوایـە، دەمزانـی چـی دەکـەم، تفەنگەکـەم پـڕ دەکردوو.."

ئێسـتا ئـەو دەنگـی زۆر بـەرز ببـۆوە. بـاد هەڵوەسـتەیەکی کـرد. لـۆرا هیـوا بڕاوانـە گـوتی:" لەسـەر خۆبـە، ئەوەنـدە مەقیژێنـە، گوێیـان لـە دەنگـت دەبێـت تیمی دەرگاکە داخە."

تیمـی کـە گـوێی لـە دەنگـی هـەراو هۆریـا ببـوو لـە قـاتی سـەرێ را رایکردبـووە خـوارێ و دەیویسـت بزانـێ کێشـە چـییە. تـام پێـی گـوت..:" دیسـانەوە سـەرو گـوێلاکی ئـەوان دەرکەوتۆتـەوە، ئـەو ژنـە دەیـەوێ قسـەی لەگەڵـدا بکـەم و منـیش هـیچ حـەزم لێنییـە، دایکـم زۆرم لێـدەکات، بـەڵام مـن قسـەناکەم. بەداخـەوە دایـە گیـان، بـەڵام چـی بکـەم کـە نـاتوانم.. تێناگـەی؟ ناتوانم.."

لـۆرا دەسـتی لەسـەر شـانی تـام دانـاو تەماشـای کـرد. ئـەو کـوڕە بـەژنی چـەندە بـەرز ببـوو، سـەیری روخسـاری تـووڕەو خـەماوی و ترسـاوی کـرد و گـوتی:" تـام، ئازیزەکـەم هـەموو شـتێك دەزانم، پـتر لـەوەی تـۆ بـیری

لێدەکەیەوە.. ئێمە لەم کارەساتەدا لەگەڵتدا هاوبەشین کەواتە دەبێ یەکتری دەرك بکەین.."

باد دووبارە قیژاندییەوە:" ئێمە لەم کارەساتەدا هاوبەش نین. من نیم. گوێ بگرە لۆرا، ئەگەر تۆ دەتەوێ بکەویە نێو ئەو زەلکاوەوەو فریوی ئەو قۆڵبڕانە بخۆی، ئەوە کێشەی خۆتە. بەڵام من لەم بابەتە بەدوور بزانەو هەروەها تامیش."

لۆرا سووربایەوە تاکو لەگەڵ مێردەکەیدا روو بەڕوو ببێتەوە. کابرای مێشك وشك گەمژە، بەڵام بە سەختی دەتوانرا باد بە گەمژە بزانرێت. باد تەنیا چاوی لەو مەسەلەیە نوقاندبوو. نەفرەت کوێری کردبوو. ئەگەر بنەماڵەی کرافیلد مەسیحی بوونایە، ئایا هەمدیسان بەو توندییە کاردانەوەی دەنواند؟ نا، ئەو سەرەتا بەرگری دەکردو پاشان دڵی دەشکا، وەك لۆرا، بەڵام تووشی ئەو توڕەییە شێتانە نەدەبوو. لۆرا لەمە دڵنیابوو. بۆیە لە کاتێکدا کە دەیویست دەنگی خۆی نزم بکاتەوە، گوتی:" باد، ئەی دەتەوێ کەی رووبەڕووی راستی ببێتەوە؟ تام لە سکی ئەو ژنە هاتۆتە دەرێ، بەوی...."

"لۆرا نەفرەتی لێببێت، زۆرم لەم درۆیانە بیستووە. کۆمەڵێك درۆ، من بەسەبرو خۆڕاگرییەوە هاوخەمی فرمێسکەکانت بووم، جیاوازی رادەربڕینمانم قبووڵ کردووە، هاوار لە دەستی دڵی بە سۆزوبەزەیی تۆ. بەڵام من پیاوێکی ژیانم کە دەبێ بەرەنگاری کێوێك کێشە و گرفت ببمەوە و پشتیوانی لە تۆ بکەم تا تۆ بتوانی منداڵەکانت بەخێو بکەی و وانەی پیانۆ بە قوتابییەکانت بڵێسییەوە.."

تیمی لە کاتێکدا کە دەستی لە گوێکانی ئاخنی بوو، قیژاندی:" من بەم دەمەقاڵێیە تێك دەچم. لێرە هەموو دەمەقاڵێ دەکەن. لەو کاتەوە کە سەرو گوێلاکی ئەو خەڵکە پەیدابوو، ناویان چییە؟ کرا... کرا.... ئەگەر ئەوان نەهاتبانایە گوڕێ، بەو شێوەیە دەمەقاڵێ دروست نەدەبوو. رقم لێیانە، خۆزگە بچوونایە بە دۆزەخ...

لەوسەری هێڵەکە، مارگرێت هێشتا هەر چاوەڕوان بوو. هەوڵدان بێ سوود بوو. ئەو دەبوایە لە راستی ئاگادار بکرێتەوە. بۆیە لۆرا چووە ژووری چێشت لێنان تا مەسەلەکە پێ بڵێ:

"بەداخەوە مارگرێت، ئەو قسەت لەگەڵدا ناکات. زۆرم هەوڵدا، ئیدی نازانم چی بکەم. ئەو تەمەنی نۆزدە ساڵەو سەربەستە لەوەی دەیکات."

لۆرا هەرکە دەستی بە قسەکردن کرد، هەستی نیگەرانی، بێزاری، خەم و پەژارە بە شێوەی کۆمەڵە وشەیەك لە دەمی رژایە دەر، هەستی شەرمەزاری بەرامبەر چارەنووسی ئەو مرۆڤانە، ئەوەی کە ئەو حاڵەتەی هاتۆتە پێش کۆمەڵە مرۆڤێکی بێ تاوانی تووشی ئازاری رۆحی کردووە.

هەستی هیوا بڕاوی و نائومێدی لەبەرخاتری ئەو ئازارەی کە تامی دەمارگیر و قین لە دڵ دەیچەشت، بە کەسەری لە دەست دانی پتێر کە هەرگیز نەیدیتبوو، ئاوێتە ببوو. پێر کرافیلد کە لەو وێنەیەدا شێوازێکی گران و سەنگینی بە خۆیەوە گرتبوو و لە ژێر ئەستێرەی داود بە خاك سپێردرابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە پەرۆشی خۆی بۆ مارگرێت دەردەبڕی، لە ناکاو لە دڵدا ئاواتە خواز بوو کە خۆزگە مارگرێت بڕۆیشتایەتە سەفەری ئۆستراليا و قەت نەگەڕابایەوە.

لۆرا سەر لە نوێ دووبارەی کردەوە:" من ئیتر نازانم چ کارێکم لە دەست دێت." (خوایە گیان چ بەڵایەکمان بەسەردێت؟) پاشان بە توندی زیاتر گوتی:" دەبینی کە هەوڵدان بێسوودە. لەبەرژەوەندی هەمووان دایە کە واز لە تام بهێنن." بۆ ساتێك بێدەنگی دروست بوو، پاشان دەنگێکی کز وەڵامی دایەوە:" رەنگە وا باشتر بێت کە نامەیەکی بۆ بنووسم، بەڵام ئیتر تەلەفۆن ناکەمەوە. گوێم لە قسەکانت بوو. نامەوێ مەسەلەکان بۆ تۆ لەوە ئاڵۆزتر بکەم." پەیوەندییەکە بچڕا. لۆرا تا ماوەیەك بەبێ جووڵە لەبەردەمی راوەستابوو. چاوەڕێی بوو سەر لە نوێ بیری بگەڕێتەوە. ئەو تاڵی و سوێری رۆژگاری چەشتبوو. ئایا ئەوان هەمان ئەو کەسانە نەبوون کە

چـــەند رۆژ لەمەوبـــەر یەکپارچــە و یـــەکگرتوویی لـــە تەنیشـــت قەرەوێڵـــەی تیمـــی راوەستابوون؟

ئـــەو کاتـــە تـــەنیا شـــتێك کـــە بەلایانـــەوە گـــرنگ بـــوو، زیندوومانـــەوەی ئـــەو کـــوڕە بـــوو و ئێســـتاش کـــە خواوەنـــد بـــۆی گەڕاندبوونـــەوە، کۆمەڵـــە کێشـــەیەکی دیکە سەریان هەڵدابوو.

ســـبەینێ دووســـبەی و رۆژانـــی دوای ئـــەوەش هـــیچ شـــتێك رووی نـــەدا. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا دۆخـــی مـــاڵێ ســـەقامگیر نـــەبوو، لـــۆرا هەســـتی کـــرد کـــە کۆمەڵـــە روداوێك لەسەروبەندی رووانداندا. دۆخەکە باشتر یان خراپتر دەبێت.

تـــەنیا دەبـــێ چـــاوەڕێ بـــی. تیمـــی کـــە هێشـــتا چـــالاکییەکانی ســـنووردرابوون. لـــە دەوروپشـــت پیاســـەی دەکـــرد و بێـــدەنگ و غـــەمبار بـــوو، بـــە جۆرێـــك کـــە لێـــی چـــاوەڕوان نـــەدەکرا. ئـــەو نیگـــەرانی ئـــەوە بـــوو کـــە تـــام ناچـــار بێـــت ئـــەوان بـــە جـــێ بهێڵـــێ. دەڵێـــی بنەماڵـــەی نـــەفرەت لێکـــراوی کرافیلـــد دەیـــانتوانی بـــە ســـێحر و جـــاد و بـــانگی بکەنـــە لای خۆیـــان و بـــۆ هەمیشـــە لای خۆیـــان بیهێڵنـــەوە. لـــۆرا هـــەوڵێکی بـــێ ئاکـــامی دەدا تـــاکو بـــڕو بیـــانووی بـــۆ بێنێتـــەوە بـــەلام پاشـــان بێزاربـــوو و وازی هێنـــا. پۆســـتەی شـــەوانە نامەیـــەکی لـــە مارگرێتـــەوە بـــۆ تـــام هێنـــا. نامەیـــەکی دووردرێـــژ کـــە بـــە خـــەتێکی خـــۆش ژنانـــەوە نوســـرابوو، بـــەلام تـــام بەرلـــەوەی تـــەواوی بکـــات فڕێـــی دایـــە زبڵدانـــەوە. لـــۆرا بـــە پەرێشـــانییەوە گـــوتی:" تـــام ئەمـــە کـــارێکی ســـتەمکارانەیە. هـــەر نـــەبێ بیخوێنـــەوە داخـــۆ چـــیت پێ دەڵێ...

باد لە بری وی گوتی:

"مـــن و تـــام لـــە رێگـــای کارگـــەدا لـــە مبارەیـــەوە قســـەمان کـــردووە و لـــۆرا، تـــۆش دەبـــێ وازی لێ بێنـــی. ئـــەو نـــەفرەت لێکراوانـــە دەبـــێ لێـــی گـــەڕێن. نـــەفرەت لە باوکیان."

ئـــەمجارەیان لـــۆرا رووی خـــۆی وەرســـوڕاند. خـــەم و پـــەژارە دزەی کردبـــووە ئـــەو ماڵـــە جوانـــە، وەکـــو ئـــەوە دابـــوو کـــە شـــتێك لەســـەربانەکە قورســـایی دادەنـــاو هـــەروەها لەســـەر شـــانی لـــۆرا، هەســـتێکی ســـاردی زســـتانی و رەش کـــپ. خۆزگـــە کەســـێك هەبوایـــە قســـەی لەگەڵـــدا بکـــات. لـــۆرا لـــە دڵـــی خۆیـــدا بـــیری کـــردەوە،

ڕەنگــە پوورەکــانی لەســەفەر نەبوونایــە، ئــەو تەلــەفۆنێکیان بــۆ بکــات و دەردی دڵ بکــات. بــەڵام ئــەوان لەوســەری گــۆی زەوی لــە گەشــت و ســەیراندا بــوون. ئــەی هاوڕێکــانی؟ ئــەو کۆمەڵــە هاوڕێیــەکی زۆری هــەبوون. بــەڵام لەبەرئــەوەی ئەمــە کێشــەیەکی خێزانــی بــوو، تــام و بــاد حــەزیان نــەدەکرد هــیچ کەســێك بــە کێشــەکەیان بزانێــت، هــیچ کــەس تــەنیا کەســێك کــە دەمایــەوە ڕاڵــف مــەکێنزی بوو و لۆرا بەبێ سەبری چاوەڕوانی تەلەفۆنی وی دەکرد.

بــەڵام دەمێــك بــوو کــە ئــەو تەلــەفۆنی نــەکردبوو و لــۆرا بــە شــێوەیەکی سەرســوڕهێنەر هەســتی بــە ئاســوودەیی دەکــرد. ژیــان هــەرواش زۆر ئــاڵۆز و پــڕ گرفت بوو.

هەســتێکی نــوێی، جیــاواز لــەوەی لــە رابــردوودا هەســتی پێکردبــوو، لــە نێــوان ئــەو بــاددا هــەبوو. کۆمەڵــە بیرکردنەوەیــەکی پەرێشــان وەك پڕیشــکە ئــاگر بەمێشــکی دا تێپــەڕین. بــیری جیابوونــەوە لــە مێردەکــەی. ئــەو بیرکردنەوانــە دەیــان تۆقانــد. لەبەرئــەوەی ســەرەڕای خولّــق و خــودی نــاخۆش مێردەکــەی، ئایــا ئــەو تــاکو ئێســتا پیــاوێکی بــاش نــەبووە بــۆی و کوڕەکــانی شــێتانە خۆشــیان نەویستووە؟

ڕاســت بــوو کــە هیچــکات ئــەوەی نەناســیبوو، بــەڵام ڕەنگــە لــۆراش خــۆی بــە باشــی نەناســیبێت، لانــی کــەم تــاکو ئــەم چــەند ڕۆژەی دوایــی. لــۆرا لــەو شــەوەوە کە تیمی گەڕابۆوە ماڵێ بە تەواوی گۆڕابوو.

"کۆتایی بەشی دوازدەهەم"

"بەشی سێزدەهەم."

تــام لەســەر کەلەکــەی چــەپەوە خــۆی هەڵســوڕاندە ســەر ڕاســت، پاشــان بــە پشــت ڕاکشــا، دوای ئــەوەی کەوتــە ســەر زگ و ســەرلەنوێ خــۆی خســتەوە ســەر پشــت. ســەرینەکەی ڕێکخســت، هەســتی بــە گێــژی دەکــرد، دواجــار هیــوا بڕاوانــە لــە جێــی خــۆی هەســتا، گڵــۆپی ژوورەکــەی داگیرســاندو نامەکــەی مــارگرێتی کرافیلّــدی لەســەر مێــزی نووســینی هــەڵگرت و دووبــارە چــاوی پێــدا خشــاندەوە. دایکی نامەکەی لە ستڵی زبڵ هێنابووە دەرێ و لەسەر مێزەکەی دانابوو.

ڕستەکان کورت و پوخت بوون. دیاربوو ئەو کەسەی نووسیویەتی زۆر نائارام بووە، چەندە خۆشحاڵبووم بە لە دایکبونت، ئارەزووی کوڕێکم هەبوو، بە یادی باپیرە گەورەت ناوم نا پتێر... پیاوێکی زانا، جێگەی دەسخۆشی و ستایش هەموان.. نابینی کە چەندە لە هولی دەچی؟ بیر لەوە مەکەوە کە خەڵك دەیڵێن... ئەوە بایەخی نییە، کێشەکە چارەسەر دەکرێت... قۆناغێکی نوێمان لەسەر ڕێگای ژیانە... کەمێك باشتر بیر بکەوە."

تام خوێندییەوە، پێنج لاپەڕەیی پڕ لە وشەی پاڕانەوە، دەربڕینی عەشق و سۆزی دایکانە و بیانۆ هێنانەوەی خوێندەوە. نامەکە بە کارامەیی نووسرابوو و ناوەڕۆکەکەی فریودەرانە بوو، بەڵام نەیدەتوانی تام بگەیەنێتە قەناعەت. لەبەرئەوەی ئەو نەیدەویست قەناعەت بکات. ئەو لە دڵدا هاواریکرد: تۆم ناوێ، بۆ تێناگەی؟ بەڵێ، من دەزانم کە ئەوە ڕاستە. من لە منداڵدانی تۆدا لە دایکبووم. دی. ئێن. ئا. درۆ [15] ناکا، من زۆر وەکو تۆ دەچم. نەفرەت لەم ژیانە. بە وردی سەیری دەموچاوی خۆمم کردووە و باش دەزانم. بەڵام ئێستا ئیتر بۆ هەموو شتێك درەنگ بووە. تۆ ناتوانی لە ناکاو پێ بنێتە نێو ژیانی منەوەو بڵێی کە من ئەندامێکی خێزانی کرافیلدم.

من جوولەکە نیم. هیچکات خۆم بەوە نازانم. هەر نەبێ تا ئەو کاتەی کە هیچ کەس لەم ئابڕوو ڕشتنە ئاگادار نەبووە.

من تام ڕایسم، لە تەواوی ژیانمدا وابووم و هەرواش دەمێنمەوە، کەواتە گوو بە مارگرێت کرافیلد. تێگەیشتی؟ گوو بەو وازم لێبێنە!

ئەو نامەکەی ورد ورد کردو فڕێی دا بۆ ماوەیەك لە دیوار ڕاما، پاشان چاوی بە وێنەی ڕۆبی کەوت. ئەو وێنەیەی کە زستانی ساڵی پار لە زانکۆ گرتبووی. ئەو فانیلەیەکی خوری سووری لەبەردابوو و پاڵی بە دیوارێکی بەردینی کورتەوە دابوو. کلاوێکی چندراوی لەسەر بوو و زەردەخەنەیەکی

---

١٥- D.N.A مادەی مینێتیکی لە ناوکی خانەدا. (وەرگێڕ)

ناسکی لەسەر لێوان بوو. تام هاتەوە بیری کە قسەیەکی گاڵتەی کردووە بۆ ئەوەی بۆ وێنەگرتن بە پێکەنینی بخات. چەندە خۆی بە تامەزرۆی دیداری رۆبی هەست پێدەکرد. هەندێك خەڵك دەیانگوت پیاوی گەنج لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا ئامادەیی زەماوەندی نییەو دەبێ لەگەڵ کچی زۆردا تێکەڵاوی بکات تاکو لە ژن هێناندا تووشی هەڵەنەبێت. کرێکارەکان لە کاتی خواردنی نانی نیوەڕۆدا لە مبارەیەوە قسەیان دەکردو هەمیشە سەریان دەخستە سەر تام. بە تایبەتی ئەو کاتەی کە باسی رۆبی و زەماوەند کردنی کردبوو لەگەڵیاندا. بەڵام مێژوو باسی پیاوانی گەنجی ئازاو بوێریشی دەکرد. ئەوانەی کە لە تەمەنێکی کەمدا ژنیان هێنابوو و لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندا چووبوونە باشوور یاخود لە رێگای ئۆڕێگانەوە چووبوونە خۆرئاوا.

جگە لەوەش بۆ دایکی تەمەنی چەند ساڵان بوو کە شووی بە باوکی کرد؟ تام هێشتا هەر دانیشتبوو کە باد هاتە ژوورێ.

" کوڕم کێشە چییە؟ ویستم بچمە دەسشۆری کە دیتم گڵۆپی ژوورەکەت داسێ."

"کێشەیەك لە گۆڕی نییە. نەمتوانی بخەوم. هەر ئەوەندە.."

باد سەیرێکی وێنەی رۆبی کردو پاشان لە تام راما. بە ئارامی گوتی:" هەندێك جار... هەندێك جار بیری ناخۆش شاڵاو بۆ مێشکی مرۆڤ دەهێنن و تۆ پێت وایە کە ناتوانی باری گرانی کێشەکان لە کۆڵ نێی. بەڵام کوڕم تۆ لەو گرفتە دەربازت دەبێت. سەر لە نوێ دەچییەوە زانکۆ و لەگەڵ ئەو کچەدا دیدار ساز دەکەی کە خۆشت دەوێ، ئەویش لەگەڵ تۆ لە زانکۆدایە، وانییە؟"

تان بە نیشانەی تەئید سەری دانەواند.

"هەروەها سەبارەت بە داستانی دیکە، من بەڵێنت دەدەمێ کە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەم. ئێمە هەفتەیەك لەمەوبەر کێشەی تیمیشمان هەبوو بەڵام بەسەریدا زاڵ بووین، وانییە؟ ئەمە لەمپەرێکی دیکەیە کە دەبێ بەسەریدا تێپەڕین."

تـــام چـــاوەکانی نوقانـــد بـــۆ ئـــەوەی فرمێســـکەکانی بشـــارێتەوە، ئـــەم دیـــدارە چـــاوەڕواننەکراوەی نیوەشـــەو، ئـــەم میهرەبانییـــە و لوتفـــە باوکانەیـــە بـــە تـــەواوی خستبوویە ژێر کاریگەریەوە.

"بـــەڵام گـــوێ بگـــرە کـــوڕم، ماوەیەکـــە ئـــەم ماڵـــە وەکـــو کـــۆڕی ماتـــەمینی لێهـــاتووەو چ لـــەوە باشـــتر کـــە تـــۆ ئەوەنـــدەی دەتـــوانی خـــۆی لێ بپـــارێزی. ســـبەی شـــەوێ دەمـــەوێ بـــۆ بـــەڕێوەبردنی کارێـــك بـــڕۆم و پـــێم باشـــبوو تـــۆش لەگـــەڵ خۆمدا ببەم. رات چییە؟"

بـــاد دەســـتە گەرمەکـــەی خســـتە سەرشـــانی تـــام. بیســـتنی ئـــەم قســـانە بـــۆ تـــام دڵخۆشکەر بوو. کوڕو باوك.

"بەڵێ، بابە بە دڵنیاییەوە دێم."

لەگـــەڵ رۆیشـــتنی بـــاد، تـــام گڵۆپەکـــەی کوژانـــدەوە. بـــەدەم راکشـــانەوە، بـــە خـــۆی گـــوت: کـــوڕو بـــاوك. بـــاد بەڕاســـتی هێـــزی پـــێ دەبەخشـــی و ئـــەمجارە تـــام دەیتـــوانی بخـــەوێ. بـــاد بـــۆ ســـبەی شـــەوێ بـــە خـــۆو ئۆتـــۆمبێلێکی پـــاترۆڵی قوڕاوییـــەوە هـــات و ئاگاداریـــانی کـــردەوە کـــە تـــام و ئـــەو دەیانـــەوێ بچـــنە کوێســـتان و ئەمـــە ئۆتـــۆمبێلی تایبـــەت بـــە کوێســـتانە.تیمی پرســـیاری کـــرد:" ئەی من چی؟ لەگەڵ خۆتانم نابەن؟"

"ئـــەمجارەیان نـــا کـــوڕم. تـــۆ دەبـــێ پشـــوو بـــدەی ئێمـــە درەنگـــانێ دەگەڕێینـــەوە ماڵێ. ئەمەش بۆ تۆ چاك نییە، تام دە ئێستا خۆت هەڵدەسەرێ."

زەردەپـــەڕی ئێـــوارێ بـــوو و خـــۆر تیشـــکێکی گـــەرم و دڵگـــیری لەســـەر شـــەقامە ئاشـــناکان بڵاودەکـــردو شووشـــەی پەنجـــەرەی خـــانووە ئاشـــناکانی دەوروبـــەری شـــاری روونـــاك دەکـــردەوە کـــە ئـــەوان بەبەردەمیانـــدا تێدەپـــەڕین و گەیشـــتنە شـــەقامێکی نێـــوان ویلایـــەتی و لـــەوێ تێپـــەڕین و گەیشـــتنە شـــەقامێکی بەرتەســـك. تـــام پرســـی، کـــە ئـــەوان بـــۆ کـــوێ دەچـــن؟ بـــاد بـــە هێواشـــی لەســـەر ئـــەژنۆی تـــامی راکشـــا و گـــوتی:" بـــۆ خـــۆت دەبینـــی. تـــۆ کـــوڕی منـــی، وانییە؟"

"بەڵێ کە کوڕی تۆم، بابە."

"دەمەوێ ئەمشەو متمانەت پێ بکەم."

"مەسەلە چییە؟"

"نیگەران مەبە، بە زوویی تێدەگەیی."

"چەندمان ڕێگا لە پێشە؟"

"نزیکەی چل یان پەنجا کیلۆمەتر. دەمانهەوێ بچینە ناوچەیەکی کوێستانی، ئەو شوێنەی کە من تێیدا گەورە بووم. زێدی خۆم، نزیکەی ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر بنەماڵەی ئێمە لەوێ ڕەگی داکوتا. ئەمە ماوەیەکی زەمەنی درێژە بۆ بنەماڵەیەك بە بنەچەیەکی کۆنەوە. لەم ڕۆژگارەدا هەموو کەسێك ناتوانێ بانگەشەی وا بکات. زۆر باشە، مەزەندە دەکەم زۆر لەم قسانەت بیستووە. تۆ دەبێ قبووڵ بکەی کە ئەمە ڕاستی جێگای شانازییە، ٢٥٠ ساڵ."

تام بە شێوەیەکی گەمژانە قسەکانی ئەو پیرەمێردە هەستیارە واتە ئالبێرتی هاتەوە یاد، کە دەیگوت بنەماڵەی خۆی یان هاوسەرەکەی لە ئەڵمانیا خاوەنی مێژوویەکی هەزار ساڵە بوون. ئەم بیرکردنەوانە بە بەردەوامی شاڵاویان بۆ مێشکی تام دەهێنا.

تام ئاواتی دەخواست کە وەها بیرکردنەوەیەك چیتر بە مێشکیدا نەیەت. ئەو بیرەوەرییانە، ئەو خەیاڵانە..

ئەو چەند شەو لەمەوبەر خەونی دیتبوو کە مارگرێت کرافیلد لەسەر سەری ڕاوەستاوەو کۆمەڵە شتێکی دەگوت سەبارەت بەوەی کە ماوەی نۆ مانگان لەناو سکی دابووە. کابووسێکی سەیر بوو.

ئۆتۆمبێلە پاتڕۆڵەکە لە کاتی ڕۆیشتندا، دەکەوتە کەندودۆپی قووڵەوە، بە جۆرێکی وا کە ئەوان لەسەر کورسییەکە هەڵدەبەزینەوە، باد پێکەنی و گوتی:" تووشی چیرەی ددانت دەکات، وانییە؟ بەهەر حاڵ ئەو کاتەی کە سواری عارەبانەی بارهەڵگری بۆبخەی ئەم چاڵۆچۆڵانە ئازار دەر ترن."

تام گوتی:" بە دڵنیاییەوە هەر وایە."

بیری ئاڵۆز هەروەکو هەوری ڕەش بەبەرچاوانیدا تێدەپەڕین و وازیان لێنەدەهێنا. ئێستا کە تاڕادەیەك تاریك داهاتبوو و دوایین تیشکە ڕەنگ پەمەییەکانی خور لە ئاوابووندا بوون، کێڵگەیەکی وشك و بەیار و بێ

گــژوگیایان لێ بەدیارکــەوت. کۆمەڵــە کۆختەیــەکی بچــووك و نــەوی بــە مــەودای دوور لەیەك دەبینران.

"کــورم. تــۆ زۆر خــراپ بێــدەنگی. رەنگــە بــە درێــژایی ژیانــت کــە بــۆ مــاوەی پێنج خولەك بە بێ دەنگی دەمت داخستووە!" ئەمە یەکەمین جاربێ.

کاتێــك کــە ئــەو قســە گاڵتەیــەش بــێ وەڵام مایــەوە، بــاد شــێوازی قســەکردنی گــۆڕی و گــوتی:" ئــاهو، تــام دەزانــی کــە تــۆ زۆر مانــدووی و جێگــای ســەر ســوڕمانیش نییــە. هــاوار لــە دەســت ئــەو شــێتە تەڵەکەبازانــە کــە وازت لێنــاهێنن. بــەڵام مــن دەمــەوێ بــە جۆرێــك چــارەیان بکــەم. ئێســتا دەبینــی. بــەیانی رۆژی دووشــەممە یەکــەم کــارم ئــەوە دەبێــت کــە تەلــەفۆن بــۆ فــۆردایس بکــەم و پێــی بڵــێم کــە لــووتی ئــەو ئاژەڵانــە بــۆ هــەتا هەتایــە لــە زەوی بــدا. ئــەی پــارێزەرێکی بەرجەســتەو لــە چــینێکی بــەرزی کۆمەڵایــەتی بــە کەڵکی چی دێت؟

ئــەو دەزانــی چــۆن چــارەی ئــەو هــیچ و پووچــانە بکــات. دە کەواتــە لێــی گەڕێ با کارەکەی خۆی ئەنجام بداو هەرچی زووتر باشتر.

ئەو چاکتر دەزانێ. کرافیلد! ناوی کراویتسکی بۆ ئەوان باشترە."

"بــەڵام میســتەر فــۆردایس خــۆ کــارێکی لــە دەســت نایــە، بابــە ئــەو کــە پێــی گوتی. خۆم گوێم لە هەموو شتێك بوو.. "

"ئــاه، ئــەو تاقیکردنــەوە نەفرەتیانــە. بــۆ دەکــرێ کــە هــەر قۆڵبڕێــك بــە درۆیەکــەوە بێــت و بــەرتیل بداتــە ئــەم و ئــەو، بــە تەلــەفۆن ســەرگرانت بکــات و پاشان بگاتە مەرامە گڵاوەکەی؟ ئاخۆ چۆن بڕوا بە شتی وادەکەی، تام؟

دەزانم کــە دایکــت مرۆڤێکــی دڵپاکــە، بــەڵام ئــەویش ترســاوە. ئــافرەتی دامــاو، ئەوەنــدە داچــڵەکیوە کــە ئیــدی توانــای شــەڕی نــەماوە. بــەڵام تــۆ خــۆ متمانەت بە قسەی من هەیە. تام؟"

"بابە، لە مبارەیەوە زۆرمان قسەکردووە. ئیدی نازانم چی بڵێم."

"بــەڵام قســە زۆر هەیــە بــۆ کــردن، ئەگــەر حــەزت لێیــە پاشەکشــە بکــەی و خــۆت بــە دۆڕاو لــە قەڵــەم بــدەی ئــەوە هــیچ، بــەڵام مــن وا ناکــەم و دەســبەدار نابم."

"بابـــه، هـــەر ئێســـتا بـــۆ خـــۆت دانـــت پێـــدانا، کـــه ناتـــەوێ بـــڕوا بـــه شـــتی وابکـــەی. بـــەڵام لـــه لایـــەکی دیکـــەوە ئەوەنـــدە زیرەکـــی کـــه بزانـــی مەســـەلەکە راستە هەموو بەسەرهاتەکە."

تـــام کـــولّی نێـــو قـــوڕگی قـــوت دایـــەوە، هەســـتی بـــە نەخۆشـــی دەکـــرد. بـــاوکی بـــــه دڵنیاییـــــەوە دەیزانـــــی کـــــە دوو کـــــۆ دوو دەکاتـــــە چـــــوار. نەخۆشـــــی تـــــام و نەخۆشی پتێر کرافیلّد.

بەرامبەر باوکی چەندە هەستی بە دڵسۆزی دەکرد.

تـــام گـــوتی:" هـــەمووی لەبەرئەوەیـــە کـــە تـــۆ منـــت خـــۆش دەوێ. مـــن دەرك بەمە دەکەم."

باد بە توڕەییەوە گوتی:" ئا، ئا، خۆشم دەوێی، ئەمە راستە."

ئـــەوان درێـــژەیان دا بـــە رێگاکـــەیان. تـــام چـــاوەکانی دەبرژایـــەوە و تـــا کاتێـــك کـــە لـــە ئـــازارە رۆحییەکـــەی کـــەم بـــۆوە، هـــەروا نوقانـــد بـــوونی. لەبـــەر ناڕەحـــەتی، قـــۆڵی کێشـــایەوە دواوە تـــا بیخاتـــە پـــاش کوشـــنەکە. لـــە ناکـــاو لـــە جێـــی خـــۆی راپـــەری و هـــاواریکرد:" خوایـــە گیـــان، ئیرێـــل لـــە پشـــتەوەی ئۆتۆمبێلەکەیـــە. هەر ئێستا هەستم بە لووتە تەڕەکەی کرد وام زانی مارە."

بـــاد بۆلاّنـــدی و گـــوتی:" ئامـــان لـــە دەســـت ئـــەم گیانـــدارە شـــەیتانە. بـــە دڵنیاییـــەوە ئـــەو کاتـــەی کـــە ئۆتۆمبێلەکـــەم لـــە بـــەردەرگای مـــاڵێ راگرتـــووە، خۆی هەڵداوەتە نێو ئۆتۆمبێلەکە.

ئێســـتا دەبـــێ چـــی بکـــەین؟ بـــە دڵنیاییـــەوە ئێســـتا تیمـــی هـــەموو دەوروبـــەری ماڵێی پشکنیوە."

"کابینەی تەلەفۆن لە جێیەك هەر دەست دەکەوێ."

"زۆر باشە، لە چوار ریانی پێشمانەوە شارێکی. بچووکی لێیە...

ئیرێـــل ئێســـتا هـــەوڵی دەدا تـــاکو ببێتـــە خانـــەی پێشـــەوەی ئۆتۆمبێلەکـــە. تـــام نوشـــــتایەوەو هـــــەڵیگرت و لەســـــەر قاچـــــەکانی خـــــۆی دانـــــا. ســـــەگەکە بـــــۆ حەســـانەوەی زیـــاتر جێگـــۆڕکێی بـــە خـــۆی دەکـــرد. تـــام لـــە کاتێکـــدا کـــە جەســـتە توکنەکـــەی دەلاوانـــدەوە، بـــیری کـــردەوە تیمـــیش لـــە دەســـت لێـــدانی لەشـــی گـــەرم و بچـــکۆلەی ئـــەم ســـەگە بـــە هـــەمان ئەنـــدازە هەســـت بـــە ئاســـوودەیی دەکـــات. هـــەروا

کـــه بـــه ئۆتۆمبێـــل گەیشـــتنە ناوەنـــدی شـــار، بـــاد لەبـــەردەم دوکانێکـــدا کـــە تـــابلۆی کۆکـــاکۆلای لەســـــەر هەڵواســـــرابوو و بـــــەنزین خانەیەکەیشـــــی لـــــە پـــــێش بـــــوو، ئۆتۆمبێلەکەی راگرت و گوتی:" بە هیچ جۆرێك ئێرە نەگۆڕاوە."

خـــانووە نەویـــەکان هـــەر کامیـــان بـــە هـــەیوانێك لـــە پـــێش، بەرامبـــەر یـــەکتری کەوتبوونـــە ئەمبـــەرو ئەوبـــەری شـــەقامەکە. ڕۆنـــاکی لـــە هـــەموو ژوورەکـــانی چێشتلێنانیانەوە دەهاتە دەرێ.

لەبـــەردەم هـــەرماڵێـــك ئۆتـــۆمبێلێکی پیکـــابی لێڕاوەســـتابوو لـــە کاتێکـــدا کـــەمێك دوورتـــر و لـــە نزیـــك خانووەکـــە عـــەمبارێك و، لـــە پـــەنا هـــەر خانوێـــك، عەڕەبانە کۆنێك بەرچاو دەکەوت.

لەوســـەری چـــوار ریـــانی شـــەقامیش بینایـــەی کـــۆنی کڵێســـە بەرچـــاو دەکـــەوت کـــە پێویســـتی بـــە رەنـــگ و نـــۆژەن کردنـــەوەی هـــەبوو. بـــاد ئامـــاژەی بـــۆ شـــوێنی چـــاککردنەوەی ئۆتۆمبێـــل کـــرد لـــە دەســـتی بەرامبـــەردا:" شـــێر یـــان خـــەت هەڵدەدەین...

من سەرەتا سەرێك لە شوێنی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل دەدەم."

تـــام لـــە تەنیشـــت ئۆتۆمبێلەکـــە راوەســـتا. بێـــدەنگی ئێـــرە بەڕاســـتی مرۆڤـــی شـــێت دەکـــرد. شـــوێنێکی مـــردوو، بـــێ ئـــەوەی هـــیچ کەســـێك لـــەو دەورو بـــەرە پیاســـە بکـــات. ئـــاخر لـــە کـــوێ ســـەیران بکـــەن؟ خـــودی ئـــەوان دەچـــوونە گـــوێ؟ ئۆتۆمبێلێکی پیکابی زەبەلاح بە خێرایی تێپەڕی.

ئەوەنـــدە خێـــرا کـــە ســـەرەڕای هـــەبوونی چـــوار ریـــان، بـــە کەمتەرخەمییـــەکی گـــەورە دەژمێـــردرا. دەنگـــی رادیۆکـــەی زۆر بـــەرزبوو و کاتێـــك کـــە دوورکەوتـــەوە هەمدیســـــان بێدەنگییـــــە مەرگاوییەکـــــە بـــــاڵی بەســـــەردا کێشـــــا. کـــــپ و مـــــاتی هـــەروەکو ملێچـــێك کـــە لـــە ملـــی ئـــاڵێنن و خنکێنـــەر بـــوو. جێگـــای دڵگرانـــی بـــوو کـــەوا بیربکاتـــەوە بـــاد لـــە شـــوێنێکی ئـــاوادا گـــەورە بـــووە. بـــاد، کـــە بـــە ئۆتـــۆمبێلی مارســـیدس بـــەرەو ژووری بازرگـــانی دەکەوتـــە رێـــی یـــان لـــە کاتێکـــدا کـــە گوڵـــە مێخـــەکی ســـپی بـــە یەخـــەی چـــاکەتەکەیدا کردبـــوو لەبـــەردەم بینـــای یـــادەوەری کڵێســـەی متریســـت کـــە دەکەوێتـــە شـــەقامی ســـامر هێـــل بـــە گـــران و ســـەنگینی رادەوەســـتا، کەســـێك شـــتێکی ئاســـنی لـــە شـــوێنی چـــاککردنەوەی ئۆتۆمبێـــل

فرێدرایە سەر زەوی، دەنگی زرینگەی بەرگوێ کەوت کە هاوارو نفرینی کەسێکی بەدواوە بوو.دەنگی نفرینێکی دیکە لە وەڵامی ئەو کەسەدا و دەنگی داخستنی دەرگا کەوتە بەرگوێ. پاشان لە ناکاو وەکو ئەوەی کە کەسێك بیەوێ بە ئەنقەست هات و هاوار دروست بکات، دەنگی هەواڵە وەرزشییەکان لە تەلەفزیۆنەوە کەوتە بەرگوێ. باوکی لەوەها شوێنێکدا سەری هەڵدابوو و زەماوەندی لەگەڵ ژنێکی گەنجی جواندا کردبوو. دایکی لە وێنەی بووکێنیدا جوان بوو، ئێستاش هەر جوانە و لەو خانووە کۆن و شکۆمەندەی پایگدا بە کتێبخانە لە رادەبەدەر جوانەکەیەوە کە بە شێوازی ئینگلیزی رازابۆوە چاوی بە دنیا هەڵنیابوو و ژیانی بەسەربردبوو.

ئەو دەیتوانی لە نێو کۆمەڵدا سەمفونیای بتهرڤن بژەنێ.

دەنگی گەشاوەی باد ئەمجۆرە دیمەنی زەینیانەی خەوشدارکرد:" زۆر باشە، خەیاڵی تیمیم ئاسوودە کرد، داماوە زۆر نیگەران بوو.."

ئەوان ویستیان سواری ئۆتۆمبێل بین کە لە ناکاو باد بڕیارەکەی گۆڕی و گوتی:" تاوێك راوەستە. واباشترە ئەو کارەش هەر ئێستا بکەم، وەرە ئێرە دەمەوێ شتێکت نیشان بدەم.

کارتۆنێکی پڕ لە قوتووی خواردنی ئامادەکراو و جبس و کۆمەڵێك کەلوپەلی دیکەی خۆراکی لەسەر کوتفی دواوەبوو. باد دەستی کرد بە بەتاڵ کردنی.

"کوڕم، وەرە ئێرە کەمێك یارمەتیم بدە، قوتوەکان لەسەر کوشنەکە هەڵچنە."

تام

بەسەرسوڕمانەوە قوتووەکانی هێنانەدەرێ. پاشان باد لەبنی کارتۆنەکەدا ئەوەی کە شاردبوویەوە، کراسێکی سپی درێژی هێنایە دەرێ و بۆی روونکردەوە:" ناچارم ئەمە لە خەڵك بشارمەوە، هیچ دیارنییە، لەناکاو پێشت پێ دەگرن و ئۆتۆمبێلەکەت رادەگرن یان رەنگە هەر رووداوێکی دیکە رووبدات. رەنگە لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی دیکەدا توشی پێکدادان ببی یاخود پۆلیسێك بۆ گەڕان بە دوای مادەی بێ هۆشکەر ئۆتۆمبێلەکەت رابگرێ. هەڵبەت نامەوێ بەهۆی بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانی سەرزەنشتی بکەم. بەڵام دەبێ زۆر وریابین، بەتایبەتی پیاوێك لە پلەو پێگەی مندا."

"له مەبەستت تێناگەم باوکە، مەسەلە چییە؟"
باد کراسە نوشتاوەکەی لەسەر مەچەکی تام دانا، هێمایەکی خڕی سوور لەسەر کراسەکە بەرچاو دەکەوت، بەڵام بەهۆی تاریکییەوە تام توانای خوێندنەوەی پیتەکانی نەبوو. کاتێك کە دووبارە پرسی:" ئەمە چییە؟... باد گوتی:" هیچ رایەکت نییە؟"
ڕەنگە، ڕەنگە... بریسکەیەك لە مێشکیدا، لە رادە بەدەر سەیر، ئەوەندە شێتانە. کە لەگەڵ کەسایەتی هومە تۆماس رایسدا نەدەگونجا، تام لە ترسی ئەوەی کە نەکا دەربڕینی ببێتە هۆی پێکەنین، بە نیشانەی نەزانی سەری لەقاند.
"کوڕم بەرلەوەی بەرەو ئەم شوێنە بکەوینە ڕێی پێم گوتی کە دەمەوێ نهێنییەکی گرنکت لە لابدرکێنم، تۆ بە ئەندازەی پێویست گەورەو ئاقڵ بووی و ئیدی ئەوجار دەتوانم لە بارەی نهێنییەکەوە متمانەت پێ بکەم."
باد دەنگی خۆی نزم کردەوە، تەنانەت لەو چوار ریانە بێدەنگ و کپ و ماتەشدا بە دژواری دەبیسترا:" تام، مەسەلەی کوکلوس کلاتەکان لە ئارادایە.."
تەزوێکی سارد بە بڕبڕەی پشتی تامدا هات و هاوکاتیش داچڵەکینێکی بە نیشانەی ناباوەڕی لە خۆیدا هەست پێکرد.
ناڕەزایەتییەك لە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەیەك، بابەتێکی ورووژێنەر و پڕ لە رووداو و هەروەها ترسانی لە رادەبەدەر.
هەموو مووی لەشی گرژ بوون.
تام گوتی:" قەت هەستم پێ نەدەکرد. بیریشم لێنەدەکردەوە"
باد پێکەنی و گوتی:" خۆشییەکەی هەر لەمەدایە. من ئەم هەموو شڕوشیتاڵەم لە نێو دۆڵابی نووسینگەکەمدا هەڵدەگرت.
وەرە دەبێ زوو دەست بە کارەکەمان بکەین. لە ڕێگادا هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم...
بە درێژایی ڕێگا، نیگای تێڕاماوی تام هەر لەسەر باد بوو. چەندە سەیربوو کە باوکی لە پڕێکدا ئەوەندە جیاواز دەهاتە بەرچاو، بەڕاستیش هەروابوو. ئێستا تام، بادی بە شکلێکی دیکە دەهێنایە پێش چاوی خۆی.. دیمەنێکی کە وەسف نەدەکرا و لەودا باد لە نێو ئەو کراسە سپییە درێژەداو کڵاوی درێژی نووك تیژ هەروەکو

جادوگـەران، کـە ئـاییبنی نهێنیانـەی کوکلـوس کلانـی لەبەرامبـەر خاچـی بڵێسـەداردا بەڕێوەدەبرد، ئەوان بەرەو وەها شوێنێك لە ڕێدا بوون. ترپەکانی دڵی خێراتربوون.

"ئەو سەردەمەی من زۆر گەنج بووم، ڕێك ئـەو کاتـەی کـە تـۆ لـە دایـك بـووی، بـەڵام هەمیشە لـە دەروونـەوە حـەزم لەمـەبوو. مـامێکم هـەبوو، لـە راسـتیدا مـامی گـەورەم، کـە وا راهـاتبوو هەنـدێك شـتم بـۆ بـاس بکـات کـە نەدەبوایـە بـە کـەس بڵـێ. ئـەو لـە رادەبەدەر زۆر بڵـێ بـوو. هـەموو کـەس دەیزانـی، کـە هێنـری قسـەی لـە لابەنـد نابێـت. رەنگە ویستبێ متمانـە بـە مـن بکـات یـاخود هـەروەکو گـوتم نـەدەتوانی بـە زاری خـۆی بگرێت. مەبەستم ئەوەیە کـە لـە مبارەیـەوە نـابێ تەنانـەت وشـەیەکیش بـە تیمـی بڵێـی. تێگەیشتی؟"

تـام گـوتی:" بـەڵێ تێگەیشـتم... بـە دڵنیاییـەوە ئـەو هیچـی بـە تیمـی نـەدەگوت. پاشان تام پرسی:" ئەی دایکم چی؟"

دیارە کە دایکیشی نەدەبوایە لەمبارەیەوە هیچ بزانێ.

"بـۆ خـاتری خـوا! تـۆ کـە باشـتر دەزانـی. دایکـت هـەتا هەتایـە تـووك و نـزینم لێدەکات. تەڵاقم لێوەردەگرێـت. بـڕوا بکـە، ئـەو لـە رادەبـەدەر دژی ئـاییبنی کلانـە، خـوا باشتر دەزانێ.."

"بـاد ئـاخێکی هەڵکێشـاو گـوتی:" خۆزگـە دەمتـوانی بـە ئاسـانی قسـەی لەگـەڵ بکـەم. بـاڵێکی ئافرەتـانیش لـە کلانـدا چـالاکی هەیـە. ئەمـە دەزانـی؟ بـەڵام ئـەوە خـەیاڵێکی خـاوە. دایکـت و پوورەکـان، ئـەوان ئـافرەتی چـاکن. خـاتوونی بەسـۆزو لەبـەردڵان، بـەڵام ئاگایـان لێ نییـە لـە دنیـای دەورو بەریانـدا چـی روودەدات. خۆزگـە بم توانیایە لەگـەڵ دایکتـدا راسـتگۆبم و متمانـەی پـێ بکـەم. ئەمـە تاکـە نهێنییـە کـە لـە تەواوی ژیانمدا لێم شاردۆتەوە."

بـاد دووبـارە ئـاخی هەڵکێشـایەوە:" زۆر باشـە، بـا بگەڕێمـەوە سـەر باسـی مامـە هێنری. ئـەو وا راهـاتبوو کـە لـە چـالاکییەکانی دەیـەی بیسـتیان کۆمەڵـە چیرۆکێکم بـۆ بگێڕێتـەوە. ئـەوان لـە سـەیرانەکانی دەرەوەی شـار ئـەو ئاهەنگانـەی کـە بـەڕێوەیان بـرد، دەیانتوانی سەدان ئەندامی نوێ وەربگرن.

جارێکیـان لەگـەڵ خۆیـدا بردمـی بـۆ شـوێنێك و مـن تـوانیم لـە نزیکـەوە سـەیری کۆبونەوەیەك بکەم. ئـەوان ئاگریـان لـە خاچـێك بـەردا کـە رەنگـە سـێ مـەتر درێژبوایـە.

خۆشەویستی نیشتمان هەروەکو تەزووی کارەبا لە هەموو دەڤەرەکەدا هەست پێدەکرا. تەواوی ئەو خەڵکە یەکیان گرتبوو. قەت ئەو شەوەم لەبیر ناچێت."

پەنجەی سارد لەسەر بڕبڕەی پشتی تام سەروخواری دەکرد. تام ئاگاداری ئەو هەستە ناخۆشەبوو. هاوشێوەی ئەو هەستەی بەشەوی رووداوەکەی فێربوو هەستی پێکردبوو، ئەو کاتە کە پیاوە هێرشبەرو دڕندەن بە نەعرەتەوە پەلاماری ماڵێ رەش پێستەکانیان دابوو.

هەستی دەکرد قسەکانی باوکی راست نین، هەروەها ئەو کارتۆنەی کە لە خانەی دواوە دانرابوو یاخود ئەو جادە تاریك و چۆڵ و پڕ لە هەورازو نشێوە کە پێیدا تێپەڕین. لەمبەرەوبەری جادەکە کۆنە درەختی داربەڕوو بەرچاو دەکەوت. تەمەنی ئەو درەختانە دەگەیشتە سەد ساڵ یان رەنگە زیاتریش.

لق و پۆپیان قەوزەی پێدا هەڵواسرابوو و پیرێژنێکی شێتی بە قژی درێژی خۆڵەمێشییەوە لە هزریدا دروست دەکرد.

تام، ئیرێلی توند لە باوەشدا گوشی. ئێستا باد بیرەوەرییەکانی خۆی زیندوو دەکردنەوە:" باوکم قەشە بوو، هەروەکو کە دەزانی، بەڵام زۆربەی خەڵکی گوندەکەی لەمەودایەکی نە زۆر دوور لەئێرە خەریکی کشتوکاڵی پەمۆ بوون. خوایە گیان ئەو چەند رقی لە پاپ بوو."

باد هەروەکو راهاتبوو لەبەرخۆیەوە پێکەنی:" زۆر باشە، سەردەم دەگۆڕێ و ئەو رۆژانە ئێمە ئیدی ئەوەندەمان رق لە پاپ نییە.

بەڵام بۆ جوولەکەکان، ئەو رقە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. خوایە گیان قەتیش ناگۆڕێ...

لە دەروونی تامدا دوو هەستی پێویستی شەڕ لە دژی یەك راست ببونەوە. یەکێکیان پێویستییەك بەهۆی ترسەوە کە گوێیەکانی دابخات و گوێی لە هیچی دیکە نەبێت و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە زانینی تەواوی بەسەرهاتەکە.

تام بە کەمێك لالێیەوە گوتی:" ئێ، تۆ بەوە چ کارەی؟"

" من؟ من پایەبەرزی پارێزگام، بەڵام هیوادارم بە زوویی بەرزببمەوە بۆ (ڕێبەری گشتی ناوچەکە).

ئیمپراتۆریەتی کلان بەسەر پێنج چیندا دابەش بووە، هەروەکو هەرەمێك وایە کە لە سەرووی هەموویەوە بیرمەندی مەزن) جێی گرتووە. هەموو شتێك زۆر بەباشی رێکخراوە. لەرادەبەدەر رێکوپێك.. باد بە شانازییەوە درێژەی پێدا:" زۆر تامەزرۆ دێیە بەرچاو."

"ئۆهو، بەڵێ.... ئێ هەموو کەسێك سەرەنجی بۆ بابەتێکی وا سەیروسەمەرە و نهێنی راکێشرێت."

"تۆ هیچ پرسیارێکت سەبارەت بە ئامانج و مەرامی ئێمە نەکرد.

بەڵام پێم وایە کە واباشترە بزانی. لەگەڵ ئەوەی کە ئێوە لە هەواڵنامەکەتاندا دەینووسن جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

لە راستیدا ئێمە لەیەك کانی هەڵدەقوڵێن. بیروبۆچوونەکانی ئێمە وەکو رووبارێکی بچووك دەڕوات و هەروەها بیروبۆچوونەکانی ئێوەش بەردەوام دەبێت لە رۆیشتن و رۆژێك دادێت کە ئەم رووبارە بچووکانە یەك دەگرنەوەو دەبنە زێیەکی گەورە..

باد درێژەی دا:" بەڵێ، تۆ لە زانینی ناوی هەندێك کەس سەرت سوڕ دەمێنێ کە پێوەندییان پێوەکردووین، هەرچەندە کە جاری ناتوانم هیچت پێ بڵێم. نازانی چ کەسانێکی بەرجەستە هاوکارمانن. پێویست بە ناو هێنانیان ناکات کەئێمە لە سەرانسەری ولاتدا ملیۆنان کەس لایەنگرمان هەیە کە لەگەڵ ئێمەدا هاوڕێیەتی و هاوخەمی خۆیان دەردەبڕن، ئەو خەڵکانەی کە لەوە تێگەیشتوون ژیانیان لەم ولاتەدا کەوتۆتە ژێر هەڕەشەوە و تەنانەت حەزیش دەکەن لەگەڵمان کەون.

بەڵام ئەمە ئازایەتییەکی لە رادەبەدەری دەوێ. بەهۆی هەراو هۆریای میدیاکان و بە ئەگەری زۆریش سیخوڕی ئێف. بی. ئای. دەبێ هەمیشە وریای خۆت بی ئەمە پێویستە بۆ؟

تەماشای ئەم جۆنسۆنە بکە. ئەویش سەردەمانێك لەگەڵ کوکلوس کلانەکاندا بوو. لەمبارەیەوە هەندێك شتت بیستووە، بەڵام ئێستا ئەو ناچارە لێمان دوورەپەرێز بێت، لەبەر ئەوەی دەیەوێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات. ئەو ناچارە بە رواڵەت، ئارمانج و مەرامی ئێمە ئیدانە بکات.

شێوازێکی خۆ پارێزانە، ئەو دەبێ تا رادەیەك ئەوە دەربڕێت کە مەبەستیەتی، بەڵام قەت باسی ئەوە ناکات کە بۆچوونی راستەقینەیەتی. بەڵام دڵی وی لەگەڵ ئێمەدایە. حیمیژی کوکلۆس کلانێکە. پیاوی خۆشەویستی ئێمە...

پیـــاوی خۆشەویســـتی ئێمـــە؟ تـــەزوێکی کـــز هـــەموو جەســـتەی گرتـــەخۆی. تـــان ئـــەو رۆژەی هێنایـــەوە بیرخـــۆی کـــە لەگـــەڵ رۆبـــی و جـــیم جۆنســـۆندا بەســـەری بردبـــوو، پیـــاوێکی خوێنـــدەوار بـــە هەڵســـوکەوتێکی گـــران و ســـەنگینەوە و راو بۆچـــوونی بـــێ کـــەموکوڕی و هاوڕێیانـــە. ئایـــا ناســـکی لـــە هەڵســـوکەوتی ئـــەو پیـــاوە ئاشـــکرا نـــەبوو؟ بیروبـــاوەڕە ســـادەو پێشـــکەوتووەکەی هێنایـــەوە یـــاد. (شـــێوازی ژیـــانی ئێمـــە). شـــتێك بـــە پێچـــەوانەی بنەماڵـــەی کرافیلـــد، بـــە پێچـــەوانەی ئـــەو پیرەمێـــردە هەســـتیارو چـــاو بـــە گریانـــە. گـــەلێکی چـــاوبەگریان و دوور خـــــراوە کـــــە هـــــیچ کەســـــێك نەیدەویســـــتن. زەردەخەنـــــەی گەشـــــبینانە و دڵنیایی جیم جۆنسۆنی هێنایەوە یاد. زەردەخەنەی پیاوێکی براوە.

ئەگـــەر جـــیم جۆنســـۆن هـــی ئـــەو خەڵکانـــەبوو کـــە ئەمشـــەو بەشـــداری کۆبونـــەوەکانیان دەکـــرد، کەواتـــە کێشـــەیەك لـــە گـــۆڕێ نـــەبوو و بـــاد پیاوێـــك نەبوو کە بەهەڵەدابچێت.

ئـــەو پیـــاوەی کرداربـــوو و دەیزانـــی لـــە چ رێگایەکـــدا هـــەنگاو دەنـــێ. تـــام لـــە دڵـــی خۆیـــدا بـــیری کـــردەوە، بـــەڵێ دروســـتە. هـــیچ هۆیـــەك نییـــە بـــۆ ترســـان. ئەوســـا هەستی بە ئاسوودەیی کرد.

بـــاد گـــوتی:" ئـــەوە گەیشـــتین. دەبـــێ پەلـــە بکـــەم و کۆتـــایی بـــە قســـەکەم لەگـــەڵ تـــۆدا بێـــنم. دەبـــێ تـــۆ ئەمشـــەو لـــە دوورەوە شـــایەدی رووداوەکـــان بـــی و پـــێم وایـــە بـــە تونـــدی بکەویـــە ژێـــر کاریگەریـــەوە. پاشـــانیش بـــە دڵنیاییـــەوە لەگەڵمان دەکەوی.

وەرگێـــڕان زۆر ئاســـان نییـــە، تـــۆ دەبـــێ شـــیاوی ئـــەوە بـــی، بـــۆ خـــۆت باشـــتر دەزانـــــی. ئـــــەوان ســـــەبارەت بـــــە هاوڕێیانـــــت و رەچـــــەڵەکی بنەماڵـــــەیت لێکۆڵینـــەوەی و "بەڕێوەدەبـــەن بـــەڵام لـــەو کاتـــەدا کـــە مـــن ئامـــادەم ئـــەوە گرفتێك دروست ناکات."

ئـــەو هەســـتکردن بـــە ئاســـوودەییە بـــە هـــەمان خێرایـــی کـــە تووشـــی ببـــوو، بەهـــەمان شـــێوەیەش لـــە دەرونیـــدا لـــە نێوچـــوو. تـــام زۆر بـــە ئـــارامی پرســـی:" رەچەڵەکی بنەماڵەیی؟ ئەگەر ئەوان بزانن کە..."

بـاد دەرفـەتی نـەدا قسـەکەی تـەواو بکـات:" دیسـانەوە ئـەو بەسـەرهاتـە گاڵتەجاریـەت هێنایـەوە گـۆڕێ؟ پـێم گـوتی هـەموو شـتێك لـەبیرخۆت ببـەوە:" بەڕاستی پێت دەڵێم. ئەو درۆیە گەورەیە لەبیربکە."

بـەڵام ئەگـەر هـەواڵی ئـەم رووداوە بگەیشـتایە دەرێ. ئێسـتا نـا، بـەڵام ساڵێك یاخود دە ساڵی دیکە ئەوسا چ کێشەیەکی لێدەکەوتەوە؟

ئـەو دەبوایـە بـە درێـژایی تەمـەنی لـە تـرس و دڵەڕاوکێـدا بەسـەری ببردایـە، کـە نـەکا پەنجـەی بـۆ درێـژبکرێت. نـەفرەتی بەرامبـەر بنەماڵـەی کرافیلـد بـەتاڵی ئـەو تامـە بـوو کەلـە نێـو دەمیـدا هەسـتی پێـدەکرد. لـە جـادەی سـەرەکی لایانـدا گەیشـتبوونە سـەر رێگایـەکی بەرتەسـك و خـۆلاوی کـە لـە رۆخـی زەلکـاوێکی پێـك دەهێنـا. لـەو شـەوە رەش و زیویـەدا ریشـەی دارسـەروەکان لـە نێـو ئـاوەوە هاتبوونـە دەرێ و بەچـاو دەبینـران. شـوێنێکی لـەبار بـوو بـۆ بۆقـەکان کاتێـك لـە ئاو دەهاتنە دەرێ یاخود خۆیان فڕێ

دەدایـە نێـو ئـاوەوە. لەبـەری وشـکایی جادەکـەش قـەدی ئەسـتووری درەختـەکان بـەلق و پـۆپی مارپێچـی پاپیتـاڵ[١٦] داپۆشـرا بـوو، توندوپێچـراو هـەروەکو لـەفافێك کـە بـۆ بـرین پێچـان لـە قـوڵی دەئـاڵێنن. هـەوای گـەرم و شـێدار دزەی دەکـردە تەنانەت ژێر جل و بەرگی دەزوشەوە و پێستی لەشی مرۆڤ دەچوزاندەوە.

پاشـان بـە شـێوەیەکی چـاوەڕواننەکراو جادەکـە کۆتـایی پێهـات و ئـەوان شـوێنێی بـەرفراوانیان کەوتـە پـێش. ئـەوێ کێڵگەیـەکی بـەرینی پـەروەردەی پەلـەوەر و لـە رادەبـەدەر جوانبـوو. نیـوەی ئـەو پانتاییـە ئـەو ئۆتۆمبێلانـە داگیریـان کردبـوو کـە لـەوێ راگیرابـوون. لـە نێـوان ئەوانـداو ئـەو خاچـەی کـە لـە شـوێنێکی دووری کێڵگەکـە دایـان نـابوو، کۆمەڵـە پیاوێـك بـە کراسـی سـپی درێـژەوە ئاپۆرایـان بەسـتبوو کـە دەتگـوت ئامـادەیی ئـەوەن کـە بـەرەو شـوێنێك پێشـڕەوی بکـەن. بێدەنگییـەکی نائاسـایی هاوشـێوەی ئـەوەی کـە لـە کڵێسـەدایە، بـاڵی بەسـەر ئـەو دیمەنـەدا کێشـابوو. بـاد گـوتی:" درەنگمـان کـرد، کارتۆنەکەم بدەیە کوڕم، پەلە بکە."

---

١٦- جۆرە گیایەکە کە خۆی لە قەدی داروردەخت دەئاڵێنێ"وەرگێر"

ئـــەوان پێکـــەوە قوتـــووە خۆراکییـــەکانیان بـــەتاڵ کـــرد. بـــاد باڵاپۆشـــە درێژەکـــەی لەبـــەرکردو کـــڵاوە درێـــژە نـــووك تیژەکـــەی کـــردە ســـەری کـــە جگـــە لـــە دوو کـــون بـــۆ چـــاوەکانی هـــەموو دەمووچـــاوی داپۆشـــی بـــوو. کڵاوەکـــەی بـــەژنی بەرزتر کرد و چاوی لە پشت ئەو کونانەوە زۆر سەیر دەدرەوشانەوە.

ئەو کەسایەتیی خۆی گۆڕیبوو.

بـــاد گـــوتی:" دەتـــوانیٚ هـــەر کـــە بازنەکـــەمان پێـــك هێنـــا، بچـــێتە ڕێـــزی بینەرانەوە."

تـــام تەماشـــای دوورکەوتنـــەوەی بـــاوکی کـــرد کـــە لەگـــەڵ گرووپـــی ســـپی پۆشـــەکان کـــەوت و لـــە نێـــو ئـــەو کۆمەڵـــە زۆرەدا بـــزر بـــوو. تـــام هەوڵێـــدا تـــا هەســـتە ســـەیر و دژ بەیەکـــەکانی خـــۆی تـــاوتۆی بکـــا. ڕقـــی هـــەبوو لەبەرنـــەبوونی متمانـــە، کـــە ســـەبارەت بـــە کەســـایەتی خـــۆی پەیـــدای کردبـــوو، ترســـە دەروونییـــەکانی و هەمدیســـان هەســـتێکی دڵنیـــا بەخشـــی ئاســـوودەی هـــەبوو لـــەوەی کـــە جـــیم جۆنســـۆن ئاگـــاداری هـــەموو ئـــەو شـــتانە بـــوو کـــە لێـــرە ڕووی دەداو، پشتگیریشـــی لێـــدەکرد. ئێســـتا پیـــاوە کڵاوبەســـەرەکان بـــۆ پێشڤەچـــووی ڕیزیـــان بەســـت. ئـــەوان دوو دوو پێکـــەوە دەڕۆیشـــتن و هـــەر کامێکیـــان مەشخەڵێکی ڕووناکییان بە دەستی چەپەوە بوو.

بـــە هـــەنگاوی بێـــدەنگ لەســـەر گژوگیایەکـــە هـــەنگاویان دەنـــا تـــا بگەنـــە خاچـــەکە. شـــومیەکی تایبـــەت لـــەو بزووتنـــەوە یـــەکگرتووەدا هـــەبوو، هـــەروەها چـــۆنایەتییەکی پێکـــەنیناوی بـــە جـــۆرێکی وا کـــە پێکـــەنینی دەمـــاروی لـــە قـــورگی (تـــام) دا دروســـت بـــوو، بـــەڵام بـــە ئـــارامی خواردییـــەوە، لەبەرئـــەوەی هەســـتی بـــە کۆمەڵـــە پاســـەوانێکی پاراســـتن کردبـــوو لـــە دەوروبـــەری خـــۆی. ئـــەو پیاوانـــە بـــەبێ کـــڵاو، بـــە چـــەقۆ و دەســـبەندی کـــە بـــە پشـــتێنیانەوە کرابـــوو دەناســـرانەوە، گومـــانی تێدانـــەبوو کـــە لـــە ژێرجلەکانییـــەوە دەمانچەشـــیان پێبـــوو. زۆربـــەی بینـــەران بـــەرەو بازنـــەی پیـــاوە ســـپی پۆشـــەکان هـــەنگاویان دەنـــا کە ئێستا بازنەکە لەبەردەم خاچەکەدا لێك بڵاوببوو.

بـــەڵام ئـــەو کـــە دەروونـــی ســـیخناخ بـــوو لـــە ڕق و شاگەشـــکەیی لـــە نێـــو دوورتـــرین بازنـــەی بینەرانـــدا مایـــەوە. دیتنـــی بـــاوکی کـــە مەشـــخەڵەکەی

دەخستە ژێر خاچەکەوە سەیرو نائاساییی و لە هەمان کاتیشدا خافڵێنەر بوو. تام هێشتا هەر لەوێ راوەستابوو و سەیری دەکرد تا دوایین مەشخەڵ دانراو ئاگر هەموو خاچەکەی داگرت تا ئاسمان رووناك بکاتەوە.

کەمێك لە پێشترەوە رێبەری گروپەکە چووە شوێنی خۆی و لە کاتێکدا کە هەموویان بە نیشانەی کوڕنۆش سەری خۆیان دانەواندبوو، نزاو پاڕانەوەی درێژیان کرد.

پاشان سڵاوێکی توندوتیژی نازی کرد و دەستی بە قسەکرد:

"ئەم خاچە بۆ ئازادی دەسوتێنرێت. بۆ ئازادی ئێمە." ئەو خەریکی قسەکردن بوو کە تام بەدیتنی ئیرێل کەبەرەو لای بازنەی پیاوەکان رای دەکرد. ئاگای لە خۆنەما. دیارە یەکێك لە دەرگاکانی ئۆتۆمبێلەکە بە باشی دانەخراوە و ئیرێل دەرپەڕیبووە دەرێ. دیاربوو کە بەشوێن بادا دەگەڕێ. راکردن بەدوای سەگەکەداو گرتنەوەی، رێو رەسمەکەی تێك دەداو تام بە گاڵتە لە دڵی خۆیدا گوتی بۆنی بەهێزی ئیرێل باد لە نێو ئەو کۆمەڵەدا دەدۆزێتەوە. چ لە بەرگی گۆڕدراودا بێت یان نا هیچ رێگایەك بۆ فریودانی لووتی هەستیاری سەگێك بوونی نەبوو.

وتاربێژ درێژەی دا:" شەڕ لە دژی رەگەزە دەرەکییەکان کە خوێن و دەسەڵاتی ئێمە دەمرن، لەبەرخاتری ئەو کلتوورەی کە ئێستا ئێمە خاوەنین، درێژەی دەبێت.. ئەو ئێستا بۆ زاڵبوون بەسەر گڤەگڤی بادا دەنگی خۆی بەرزکردەوە:

"نەفرەت لەو خاوەن بانکە نێو دەوڵەتیانە، خوێڕی و مشەخۆر. ئایا ئێمە پێویستمان پێیان هەیە؟ " لە نێو حەشامەتەکەدا دەنگێکی نۆڕە بەرزبۆوە!: تام بەسەر سوڕمانەوە بیری کردەوە، باوکی بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی خوێندووەو دەزانێ کە لەگەڵ ئەو دۆخە ئابوورییەی جیهاندا، بە دڵنیاییەوە ئێمە پێویستمان بە خاوەنی بانکە نێو دەوڵەتییەکان هەیە.

ئێ، هەندێکیان قۆڵبڕن، وەکو تەواوی خەڵك. تەنانەت لە نێو پزیشکەکانیشداو پارێزەران و مامۆستایان و دەلالەکانی ئۆتۆمبێل و سیاسەتوانانیشدا مرۆڤی قۆڵبڕ هەیە.

کەواتە ئەم مەسەلەیە چی دەسەلمێنێ؟ هیچ شتێك، جگە لەوەی کە هەندێك خەڵك هەمیشە فێڵباز بوون. هیچ گومانێك نییە، بە دڵنیاییەوە باوکی سەبارەت بە بە هەڵەداچوونی وتاربێژەکە لێبووردن دەخوازێ. ئەو دڵەی کە هیچ بزووتنەوەیەك ناتوانێت لەسەداسەد راست بێت و هەروەها دەبێ تۆ شوێنێك بۆ هەڵەکەت بهێڵییەوە. بۆیە تام گوێی بۆ ئەم وتارە سەرتاپا هەڵەیە راگرت و بیری کردەوە کە بۆخۆی یان رۆبی رەنگە تەواوی ئەو قسانەیان بە لێهاتوییەکی باشتریشەوە لە هەواڵنامەکەیاندا باس کردبێت. لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی لە رادەبەدەر توندوتیژ بوون، لە رادەبەدەر قین لە دڵانە و هەروەها خراپتر لە هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا ئەو بیری لێکردبۆوە. هەستی دەکرد کە دڵە سەرسوڕماوەکەی ترپەکانی خێراتر بوون و شتێك لە نێو گەروویدا لێدەدات.

"بابە و باپیرە ئازاکانی ئێمە خوێنی خۆیان لە پێناو ئاوەدانی ئەم وڵاتەدا بەخشیوە تا بگاتە دۆخی ئێستا، ئەگەر پێویستیش بێت ئێمەش بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە خوێنی زیاتر دەبەخشین تا لە دەست بیانە نەفرەتلێکراوەکانی دەربێنین. ئێمە ئەو کارە دەکەین.."

نەعرەتەیەکی دیکە کە پشتگیری لە وتار بێژەکە دەکرد بیستراو قسەکانی وتاربێژ درێژەی هەبوو:" ئێمە دەبێ ئامادەی بەرەنگاربوونەوە بین ! ئێمە دەبێ خۆمان چەکدار بکەین و بزانین چۆن بەبێ ساتێك دوو دڵی سوودی لێوەربگرین. ئیتر هەڵە بەسە. ئیدی سۆز و میهرەبانی بەسە، چیدی بڕو بیانوو قبووڵ ناکرێت. دوژمنان گەمارۆیان داوین و ئەو هەورانەی کە بایە بەهێزەکە هێنابووینە سەر ئاسمانی کێڵگەکە، ئێستا ئاسمانیان تاریك داهێنابوو و ئەستێرە درەوشاوەکانی داپۆشیبوو. تام سەری بەرزکردەوە و چاوی بە کاکێشانی رێگای شیری کەوت و هزری لەسەر ئەو دەنگە بە زایەڵەیە لاچوو. قسەکانی ئەو پیاوە هێندە دووبارە ببوونەوە کە ئیدی سەرنجی ئەویان رانەدەکێشا. ئەم جیهانە چەند گەورە و بەرفراوان بوو. ئەو زنجیرە لێك بەستراوەی کە ئەستێرەکان پێکیان دەهێنا بەبەراورد لەگەڵ ئەو گۆی زەویەی کە ئەو لەسەری راوەستابوو زۆر گەورەو سەرسام دەهاتە بەرچاو ! هەروەها ئەویش بەبەراورد لەگەڵ کاکێشانە دوورەکاندا و ئەودیویشیان ئەو جیهانە نەناسراوانەی کە تا ئێستاش

لــە دەرەوەی مــەودای دیتنــی بــەهێزترین ئــامێری ئەستێرەناســیدا بــوون، چــەندە بچــووك بوو! تام لە دڵی خۆیــدا بــیری کــردەوە، هێشــتاش کۆمەڵــە شــتێکی نەناســراوی زۆر هــەن و ئێمــە لەســەرەتای رێگــادایین. خــەڵك خــەریکی ســروود خوێندنــەوە بــوون و ئــاواز، هــەمان ئاواز.

"ماڵ، ماڵی ئازیز[17].. بوو، بەڵام وشەکان نەناسراو بوون:

"ئێمــە هــەمووومان لەتــەك یەکتریــدا راوەســتاوین. بــۆ هەمیشــەو بــۆ ســەرفیرازی، وڵاتەکەم، ماڵەکــەم، دایکــی نیشــتمان، ئێمــە پیــاوانی کــلان لــە پێنــاو مــاڵ و نیشــتماندا زیندوین و لەم پێناوەشدا گیانمان دەکەینە قوربانی.ئێمە پیاوانی کلان..."

لــە ناکــاو ئــەو رووداوەش وەکــو هــەر رووداوێکــی دیکــە چــاوەڕواننەکراو روویــدا. خێــراو کتــوپڕ هــەروەکو دەرچــوونی گوللــە یــاخود درەوشــانەوەی هەورەتریشــقە لــە دوانیوەڕۆیەکی هاویندا.

بەیەك نەعرەتــەی شــێتانە و جێگــۆڕکێی هــەوا هاتــە ئــاراوەو بەرلــەوەی هــیچ کەســێك تێبگات رۆیشتبوو.

هــەر تــازە چــەند چرکەیەك دوای ئــەوە بــوو کــە ئامــادەبووان بۆیــان دەرکــەوت کــە ئۆتۆمبێلێکی بــەهێز بــەخێرایی لــە تــاریکی جادەدا دەرچــووە و پــەلاماری بازنــەی ســپی پۆشــەکان داوە لەبــەردەم خاچــەکەدا. بــە دەوری گۆڕەپانەکــەدا ســوڕاوەتەوە و بــەو تایانایەوە کە لەبەر خێرایــی ویزەیــان دەهــات لەوبــەری کێڵگەکــە بەرلــەوەی هــیچ کەســێك بتــوانێ بیناســێت و هەســتی پــێ بکــات بــزر ببــوو. لــە پــاش کــەمێك بێــدەنگی، حەشــاماتەکە هاواریــان لێبــەرزبۆوە. تــام بۆمــاوەی کــەمتر لــە خولــەکێك بێــدەنگ و سەرســام راوەســتابوو. هــەورەکان پــێش مانگیــان بــەردابوو و تــام لەبەرئــەو روناکییــەدا کۆمەڵــە پیــاوێکی دیــتن کــە کــراس و کڵاوەکانیــان دادەنــێن و هەڵــدێن. ئــەو هــەروەها کۆمەڵە پیاوێکی چاوپێکەوت کــە لەســەر زەویــدا کــەوتبوون. خــەڵك بــۆ ئــەملاولا رایــان دەکــرد، هێنــدێکیان بــەرەو ئۆتۆمبێلــەکانیان غاریــان دەداو ئــەوانی دیکــەش، بریندارەکانیان کۆدەکردنەوە، بریندارو کوژراوەکان پاشان ئەویش غاریدا.

"نا، نا، باوکم نەبێت! ئۆه خوایە گیان، بابە لەگەڵ کوژراوەکان نەبێت..."

---

17 -Home\ Sweet Home

تام بە حاڵـەتێکی شـێتانە بـۆ دۆزینـەوەی بـاوکی سـەیری ئـەملاولای دەکـرد. هـاواری دەکرد:" کێ بوو، لە کوێوە هات."

پرسـیاری لـە روخسـاری نـامۆ و نەناسـراو دەکـرد کەنەیانـدەزانی وەڵامـی بدەنـەوە. سێ تەرم لەسەر زەوی کەوتبوون.

تـام دەترسـا، ئیفلـیج ببـوو. قاچـەکانی توانـای چـوونەلایانی نـەبوو و چـاوەکانی نەیانـدەتوانی بیـان بیـنن، لەبەرئـەوەی دەیزانـی. ئـەو بـە سـادەیی دەیزانـی. یەکـەمیان نەناسـراو بـوو. دووەمیـان بەوپـەڕی تۆقینییـەوە رادپیـت بـوو، بەڕێوەبـەری بلیمـەتی کاروبـاری کۆمپانیـای (ڕایـس و کـوڕ). سـێهەمیان، سـەرێکی خوێنـاوی و جەسـتەیەکی شـکاوی هـەبوون قاچـەکانی بـە شـێوەیەکی نائاسـایی تێـك ئـاڵابوون. قـۆڵێکی لـە جەستەی جیابۆوە.... تام لەسـەر زەوی پـان بـۆوە. کەسـێك گـوتی:" خوایـە گیـان، ئـەوە کوڕەکەیەتی.."

چ مادەیـەك لـەوێ کـەوتبوو بـۆ خـۆی نەیـدەزانی، بـەڵام لـە مێـژ نـەبوو لەبەرئـەوەی هێشتا پـۆلیس و ئـامبولانس نەگەیشـتبوونەجێ، کاتێـك هاتـەوە هـۆش خـۆی، خـۆی لـە نێـو دەوەنێکـدا بـە نیمچـە شـاراوەیی دیتـەوە لـە پشـت دوایـین رێـزی ئۆتۆمبێلـە راگیراوەکـان، نزیـك ئۆتۆمبێلەکـەی بـاد. دوو کـەس دایـان نیشـاندو پـەرداخێکیان لـە لێوەکـانی نزیـك کـردەوە. یـەکێکیان گـوتی:" ئەمـە بخـۆوە. پێویسـتیت پێیـەتی." بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەو لەگـەڵ کحولـدا رانـەهاتبوو هەسـتی بـە ناڕەحـەتی کـرد، بـەڵام کحـول بیری زیندووکردەوە. راستییەکی بـێ پـێچ و پـەنا لـەوەی کـە روویـدابوو دووبـارە هێنایـەوە بەرچاوی خۆی. تام بـە ئـارامی گریـا. پاشـان وەکـو ئـەوەی کـە شـتێکی بەبیرهاتبێتـەوە، هاواریکرد:" دڵنیان کە مردووە، رەنگە بە سەختی بریندار بووبێ و ئەوان بتوانن."

کابرا بە پەژارەوە گوتی:" نا، نـا، کـوڕم، باوکـت مـردووە، سـێ کـەس مـردوون، حـەوت کەسـیش ئێسـکی لەشـیان بـە تـەواوی شـکاوە، بـەڵام ئـەوان چـاك دەبنـەوە یـەکێك چـووە ئامبولانس ئاگاداربکاتەوە." تام بە ترسەوە گوتی:" کێ ئەو کارەی کرد؟ کێ."

"ئـاژەڵێکی خـوێری، وەکـو شەمشـەمەکوێرە لـە هێڵانەکـەی هاتـەدەرو کـارتێکی مقـەبای فڕێدایـە سـەر زەوی کـە لەسـەری نووسـرابوو:" بمـرن نـەفرەتلێکراوەکان. بـەڵام خەم مـەخۆ کـوڕم، ئێمـە چـارەیان دەکـەین، کاتێـك بیدۆزینـەوە بـە دارەوە هەڵیدەواسـین. باوکیشت ئەگەر زیندووبوایە هەر ئەمەی دەگوت.

قسەکانی ئەوت لـەبیربن و لەگەڵماندابـە. خـۆ تێدەگـەی کـە ئێمـە چـارەیان دەکـەین و زۆریش ناخایەنێت کە دەگەینە ئامانجی خۆمان...

ئێستا وەکو ئـەو ئـاگرەی کـە بـەردابووە خاچـەکە، رقـی تۆڵەسـەندنەوە بەسـەر تامـدا زاڵ ببوو. ئەگەر دەسـتی پێیـان بگەیشـتبایە ئەوانـەی کـە ئـەم بەڵایـەیان بەسـەر باوکیـدا هێنـابوو.. بـاوکی، بـاد، کـە کاتـژمێرێك لەمەوبـەر بـە سـۆزەوە دەسـتی گوشـیبوو، دەستی چەند گەرم بـوو، ئـۆه، ئەگـەر دەسـتی دەگەیشـتە ئـەو ئاژەڵـە شـێتە تـام دەسـتی کردنـە مسـت و شـەویلەکانی بـە تونـدی لەسـەر یـەك داگـرت. کوڵمـەکانی هێشـتاش بـە فرمێسـك تـەڕ بـوون. تـورەیی لـە دەروونیـدا کلپـەی سـەند:" بیـژو، دەمـەوێ دڵـی لـە سـینگی بهێنمـە دەرێ." دوو پیـاو بـە نیشـانەی هاوخـەمی سـەری خۆیـان دانەوانـدو یەکێکیان گوتی:" تۆ هاوڕێی زۆرت هەیـە، هـەر وا تـورەو شـێت بـە، ئـەوە باشـە تـا بـەو هۆیـەوە زاڵ بـی بەسـەر خـەمو بەژارەتـدا. پاشـان دەتـوانی لـە پێنـاو ئامـانجی کلانـدا چالاکی بکەی.

کوڕی باد رایس دەتـوانێ درێژەپێـدەری ڕێگـای بـاوکی بێـت. هـەروا بمێنـەوە. مەهێڵـە باری کەسەر پشتت بچەمێنێتەوە. ئەویش وای دەویست...

تام لەسەر پێ راوەستاو بە ئارامی گوتی:" قسەکەتان راستە، من وادەکەم."

تەماشـای دەوروبـەری کـردو بـۆی دەرکـەوت کـە زۆربـەی ئۆتۆمبێلـەکان لـەوێ نەماون. چەند پیاوێك لە نزیك خاچەکە بۆ چاودێری کردنی بریندارەکان مابوونەوە.

تام بە حاڵەتێکی نادڵنیـاوە چـاوەڕێ راوەسـتا، نەیـدەزانی ئێسـتا چـی بکـات. یـەکێك لـە پیاوەکـان گـوتی:" وەرن بەرلـەوەی پـۆلیس بـە پرسـیارەکانیانەوە بگەنـەجێ لێـرە دووری خەینەوە. واباشترە بە ئۆتـۆمبێلی بـاد بـڕۆن و بیگەیینـەوە ماڵـەوە. ئـەو لـە هـەلو مەرجێکی وادا نییە کە بتوانێ ئۆتۆمبێل لێخۆڕێ...

تام نارەزایی دەربڕی:" نا دەتوانم، دەتوانم ئۆتومبیل لێبخورم."

"نا؟، کوڕم، گوێ رایەڵی ئێمەبە، سواری ئۆتۆمبێل بە."

"دەمەوێ هەر نەبێ تاکو ئەوان تەرمی باوکم لێرە لادەبەن، لێرە بمێنمەوە."

دووبارە قسەکەیان پێ بڕی.

"نا کوڕم، سواری ئۆتۆمبێلەکەبە."

تــام شــتێکی دیکــەی هاتــەوە یــاد:" ئێمــە ســەگێکمان لەگەڵــدا بــوو، ســەگە بچکۆڵەکەی براکەم..."

"ئەو سـەگە هـی تـۆ بـوو؟ سـەگێکی بچـووکی خۆڵەمێشـی؟ ئـەو لـە کـاتی ڕوودانـی کارەساتەکە لە تەنیشت باد بوو. لاشەکەمان فڕێدایە نێو دەوەنەکانەوە."

"فڕێتان دایە نێو دەوەنەکانەوە؟ من ئەوم دەوێت. دەبێ بێگەڕێنمەوە ماڵێ."

"تۆ ناتوانی. لاشەکەم لەبەر یەك هەڵوەشاوە.."

تـام نالاَنـدی:" نـا، نـا... دەبـێ بیبەمـەوە، دەبـێ بیبەمـەوە.. دوو پیاوەکـە شـانیان هەڵتەکانـد و گوتیـان:" زۆر باشـە، فیلـد بـڕۆ لاشـەی سـەگەکە بێنـە. دەکـرێ ئـەو کـارە بکەی؟"

منیش ئۆتۆمبێلەکـە دەسـووڕێنمەوە تـاکو بـە زووتـرین کـات لـەم دۆزەخـە دەربازمـان ببێت.."

ئەوانــە لاشــەی بچــووك و تــوکنی و خوێنــاوی ســەگەکەیان خســتە ســەر کوشــنی پێشەوە نێوان تام و شوفێرەکە:" ئەمەیە؟ سەگەکەی تۆ ئەمەیە؟"

"بەڵێ، ئەمە ئیرێلە.."

تــام لاشــە بــێ گیانەکــەی لەســەر قاچــی خــۆی دانــاو لــە باوەشــی گــرت. قەڵێتــە ســوورەکەی ملــی هــەروەکو خــۆی مــابۆوە. قەڵێتەیــەکی تــازە کــە تیمــی بــە جەژنانــەی کریسمەس بۆی کڕیبوو.

هەشــت یــان نــۆ کیلۆمــەتر لــە خــوار جادەکــەوە، ســێ ئۆتــۆمبێلی پــۆلیس و ســێ ئــامبولانس کــە بــە ئاراســتەی پێچــەوانەدا دەڕۆیشــتن، بەبەردەمیانــدا تێپــەڕین. شــۆفێرەکە لەبــەر خۆیــەوە گــوتی:" هــەر ئێســتا پــەیامنێرەکان دەگەنــەجێ و ئــەو بیــژوە میدیاییانە هەراو هۆریایەکی ریسوای لێ دروست دەکەن.."

لە ماوەی چەند خولەکـدا تـەرمی بـادیش دەگوازرێتـەوە بـۆ خـوار جادەکـە. ئـەوان بـۆ کــوێی دەبــەن؟ ڕەنگــە بــۆ نەخۆشــخانە تــا مردنەکــەی پشــت ڕاســت بکەنــەوە. تــەواوی بینراوەکان تۆمار دەکرێت. ئەمەش چارەنووسی باد.

ئیــدی نــاتوانین گوێمــان لــە دەنگــی بێــت. (کوڕەکــان وەرن، کــەمێك پێکــەوە یــاری بکــەین.) ئــەم مەســەلەیە تیمــی دەکوژێــت، چــۆن پێــی بڵــێم؟ ئــەو کــوڕە کــە ئەوەنــدە هەســتیارو دڵناســکە، چــۆن ئەمــە بــە دایکــم بڵــێم؟ خوایــە گیــان، خوایــە گیــان چــۆن

ڕووداوێکی بەمجۆرە رووی دا؟ سوێند بە خوا دەخۆم کە تەمەنی خۆم تەرخان دەکەم بۆ دۆزینەوەی راستی ئەم رووداوە. ئەو پیاو کوژە دەکوژم، لە پێشیدا ئەشکەنجەی دەدەم پاشان دەیکوژم. بۆیە تام بە بیرێکی تووڕەو ئالۆزەوە پالی بە کوشنەکەوە دایەوە و لاشەی سەگە بچکۆلەکەشی لە ئامێزدا بوو. مەکینەکە هاڕاندی و ئۆتۆمبێلەکە بە رێکەوت. لە بێدەنگی شەودا ئاوازی سیسرکەکان دەکەوتە بەرگوێ.

لۆرا بە بەرگێکی پەمەیی کالی مالێوە لەسەر قەنەفەیەکی ژووری نوستنی پالی دابۆوە و خەریکی خوێندنەوە بوو کە زەنگی دەرگا لێدرا. سەری سوڕما، لەبەرئەوەی کاتژمێر لە نۆ لای دابوو. دەبێ کێ بێ؟ بە پارێزەوە چووە خوارێ و دەرگاکەی کە زنجیری پێوە بوو خستە سەر پشت.

"خاتوون من پۆلیسم، جەنابت خاتوو رایسی؟"

لۆرا تەزی، لە کەلێنی دەرگاوە دەیتوانی بەرگی فەرمی (یونیفۆرم) پیاوەکە ببینێت و لە ئاراستەی گەراجەکەش ئۆتۆمبێلێک بە ئاژیری هەلکراوەوە دەسووڕایەوە.

لۆرا گوتی:" بەلێ، فەرموو بۆ ژووریٚ.."

پیاوەکە چووە نێو راڕاوەکەوە و لەوێ هەلوەستەیەکی کرد. کلاوەکەی بە دەستەوە بوو. پۆلیسەکە زۆر گەنج بوو.

گەنجتر لە لۆرا، هەروەها وەکو لۆرا تۆقیبوو. گوتی:

" روداوێک، کارەساتێك روویداوە و مۆلەتێکی ئۆتۆمبێل لێخوڕین بەناوی هۆمەر رایس دۆزراوەتەوە. بەلام هیچ ئۆتۆمبێلێکی لێنەبوو، تەنیا مۆلەتی ئۆتۆمبێل لێخوڕین. ئایا ئەو مێردی تۆیە؟"

لۆرا تێی رامابوو و بیری دەکردەوە. ئەو پیاوە نەیدەزانی دەلێ چی. پۆلیسەکە یەکسەر هەستی کرد کە قسەکانی روون نەبوون، بۆیە بە ئارامی زیاتر گوتی:" مەبەستم ئەوەیە لە ناوچەیەکی کوێستانی دوورە دەست کۆبونەوەیەك هەبووە، نزیك رامزی، لەوێ شوفێرێکی شێت بە ئۆتۆمبێلەکەی ژمارەیەك خەلکی کردووە بە ژێرەوە. من لەوێ نەبووم، ئەمە تەنیا شتێکە کە بیستومە."

بەخۆشییەوە لە راڕاوەکەدا ژمارەیەك کورسی هەبوون، ئەژنۆکانی ئیتر توانای راگرتنی جەستەیانی نەبوو.

"هومەر رایس، مێردی من، ئایا ئەو...." و لێوە وشکەکانی خستنە سەریەك.
پیاوە گەنجەکە گوتی:" راپۆرت دراوە کە ئەو مردووە، خاتوون...."
لە کاتێکدا کە رەتەڵی دەبرد، پۆلیسەکە بن باڵی گرت:
"ئایا بەرێزت لەماڵەوە بە تەنیایی؟ حەزدەکەی پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەی؟"
لۆرا بیری کردەوە:" دیارە خەون دەبینم، ئەمە فلیمێکە کە تەماشای دەکەم، پێشتریش لەمجۆرە فلیمانەم دیتووە.
ئافرەتێك کە سەرسام دەبێت، ئەو ئارام و بێدەنگە. ئەو ئافرەتە داماوەی کە ناتوانێ ئەوەی روویداوە باوەڕ بکات. پاشان بە دژواری گوتی:" دەکرێ تەلەفۆن بۆ هاوڕێکەم بکەی کە مەودای نێوانمان دە خولەکە؟ ئەو یەکسەر خۆی دەگەیەنێ.."
" ئەوسا ژمارە تەلەفۆنی بتی لی دایە پۆلیسەکە، باشترین هاوڕێی وی بتی لی دێتە ئێرە."
"تەلەفۆن لەوێیە، نا سپاس من هەر لێرە دادەنیشم." باد و کۆبونەوەیەك لە رامزی. ئۆتۆمبێلێك. باد مردووە چەند تۆقێنەرە. نا، لەوانەشە راستی نەکردبێت، رەنگە کەسێك توشی هەڵەیەکی گەمژانە بووبێت. ناوەکەیان بە هەڵەداوە، بەهەڵە هاتوون بۆ ئێرە.
پاشان شتێکی دیکە بەلەرزینی خست، هاواریکرد:" تام ! تام !" لەسەر کورسییەکە هەستاو لە کاتێکدا کە دەستی خستبووە سەر دڵی، دووبارە کەوتەوە سەر کورسییەکە..
پۆلیسەکە گەنجەکە هاتە پێشێ و گوتی:" خاتوون، رێگەم پێ بدە بتبەم بۆلای دوکتۆر. تۆ نابێ لێرە بمێنیتەوە. تۆ.."
لۆرا تەماشای کردو بەردەم هاوار کردنەوە گوتی:" کوڕەکەم لە کوێیە، چی بەسەرهاتووە؟"
"نازانم خاتوون. هیچ کەس لەمبارەیەوە هیچی پێ نەگوتووم. تەنیا میستەر هۆمەر رایس. کەس لە بارەی تامەوە قسەی نەکردووە. دڵنیام ئەگەر کارەساتێکی دڵتەزێنی دیکە رووی بدایە، ئەوان.."

ئیّ بەلّیّ کە پیّیـان دەگـوت، ئەگـەر دوو کـەس کوژرایـان، ئـەوان ئـەم پیاوەیـان تـەنیا بە راپۆرتی کوژراویّکەوە نەدەنارد.

ئایا وایان دەکرد، وایـان دەکـرد؟ لـۆرا دەسـکی کورسـییەکەی گـرت و قیـت دانیشـت، بەدەنگی بەرز بەخۆی گوت:

"زالّبە بەسەر خۆتـدا، بـیّ ئـاقلیّ مەکـە، دەبـیّ سـەبر بگـری، کارەسـاتیّکی دلّتـەزیّن روویـداوە. دەبـیّ خـۆت راگـری بـەلّکو کاریّکمـان لـە دەسـت بیّـت. هـەر ئەمەیـە، سـەبر بگرە لۆرا..."

پاشـان بـە دیتنـی حالّـەتی تیّکچـڕژاوو و دلّـەڕوکیّ لـە روخسـاری پیـاوە گەنجەکـەدا ( ئەو رەنگە پیّی وابیّ من شیّت دەبم)

بیّـدەنگ بـوو و چـاوی بڕیـە ویّنـە لەچوارچـیّوەی گـیراوە دوو قۆلّبەکـە، لـە یـەکیّکیان دا ویّنــەی بــاوکی بــوو بــە بــەرگی ســەربازییەوە (یونیفــۆرم) و ئــەوی دیکــەش ویّنــەی دایکی تیّدابوو کە لـە مـالّیّ دانیشـتبوو و نەیـدەزانی کـە هـەر بەیانییـەك کـە گـزنگ لـە پاش کیّوەکانەوە دیّتـە دەر، میّردەکـەی زینـدووەیان نـا. زەنگـی دەرگـا لیّـدراو ئەفسـەری پۆلیس خۆی گـوردا بـەرەو دەرگاکـە. لـۆرا گـویّی لیّبـوو کـە لـە دالآنەکـەدا بـە هیّواشـی لەگەلّ بتی لی دا قسە دەکـات و ئـەو کاتـەی کـە بتـی لی بەپەلـە بـۆلای وی هـات ئیـدی پیّویست بە قسەکردن نەبوو. جگە لەوەی کە پالّ داتەوە سەر شانە بەهیّزەکانی.

بتـــی لی بـــە پۆلیســـەکەی گـــوت:" دەتـــوانی بـــڕۆی جـــەنابی نـــەقیب. مـــن لیّـــرە دەمیّنمـــەوە." ئەوسـا خواردنەوەیـەکی سـاردی بـۆ هیّنـا تـا بیخواتـەوە:" دەزانم ئەوەنـدە حەزت لە خواردنەوە نییە، بەلاّم دەتهیّنیّتەوە سەرخۆ، بە قسەی من بکە.."

"ئەوان دەلّـیّن بـاد مـردووە. نـازانم چـی بکـەم (بتـی لی)، نـازانم چـی بکـەم. خۆزگـە کەسیّك راستی پیّ گوتبام. داخۆ چی روویداوە. خۆزگە کەسیّك.."

پاشان لـۆرا شـتیّکی بـە خەیالّـدا هـات. بـە دلّنیاییـەوە فـۆردایس بـە دواداچـوون بـۆ رووداوەکـە دەکـات. ئـەو هـەموو کەسـیّك دەناسـیّت. فـۆردایس حـەزی نـەدەکرد کـە لـە مالّــەوە تەلــەفۆنی بــۆ بکــەن، بــەلاّم ئەمــە مەســەلەیەکی لــە ناکــاو بــوو:" میســتەر فــۆڕدایس پــاریّزەری ئیّمەیــە، ژمــارەی تەلەفۆنەکــەی لــە دەفتەرچــەی تەلەفۆنــدا تۆمارکراوە.

دەکرێ لە بری من تەلەفۆنی بۆ بکەی؟ ناتوانم لەسەر ئەو کورسییە ببزوم، قاچەکانم هێزیان تێدا نەماوە، ناتوانن رام بگرن."

لۆرا لە دوورەوە گوێی لە دەنگی تایەی ئۆتۆمبێلێك بوو. دەنگی مەکینەکەی هاوشێوەی مەکینەی پاترۆڵەکەی باد بوو.

ئەمجارەیان قاچەکانی توانای ئەوەیان هەبوو بچێتە بەردەرگای ژووری چێشت لێنان. تام هەر کە چاوی بە لۆرا کەوت دایە پرمەی گریان. لۆرا خۆی هاویشتە نێو باوەشی تامەوە و بەدەم گریانەوە گوتی:" تام، تام..."

"ئۆه، دایە گیان چ بەڵایەکیان بەسەر بابەدا هێنا. باش بوو نەتدیت. خوایە گیان، ئەوان چییان لێکرد.

ئەو تاوانە زۆر خێرا رووی دا، ئەوەندە خێرا کە دڵنیام بابە ساتێکیش تووشی ترسان نەبووە چونکە هەر نەیدەزانی چی بەسەر دێت. وەکو چەقۆیەك کە لە پشت را لە مرۆڤی بچەقێنن. بیژوە نەفرەتلێکراوەکان.

ئاخر خۆ ئەوان ئازادیان بە کەس نەدەگەیاند. ئەو خەڵکە، تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم بەر لەوە خەریکی بەرێوەبردنی ئەرکە ئایینییەکەی خۆیان بوون لەبەردەم خاچەکەدا. باوەڕدەکەی؟ پاشان ئەو دڕندە تاوانبارە..."

ماوەی پێنج خولەکی خایاند تا ئەم شێتییە دابمرکێت..

ئێستا لەبەرئەوەی تام زیندوو بوو و بە هۆی ئەوەوە کە پێویستی پێی هەبوو قاچەکانی توانایان هەبوو رابگرن و بیری کەوتەوە کار.

وەکو ئەوەی کە هەبوونی پتر لە هەزار کتێب لە کتێبخانەکەدا کاریگەریەکی ئارامبەخشی هەبێت، تام بە رێکوپێکتر قسەی دەکرد. کاتێك کە لۆرا لێی پرسی، چووبوونە کوێ و لەوێ چ جۆرە کۆبونەوەیەك هەبوو؟ تام بە نابەدڵی و راڕاییەوە وەڵامی دایەوە:" کۆبونەوەی کوکلوس کلانەکان، بابە یەکێك بوو لە ئەندامانی ئەو گرووپە. قەت نەمدەزانی تا ئەو کاتەی کە بەرەو ئەوێ دەڕۆیشتین لە ئۆتۆمبێلدا راستییەکەی پێ گوتم."

"کوکلۆس کلان؟ کوکلۆس کلان؟"

"بەڵێ."

بــە بیســـتنی شــوێنەواری سەرســوڕمان کــە لــە روخســاری لــۆرادا دەرکــەوت، تــام چەناگەی لە لووت بەرزییەوە یاخود لە رووی دڵسۆزییەوە هەڵتەکاند و گوتی:

"ئــەو نەیدەویســت تــۆ بەمــەبزانی، لەبەرئــەوەی ئــەو دەیزانــی کــە تــۆ دژایــەتی دەکەی."

کەواتــە ئــەم هــەموو مــاوە دوورودرێــژە، لــە تــەواوی ئــەو ســاڵانەدا لەگــەڵ کەسێکدا ژیــابوو کــە مەســەلەیەکی ئەوەنــدە گرنگــی لــە بارەیــەوە نــەدەزانی. تــام گــوتی:" ئــەو خاوەنی پلەیەکی بەرز بوو و بڕیــار وابــوو پلــەی بــەرزتر بکرێتــەوە. لــەو کاتــەوەی کــە مــن لە دایکبووم. باوکم ئەندامێکی چالاك بووە."

کــوڕە بــەهیچ جۆرێــك شــەرمەزار و تــەریق نــەدەبۆوە. بڵێســەی ئاگرێــك لــە چــاوە فرمێسکاوییەکانیدا دەبینرا و بــە دیتنــی ئــەوە نائومێــدی و تــۆقین زاڵبــوو بەســەر هەســت و نەستی لۆرادا.

"بڕیــارم داوە ئــەو تەمەنــەی ماوەــە بــۆ ئامانجــەکانی ئــەوانی تــەرخان بکــەم. ئــەوان، ئەو تاوانبارانە باوکی منیان کوشت."

تــام دەســتی خــۆی کــردە مشــتەکۆڵە و درێــژەی دایــە:" کاتێــك کــە ئــەو دەیگــوت دوژمنەکان لە هەموو شــوێنێکن، ناهــەقی نــەبوو. بابــە دەیزانــی ســەبارەت بــە چــی قســە دەکات، ئاه، چۆن نەیزانی کە ئەوان بە دوای خودی ئەوەوەن.

هەر لەو کاتــەدا کــە بــەرەو شــوێنی مەبەســتمان بــەڕێوەبووین، ئــەوان بــە شــوێنمانەوە بــوون و بــاوکم دەیگــوت کــە چــەندە منــی خــۆش دەوێ... دەنگــی تــام کــە بــەرزبۆوە، ئێستا دابەزی. تیمی پرسی:" مەســەلە چییە؟ ئێــوە منتــان لــە خــەو هەســتاند، چ شــتێك لە گۆڕێیە؟ تام تۆ گریاوی؟"

تام لە جێی خۆی راپەڕی و توند براکەی لە باوەش گرت:

"تیمی، تیمی، تۆ دەبێ ئازابی، ئێمــە هــەمووومان دەبــێ ئــازا بــین، ئێمــە باوکمــان لــە دەست داوە، باوکمانمان لە دەست داوە...

"مەبەستت چییە کە لە دەستمان داوە، ناکا مردبێت؟"

" ئەو مــردووە تیمــی، ئێمــە چــووبووینە کۆبونەوەیــەکی دەرەوەی شــار لــەوێ کۆمەڵــە خــەڵکێك کۆببوونــەوە و شــوفێرێکی شــێت وەکــو بریســکە گەیشــتەجێ و ژمارەیــەك

خەڵکی بە ئۆتۆمبێـل کـردە ژێـر. خوایـە گیـان، تۆقێنـەرترین دیمـەن کـە بـە چـاوی خـۆم دیتومە.."

تـام دیسـانەوە گریایـەوە تیمـی قیژانـدی و لـۆراش دەسـتی خسـتە سـەر دەمـو چـاوی خـۆی بـۆ ئـەوەی خـەم و پـەژارەی منداڵـەکانی نـەبینێت و هەرسـێکیان لـە ژێـر رۆنـاکی کزی گڵۆپی ژووری موتاڵا پێکەوە نوسابوون و مابوونەوە.

کاتێـك فـۆرِدایس گەیشـتە جـێ، هـەروەکو جـاران لێهـاتوو و دڵنیـابوو. بـە خێرایـی ئەو هاوخەمییەی دەبری کە لێی چاوەڕوان دەکراو پاشان چووە سەر کرۆکی باسەکە:

"لەسەر رێگـام بـەرەو ئێـرە بـە تەلـەفۆنی ئۆتۆمبێلەکـەم راپۆرتـەکانم وەرگـرتن. هـیچ گومان لێکراوێـك دەستنیشـان نـەکراوەو مەزەنـدەش ناکرێـت هـیچ کەسـێك هـەبێت. سـێ کـەس مـردن، هومـەر، بەڕێوەبـەری کاروبـاری ئیـداری کارگەکـەتان، پیـت، هـەروەها بەوپـەڕی سەرسـوڕمانی منـەوە لۆتـەر تایسـێن کـە لەگـەڵ کۆمپانیاییـەکی گـەورەی پیشەسـازی بـەناوی بازرگانـان و دابینکردنـی کەلوپـەل، هاوکـاری دەکـرد. قـەت بـە مێشکمدا نەدەهات. رەنگـە ئەگـەر ملیۆنێـك سـاڵیش بەسـەردا تێپەڕیبایـە شـتێکی لـەو بابەتە نەدەچـووە خەیاڵمـەوە. مەبەسـتم کوکلـۆس کلانـە و دەبـێ ئەوەشـتان پـێ بڵـێم کـە شتی ئاوام لە هۆمەر چاوەڕوان نەدەکرد و بە دوورم دەزانی...

ئەوسـا بـە دەربڕینـی ئـەو قسـەیە فـۆرِدایس لـە رووی سـووکایەتی پێکردنـەوە لـووتی خـۆی گرژگـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە لـۆرا هـەرگیز کـەیفی بـە لـووت بـەرزی ئاوێتـە بـە لەسـەرخۆیی ئـەو کابرایـە نـەدەهات، بـەڵام بـە دژواری دەیتـوانی بـە هـۆی سـووك سـەیرکردنی ئامـانجی کوکلـۆس کلانـەکان و ئـەو کەسـانەی کـە خۆیـان بـە پەیوەنـددار لەگەڵ ئەواندا دەزانی فۆرِدایس ئیدانە بکات.

جگە لەوەش لۆرا بیری کـردەوە کـە فـۆرِدایس بـەم دواییانـە دڵـی ئەوەنـدە لەگـەڵ بـاد نـەمابوو. ئـەو بـە سـەختی توانیبـووی رقـی خـۆی بەرامبـەر مەسـەلەی بنەماڵـەی کرافیلد. تام گوتی:

" باوکم پلەیەکی بـەرزی هـەبوو لـە نێـو هاورِێکانیـدا چـاوەڕێ دەکـرا کـە بـە زوویـی بگاتە پلەی ریبەری گشتی ناوچە..

فـۆڕدایس وەڵامــی نەدایــەوە، لــە بــری ئــەوە بــە لــۆرای گــوت کــە ئایــا ئــەو هیچــی ســەبارەت بــە ئەنــدامبوونی بــاد لــەو گروپــەدا نــەزانیوە. تــام لــە جیــاتی دایکــی وەڵامــی دایەوە:

"بــاوکم گــوتی کــە هیچــکات بــە دایکمــی نــەگوتووە، لەبەرئــەوەی ئــەو لەگــەڵ سەرکەوتنی جیم جۆنسۆن دا نەبووە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی (پیران) دا.."

فۆڕدایس نیگایەکی رقــاوی گرتــە تــام و گــوتی:" دەرفــەتی دایکــت بــدە بــا ئــەو قســە بکات.."

ئەو شــێوازە تونــدە هەرچــەندە جــدی نــەبوو، بــەڵام دیســانەکە فرمێســکی خســتە نێــو چاوەکانی لۆراوە. ئــەو لــە ناکــاو ئاگــاداری دۆخــی بــۆوە. ئــافرەتێکی لێقــەوماو و شــیاوی بــەزەیی کــە بــە حاڵــەتێکی شــڕو پەڕێشــانەوە لــە نێــو بــەرگی نوســتنی خۆیــدا ناچــار بــە وەڵامدانــەوەی کۆمەڵــە پرســیارێك بــوو. ئافرەتێــك کــە بــە شــێوەیەکی چــاوەڕواننەکراو ببــووە بێــوەژن. لەگــەڵ کــوڕێکی نەخۆشــی لاوازداو کــوڕێکی دەمــارگیری نەفامــدا. ئــەو دەیتوانی بــە ئاســانی هەســتی بــەزەیی پێداهاتنــەوە و دڵســۆزی لــە چــاوەکانی فۆڕدایســدا بخوێنێتــەوە. لــۆرا بــە شــێوەیەکی جــدی گــوتی:" تــام، تکایــە خــۆت مەگلێنــە نێــو قسەکانی ئێمەوە. تکــات لێدەکــەم. مــن لــە نێــو دەریایــەکی فرۆشــاندا گــیرم خــواردووە و میســتەر فــۆڕدایس هــەروەکو رزگارکــەرێك بــە هانامــەوە هــاتووە." فــۆڕدایس بــە سوپاســگوزار دەهاتــە بەرچــاو. ئــەو گــوتی:" کەواتــە بــەڕێزت لــە هــەموو شــتێك بــێ ئاگای؟"

"بەهیچ جۆرێك، ئەو هەمیشە دەیگوت کەیفی بە سیاسەت نایە."

فــۆڕدایس ســەری دانەوانــد و گــوتی:" ئەمــە لــە کۆمــەڵگای بازرگانانــدا کــەمێك پەرێشانی دروست دەکات.

بەداخــەوە کــە زۆرێــك لــە پیــاوە بــەڕێزەکانیش دەکەونــە ژێــر گومانــەوە. کاتێــك کــە پیاوێــك لــە پێگــەی (تایســێن) دا، ناســنامەی خــۆی لــە ژێــر بــاڵا پۆشــتێکی درێــژ و کڵاوێکی نووك تیژدا دەشارێتەوە، ئەمە توشی سەرسوڕمانت دەکات."

پاشــان بــە تونــدی درێــژەی دا:" زۆر باشــە، ئــەو بابەتــەی ئەمشــەو بــە هــیچ جۆرێــك سەری ئێوە ناگرێتەوە، وانییە؟

پێم وایە کە... ئایا حەزدەکەن کەسێك بۆ هاتنە ئێرە ئاگاداربکەمەوە؟ بۆ ئەوەی یارمەتی راپەڕاندنی کارەکانتان بدات، بۆ نمونە پوورەکان...

"نا، بە هیچ جۆرێك نامەوێ کە تەلەگرافیان بۆ بنێرم لە میسریان هەر شوێنێك کە ئێستا لێی بن و ببمە هۆی ئەوەی لە ترسان زراویان بچێ وا باشترە هیچ نەڵێم و ئەو گەشتەیان لێ تێك نەدەم کە ئەوان بە درێژایی تەمەنیان ئارەزوویان هەبوو."

"کەواتە بۆ خۆتان دەست بە راپەراندنی کارەکانتان دەکەن؟ پێم وایە کە ئێوە حەز بکەن رێو رەسمەکە لە کڵێسەی فاستەر بەڕێوە بچێت؟"

"بەڵێ، باد ئەندامێکی چالاکی ئەوێ بوو. خوایە گیان، چۆن شتی وا دەکرێ ئاوێتەبوونی ئامانجی کلان لەگەڵ کڵێسەیەکدا کە رێك کەوتۆتە خاڵی بەرامبەری."

"خۆشحاڵ دەبم ئەگەر لە جیاتی بەڕێزتان تەلەفۆنێکی بۆ بکەم. من بۆ خواپەرستی دەچمە کڵێسەی ئەوسەری شار، بەڵام فاستەر بە باشی دەناسم، ئێمە پێکەوە دەچووینە قوتابخانەیەکی سەرەتایی. ئەو ساڵێکی خوێندن لە دوای من بوو. لە راستیدا پێم وایە باشترە هەر ئێستا تەلەفۆنی بۆ بکەم. ئەمشەو قسەکردن لەگەڵیدا بە سوود دەبێت..

"زۆر سوپاست دەکەن، دیارە هەروایە بیرێکی باشە... تام و تیمیش پێویستیان بە ئامۆژگارێکی بەسۆزهەبوو، تیمی وەکو باڵندەیەکی بچووکی لێقەوماو وابوو.

ئەو زۆر بێ هیوا بوو. دەمی چەندە بە دەمی باد دەچوو. سەرەڕای لوتف و سۆزی رەواڵەتی هیچ هەستێکی ئاسوودەبەخش لەو قسانەی فۆڕدایسدا دیارنەبوو کە توندو خێرا دەربڕان. گومانی تێدا نەبوو کە ئەو وای بە باشتر دەزانی لە دەستی کڕیاری وەکو ئێمە هەرچی زۆرە رزگاری ببێت. لۆرا لە دڵی خۆیدا وا بیری کردەوە. لە ماوەی چەند حەوتوودا. ئەمە دووەم کار بوو کە بنەماڵەی رایس بەویان دەسپاردو ئەو بە هیچ جۆرێك مەیلی بەڕێوەبردنیانی نەبوو.

لە هەمان ئەو ساتەدا تیمی بە قیژاندێکی وەنەوشەیی کە هەموویانی شێواند، هاتە پێشێ و گوتی " ئیرێل چی بەسەر هاتووە؟

تام؟ ئێرێل مردووە؟"

فۆڕدایس پرسیاری کرد" ئیرێل؟"

لـــۆرا گـــوتی:" ســـەگەکەی.... پاشـــان ســـەیرنێکی تـــامی کـــرد. کـــە هـــەڵگری پرســـیار بـــوو. تـــام بـــە حاڵـــەتێکی بـــێ دەســـەڵاتانەوە گـــوتی:" ئـــەو لـــە تەنیشـــت باوکم بوو."

تیمی هاواریکرد:" کەواتە ئەوان ئەویشیان کوشت؟"

تـــام بـــە تونـــدی تیمـــی لـــە بـــاوەش گـــرت و گـــوتی:" بـــەڵێ، هێناومەتـــەوە ماڵـــێ، بـــیرم کـــردوە کـــە تـــۆ رەنگـــە حـــەزت لێبێـــت لـــە نێـــو حەوشـــە چـــۆڵەکەی ماڵی خۆماندا لاشەکەی بینیژی...

تیمـــی خـــۆی لـــە باوەشـــی براکـــەی دەرکێشـــاو بـــە ترســـەوە گـــوتی:" لـــە کوێیـــە؟ دەمەوێ بیبینم."

بتـــی لی کـــە تـــازە لـــە ژووری چێشـــت لێنانـــەوە هـــاتبووە ژووریّ، خـــۆی گلانـــدە نێـــو مەســـەلەکەوە گـــوتی:" نـــا ئـــازیزم، تـــۆ نـــابێ ســـەیری بکـــەی، بـــە رێکـــەوت مـــن چـــاوم پـــێ کـــەوت و پـــێم وایـــە وا باشـــترە کـــە تـــۆ هـــەروەکو لـــە رابـــردوودا هـــەبووە بـــەو شـــێوەیە لـــە یـــادت بێـــت... بـــەلاّم لـــەو کاتـــەدا تیمـــی بـــە تەنیشـــتدا تێپـــەڕی، لـــۆرا گـــوێی لـــە دەنگـــی کرانـــەوەو داخرانـــی دەرگـــای پشـــتەوە بـــوو. نـــاڕەزایی تـــان و بتی لی، لالاّنەوەی جگەر سووتێنی تیمی بە دواوە بوو.

دیـــاربوو تـــام لاشـــەی ســـەگەکەی لـــە تەنیشـــت ئۆتۆمبێلەکـــە دانـــابوو. لـــۆرا بـــە ترســـەوە گـــوتی:" ئـــەو ئێســـتاش زۆر بـــێ تاقەتـــە، تـــازە لـــە نەخۆشـــخانە دەرکراوە، ئەمە زیانی پێ دەگەیەنێ.

"ئـــۆه، کێشـــەکانی ئێـــوە یـــەك و دوونـــین.. ئـــەم رادەر بڕینـــە لـــۆرای رەنجانـــدو فـــۆڕدایس یەکســـەر هەســـتی بـــە پەشـــیمانی کـــرد. ئەمـــە بـــە هـــیچ جۆرێـــك بـــە کەڵك ئەو جۆرە کارانە نەدەهات.

ئـــەو لەگـــەڵ ئـــەو شـــتانەدا کـــە ئەگـــەری ئـــەوە هـــەبوو خـــەڵك بـــە کێشـــەی مرۆیـــی نـــاو زەدی بکـــەن. نێـــوانی خـــۆش نـــەبوو. فـــۆڕدایس پـــارێزەربوو. لـــە کردنـــەوەی گـــرێ کوێرەکانـــدا بلیمـــەت بـــوو و رەنگـــە لـــەو رووداوەدا کـــە هەربەســـەر کۆمپانیـــای رایـــس و کـــوڕدا دەهـــات ســـوودی لێوەربگیردرێـــت. بـــە مردنـــی پیـــت ئەگـــەری ئـــەوە هـــەبوو کـــە جێگرێـــك نـــەبێت کـــە کاروبـــاری ئیـــداری

کارگەکــە بگرێتــە دەســت. بەهــەر حــاڵ فــۆڕدایس لــەوە خۆشــحاڵبوو کــە تــا ئێســتا لانیکــەم توانیبــووی بەســەرهاتی بنەماڵــەی کرافیلْــد لــە تووشــبوون هــەراو هۆریــایی رۆژنامــەکان بپارێزێــت. هەرئەوەنــدەی نــەمابوو کــە ئــەو رووداوە بــە گــوێی هــەموو خــەڵکی جیهــان بگــات. ژنــی دامــاو فــۆڕدایس لــە بیستنی زەنگی دەرگا خۆشحاڵ بوو. دوکتۆر فاستەر گەیشتەجێ.

لــە نیوەشــەو لایــدابوو، تــام و لــۆرا هێشــتا لــە ژووری کتێبخانــەدا لەگــەڵ قەشــە خــەریکی قســەکردن بــوون. فاســتەر لەگــەڵ دوکتــۆردا راوێــژی کردبــوو و ئــەویش بــۆ تیمــی خواردنــەوەی شــیری گــەرم و پشــوودان لــە نێــو جیگــای دیــاری کردبــوو. بتــی لی بــە بــەبێ مەیلییــەوە بردبویــە نێــو جێگــاوەو کــوڕە ئێســتا خەوتبوو.

فاســتەر بــە تــامی گــوت:" لــەو ســاوە کــە تــۆ پــۆلّی یەکــەمی ســەرەتایی بــووی، لــە دانیشــنەکانی رۆژی یەکشــەممەدا، هــەر لــە یــادمی." کــابرای دامــاو ئەوەنــدە نارەحــەت و مانــدووبوو کــە ئیــدی دەنگیشــی بــە خراپــی دەبیســترا:" پێــت وایــە کــە بۆچــی ســەرەڕای تێپــەڕبوونی ئــەو هــەموو ســاڵانە باشــتر لــە کەســانی دیکــە تــۆم لــەبیرە؟ زۆر باشــە، لەبەرئــەوەی کــە کــوڕێکی بــەتوانابووی و دایکــو بــاوکتم زۆر بــاش دەناســین. ئــەوان هەمیشــە کــاتی خۆیــان بــۆ کاروبــاری کۆمەڵایەتی و کاری خێرخوازی تەرخان دەکرد."

لــۆرا هــاواریکرد:" بــەڵام ئــەم بابەتــە هــیچ کێشــەیەك چارەســەر ناکــات، ئاخر باد چۆن توانی بەو شێوەیە بێت؟ باوکە ئەو بۆ خۆی قەشەیەك بوو.."

"ئــەو ئایینــەی کــە بــاد لــە تەمــەنی تــازە لاویــدا هەڵبــژارد، ئــایینی مــن و تۆ نەبوو." فاستەر بە ئارامی درێژەی دا:

" ئــەوە کاریگــەری ئــاگرو گــۆگرد بــوو. ژیــانی بچــووك لــە شــوێنی بچووکدا."

"بــەڵام چــۆن تــوانی لــە مــاوەی ئــەو هــەموو ســاڵانەدا راســتییەکان بشارێتەوە."

پاشــان حاڵــەتێکی لالانــەوەی بــە خــۆی گــرت و دەســتی لەســەریەك دانــان و چاوەڕێی روونکردنەوەیەك بوو لە لایەن قەشەوە.

"لۆرا بە داخەوە لەم جۆرە شتانە کەم بەرچاو ناکەوێ."

تـــام نائـــارام و تـــوڕە بـــوو. تـــاکو ئێســـتا هـــەوڵی دابـــوو کـــە لەبـــەردەم قەشـــەکەدا ئـــارام و بێـــدەنگ بێـــت، بـــەڵام ئیـــدی هەڵچـــوو:" ئێـــوە هـــەردووکتان بـــە جـــۆرێکی وا قســـەدەکەن وەکـــو ئـــەوەی کـــە بـــاوکم دێـــوێکی مرۆڤخـــۆر بێـــت. چـــۆن دەتـــوانن بـــەو شـــێوەیە دەربـــارەی وی قســـەبکەن؟ تـــۆ دایـــە، بـــڕوا بـــەو شـــێوازە قســـەکردنەی تۆ ناکەم."

" مـــن کـــەی گوتوومـــە کـــە باوکـــت دێـــو و درنـــج بـــووە. ئـــەو مێـــردی مـــن بـــووە، بـــەڵام ئـــەو بیروباوەڕانـــەی کـــە ئـــەو هـــەیبوون، خـــەباتی چـــەکداری، رشـــتنی خـــوێنی بـــێ تـــاوان و رق و کینـــە بەرامبـــەر گـــەلێك یـــان نـــەژادێك، ئەمـــە تۆقێنـــەرە. نـــەفرەت بەرامبـــەر مرۆڤێکـــی دیکـــە لەبەرئـــەوەی ئـــەو بـــە تـــەواوی هاوشـــێوەی تـــۆ نییـــە، ئەمـــە شـــتێکی نـــالۆژیکی و مەترســـیدارە. لـــە کاتێکـــدا کـــە ئەویش بە هەمان ئەندازە شایانی ژیانە کە تۆ هەتە."

"نـــەخێر بـــەهیچ جۆرێـــك شـــایانی ئـــەوە نییـــە، ئەمـــە قســـەیەکی ناڕەوایـــە. خەڵك هەموو یەکسان نین و لە باشیدا مرۆڤەکان وەك یەك نین."

دوکتۆر فاستەر خۆی گلاندە نێو قسەکانەوە گوتی:

"ئێمـــە لـــە دانیشـــتنەکانی رۆژانـــی یەکشـــەممەدا وەهـــا وانەیـــەکمان بـــە تـــۆ نـــەداوە، تـــام مـــن کۆمەڵـــە شـــتێکم دەربـــارەی مـــەرامی کلانـــەکان خوێندۆتـــەوە و پـــێم وایـــە کـــە ئـــەوان ئـــەو شـــتانەی بـــەناوی خواوەنـــدەوە نووســـیویانە کفرێکـــی رەهایـــە. ئەمـــە راســـتییە ســـەرم ســـوڕدەمێنێ کـــە چـــۆن هەســـت بـــەو شـــتانە ناکـــەی تام."

" مـن نـەمگوت کـە بـاوەڕم بـە مـەرامی کـلان هەیـە." تـام بەسـەر ئـەو کورسـییە بەدووچـاوی خەماوییـەوە کـە زەق زەق تەماشـایان دەکـرد و بڕیاریـان لەسـەر دەدا، خـۆی بە رووت و بێ دەسـەڵات دەهاتـە بەرچـاو. تـام بـیری کـردەوە، ئـەوان بـە هـۆی باوکمـەوە سەرزەنشتم دەکەن. کەواتە درێژەی دا:

" بەڵام هەنـدێك خـەڵك باشـترن. مـن بـڕوام بەمـە هەیـەو ئـەو کەسـانەی کـە بـاوکی منیان کوشت." تورەییەکـەی گـۆڕا بـۆ کینـە:" دەمـەوێ بـزانم کـێ ئـەو کـارەی کـردووە، دەبێ بە ئەشکەنجەدان بیکوژم."

فاستەر بە ئارامی گوتی:" بەڵێ، تێدەگەم، بەڵام ئەمە مەسەلەیە کێشەیەك چارەسەرناکات، جگە لەوەی کە تۆ ئازارێکی دیکەش لە ژیانتدا زیاددەکەی."

لۆرا بە بیستنی ئەم قسەیە کەمێك مۆن بوو. پاشان بیری کردەوە، فاستەر نازانێ ئازاری راستەقینەی تام چییە.

تام لە جێی خۆی هەستاو گوتی:" لێم ببوورن، بەڵام لەمە زیاتر ناتوانم درێژە بە قسەکردن بدەم. دەمەوێ بچمە قاتی سەرێ و پشوو بدەم. شەو شاد دایە، شەو شاد دوکتۆر فاستەر."

لۆرا فاستەر نیگای نائومێدانەیان بڕییە یەکتری. قسەیەك بۆ کردن نەبوو و بۆیە فاستەریش ماڵئاوایی کردو لۆرا لە جێی خۆی هەستا تا دەرگاکانی ماڵێ دابخات. لەبەردەم دەرگای ژووری چێشت لێناندا، تامەزرۆیی بۆ هەوای زیاتری هەست پێکرد.

پێی نایەدەرێ، ئەگەر لەبەر شۆقی ژووری چێشت لێنان نەبوایە کە دزەی دەکردە دەرێ، لەسەر ئەو سندووقە دادەنیشت کە لەسەر دوایین قادرمەکەیان دانابوو. ئیرێل تەنیا تۆپەڵەیەکی بۆگەن لە توك و ورگ و رێخۆڵەی رژاوە دەرێ لێمابۆوە. لاشەی سەگەکە لەسەر پارچەیەکی گوڵداری ئەستوور بوو. لەگەڵ سەرچەفی قەنەفەیەك کە لە ژووری ژێر زەوی هەڵگیرابوو. ئەوەش بتی لی رانیا بوون کە دەیویست بۆ رێو رەسمی بە خاکسپاردنی بەیانی ئامادەکارییەکان بکا. ئۆهو، تیمی داماو. پاشان ترس دڵی لۆرای داگیر کرد. لە کاتی رووداوەکەدا، سەگەکە لە تەنیشت باد بوو، کەواتە جەستەی بادیش ئاوا لەبەریەك هەڵوەشابوو. ئەم دیمەنە ترسناکە لە پێش چاوی تام بوو، دیمەنێکی کە هەرگیز لە بیری ناچێتەوە. لۆرا دڵی تێکەڵ هات و ئێڵنجی هاتێ. گەدەی بەتاڵ بوو. هاواریکرد و لە پشت دەوەنەکانی گەراج رشایەوە. پاشان بۆ ماوەی یەك یان دوو خولەك بە حاڵەتێکی لەرزۆکەوە راوەستاو تەماشای ئاسمانی کرد. دەسەڵات و گەورەییەك کە ئەوەندە تامی خستبووە ژێر کاریگەرییەوە. بەڵام درەوشانەوەی بەردەوام و هەمیشەیی شتە ئاسمانییەکان نەوەڵامێکی دەدایەوە نەدەبووە مایەی هێوربوونەوەی رۆح و دەروونی. بۆیە گەڕایەوە ماڵێ. بێدەنگی شەو ئازار دەربوو. سەیر بوو کە بیری بۆ هەموو شوێنێك دەڕۆیی. هەروەکو ئەو سمۆرانەی کە بە داو کەوتنێکی بێ ئاقڵانەدا لە نێو گژوگیادا بازدەدەن.

بــەڵام لەوانەیــە لــە وەهــا سووڕانەوەیەکیشــدا، ڕێکوپێکییــەك هــەبووبێ. دەبوایــە ماوەیــەکی درێــژ ئــەو بیروبۆچــونانەت بخســتبایەتە بــەرتاو توێکردنــەوە تــا بــۆت دەرکــەوێ کە بە چ ڕێکوپێکییەك دووبارە دەبنەوە.

لــۆرا لــە نێــو جێــدا دەســتی لێــك بلاوکرد.سەرچــەفی ئەوســەری قەرەوێڵەکــە، سەرچەفێك کـە دەیتـوانی گـەرمی جەسـتەی بـادی تێـدابێت، سـاف و ڕێکوپێـك و سـارد بـوو. ئـەو ئـیتر قـەت جـارێکی دیکـە لێـرە لەگەڵێـدا ناخـەوێ. بیرکردنـەوە لەمـە چـەند دژوار بوو. مێردەکەی کە شـەوی رابـردوو لێـرە راکشـابوو، نەیـدەزانی کـە ئیـدی لەگەڵیـدا نانوێتــەوە. بــاد لەگەڵیــدا بــاش و بەســۆز بــوو. لــۆرا هێنایــەوە بیرخــۆی کــە چــەندە کەوتبووە بەردڵی مێردەکەیەوە. مێردێك کـە شـوێنی خـۆی لـە نێـو ئـەم مـاڵ و خێزانـەدا کردبـۆوە. پیـاوێکی گـەنجی زینـدوو کـە هەمیشـە لـە هـەوڵی بەدەسـتهێنانی رەزامەنـدی ئەوانی دیکەدا بوو.

بەدرێــژایی ئــەو ماوەیــە، ئــەو ژیــانێکی دیکەشــی هــەبوو، ژیــان لــە جیهــانی دزێــو و نهێنیــدا. رەنگــە ئەگــەر حــەزی لــە ئــافرەتێکی دیکــە بکردایــە. قبــووڵکردنی لــە لایــەن لۆراوە ئاسانتر بوایە لۆرا ئـارام و بێـدەنگ راکشـابوو و لـە بـن میچـی ژوورەکـە رامـابوو. ئەگەر ئەم مردنە تۆقێنــەرە رووی نەدابایــەو، لــە داهــاتوودا چــی روودەدا؟ ئایــا مــن تــاکو کۆتــایی تەمــەنم لەگەڵیــدا دەمامــەوە؟ لــۆرا لــە خــۆی پرســی ! ئەگــەر بــاد نەمردایــە و پەیوەندی لەگەڵ کوکلۆس کلانەکانـدا ئاشـکرا ببوایـە، ئایـا مـن لـە ژێـر بـن میچـی ئـەم خــانووەدا لەگــەڵ پیــاوێکی ئــاوادا دەمامــەوە؟ لــۆرا بــیری کــردەوە، بــە هــیچ جۆرێــك نــەدەلوا بــەڵام ئەگــەر هــەموو شــتێك بــە باشــی بەرێوەبچــوایە، وەکــو چــەند حــەوتووی رابــردوو لــە بــارەی تــام و پتێــرەوە هەنــدێك شــتیان بــۆ دەرکــەتبوو، پتێــر کرافیلــد کــە دیمەنی دووەمی تیمی بوو، پتێری مـن، ئەوسـا چـی دەبـوو؟ بـیری ئـاڵۆز و نـاخۆش هـەروا هێرشــیان بــۆ مێشــکی دەهێنــا و پرســیاری زۆرتریــان دەخســتەڕوو. ئــەو ســەردەمانێك کراسێکی تۆڕی هـەبوو، کراسـێکی نوسـتن لـە جـۆری تـوڕی سـپی گرانبـەها، شـتێکی زۆر جوان کە پوورە سیسیل هانی دابوو بیکڕێت.

چەندین جـار ئـەو کراسـەی دروبـوەوە، چـونکە سـەرە داوی لێ هـەڵ ببـوون. یەکـەمین داوە سـتەکانی گرێدابوونـەوە، کراسـەکەی پینـە کردبـوو و کونـەکانی یـەك لـە دوای یـەك وردبوونـەوە و تـا کاتێـك کـە داوەکـان بـە خراپـی یـەکیان رادەگـرت، ئـەو هـەر لەبـەری

کردبــوو. بــەڵام وای لێهــات کــە کراســەکە لــە شــوێنێکی دیکــەوە دڕاو ئیــدی بــە کــەڵك دروونــەوە نــەهات و دەبوایــە فڕێــی بــدات. ڕەنگــە ژیــان لەگــەڵ بادیشــدا هــەروا بوایــە، تەنانــەت بــەبێ مردنیشــی تەقــدیر و چــارەنوس وابــوو کــە ژیــانی ژن و مێردایــەتی ئــەوان کۆتــایی پــێ بێــت. کوڕەکــان! ئــەوان باوکیــان چــەندە خــۆش دەویســت. لــە ڕۆژگــاری ئێستادا کەمتر ئـافرەتی وا هەیـە کـە ڕێگـە بـدات بابـەتێکی ئـاوا ببێتـە ڕێگـر لەبـەردەم جیابوونەوەیدا.

لۆرا ئەم مەســەلەیەی چــاك دەزانــی، بــەڵام زۆرێــك لــە ئافرەتــان نــەك لەبەرئــەوەی کــە خۆیــان داوەتــە دەســت چــارەنووس، بــەڵکو لەبەرئــەوەی کــە دایکــن لەگــەڵ مێردەکانیانــدا دەمێننــەوە. لــۆراش یــەکێك بــوو لەوانــە. ئــەم بــیرە ئاڵۆزانــە، هەســتی گونامێکیــان لــە دەرونیــدا وروژانــد، دەتگــوت لــە زەینیــدا ڕاڵــف مــەکێنزیش ئامــادەبوو، کــە لــە پــاش مردنی باد هاوڕێیەتی لەگەڵ ئــەوی ســەر لــە نــوێ تــاوتۆی کــردەوە. ئــەم بــیرەش شــێتکەر بــوو. مردنــی کەسـێك لــە نێــو خێزانــدا بــە زۆری دەبێتــە هــۆی ئــەوەی کــە لــە پــاش بــە جێماوەکان بیری نــالۆژێکی و بــێ ئاقڵانــە بخەنــە نێــو مێشــکی خۆیانــەوە، بەتایبــەتی لــەو کاتانەدا کە بــە پێچــەوانەی ئــەوەی لێیــان چاوەڕوان دەکرێــت خــەمبار و ناڕەحــەت نــەبن. لۆرا چەندین جار ئەمەی لە کتێبەکاندا خوێندبۆوە. داماوە باد.

* * * * * * * * * * * *

بە دڵنیاییەوە لــۆرا بــەری بــەیانی خــەوی لێکــەوتبوو، چــونکە ئــەو کاتــەی بــە دەنگــە دەنگــی نێــو حەوشــێوە بــە خەبــەر هــات، خــۆر بــە تــەواوی دەرکــەوتبوو. لــە پەنجــەرەی ژوورەکەیـدا دەرێ تـا پەرژینـە کۆنـەکانی ئاڵکـات دیـاربوو، کوڕەکـان لـە ژێـر دارێکـی زمان چۆلەکەدا خەریکی ناشــتنی لاشــەی ئیرێــل بــوون. لــە نێــوان ئــەو دوانەشــدا بتــی لی ڕاوەستـابوو و بـە چ ڕویەکـەوە دەکـرا سـەیری دەمووچـاوی ئـەو خاتوونـە بکرێـت چـەندش و چەند ساڵ خزمەتی بنەماڵەی ڕایس کردبوو.

لــۆرا نەیــدەزانی داخــۆ شــەوی لــە مــاڵی ئەوانــدا بەســەربردووە یــاخود بــەیانی زوو گــەڕابۆوە بــۆ ئــەوێ. چــەپکێك گــوڵی بچــووك بــە دەســت (بتــی لی) یــەوە دەبینــرا. لێوەکـانی تیمـی بـە ئـارامی دەکرایـەوە و دادەخـرا. ڕەنگـە خـەریکی قسـەکردن بوبێـت یـاخود نـزاو پاڕانـەوە. تـام، خـۆڵێ بەسـەر قـەبرە بچـکۆڵەکەدا کـردو تیمـیش گوڵـەکانی خستە سەر. لۆرا لەبەرخۆیەوە گوتی:" خوایە گیان، یارمەتیان بدە."

کوڕەکان چییان بەسەر دێت کە هەر کامێکیان کۆڵێکی گرانی خەمو پەژارەیان لە کۆڵ دایە.لە دوای خۆشوشتن. لۆرا بە حاڵەتێکی سەر لێشێواوەوە لەبەردەم دۆڵابی جلەکان راوەستا. ئەو جگە لە کراسێکی ئاوریشمی شەوانە. جلی دیکەی رەشی نەبوو.

دەبوایە بۆ رێو رەسمی ماتەمینی جلێکی پەیدابکردایە. هەموو جلەکانی رەنگیان گەش یاخود سپی بوون. ئێ، جارێ رەنگی سپی لەوانی دیکە لە بارتر دەهاتە بەرچاو. بلوز و تەنوورەی سپی. کوڕەکان خەریکی لێبونەوە بوون لە خواردنی بەیانی کە ئەو هاتە قاتی خوارێ. ئەوان پانتۆڵی نیلی و بلوزی سپیان لەبەردابوو. تام نیگایەکی توندی بڕیە دایکی و گوتی:" جلی رەشت نەبوون بۆ لەبەرکردن؟" شێوازی قسەکردنەکەی لۆرای ئازار دەدا،

"شتێکی وام نەبوو، سپیش رەنگی تازیە لە هاویندا.. "

"دەمەوێ ئەمڕۆ بچمە ناوەندی شارو بۆ خۆم و تیمی بۆینباخی رەش بکڕم."

"بیرێکی باشە لە فرۆشگای پنینگێر بیان کڕە. منیش بە تەلەفۆن رادەسپێرم کراسێکی رەشم بۆ بێنن..." ئەو ئەمەی گوت لەبەرئەوەی خۆی بە ناچار دەزانی روونکردنەوە بدات.

دایك روونکردنەوە بۆ کوڕ دەکات! تام دەبووە هۆی ئەوەی ئەو خۆی بە گوناهکار هەست پێ بکات.

بتی لی گوتی:" من رۆژنامەی سنتینل و کۆریرم بردۆتە هەیوانی پشتەوە تاکو بە ئاسوودەیی بیان خوێنینەوە. پێم وایوو حەزتان لێنەبێت ئەمڕۆ بەیانی هیچ کەس لەوبەری شەقامەوە بتانخاتە ژێر چاودێرییەوە. پەیامنێرەکان بەڕێوەن."

"بەرەو مالێ ئێمە؟ ئۆه، چۆن وا بیر دەکەیەوە؟"

"ئەوان هەر ئێستا دەگەنە ئێرە." لەسەردەمی بتی لی لاقرتێیەك نەخشی بەستبوو:

"ڕاوەستە تاکو رۆژنامەکان دەخوێنییەوە." لۆرا دانیشت و رۆژنامەیەکی بە دەستەوە گرت. گەورەیی لەسەر لاپەڕەیی یەکەمدا هاتبوو:

"نوخبەکانی کۆمەڵگا لە کۆبونەوەیەکی کلانـدا (دروێنەکران. تایسێن، رایس و پیت لە گرووپی کلان کوژران.)

پاشان له خوارەوه هاتبوو:

(بچوکترین سەرەداو له شۆفێرەکه به دەست نەهاتووه.

لۆتەر تایسێن یەکێك بوو له پشتیوانه دەسترۆیشتوەکانی جیم جۆنسۆن.)

لـۆرا تـاکو کۆتـایی سـتوونەکەی خوێنـدەوه. وشـەکان لـه نێـو رۆژنامەکـه هـەڵقوڵێن و لەبەرچـاوی گیانیـان گـرت. ئـەو دیمەنـه تۆقێنـەرەی هاتـه پـێش چـاوان. خاچـی گرتێبـەر بوو بـه رەنگـی پرتـەقاڵی و ئاسمـان تاریـك و مانگەشـەو، ئـاژیری ئۆتۆمبێلـەکانی پـۆلیس و ئـامبولانس، ئـەو خەڵکـەی کـه بـه ترسـەوه بـۆ ئـەملاولا رایـان دەکـرد، برینـدارەکانی نێـو گـژوگیا، تەرمـه خوێناوییـەکان. لـۆرا بـه خێرایـی لاپـەرەی یەکـەمی خوێنـدەوه و لەگەڵ ئەو لاپەڕەدا که به دەستی تامەوه بوو گۆڕییەوه تاکو شتی زیاتر بخوێنێتەوه:

(هومەر رایـس، هاوشـارییەکی بەرجەسـتەو ناسـراوی، کارگـەی کـۆنی پـایگ و رایـس کـه لـه لایـەن سـێ وەچـەوه بەڕێوەچـووه.... بنەماڵەیـەکی خـاوەن ئـابڕوو. دوو کـوڕی بەناوی تۆماس و تیموتی له پاش بەجێماوه.

خـاتوو لـۆرای هاوسـەری.. ( لـۆرا بـه چـڕی وتارەکـانی خوێندنـەوه). کەسـایەتییەکی بـەڕێز کـه بـه چـاکەت و پـانتۆڵی نیلـی بوینباخـەوه لەبەرچـاوی خـەڵك دەردەکـەوێ. هەڵسـوکەوتێکی زۆر دۆسـتانه و لەبـەر دلان و مـرۆڤ دۆسـتانه، ناسـنامەی راسـتەقینەی ئـەو پیـاوەی دەشـاردەوه کـه شـەوانه دەمـامکی بەسـتووه، بـه بالاپۆشـێکەوه لەکەمیمـدا دەبـوو تـا بـه یارمـەتی بـرا هاوخوێنـەکانی خۆیـەوه ئـەو نەخۆشـییه ئەهریمەنییـه بلاوبکاتەوه....

لـۆرا هەسـتی بـه سـڕبوون دەکـرد. قـاچ و دەسـتی لێـك بلاوکـرد بـەلام وای هاتـه خەیاڵەوه که ئەندامەکانی لەشی تەزیون وەکو ئەوەی سوری خوێنیان راوەستابێت.

(.... جـیم جۆنسـۆن دەتـوانێ سـەر جـاری دیکـەش دژایـەتی ئامـانجی کلانـەکان بکات، بـەلام ئەگـەر ئامانجـەکانی لەگـەڵ ئەوانـدا هێنـده جیـاوازە، کەواتـه دەبـێ روونـی بکاتـەوه کـه بۆچـی هـەموو ئەندامـەکانی ئـەو گرووپـه، لایـەنگرەکانی ئـەو پێکـی دەهێنن.

لۆرا له تامی پرسی:" هەمووت خوێندەوه؟"

"بەڵێ خوێندمەوه."

"و..."

"و هەموو ئەو شتانەی کە لە رۆژنامەدا نووسراون قسەی پڕوپووچن..."

لۆرا لە جێی خۆی هەستا تا لە قسەکردنی زۆرتر لەگەڵیدا خۆی بپارێزێ. چووە ژووریّ. زەنگی دەرگا بە دەنگ هات، هەروەکو مەزەندەی دەکرد، هاوڕێ و دراوسێکان دەهاتن تاکو خواردنیان بۆ بێنن، ئەگەر پێویستیش بوایە یارمەتییەکی بدەن و هەڵبەت ئێستا کە رۆژنامەکانیان خوێندبووەوە، دەهاتن تا هەستی خۆ تێهەڵقورتاندنی خۆیان رازی بکەن.

پەیامنێر و وێنەگرەکان لە هەیوانی پشتەوەدا بەسەریان دادا. لۆرا هەوڵی دا بەوپەڕی لە سەرخۆییەوە وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.

"خاتوو رایس، وەکو دیارە بەڕێزت گوتت سەبارەت بە پێوەندی مێردەکەتان لەگەڵ کوکلۆس کلانەکاندا بێ ئاگابووی؟"

"خۆ پێم گوتن."

"چۆن شتی وا دەبێ خاتوو رایس؟"

"دەبێ، چونکە ئەو قەت لە مبارەیەوە هیچی بە من نەگوتووە."

"پێت وایە هۆیەکەی چی بووە؟"

لۆرا بێ خۆتێکدان گوتی:" لەبەرئەوەی ئەو دەیزانی کە من دەتۆقم. ئەو ئەوەندە بەرامبەر من رێزی دەنواند کە نەهێڵی توشی شتی واببم."

یەکێك لە دراوسێکان لە خوار شەقامەکەوە لە دەستی پەیامنێرەکان بێزارببوو و بە لۆرای گوت بڕواتەوە ماڵێ و بەسەر ئەوانیشیدا قیژاندی:" مەگەر بە زەیی و پیاوەتیتان نییە؟ لێرە بڕۆن و واز لەو ژنە داماوە بێنن. گوتی یاداشتەکانی سەرەخۆش گەیشتنە جێ. ئەو کەسانەی کە چەندین ساڵ بوو لۆرا لێیان بێ ئاگابوو تەلەفۆنیان دەکردو سەرەخۆشیان لێدەکرد. هەندێك لەو ژن و پیاوانە ئەو کەسانە بوون کە هاوڕێی لۆرا یان باد بوون. دوانیوەڕۆ رالف مەکێنزی تەلەفۆنی کرد. ئەو بە هەمان شێوازی سادە و راشکاوانەوە تەنیا پرسی:" ئایا هیچ یارمەتییەکم لە دەست دێت بۆتان؟"

"ئێستا بیرم لە کارکەوتووە، بەڵام ئەگەر پێویستیم بە یارمەتی بوو بە دڵنیاییەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم..."

"ڕووداوەکـەم لـە مارگرێـت و ئـارتۆرەوە بیسـت. ئایـا ئـەوان نـاتوانن یارمـەتیتان بدەن؟"

ئەوسا بەم شێوەیە ڕستەکەی خۆی ڕاست کردەوە:

"دوای لێبوردن دەکەم کە باسی ئەمەم کرد. کاتەکەی گونجاو نەبوو."

"لەگەڵ مندا سەربەست بە، ڕالف."

"نـا، بەڕاسـتی کـاتێکی گونجـاو نییـە.. زۆر باشـە، دەیڵـێم: ئـەوان هەمدیسـان نیگـەرانی تـامن. لـە ڕۆژنامـەدا خوێندویانـەوە کـە ئـەو لـە و شـوێن ڕووداوەکـە ئامـادە بوو. دەیانەوێ بزانن ئایا ئەمە ڕاستە؟"

"بەڵێ، تام لەوێ بوو ئەو لەگەڵ باددا چووبوو.."

"زۆر باشە."

" پێیان بڵێ کە حاڵی مـن زۆر خراپـە. بـەڵام تـام باشـەو بـا نیگـەرانی نـەبن. ئۆهـو، ئێستا گەیشتە لام."

کەواتـە پەیوەندییەکـە دەپچـڕێنم لـۆرا. بـەس لـە بـیرت بـێ ئەگـەر پێویسـتیت بـە یارمەتی من هەبوو، بۆ خۆت دەزانی لە کوێ دەمدۆزیتەوە."

تام گوتی:" پێم وایە مەکێنزی لەسەر هێڵ بوو. "

لۆرا سوڕا تا لەگەڵ زەردەخەنە تاڵ و چاوە تورەکانی ئەودا ڕووبەڕوو ببێتەوە:

"بەڵێ وەکو هەموو خەڵکەکەی دیکە سەرەخۆشی لێکردم."

تام لەبەرخۆیەوە دووبارەی کردەوە:" وەکو هەموو خەڵکەکە... "

لـۆرا تـا دەرەوەی مـاڵ بـە دوای کـەوت. تـام لـە شـوێنی هەمیشـەیی خـۆی لەسـەر قادرمـەکان دانیشـت. کتێبێکـی نـەکراوەی لـە تەنیشـت بـوو. سـەری بـە جۆرێـك خسـتە نێو دەسـتەکانییەوە کـە برۆکـانی لەگـەڵ ئەژنۆکانیـدا بەریـەك کـەوتن. لـۆرا بـۆ ماوەیـەك بـەبێ دەربڕینـی قسـەیەك ڕاوەسـتا. هـەوا ئەوەنـدە سـینفناخ بـوو لـە خـەم و پـەژارە، دەنگـی بـاڵی مێشـوولەکان ئەوەنـدە نـاخۆش بـوو، گـەڵای داربـەڕووەکان لەبەرگـەرما ئەوەندە سیس و خۆڵاوی بوون کـە توانـای بـیر کۆکردنـەوەی لـە مـرۆڤ دەبـڕی. تـام سـەری هەڵبڕی و گوتی:" پێت گـوت کـە چ کەسـانێ: نیگـەرانی مـن نـەبن، بنەماڵـەی کرافیلـد؟ ڕاستە بۆی چووم؟"

"بەڵێ ئەوان نیگەرانی تۆن، تام. ئەوان زۆر نیگەرانن و زۆریش دڵیان لە لاتە."

"قسەی قۆڕ، بە هیچ جۆرێك ئەو مافەیان نییە، من مانایەکم نییە بۆ ئەوان، هەروەکو کە ئەوانیش مانایان نییە بۆمن.."

لۆرا بە ئارامی دەستی خستە سەر دەستی کوڕەکەی و گوتی:" تام، پێم بڵێ، ئایا من کارێکم لە دەست دێت."

لۆرا، تامی هەر لەوێ بە جێهێشت کە لێی دانیشتبوو. توڕەییەك کە لە دەروونیدا کڵپەی سەندبوو، ئێستا دامرکابۆوە و خۆڵەمێشی لە پاش خۆی بەجێ هێشتبوو.

مەکێنزی، ئەو پیاوە خۆ تێهەڵقورتێنە بە ڕەواڵەت چاکەکارە، ئایا هەر مرۆڤی چاکەکار لەم دنیایەدا دەست دەکەوێ؟

بە دڵنیاییەوە ئەو چاوی بڕیوەتە دایکم. (ئەوانەی کە نیگەرانی تۆن و خۆشیان دەوێی تام) هیچکات، هیچکات.

ئەو شەڕێکی درێژ خایەنی لە پێش بوو، شەڕێك بە درێژایی تەمەن. مەگەر ئەوەی کە ئێرەی بەجێهێشتباو لە وشکارۆیەکی دیکەدا بزر بوایێ. ئێستا کە باد لە دنیا دەرچووبوو، کەسێکی وای نەمابۆوە کە لە تەکیدا ڕاوەستێ، یاخود لە پێناویدا خەبات بکات. دایکی بە هیچ جۆرێك هەستەکانی ئەوی دەرك نەدەکرد و تیمیش، ئەو ئێستا کوڕێکی بچووکی تەمەن یازدەساڵان بوو و خوا دەزانێ کە کێوێك گرفتی لەبەردەم دابوو. خۆزگە ڕۆبی لێرە بوایە! تام پێویستی بە قسەی زۆر نەبوو. هەرکە ڕاستییە بنەڕەتییەکان دەگوتران، ڕۆبی لە ماناکانیان تێدەگەیشت و لە باوەشی گەرمی خۆیدا دەیحەواندەوە. ئەو جەستە ناسك و بچووکە، ئەو قژە درێژ و بۆن خۆش و ئاوریشمیانە. خۆزگە ڕۆبی لێرە بوایە.

(کۆتایی بەشی سێزدەهەم)

مۆزیکی خەماوی لە قاتی سەرەوەی کڵێسە، ئەو شوێنەی کە ئۆرگەکەی[١٨] لێبوو، تاکو نهۆمی خوارێ، ئەو شوێنەی کە ماتەم گێڕان لەسەر کورسییەکان دانیشتبوون. بە ئاشکرایی بەرگوێ دەکەوت.

---

١٨- جۆرە ئامێرێکی کۆنی مۆسیقایە کە لەسەدەی پێنجەمی زایینییەوە لە کڵێسەکان ژەنینی بۆتەباو"وەرگێڕ"

تیشـکێکی ڕەنـگ ئەرخـەوانی غەمبارانـە لـە ڕێگـای شووشـە ڕەنگـاو ڕەنگەکانـەوە لە ژوورێی دەدا. وادەهاتە بەرچـاو کـە خـۆر لـە پشـت هەورەکانـەوە بـزر دەبێـت و هـەورە زریاناوییەکان، چر دەبنەوە.

تەواوی ئـەو شـتانە لەگـەڵ هەلومـەرجی هەنوکەییـدا دەگونجـان. لـۆرا لای خـۆی ئـاوا بـیری کـردەوە. تەنانـەت دەسـتە بـە دەسـتەوانەکانیش بـە گـران و بسـەنگینییەوە خسـتبوونە سەرقاچـەکانی. کـۆت و تـەنوورەی ڕەشـیش کـە لەبـەری دابـوو لەگـەڵ ئـەو کەشوهەوایەدا دەگونجا.

لەبەرئـەوەی بـاد کەسـایەتییەکی زۆر ڕاڕاو ورد بـین بـوو، بـە دڵنیاییـەوە بـە دیتنـی کوڕەکـانی لـە نێـو چـاکەت و پـانتۆڵی تاریـك و بۆینبـاخی ڕەشـدا، شـانازی دەکـرد و خۆشحاڵ دەبوو.

ئـەو هـەروەها لـە بینینـی ئـەم حەشـامەتە، کەسـانێك کـە بـۆ ماڵئـاواییکردن لـەوی کۆببونـەوە، ڕازی دەبـوو، ژمارەیـەك لـەو خەڵکـە بـۆ دەربڕینـی هاوخـەمی و سەرەخۆشـی هـاتبوون و لەوانەیـە ژمارەیـەکیش لەبەرئـەوە هـاتبن کـە لـە پشـت ئـەم مردنـەوە ڕوداوێکـی گـرنگ هەیـە. لـۆرا ڕێگایـەکی بـۆ تێگەیشـتنی مەبەسـتی هـەر کامێکیـان نـەبوو و بەڕاسـتیش بابـەتێکی ئەوەنـدە گـرنگ نـەبوو، ئـەو هێشـتاش هەسـتی بەسـڕبوون دەکرد.

هەسـتێکی سـەبرو نائاسـایی لـەوەی کـە لـە پێسـتی خـۆی خزیوەتـە دەرێ و وەکـو بینـەرێك لـە دوورەوە سـەیری تـەواوی ئـەو ڕووداوانـە دەکـات. سـەیری هەڵسـوکەوتی دەسکرد و سڕبووی خۆی دەکات.

چـاوەکانی ڕوەو سـەرەوە و بـەرەو پەنجـەرە سـوڕا. دنیـا بـە تـەواوی تاریـك داهـاتبوو. بـە دڵنیاییـەوە کاتێـك ئـەوان بگەنـە گۆڕسـتان، بـاران دەسـت بـە بـارین دەکـات. چـاوی گەڕایەوە سەر ئەو تابووتەی کـە لەبـەردەمی بـوو. لێیـان پرسـیبوو، ئایـا بەرلـە داخسـتنی تابووتەکـە حـەزدەکات بـۆ دواجـار سـەیرێکی مێردەکـەی بکـات؟ بـەڵام دوکتـۆر فاسـتەر یەکسەر لەو کارە پاشگەزی کردبۆوە. گومـانی تێـدا نـەبوو کـە جەسـتەی بـاد بـە سـەختی برینداروبان ببۆوە.

ئایا تام هیچـی سـەبارەت بـە برینـە قووڵـەکانی دەمووچـاوی وی بـاس نـەکردبوو؟ بـاد کە ئێستا لە ژێـر بەرگەیـەك لـە گوڵـە مێخەکـدا خـەوتبوو، هـەموو شـتێکی بـۆ کۆتـایی

هاتبوو، یاری تۆپی پێ لەگەڵ تام و تیمیدا، دانیشتنەکانی ژووری بازرگانی کارگەی رایس و کوڕ و هەروەها ئەو باڵا پۆش و کڵاوە ئەهریمەنییە.... لۆرا لە ترسان لەرزی هاتێ.دوکتۆر فاستەر کارەکەی بە باشی بەڕێوەدەبرد، بلیمەتییەکی نائاسایی کە تایبەتە بە وتاربێژە گەورەکان لە خۆی نیشان دەدا.

ئەو لە لایەکەوە ناچار بوو ئەو مەسەلەیە ئیدانە بکات و لە لایەکی دیکەشەوە لێرەدا مرۆڤێك خەوتبوو کە دەبوایە بە چاکە یادی بکرێتەوە:

" ئێمە دەبێ ژیانی هەر کەسێك بە شێوەیەکی لۆژیکیانە و بەوپەڕی هاوخەمییەوە تاوتوێ بکەین. هاوڕێیان، هیچ مرۆڤێك کامل نییە. ئێمە دەتوانین ئێمە دایکو باوکێکی میهرەبان و هاوشارییەکی خاوەن بەرپرسیاریەتی بین و لە هەمان کاتیشدا راکشێرێینە نێو زەلکاوی نەفامی و بەلارێداچووندا کۆمەڵە هێزێکی بە دەسەڵاتی دەروونی و دەرەکی هەن کە تاك تاك یاخود پێکەوە ئێمە بەرەو تاریکی و خراپە یەکێش بکەن. ئەو هێزانە کەم نین. ئێمە لێرە بۆ ئەوە کۆنەبوینەوە تاکو بە چاوی رەخنەوە سەیری ژیانی هۆمەر رایس بکەین و وا بە باش دەزانین کە هەروەکو رابردوو وەکو هاوڕێیەك، هەروەکو بۆ هەموومان بوو، لە یادمان بێت بۆ لێخۆشبوونی رۆحی وی دوی بکەین. تەنانەت بۆ رۆحی ئەو رادەر و گومڕایە دوی بکەین کە ئەوی کوشت. دوعا بۆخۆمان بکەین."

سەرەکان هەموویان دانەوێنر رابوون. دەنگێکی ئارامیش لە لایەن ئامادەبوونەوە هاوڕێیەتی ئەو دەنگە بە ویقارو رۆحانییەیان دەکرد. تام و تیمی چاوەکانیان لە فرمێسك سڕینەوە. ئامێری مۆسیقای کڵێسە ئاوازێکی خەماوی و دڵگیری دەژەنی و تابۆتەکە لە نێو ریزە کورسییەکانەوە هێنرایە دەرێ. ژن و پیاوەکان بە نیشانەی رێزلێنان لە جێی خۆیان هەستابوون. وێستگەی دواتر گۆڕستان بوو.

باد هەمیشە لە رێو رەسمی سەرەخۆشی بێزاربوو، لۆرا ئەمەی باش لە بیربوو.

ئەو لە مردن دەترسا، رەنگە پتر لە خەڵك لە مردن تۆقیبوبێت. لۆرا ئەمەش هەر لە بیربوو، بادی داماو.

بەرێگای گەڕانەوە بەرەو ماڵەوە باران بە خوڕتر دەباری، بۆیە لە خێرایی ئۆتۆمبێلە درێژە رەشەکە کەم ببۆوە.

لۆرا لەوێدا بە بێدەنگی لەگەڵ کوڕەکانیدا دانیشتبوو.

ئـاخر هـیچ قسـەیەك بـۆ کـردن نـەبوو، لـۆرا دووبـارە بـیری کـردەوە. ڕەنگـە ئەمـە سـەدەمین جـار بوویێـت کـە لەمبارەیـەوە بـیری دەکـردەوە. یـاخود ڕەنگـە قسـەی زۆر هەبووین بۆ کردن بەڵام دەسپێکردنی هەر قسەیەك زەحمەت بێت.

تام گوتی:" مەکێنزی لە کڵێسـە بـوو، مـن لـە کـاتی هاتنـە دەرەوە لـە کڵێسـە دیـتن لە دوا ڕیزی بوو."

" من چاوم پێی نەکەوت."

بـە دڵنیاییـەوە بـۆ مـەکێنزی پێویسـت نـەبوو کـە ڕێـو ڕەسمـی کڵێسـەدا بەشـداری بکـات. بـەڵام ئـەو وای دیتبـوو و لـۆراش لـە مبارەیـەوە بـە توندی کـەوتبووە ژێـر کاریگەرییـەوە. کـوڵی گریـان گـەرووی گوشـی. دواجـار چـاوەکانی تـەڕبوون. ئـەو بـە توندی دەیگوت:" بەڕاستی لوتفی نواند."

تام وەڵامی دایەوە:" لێی بێزارم."

دیســانەوە کێشــەکان. کێشــەکان بــێ ســنوور بــوو. بــەفر پــاك کــەرەوەکانی ئۆتۆمبێلەکە بە خێرایی ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد.

بەڵام باران ئەوەندە بـە خـوڕ بـوو کـە کـاری ئـەوانی پووچـەڵ دەکـردەوە. ئۆتۆمبێلەکـە بـەرەو ڕۆژهـەڵات دەڕۆیشـت و لـە پـاش تێپەڕانـدنی مەودایـەك گەیشـتە ئـەو ماڵـە ئاشـنایە ماڵێـك کـە ئێسـتا ئەوەنـدە نـامۆ بـوو. شـوێنێك پـڕ لـە کێشـە و دوژمنایـەتی بوو. بۆچی؟ بۆچی من؟ بۆچی ئێمە؟

هەروەها پرسیارێکی دیکـە ئـەوەبوو، بـەرەو چ ئاراسـتەیەك هـەنگاو دەنـێین؟ لـۆرا لـە ڕۆژە سـەرەتاییەکان دوای بـە خاکسـپاردنی بـاد لەسـەر مێزەکـەی خۆیـەوە دەچـووە سـەر مێزەکـەی بـادو بـەبێ ئامـانج نێـو کاغـەزەکانی دەپشـکنی. ڕاگەیەنـدراوی بـانکی، نامـەکانی سەرەخۆشـی و دەقێکـی چـاپکراوی تاقیگـە کـە دەری دەخسـت تـام هـی بنەماڵــەی کڕافێڵــدە. جارێکیــان وەکــو ئــەوەی گوللــەی بەرکــەوتبێت، لەســەر کورسییەکەرا کەوتـە خـوارێ و بەڕاسـتی بیرێکـی دڕندانـەی کـەوتبووە مێشـکییەوە. ئایـا واباشـتر نییـە کـە لێـرەو لـە دەسـت بنەماڵـەی کڕافیلـد و کوکلـۆس کلانـەکان ڕاکـەین؟ ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە هـەمان سـەردەمی ئاشـتیانە کـە لـە ڕابـردوودا هـەمانبوو. مـن و کوڕەکـانم. لـۆرا بـە چـاوی نوقـاوەوە، ئـەو گـوێ زەویـەی کـە لـە پـەنا دەسـتی بـوو سـوڕاندییەوە و دەسـتی خسـتە سـەرخاڵێك. بـە دڵنیاییـەوە یـەکێك گۆیەکـەی ئـاوازو

کردبۆوە چونکە پەنجەی کەوتەسەر پاتاگونیا، ناوچەیەکی وشك و بەیار لە کۆتایترین بەشی ئەمریکای باشوور کە کەوتبووە ئاراستەی جەمسەری باشوور، لۆرا بە دەنگی بەرز گوتی:

" زۆر باشە، زۆر خراپ نییە بەو کەچەچانسەیش کە لەم ساڵە تۆقێنەرەدا بۆمان ماوەتەوە ئەوەندەش خراپ نایەتە بەرچاو.. تەلەفۆن زەنگی لێدا. لەوسەری هێڵەکەوە خاتوو فالۆن، سکرتێری باد بوو کە بە هیچ جۆرێك نەیدەویست لە کاتێکی ئاوادا لۆرا سەرگران بکات، بەڵام بەڕاستی مەسەلەیەکی گرنگ هاتبووە ئاراوە کە دەبوایە بە لۆرای بگەیەنێت. ئەو گوتی:" هیچ کەس کاروباری ئیداری لە ئەستۆدا نییە، خاتوو رایس. راسپاردەکان لە کاتی خۆیدا ناگەیەندرێنەجێ و ئەمڕۆ پێنج کەس لە کرێکارەکان خۆیان نەخۆش کردو لەسەر ئیش ئامادەنەبوون. ئەوان کەڵکی خراپ لەم دۆخەی ئێستا وەردەگرن. بەڵام لە حەوتوو داهاتوودا بۆ وەرگرتنی مووچە و مافەکانیان لێرە دەبن." ئەو درێژەی دا:

" خاتوون، ئایا پڕۆژەی گەورەی بریانی ساند بۆرگت لە بیرە ئەو پڕۆژە بیناسازیانە لە شارێی نۆیەم." لۆرا شتێکی دەربارەی بیستبوو، بەڵام زۆر کەم. ئەو تەنیا ئەوەی دەزانی کە باد بەهۆی بردنەوە مەزادی ئەو پڕۆژەدا زۆر خۆشحاڵبوو.

"زۆر چاکە، ئەوان سەوداکەیان تێکدا. گوتیان کە بۆ کڕینی مادە خاوەکان دەچنە شوێنیکی دیکە. دەزانی ئەوان جوولەکەن و تێگەیشتنی ئەو مەسەلەیە بەهۆی هەراو هۆریای کوکلوس کلان ئەوەندە ئەستەم نییە و کاری مەك دۆناڵدیش هەر بەو شێوەیە کۆتایی پێهات. کارمەندێکی بەشی چاپی ئەویٚ پێی گوتم کە ئەو پیرە مێردە مەك دوناڵد لەسەددا کردن لەگەڵ باددا هەست بە ناڕازی بوون دەکات. کەواتە ئێمە بە ئێرە گەیشتوین. خاتوو رایس.

ناتوانم پێت بڵێم کە بەرامبەر خۆت و کوڕەکانت چەندە هەست بە خەم و پەژارە دەکەم. تامی ئازیز گەنجێکی چەند لە بارو رێك و پێکە. کرێکار و کارمەندەکان هەموو خۆشیان دەویٚ.

بەڕاستی حەیفە کە ئەوەندە تەمەن و ئەزموونی نییە کە بەرپرسیاریەتی ئێرە بگرێتە ئەستۆ."

"زۆر باشــه بیرێــك لــەو بابەتــە دەکەمــەوە. لــە ئــەم و ئــەو بــە دوای ئامۆژگاریــدا دەگەڕێم. ئەوەی لە دەستم بێت بەڕێوەی دەبەم و سوپاسی بەڕێزیشت دەکەم.."

لــۆرا ئەمــەی گــوت و تەلەفۆنەکــەی داخســتەوە. ئــاخێکی قــوڵی هەڵکێشــا. ئەگــەر پوورەکــان گــەنج بوونایــە و مــەیل بــەکاریان لــە خۆنیشــان بوایــە ئەوســا ئیــدی هــیچ کێشەیەك لە ئارادا نــەدەبوو. ئــەوان هــەر لــە ســەردەمی گەنجێتییــەوە ســەرقاڵی کاروبــاری بازرگــانی بــوون، لــە کاتێکــدا کــەمن.... زۆر باشــە مــن تــەنیا دایکێکــی بــاش بــووم و تەنانــەت نەشــبومە ژەنیــارێکی جیهــانی پیــانۆ. مــن ســەبارەت بــە چیمەنتۆ و چــی... دەزانم؟

بتــی لی هاتــە ژوورەوە و لــە ژێــر لێویــەوە گــوتی کەسـێك هــاتووە بیبنــێ. "خــاتووە ئێجوو خوازیاران بتــانبینن، ئەگــەر گرفتێکتــان لەگــەڵ ئــەم مەســەلە نییــە. ئــەو بنەماڵــە رەشپێســتە کــە مــانگی رابــردوو تووشــی ئــەو هــەموو کێشــەو زەحمــەتبوون، وەبیرتــان دێ؟"

لۆرا بە دڵنیاییــەوە ئــەوانی لــە بیربــوو و نەیــدەزانی ئامــانج لــەم دیــدارە دەتــوانێ چــی بێت. ئــەو چــووە ژوورێــك کــە نــاوی (هــۆڵی پێشــوازی جــاران) بــوو. خــاتوو ئێجــوود لــە کاتێکــدا کــە چــەپکە گــوڵێکی بــاخی پێشــکەش دەکــرد گــوتی:" مــن هەمیشــە بــیرم دەکــردەوە کــە کاتێــك مــرۆڤ زۆر خــەمبارە گــوڵی جــوان دەتوانێــت کــەمێك دڵــی مــرۆڤ بکاتەوەو لــە حاڵــەتی کەســەراوی بیهێنێتــە دەرێ. لانــی کــەم ئــەوان هەمیشــە کاریگــەری ئەویشیان لە سەر من هەبووە و هیوادارم کە سەبارەت بە بەڕێزیشت هەروابێت."

"گوتی زۆر جوانن. زۆر لوتفت نواند، بۆ نافەرمووی دانیشی؟"

خاتوو ئێجوود بە حاڵــەتێکی گــوێ رایەڵیــەوە لەســەر روخــی قەنەفەکــە دانیشــت. ئــەو تورە دەهاتە بەرچاوو. بەڕاستگۆییەوە دانی بەوەدانا:

**" من بۆ هاتن بۆ ئێرە زۆر لــە دڵــە راوکێــدا بــووم. بــەڕێزت هەمیشــە بەرامبــەر بــە ئێمە لوتفت هەبووە، تەنانەت دوای ئەو هێرشــەش کــە پــەلاماردەران کریانــە ســەر مــاڵی ئێمە، بەڕێزت سەرت لە ماڵی ئێمــە داو مــن بــە هــیچ جۆرێــك مامەڵــەی باشــم لەگــەڵ تۆدا نەکرد. ئێمە دەرگاکەمان بە رووت دادایەوە."**

**لۆرا زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:" نا، بەو خراپیەش نەبوو."**

"بەڵێ بە هەمان ئەندازە خراب بوو. من خەریك بووم بەڕێزتم بە هۆی ئەوەی خەڵكانی دیكە كردبوویان، سزام دەداو ئەو كارەی من زۆر هەڵە بوو."

" دەرك پێ دەكەمن ئێوە بەڕاستی ئەزمونێكی بەئازارتان تێپەڕاندووە."

"بەڵێ بەڕێزیشت گرفتێكی قورستان تێپەڕاندووە. تەنانەت كاتێك كە تەواوی ئەو رووداوە لە میدیاكاندا رەنگی دایەوە، من بیرم كردەوەو بە مێردەكەشم گوت، كە بۆ خاتونێكی وەكو بەڕێزت دیتنی مەسەلەیەكی ئاوا چەندە ئەستەم و ناخۆشە، ئەوەی كە تۆ تێبگەی.."

ئەوسا بەو وەبیرهێنانەوەیە، دیمەنەكان هەر وەكو فلیمێك بەبەرچاوی لۆرادا تێپەڕین. خاتوو ئێجوود لە شەرمان نیگای خۆی سوڕاندو گوتی:" من دەبێ ئەو قسانە لە دڵی خۆم هەڵڕێژم. من نەمدەتوانی لەگەڵ تۆدا وا مامەڵە بكەم كە خەڵكانی دیكە بە زۆری بەرامبەر ئێمە دەیانكرد. ئێمەی رەش پێست هەر كە یەكێكمان توشی هەڵەیەك دەبێت، ئیدی هەموومان دەكەوینە بەر سەركۆ نەوە، ئەوە تاوانی تۆ نەبوو كە مێردەكەت."

... ئۆه، دیارە من قسەم زۆر كرد، بەداخەوە."

"نا، شتێك نییە. دەزانم كە تۆ هەوڵ دەدەی بڵێی چی. بەڕاستی لەبەرئەوە پێزانینم بەرامبەرت هەیە.."

ئەو ژنە بەڕاستی ئافرەتێكی رەسەن بوو. لەو مرۆڤە كەم وێنانەی كە بەبێ مەبەست و بێ خۆ تێهەڵقورتاندن پێیان دەنایە نێوماڵەكەیەوە."

لۆرا گوتی:" مۆڵەتم بدەیە با گوڵەكان بخەمە نێو ئاوەوەو پێكەوە چا بخۆینەوە. تەنیا چەند خولەكێك دەخایەنێ."

" نا بۆ جارێكی تر بێت. ئەگەر رێگەم پێ بدەی تاكو جاری دیكەش بێمە سەردانتان. من بەبێ لەبەرچاو گرتنی دابو نەریتی هەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتی هاتومەتە ئێرە. دەبوایە پێشتر تەلەفۆنم بكردایە. تۆ پێویستیت بە پشوودان هەیە، نەك ئەوەی پێشوازی لە خەڵك بكەی."

لەبەردەرگا خاتوو ئێجوود شتێكی دیكەی هاتووە یاد:

"تۆ جارێكیان گوتت كە كچەكەم بە قوتابی پیانۆ وەردەگری. ئایا دووبارە دەگەڕێیەوە سەر كارەكەت؟ و ئایا ئێستاش مەیلت هەیە وەری بگری؟"

"بەڵێ، هەڵبــەت، خۆشــحاڵ دەبم. تــەنیا چــەند حەوتوویــەك دەرفــەتم پــێ بــدە تــاكو دەگەڕێمەوە دۆخی ئاسایی خۆم."

كاتێك تا بــەردەرگا لــۆرا میوانەكــەی خــۆی بــە ڕێخســت و دەرگــا لەســەر داخســت، دەمووچاوی خۆی لەو گوڵانــە نزیــك كــردەوە كــە هێشــتا هــەر لــە نێــو دەســتیدا بــوون. گــەڵای گوڵــەكان فێنــك و تــازە لەبەرامبــەر كوڵمــە گــەرم و تــا دارەكــەیادا، خــۆش و دڵگیربــوون. لــۆرا گوڵــدانێكی پڕكــرد لــە ئــاوو گوڵــەكانی خســتنە نــاوی. پاشــان گوڵدانەكــەی لەســەر مێــزی ژووری موتــاڵا دانــاو ئەوســا ســەرگەردان نەیــدەزانی چــی بكات. ڕەنگە وا باشــتر بوایــە كــە بچــێتە پشــت پیــانۆ. هەمیشــە لــە ژەنینــی مرســیقا هەستی بە ئاسوودەیی دەكرد. ئــەو گوتبــووی هــەر كــە كــەمێك هاتمــەوە ســەرخۆ دەســت دەكەمەوە. بە وانە گوتنەوەی پیانۆ.

بەڵام چۆن چۆنی؟ لەگەڵ بوونی تامــدا كــە ئەوەنــدە خــەمبار بــوو و تیمــیش ئەوەنــدە ترسا بوو. هەروەها ئەو بازرگانییەی كە بــژێوی خێزانــی دابــین دەكــردو ئێســتا كــەوتبووە سەروبەندی ئیفلاسییەوە؟ كەسێكی دیكە دووبــارە لەبــەردەم دەرگــای ماڵــێ بــوو. ئەگــەر ئیرێل زیندووبوایە بە دڵنیاییەوە زۆر بەر لــەوەی پێــی بگاتــە بــەر دەركــی ماڵــێ، گــوێی لە هەنگاوەكانی دەبوو. بە جەســتەیەكی بچــوكەوە كــە لەبــەر ورووژان دەلــەرزی دەچــووە پێشوازی میوانەكەو كلكی رادەوەشاند. لۆرا دەرگای كردەوە.

ڕاڵف گــوتی:" ســڵاو، تــۆ تەلــەفۆنت بــۆ نــەكردووم و منــیش پــێم وابــوو چــاوەڕوانی لەمە زیاتر دروست نییە."

ئەو لە هەیوانێدا نیگایەكی پرسیارانەی گرتــە لــۆراو بــە زەردەخەنەیــەكی ئاوێتــە بــە گوناهەوە گــوتی:" تــۆ بــەڵێنت پــێ دابــووم كــە هــەر كاتێــك پێویســتیت بــە مــن بــوو پێوەندیم پێوە بكەی. پێم مەڵێ كە پێویستیت بــە یارمــەتی نــەبووە چــونكە بــاوەڕ بــەوە ناكەم."

"زۆر باشە وا ناڵێم. وەرە با لەو ژوورە دانیشین ئەوێ فێنكترە."

لــۆرا هەســتی بــە شــەرمێكی ســەیردەكرد. ڕاڵــف لــە ژێــر ئــەو ڕووناكییــەی كــە كەوتبووە ســەر قــژە خورمایيــە درەوشــاوەكانییەوە، هــەروەها ئــەو زەردەخەنــە شــیرینەی سەر لێوانی، زۆر دڵگــیر دەهاتــە بەرچــاو. ئــەو بــە ورە بەرزەكــەی خــۆی توانــای ئــەوەی

**هـەبوو ئـەو کەشـوهەوا ئـاڵۆزە لـە ماڵـێ بگـۆڕێ. لـۆرا حـەزی لـە قسـەکردن نـەبوو و هەرواشی گوت:**

**" ئێستا کێشـەکان لـە چارەسـەر نـەهاتوو دێنـە بەرچـاو، کەواتـە بـۆ ڕێگـە بـدەین ڕۆژێکی هاوینیمان لێ تێك بدەن؟**

**پێم باشترە هەواڵت لێ ببیسـتم، ئـەوەی کـە لـە میانـەی کەمپـەینی هەڵبژاردنـدا چ ڕووداوێکی تازە ڕووی داوە؟ "**

**"ململانێیـەکی دژوارەو ئێمـەش بەوپـەڕی توانـاوە هـەوڵ دەدەیـن. هیوامـان هەیـە، لەبەرئەوەی پیاو دەبێ هەر بە هیـوابێ و بـەس. وەکـو تـۆ لـۆرا. هـیچ شـتێك نییـە لـە چارەسەرکردن نەیەت...**

**"جگە لە مردن."**

"تەنانـەت ئـەویش چارەسـەردەکرێت، تـۆ بـە قبـووڵکردنی چارەسـەرت کـردووە. جـا مردنی خۆت یان هەر کەسێکی دی بێت.."

کاتێك لـۆرا ئـاوڕی دایـەوە، لەگـەڵ وێنـەی بـاد لـە چوارچـێوەی گـەرمی دا ڕووبـەڕوو بۆوە. ئەو لـە حاڵـەتێکی تـەواو جەسـتەیی دا لەسـەر قەنەفەیـەکی سـەردەمی ئەلیزابێتـدا پاڵی دابۆوە.

بـە کەسـێکی گـرنگ دەهاتـە بەرچـاو. لـەم ماڵـەدا مردووەکـان لـە هـەموو لایـەك را سەیریان دەکردی.

لۆرا گوتی:" ئەمە خەون نییە، بەڵکو ڕاستییەکی تاڵە... "

ئەم قسەیە بە شێوەیەکی لە ناکاو لە دەمی دەرچوو.

"بەڵێ."

ئەم وشەیە بە شێوەیەکی قووڵ و سەیر دەربڕدرا.

لۆرا زانی کە راڵف واتای قسەکەی تێگەیشتووە.

ئـەو گـوتی:" هـیچ کەسـێك نییـە کـە بەرپرسـیاریەتی بازرگـانی خێـزان بگرێتـە ئەستۆ. ئەم هـات و هـاوارەی کـلان.... لـۆرا هەڵوەسـتەیەکی کـرد و پاشـان درێـژەی دا:" کارەسـاتی کـلان، بـادو پیتـی بـەرەو لـە ناوچـوون بـرد و ئێسـتا ئیـدی کـەس نەماوەتەوە.."

"ڕەنگە واباشتر بێت بیفرۆشن."

لـۆرا هـاواریکرد:" ئـۆه، لەوانەیـە. دەزانـی چـەند خولـەکێك لەمەوبـەر چـیم دەکـرد؟ گۆی زەویـم سـوڕاندەوە، چـاوم نوقانـدن و پەنجـەم خسـتە سـەر خاڵێـك. بـە خـۆمم گـوت. ئێمە دەچینە ئەو شوێنەی کە پەنجە دیاری دەکات. من و کوڕەکانم.."

ئەوسا بە شـێوازێکی گـرژ و مۆنـەوە بـە مـەکێنزی گـوت، ئـەو شـوێنەی کـە پەنجـەی لەسەر داناوە پاتا گونیا بووە.

"ئۆهـو، ئـەو وڵاتـە ناوچـەی چـۆڵی زۆر هەیـە کـە دانیشـتوویان تێدانییـە. بیابـان و گوڵی مریەم[19] و تاوێرە بەردو با....."

"وا قسە دەکەی دەڵێی دیتوتە."

"بـەڵێ دیتومـە، زۆرم حـەز لـە شـت زانـین بـوو. بۆیـە سـاڵێکیان بڕیـارم دا بـۆ پاتـا گونیا سەفەر بکەم و لە نزیکەوە ئەوێ ببینم."

"سەردەمێك کەسـێکم دەناسـی کـە ئـەویش بـەو رادەیـە حـەزی لـە شـت زانـین بـوو. ئەو لە هیندوسـتانەوە سـەفەری کـرد بـۆ نیپـاڵ و تەبـەت. ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ چـەندین ساڵ لەمەوبەر و کاتێك کە هیچ گەشتیارێکی جیهانی نەدەچووە ئەو شوێنانە.."

لۆرا خۆی مۆن کرد، وای بۆ چـوو کـە پێشـتر سـەبارەت بـە فرانسـیس لەگـەڵ راڵـف دا قسـەی کـردووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دڵنیانـەبوو. لـە نێـوان ئـەو دوو پیـاوەدا وێکچـونێکی زۆر هەبوو.

"کەواتە ناچییە پاتاگونیا؟"

"نا، رەنگە نەچمە هیچ شوێنێك، ئەمە کە....."

پاشان لـە کاتێکـدا کـە دەسـتی لێـك بڵاودەکـر، شـانی هەڵتەکانـدن و گـوتی:" ئەمـە دەرەنجامی بێ ئەقڵی بادە. شەرمێکی گشتی."

ڕاڵف بە توندی گوتی:" نا، ئەمە مایەی شەرمەزاری تۆ نییە."

"بـەڵام تەنانـەت تیمـیش هەسـت بەمـە دەکـات. جیـاوازی نییـە، دەزانم کـە ئـەویش هەست پێدەکات و هەر بۆیەش ئەوەندە ناڕەحەتە. ئەوەندە ناخۆش.."

ئێستا لـۆرا کـوڵی دڵـی خـۆی هەڵدەڕشـت و نیگەرانییـەکانی خـۆی دەگێڕاییـەوە. خـۆ راگرتن لە ڕێـو رەسمـی ماتـەمینی دا بـۆ وی زۆر ئەسـتەم بـوو. ئـەو ئـازارە رۆحییـەی کـە

---

١٩- جۆرە گیایەکی دەرمانییە "وەرگێڕ"

لـه كلێسـه چەشـتبووی، هێشـتا بـەرۆکی بەرنـەدابوو و پلـەی گـەرماش لـەم یـەك دوو ڕۆژەدا زۆر بەرز ببۆوە.

"ئـەمڕۆ بـەیانی بـە زۆر ناردومـە دەرێ، تـاکو کاتەکـەی لای ئـەو کوڕەێـك کـە لاقـی شکاوە بدرێتـە سـەر. بـەم شـێوە لانـی کـەم لـەوە دڵنیـام کـە زۆر خـۆی مانـدوو ناکـات. بەڵام هیچکات نازانم کە چی بەسەر دێت."

"تێدەگـەم، مـن شـایەدی هـەموو ڕووداوەکـان بـووم لـە مـاڵی کرافیلـد، تـاکو ئـەو کاتـەی کـە پتێـر مـرد." رالـف بـە لەسـەرخۆیی ئەمـەی گـوت و راسـتەوخۆ سـەیری چاوەکانی لۆرای کرد.

لـۆرا بـە دەنگێکـی هێـواش، لـە کاتێکـدا کـە نەیدەویسـت بکەوێتـە ژێـر کاریگـەری هەست و سۆزی خۆیەوە، گـوتی:" مـن بـە زۆری بـیر لـە پتێـر دەکەمـەوە. تـۆ دەتناسـی، ئەو چ جۆرە کوڕێك بوو؟ راستیم پێ بڵێ."

ڕالـف گـوتی:" مارگرێـت راسـتییەکەی پـێ گوتـووی. ئـەو کـوڕێکی لەسـەرخۆ و بیرمەند و گەنجێکی خوو و رەوشت باش بوو.

ئەو تا رادەیەك بە هەمان شێوە بوو کە تۆ باسی تیمت کرد.

"ئەوان زۆر وەکو یەك دێنە بەرچاو."

"بەدڵنیاییەوە وایە. من لە رێو ورەسمی ماتەمینی دا چاوم بە تیمی کەوت."

ڕالف بەدەم زەردەخەنەوە زیـاتر گـوتی:" رەنگـە بـۆ تـۆ جێـی سـەرنج بێـت کـە بزانـی پتێر جوولەکەیەکی ئیماندار بوو."

"زیاتر بۆم باس بکە."

"ئەو پتر لە هەموو کەسـێك بایـەخی بـە جێبـەجێ کردنـی ئەرکـە ئایینییـەکانی خـۆی دەدا. ئەوان تاکو ئێستاش هـەر باسـی دەکـەن. لەوانەیـە لەبـەر تەمەنەکـەی بێـت یـان بـە هـۆی نەخۆشـییەکەی یـاخود هـەر لەبەرئـەوەی کـە ئـەو کەسـایەتییەکی مەعنـەوی بـوو. مـن لـە ئاهـەنگی باڵقبوونیـدا ئامـادەبووم و هـەروەها ئـەو کاتـەی کـە بـە خـاك سپێردرا.."

گۆڕسـتان لـەژێر ئەسـتێرەی داوود. لـۆرا خـۆی ئـاوا بـیری کـردەوە. سـەفەرێکی سـەیر لە سەرەتای لە دایکبوونەوە بەرەو ئەو ئارامگا ئەبەدییە.

"خۆ ڕاگرتن بەرامبەر بەم مەسەلەیە بۆمن ئاسانترە لە مارگرێت و ئارتۆر. پتێر ئیدی لە نێوماندا نەماوە.من کارێکم لە دەست نایە. بەڵام ئەگەر ئەو زیندووبوایەو نەیویستایە کە من...." لۆرا بۆ ساتێك هەڵوەستەی کرد و درێژەی دایە:" بەڕاستی لەگەڵیدا هەڵناکرێ، بەڕاستی..."

"هەروەها بۆ ئەوانیش وایە، ئەوان زۆر حەز دەکەن تام ببینن، لۆرا."

"ئەو مرۆڤە داماوانە، زۆر باشە لە لایەن منەوە پێیان بڵێ کە دەرگای ئەم ماڵە بە روویاندا والآیە. ئیدی هیچ هۆیەك نییە کە ئەوان نەتوانن بێنە ئێرە.."

"حەزناکەی رای تامیش بزانی؟"

"نازانم، نازانم چی لەگەڵدا بکەم. ئەو بۆتە مرۆڤێکی سەیر بە دەگمەن قسەدەکات، ئێمە لە بێدەنگیدا نان دەخۆین.

دەزانم کە هاوڕێیەکی کچی هەیە یاخود سەردەمێك هەیبووە، جاری چاوی بەویش ناکەوێ، هەر لەگەڵ هیچ کەسدا دیدار ناکات. هەڵبەت دەزانم ماوەیەکی کەم بەسەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا تێپەڕیوەو ئێمە هەمووومان لە حەپەساین. ژیانی تام زۆر گۆڕاوە، بەڵام دیسانەوە من نیگەرانم. خۆزگە لێرە بوای و چاوت لێبوایە کە ئەو شەوەی باد کوژرا چۆن قسەی لەگەڵ قەشەدا دەکرد.

دەبوایە لەوێ بای تا لە مانای قسەکانی تێگەیشتایە. تۆقێنەر بوو."

راڵف گوتی:" قسەی لەم جۆرەم زۆر لێ بیستووە.."

"کارمەندی پۆستە نامەی هێناوە... تام ئەوەندە لە ناکاو هاتە ژوورێ کە بە دڵنیاییەوە گوێی لە دوایین قسەکانیان بووە. ئەو سەرێکی بۆ راڵف لەقاند و کەوتە بەرامبەر لۆراوە:

"بۆچی رەشبۆش نی؟"

"دنیا زۆر گەرمە تام. ناتوانم لەبەری بکەم."

"بەڵام بۆ من وانییە."

ئەو هێشتاش چاکەت و پانتۆڵی رەش لەبەردابوو و بۆینباخی رەشی بەستبوو. بە هەمان شێوەش نیگای تاریکی گرتە لۆراوە راڵف. هەستی مەترسی و پەشۆکاوی لۆرای داگرت.

"بۆ کوێ دەچی؟ ئـەو هـەروا کـە تـام بـەرەو لای دەرگـای دەرێ هـەنگاوی دەنـا ئەمـە پرسی:

"دەچمە دەرێ."

"جا خۆ تۆ تازە لە دەرێ را هاتوییەوە."

"دەمـەوێ کـەمێك پیاسـە بکـەم، نـاتوانم لـە ماڵێـدا بمینێمـەوە سـەیری ئـەو شـتانە بکەم کە سەردەمێك هی باوکم بوون. رەنگە وا باشتر بێت بچمە گۆڕستان. نازانم."

"پێم وانییە کە کارێکی دروست بێت."

ئێستا هەستی سۆز و بەزەیی، پەشۆکاوییەکەی لەنێو بردبوو:

"ئەوەندە خۆت نارەحەت مەکە، تام. باوکت وای پێت خۆش نییە."

"پێم وایە وای پێخۆش بێت، بەتایبـەتی کـەوا دێتـە بەرچـاو کەلـەم ماڵـەدا مـن تاکـە کەسێکم کـە بـۆی بـە پەرۆشـم، هـەروەها تیمـی. هەڵبـەت ئـەو هێشـتا منداڵـە، کەواتـە مەسەلەکە جیاوازە."

"بـەڵام ئەمـە دوورە لـە ویـژدان.تام. تـۆ نـابێ بـەو شـێوەیە قسـە لەگـەڵ منـدا بکەی..."

"مـن تـەنیا راسـتی دەڵـێم. تەنانـەت جـیم جۆنسـۆنیش هاوخـەمی زیـاتر دەردەبڕێت."

راڵـف خـۆی هاویشـتە نێـو قسـەکانییەوە و گـوتی:" بـەڵێ، بـە هـۆی کوکلـۆس کلانەکانەوە."

تام بە تونـدی وەڵامـی دایـەوە:" بـەهیچ جۆرێـك وانییە.مەبەسـتم ئـەو نامەیەیـە کـە بـەهۆی مردنـی باوکمـەوە بـۆی نـاردووم ئـەو هاوخـەمی خـۆی لەگەڵمـدا دەربڕیـوە. ئـەو هیچ پەیوەندییەکی بە کلانەوە نییەو تۆ باش ئەمە دەزانی..."

"نا، نازانم، بیروباوەڕەکانی ئەو تەنیا لاڕێیەکی زیرەکانەیە لە باوەڕەکانی کلان."

تام سووڕایەوەو گوتی:" ئەمە رای شەخسی تۆیە، میستەر مەکێنزی."

دەنگـی بـەرز و شـێوازی هەڵسـوکەوتی کـە چـەناگەی بـەرز راگرتبـوو و دەسـتی لـەناو گیرفـانی پانتۆڵەکـەی هاویشـتبوو، بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی کـە هـەر مرۆڤێکـی بـە تەمـەن تـووڕە بکـات. لـۆرا دیسـانەوە هەسـتی بـە شـەرم کـرد، لەبەرئـەوەی هەڵسـوکەوتی نالـەباری تـام بـە رەنگدانـەوەی خێـزان لـە قەڵـەم

دەدرا. دەمـــو چـــاوی رالْـــف ســـوور هەڵگـــەڕابوون، بـــە دڵنیاییـــەوە، تـــوڕە بوونەکەی زیاد دەکرد، بەڵام ئەو بە هێواشی وەڵامی دایەوە:

"حەزدەکـــەم ســـەبارەت بـــە جۆنســـۆن قســـەت لەگـــەڵ بکـــەم، ئایـــا قـــەت بـــیرت کردۆتـــەوە کـــە بـــۆ ئـــەوەی بـــەو جـــۆرە دەوڵەمەندانـــە ژیـــان بەســـەر ببـــات، ئـــەو پارانە لە کوێ بە دەست دەهێنێ؟"

"نـــا، بـــیرم نەکردۆتـــەوە، تـــۆش ئۆتـــۆمبێلێکی جـــوان و گرانبـــەهات لـــەبن دایـــە و پـــێم وایـــە زۆر ژیانـــت خۆشـــە. ئایـــا هـــیچ کـــەس لـــە تـــۆی پرســـیوە ئـــەو پارەیەت لە کوێ بەدەست هێناوە؟"

تـــام ئێســـتا هـــاواری دەکـــرد. لـــۆرا ئێســـتا لەبـــەر بـــێ ئـــەدەبی ئـــەو هەســـت بـــە تـــرس و نائومێـــدی دەکـــرد. ویســـتی شـــتێك بڵـــێ بـــەڵام رالْـــف بـــە ئاماژەیـــەك داوای بێدەنگی لێکرد:

"تکـــات لێدەکـــەم. بـــە پێچـــەوانەوە ئـــەو پرســـیارێکی بـــە جێـــی کـــردووە. تـــام، مـــن دەتـــوانم بـــە ئاســـانی وەڵامـــی بەدەســـتهێنانی هـــەر دۆلارێـــك بدەمـــەوە، لـــەو بارەیـــەوە زۆر خۆشـــحاڵ دەبم. مـــن پـــارێزەری دەکـــەم و بەڕێوەبەرایـــەتی بـــاجی داهـــات دەزانـــێ کـــوێ و کـــام نوســـینگە هەڵســـەنگێنێ. مـــن گومـــانم لـــەوەدا هەیـــە کـــە جۆنســـۆنیش وەهـــا بانگەشـــەیەك بکـــات. مـــن دەزانم کـــە ئـــەو دەســـتی یارمەتی هیچ وڵاتێکی عەرەبی رەت نەکردۆتەوە.

ئەوان بۆچوونە دژ بە جوولەکەی پەسەند دەکەن."

"مـــن لـــە کەمپـــەینی هەڵبژاردنـــدا بەشـــدار نـــیم، هەرچـــەندە ئەگـــەر بتـــوانم لەبەرژەوەنـــدی (جۆنســـۆن) دا چـــالاکی دەکـــەم. بـــەڵام ئـــەمڕۆ، رۆژێکـــی گونجـــاو نییە و حەزناکەم سەبارەت بە جیم جۆنسۆن قسەت لەگەڵدا بکەم."

"زۆر باشـــە تـــام، بـــۆ دانانیشـــی تـــاکو دەربـــارەی شـــتێکی دیکـــە قســـە بکەین."

" بـــا راســـتییەکەت پـــێ بڵـــێم بـــەڕێز مـــەکێنزی، مـــن حەزناکـــەم لەگـــەڵ تـــۆدا دەربارەی هیچ شتێك قسە بکەم.."

تام لە کاتێکدا کە راوەستا بوو بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.

"بـــەڵام ڕەنگـــە کـــەیفت بـــەم مەســـەلەیە بێـــت، کاتـــژمێرێك لەمەوبـــەر ئـــەو شوفێرەی کە ڕووداوی کوکلۆس کلانەکانی خۆڵقاند، ناسراو قۆڵبەست کرا."

لـــۆرا واقـــی وڕمـــا و لـــە چـــاوەکانی (تـــام) دا تشـــکێك درەوشـــایەوە، ئـــەو هاواریکرد:

"چ کەسێك، ئەو کێیە؟"

"کەســـێکی دەمـــارگیرو نائاســـایی وەکـــو کلانـــەکان، بـــەڵام لـــە خـــاڵی بەرامبەریانـــدا. بەهـــەرحاڵ جیاوازییـــەکی ئـــەتۆی نییـــە." تـــام ئـــەو قســـەیەی پشت گوێ خست و گوتی:" ناوی چییە؟"

مـــەکێنزی بـــە دوو دڵیـــەوە گـــوتی:" لـــە ڕۆژنامەکانـــدا ناوەکـــەی دەخوێنیێنـــەوە، تـــەنیا بـــیرم کـــردووە کـــە تـــۆ لـــەوەی کـــە بزانـــی بـــەم نزیکانـــە دادگایی دەکرێت، کەمێك سەبووریت دێت...

"کاتێك سەبوریم دێت کە ئەو بە هەڵواسراوی ببینم."

"ئەمـــە کارێـــك نییـــە کـــە لـــەم ڕۆژگـــارەدا لـــەم وڵاتـــەدا ئـــەنجام بـــدرێت. دادگایی دەکەن و ئەگەر بە تاوانبار لە قەڵەم درا، ئەوە سزای دەدەن."

تـــام گـــوتی:" نـــەفرەتیان لێبێـــت، خۆزگـــە دەســـتم دەیگەیشـــتێ. ئەوســـا بـــە دروستی سزا دەدرا. دەتەوێ بزانی چیم لێدەکرد؟"

"نا، بایەخ بەوە نادەم."

ئـــەم ڕووداوە بـــە کـــوێ دەگەیشـــت؟ نیگـــا پاڕانـــەوەکانی لـــۆرا لـــەوەوە بـــۆ ئـــەوی دیکـــە دەســـووڕا. ڕاڵـــف گـــوتی:" خۆزگـــە ڕێگـــەت پـــێ بدامایـــە کـــەمێك قســـەت لەگەڵـــدا بکـــەم، پـــێم وایـــە ئەگـــەر ئـــەو دەرفەتـــەت بـــۆ ڕەخســـاندبام، دەمتـــوانی یارمەتیت بدەم."

"مـــن پێویســـتم بـــە یارمـــەتی نییـــە. هـــیچ پێویســـتم بـــە ئاراســـتەی سیاســـی تـــۆ ئـــەو ڕێگەیـــە نییـــە کـــە نیشـــانم دەدەی. تاکـــە شـــتێك کـــە تـــۆ دەتـــەوێ ئەوەیـــە کـــە بـــە ئاســـانی مـــن بدەیـــە دەســـت ئـــەو کەســـانە. ئـــەوەش کـــە تـــۆ هـــاوڕێی ئـــەو جوولەکانـــەی مـــن دڵگـــران دەکـــات. پـــێم وایـــە هـــاوڕێی ڕەش پێستیشـــت هـــەبن، وانییە؟"

"جا ڕاست وایە، هەمە."

بێدەنگییەك بەرقەرار بوو و لۆرا هەستی كرد هەردووكیان لەو كەشو هەوایە خۆ لێبەدوور نەگیراوە بێزاران كە دروست بووە.

حەزدەكەن بە زووترین كات كۆتایی بەو رەوشە بێنن. یەكەمجار تام كاردانەوەی نواند،" زۆر باشە، پێم وایە تا ئێرە بەس بێت، من لە ماڵ دەردەچم."

ڕاڵف بە پێداگرییەوە گوتی:" بەڕاستی بە پەرۆشم كە باوكت لە دەست داوە. كاتێك منیش لە تەمەنی تۆدا بووم باوكم مرد، هەڵبەت مردنی ئەو بەم ناخۆشییە نەبوو، رەنگە كە كەمێك هێور بوویەوە بتوانین لە مبارەیەوە هەندێك قسە بكەین."

" نا دەرفەتم پێ بدە با فێڵ لە خۆمان نەكەین، من بۆ ئەدەبی هەڵدەبژێرم تا ئەوەی كە كردەوە و رەواڵەتم یەك نەكرێتەوە، میستەر مەكێنزی. من بە هیچ جۆرێك حەزناكەم لەگەڵ تۆدا باسی هیچ شتێك بكەم و تۆ دەتوانی ئەمە بە بنەماڵەی كڕافیلدیش رابگەیەنی...

لۆرا بە شێوەیەكی لە ناكاو بیری كردەوە، ئەو باش دەزانێ كە دەبێ بە هێواشی دەرگاكە پێوە بداتەوە. هەروەكو چۆن باد هەمیشە لەمە ئاگاداری دەكردەوە. باد رقی لەوە بوو بە قایمی دەرگا دابخرێتەوە.

ڕاڵف بە لۆرای گوت:" بەداخەوە، هاتمە ئێرە كە باری خەم و خەفەتت لەسەر سووك بكەم بەڵام لەبری ئەوە ئەو ئاژاوەیەم نایەوە."

"نا، تام وایە ئیدی، هیچیش لەگەڵ ناكرێ. ئەو بەر لە مردنی بادیش هەر وابوو، بەڵام كەمێك ئارامی دەكردەوە. ئەوان بەردەوام پێكەوە بوون. كێشەی تام بنەماڵەی كرافیلدە و بەس.."

"ئەوان وازناهێنن، لۆرا."

"دەزانم ئەوە پێوەندی خۆێنییە.چ نفرینێكی هەمیشەیی بێت و چ لوتفی خواوەند، بەڵام هەمیشە وەها پەیوەندییەك بوونی دەبێت، مەگەر كە هەردوو لا حەزیان لە بچڕاندنی بێت و بنەماڵەی كرافیلدیش وەها مەیلێكیان نییە. منیش ئەگەر لە جێی ئەوان بومایە كۆڵم نەدەدا.."

لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەگەر من لە شوێنی ئەوان بام......

ڕاڵــف بـــە لاقرتێـــوە گـــوتی:" ڕەنگـــە ئەگـــەر ئـــەوان جوولەکـــە نەبوونایـــە، تـــام هەستێکی جیاوازی دەبوو."

"دڵنیـــان کـــە جوولەکـــە یـــا هەرچـــی دیکـــە. ئـــەو حـــەزی لـــە بەجێهێشـــتنی ئـــەو ماڵـــە نـــەدەکرد. بـــەڵام ڕەنگـــە مـــەیلێکی زیـــاتری بـــۆ ناســـینیان لـــە خـــۆی نیشـــان بدایـــە. تـــەنیا لەبـــەر زانـــین. تـــەنیا لەبەرئـــەوەی لـــە پـــاش داچـــڵەکینی یەکـــەم باشـــتر بیان ناسیێت.."

ڕاڵــف گێـــژ دەهاتـــە بەرچـــاو، نێـــو چـــەوانی گـــرژ کـــرد و کەوتـــە بیرکردنـــەوەوە. پەنجـــەکانی لێـــك دەخشـــاندن، لێوەکـــانی بـــە زمـــان تـــەڕکرد ســـەرێکی لەقانـــد. دواجـــار گـــوتی:" بـــەڵام ئـــەوان بڕیاریـــان داوە کـــە زۆرتـــر چـــاویان بـــە تـــام بکـــەوێت، مـــن دەتـــوانم ئـــاو پێشـــبینی بکـــەم، دەتـــوانم بـــەڵێن بـــدەم کـــە جـــارێکی دی تەلـــەفۆن دەکەنـــەوەو نامـــە دەنێـــرن. ڕەنگـــە ڕۆژێـــك وەکـــو مـــن زەنگـــی دەرگـــای ماڵـــێ لێ بـــدەن و کاتێـــك ئـــەو کـــارە بکـــەن، دڵنیابـــە کـــە بـــۆ هـــیچ کامێکیـــان مایـــەی دڵخۆش نابێت.."

"بەڵام تام بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆ."

"کەواتـــە ئـــەوان ســـەر لـــەوێ دەدەن و ئەمـــە ئاســـانترە بۆیـــان، لەبەرئـــەوەی نزیکترە لەوێ..."

"ڕەنگـــە وا باشـــتر بێـــت ئێمـــە بچـــینە پاتـــا گونیـــا... لـــۆرا بـــە تـــاڵی ئـــەم رســـتەیەی دەربـــڕی. ڕاڵـــف وەڵامـــی دایـــەوە:" نـــا..." پاشـــان بیرمەندانـــە درێـــژەی پێـــدا:" پـــێم وایـــە دەبـــێ ئێـــوە ســـەردانێکی دیکـــەش تاقیبکەنـــەوە. ئـــەمجارەیان لێرە. تۆ پێشتر گوتت کە دەرگای ئەم ماڵە بەڕوویاندا والآیە."

" مـــن بـــە بـــێ بیرکردنـــەوە ئـــەو قســـەیەم کـــرد. باوەڕناکـــەی کـــە تـــامیش بەخێرهاتنیان بکات، بڕوا دەکەی؟"

"نـــا، بـــەڵام تـــام گـــەنجێکی لۆژیکییـــەوە تـــۆ دەتـــوانی تێـــی بگەیـــەنی کـــە دیـــداری پێشـــوەخت دیـــاریکراو زیـــاتر جێگـــەی ڕەزامەندییـــە لـــە ســـەرگرانکردنی ناوەخـــت پـــێم وایـــە ئـــەو بـــۆ خـــۆی باشـــتر ئەمـــە بزانێـــت. ئـــەو دەتـــوانێ زۆر لەســـەر خـــۆ بـــۆ خـــۆی بـــە ئەدەبـــەوە دانیشـــێت، زۆر ســـاردو بـــێ دەربەســـت. بـــەڵام

کارەساتێکی تێدا بەدی ناکەم. بوونی هولیش یارمەتی دەر دەبێت، ڕەنگە ئاراستەی بیرکردنەوەی بگۆڕێ.."

لۆرا بە گومانەوە قسەکەی پشت ڕاست کردەوە کە دیدارێك بایەخی تاقیکردنەوەی هەیە. ڕاڵف لە کاتێکدا کە سەری دەلەقاند گوتی:" ئەگەریش کارەساتێك ڕووبدات. ڕەنگە ئەوسا ئیدی ئەوان کۆڵ بدەن. لانی کەم بۆ ماوەیەك، بەڵام بەڕاستی مارگرێت شیاوی بەزەییە."

لۆرا بە حاڵەتێکی گێژییەوە، کۆڵە مشتە بچووکەکانی لە هەوادا ڕاوەشاندو گوتی:" ئەگەر دەستم دەگەیشتە ئەو کەسەی کە ئەم منداڵانەی گۆڕی من..."

پاشان کەوتە یادی شتێکەوە:" زۆر باشە، بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە بانگهێشتیان دەکەم. تۆش دێی؟"

ڕاڵف لە جێی خۆی هەستابوو و ئامادەی چونە دەرەوە بوو:" نا لۆرا، من وای بەباش دەزانم کە لە دەرەوەی ئەم مەسەلەیە بم. من و تام وەکو ڕۆن و ئاو واین تێکەڵ بە یەکتری نابین، هەروەکو ئێستا بینیت، بۆ هەردووکمان وا باشترە من دووربم لەم مەسەلەیە، سەرکەوتووبی."

لۆرا دەرگای پێشەوەی کردەوە، مەکێنزی لە کاتێکدا کە زەردەی لەسەر لێوان بوو، سوڕایەوە و لە قادرمەکان چووە خوارێ.

لۆرا بە دوورکەوتنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی ئەوی بینی کە لە ئاراستەی گەراج چووە خوارێ و لەشەقامی سەرەکیدا سوڕایەوە، ئەو گەرەکی بوو کە لەو مەسەلەیە دووربێت، بۆ هەتا هەتایە؟

ئایا بەڕاستی وابوو؟ بە نائومێدییەوە هەستی کرد کە ئەوی لە دەست داوە، بەڵام بیری لە دەستدانی سەیربوو. تۆ ناتوانی ئەو شتە لە دەست بدەی کە هیچکات خاوەنی نەبووی.

وەکو ئەو کەلوپەلەی کە لە پشت جامخانەی دوکان بوو، نەشتێك زیاتر. تۆ دەستخۆشیت لێدەکرد، بە تاسەوە خوازیاری بووی و دەتزانی کە ئەو خواستەی تۆ هەڵەیە.

دەتزانی کە بیرێکی گەمژانەت کەوتۆتە سەرەوە، کەواتە بەبەردەمیدا تێپەڕیبای بەڵام بەهەرحاڵ لۆرا بەهۆی لە دەست دانییەوە هەستی بە کەسەر کرد. ماوەیەکی کەم دوای ئەوە تام گەڕایەوە ماڵێ. بەهۆی پۆشینی بەرگی رەش و بۆینباخی رەشەوە لە ئارەقدا شەڵاڵ ببوو.

"ئاخری رۆیشت؟ وام زانی دەیەوێ ماڵەکەی بگوازێتەوە بۆ ئێرە."

"تام، بەو شێوەیە قسە مەکە! تۆ ئازارم دەدەی. لە ئازاردانی من چیت دەست دەکەوێ، جگە لەوەی کە چێژ لە زیادبوونی کەسەری ئێمە وەربگری."

"ئەو ئەم ئامانجەی هەیە، ئەو کابرایە، ئاگام لێبوو چۆن سەیری دەکردی.."

"ئەمە بوختانێکی چەپەڵە. هێشتا حەوتوویەك بەسەر بە خاکسپاردنی باوکتدا تێنەپەڕیوە، تۆش بەڕاستی وای بۆ دەچی کە پیاوێکی وا گران و سەنگین بەو مەبەستە بێتە ئەم ماڵە، تەنانەت ئەگەریش من حەزی لێبکەم."

لۆرا بە حاڵەتێکی کلێپەسەندەوە درێژەی پێدا:

"کەحەزی لێناکەم."

تام بە ددان لە جیڕەوە بردنەوە گوتی:" زۆر باشە، هیوادارم کە حەزت نەچوبێتە سەری."

"من تەنیا دەمەوێ ئێوە خۆشحاڵ ببینم، تۆ و تیمی.."

"کەواتە ئەو مرۆڤە سەرگران کەرانە لێرە دووربخەوە، دایە. مەکێنزی و بنەماڵەی کرافیلد، ئەوان لێرە بە دوور بگرە."

لۆرا ئێستا کەوتبووە پاڕانەوە:" چۆن دەتوانم ئەو کارە بکەم؟ تۆ دەزانی کە ناتوانم. ئەگەر ئەوان بیانەوێ پێوەندیت پێوە بکەن، دەیکەن. بۆیە بیرم کردەوە کە رەنگە وا باش بێت کە بۆ قسە لەسەر کردنی زیاتر رۆژی یەکشەممەی داهاتوو بانگهێشتی ئێرەیان بکەم..."

"نا، دایە... " ئەم هاوارە تا رادەیەك شێتانە بوو:

" نا، من نامەوێ ئەوان بێن بۆ ئێرە، نا دایە."

لــۆرا گــوتی:" خوایــە گیــان، خوایــە یارمــەتیم بــدە." پاشــان بــە لەســەرخۆیی درێــژەی دایــە:" ئــەوان دایکــو بــاوکی تــۆن ئازیزەکــەم. جــا خۆشــت بــوێن یــان رقــت لێیان بێت." بۆ جارێکی دیکە شێتانە و بە بەرزی قیژاندی:

"نــا، مــن نامــەوێ گــوێم لــەو قســانە بێــت. قــەت شــتی وا مــەڵێ، نــا... تــام لــــە ژووریٚ رایکـــردە دەرێ. لـــۆرا گـــوێی لـــە هـــەنگاوەکانی بـــوو کـــە بـــە قادرمەکانــدا ســەردەکەوت و پاشــان دەنگــی دەرگــای ژووری نوســتن کــە بــە قــایمی داخرا. ئەو دووبارە گوتی:" خوایە، یارمەتیم بدە.."

کۆتایی بەشی چواردەهەم.

"بەشی پازدەهەم"

مارگرێــت تەلەفۆنەکــەی لــە شــوێنی خــۆی دانایــەوە و دووبــارە گەڕایــەوە بــەرەو مێزەکــە، ئــەو شــوێنەی کــە لەگــەڵ ئــارتۆردا خــەریکی قــاوە خواردنــەوەی پاش نان خواردن بوون.

"بڕیــــاری چــــاوپێکەوتنی بــــۆ رۆژی یەکشــــەممە دیــــاری کــــرد. ئــــەو داوای لێکــردووین کــە بــۆ خــواردنی نــانی نیــوەڕۆ، کاتــژمێرێکی دوای نیــوەڕۆ بچــینە دەرێ. زۆر پێــداگری کــرد بــۆ نــان خــواردن، هەرچــەندە پــێم گــوت کــە بۆنــان خواردن سەرتان گران ناکەین.

ئــەو ژنــە لێقــەوماوە. ئێســتا مێردەکــەی هــەر جــۆرە مرۆڤێــك بووبێــت، مێــردی بــووە ئیــدی. هــەڵکردن لەگــەڵ مــەرگێکی وا تۆقێنــەردا زۆر ئەســتەمە. تــەواوی ئــەو دیمەنــە تۆقێنەرانــە لــە نێــو چــاپەمەنییەکاندا و ئــەو ئابڕوچــوونە زاڵمانەیە.."

"ئــەو نیگــەرانی بازرگانییەکــەی بنەماڵەکەشــیانە، راڵــف پێــی گــوتم. وەکــو بــاس دەکــەن ئــەو پێــی گوتــووە بیفرۆشــن. ئــەو کومپانیــام لــە بــیرە کۆمپانیایەکی زۆر باشە، بەڵام ئێستا کەساد بووە، بەهەرحاڵ دیارنییە

کەچی دێتە پێش."

ئــارتۆر لــە کاتێکــدا کــە فنجانەکــەی لــە لێــوی نزیــك دەکــردەوە، لــە پەنجــەرەوە ســەیری دەرێــی کــرد. دنیــا خــەریك بــوو تاریــك دادەهــات. ئــەو بــەم

دواییانــــه بــــه زۆری خــــۆی دەدەیــــت کــــه نــــوقمی بێــــدەنگی بــــووه و لــــه خــــاڵێکی نادیار رادەمێنێ.

"تام له دۆخێکی رۆحی نالەباردا بەسەر دەبات، رالْف پێی گوتم.."

"دەزانم... ئــــارتۆر ئــــاوڕی دایــــەوه تــــاکو ســــەیری چــــاوەکانی مارگرێــــت بکات. دوو جووته چاو به هاوخەمییەکی ئاشکراوه له یەکتری رامان.

"ئــەو لــه هــەموو لایەکــەوه کەوتۆتــه بــەر پــەلامارەوه گــرنگ نییــه کــەنکۆڵی لــەوه دەکــات، بــەلام بەهــەرحاڵ لــەوەی کــه بــۆی دەرکــەوتووه رایســیش کوکلــۆس کلان بووه، دەبێ زۆر داچڵەکیبێت."

"پێت وایه بەڕاستی لۆرا لەو مەسەلەیه بێ ئاگابووه؟"

" رالْف دەڵێ که ئەو هیچی نەزانیوه."

"دیــــاه رالْــــف زۆرشــــت دەربــــارەی وی دەزانــــێ، ســــەرەڕای ئــــەوەی کــــه ماوەیــەکی کــەم بەســەر ناســیاوەتیاندا تێپــەڕیوه، ئایــا پێــت وایــه کــه شــتێك لــه نێوانیانــدا روویــداوه؟ ئــەو ئــافرەتێکی دڵڕفێنــه. مــن زۆرم پــێ جوانــه، ئــەی تــۆ چی؟"

ئــارتۆر زەردێکــی هــاتێ و گــوتی:" بــەڵێ، بــەلام گــرەو دەکــەم کــه هــیچ کــەین و بــەینێکیان لــه نێوانــدا نییــه. رالْــف کەســێك نییــه کــه بیــەوێ شانســی ســەرکەوتنی خــۆی بــه هــۆی هــەبوونی پێوەنــدی لەگــەڵ ئــافرەتێکی خــاوەن مێــرد لەناو ببات."

"بەلام خۆ ئیدی ئەو مێردی نییه."

"خــوای گــەوره، ئایــا ئێمــه تــاکو ئێســتا بــه ئەنــدازەی پێویســت ســەبارەت بــه ژیــانی پــڕ لــه رووداوی رالْــف خــەیاڵ پلاویمــان نــەکردووه؟ ئێســتا خــەمی یەکشــەممە بخــۆ. ئایــا دایکــو باوکیشــت بانگهێشــت کــراون؟ " بەهاتنــه ژوورەوەی هولی، ئارتۆر یەکسەر باسەکەی گۆڕی.

مارگرێــت وەلامــی دایــەوه:" نــا، ئــەمجارەیان نــا، بــا دووبــاره تــام گــەمارۆ نــەدەین. مــن خــەریکی بیرکردنــەوه بــووم کــه رەنگــه ئــەوه هەڵــەی ئێمــه بووبێــت. دیــاره زۆر بــۆی کــارێکی ئەســتەم بــووه کــه رووبــەڕووی کۆمــەڵێك ببێتــەوه کــه رێزیان بەستووه.

باوکیشم ئەوەندە هەستیارانە مامەڵەی کرد. ئەو سێ کەسەمان بەسبن."

هولی پرسیاری کرد:" بۆچی بەسبن؟ کاتێکیش کە مارگرێت بۆی روون کردەوە، شەویلەی خوار بوو:" خۆ چاوەڕێی ئەوە ناکەن منیش لەگەڵتان بێم، وانییە؟"

ئارتۆر بە ئارامی گوتی:" بەڵێ، با. بۆچی نەبێت؟"

"لەبەرئەوەی حەزناکەم بێم. چونکە تام مرۆڤێکی زۆر رق بزوێنە. بابە، ئەگەر لە من دەپرسی هەرکەسێك کە منداڵەکانی ئالۆگۆڕ پێکرد، چاکەیەکی زۆری لەگەڵ ئێمەدا کردووە. کاتێك بیر لە پتێر دەکەمەوە و پاشان دەربارەی ئەو تامە داماوە، بەڕاستی سوپاسی خوا دەکەم.

ئارتۆر گوتی:" تۆ بەو قسانەت هیچ یارمەتییەکی ئێمە نادەی."

"من هەوڵم دا بەسۆز بم لەگەڵیدا، تەنانەت لەگەڵ هەموو ئەو شتە تۆقێنەرانەی کە لە بارەیەوە دەمزانین. سەگەکەم پێ نیشان دا.

هەوڵم دا لەگەڵیدا بەشداری گفتوگۆ بکەم، بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێك نەهاتە پێش. من بە بۆچوونی بەڕێزیان چۆلەکەیەکم، وای بۆ دەچم."

مارگرێت بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و بەسەر کۆنەوە گوتی:" ئەم قسەیە مەکە، هولی، راکێشانی بۆ خۆشویستن و تێکەڵاوی کاتێکی زۆری دەوێ، هەر ئەوەندە."

"ئێوە فێڵ لە خۆتان دەکەن، دایە. دەروونی وی پڕە لە قین. ئەو رۆژەی کە لە پشت مێزی نانخواردن دانیشتبوو، دیتم کە بە چ شێوەیەك تەماشای جێی مۆمە پیرۆزەکانمان دەکات.

واتەدەزانی کە ئەو سەیری بۆمبێکی دانراوی کاتی یاخود مارێکی زەنگۆڵەدار دەکات.."

مارگرێت گوتی:" نا، تۆ وڕێنە دەکەی. هەوڵ بدە خۆت بخەیە شوێنی ئەو و ئێستاش رووداوی مردنی تۆقێنەری میستەر رایس."

هـولی دانیشـت و ئانیشـکی لەسـەر مێزەکـە دانـا. چـەناگەی خسـتە نێـو دەسـتەکانییەوە و بـە ئەدەبـەوە بـە دایکـی گـوت:" مـن هـەولّی خـۆم داوە، بـەلاّم تکاتـان لێدەکـەم لـەم چـاوپێکەوتنەم ببـوورن. لـەبری ئـەوە بـیر لـە پتێـر بکەنـەوە، ئەگـەر ئـەو هێشـتاش زینـدوو بوایـە. پێتـان وایـە چـۆن هەڵسـوکەوتتان دەکرد؟"

مارگرێـت بـە پەرێشـانییەوە سـەری لەقانـد:" نـاتوانم وەلاّمـی ئـەم پرسـیارەی تـۆ بدەمـەوە. هەریـەکێك لـە ئێمـە خـاوەنی کەسـایەتییەکی سـەیر و ئـالۆزبن. تەنانـەت نـاتوانم بـە تـۆش بڵـێم کـە لـە دۆخێکـی تـازەی دیکـەدا چ هەڵسوکەوتێك نیشان دەدەم."

هـولی بـیری کـردەوە، رەواڵـەتی وی چـەند بـە تەمـەن بـووە. چـەند رۆژێکـە قـژەکانی نارِازێنێتـەوە. زۆر ماندووپەرێشـان و هۆیەکەشـی. ئـەو تامـە نەفرەتلێکراوەیـە. بەرلـەوەی روداوێکـی ئـاوا رووبـدات. ئـەو هـەر وەکـو کچـە عازەبێـك دەهاتـە بەرچـاو. خـەڵك دەیـانگوت کـە وەکـو جووتـە خوشـکین و ئەوسـا لـەو قسـەیە توشـی هەڵچـوون دەبـووم. بـەلاّم ئێسـتا ئـاوات دەخـوازم کـە خەڵك دیسانەوە وا بڵێنەوە.

ئارتۆر لـە کاتێکـدا کـە لـە دەرەوەی رامـابوو، بـێ ئـەوەی ئاوڕبداتـەوە، دەسـتی کـرد بە قسـەکردن:" ئەمـە قۆنـاغێکی لاوێتییـە، هـولی. تـۆ لـە دوایـین قەیرانـدا کاتێـك کـە پتێر لـە نەخۆشـخانەبوو، خـۆت زۆر بـە بـەهێز نیشـان دەدا و کـاتێکیش کـە ئـەومان لـە دەست دا، تۆ بوویە مایەی ئاسوودەیی ئێمە.

پێم وایە تاکو ئێستا بـۆت دەرکـەتووە کـە چـەندە لـە دڵـەکانی ئێمـەدا مایـەی ئـاوات بووی و هەی...

شـەپۆلێکی خـەم و پـەژارە هـولی لـە خـۆگرت. ئـەو لـەم چـەند مانگـەی دواییـدا هەمیشـە مـاوی بـوو. وەکـو ئـەوەی کـە چارەنووسـێکی شـووم دەیویسـت بـیرەوەری ئـەو سـاڵە خۆشـانەی سـەردەمی منـداڵی لـە هزریـدا رەش بکاتـەوە. وەکـو ئـەوەی کـە لـە هەوڵی ئەوەدا بوو شتێکی فێربکات.

ئایـا ئەمـە دەلـوا؟ بـاوکی ئێسـتاش رووی لـە پەنجـەرە دەرنەسـوڕاندبوو. ئـەو لـەوێ چی دەدیت؟

ڕەنگە روخسارێکی تووڕە و شەڕانی کە کوڕەکەی خۆی بوو. بە دڵنیاییەوە باوکی دەزانێ. هولی بەم شێوەیە بیری کردەوە، لەبەرئەوەی ئەو هەم بیرمەندە هەم واقیعبین. ئەوەی کە جگە لە رق و کینە هیچ شتێکی دیکە لەو کوڕە چاوەڕوان ناکرێت. لە پڕێکدا ئارتۆر خۆی بەرەو ژوورەکە سووڕاند. چاوی کە یەکسەر لە فرمێسك یاخود پێکەنین تەڕدەبوون، ئەمجارەیان وشك و بێ بەزەیی بوون.

"ئێمە جارێکی دیکەش تاقی دەیکەنەوە، مارگرێت. ئەگەریش هەوڵەکانمان بێ ئاکام بوون، زۆر باشە، وای دادەنێین کە مردنێکی دیکە لە خێزانەکەماندا روویداوە. جگە لەوەش ئێمە ناتوانین لەمەزیاتر سەرگرانی بۆ لۆرا دروست بکەین.

ئەو زۆری ڕەنج کێشاوە... ئارتۆر نوشتایەوە و گۆنای ژنەکەی ماچ کرد.

"هولی تۆش، سەبارەت بە رۆژی یەکشەممە هەر جۆرێك کە پێت خۆشە وابکە. ئێمە ناچار بە کارێکت ناکەین."

هولی بە ئارامی وەڵامی دایەوە: ( باوکە، دایکە، منیش لەگەڵتاندا دێم.)

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

لۆرا تا رۆژی هەینی بۆ ئەم دیدارە دژوارە چاوەڕێی کرد. ئەو راگەیاندنی ئەم هەواڵەی بە ئەنقەست دواخست، لەبەرئەوەی ئەو حەزی نەدەکرد لەگەڵ تەقینەوەیەکی تری رقدا رووبەڕوو ببێتەوە.. لە کاتی دەمەقاڵێکەی لەگەڵ راڵف مەکێنزی دا گۆڕانێکی کەم لە ماڵەکەدا روویدابوو. جگە لەوەش تام ئیدی وازی لە رەشپۆشی هێنابوو و تیمیش سەر لە نوێ بەهۆی کۆخەوە ئازاری دەچەشت. شەپۆلی گەرما کە گوڕوتینێکی دیکەی گرتبوو، چونە دەرەوەی بۆ مەترسیدار دەکرد بۆیە بەناچاری تیمی خۆی بە کتێب خوێندنەوە و سەیرکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان دەخافڵاند. بەڵام ئەویش نوقمی بێدەنگییەکی تۆقێنەر ببوو. بێدەنگییەك کە وەکو تام دوژمنکارانە نەبوو، بەڵام لە جۆری شەیدای (مالیفولیا) بوو.

جدی و توند و تیژ، ئەو تەنانەت بەشداری باس و خواسەکانیش نەدەکرد. لۆرا هیچ نەیدەزانی کە تیمی کوڕی چۆن دەربارەی باد بیردەکاتەوە، جگە لەوەی کە بەهۆی مردنی بادەوە خەمبارە.

ئـــەوان تـــازە لـــە خـــواردنی نـــانی ئێـــواریّ ببوونـــەوە کـــە لـــۆرا بانگهێشـــت کردنـــی بنەماڵـــەی کرافیلـــدی هێنایـــە پـــێش. تـــام بـــە تووڕەییـــەکی ئـــەوتۆ کورســـییەکەی راکێشـــایە دواوە کە مێزەکەی لەراند.

هاواریکرد:" دیسانەوە سەروگوێلاکی ئەو مرۆڤانە پەیدا بۆوە!"

لـــۆرا هەناســـەیەکی قـــوڵی هەڵکێشـــا بـــۆ ئـــەوەی بـــەهێز بێـــت و درێـــژە بـــە قســـەکەی بدات:" تام، من هەستی تـــۆ دەرك دەکـــەم، بـــڕوات هـــەبیّ دەرکـــی دەکـــەم، بـــەڵام گـــوێم بـــۆ بگـــرە، ئەمـــە راســـتییەو مـــن پێشـــتر بـــەتۆم گوتـــوون کـــە ئەگـــەر دیـــدارێك ســـاز نـــەدەین، ئـــەوان بـــە هـــەرحاڵ دەســـتیان دەگاتـــە تـــۆ، ئایـــا وات پـــێ باشـــترە کـــە رۆژێـــك لەبـــەردەم کۆلێـــژدا لەبـــەردەمی هاوڕێکانـــت بەســـەرتدا  بـــدەن یـــاخود لـــە دیـــدارێکی بـــێ قـــڕەو لـــە ماڵی خۆمان دڵخۆشیان بکەی؟"

دەموچاوی تام گـەرم داهـاتبوو و ئەمـە تـەنیا رق نـەبوو، لـۆرا بینـی کـە ئـەو چـەندە ترساوە.

:" دە پێم بڵێ ئەگەر هەڵبژاردن بدرێتە دەست تۆ کامیان لەبارترە؟"

"خوایە گیان، ئایا باقی تەمەنم بەم شێوەیە بە سەردەچێت؟"

"لێگەڕێ بـا ئـەم هـەنگاوەش بنـێین، تـام. ئەمـە کـارێکی دژوارە کـە مـن دەیکـەم.. نەشـیتوانی خـۆی لـە دەربڕینـی ئـەم رسـتەیە بـە دووربگرێـت:" دیتنـی ئـەو خەڵکـە بـۆ منیش بە ئازارە، خۆ تۆ بۆ خۆت باشتر دەزانی.."

سێبەرێك لە خۆ بەدەستەوە دانـی بێگوناهانـە لـە روخسـاری تامـدا بەدیارکـەوت کـە هێلە تێك چڕژاوەکانی کەمێك کردنەوە:

"زۆر باشە، من لێـرە بـەبێ بچـووکترین قسـە دادەنیشـم. ئەگـەر ئەمـە ئـەو شـتەبێت کە هەڵکردن لەگەڵ گرفتەکاندا بۆ تـۆ ئاسـان دەکـات، دایکـە. بـەڵام مـن نـاتوانم قسـەیان لەگەڵدا بکەم، لە ئێستاوە ئاگـادارت دەکەمـەوە، مـن لـە کاتێکـدا کـە رقـم لێیانـە لێـرە دادەنیشم و بایەخیش بەوە نادەم کە ئەوان لەو بابەتە تێبگەن."

لۆرا گوتی:" ئەوان پێشتر هەموو شتێك دەزانن."

خواردنی نانی نیـوەڕۆ لـە مـاڵی کرافیلـددا لـە رادەبـەدەر فرەجـۆر بـوو، لـۆرا ئەمـەی لە یادبوو، بەڵام بە پێویستی نـەدەزانی کـە ئـەویش وەکـو ئـەوان بکـات. لەبەرئـەوەی کـە کێبڕکێیەك لە ئارادا نەبوو. هەرئەوەندە بەس بـوو کـە کـەمێك پـتر لـەوەی کـە بـۆ هـاوڕێ

کۆنەکانی سازدەکرد، زیاتر زەحمەت بکێشێ بەهەر حاڵ ئەو دەیتوانی هۆی بە چێشت لێنانەوە بخافڵێنێ و بە شێوەیەکی کاتی زەینی خۆی لەسەر ئەو بابەتە ئاڵۆزانە لاببات کە شەو و رۆژ ئازاریان دەدا. بتی لی پێشنیاری کردبوو کە لە رۆژی یەکشەممە بۆ یارمەتی دانی بێتە ئەوێ.

" وا هەست دەکەم کە میوانی گرنگت هەیە، بەلام لە مبارەیەوە داوای هاوکاریت لە من نەکردووە. گوێ بگرە من دەتوانم چەند کاتژمێرێك لە کاتی رۆژی یەکشەممەم بۆ تۆ تەرخان بکەم.

لەگەڵ هەموو ئەو گرفتانەی کە تۆ ئێستا لەگەڵیاندا رووبەڕووی ئەمە پێشنیارێکی باشە.." بەلام لۆرا زۆر بە ئەدەبەوە و وێرای سوپاس و پێزانینی، ئەو لوتفەی وی رەتکردەوە. دژواربوو کە بیربکەیتەوە کە بتی لی وێڕای ئەوەی کە لە منداڵییەوە تامی لە باوەشی خۆیدا گەورە کردبوو، هێشتاش سەبارەت بەو نهێنییە تۆقێنەرەی ئەو هیچ شتێك نازانێ. بەلام تەنانەت تیمیش بە شێوەیەکی هیوابڕاوانە دەیویست کە ئەم نهێنییە هەر ئاوا بە داپۆشراوی بمێنێتەوە. بۆیە لۆرا بە چەند قۆناغێك، خۆی بۆ میوانداری کردنیان ئامادەکرد.

لە رۆژی هەینی دا مرەبای شاتوی خستە نێو فرێزەرەوە.

لە رۆژی شەممەدا کەرەستەی پێویستی بۆ ئامادەکردنی مریشکی برژاو ئامادەکردو هەروەها پودینگی[20] دروست کرد کە تام حەزی لێدەکرد. تەنیا کارێك کە بۆ رۆژی یەکشەممە مابۆوە. دروستکردنی زەلاتەو بسکویتی گەرم بوو. ئەو بۆ ئامادەکردنی ئەم خواردنانە هێندە خۆی زەحمەت نەدا.

هیچ شەماڵێکی ئاسوودەبەخش هەڵی نەدەکرد تا هەوا گۆڕکێ بۆ ئەو ماڵە ماتەم دارە دروست بکات و لە راستیدا بەر لە مردنی بادیش وەها کەشوهەوایەکی کەسەراوی هەبوو.

لۆرا کارەکانی لە ماوەی چەند کاتژمێرێك و لەبێدەنگیدا بەڕێوەبرد. تەنیا دەنگی خوڕە خوڕی باران کە دوو رۆژ بوو بێ پسانەوە دەباری و بێدەنگی خەماوی ئەو ماڵەی دەشکاند. تام پەنای بردبووە بەر ژوورەکەی خۆی، دەیخوێندەوەو گوێی بۆ

---

٢٠- جۆرە شیرنەمەنییەکە بە شیرو شەکرو هێلکە و ئارد دروست دەکرێت "وەرگێر"

مۆسیقا رادەگرت. داماوە ئەوەندەی کتێبی دەروونناسی خوێندبۆوە تا بتوانێ دەستنیشانی نەخۆشییەکەی خۆی بکات: خەمۆکی، کینییەك کە بۆ دەرون گوازرابۆوە. لەپاش بەرکەوتنێکی رۆحی سەخت داچڵەکێنەر دەمارە مێشکییەکانی زۆر بێ هێز ببوون و ئێستا کینەی وی هیچ رێگایەکی دیکەی نەبوو جگە لەوەی بگوازرێتەوە بۆ دەروونی.

ئەو وەکو بەندکراوێك لە پەنجەرە میلە ئامشییەکەی ژێر زەویەکدا لە دیوارە تۆقێنەرەکەی بەرامبەر رامابوو. وای هەست دەکرد کە بە تەڵەوە بووە. دایکی ئەوی لە کاتی لاوازیدا تووش کردبوو. شەپۆلێك لە هەستی دڵسۆزی و بەزەیی پێداهاتنەوە، دەروونی ئاخنی بوو و ئێستاش یەکشەممەیەکی تۆقێنەری دیکە لە پێش بوو. پاشان لە رۆژی شەممەدا، رۆبی تەلەفۆنی کرد. تام هاواریکرد:

"بەخوا موعجیزەیەکی سەیر! چۆن زانیت کە من بە درێژایی رۆژ جگە لە تۆ بیرم لە کەسی دیکە نەدەکردەوە، لەو کاتەوەی کە چاوم هەڵێناو بیرم لە تۆ دەکردەوە، رۆبی سوێند دەخۆم."

"چۆن دەمزانی؟" مەزەندە بکە. تۆ بە درێژایی رۆژ لە بیری مندابووی، چونکە من تا رادەی مەرگ نیگەرانی تۆم.

ئەمە بۆتە ئازارێکی جەستەیی. دەتوانم لە دڵمدا هەستی پێ بکەم. بە دڵنیاییەوە بۆ تۆ زۆر تۆقێنەر بووە."

"لە رادەبەدەر خراپ."

"بەڵام دەزانم کە رۆحی باوکیشت شاردەبێت ئەگەر تۆ بە زووترین کات بگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی."

"قسەکەت راستە." تام بیری کردەوە: دەبێ لە لای تۆبم تاکو گرێی دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە. رۆبی بە گوشارییەوە گوتی:" هەڵی بێنە کەچی روویداوە. من دوێنی بەیانی خولەکەی خۆمم تەواو کردووەو ئێستاش گەڕاومەتەوە کۆلێژەکەمان، ژوورێکی تازەم گرتووە، شازە، کەی دێی بۆ ئێرە؟ ئەمڕۆ یان بەیانی؟"

گەڕانەوە بۆ گۆلێژ، ئەو بە کردەوە بڕیاری دیدارە شوومەکەی لەبیرکردبوون خوایە گیان، یەکشەممە:

"ڕۆبی زۆر حەز دەکەم بێمە لات، بەڵام جارێ بابزانم داخۆ تا چەند ڕۆژی داهاتوو بارودۆخی ئێرە چۆن بەڕێوەدەچێت. دایکی من...

"بەڵێ، بەڵێ، دایکی داماوی تۆ، زۆر باشە من لێرەم، هەر کاتێك کە بە گونجاوت زانی، بە تەلەفۆن هاتنەکەتم پێ ڕابگەیەنە."

ئەوان پێکەوە قسەیان کرد و زیاتر قسەیان کرد، تام زیاتر هەستی بە ڕق و کینە دەکرد. ئەو دەبوایە بە هۆی دیدارێکی ئازاربەخشەوە لەگەڵ ئەو مرۆڤە سەرگران کەرونالەبارانەدا، بینینی ڕۆبی پشت گوێ بخات. ئیدی هیچ قسەیەك نەمابوو، کاتێك تەلەفۆنەکە دانایەوە، لەسەر زگ ڕاکشاو بەدەست لەسەرینەکەی ڕاکێشا.

ڕۆژی یەکشەممە ماڵ زۆر ئارام بوو. لۆرا بەدەم بەرگ پۆشینەوە، هەوڵیدا سەیری دۆڵابەکەی باد بکات، کە هێشتاش جلەکانی بەوێدا هەڵواسرابوون. دەبوایە کەسێك جلەکانی باد جیابکاتەوەو لە ماڵێیان بباتە دەر. لە ڕاستیدا دەبوایە لۆرا ئەو کارە بکات. باد رایس، پیاوێك کە کەیفی بە سیاسەت نەدەهات! بە شێوازێکی زۆر نهێنی و فێڵبازانەوە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا تامی ئامادەکردبوو تاکو شوێنی بگرێتەوە. تەواوی ئەو ڕووداوانە. لۆرا بیری کردەوە..

مۆریانەکان ورد ورد دەیجون تا ئەو کاتەی پایەکان ماڵێ دادەڕوخێن. ئۆهو، ئەو هەستی بە ڕق و بێزاری دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەیدەتوانی سەیری جلەکانی باد بکات. ئەو کە هێندە ئەشرافیانە لەبەری دەکردن. ئەو کە ئێستا بۆ هەتا هەتایە لە ژێر خاکی سارددا خەوتبوو ئێمەی مرۆڤ چ بوونەوەرێکی ئاڵۆزین.

کار لە ژووری چێشت لێناندا کاتژمێر نۆ تەواو ببوو و مێزەکە ڕازاێنرابۆوە. لۆرا چووە نێو خەیاڵەکە تا هەندێك گوڵ بچێنێت بۆ خستنە نێو گوڵدانەوە. خۆر بەبێ بەزەییەکی تەواوەوە تیشکی خۆی دەپرژاند. پلەی گەرما هەر لەم بەیانییە زووەدا بەرزبوو و تاکو نیوەڕۆش هەروەکو دیارە بەرزتر دەبۆوە. ڕەنگە بگاتە چل پلەی سەدی. تیمی هاتە نێو باخ و ویستی یارمەتی بدات. چەند کوڕێکی باش بوو. لایەنگرێکی ئاشتی، سەرەڕای ئەوەی کە هەستی بە نیگەرانییە پێکناکۆك دەکرد بەرامبەر تام و دایکی. لۆرا بە میهرەبانییەوە گوتی:

"نـا، ئـازیزم سوپاسـت دەکـەم. دەریّ زۆر گەرمامـە تـۆ. هێشـتاش کۆخـەت هەیـە نامەویّ ئارەقە بکەی. بڕۆوە مالّیّ خواردنەوەیـەکی سـارد بخـۆوە. ئایـا تـام هـەر لـە قـاتی سەرەوەیە؟"

"نازانم، دەرگای ژوورەکەی داخستووە."

کاتـژمێر بـوو بـە دە و نیـو، بـەلاّم هێشـتاش تـام نـەهاتبووە خـواریّ. ترپـەکانی دلّـی لـۆرا خێراتـر بـوون. ئـەم دیـدارەش هەلّەیـەکی تۆقێنـەری دیکـە بـووە. ئـەو نەدەبوایـە لاوازی نیشان بدات و بانگهێشتیان بکات.

لەگەلّ ئەوەشدا رالّف هـەقی بـوو کـە دەیگـوت بنەمالّـەی کرافیلّـد دەسـت هـەلّناگرن. خۆزگە تام دووبارە ئـەم دیـدارە نەشـێوێنێتەوە. لـە مـالّی کرافیلّـد کـەوای کردبـوو. چـەند خۆش دەبوو کەمێك هەلومەرجی منی لەبەرچاو بگرتایە.

لـۆرا حـەزی دەکـرد کونێـك لـە زەویـدا دروسـت ببێـت و ئـەو خـۆی تـیّ بخزێنـیّ. لـە کاتێکدا کە بە ئەسـپایی لـە دەرگـای ژووری تـامی رادەکێشـا. گـوتی:" تـام." لـە ژووریّ وەلاّمێـك نەبیسـتراو دووبـارە هەولّیدایـەوە و کاتێـك کـە هەمدیسـان وەلاّمێـك نـەبوو، دەرگـای کـردەوە تەنانـەت بەرلـەوەش کـە ئـەو کاغـەزە سـپییە گەورەیـە بخوێنێتـەوە کـە بەرێکی لەسەر مێزەکە دانرابوو، دەیزانی چی لەسەر نووسراوە.

لۆرا نامەکەی خوێندەوە:

"کاتژمێر سێی بەرە بەیانە، دایـە، مـن بـیّ مۆلّـەت خواسـتن لـە مالّـیّ دەچـمە دەریّ. بـۆ هـەردووکمان وا باشـترە چـەند رۆژێـك لـە مالّـیّ دووردەبم. نیگـەرانی مـن مەبـە. کێشەی من ئەوەیە کـە نـاتوانم لەگـەلّ ئـەو کەسـانەدا رووبـەروو ببمـەوە. تـۆ دەزانـیّ کـە من چ هەستێکم هەیە و لەوانەشە نەزانی، بەهەرحالّ خۆشم دەویّی.."

لۆرا بە دەنگـی بـەرز گـوتی:" مـن دەزانم کـە تـۆ چ هەسـتێکت هەیـە؟ ئـاخر مـن چ وەلاّمێك بدەمەوە بەو کەسانەی کـە تـۆ ئـەوا ناویـان دەبـەی چ وەلاّمێـك بدەمـەوە؟ ئـەوان لەوپـەڕی ویلایەتـەوە دێـن تـاکو چـاویان بـە تـۆ بکـەویّ تـۆش بـەو شـێوەیە پاشـقولت لێگرتم. من چۆنیان بۆ روون بکەمـەوە؟ چـی روون بکەمـەوە؟ چـۆن؟ تـام بـە هـیچ جۆرێـك کارێکی دروستت نەکرد."

چوار چێوەی وێنەکە کـە جـاران لەسـەر مێـزی نووسـینی تـام بـوون ئێسـتا گوازرابـۆوە بۆ مێزی تەنیشتی قەرەوێلّەکە.

دیمەنی ئـەو کچـە دوایـین شـت بـوو کـە تـام لـە شـەودا دەیـدیت و بـەرەو بـەیانیش دا چاوی بە رویدا هەڵێنابوو. بە دڵنیاییەوە چۆتە لای وی.

لۆرا بیری کردەوە: لای ئەو کچە.

ئەوسـا وەکـو ئـەوەی کـە خـاوەنی وێنەکـە نێـو چوارچـێوەکە کۆمەڵـە راسـتییەکی سـەبارەت بـە ئـەو کەسـە ئاشـکرا دەکـرد، لـۆرا سـەر لـە نـوێ چـاوی بـە وێنەکـەدا خشـاندەوە. ئـەو هێنـدە جـوان نـەبوو بـەڵام دڵـڕفێن و زۆر ناسـك بـوو. دەمـوو چـاوی بـە خەرمانێك قژی رەش دەورە درابوو. لە چاوەکانیدا زیرەکییەکی تایبەتی دەبینرا.

زەردەخەنەیـەکی بوێرانـەی نیشـتبووە سـەر لێـوان و چـەناگەی لێـڕاوی نیشـان دەدا، بە شـێوەیەکی گشـتی بـێ هاوتـا نـەبوو بـەڵام وێـڕای ئـەوەش لـە روانگـەی تـامی نـۆزدە ساڵەوە، ئەو کچە هاوتای نەبوو. ئەو تاکە خۆشەویستی بوو.

ئەمە ئەو هەستەیە کە مرۆڤ لـە تەمـەنی نـۆزدە سـاڵیدا هەیـەتی. ئایـا بـۆ خـۆت لـە بیرت نییە، لۆرا؟ ئایا وا نەبوو؟

بیرێـك لـە ناکـاو بـە جووڵـەی خسـت، بیانوویـەك بـدۆزەوە، کەسـێك نەخۆشـە و بـا دیدارەکـە بـۆ کـاتێکی دیکـە دوابخـەین. بۆیـە چـووە لای تەلـەفۆن، بـەڵام تەلـەفۆن بـێ وەڵام بوو. کەواتە ئـەوان لـە رێگـادا بـوون. خوایـە گیـان دەبوایـە چ روونکردنـەوە یـەکیان پێ بدا. لۆرا بە دەنگێکـی بـەرز کـە تەنانـەت بـووە جێـی سەرسـوڕمانی خۆشـی، گـوتی: راستی، هەرگیز نابێ جگە لـە راسـتی شـتێکی دیکـە بگـوترێ و پاشـان ئـەوان لـە هـەوڵ بێ ئاکامەکانی خۆیان تێدەگەن.

تیمـی لـە ژووری چێشـتلێناندا خـەریکی خـواردنی دەرمانـەکانی بـوو. کاتێـك کـە تیمی پرسی کە ئایا دەزانێ تام چۆتە کوێ؟

وەڵامی دایەوە:" نا، دایـە، نـازانم... " بـەڵام لـە پـاش هەڵوەسـتەیەك زیـاتر گـوتی:" دایە، بەم دواییانە زۆر بیر لە تـام دەکەمـەوە. زگـم پێـی دەسـووتێ و خۆشـحاڵم کـە وەکـو وی نیم. وەکو دیارە من تاکە کوڕم کە هی ئێرەم."

لۆرا هەوڵی راسـت کردنـەوەی قسـەکەی تیمـی نـەدا. ئـەو نـەیگوت کـە تـامیش هـی ئـەم ماڵەیـە. لەبەرئـەوەی مەبەسـتی تیمـی روون و ئاشـکرا بـوو. لـۆرا تـەنیا گـوتی:" بەڕاسـتی ئـەمڕۆ دۆخێکـی نالـەبار هاتۆتـە پـێش. هیـوادارم تـۆ بـەو هەڵسـوکەوتە

دۆستانەی کە لەگەڵ ئەو بنەماڵـەدا دەیگرێتـە بـەر یارمـەتی مـن بـدەی. دەبـێ بـۆ ئـەوان خانە خوێیەکی باش بی."

"زۆر باشە، دایە ئەو خەڵکانـە لـە هـزری منـدا نـامۆن. ئـەوان نـاتوانن پـەکی ژیـانی مـن بخـەن. مـن دەتـوانم هاوڕێیانـەترین هەڵسـوکەوتم لەگەڵیانـدا هـەبێت. بـۆ خـۆت دەبینی، تەنانەت رەنگە کەیفیشم پێیان بێت."

تیمـی کـە لـە پـاش پەنجـەرەوە خـەریکی چـاودێری کـردن بـوو، هـاتنی ئـەوانی راگەیانـد. لـۆرا بـەرەو دەرگـا رۆیشـت، ئـەوان لـە رووی لەبەرچـاو گـرتن و رێـزەوە ئۆتۆمبێلەکەیان لەسەر شـەقام راگرتبـوو بـۆ ئـەوەی رێگـای بـەردەم گەراجەکـە دانەخـەن. بە ئـارامی بـە ئاراسـتەی گەراجـدا سـەرکەوتن. لـۆرا بـیری کـردەوە ئـەوانیش وەکـو مـن تـووڕەن. هێشـتا نەیـدەزانی وا خـۆ هـەر بـە گەیشـتنیان لـە مـاڵ دەرچـوونی تـام رابگەیـەنێت یـاخود دوای بخـات بـۆ چـەند خولـەکێك دوای ئـەوە. بـۆ نموونـە کاتێـك دانیشتن و ماندوویان حەسایەوە.

بـەڵام بڕیـاردان گرفـت نـەبوو. میوانـەکان لەبـەر رووناکییـە زەقەکـەی دەرێ را هاتنـە نێو ماڵی نیـوە رووناکـەوە. سـاتێك چـاویان هەڵتەکانـد و پاشـان تەوقـەیان لەگـەڵ لـۆرادا کرد.

لۆرا گوتی:" ئەمە تیمییـە. تکایـە لەگـەڵ تیمیشـدا یـەکتری بناسـن." چـاویان بڕییـە پـێش وی و دوورتـر بـەرەو لای قادرمـەکان و پاشـان سـەیری لۆرایـان کـرد. مارگرێـت گـوتی:" بەڕاسـتی ئێمـە بـە بیسـتنی ئـەو هەواڵـە دڵگـران بـووین. سەرەخۆشـیمان لێ قبووڵ بکەن."

"سوپاستان دەکەم." چـاکی چـۆنی دەسـکرد لـە نێوانیـان دا ئـاڵۆگۆڕ کـرا:" هیـوادارم بۆ دۆزینەوەی ماڵەکەمان تووشی کێشە نەبووبن."

"نا، بە هیچ جۆرێك، ناونیشانەکەتان زۆر بە باشی دابووینێ."

"هیـوادارم بـووم بتـوانین لـە هەیوانەکـەی پشـتەوە نـانی نیـوەڕۆ بخـۆین. ئـەوێ دیمـەنێکی خۆشـی رووەو باخچـە هەیـە. بـەڵام ئـەمڕۆ لـەم هەوایـەدا نـەلواو دێتـە بەرچاو.."

"بەڵێ، هەوا لە رادەبەدەر گەرمە. وانییە؟"

لە هۆڵی پێشوازیدا، زەنگی کاتژمێری دیواری سەعات یەکی راگەیاند.

"لەمە باشتر نەتاندەتوانی کاتی هاتنتان ڕێك بخەن."

مارگرێت وەڵامی دایەوە:" بەڵێ ئەم وەسفکردنە شیاوی ئارتۆرە. ئەگەر بیان خستایە ئەستۆی من درەنگم پێدەچوو."

لەو گوڵانەی خاتوو ئێجوود کە هێشتاش هەر گەش بوون، بوونێکی کەم لە نێو دوو گرووپەکەدا بڵاودەبۆوە. لۆراو تیمی لە پەنا سۆبە دیواریەکەو، ئەو سێیەی دیکەش بەرامبەریان بوون. لۆرا بیری کردەوە وەکو تابلۆکانی وێنەکێشراوی کۆن ساف و ڕێك لە تەنیشت یەکتری دانیشتوون. ئەمە بەڕاستی شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوە بوو.

مارگرێت گوتی:" من زۆرتر کەیفم بە گوڵی کۆن و ڕەسەن دێت، گوڵە پێوەندەکان گەڵای زیاتریان هەیە، بەڵام بۆنیان نییە.."

"ئەم گوڵانە هی باخی ئێمە نین. کەسێکی بەدیاری بۆی هێناوین." لۆرا بە شێوەیەکی نائومێدانە ئەم ڕستەیەی دەربڕی و لە هەمان کاتیشدا بڕیاری خۆی دا.

"تام لێرە نییە، ئەو نیوەشەو ماڵێی بەجێهێشت. تاکو ئەمڕۆ بەیانی بەمەم نەزانی، ویستم تەلەفۆنتان بۆ بکەم بەڵام ئێوە لە ماڵ دەرچووبوون."

مارگرێت هاواریکرد:" ئەو ڕۆیشتووە؟"

"دڵنیان تووشی هیچ گرفتێك نابێت، یادداشتێکی بۆ بەجێ هێشتووم، پێم وایە ڕەنگەچووبێتە سەردانی هاوڕێکەی.."

"هاوڕێکەی؟"

"بەڵێ، پێم وایە لە زانکۆ لەگەڵ کچێکدا ئاشنا بووە، بەڵام من نایناسم. تام لە لای من قەت باسی ئەو شتانە ناکات."

کەس قسەی نەکردووە لۆرا بەنائومێدییەوە درێژەی بە قسەکەی دا:" هەڵبەت، دەزانم کە پیاوێکی گەنج قەت هیچ شتێك بە دایك و باوکی ناڵێ، وانییە؟

مەبەستم ئەوەیە..." بە ناتەواوی وازی لە قسەکەی هێنا.

ئەم قسانە چ سوودێکیان هەبوو؟ ئەوان داچڵەکیبوون. پاشان ئارتۆر گوتی:" بەهەرحاڵ دەبێ قسەیەکی کردبێ.."

"شتێکی تازەی نەگوت تەنیا وەکو جاران نووسیویەتی کە نایەوێ چاوی بە ئێوە بکەوێ. قەت بڕوام نەدەکرد کارێکی وا بێ ئاقڵانە بکات. قەت وام بیرنەدەکردەوە."

مارگرێت لێوی خۆی دەکرۆشت، هولی سەری بۆلای دایکو باوکی سوڕاند، ئەو لەوەوە سەیری ئەدی دیکەی دەکرد، بەبێ دەربڕینی، وشەیەك پرسیاری لێدەکرد ئێستا دەبێ چی بکەین.

لۆرا بیری کردەوە ئەمە پرسیارێکی باشە. ئەو خەڵکانە بە دڵنیاییەوە ئەوەندە نەدیت زان بوون کە یەکسەر لە جێی خۆیان هەڵنەستن و میوانییەکە بە جێ نەهێڵن.

گەرچی دەتوانی دڵنیایی کە ئەوە ئەو شتەیە کە ئەوان دەکەن بیکەن بۆ خۆشی ئەوەندە راشکاوی قسەی نەبوو کە بڵێ: دەزانم کە ئێوە حەز دەکەن بە زووترین کات ئێرە بە جێ بێڵن، بۆیە تکاتان لێدەکەم شەرم لە من مەکەن. من دڵگران نابم. ئەمە دەرك دەکەم.

ئەوە تیمی بوو کە بێدەنگی بەستەڵۆکی بە دەنگە زەنگۆڵە دارەکەی شکاند:" هیوادارم کە ئێوەش برسیتان بێ، من کە برسیمە."

تیمی ئازیز، دەبوایە لۆرا لەبەر قسە جوانەکەی و هەلوێێکی جوان بۆ خولقاندنی کەشوهەوایەکی دۆستانە ماچی بکات.

"برسیت بووە، دەکرێ سێ خولەك چاوەڕێ بکەی تاکو من دەچمە ژووری چێشتلێنان؟ سێ خولەك بۆ زیندوومانەوە ماوەیەکی زۆر نییە."

بۆیە ئەوان چارەیەکی دیکەیان نەبوو جگە لەوەی لە پشت مێزی نان خواردن دانیشن و بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵسوکەوت بکەن. بە جۆرێك کە لە پشت ئەو مێزەی کە هەر کامێکیان قاپێکی حەسیری و دوو پیاڵەی ئیرلەندی دارابوو، دانیشتن و خۆیان گران و سەنگین نیشان بدەن.

مارگرێت گوتی:" من بەڕاستی خانووی کۆنم پێ خۆشە، بن میچی بڵند، دیواری تەختەو ئەم هەموو بەرسۆبەی تێدایە.

"بەڵێ ئێرە ماڵێ منە، بەجێهێشتنی کارێکی ئەستەمە بۆمن.."

لۆرا لە کاتێکدا کە لە گۆزە بلوییەکەی پوورە سیسیل کە هی وڵاتی ئیرلەندا بوو خواردنەوەی بۆ تێدەکردن، درێژەی دا:

"لەگەڵ ئەوەشدا لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا ئەو خانووەم پێ باشترە کە لە ئامێری هەوا گۆڕکێی ناوەندی تێدابێت."

هـولی گـوتی:" ئۆهـو، ئـەم ژووره هـەوای تێدایـه، مـن بـه هـیچ جۆرێـك هەست بـه گەرما ناکەم." ئـەو کچـه زۆر بـه ئـەدەب بـوو و بـۆ گـەرم کردنـی کۆڕەکـه هـەوڵی دەدا. ئەو کراسەی بەریشـی زۆر لێوەشـاوه بـوو. پێسـتی هاوشـێوەی پێسـتی تـام رەنگـی شـیری بوو. لۆرا وریـا بـوو کـه زۆر سـەیری ئـەو کچـه نـەکات لەبەرئـەوەی کـه ئـەوان دەیـانزانی بەراوردی چ شتێك دەکـات. بـەڵام ئـەوانیش بـه دزی چـاویان بڕیبـووه تیمـی و بـەراوردیان دەکـرد. لـۆرا بـیری کـردەوه، پتێـر. نـاوی وی هەمیشـه وەکـو خەنجـەرێك دەنیشـته سـەر دڵی، تەزوویەکی کارەبایی.

مارگرێـت گـوتی:" ئـەم پودێگـەی زوراتـی ئێـوه زۆر بـه تامـه، قـەت هاوشـێوەیم نەخواردبوو."

"ئەمـــەم لـــه رووی نوســـقەیەکی دەستنوســـی کتێبـــی چێشـــت لێنانـــەوه دروســـت کردووه. شێوازی چێشتلێنانی دایه گەورەم یان لەوانەیە دایکی وی دڵنیا نیم."

دەتگـوت شـتێکی زۆر گرنگـه کـه کـێ یەکـەم جـار ئـەم پودینگـەی لێنـاوه. لەسـەر رۆخـی پەنجەرەکـه تـەیرێك هەڵنیشـتبوو و ئـاوازی دەچـڕی. دەنگـی هێواشـی بەریـەك کـەوتنی چـنگاڵ لەگـەڵ قاپـدا بـەرگوێ دەکـەوت. یـەکێکیان بسـکوتییەکەی کـردە دوو لەت. دەتتـوانی گوێـت لـه دەنگـی جـوینی بێـت مارگرێـت دەمـی هـەڵبڕی بـۆ قسـەکردن بەڵام دایخستەوه.

دەتگـوت لـه بـیری چـۆتەوه بڵـێ چـی. ئـارتۆر قسـەی نـەدەکرد. پیـاوان قـەت بـۆ گەرمکردن کوڕەکه هەوڵیان نەدەدا.

سـەیره کـه هەمدیسـان ئـاوازی چـڕییەوه. لـۆرا لـه ناکـاو چـنگاڵەکەی خسـته نێـو قاپەکـەوه و بـەبێ مەبەسـتی پێشـوەخت بـه دەنگـی بـەرز گـوتی:" بـۆ بەڕاشـکاوی ئـەوه دەر نـەبرین کـه بەمێشـکماندا دێـت؟." جگـه لـه ئـارتۆر هـەموو بـه واقـی وڕمـاوەوه روویان تێکرد. ئارتۆر گوتی:" بـەڵێ، منـیش بـیرم لەمـه دەکـردەوه و چـەنده ناخۆشـه کـه پرسیارەکانمان بەبێ وەڵامن."

هاوسەرەکەی به ئـارامی رەخنـەی لێکـرد:" نـا، ئەمـه راسـت نییـه، لـه تـۆ بـه دوور دەزانرێـت کـه ئەوەنـده رەشـبین بـی. تـۆ تاکـه کەسـێك بـووی کـه هەمیشـه هیـوات پـێ دەبەخشیم."

"هیوا له جێی خۆیدا زۆر باشه، بەڵام سەردەمێك دێت كه تۆ دەبێ واقیعبینبی، ئەو زوڵمەی كه بەرامبەر ئێمە نواندراوه، وەكو نهێنییەكی گەورە ماوەتەوە، من خۆم وای بۆ دەچم كه ئەمە تاوانی ئەو پەرستیارە بووە كه ئێستا له هاوایی بزر بووە. دەستمان نایگاتێ، بەڵام ئەگەر دەستمان پێی دەگەیشت، ئێستا چ قازانجێكمان دەكرد؟"

تیمی دەمی كرابۆوه، ئەو هەمیشە كاتێك سەرنجی بۆ لای شتێك رادەكێشرا، وای لێدەهات. ئەو پرسی:" بۆ دەبێ ئەو پەرەستیارە كاری لەو شێوەیەی كردبێت؟"

ئارتۆر بۆی روون كردەوە:" رەنگە مەبەستێكی ئەوتۆش له ئارادا نەبووبێت. پێشهاتێكی بەهۆی بێ ئەقڵی و كەمتەرخەمی له نەخۆشخانەیەكی تایبەتیدا كه زۆر بە خراپی بەرێوەچووە و كەمێك دوای ئەوەش داخراوە."

تیمی له كاتێكدا كه خۆی دڵنیا دەكردەوە، گوتی:" جا خۆ من لەوێ له دایك نەبووم." لۆرا زەردەخەنەیەكی بەرووودا كرد و گوتی:" روداوی لەو جۆرە زۆر بە دەگمەن روودەدات."

مارگرێت گوتی:" بەڵێ، لەبیرمە كه دەساڵ لەمەوبەر له فەرەنساش روداوێكی هاوشێوەی رووی دابوو. له یادمە كه كاتێك ئەو وتارەم خوێندەوە كه له چاپەمەنییەكاندا رەنگی دابۆوە، زۆر شڵەژام."

ئارتۆر گوتی:" بەڕاستی موعجیزەیەك له گۆڕێ بووە كه تاكو ئێستا ئەم بابەتە نەگەیشتۆتە چاپەمەنییەكان. نازانم چۆن؟"

لۆرا گوتی:" پارێزەرەكەی ئێمە زۆر دەستی دەڕوات، خۆ تێدەگەن، ئەو هەموو كەسێك دەناسێت. ئەندامانی لیژنەی باڵای نەخۆشخانە و هەروەها سەرنووسەرەكانی دوو رۆژنامەی بەناوبانگی شاریش." پاشان له دوای هەڵوەستەیەكی كورت درێژەی دا:".... بادیش زۆری دەناسین، ئەو زۆر پێی دادەگرت لەسەر تەشەنە نەكردنی. بچووكترین هەواڵ.

ئەو پێی وابوو كه ئەم مەسەلەیە هیچ بنەمایەكی راستی نییە."

تیمی بە پێداگریەوە گوتی:" بەڵام ئەمە درۆ نییە دایە،وانییە؟"

"نا ئازیزم، درۆ نییە."

ئـارتۆر گـوتی:" زۆر باشـه، تـاکو ئێسـتا خێـری پێـوه بـووه. بـەڵام پـێم وانییـه کـه بتوانرێت بۆ هەتا هەتایه به شاراوەیی بمێنێتەوه."

هولی هـاواریکرد:" خوایـه گیـان.... ئەوەنـده بـه تونـدی دەسـتی لێـك ڕاکێشـان کـه بازنەکانی خرینگه خرینگیان لێهات و گوتی:

" ئەگـەر ئـەم مەسـەلەیه بگاتـه چـاپەمەنییەکان خـۆمن دەمـرم، سـوێند دەخـۆم کـه دەمرم."

بـاوکی گـوتی:" نـا، تـۆ نـامری، لەبەرئـەوەی بوویتـه خـاتوونێکی گـەورەو زۆر لۆژکییانـه ڕووبـەڕووی دەبییـەوه." مارگرێـت خـۆی گلانـده نێـو قسـەکانەوه:" بەهـەرحاڵ کچـم، کاتێـك کـه شـتێکی وا ڕووبـدات، بـه ئەگـەری زۆر تـۆ لـه زانکـۆ دەبـی. ئەگـەر شتێکی وا بێته کایەوه."

ئـارتۆر تـا ڕادەیـەك بـه قینـەوه گـوتی:" ئـەوەی کـه خـەڵك لـه دنیـادا بـیری لێدەکەنەوه، بایەخی نییه. تـەنیا کەسـێك بایـەخی هەیـه ئـەویش تامـه. ئـەوەی کـه ئایـا دواڕۆژی چی دەبێت."

"ئەو بۆهەمیشه بـه بـرای مـن دەمێنێتـەوه." ئـەم ڕسـتەیه کـه لـه لایـەن تیمییـەوه بـه دەنگـی بـەرز دەربـڕدرا، هاوارێـك بـوو نیشـانەی بەرەنگاربوونـەوه، هـەروەها تـرس و ئازار، نیگای دوور دایکەکه بەهاوخەمی بێ سێ و دوو بڕدرانه یەکتری.

مارگرێت به میهرەبانییەوه گـوتی:" بـەڵێ کـه وەکـو بـرای تـۆ دەمێنێتـەوه." پاشـان به کەمێك دوو دڵیـەوه بـه لـۆرای گـوت:" بیرکردنـەوه لەمـه ئـازارم دەدات، ڕەنگـه ئێـوه لـەوه نیگـەران بـوون کـه ڕۆژێـك دادێـت ئێمـه تـام دەخەینـه ژێـر ڕکێفـی خۆمانـەوه، یـاخود بمانـەوێ لـه ئێـوەی دووربخەینـەوه. ئەگـەر تـاکو ئێسـتا بیرێکـی لـەو جۆرەتـان کەوتۆته مێشکەوه، تکایـه لـەبیرخۆتانی ببەنـەوه، لەبەرئـەوەی کـه تاکـه شـتێکه گونجـاو نایەتـه بەرچـاو. تـام هـی ئێوەیـه، نـەك هـی ئێمـه. ئێمـەش قـەت لـەوه زیـاتر هیچـی دیکەمان ناوێ."

لـۆرا گـوتی:" سوپاسـی ڕاسـتگۆیتان دەکـەم. بـەڵێ، منـیش لەمبارەیـەوه کـەمێك نیگەرانیم هەبوو، بـەڵام ئیـدی ئێسـتا نیگـەرانی بـه دڵ ڕێنـادەم، هیچـکات." پاشـان لـه شوێنی خۆی هەستاو گوتی:" کـێ حـەزی لـه قـاوەو میوەیـه، یـان قـاوه یـان چـای گـەرم. من هەمووم به ئامادەکراوی هەن."

مارگرێت گوتی:" دەبا یارمەتیت بدەم."
"نا، سوپاست دەکەم. جەنابت هەر لێرە دانیشە."
جارێکی تر کێشمە کێش کۆتایی پێ هاتبوو و گفتوگۆکان حاڵەتی دۆستانەی خۆیان وەرگرتبۆوە. میوانەکان بە میوەکەیان هەڵاگوت. کاتێك کە مارگرێت حەزی خۆی دەربڕی بۆ دیتنی باخەکە، ئەوان هەموویان چوونە بەر خۆرە تاوی گەرم. گوڵە باخەکان لە گەرمان لارببونەوەو گەڵای درەختەکانیش سیس ببوون، ئێستا ئیدی ئەوان دەیانەوێ بچنەوە ماڵێ.
لۆرا لە دڵی خۆیدا گوتی:" بەم ئەرکە بێ ئاکامە بۆچی بمێننەوە؟
هولی پرسیاری کرد:" بۆچی ئەو پەرژینە تیلەتان بە دەوری حەوزەکەتاندا کێشاوە؟" ئەو قسەی لەگەڵ (تیمی) دا دەکرد کە دیارە کەوتبووە بەردڵی. بەرای وی، بە دەگمەن کوڕێکی یازدە ساڵانی ئاوا هەڵدەکەوت کە هێندە سەرنجڕاکێش و لەبەر دڵان بێت. لۆرا وای بیرکردەوە کە بەزەیی و بە تیمیدا دێتەوە و هەروەها بەخۆشی، لەبەرئەوەی تیمی بیرەوەری پتێری بۆ زیندوودەکاتەوە. تیمی وەڵامی دایەوە:
"بۆ ئەوەی سەگەکە لە ئاوی حەوزەکە نەخواتەوە."
"ئۆه، تێگەیشتم، مەبەست ئەوەیە کە تۆش سەگت هەیە؟"
"ئیتر نیمە، لەگەڵ باوکم دا کوژرا."
ئەوسا هولی بە ئارامی گوتی:" زۆر بەداخەوە."
کچێکی باش، کچێکی باش و رەسەن.
لە ژووری چێشتلێناندا، تەلەفۆن زەنگی لێدەدا. لۆرا گوتی:" تیمی بڕۆ وەڵامی تەلەفۆن بدەوە. هەرکەسێك بێ پێی بڵێ پاشان تەلەفۆن بۆ دەکەمەوە."
بەڵام کاریان بە لۆرا نەبوو، میستەر مەکێنزی تەلەفۆنی کردبوو تاکو لەگەڵ میستەر کرافیڵدا قسە بکات. هەموویانی بەدوای ئارتۆردا چوونە ژوورێ، ئارتۆر لە کاتێکدا کە دەستی خستبووە بەشی دەنگ بەری تەلەفۆنەکە، گوتی:" رالْفە، تەنیا دەیویست بزانێ داخۆ ئاکامی سەردانەکە چی بووە. ئەو ئەمڕۆ لە نێو شارە، ئایا دەکرێ بانگهێشتی بکەم کە بۆ ماوەی چەند خولەکێك بێتە لامان؟"
لۆرا گوتی:" بەڵێ."

مــن وای بــەباش دەزانم لــە دەرەوەی ئــەم مەســەلەیە بم. مــەکێنزی وای پــێ گوتبــوو و لۆراش ئەمەی بــە کۆتاییهــاتنی پەیوەنــدییان لــە قەڵــەم دابــوو. نــا، تــۆ نــاتوانی نــاوی لێ بێنــی پەیوەنــدی. لــۆرا ئــەوەی بــە کۆتاییهــاتنی هاوڕێیــەتییان زانیبــوو کــە بــە ئاســانی لەناوچووبوو. هــەروەکو ئاوێــك کــە لــە نێــو لمــدا نــوقم دەبێــت. بــە دڵنیاییــەوە مەبەســتی هەر ئەمە بوو. سەردانی ئەمڕۆش لەبەرخاتری بنەماڵەی کرافیلد بوو.

مارگرێــت ئــاخێکی هەڵکێشــاو گــوتی:" راڵــف چــەندە خــاوەن لوتفــە، ئــەو زۆر هــەوڵ دەدات تاکو لە یەکترمان نزیك بکاتەوە، ئێستا هەست بە ئازاری ئێمە دەکات."

ئارتۆر گــوتی:" ئــەو لــە بنەماڵەیــەکی رەســەنە، ئێمــە هــەمووومان ئەمــەمان قبووڵــە. بەڵام با خەم و خەفەت بەس بێــت. تیمــی ئایــا تــۆ نیــازت نییــە ســەگێکی دیکــە راگــری؟ هــولی بــە شــێوەی خۆبــەخش لــە ناوەنــدێکی پاراســتنی گیانــداران کــار دەکــات ئەمــەت دەزانی؟ ئێمەش سەگەکەی خۆمانمان لەوێوە هێناوە.

سەگەکەی یەکەممان کــە لــە ســەردەمی منــداڵی هولییــەوە لەگەڵمانــدا بــوو، لەبــەرپیری مرد. ئێمە یەکسەر چووینە ئەوێ و یەکێکی دیکەمان هێنا بۆ راگرتن."

تیمی گــوتی:" پــێم وانییــە جــارێ ئامــادەیی ئــەوەم تێــدا بێــت. ئیرێــل ســەگێکی زۆر باش بوو. پێم وانییە کــە ســەگێکی دیکــە هــەبێت کــە بەقــەد ئــەوم خــۆش بوێــت. راســتی هــولی حەزدەکــەی وێنــەکانی ببینــی؟ مــن ئــەلبومێکی تــەواوی ئــەوم لــە ژووری باوکمــدا هەیە."

هولی بە تاسەوە هەروا کە بە دوای (تیمی) دا دەڕۆیی، گوتی:

"زۆر حـــەز دەکـــەم... نیگایـــەکی نیشـــانەی سوپاســـی لـــۆرا بـــە دوایـــان کـــەوت. مارگرێــت گــوتی:" لــە کــوڕی بــەم تەمەنــەوە حاڵــەتێکی لــە رادەبــەدەر جــوان هەیــە. کچــێکی لــەو تەمەنــدا خــاتونێکی کامڵــەو ئاســەواری منــداڵی پێــوە دیارنییــە، بــەڵام کوڕێك، تەنانەت ئەگەر زۆریــش بــە توانــا بێــت و بەبیروبۆچــونی تەمــەنێکی گــەورە ناچــار بــە دەسخۆشــی لێکردنتــان بکــات، لــە منــداڵێکی بچــووکی بــێ گونــاه زیــاتر هیچــی دی نییە."

"تیمی لــە هەنــدێك رووەوە هێشــتا زۆر بچــووکە. مــن دەبــێ زۆر وریــایی بم. بۆنموونــە دەزانـــێ ئەگـــەر لـــە کـــاتی کۆخـــەدا بەڵغـــەمی خوێنـــاوی لـــە قـــوڕگی دەرچـــێت دەبـــێ بگەیەندرێتە نەخۆشخانە، بۆیــە دڵنیــام لــەوەی کــە هــەوڵ دەدات نیشــانەی لــەو جــۆرە لــە

من بشارێتەوە. هەوای گەرم خراپترین شتە بۆی ئەو بە هیچ جۆرێك تەندروستی باش نییە، بەڵام بۆ خۆی دانی پێدانانێ. بۆیە دەبێ چاودێری بکەم، چەندە ئەستەمە کە..."

مارگرێت بە نیشانەی پشتگیریکردن لە قسەکەی سەری خۆی دانەواند و گوتی:" بەڵێ، ئەوان ئەم جۆرە شتانە دەشارنەوە، جاری وا هەیە ئەوەندە خۆڕا دەگرن تاکو سییەکانیان پڕ ببێت لە ئاوسان. کاتێك کە ئیدی کەس هیچی لە دەست نایە."

"ساڵی رابردوو ئەو دەیویست بەشداری لە پێشبڕکێی باسکیل سواریدا بکات، زۆری هەوڵ داو بەڕاستی ئێمەی بێزار کرد، تا وای لێهات رێگەمان پێداو پێمان گوت کەدەتوانێ بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا بکات، بەڵام نەیتوانی ئەو کارە تا سەربچێت. لەبەرئەوەی بەهۆی هەوڵدانێکی زۆرەوە تاڕادەیەك حاڵەتی خنکانی پەیداکردبوو."

لە کاتێکدا کە ئەوان خەریکی قسەکردن بوون، ئارتۆر، لە خاڵێکی نادیار رامابوو. لە ناکاو بە ئاگاهاتەوە:" رەنگە بۆ وی زۆر دژوار بێت کە خۆ لەگەڵ گەنجێکی بەهێزی وەکو تامدا بەراورد بکات...

لۆرا بە سادەیی گوتی:" بەڵێ، بەڵام تام هەمیشە هەوڵ دەدات کە گرفتەکان بۆتیمی ئاسان بکات. ئەو تیمی فێر کردووە کە قورسایی بەرزبکاتەوە، کە بۆ بەهێزکردنی ماسوولکەکانی بەسوورە. بەڵام زیاتر مەبەست بەرزکردنەوەی ورەیەتی، چالاکییەکی پیاوانە کە بە یەکەوە دەیکەن."

کەس قسەی نەکرد. هەمدیسان سەیرەی داماو ئاوازی چرپەوە. لۆرا لای خۆی بیری کردەوە، بە دڵنیاییەوە بۆ خۆی یان جتووتەکەیەتی و لەوسەری ماڵێ را بەدوای ئەوان کەوتووە، تاکو ئەو بێدەنگییە خەماوییەی کە ناوە ناوە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بە ئاوازە دڵگیرەکەی خۆی تێك بشکێنێ.

پاشان مارگرێت گوتی:" من هەستێکی سەیرم هەیە. چەندە سەیر و ناواقیعییە کە ئێمە پێکەوە دانیشتوین و دەربارەی تام قسە دەکەین.."

لۆرا وەڵامی دایەوە:" بەڵێ، منیش وابیردەکەمەوە کە لە لایەکەوە چەندە خۆشە کە ئێمە رقمان لە یەکتری نییە.."

ئارتۆر گوتی:" بەهەر حاڵ رق لێبوون کێشەیەك چارەسەرناکات، دەیکات؟"

لــەم ســاتەوەختەدا رالــف مــەكێنزی گەیشــتەجێ. بەدانیشــتن و تەماشــاكردنی روخساری ئارام و خەماوییەكانی ئەو سێ كەسە، هیچ هەولێكی روالەتی نەدا تا بیان گەشێنێتەوە یاخود بە پێكەنینیان بخات. ئەو بەبێ سڵ كردنەوە گوتی:" كە بەهیچ جۆرێك چاوەڕێی ئەوەی نەكردووە كە ئەم دیدارە لەگەڵ تامدا ئاكامی هەبێت، بەڵام پێی وابووە كە بایەخی تاقیكردنەوەی هەبووە. ئەو گوتی:" روخسارتان بە جۆرێكی وا خەمۆكی دێتە بەرچاو كە دەڵێی لەبەرامبەر بەربەستێكی گەورە و لە شكان نەهاتوودان."

ئارتۆر گوتی:" بەڵێ دیوارێكی بەردین و خۆ هیچ كەسیش سەری خۆی بە دیواری بەردین راناكێشێ. ئەگەر تام نایەوێ قسەمان لەگەڵدا بكات، دەبێ ئەوە قبووڵ بكەین. قبووڵكردنی بۆ هەمووان ئاسانترە."

مارگرێت ئێستا دووبارە خەریكی كرۆشتنی لێوی خۆی بوو و كاتێك كە بینی لۆرا سەیری دەكات، وازی لەو كارە هێناو بەخۆشحاڵییەكی رەواڵەتییەوە پرسی:" هەڵبژاردنەكان چۆن بەرەو پێش دەچن، رالف؟"

" زۆر باشە، دوو كەسی دیكەش لە بەشداربوونی ئەو كۆبونەوەیەی كوكلۆس كلانەكان وەكو لایەنگری جۆنسۆن ناسراون. ئەم بازنەیە بەرتەسك و بەرتەسكتر دەبێتەوە. كە لە بەرژەوەندی ئێمە دایە."

ئارتۆر روو لە لۆرا پرسی:" بەڕێوەبەری كاروباری ئیداری ئێوە پیت، سوڕێكی ئەوتۆی بۆ خانەكەی ئێوە نەبوو، وانییە؟"

" مارگرێت بە پەرێشانییەوە گوتی:" ئارتۆر، تكات لێدەكەم... ئارتۆر وەڵامی دایەوە:" لۆرا، مرۆڤێكی لاواز نییە. كۆمەڵە راستییەك هەیە و ئەو پەیوەندییە تۆقێنەر بووە. ئەو دەبێ رووبەڕووی ئەو راستییانە ببێتەوەو وا دێتە بەرچاو كە هەموو شتێكی قبووڵ كردووە."

لۆرا گوتی:" بەڵێ، سوپاست دەكەم. بەهەر حاڵ هەوڵی خۆم دەدەم."

"كەواتە پێم بڵێ داخۆ لە خانەی ئێوەدا بارودۆخ چۆنە. رالف دەڵێ كە ئێوە كۆمەڵە كێشەیەكتان هەیە، ئەوەی كە ئەوان..."

ڕاڵف گوتی:" بەڵێ، وایە، مـن مەسـەلەکەم بـۆ ئـارتۆر بـاس کـردووە، پـێم وابـوو کـە ئــارتۆر ســەبارەت بەمــە ڕێنمایــت بکــات و کۆمەڵــە بۆچــونێك بخاتــە ڕوو. ئــەو لــە کاروباری بازرگانیدا خەڵکانێکی زۆر دەناسێت کە من نایان ناسم."

ئــارتۆر گــوتی:" منــیش دەتــوانم بۆچــوونی بــە کــەڵك بخەمــە ڕوو، هــەروەها زۆر بەڕێوەبەری بازرگانی دەناسم."

لـۆرا گـوتی:" بەڕاسـتی خۆشـحاڵ دەبم. ئێمـە نـاتوانین زۆر بـەردەوام بـین. خـەرجی و تێچووەکان درێژەیان دەبێت، بەڵام کار پەکی کەوتووە."

ئارتۆر پرسی:" ئایا تـام دەیـەوێ ڕۆژێـك کاروبارەکـان بگرێتـە دەسـت؟ وا بـزانم لـەوێ کاردەکات."

وا دەهاتــە بەرچــاو کــە ئــارتۆر وێــڕای قســەکانی چــەند خولــەکێك لەمەوبــەری ســەبارەت بــەتام و ئــەو بەربەســتە بەردینــە، هێشــتا نەیــدەتوانی تــام لــەبیری خــۆی دەرکات. لـۆرا وەڵامـی دایـەوە:" نـا، تـەنیا کـارێکی کـاتی هـاوینی بـوو تـا بـاد ڕازی و دڵخۆش بکات. تام ئێستاش دەیەوێ ببێتە زانایەکی بواری زانستی بۆشایی گەری."

ئــارتۆر دیســانەوە گــوتی:" خــۆ حــەزی لــەو سیاســەت نییــە، نایــەوێ ببێتــە سیاسەتوان؟"

لــۆرا هەســتی دەکــرد گــەرمی خــوێن بــە ملیــدا ســەدەکەوێ و دەخزێتــە نێــو کولمەکانییــەوە:" نــاتوانم هــیچ بڵــێم، ئــەوە پەیوەســتە بــە ڕووداوەکــانی داهــاتووی ڕۆژگارەوە، هەموو شتێك."

ڕاڵف لە ناکاو پرسی:" هولی لە کوێیە؟ بۆ لەگەڵتاندا نەهاتبوو؟"

مارگرێــت گــوتی:" لــەلای تیمییــە، ئــەوان ســەیری وێنــەکانی ســەگەکەی تیمــی دەکەن."

لـۆرا چـوو تـا بانگیـان بکاتـەوە. جەسـتەی بـەهۆی ماندوویـەتی ئـەو ڕۆژە ئـازاری هـەبوو. بـەڵام ئـەوان بـەزوویی دەڕۆیشـتنەوە مـاڵی خۆیـان و ماڵەکـە لـە پرسـیارەکانی ئەوان ڕزگاری دەبوو.

دەیتــوانی دواتــر بچــێتە لای پیــانۆ و هــاوڕێ لەگــەڵ (تیمــی) دا ئاوازێــك بــژەنێ. دەیتوانی ڕاکشێت....

مارگرێت پرسیاری کرد:" ئەو هەموو قسانەتان دەربارەی سەگەکە هەبوو و ئێمە نەماندەزانی؟"

مارگرێت بەسەختی هەوڵی دەدا. ئەو لەسەروبەندی گریاندا بوو. هەموو کەس دەیتوانی ئەوە ببینێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە ئیرادەوە رێگەی لە رژانی فرمێسکەکانی خۆی دەگرت. بەڕاستی ئازار دەر بوو، لۆرا دۆخەکەی لەو باشتر نەبوو.

هولی وەڵامی دایەوە:" ئێمە دەربارەی سەگەکە قسەمان نەدەکرد بەڵکو باسی پتێرمان دەکرد."

لۆرا گوتی:" ئۆهو."

تیمی گوتی:" لێم پرسی کە ئایا پتێریش دەیزانی کە دەمرێت.

ئایا لە تەمەنی یازدەساڵیدا دەیزانی کە لە پاش چەند ساڵێکی دیکە دەمرێ؟"

هەموویان حەپاسون، هیچ وەڵامێکی گونجاویان پێ نەبوو، تیمی بەم شێوەیە راستەوخۆ پرسیارێکی دەکرد، کە ئایا ئەویش لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەمرێ؟ دەکرا چ وەڵامێکی بدرێتەوە؟ ئەوە ئارتۆر بوو کە وەڵامی دایەوە. ئەو چاویلکەی لە چاوان کردەوەو نێوچەوانی خۆی سڕییەوە، پاشان ئاخێکی هەڵکێشا و بەهەر حاڵ لە کاتێکدا کە کورسییەکەی خۆی لە کورسی تیمی نزیك دەکردەوە، بەدەم زەردەخەنەوە دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ ئەو کوڕە. وەکو بڵێی کە ژوورەکە هیچ کەسی دیکەی تێدا نەبێت،. تەنیا ئەو دووانە بوون. پیاوەکان بەیەکەوە قسەیان دەکرد. ئەو گوتی:" گوێ بگرە، گوێ بۆمن بگرە. من بەڕاستی نازانم. کە پتێر چ بیرێکی دەکردەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەویش نیگەران بوو. بەڵام بەباشترین شێوە قبووڵی کردبوو. رۆژێك دادێت ئێمە هەموومان دەمرین، بەڵام نازانین کەی. باوکی تۆ ئەو شەوەی کە بە ئۆتۆمبێل ئەمماڵەی بەجێهێشت هیچی نەدەزانی. ئەو نیازی وابوو کە لە پاش چەند کاتژمێرێکی دیکە بگەڕێتەوە ماڵێ.....

لۆرا بیری کردەوە، ئۆهو تام ئەو زۆر بێ شەرمە، بێ باکانە قسەدەکات، ئەو لە فافی برینێك بەرلەوادەی دیاریکراوی خۆی دەکاتەوە، بەڵام نەیدەزانی چۆن قسەکردن رای بگرێت.

"ئێمە هەموومان لە ژێر هەڕەشەی پێکدادانی ئۆتۆمبێل یاخود نەخۆش داین. تەنیا جیاوازی سەبارەت بە تۆ ئەوەیە کە تۆ دەزانی دەبێ لەگەڵ چیدا ململانێ بکەی. ئێمە زۆربەمان نازانین و بە زۆری بەسەردا دەکەوین."

تیمی گوماناوی دەهاتە پێش چاو، چاوی بڕیبوونە ئارتۆر، "هەواڵی خۆش بۆ تۆ ئەوەیە کە لەم رۆژگارەدا کەسانی تووشبوو بە نەخۆشییەکەی تۆ زیاتر لە تووشبوانی چەند دەیەی پێش ئێستا تەمەنیان درێژ دەبێت. هەواڵی باشتر ئەوەیە کە.... ئایا تۆ هیچت دەربارەی جینی دەرمانی بیستووە؟"

"نا، بەڵام تام دەزانێ، تام بابەتی زانستی زۆر دەخوێنێتەوە."

ئارتۆر گوتی:" زۆر باشە." و بە هەڵوەستەیەك درێژەی دا:

"زۆر چاکە، تۆ دەتوانی داوا لە تام بکەی کە ئەوەت بۆ پەیدا بکات. کۆمەڵە توێژینەوەیەك لە زانکۆکان و دامەزراوە نەتەوەییەکانی بواری تەندروستی لە ئارادایە. کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەك لەمەڕ داپۆشینی جینی تێکچوی سیستیك فیبرۆزیس بە ڤایروسێکی هەلامەت بەڕێوەچوون. ئەمە کارێکی زۆر ئالۆزە.

تەنانەت لە دەرەوەی سنووری تێگەیشتنی منیشە. لەبەرئەوەی من زانای زانستی سروشتی نیم. تەنیا شتێك کە من دەیزانم ئەوەیە کە توێژینەوەکان زۆر هیوا بەخشن.

"بۆ ئەوان سودیان لەمە وەرنەگرت بۆ پتێر؟"

"شتێکی زۆر نوێیەو ئەو کاتە ئامادە نەکرابوو بۆ تاقیکردنەوە."

لۆرا بە چاوی فرمێسکاوییەوە بیری کردەوە، ئێستاش ئامادەنییە.

تیمی پرسیاری کرد:" بەڵام بەم زوانە ئامادە دەبێت؟"

ئارتۆر بە شێوەیەکی کارامە خۆی لە وەڵامی راستەوخۆ دزییەوە: " ئەوان وەها چاوەروانییەکیان هەیە، بەڵام بۆ تۆ بە هەر حاڵ درنگ نابێت... لۆرا یەکسەر گوتی: " لەو ماوەیەشدا دەبێ ئەو زۆر ئاگای لە خۆبێت..

ئارتۆر گوتی: بەڵێ بە دڵنیاییەوە وایە.. " ئەو دەبێ پەیڕەوی یاساکان بکات، بۆ خۆی ئەمە باش دەزانێت، بەڵام جاری وایە لەبیری دەچێت. دەبێ ئاگای لە رێژیی خواردن بێت، زیاد لە پێویست وەرزش نەکات، زۆریش لەبەر هەوای گەرمدا نەمێنێتەوە.. ئارتۆر گوتی: رێك بەو شێوەیەیە..

" حۆزگە بمتوانایە لەم گەرمایە تۆقێنەرەی بەرمە دەرێ...

لۆرا بە سکالاَ کردنەوە گوتی: بەڵام ئێستا ناتوانم بڕۆمە هیچ شوێنێك. کێشەی زۆر لە پێشە. پارێزەرەکان، دادگای کردنی یاسایی، لەو جۆرە شتانە.. تیمی حاڵەتێکی بە ئازاری بۆ دروست ببوو. لۆرا لە ناکاو هەستی پێکرد کە بە جۆرێك دەربارەی تیی قسەی کردووە، وەکو ئەوەی کە لەوێ ئامادە نەبووبێت. رێك وەکو ئەو کەسەی کە باسی کۆرپەیەك دەکات ئەو هیچ لەو شتانە تێناگات کە باس دەکرێت.

مارگریت گوتی: " خەریك بووم بیرم دەکردەوە... پاشان سەیری مێردەکەی کرد. مێردەکەی سەرێکی لەقاند و زەردێکی هاتێ. زەردەخەنەیەك کە روخساری گرتەوە.
" درێژەی پێ برِی"

مارگرێت گوتی.. نازانم داخۆ لۆرا رازی دەبێت کە تیمی... " تیی پرس: (( مەبەستتان چییە؟ تیمی چی....

مارگرێت گوتی: " ئێمە هەوارێکمان لە نزیك دەریاچە هەیە. نیازمان وابوو بۆ سەیران هەفتەیەك بچینە ئەوێ. بەڵام چونمان بۆ ئەوێ دواخست بۆ بەیانی. لەبەر ئەوەی دەبوایە بێنە ئێرە. تیمی ئەگەر حەزت لێبێت و دایکیشت رێگەت پێ بدات... مارگرێت لە کاتێکدا کە رووی دەکردە لۆرا، درێژەی دایە: " زۆر بە خۆشی بەسەر دەبەین. هەوای ئەوێ فێنکە، رانی کەم دە پلە لێرە فێنکترە.. ئێستا ئەو جار هولی دەستی بە قسەکرد: " ئێمە لەوێ دەچینە بەلەمەوانی و ماسیگرتن و دوو کوڕی تری هاوتەمەن تۆ لەوێ دراوسێمانن" تیمی بە تامەزرۆ دەهاتە بەرچاو، ئەو پێویستی بە سەیران هەبوو، پێویستی بەوە هەبوو کەمێك خۆش رابوێری لۆرا تاوای لە خۆ گوت، بەڵام ئەو خەڵکەی بە باشی نەدەناسین. بە شێوەیەکی بێ ئاگا سەرێکی رالفی کرد، کە یەکسەر وەڵامی دایەوە.

" دەریاچەی موهاك شوێنێکی زۆر خۆشە. کەناراوی لی سپی جوان، گردۆڵکەی جوان، بە دڵنیاییەوە تیمی ئەو بێ بە دڵ دەبێت لۆرا گردۆڵکەو کەناراوی لمی سپی لە یادبوو. خۆرو با، وێژە وێژی واڵەکان لە نێو ئەو گوڵانەی لە نێو ئەو گوڵانەی کە لە سەرەتای پلیکانەکانی بەر هەوارە بچووکە خەیاڵییەکە چێندرابوون. تیمی گوتی: " پێم وایە حەزدەکەم لە گەڵتاندا بێم... لۆرا سەری سوڕما. وا دیاربوو ئەو خەڵکە نامۆیە سەرنجی ئەویان بۆ رای خۆیان راکێشابوو: دایە، حەزدەکەم لە گەڵیاندا بچم..

لۆرا به حاڵـەتی خـۆ بـە دەسـتەوە دانـەوە گـوتی: " زۆر باشـە.. و رووی کـردە بنەماڵـەی کرافیلد و گوتی: " ئێـوە لـە رادەبـەدەر میهرەبـانن، نـازانم بڵـێم چـی.. مارگرێـت گـوتی: " هـیچ مـەڵێ بەراسـتی جێـی خۆشـحاڵییە. تـەنیا کارێـك کـەدەبێ ئـەنجامی بـدەین ئەوەیـە کـە بگەڕێینـەوە ماڵـێ، چـەند جانتایـەکی بچـوك بێچـینەوەو بـەرە و سـەفەر بەڕێکەوین..، لۆرا گوتی: " کەواتـە تیمـی تـۆ دەبـێ هـەر ئێسـتا جانتاکـەت بپێچـەوە. دوو بەرگی مەلەکردن و چاکەتی خـوریش لـەبیر نەچـێ.. هـەر کـە ئـەو لـە ژووری رۆیشـتە دەرێ، مارگرێت بە ئـاوازە دەنگێکـی دڵنیـا کـەرەوە بـە لـۆرا گـوت: " بـە هـیچ جۆرێـك نیگەران مەبە، ئێمە دەزانین چۆن ئاگاداری بین.. " دڵنیام لەوە..

کاتێك ئەوان بـە ئۆتـۆمبێلی دوورکەوتنـەوە، لـۆرا بـیری کـردەوە کـە رۆژگـار گەمـەی سەرو سەمەرەی هـەن. ئـەوان هـاتبوون تـاکو کوڕەکـەیان ببیـنن، بـەڵام ئێسـتا کوڕەکـەی ئەویان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد.

ڕالــف پرســیاری کــرد: " بەراســتی تــام چــی بەســەر هــات؟ هەرچــەندە رەنگــە حەزنەکەی باسی بکەی..

" هــەروەکو جــاران، ئــەو گــوتی ئــەو لەگــەڵ ئــەو دۆخــەدا هــەڵناکات. خــراپتر لــە هەمووشی ئەوە بوو کـە کاتێـك میوانـەکان گەیشـتنەجێ و مـن ناچـار بـووم کـە بڵـێم تـام لێـرە نییـە..نازانم چـاوەڕوانی چـیم دەکـرد. ئـەوەی کـە مارگرێـت دەقیـژنێێ یـاخود رقـی هەڵدەستێ. بەڵام ئەوان زۆر بە باشی لەگەڵ ئەو نائومێدییەدا هەڵیان کرد..

" ئـەوان لـە تـەنیایی دا دەگریـان.. " زگـم پێیـان دەسـووتێ، بەراسـتی سـەیرە کـە ئەوان چۆن حەزیان کرد تیمی بەرنە پیاسەو سەیران..

" ئەو زۆر هاوشێوەی پێشیوە ئەدات بەرینز وی یادی پێشتر دەکەنەوە..

ڕالف هێشتا هـەر لەبـەر دەرگـا راوەسـتابوو. کاتێـك ئـاوڕی دایـەوە بـۆ رای وی، لـۆرا کە چـاوەڕوانی ماڵئـاوایی کردنێکـی بـە ئەدەبانـەی دەکـرد، دەیویسـت بـە هـەمان شـێوە وەڵامی بداتەوە، بەڵام مـەکێنزی گـوتی: " کاتێـك سـەیری ئـەم پـیرە دارە گەورانـە دەکـەم ئــەو شــوێنەم دێتــەوە یــاد کــە تێیــدا گــەورە بــووم. ئــارەزووی باخێــك، جۆلانەیــەك و کتێبێك دەکەم. باڵاخانەی من ئیدی وەکو قەفەسێك دێتە بەرچاو..

" حەز دەکەی بۆ چەند سـاتێك سـەیری باخەکـەی ئێمـە بکـەی؟.. یەکسـەر لـۆرا لـەم بانگهێشت کردنە هەستی بە شەرم کـرد. ئـەو بـە خـراپ کـەڵکی لـە هەڵسـوکەوتی باشـی

ئەو پیاوە وەرگرتبوو. ئایا ئەو راشکاوانە نیازی خۆی دەرنەبریبوو کە دەیەویت دوور بێت لەم مەسەلەیە.

ڕالف گوتی: " زۆر خۆشحاڵ دەبم.. ئەوان بە نێو ماڵدا تیپەڕین و چوونە هەیوانی پشتەوە. لە دوا دواییەکانی باش نیوەڕۆدا پلەی گەرما دابەزیبوو وئێستا لە بن سێبەری درەختەکاندا هەوا ئەوەندە فێنك ببوو، کە بتوانرێت بۆ ساتێك تێیدا بحەسێیەوە. دلۆپە وردەکانی ئاو کە لە ئاو پرژێنی چەمەنەکەوە بۆ سەرێ دەپرژا، لە قەراغی باخچەیەك کە بە شێوازێکی جوان و بیرەوەریانەوە بە گوڵی بەیبوون و جەعفەری[21] و سوێسن و مینا راز ێندرا بۆوە، بەرچاو دەکەوت.

ڕالف پرسی:" چ کەسێك ئاگاداری لەو هەموو گوڵانە دەکات؟: لۆرا وەڵامی دایەوە:" بادو کورەکان زیاتر تام، کاتێك کە لە ماڵەوە بێت..

بەڵام ئەوان ئیتر لە ماڵەوە نابن. یاد کە ئیدی هەرگیز و تامیش بە دەگمەن، دۆخەکە وای لێهاتبوو. ئەم هەستەی بە ئاگابوون هەروەکو بایەکی فێنك وابوو لە نێو چەمەنەکەوە هەلێکەو بەرەو ماڵە چکۆلەکەی وی و لۆرای هەژاند. لۆرا چاوی نوقاندن و کاتێك کە چاوی هەڵێنا ئەوە دیتی کە رالف تێی راماوە. رالف بە هێواشترین ئاوازە دەنگ پرسی:" پێم گوتی ئەوە پێویستیت بە هاوکاری هەبوو، پێم بڵێ بەڵام تۆ تاکو ئێستا داوای هاوکاریت لێنەکردووم.. " بەڵام تۆ خۆت گوتت کە دەتەوێ دووربی لەم مەسەلەیەو منیش هۆیەکەی دەرك دەکەم.. " من دەربارەی تام قسەم دەکرد، وات زانی مەبەستم تۆ بوو؟..

ئەوا بە ئارامی گوتی:" مەبەستم تۆ نەبوو.. ئەگەر لۆرا بگریایە رەنگە مەکێنزی بەو شێوەیە نەکەوتبایە ژێر کاریگەریەوە. ئەو هەستی بە توانای لۆرا کردبوو. لە ژێر ئەم رەواڵەتە نەرم و نیانەدا رۆحێکی پۆڵا یین هەبوو.

ئەو لەیەکەم رۆژەوە کە ئەو پەیامە شووم و داچڵەکێنەرەی هێنابوو و ئەم ماڵە، هەستی بەم خاڵە کردبوو، وا دەهاتە بەرچاو کە چەندەها ساڵ بەسەریەکەمین دیداریاندا تێپەڕیوە، بەڵام تەنیا چەند هەفتەیەکی بەسەردا تێپەڕیبوو. مەکێنزی هێنایەوە یادی خۆی کە کاتێك لە ماڵەکەیان دەرچووبوو، لای خۆی بیری کردبۆوە کە

---

٢١-نەمزانی بە کوردی چ جۆرە گوڵێکە. "وەرگێڕ"

دەبێ چ شتێك ئەو ژن و پیاوەی بە یەکەوە هێشتنێتەوە. هەوڵێکی بێ سوود! ئەو ئاوای بیر کردبۆوە و ئێستاش هەر بەو شێوەیە بیری دەکردەوە. ئەو پیاوە کوڕەکەی تێك دابوو. لای کەم بە دینی ئەو تێکدانە بەرە بەرەییە و پایەداری هەوڵێکی بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵیدا ئەنجام نەدابوو. لە راستیدا تەنانەت هانیشی دابوو و رەنگە لە گەلیشیدا بوبێتە هاودەست. ئێستاش ئەم ژنە بە خەم و کەسەری زۆرەوە لێرە راوەستابوو. بەڵام مەکێنزی دیاری دەکرد کە بلوزی رەش لەگەڵ تەنورەی سپیدا بپۆشرێت، مانایەکی جیاوازی بە تازییە هەیە. لۆرا لە مەرگی لێدرە فریو دەرەکەی خەمبار بوو، تەنیا بە سادەیی دەیزانی کە کۆمەڵگا چ چاوەروانییەکی لەوی هەیەو تا ئەو کاتەی کەم شوێنە و لەدراوسێیەتی هاوڕێیاندا بەسەردەبات، بە باشی چاوەروانییەکانی ئەوان جێبەجێ دەکرد. مەکێنزی دەرکی بە هەموو کێشەکانی لۆرا دەکرد. خۆزگە دەیتوانی پێشبینی بکات کە هاوڕێیەتی ئەوان بە کوێ دەگات. لۆرا ئافرەتێکی بالا بەرزبوو، بەڵام مەکێنزی لەوی بالا بەرزتربوو بۆیە ئەگەر لۆرا بیویستایە سەیری دەمووچاوی بکات دەبوایە سەری هەڵبڕێت دوو دڵۆپە فرمێسك خزابوونە نێو چاوەکانییەوە (مەبەستم تۆ نەبوو) مەکێنزی دڵی داگیرکردبوو. رالف دووبارە گوتی: پێم بڵێ، تا یارمەتیت بدەم. ئاخر تۆ قەت لێوی سکالا هەڵنابچری...
لۆرا بە نارەحەتی سەری خۆی لەقاند. ئەو توانای قسەکردنی نەبوو، ئاخر چۆن دان بەوەدادەنێت کە هەمیشە بیری لە مەکێنزی کردۆتەوە، ئەوەی کە ئەو هەستی ئارەزوومەندی لەودا بە خەبەر هێنابوو. خۆ نەیدەتوانی ئەم شتانە بێنێتە سەر زمان. دووبارە بە نارەحەتییەوە سەری لەقاند " تۆ هەموو خەمەکان دەڕێژییە دەروونتەوە..
" نا... بەڵێ.. زۆر باشە، رەنگە وابکەم.. ئێستا ئیدی بەسەربەستی فرمێسکەکانی رژانە سەر گۆنەکانی. ئەو گوتی:" چۆن دەتوانم بیرکردنەوەی تۆقێنەر بە مێشکم دووربخەمەوە؟ هەموو شتێك ئاوێتەی یەکتری بووە. من بیر لە باد دەکەمەوە کە بە چ کارەساتێك گیانی سپارد. ئەوان دەڵێن کە یەکسەر کوژرا. رەنگە واسف بووبێت. هیوادارم ئازاری نەچەشتبێت. بەڵام من خۆشم نەدەویست. ئەو بەرامبەر بە من میهرەبان بوو و کوڕەکانی زۆر خۆش دەویستن. بەڵام لە ژیان لەگەڵمندا راستگۆیانە مامەڵەی نەکردو دەزانم کە ژن و مێردایەتی ئێمە تێکەڵی تەلەکە بازی ببوو و من دڵم بە دۆستیاو کوڕەکانم خۆشبوو. ئێستا نیگەرانی داهاتووی کوڕەکانم. پاشان بە

پەشـیمانییەوە درێـژەی دایـە: " بـە دڵنیاییـەوە بـە دڵـی خۆتـدا دەپرسـی کـە چـۆن بێوەژنێك لە هەلومەرجێکی ئاوادا بەو شێوەیە قسەبکات...

" هــەروەکو گوتــت لــە هەلومــەرجێکی ئــاوادا، کەواتــە مــن ســەرم ناســوڕمێ مـەکێنزی بـە پـەژارەوە ئـاوای گـوت و قۆڵـە بـەهێزەکانی لـە دەوری لـۆرا ئاڵقـە کـردو بەرەو خۆی راکێشـا. لـۆرا لـەرزی هـاتێ. ئـەم بەیـەك کەوتنـە مەترسـیداربوو. مەبەسـتی مـەکێنزی سـەبوورکردنی رۆحـی وی بـوو، لـۆرا ئەمـەی دەزانـی، بـەڵام ئەوەشـی دەزانـێ کـە دەربرینـی بچـووکترین حـەزی دوو لایەنـە کارەسـاتێکی تـری لێدەکەوێتـەوە کـە بـە لەبەرچاوگرتنی دۆخی نۆکـەیی ئـەو روخسـارێکی دڵخۆشـی نییـە. هـەر ئێسـتاش دڵـی بـە توندی لێـی دەدا. لـۆرا خـۆی کێشـایە دواوە. بـە هـیچ جۆرێـك شـتی وا مـومکین نـەبوو. نە ئێستا، نەلێرە وێرای هـەموو ئـەو نامانـەی سەرەخۆشـی لێکـردن کـە لەسـەر مێزەکـەی بـوو و بـێ وەڵام مابوونـەوە، سـەرەڕای بـوونی ئـەو کوڕانـەی کـە هێشـتاش بـۆ کۆچـی دوایـی باوکیـان دڵیـان برینـدار بـوو و تـام کـە جەمسـەرێکی پێچـەوانەی رالفـی هـەبوو، مەکێنزی بیرکردنەوەی ئـەوی خوێنـدەوە. بـەرەڵای کـردوو گـوتی:" هـەر شـتە کـاتی خـۆی هەیە. کاتی گونجـاو بـۆ هـەموو شـتێك.. ئاسمـان شـین هەڵگـەڕابوو. لـۆرا تـا بـەو دەرگـا بـەرێ خسـت. هـەردووکیان بێـدەنگ بـوون. رالـف گۆنـای ماچـکردو لـەرێگای گەراجـەوە چـووە خـوارێ لـۆرا چـووە بەشـی دواوەی خانووەکـە تـاکو دەرگـای بـۆ نیوەشـەو دابخـات، وێژە وێژی مێرو باڵـدارەکان کـە بـە هـاتنی وەرزی پـاییز بـەرزترو ئاشـکراتر دەبیسـترا بـە شێوەیەکی نائاسایی نەمابوو. لۆرا بە ئاگـا هاتـەوە، ئـەو بـۆ مـاوەی چـەند خولـەکێك لـە تــاریکی شــەو رامــابوو لەبیرکردنــەوەدا رۆچــووبوو دیســانەوە هــەروا رامــابۆوە دار شمشـاوەکان کـە لـە دوورتـرین شـوێنی باخەکـە بـە شـێوەی بازنـەیی چـێندرابوون، ئێسـتا ئەوەند چڕوپڕ ببون کە وەکو دارستان دەهاتنە بەرچاو.

شــوێنێك کــە مــرۆڤ دەیتــوانی بــۆ هــەتا هەتایــە لەگــەڵ بیرەوەرییەکانیــدا تێیانــدا سەرگەردان بێت.

کۆتایی بەشی پازدەهەم

بەشی شازدەهەم

شەوی شەممە تام بـە ترسـەوە لـە خـەو رابـوو گڵـۆپی شـەوی هـەڵکردو دیتـی کاتـژمێر سـێی دوای نیوەشــەوە. لــە راســتیدا رۆژی یەکشــەممە داهــاتبوو. کاتــژمێر یــەك دوای

نیوەڕۆ ئـەو کەسـانە دەهـاتن و لەبـەردەرگا  بـە دیاردەکـەوتن، بەراسـت وچـەپ کردنـەوە. هەروەکو پوورە میلیان راهـاتبوو وای دەگـوت. بـە هێنانـەوە یـادی خـاتوو پـوورە پیرەکـان و قسە خۆشەکانیان کـە رەنگـە جـاران بـە بێزارکـەرو لـەبارو کـەوتوو دەهاتـە بەرچـاو. تـا هەستی کـرد حـەزدەکا چـاوی پێیـان بکـەوێ. چ خـاتوونێکی ناسـك و لەبەرکـەمی دڵ لـە دایکـی نـەرەنجابوو. جگـە لـەو هاودەتسـتییەی کـە لەگـەڵ بنەماڵـەی کوافیلـد لـە خـۆی نیشان دەدا نزیـك بوونەوەیـەکی نهێنـیش لەگـەڵ مەکێنزیـدا هـەبوو. ئـەو کابرایـە بیـژووە کە ئەوی بەرەو بنەماڵەی کرافیلد پاڵ دەنا.

تام هەستی بە وەها پەیوەندییـەك کردبـوو ئایـا دایکـی بـۆ خـۆی نـەیگوتبوو کـە ئـەو توانایەکی تایبەتی تێدایە لەپەی بـردن بـە نهێنـی خـەڵکانی تـر؟ باشـترین بلـوزو پـانتۆڵی خۆی قەد کردو خسـتییە نێـو جانتاکەیـەوە ئـەو بـۆ خـواردنی نـانی ئێـواری رۆبـی دەباتـە چێشـتخانەیەکی رازاوەو بـۆ خـۆی و ئـەویش داوای خـواردنی قـرژاڵ دەکـات. تـام قولەمێك پارەی کاغەزیشـی خسـتە نێـو باخـەڵی جانتاکەیـەوە و زنجیرەکـەی داخسـت. لـە دوایـین سـاتەکاندا بـەر لـەوەی گڵـۆپی ژوورەکـەی بکوژێنێتـەوە، ورچـی جەمسـەری باکووری هاتەوە یاد (بووکـە شوشـەیی) هـەڵی گـرت و خسـتییە بـن هەنگـەڵ و بـە مـاڵێ چـووە دەرێ. کـاتی دەرچـوونی لـە مـاڵ هەسـتی بـە خـەمێکی سـەیر دەکـرد. دایـە لـە ژوورە گەورەکەی نوسـتنیدا بـە بـێ بابـە لـە نێـو جێگـادا خـەوتبوو و تیمـیش لـە خـەمی سەگەکەیدا خەوی لێکەوتبوو تام سواری ئۆتۆمبێلەکەی باوبوو.

مارسـیدیس درەوشـاوەکەی دایـە کـەوتبووە نێـوان ئۆتۆمبێلەکـەی بـاد و پاترۆڵـە قوڕاویەکـەوە تـام خۆشـحاڵبوو لـەوەی کـە ئۆتۆمبێلـە مارسیدسـەکەی دایکـی کـەوتبووە ناوەڕاستەوە. چاوی بـە پاترۆڵەکـە نەدەکـەوت. ئـەو لـە شـەوی رووداوەکـەوە بـە ئەنقەسـت خۆی پاراستبوو لەسەیر کردنی ئۆتۆمبێلە بیابانییەکە. یادی داماو.

لـە کاتـژمێر حـەوتی بەیانیـدا لـە کاتێکـدا کـە کلیلـەی دەرگـای خـوارەوەی بالأخانەکـەی بـە دەسـتەوە بـوو، بـە قادرمەکانـدا راسـتەوخۆ بـەرەو ژووری هـەورەبان رۆیشت و لەو دەرگایەی دا کە رۆبـی بـۆی وەسـف کردبـوو. تـام دەنگـی هـەنگاوە لـەرزۆك و هاوارە سەرسوڕماوو خەواڵووەکەی رۆبی بیست: " کێیە لەو دیو دەرگا؟"

تـام نەعرەتەیـەکی لێـداو گـوتی:" ورچـی جەمسـەری بـاکوور: کاتێـك کـە رۆبـی دەرگاکەی کردەوە، تـام گیانـدارە بووکـە شوشـەییەکەی لـە دەمـوو چـاوی هەڵسـورۆبی لـە

کاتێکدا کە هەم دەگریا و هەم پێدەکەنی، خۆی هاویشتە نێو باوەشیەوە. دەستەکانی ڕۆبی قژ و گۆنەکانی لاواندنەوە گوێیەکانی تام خوێنیان تێ خزا هەستی بە لێدانی ترپەکانی دەکرد. قۆڵەکانی ڕۆبی لە دەوری گەردنی ئاڵقەکران: " خوایە گیان، تام تامی دەڵێی سەریسالێ بەسەر دوایین دیدارماندا تێپەڕیوە.. ئەوان تەواوی ڕۆژەکەیان لە باوەشی یەکتریدا بەسەر برد کاتێك ڕۆژ بەسەر چوو دنیا تاریك داهات و تیشکێکی نیلی ڕەنگ ژوورەکەی داپۆشیبوو،کەوتنە یاری نان خواردنەوە. ڕۆبی شیرنەمەنی دونات و قاوەی هێنا. ئەو پرسیاری کرد: " بۆ زەردەت دێتێ؟" " لەبەرئەوەی تۆ ئەوەندە خۆشحاڵی ئەوەندە جوان و دڵڕفێن. من لەبەر ئەوە خوشحاڵم.. " کەی دەگەڕێیەوە بۆ زانکۆ؟..

"ئەمشەو لێرە دەمێنمەوە، سبەینێ بەیانیش دەچمەوە ماڵێ تا کەلوپەلەکانم کۆبکەمەوە و ڕۆژی هەینیش بۆ ناونووس کردن دەگەڕێمەوە..

"ساڵێکی پڕ خێرمان لە پێش دەبێت لە ناکاو بە ڕاستگۆییەوە گوتی: " کارمەندانی نوسینگەی کارەکانی جۆنسۆن وامان لێ چاوەڕوان دەکەن کە بەم بەشە ناوخۆییەدا زۆر چالاك بین ئەوی لێرەن هەموویان لەسەروی تەمەنی هەژدە ساڵیدان و دەتوانن دەنگ بدەن. من حەزدەکەم هەوڵەکانمان ئەنجامیان هەبێت. دەبێ کاتێکی زۆر تەرخان بکەین.. " من ئامادەم"

" ئێمە لەگەڵ (جۆنسۆن) دا دەچینە شوێنی جیا جیا من و تۆ لەم کاتەدا سەرنجمان ڕاکێشاوە، خۆ بۆ خۆت باشتر دەزانی، ئەو دەیەوێ لاوان لە پشت ئەم ڕکابەرێتییەی هەڵبژاردن بن. هەوڵ بدەن بۆ ئایندەمان، ئایندەیان دروست بکەن.....

تام دووبارەی کردەوە: " من ئامادەم..

ڕۆبی بەلەسەر خۆییەوە گوتی: "من نەمدەویست خۆش ڕۆژەکەمان تێك بدەم، من نەمدەویست خۆش ڕۆژەکەمان تێك بدەم، بەڵام دەبێ پێت بڵێم کە چەندە بە پەرۆشم بۆ ئەو کاتە ناخۆشانەی کە بەسەرت بردن.

تیمی لەسەر پەندی مردندا بوو دوای ئەوەش بە چ کارەساتێکی دڵتەزێن باوکت لە دەست دا. ئەوان دەبێ ئەو پیاوکوژە بە زیندویی بسوتێنن، دادگایی کردنێك لە ئارادا نەبێت، هیچ پارێزەرێك نەگۆڕێ نەبێت و تەنیا بە زیندویی بسوتێنن...

تام بە نیشانەی پشتگیری لـە قسـەکەی سـەری دانەوانـد. " دەزانم کـە سـاتێك بـۆ تـۆ هاتە پێش کە خۆت بە قـوولایی بیرێکـدا هەسـت پێکـرد. منـیش بـە راسـتر بـاوکم خـۆش دەویسـت و کاتێـك کـە دایـك و بـاوکم لێـك جیابوونـەوە، نـەك ئـەوەی بمـەوێ بـەراوردی ئەوە بکەم کـە بەسـەر تـۆ هـاتووە، بـەلام بەهـەرحالْ منـیش زۆرم ئـازار چەشـت، دلْـم بـە ژان کەوت لەوەی کە ئەو منـی بـەجێ دەهێلْـێ و تـا ئـەو ئەندازەیـە لـێم دووردەکەوێتـەوە پاشان دوای ئەوەی کە براکـەم رویکـردە مـادە بێهۆشـکەرەکان، دووبـارە مـن خـۆم لـە بـن ئـەو بـیرەدا هەسـت پێکـردەوە. ماوەیـەکی خایانـد تـاکو لـە بـن ئـەو بـیرە هاتمـە دەرێ. جـاری وا هـەبوو بـیرم دەکـردەوە کـە هـەرگیز سـەرکەوتوو نـابم، بـەلام سـەرەنجام تـوانیم. ماوەیەك تێپەڕێ، بـارودۆخ باشـتر دەبێـت، بـڕوا بکـە تـۆ ئێسـتا وا بـیر ناکەیـەوە، بـەلام سـەرەنجام هـەروا دەبێـت. تـام ویسـتی رۆحـی بکاتـەوە و بلْـێ، رۆبـی دەبـێ شـتێکت پـێ بلْێم، بـەلام پاشـگەزبۆوە. رەنگـە ماوەیـەکی تـر وشـەکان ئاسـانتر لـە دەمـی بێنـە دەرێ. رۆبی بۆ سێهەم یان چوارەم جار پرسی: ئایا ژوورێکی جوان نییە؟..

تـام دەیزانـی کـە ئـەم چـالْە چـەندە بـۆوی گرنگـە. بـە دلْنیاییـەوە رۆبـی لـە هەلومەرجێکی نالـەباردا گـەورە ببـوو، تـام بـە هاوخەمییـەوە لای خـۆی وای بیرکـردەوە و گـوتی: " رۆبـی، تـۆ پێـت نـەگوتم کـە کرێـی ئـەم ژووورە چـەندە؟ بـەلام لەبەرئـەوەی کـەمنیش هاموشـۆی ئێـرە دەکـەم، وا باشـترە رێگـەم پـێ بـدەی تـاکو بـۆ دانـی کـرێ یارمەتیت بدەم...

" زۆر باشـە، مـن بـە تـۆ نـالْێم و لەگـەلْ ئەوەشـدا ئایـا دلْنیـایی کـەتوانای ئـەوەت هەیە، مەبەستم ئەوەیە کە بارودۆخی تۆ باشتر بووە؟...

تام بە شێوەیەکی جدی گوتی: " ئـەو توانایـەم هەیـە... "تـام، تـۆ بەرامبـەر بـە مـن زۆر میهرەبانی. بیر لە هەنـدێك شـت دەکەیـەوە کـە بـۆ مـن یـەکجار گـرنگن. بـۆ نموونـە ئەم ورچـە بچـکۆلەیە.. رۆبـی هـەلْیگرت و خسـتییە باوەشـیەوە: " ئـەم ورچـە نـاو دەنـێم تامی بچکۆلْە سەیری ئەو چاوە قاوەییە جوانانەی بکە... پاشان گرت.

تـام هـاواریکرد: ئۆمـو، رۆیـی خۆزگـە بمتوانیایـە بـۆ هـەتا هەتایـە لـەم ژوورەدا لای تۆ بمێنمەوە.

پاشان بۆی دەرکـەوت کـە رەنگـە ئـەو هـاوار کردنـەی رۆبـی ترسـاندبێت. کچـەکە بـە ئارامی ورچەکەی لە خوارێ داناو لـە روخسـاری تـام رامـا:" چـی بـوو؟ کێشـە چـییە؟ تـۆ لە ناکاو زۆر هیوابڕاو هاتە بەرچاو..

تام گوتی:" بەڵێ هیوا براوم، کێشەی زۆرم هەن..

"ئۆمـو، پـێم بڵـێ، بـا یارمـەتیت بـدەم کێشـە چـییە؟ دەسـتەکانی تـام دووبـارە ئارەقیانی کردەوە بەڵام نـاو دەمـی وشـك ببـوو. هەسـتا تـاکو بـۆ خـۆی ئـاو لـە پـەرداخ بکات. ئاوەکـەی هـەموو خـواردەوە پاشـان ئـاوای گـوت... " تـۆ بـاوەڕ بـەم بەسـەرهاتە ناکەی. بـەڵام زۆر باشـە، بـۆت بـاس دەکـەم. ئایـا تـۆ تـاکو ئێسـتا بیسـتووتە سـەبارەت بەو منداڵانەی کە دەگـۆڕدرێن و بـە هەڵـە بـۆ مـاڵی دیکـە دەبـردرێن؟ " بـەڵێ پـێم وایـە لە مبارەیەوە جارێکیان لە رۆژنامە یان گۆڤارەدا بوو شتێکم خوێندەوە، بۆ چییە؟..

کوڵی گریان قـورگی تـامی کرتبـوو و قسـەکردنی بـۆ دژوارکردبـوو، هـەوڵی کوڵەکـەی قـوت بداتـەوەو ئـاوی زیـاتری خـواردەوە. ئـەو درێـژەی دایـە:" زۆر باشـە... پاشـان روخسـاری حاڵـەتێکی هیـوا بڕاوانـەی پەیـداکردەوە وازی لـە قسـەکردن هێنـا: " نـازانم چـۆن پێـت بڵـێم... برۆیـەکانی رۆبـی هەڵکشـان لـە ترسـان چـاوەکانی گـەورە ببـوون مەبەستت چییە؟ ناکا مەبەستت ئەو دەبێ کە بۆ خۆت ئەوەی کە تۆ...،

بـۆ ماوەیـەك توانـای نـەبوو وەڵامـی بداتـەوە، تـام ئانیشـکی خسـتە سـەر دەسـکی کورسـییەکەو نێـو چـەوانی گرتـە دەسـتی رۆبـی راپـەری و لەسـەر زەوی لەبـەردەم کورسییەکە بە چۆك داهات: "تام، تام، ناکا تۆبی، وانییە؟...

تـام لـە بـن لێوانـەوە بـێ ئـەوەی سـەیری وی بکـات گـوتی:" بـەڵێ " بێدەنگییـەکی درێژ خایـان بەرقـەرار بـوو. کاتێـك کـە سـەرەنجام تـام سـەری هـەڵبڕێ و تەماشـای رۆبـی کـرد، بینـی دەگریـا: "کوڕیژگـە داماوەکـەی مـن، کوڕێژگـە داماوەکـەی مـن، تـۆ نابـێ لەمـە زیـاتر قسـە بکـەی ئەگـەر حـەز ناکـەی دەتـوانی کاتێـك هاتییـەوە سـەرخۆ قسـەبکەی.. کاتێـك رۆبـی گۆنـای لـە گۆنـای وی خشـاند، تـام هەسـتی بـە تـەڕی برژانگـەکانی کـرد. هاوخـەمی و دڵسـۆزی وی بەرکـەوت و لـە ناکـاو بـۆی رەخسـا کـە تـەواوی ئـەو بەسـەرهاتە لـە بـاوەڕ نـەهاتووەی بـۆ بگێڕێتـەوە.." تۆقێنـەرە، وابیـە؟ ئەوەش کە بێژەری ئەم هەواڵە شـوومە لـە نێـو هـەموو خـەڵکی جیهانـدا راڵـف مـەکێنزی بێـت. تـام ئـەوەی گـوت و بێـدەنگ بـوو. بـۆ مـاوەی چـەند خولـەکێك رۆبـی بـە واقـی

ورِماوەوە لە جێی خۆی دانیشتبوو: " بەڵێ ئەو لە خۆتێهەڵقورتاندن لە ژیانی خەڵك چێژ وەردەگرێت. وا خۆی نیشان دەدا کە ئاگای لە هەورازو نشێوی ژیانی هەموو خەڵك هەیە. خوایە گیان، چ روداو گەلێکی سەیرو سەمەرە لە ژیانی خەڵکدا روو دەدات. تۆ ماوەی نۆزدە ساڵ بەم شێوەیە ژیاوی و رۆژێك پێت دەڵێن....

پاشان پە لە پیتکەی تەقاند و گوتی:. بە درێژایی ئەو ماوەیە تۆ لە شوێنێکی تر گۆڕاوی. مەزەندەی بۆم ئەستەمە. دە پێم بڵێ، دایکو باوکی تۆ، مەبەستم ئەوەیە کە باوکت چۆن قبوولی کردیەوە؟ ناتوانم مەزەندەی کاردانەوە یان بکەم، رەنگە ئەو رووداوە بتوانێت کاری مرۆڤ بەرەو شتیتر پەلکێش بکات. من ئەوای بۆ دەچم... " دایکم دڵشکاوە. بەلام ئەگەر ئاگات لە دەروونەکانی نەبێت، بیرێکی وا ناکەیەوە ئەو زۆر بەسەر خۆیدا زاڵە. ئەو چاوی خۆی دەنوقێنێ تاکو سوورابییەکەیان لە من بشارێتەوە. هەوڵ دەدات بەبروبیانوو هێنانەوە شتەکان بکاتە شیاوی قبوولکردن ئەگەری ئەوە هەیە تۆ سەرو کارت لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا هەبووبێت. تۆ خۆ بە دوورگرتنی ئەوان دەقەیە بەرستایشەوەو لە هەمان کاتیشدا تووشی سەرلێشوان و شێت دەبێ...

"باوکیشت ئایا ئەو....... "

تام گوتی: " تۆمو، بەڕاستتر شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەبوو. باوکی داماوم تاکو دوایین هەناسە نەچووە ژێر بارەوەوە دوایین وشەی کە بە منی گوت ئەوەبوو:" ئەو قسانە کۆمەڵە درۆیەکی تۆ قێنەرن.تام، رێگە مەرد بە بێ ئاقڵن بزانن، تا رادەیەك دوایین وشە بەر لەوەی ئەوان.....

نێو چاوانی رۆبی گرژ بوو، ئەو گوتی: بەلام ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەو لەسەر هەق بووبێت؟..

تام ئاخێکی قووڵی هەڵکێشاو وەلامی دایەوە: " خوایە گیان، ئاواتە خوازبووم کەوابێت، نا وانییە، من تا ئەندازەیەك دڵنیام کە باوکیشم راستییەکەی دەزانی، تەنیا نەیدەویست قبوولی بکات، بۆیە بەردەوام ئاوای بە خۆی دەگوت تا ئەو جێیەی کە کارەکەی گەیشتە کە کارەکەی گەیشتە نکۆڵی کردن. گوێ بگرە، ئێمە دوو هەفتەی تەواو بۆ ئەنجامدانی

تاقیکردنـــــەوەی پزیشـــــکی هاموشــــۆی نەخۆشــــخانەمان کــــرد. تاقیکردنــــەوەی خــوێن، تاقیکردنــەوە لەســەر مــاوەی جێنێشــنێکی دی، ئــێن، ئــا. و میتــۆ میتــۆ کۆنــدریای خانــەیی ڕێــك بــە هــەمان شــێوازی کــە لــە ڕێگایــەوە ئێســکە پەیکــەرەکانی ژولیــۆس ســێزاریان ناســییەوە. تــەواوی ئــەو شــێوازە زانســتیانە. پاشــان ســەبارەت بــە منــداڵی دووەم گرفتێــك هــەبوو. ئــەو کەســێك هاوتەمــەنی من بوو، تووشی هەمان نەخۆشی تیمی ببوو.

ســەرگەردان و سەرســام دەکــات؟.. تــام بــۆ ڕای ڕۆبــی چــەمایەوە و قــژە پــڕو جوانــەکانی لەســەر دەمــوو چــاوە بچــووك و نیگەرانــەکانی لاداو گــوتی:" مــن بــەرە بــەیانێکی زۆر ســەخت و دژوارم تێپەڕانــدووە. کاتێــك کــە لــە بــە خەبــەربوون و زینــدوو بــوونی خــۆم هەســتم بــە پەرۆشــی دەکــرد. ئەمــە بــە ڕاســتی دەڵــێم. ڕۆبــی ئــەوەی کــە تــاکو ئێســتا بەســەرپێ ڕایگرتــووم، هیــوای چاوپێکەوتنی تۆو دەردی دڵ کردنە لەلای تۆ.

"تــامی ئــازیزی خــۆم، ڕۆژانێکــی چــەند ئەســتەم و ناخۆشــت بەســەربردووە."

" بــەڵام هێشــتا چــیرۆکەکە تــەواو نــەبووە... تــام بــە ئــارامی قســەی دەکــرد و ئاگــای لــە گەڕانــەوەی گەشــبینی ئاســایی خــۆی بــوو: " ئــەو کەســانە داوا لــە مــن دەکــەن... مــن بەڕاســتی نــازانم کــە ئــەوان چــییان لــە گیــانی مــن دەوێــت. پــێم وایــە داوام لێدەکــەن کــە وەکــو دایکــو بــاوکی خــۆم بیــان ناســم، هــەر ئەوەنــدە بەڵام تۆ ئەمەت ناوێ؟.

رونــا، نــازانم چــۆن ئــەم ڕاســتییە قبــووڵ بکــەم. ئــەوان منیــان خســتۆتە ژێــر گوشــارەوە تەنانــەت دایکیشــم وا دەکــات. چــاوەڕوانم لێدەکــەن کــە ئــەمڕۆ بــۆ دیــدار لــە ماڵــێ لەگــەڵتان بم هــەر بۆیــەش لــە ماڵــێ ڕام کــرد. ڕەنگــە تــۆ بتــوانی ڕێنمــایم بکــەی، یــانی وا ئومێــدەوارم، لەبەرئــەوەی پێویســتیم بــە ڕێنمــایی کردنت هەیە؟.

" ئەوان کێن؟"

"زۆر باشــە. دنیایــەکی بچــکۆلەیە. هــەروەکو ئــەوان دەڵــێن. ئایــا شــارەزای ئــەو فرۆشــگایە چــەند نهۆمییــەی کــە تــەنیا ســێ کیلۆمــەتر مەودایــەتی لەگــەڵ ئێرە؟..

"ئەڵبەتــە، فرۆشــگای کرافیلّــد. مــن لــەوێ پــەردە نوێیــەکانی ژوورەکــەم و کراســی نوســتنم کڕیــوە ئــەو فرۆشــگایە هــەمان ئــەو جێگایەیــە کــە ئــەوان کــاری تێدا دەکەن یان لانی کەم مێردەکەی کاری تێدا دەکات؟.

" نا، ئەوان لەوێ کارناکەن، خاوەنی ئەو فرۆشگایەن..

"خــاوەنی ئــەو فرۆشــگایەن؟ خــاوەنی ئــەو فرۆشــگای کرافیلّــد و خــاوەنی سەرەکین؟..

"بــاپیرەی مێردەکــە دامەزرێنــەری بــوو، پــێم وایــە ئێســتاش خۆیــان خــاوەن نــین.. رۆبــی بــە واقــی وڕمــاوەوە گــوتی: " بــەلاّم ئــەوان جوولەکــەن. هــەموو کەس دەزانێ کە ئەوان جوولەکەن. ئەوان ناتوانن دایکو باوکی..."

"ئومــە، بــەلاّم ئــەوان دەتــوانن، بــەو شــاندی منــیش ئەمەیــە، بەشانســی مــن، رۆبــی.. رۆبــی لــە کاتێکــدا کــە لــە تــام رامــابوو، گــوتی: "مــن بڕواناکــەم، باوەڕ ناکەم...

"بــەلاّم ئــەوە راســتییە... رۆبــی لــە جێــی خــۆی راپــەڕی و پــاڵی بــە لاشــپانی پەنجەرەکە دایەوەو، هێشتا هەر تیی رامابوو:

" ئەمــە مــومکین نییــە، تــۆ نــاتوانی جوولەکــەیی.. تــام بــە پەرۆشــەوە گوتی.. تۆ و باوکی داماوی من...

ڕۆبی گوتی:" جوولەکەیەك؟"

تــام بینــی کــە ئــەو دەلــەرزێ، رێــك وەکــو ئــەو حاڵەتــەی کــە بــۆ خــۆی بــە بیســتنی ئــەو هەواڵــە لــەرزیبوو. قــۆڵ و قاچــەکانی ســســت ببــوون وا دەهاتــە بەرچــاو کــە خەریکــە دێ لــە ســینگی دێتــە دەرێ. ئــەو ئــەو رۆژە کــە دایــە بــانگی کردبــووە لای خــۆی و هــەموو شــتێکی پــێ گوتبــوو. ئێســتاش بــە دەرك کردنــی ئــازاری رۆحــی و جەســتەیی رۆبــی، تــام ویســتی ئــارام بێــت و رۆبــی هێــور بکاتــەوە: منــیش تووشــی هــەمان حــاڵی تــۆ بــووم، مەترســە، مــن رێگــە نــادەم کــە شــتی ئــەوا ژیــانم لێ تێــك بــدات. ژیــانی ئێمــە.. رۆبــی دووبــارەی کــردەوە: " چۆلەکەیەك؟ تۆ؟ چ هەستێکت هەیە؟.

" چ هەســتێکت هەیــە؟.. پرســیارێکی ســەیربوو: " بەڕاســتی هەســت بــە هــیچ ناکــەم، شــتێك کــە شــایانی بــاس بێــت. جگــە لــە وشــەی حەپەســاو و

سەرسوڕمان، شتێکی دیکە بۆ وەسفکردن نادۆزمەوە. کۆمەڵە کەسێك هاتن و وایان پێ گوتم. هەر ئەمەو بەس. بە هەمان شێوەیەی کە من بە تۆم گوت..

" بەڵام تۆ دەبێ ئێستا هەستێکی جیاوازت هەبێ.. ئێستا دەنگی هاوڕێ لەگەڵ ئاوازێکی نائاشنا بوو.. جیاواز؟ نا، لە دەروونی مندا هیچ شتێك نەگۆڕاوە. من هەر بۆ خۆمم. ئەوەی کە هەمیشە هەبووم، بایەخی پێنادەم کە خەڵکانی تر چی دەڵێن.. " بەڵام بانگەوازێکی دەروونی پێم دەڵێ کە تۆ پێشتر هەموو ئەو بەسەرهاتەت زانیوە و لێت شاردومەوە... فرمێسك خزانە چاوەکانییەوە تام بەسەر سوڕماویەوە گوتی: " خوایە گیان، رۆبی ئەوە چی دەڵێی؟"

" تۆ ئەمەت دەزانی و دەترسای بە منی بڵێی...

" خوایە گیان، سوێند دەخۆم کە رێك راستیم پێ گوتوی. ئەگەر گەرکم بوایە لێك بشارمەوە، بۆ ئەمڕۆ ئاشکرام دەکرد؟ رۆبی وەڵامی نەدایەوە کاتێك کەتام بەرەو وی هەنگاوی نا، رۆبی پاشە پاش کشایەوە پاڵی بە دیوارەوە دا. فرمێسکی بە چاواندا هاتن خوارو گلانە سەر گۆنەکانی. تام بە پاڕانەوە پرسیاری کرد: گوتی بۆمن بگرە، یارمەتیم بدە، من پشتم پێ دەبەستێ.

دیسانەوە رۆبی وەڵامی نەدایەوە، گۆڕانێك دروست ببوو. شتێك کە ئەو لە چاوەکانی رۆبی دا دەیدیت خەم و داچلەکین نەبوو، بەڵکو کین بوو، تام ترسا دووبارە پاڕایەوە:" من تامم، هەمان ئەو تامەی پێنج خولەك بەر لە ئێستا گوێت گرت بۆ بەسەر هاتەکەم... دیسانەوە هەولێدا زەردەخەنە بکات. زەردەخەنەیەك بە نیشانەی پۆزش خواستن لەسەر لێوەکانی نەخشا. وەکو ئەوەی هەموو ئەو شتانە گاڵتەیەکی بێ ئاقڵانە بووە. رۆبی گوتی: تۆ فێڵت لێکردم، تام من ئێستا رقم لە خۆمە...

تام نەیدەتوانی باوەڕ بە قسەکانی بکات دووبارە دەستی بۆ درێژ کردووە: " وەرە ئێرە دەستم بگرە، دەستی من خاوێنە، بە سۆزە، دەستێکە کە بە نەرمی تۆی لاواندۆتەوە خۆشی دەوی...

" بێــدەنگ بــە. ئایــا ناچــاری دووبــارە ئــەو شــتانەم بەســەر چــاواندا بدەیــەوە؟ پێــت وایــە قــەت لــە خــۆم دەبــووم؟ " دەســتی کــرد بــە گریــان.. چــی بە خەڵك بڵێم؟ ئێستا چی بکەم...

" تــۆ بــە خــەڵك دەڵێــی کــە مــن هــیچ تــاوانێکم ئــەنجام نــەداوە. هاوڕێیەتیمان وەکو جاران بەردەوام دەبێت..

" ئــەم کــارە پێوەنــدی بــە تاوانــەوە نییــە گــرنگ نییــە داخــۆ تــۆ کارێکــت ئــەنجام دابێــت یــان نــا، کێشــەکە خــودی تــۆی. پێویســت بــە رونکردنەوەیــەکی دیکە نییە. دەزانی باسی چی دەکەم...

بــەڵێ، بــەڵێ، ئــەو دەیزانــی بــەڵام ئەمــە بابــەتێکی جیــاواز بــوو. لــە کاتێکــدا کــە قــۆڵی لــە دەوری کچــەکەدا ئاڵتــە دەکــردن، بــەرەو لای خــۆی راکێشــاو نــاوی خســتە ســەرزمان: " رۆبــی، رۆبــی، ئازیزەکــەم. بــەم شــێوەیە. قســە مەکــە ئــازیزم. رۆبــی هێنــدە بــە قــایمی پــاڵی پێوەنــا کــە تــام پاشــەوپاش کشایەوە و هاوسەنگی خۆی لە دەست دا.

بــە تــرس و نائومێدیــەوە پشــتی کورســیەکەی گــرت و هــاواریکرد:" ئەمــە تــۆ نــی، چــی رویــداوە؟ بۆچــی بــەم شــێوەیە ســەیرم دەکــەی؟. مــن هــەر ئــەوەم کــە هــەم ئایــا پێــت وایــە کــە بــۆمن دەگونجــێ کــە بــە بیســتنی ئــەم بەســەرهاتە وەکــو جــاران ســەیرت بکــەم؟ چــۆن وا بیردەکەیــەوە؟.. تــام بــێ هیــوا بیروبەوپــەڕی نائومێدیــەوە هــەولی دەدا بەڵگــە بهێنێتــەوە ! " گــوێ بگــرە، گــوێ بگــرە، مــن هــەمان تــامم، ســەیری دەمــوو چــاوم بکــە، دەســتەکانم، مــن هــەر مرۆڤــی جــارانم، ئــەوان هێمایــەکی تازەیــان لــە مــن داوە، هــەر ئەوەنــدەو بــەس. چــۆن کــەوە دەتــوانێ مــن بگــۆڕێ، رۆبــی خــۆ تــۆ منت خۆش دەویست....

" رابــردوو تێپــەڕیوە، بــیر لــە ئێســتا بکــەوە.. " مــن بەشــێك بــووم لــە بــونی تــۆ، ئێمــە هــی یــەکتری بــووین، پێکــەوە کارمــان کــرد. تــۆ رێــزت بــۆ دادەنام، سەد جار ئەمەت گوتووە...

" خــۆ ئــەو بەســەر هاتــەم نــەدەزانی؟ هــەموو ئــەو شــتانە بانگەشــەی درۆیــین بــوون.. " بــۆ تەلــەفۆن بــۆ جــیم جۆنســۆن ناکــەی، ئێمــە دەتــوانین

پێکەوە بچینە لای ئەو و قسەی لەگەڵدا بکەین. ئەو پیاوێکی ژیرە. ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات. ئەو هەلومەرجی من دەرك دەکات...

" بۆ ئەقڵت بە دەست داوە؟ ئەو ئامۆژگاری من دەکات کە بە زووترین کات خۆم لە دەستی تۆ قورتار بکەم...

تام شێت ببوو و زەق زەق تەماشای ئەملاولای دەکرد. دەتگوت بۆ بریاردان بە دوای شتێکدا دەگەڕێ. لەسەر قەنەفە چاوی بە بەرگێکی کتێبی هیتلەر کەوت. بەرەو ئەوێ رۆیشت و کتێبەکەی هەڵگرت. رۆبی بە چاوان بە دوایەوە بوو. تام بە هێواشی گوتی: " کەواتە تۆ، ئەگەر ئێمە لەو سەردەمەو لەو شوێنە ژیاینایە دەتدامە دەستی ئەوان تاکو بمکوژن...

" پرسیاری لابەلا مەکە. خۆ من ئێستا تۆم نەکوشتووە؟ کوشتومی؟...

" تۆ خەریکە بەرە بەرە دەمکوژی... رۆبی لە کاتێکدا کە شانی هەڵدەکاندن گوتی: " ئێمە بەم قسانە بە هیچ کوڵی ناگەین. ئەم بەسەرهاتە هەستیارە حاڵم دەشوێنێ.....

" جا خۆ ئەمە بەسەرهاتێکی هەستیار نییە، ژیانی راستەقینەیە.. ئێستا ئەوانە کەوتبوونە بەرامبەری یەکتری، وەکو دوو کەس کە لە شوێنی نەناسراودا چاویان بە یەکتری دەکەوێت و لە ناسنامەی یەکتری دڵنیانین. پاشان لە ناکاو رۆبی هەڵچوو و بە هاوارێکی وەکو سوکایەتی پێکردن گوتی: " کرافیلد، دایکم بە بیستنی ئەم بەسەرهاتە خۆشحاڵ نابێت، ئەگەر بزانێ کە تۆ دەستت لێداوم، دەمکوژێت و دوای ئەوەش من. رێگای کاری ئاوام بە تۆ داوە...

تام سەیری چاوە پڕ لە قینەکانی و دەمە خوارەکەی کرد. وای هاتە بەرچاو کە دنیا هەموو شێت بووەو ئاوای گوت: " دنیایەکی شێتەو تۆش شێت بووی... تۆ وا بیر دەکەیەوە. من کەسێکی تەواو ئاقڵم و باشتر وایە کە ئەمە لە گوێت بچەقێنێ. ئێستا ئێستا چیت دەوێ؟ وا باشترە بە زوترین کات ملی خۆت بشکێنێ و لێرە بڕۆی،

تێگەیشتی؟... ئێستا رۆبی دەیقیژاند، بە جۆرێکی وا کە رەنگە دراوسێکانی قاتی خواریش گوێیان لە هات و هاواری بوبێت. ئێستا کەسێك دێتە پاش دەرگاو لە دەرکە دەدات. تام دەستی بۆ جانتاکەی بردو هەڵیگرت. رۆبی بە چاوی پڕ لە قینەوە تەماشای دەکرد. تام بەرامبەر رۆبی کێشەی کەوتە دڵەوە بۆی دەرکەوت کە چۆن مرۆڤێکی پەیڕەوکار لە یاسا لە ساتە وەختی شێت ئاسادا دەتوانی توشی پیاو کوشتن ببێت. وا باشتر بوو کە بە زوترین کات ملی خۆی لێربشکێنێ و بڕوات. جانتاکەی هەڵگرت و بەروو دەرگا رۆیشت. رۆبی گوتی: " راوەستە، ئەمەش بگرە... ئەوسا ورچەکەی دایە دەست، تامی بچکۆڵە، بەو چاوە قاوەییە جوانانەوە. تام بە بێ کردنی یەك قسەش ئەویی بەجێهێشت ئەمە چ هەستێك بوو کە ئەوی خستە سەر شارێ تاکو بە زوترین کات بەرەو ماڵ بڕواتەوە؟ رق لێبوون چەندە سادەو هەمدیسان شتێکی دیکە لە ئارادا بوو تۆڕەیی و قین و کەسەر. کامەیان توندوتیژی زیاتریان هەبوو؟ ئەو نەیدەزانی ن تەنیا ئەوەی دەزانی کە بوونی لەبەریەك هەڵوەشاوە و بەسەختی کەوتۆتە سەر زەوی. ئەوەی کە لە نائومێدی تەواودا بەسەردەبات رۆبیی وی، ئەو وای دەزانی کە بە باشی دەیناسێت. تام گریا، ئاواتە خوازبوو کەس نەبینێت، ئەگەری ئەوە هەبوو کە بە هەڵە بە تاوانی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە کاتی سەرخۆشی دا قۆڵپەستی بکەن. ئۆتۆمبێلەکەی وا لێخوڕی. لە کاتێکدا کە چەند کاتژمێرێکی تریش رێگا لە پێش بوو. ئەو بەرەو ماڵێت دەچوو کە سەردەمانێك هی ئەو بوو، دیسانەوەش وەلأم دانەوەی تاوانێك بە تاوانێك هەموو ئەو کێشانە بە هۆی ئەو ماڵە نەفرەت لێکراوەی کرا فیلێرە هاتبوونە ئاراوە. بەلأم ئەو شوێنێکی تری نەبوو بۆ چوون. لە ناکاو هەستی بە برسێتی کرد. لە چێشتخانەیەکی سەر رێگا لای داو داوای هەمبەرگەر پەتاتەی سوورکراوەی کرد سەرەڕای ئەوەش کاتێك قاپیان لەبەردەمی دانا، ئیشتیای خواردنی نەبوو، شاگردی چێشتخانەکە ئافرەتێکی گەنجی ماندووبوو پرسیاری کرد خواردنەکەی

کەموکوڕی هەیە، تام گوتی، نا هەلاّم کرد. تەنیا ئەوە... پاشان لە کاتێکدا کە پارەی خواردنەکەی دەداو شاگردانەش بەجێدەهێشت، لە ناکاو پرسی:" مندالّت هەیە؟..

" بەلێ... ژنەکە بە حالّەتێکی بە گومانەوە پرسی:.. جا چ پەیوەندی بە تۆوە هەیە؟..

تام گوتی:" نیگەران مەبە، نەمدەویست خۆ لە کاری تۆ هەلّقورتێنم، تەنیا دەمویست... خولەکێت چاوەڕێ بکە...

چووە لای ئۆتۆمبێلەکەی بە خۆی بە ورچە بوکە شوشەییەکەو گەڕایەوە. گوتی:.. ئەمە بۆ مندالّەکەت ببەوە. ئافرەتەکە بە دیتنی ئەو ورچە گرانبەهایە سەری سوڕمابوو دەستی کرد بە پۆزش هێنانەوە:.. نەمدەویست وەلاّمی توندت بدەمەوە، بەڕاستی لوتفت نواند، مەبەستم ئەوە نەبوو کە....

رونا، گرنگ نییە، تۆ دەبێ وریابی کەس رەخنەت لێناگرێ. دنیا ئەوەیە ئیدی ن خەلّك دەبێ هەر ئەوەبن..

پاشان بە غاردان چێشخانەکەی بەجێهێشت نیگای ئافرەتەکە بەسەرسورمانەوە بە دوایەوە بوو. دووروپەری شەو بوو کە تام گەیشتەوە مالّ و ئۆتۆمبێلەکەی لە گەراج راگرت. مالّێ تاریك بوو. جگە لە گلۆپی بن میچی سەر پیانۆکە. ئەو شوێنەی کە دایکی خەریکی پیانۆ ژەنین بوون رۆناکیەکی دیکە بەرچاو نەدەکەوت. بە بیستنی پارچە مۆسیقای سەرگەردانی دەپرسی، تام بۆی دەرکەوت کە ئەو لە قولاّیی دلّەوە خەمبارو دلّتەنگە ئەو کە ئامادەیی تێدا نەبوو. بچێتە ژوورێ لەسەر قادرمەکانی هەیوانێ دانیشت.

شەو تاریك بوو و ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە. لە ئاسماندا دیمەنی فەلەکی و حەوتەوانەی گەورەی دیت و لەو پەڕیشەوە، جیهانێکی ترو هەمدیسان کۆمەلّە جیهانێکی نەبینراو. نەناسراوی دیکە. چاوەکانی وی بڕانە ئەو هەزاری خالّە ورەشاوەو نەناسراوو دورانەو پاشان سەیری حەوشە چۆلەکەی کرد. ئەو شوێنەی کە بالّندەیەکی بێ ئاگا ئاوازێکی خەماوی دەچڕی. دنیایەکی شێتە تام دووبارە ئەو گۆڕانەی هێناوە یادی خۆی کە لە رۆبی دا رویدا بوو. رۆبی سوکایەتی پێکردبوو. رۆبی وی ! رقی لێبوو. دەموچاوی خوێناوی باوکی بەبیر خۆی

هێنایــەوە. ئەنــدامێکی بنەماڵــەی رایــس ببــووە ئەنــدامێکی بنەماڵــەی کرافیلــد. کرافیلــدێکی نــەفرەت لێکــراو ئــەو رۆژەوە کــە مــەکێنزی ئــەو هەواڵــە تۆقینــەوەی هێنا هەموو شتێك بــە خراپــی بەڕێوەچــووبوو. لــەپاش ماوەیــەك تــام لــە جێــی خــۆی هەستا. بە ئــارامی قۆڵــەی دەرگــای پشــتەوەی کــردەوە خرایــە نێــو ژوورەکــەی خــۆی. دانیشت و هەوڵیدا بیربکاتەوە، بەڵام بیرێکــی بــە مێشــکیدا نــەهات جگــە لــەوەی کــە دڵنیــابوو کــە ئــیتر نــاتوانێ بگەڕێتــەوە بــۆ زانکــۆ. ئــەو نەیــدەتوانی لــە نێــو راڕەوی کۆلێژدا روبەڕوی رۆبی ببێتەوە یــاخود لــە دەرەوە چــاوی پێــی بکــەوێت یــانیش گــوێی لە دەنگی بێــت. لەســەر مێــزی پــەنا قەرەوێڵەکــەی وێنــەی رۆبــی لەســەر بــوو. رۆبــی لــەوێ راوەســتا بــوو و بــە روویــدا پێدەکــەنی. ددانــی جــوان و مــرواری ئامــاو قــژە سـپێردراوەکانی بــەردەم بــاوە نمــایش دەکــرد. ئــەو کاتــە چــەندە خۆشــحاڵ بــوو و لــە ناکاو چەندە بێ بەزەیی و توندو تیــژ ببــوو. تــام بــە جوڵەیــەکی پــڕ لــە قینــەوە چــوار چــێوەی وێنەکــەی هــەڵگرت و بــە زەویــدا دا. شوشــەی چــوار چــێوەکە شــکا. پاشــان وێنەکــەی لــە نێــو چــوار چــێوەکە هێنایــە دەرێ و کردیــە دوو کــەرت، پاشــان چــوار کــەرت و هەشــت و ئەوســا ورد وردی کــرد. شــایانی ئەمــەی، خۆزگــە رۆژێــك دابێــت کــە ئــەوەت بەســەر بێنێــت کــە تــۆ بەســەر منــت هێنــا. مۆســیقایەکی خــەیاڵی و گەشــگەرەوە لــە خــوار قادرمەکانــەوە بــەرگوێ دەکــەوت. لــە ناکــاو بچــڕا. تــام گڵۆپەکــەی کوژانــدەوە و دەرگــای ژوورەکــەی داخســت. بــەیانی کــاتی پێویســتی دەبێــت. تــاکو هــۆی گەڕانــەوەی بۆمــاڵ بــۆ دایکــی رۆن بکاتــەوە دەســتێك بــەردەرگا کەوت. ئەوسا دەنگی دایکی لە پشت دەرگــا بیســترا، تــام، گــوێم لــە دەنگــی پێیانــت بوو. هێشتا نەنوستوی دەکرێ بێمە ژوورێ..

تام بەدرۆ گوتی: " دایە تازە خەوم لێکەوتبوو...

لــۆرا دەرگــای کــردەوە و گڵۆپەکــەی هــەڵکرد، ئێســتا دەیتــوانی کــەرت و پــەرتی وێنــە دڕاوەکــە لەســەر زەوی ببینێــت و دەبوایــە تــام بــۆی رون بکاتــەوە. دایــە بــە شــێوەیەکی بــە ســۆزەوە ناچــاری دەکــرد کــە بــۆی رون بکاتــەوە. بــەڵام دایــە هــیچ ئاماژەیەکی بەوە نەکرد. گەرچی لە پێش چادانیشــت بــوو، لــە بــری ئــەوە بــە کــەمێك سەرســوڕمانەوە گــوتی !" بــە گــوێرەی یاداشــتەکە مەزەنــدەم کــرد بــە بەلایــەنی کەمەوە چەند رۆژێك لە ماڵێ دوور دەبی..

" به داخەوە دایە، کارێکی دروستم نەکرد. مەبەستم راکردنە لە ماڵێ. تەنیا هیوادار بووم کە دەرك بەو زۆرە ملێیە بکەی کە ئەو کارەی پێکردم.. " دەرکم کردووە....

سەبرو خۆ راگری دایە بووە هۆی ئەوەی کە تام زیاتر بەزەیی پێدا بێتەوە، زیاتر خۆی بە گوناهبار هەست پێ بکات کە ئەوەندە رەنج و ئازاری بۆ خولقاندووە.

"پێویست بەوە نەبوو بەو شێوەیە بخرێتە نێو ماڵ، ئایا حەزناکەی دەردەدڵ لەگەڵ مندا بکەی؟ پێت وابوو رقم لێت هەستاوە؟...

" مەسەلەکە ئەوە نییە، دایە. نەمدەویست لە خەو راست بکەمەوە...

لۆرا زەردێکی هاتێ و گوتی: تام، تۆ ناتوانێ من فریو بدەی، هەروەکو چۆن کە من ناتوانم، ئەگەر قسەیەك ناکەم بەو مانایە نییە کە ئاگام لە هیچ نییە. تام زەردەخەنەیەکی کاتی کردو گوتی: " مەبەستت کەرت وپەرتی وێنەکەی سەر زەوییە؟ زۆر باشە، من لەگەڵ هاورێ کچەکەم تێکم دا، دەمە قاڵێکی قورس لە نێوانماندا دروست بوو و هەموو شتێك کۆتایی پێهات...

بەداخەوە، ئایا ئەو کچە لە رادەبەدەر بوو؟.. پەنا، بەدیارکەوت کەوا نەبوو. جاری وایە مرۆڤ بە هەڵە دڵی خۆی دەداتە کەسێك و کاتێك کە ئەو لە خۆیت دوور دەخاتەوە، دڵت بریندار دەبێت. تۆ لەوەی کە خراویە بەر نەفرەتەوە، هەست بە ئازارێکی گیان پرۆکێن دەکەی....

لە کاتێکدا کە تام بەتەواوی ئاگاداری تاڵی قسەکانی بوو، درێژەی دایە:" کاتێك کەسێك روت لێوەر دەگێرێ و لێت دوور دەکەوێتەوە، ئەمە هەستێکی چەند خراپە...

"بەڵێ وا دێتە بەرچاو کە دنیا کۆتایی پێهاتووە...

" دایە، تۆ چۆن شتی وا دەزانی؟ تۆ کەڤەت...؟ " خەڵکانی لە تەمەنی تۆدا لەبیریان دەچێت کە رۆژگارێك هەموو کەس گەنج بووە...

تام لە ناکاو هاواریکرد:" تۆ دایکێکی باش... و لە کاتێکدا کە بۆ خۆشی سەری لەم کولێنەی هەستەوەری سورمابوو، درێژەی دایە: " ئەوەش کەوا بیر دەکەمەوە کە تۆ دایکی من.... "

تام ئیتر نەیتوانی هیچ قسەیەکی تر بکات، بەڵام من دایکی تۆم و بۆ هەتا هەتایەش بە دایکت دەمێنمەوە... چاوەکانی لۆرا پر بوون لە فرمێسك. پاشان پێکەنی و بە پشتە دەستی فرمێسکەکانی سڕینەوە. بەم دواییانە فرمێسکێکی زۆرم رشتووە، وا نییە؟..

پاشان سەیری زەوی کرد. "ناتەوی بلێی کەچی روویداوە؟...

"بەسەر هاتەکە درێژە، ئەو لە مەسەلەکە گەیشت، یانی من پێم گوت، سەبارەت بە خۆم، بنەماڵەی کرافیلد و هەموو کێشەکان.. "تێدەگەم، ئەو زانی کە تۆ لە ژنێکی جوولەکە لە دایکبووی..

"دایە بەم شێوەیە قسە مەکە، تکات لێدەکەم، "مەزەندە دەکەم ئەو لەوە تێگەیشت تەکەئیدی تۆ هی بانگەوازی سەربەخۆیی نی. زۆر باشە پێم وایە کە تۆ هەرگیز هی ئەوێ نەبووی. ئەو هەواڵنامە چەپەڵەو نەفرەتاوییە تەنیا بە کەڵکی کوکلوس کلان دێت و بەس..

تام لە رووی ماندوبونەوە ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:" منیش هەروا مەزەندە دەکەم، بەڵام باوکم...."

"کاتێك کە لە خێزانی مندا کەسێك دووچاری هەڵەیەك دەبێت من دانی پێدابنێم.. " دایە، خۆزگە باوکم سەر بە گرووپێکی دیکە بوایە. بریا پەیوەندی بە کوکلۆس کلانەوە نەبوایە. ئاخر زۆر ئەوم خۆشدەویست.. "ئەگەر ئەو سەر کلۆکۆس کلان نەبوایە، بۆ تۆ باشتر بوو، ئیدی نالێم کە بۆ خۆشی باشتر بوو. ئەو بەمە ناوی خۆی نەڕاند...

تام گەرەکی بوو دایکی بێدەنگ ببێت ئەو ئاژاوەیە. مێشکە ماندووەکەی پەرێشانی دەکرد. ئەو گوتی:" دەرگا کراوەتەوە تیمی لە خەو هەڵدەستێنێ..

" ئەو لێرە پنییە، تاکو یەکشەممەی داهاتوو لێرە دوور دەبێت..

" دوور دەبێت؟ بۆ کوێ چووە؟... "بنەماڵەی کرافیلد لەگەڵ خۆیاندا بردویانەتە قەراغ دەریاچە..

تام واقی وڕمابوو، وای هاتە پێش چاو کە ئەگەری روودانی هەر رووداوێکی گاڵتەجاڕی هەیە. "بەڵێ، ئێمە نیوەڕۆ نانێکی خۆشمان پێکەوە خوارد. هولی بەرامبەر بە تیمی زۆر لوتفی نواند. ئەو کچێکی زۆر خۆشەویست و لەبەردڵانە.

رالــف. ســیته مــەکێنزی — یــش پاشــان هاتــە نێــو کۆڕەکەمانــەوە و لەبەرئــەوەی کەئەو چاکی دەناسـێت و وا دەهاتـە بەرچـاو کەلەگـەڵ ئـەو پێشـنیارەدا هـاوڕا بێـت، من ڕێگەم بە تیمی دا تاکو لەگەڵیاندا بڕوات...

" بــۆ خۆشــی حــەزی لێبــوو لەگەڵیانــدا بچــێت؟ " ئەڵبەتــە، ئەگــەر حــەزی لێنەبوایـە. نەمـدەنارد. دەمنـارد؟ ئـەو زۆر کـەیفی بـەو بنەماڵەیـە هـاتبوو. دێتـەوە سەرخۆ...

کـەیفی بـەو بنەماڵەیـە هـاتبوو، ئێسـتا خەریکـە ئـەوان دزی دەکـەن نێـو ژیـانی ئێمــەوە براکــەم لەگــەڵ خۆیانــدا دەبــەن، دەڵێــی کەوتوینەتــە داوی هەشــت پێــوە، ڕێگای هەڵاتن نییە.

کەواتــە ئێســتا وا دێتــە بەرچــاو کــە هــەردووکتان بوونەتــە لاگــیری ئــەوان، تــۆو تیمی..

" وا گەمژە مەبە، لێرەدا لاگیری لە گۆڕی نییە...

تام لــە کاتێکـدا کــە ددانــی لــە چـیڕەوە دەبــردن، گــوتی: " رقــم لێتانــە، خۆزگــە دەتزانــی کــە چــەند لێیــان بێــزارم و نامــەوێ چــاوم پێیــان بکــەوێ، هــەرگیز " زۆر باشــە، ئێمــە دەتــوانین کەهــەر کاتێــك ئــارەزووت لێبــوو لــە مبارەیــەوە قســەبکەین. جارێ درەنگــەو ئــەم بابەتــە ئەوەنــدە قــووڵ و ئالۆزەکــە بــە کــەڵك قســەکردنی ئێســتا نایە. شەو شاد تامی ئازیز...

تــام دەیویســت بــە سوچــێك گۆشــەگیر بێــت. ئــەو بــۆ ماوەیــەك لێــرە نیشــتەجێ دەبێــت. وای مــەڵێن بــە خۆیــدا کارەکــانی بــاد ئــەنجام دەدات. خزمــەتی باخچــەکە دەکات. شوێنی باد دەگرێتەوە. شوێنی بـاوك بـۆ تیمـی دەگرێـت، لـە بەشـی زانسـتی بــۆ شــاییگەری درێــژە بــە خوێنــدن دەدات و هــەر کاتێــك هەســت بــە ئامــادەیی لــە خۆیــدا بکــات کارێــك دەدۆزێتــەوە، کــارێکی ســادە لــە ســێرەخانەیەك[٢٢] وپاشــان دوورتــرین شــوێن هەڵدەبــژێرێ و بــە دوور لــە خــەڵکی ژیــانێکی راهیبانــە دەگرێــت بەر. بەڵێ، ئەو دەیزانی کـە شـتی لەمـە خـراپتر دەتـوانێ ژیـانی مرۆڤێـك بخاتـە ژێـر هەڕەشــەوە بــۆ نموونــە. سبســتێك فیــبرۆزیس، منــداڵێکی وەکــو تیمــی کــە بــەردەوام

---

٢٢- ئەو شوێنەی کە تێیدا چاودێری گۆڕانکارییە فەلەکەیەکانی دەکرێ . وەرگێڕ

ژیانی له هەرەشەدایە، بەڵام بە ئاگابوون لە ئازاری خەڵکانی تر دەردت تیمار ناکات. لە ناکاو روخساری مارگریت کرافیلدی هاتەوە پێش چاوان. روون و ئاشکرا لە نێو تاریکی ژوورێدا، بۆچی روخساری وی بە هەموو وردە کارییەکانەوە بەو شێوەیە دەهاتە خەیاڵییەوە؟ دەتگوت تام بە ئەنقەست دەیویست لەبیریدا تۆماری بکات. خوا دەزانێ کەوانەبوو. گوارە ئاڵتۆنەکەی لەسەر شێوەی سەرەف، یەکێکیان نادیار بوو لەبەرئەوەی قژی ئافرەتەکەی کەوتبووە سەر. گۆنا خڕو گۆشتنەکانی، چاوی خەماوی، خاڵی سەر لێویشی بە رەنگی قاوەی بوو...

نەفرەت لەو پەرستیارە بێزار کەرانەی نەخۆشخانەکە منیان خستە شوێنی ئێستا؟. لەگەڵ ئەوەشدا دەنا، نەفرەتیان لێنەبێت. لەبەرئەوەی هەزار جار پێم باشتر بوو لێرەبم. ئەوان ئەگەر ئەو ئالوگۆڕەیان ئەنجام نەدایە، ئێستا من لە شوێنێکی دیکە دەبووم. سبەینێ بەیانی تام و لۆرا لە بێدەنگیدا خەریکی نان خواردن بوون کە زەنگی دەرگا لێیدا. تام دەرگای کردەوە. دوو پیاو بەرامبەری راوەستابوون. یەکێکیان پرسی: "تۆماس رایس؟.. تام بەسەر سوڕمانەوە گوتی:" بەڵێ، کێشە چییە؟.. لە ناکاو چاوی بەو کامێرایە کەوت کە بە ملی پیاوی دووەمەوە هەڵواسرابوو و لە هەموو شتێك تێگەیشت.

لە ترسان تەزی. بەڵام واش دووبارە پرسییەوە: " چیتان دەوێ؟.. لە هەمان کاتدا کە ئەو لە ترسان دەمی هەڵپچڕی بوو کامێراکە وێنەیەکی گرت. پیاوی یەکەم رۆژنامەیەکی دایە دەستی: " ئەمە هەواڵنامەی تۆیە، پێم وایە هێشتا نەت خوێندبێتەوە....

تام سەیری رۆژنامە نوشتاوەکەی کرد. لە ستونی لای چەپەوە کۆمەڵە رستەیەکی ناتەواو دەخوێندرایەوە کە دەیتوانی دڵی تۆقێری بە لێدان بخات: بنەماڵەیەك لەم دەوروبەرە.... گۆڕانی دوو منداڵ لە نەخۆشخانە... دوو منداڵی کوڕ.

پیاوەکە بە ئاوازە دەنگێکی دڵگیرەوە گوتی: " دەمانەوێ چاوپێکەوتن لەگەڵدا ساز بدەین.. تام هاواریکرد: " نا: " ئەو هاوارە هێندە بەرزو تۆقیوانە

بوو کە لۆرا یەکسەر غاریدایە پێشیان و یەکسەر بۆی دەرکەوت کەمەسەلە چییە. لۆرا بە شێوازێکی فەرماندەییانەوە گوتی: " تام برۆ ژووریٚ...

تام بیری کردەوە کەوایە بە دڵنیاییەوە وەها چاوەڕوانییەکی هەبووە. بە ترس و لەرزەوە خۆی خزاندە نێو تاریکایی ڕاڕاوەکەوە. لۆرا بە گوێرەی پێویست ئارام بوو. کامێراکە وێنەیەکی ئەویشی گرت. لۆرا گوتی:" چاوپێکەوتنێك لە ئارادا نابێت...

" بەڵام ئەمە هەواڵێکی تازەیە، خاتوون هەواڵێکی سەیرو نائاسایی...

" رەنگە سەیر بێت، بەڵام ئازار چەشتن مرۆڤێکیشی لە تەك دایە.. پەیامنێرەکە دەفتەرچەکەی لە گیسکانی هێنایە دەر دەستی کرد بە یاداشت کردن.

لۆرا بە گران و سەنگینەوە گوتی:" ئێوە ماوەیەك لەمەوپێش لێرەبوون، کاتێك مێردەکەم کوژرا. ئێوەم لە یادە. پێتان وانییە کە ئەم خێزانە لە ماوەیەکی کورتدا ئازاری زۆری چەشتووە؟...

" بەڵام ئەمە کاری ونە، کاری من، منیش ئەرکی سەرشانم جێبەجیٚ دەکەم...

" تێدەگەم، کاری منیش ئەوەیە کە داکۆکی لە کوڕەکەم بکەم، تێدەگەی؟... " بەڵام ئەو بەڕاستی کوڕی تۆ نییە، کوڕت؟ کاتێك لە پاش نۆزدە ساڵ ئەمەتان زانی، هەستت بە چی کرد.

" کەمێك باشتر لەوەی کە لە دەمو چاوی تۆدا هەستی پێدەکرێت. ئەگەر ملی خۆت نەشکێنی و نەڕۆی دەرگایەکەت بە دەموچاودا دەدەم. دەتوانی ئەمە چاپ بکەی... لۆرا دەرگاکەی داخست. تام بەرەو لای پەنجەرەکە رۆیشت و دیتی کە دوو پیاوەکە لە ئاراستەی گەراجەوە دەڕۆنە خواریٚ.

دەترسا لەوەی نەوەك بمێننەوە و لە پەنجەرەکانەوە سەر بە ژووریٚدا بکەن. لێوەکانی دایە دەلەرزین.

" تام شەوان دەگەڕێتەوە و هەمدیسان ژمارەیەکی زیاتریان دەگەرێنەوە ئێرە، ئێرەو ماڵی کرافیلد. لەمە دڵنیایە...

"ئەگەر ئەم بابەتە لە رۆژنامەکاندا چـاپ کـراوە، ئـەوە ئیـدی چییان لـە گیـانی من دەوێت؟... لۆرا بـە بـێ تاقـەتی گـوتی:" بەسـەرهاتێکی سـەیرو جێـی سـەرنجی خەڵك. ئەمە ئەوەیـە کـە ئـەوان دەیلـێن. نـازانم، نـازانم. باشـتر وایـە تەلـەفۆن بـۆ میسـتەر قـۆرِوایس بکـەین تـام لـە ژووری موتـالاّدا لـە کاتێـك کـە سـەری خـۆی خسـتبووە نێـو دەسـتەکانییەوە، وابیشـت و لـە خـاو بونـەوەی ترپـەکانی دڵـی ورد بۆوە.

کاتێك سـەری بـەرز کـردەوە، خـۆی روبـەڕوی جووتـە چـاوێکی رەش بینـی، ئـەو ئیرلەندییـە کـە سـەردەمانێك بـە بـاپیری دەژمێـردرا. بابـەتێکی جێـی سـەرنجی خـەڵك. ئـەو لـە دڵـی خۆیـدا بـیری کـردەوە: بـە دڵنیاییـەوە زۆر جـوان و شـیاوی خوێندنەوەیـە، بـەڵام ئەگـەر بـە رێکـەوت تـۆ جێـی سـەرنجی خوێنـەران بـی مەسـەلەکە جیـاواز دەبێـت. لـە ژووری چێشـت لێنـانی ئەوسـەری راڕەوەکـەوە لـە پشـت تەلـەفۆن دەنگـی لـۆرا دەکەوتـە بـەرگوێ: " پـێم وابـوو جـەنابت ئاگـاداری بارودۆخەکـەی میسـتەر فـۆردایس.... بـەڵێ، بـەڵێ تێدەگـەم هـیچ گرفتەیـەك نییـە.. دەزانم، بـەڵام بەڕاسـتی بـۆ تـام ناخۆشـە، ماوەیـەکی کـەم دوای ئـەوە کارەسـاتە تۆقێنـەرە... بـەڵێ، سوپاسـی خـوا دەکـەم کـە میلیـان و سیسـیل لێـرە نین. بنەماڵەی پایگ هەمیشە نهێنییـەکانی خـۆی پاراسـتووە. چـی؟ بـە زوویـی لـە بیردەچـێتەوە؟ لـە کـاتی خۆیـدا؟ ئەڵبەتـە. هـیچ شـتێك هـەتا هەتایـە نییـە، وانییە؟..

تەلەفۆنەکـە دانرایـەوە شـوێنی خـۆی و تـام چـاوەڕوانی روونکردنـەوەی لـۆرا بوو. چەند خولەکێك بـە بـێ دەنگـی تێپـەڕی تـام هەسـتی بـە دوو دڵـی دەکـرد لـە دایکیـدا. " بەسـەرهاتەکە لـە لایـەن ئاژانسـی هەواڵـەوە بڵاوکراوەتـەوە. ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت کـە لـە تـەواوی وڵاتـدا دەنـگ دەداتـەوە و هـیچ رۆژنامەیـەك هـەوڵی شـاردنەوەی نـادات. سەرنووسـەری ئێـرە زۆر دڵگرانـە. تـاکو دوێنـێ ئـەو هەواڵەی شاردبۆوە. بەڵام ئیتر هیچی لە دەست نایە.

تام پرسی:" نەیانزانی کێ وای راپۆرت داوە؟"

" ئافرەتێـك، ئـەوان نـاوی نـازانن، لـە دەنگـی را گـەنج دەهاتـە بەرچـاو. ئـەو ئاگـاداری هـەموو وردەکارییـەکانی بـوو. کـات و شـوێنی منداڵـەکان. ناوەکانیـان،

تاقیکردنـــەوەکانی دی. ئـــێن. تـــا، و هـــەموو شـــتەکانی تـــر. نەخۆشـــخانەش گوتـەکانی ئـەوی پشـت راسـت کردۆتـەوە. تـام بـە نارەحەتییـەوە هـاواریکرد: ئـەو منی فریـودا... لـۆرا دەسـتی خسـتە سەرشـانی و بـە هیواشـی گـوتی:" ئـەو جگـە لە تۆ ژمارەیەك خـەڵکی دیکەشـی فریـو داوە، تـام. ئـەو بنەماڵـەکانی مرۆڤایـەتی خستۆتە ژێر پێوە. چ شتێك بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو وا بـیر بکاتـەوە کـە.... و ئێسـتا بـە هاوخەمییـەوە دەنگـی بـەرزکردەوە:" ئـەوەی کـە ئـەو لـە ئـەوانی تـر باشترە، چۆن ڕێگـەی بـە خـۆی دا سـەبارەت بـە خـەڵك بڕیاربـدات و مـەحکوومیان بکات. بۆ نمونە بتی یان بنەماڵەی کرافیلد، یـان خـودی تـۆ، تـام، چـۆن؟ " تـام بـە داماویـــەوە گـــوتی:. ئـــەو زۆر قوتابییـــەکی هۆشـــیاربوو، قوتابییـــەکی نایـــابی زانکۆ. بۆ خۆی کاری دەکرد زۆر پڕ وزە، هەروەها لە رادەبەدەر شاز...

" بـــەڵێ، هەنـــدێك لـــە بەدەســـەڵاتدارترین ســـەرۆکە نازییـــەکانیش خـــاوەنی بڕوانامەی زانسـتی پـی. ئـیج. دی بـوون، بـەڵام ئـەوان هـیچ ویسـتێکی ئـەخلاقیان نەبوو، هیچ دڵێکی مرۆییان نەبوو...

تەلەفۆن زەنگی لێداو لە کاتێکدا کـە لـۆرا بـەرەو لای دەچـوو، گـوتی:" نـا، نـا تۆ نابێ وەڵام بدەیەوە، ئـەمرۆ خـۆم وەڵامـی هـەموو تەلەفۆنـەکان دەدەمـەوە.. تـام گوێی لە دەنگی دایکی بـوو کـە دەیگـوت:" بـەڵێ، مـن خـاتوو رایسـم، نـا ئەگـەر پـــەیامێکت هەیـــە فـــەرموو.: کاتێـــك تەلەفۆنەکـــەی دانایـــەوە، دووبـــارە زەنگـــی لێدایـەوە. تـام پرسـی: کـێ بـوو؟ لـۆرا بـە داخـو کەسـەرەوە گـوتی:" ئاژەڵـەکان، بەرازەکان، کۆمەڵە کوڕێك لە کۆلێژەکەی تۆ...

بـــەڵێ، تـــام دەیتـــوانی روخســـاری رق هەســـتاوی کوڕەکـــانی لـــە هەواڵنامـــەی بانگەوازی سەربەخۆیی بێنیتە پـێش چـاوی خـۆی. ئـەوان گاڵتـەیان پێـدەکرد، پێـی پێدەکەنین. تام رایـس، هـەی هـەی... دەکـرێ پێـی رابـوێرین؟ هەمدیسـان تەلـەفۆن زەنگی لێدایەوە، ئایا دانیشـتوانی جیهـان لەگـەڵ هـەموو ئـەو رووداوانـەی کـە لـە وڵات و دەرەوەدا روودەدات، هیچ کارێکی تریـان نییـە جگـە لـەوەی خۆیـان بـە تـام رایسەوە خەریك بکـەن؟ لـۆرا دەیگـوت:" ئـەو کچـە زۆر هـیچ و پوچـەو ئیـدی تـام ناگەڕێتەوە بۆ زانکۆ....

تام هەستاو ویستی لە ماڵ دەرچێت، پاشان وای هاتە خەیاڵەوە کە رەنگە ژمارەیەکی زیاتر پەیامنێرە لە دەرەوە، کە منیان بۆ نابێتەوە. بۆیە چووە ژوورەکەی خۆیەوەو لە پەنجەرەوە لە دەرێ راما. تەماشای ئەو خرە بەردانەی کرد کە بەسەر قەبری قەبرێك بەسەر یەك هەڵچندرابوون.

ئەو دووبارە بیری کردەوە بیری لە ئەندامانی کلان کردەوە. بە قسە ئەهریمەنییەکانیان سەبارەت بە خوێن و گوللە، ئێستا دەهاتەوە یادی کە ئەو شەوە چۆن لە نێو تاریکیدا بە ترس و دڵە راوکێوە، حەزی دەکرد. بە قسە بێ ئاقڵانەکانیان پێ بکەنێ. دیارە تەنیا باد بوو کە شانازی پێوە دەکردن. تام بیری لەو بەڵێنە کردەوە کە قبووڵی رۆڵی بادی کردبوو لە گرووپی کوقلۆس کلاندا. ئەوەی کە بۆ تۆڵە سەندنەوەی باوکی دەست بکات بە خەبات. ئێستا ئەو دەیزانی کە ناتوانێ لەسەر ئەو بەڵێنە بێت. چ شتێك ببووە هۆی ئەوەی کە باد ئەو ئاراستەیە وەربگرێت؟

ئێستا دەرك پێکردنی ئەستەم بوو تام بە تەواوی بوون و نەبوونەوە لە کردەوەی خۆی پەشیمان بوو؟ چ شتێك ببووە هۆی ئەوەی رۆبی وای بەسەربێت؟ رەنگە دەرکی بە هەستە توندوپڕ لە قینەکانی کردبێت. تینە و قین لە دڵی بە درێژایی ژیان، دایکێکی شەپرێو کە مێردە خۆشەویستەکەی وا ئازاردابوو کە لە نێوان ئەو و بنەماڵە شەڕخوازەکەیدا زۆرترین مەودای مومکین دروست ببوو. قینی ئەوان کە لەسەر شێوازی توورەیی بەرامبەر تەواوی بوونەوەکانی جیهان بەدیارکەوتبوو.

بە درێژایی رۆژ تەلەفۆن یەك لە دوای یەك زەنگی لێدەدا. رۆژنامەکان. هەفتە نامەکان، گۆڤارە میللییەکان و تەنانەت نمایشێکی تەلەفزیۆنیش. بە چیرۆکێکی بەبار بۆ ئەوان دەهاتە بەرچاو. لۆرا پێی گوتن: " ئاخر خۆ ئاگاتان لە تەواوی بەسەرهاتەکەیە. هەموو شتێك بە باشی دەزانن. ئەوەی گەرەکتانە کاردانەوەی ئێمەیە دەتانەوێ نهێنییەکانی نێو دڵەکانمانتان بۆ ئاشکرا بکەین. بەڵام بەو ئامانجەتان ناگەن.

دیداری تەلەفزیۆنیش لە بیر خۆتان بەرنەوە لۆرا عەسری تامی بانگ کردە ژووری چێشت لێنان تاکو پێکەوە بەرکوڵێك بکەن.

تـام کـه برسـی نـەبوو، خـۆی لـە خـواردن بـە دوور گـرت. " لانـی کـەم نیـوە ساندویچێك بخۆ. نابێ ڕێگـە بـدەی ئـەم بارودۆخـە لـە پێـت بپـەڕێنێ... ئـەوان لـە پـاش مێـزی ژووری چێشـت لێنـان دانیشـتبوون کـە دەموچـاوی بتـی لی لـە نیـوەی سەرەوەی دەرکەوە بە دیارکـەوت. ئـەوان لـە حاڵـەتی ڕوخسـارییەوە یەکسـەر بۆیـان دەرکەوت کە ڕۆژنامەکانی خوێندۆتـەوە. دیـار بـوو بتـی ی هەواڵەکـەی لـە ڕادیـوی ناوچـەییەوە گـوێ لێ ببـوو ئـەو دوو ئافرەتـە یـەکتریان لـە ئـامێز وەرێنـاو بتـی ی گریـا: "لـە قـووڵایی دەروونمـەوە هەسـتم دەکـرد کـە دەبـێ لـەم ماڵـەدا کێشـەیەك هـەبێت. تەنانـەت بـەر لـەوەش کـە میسـتەر بـاد بکوژرێـت. پاشـان ئـەقڵم تانـەی لێدام کەنا، تۆ پێت وایـە. بـەڵام دەبینـی کـە هەسـتی دەروونم بـە هەڵـەدا نەچـووە. ئۆمـو، تـام. مـن بایـەخ بـەوە نـادەم کـە ئـەو توێـژەرو پزیشـك و پارێزەرانـە چـی دەڵێین. تـۆ تـاو بچـکۆلەی منـی. کاتێـك کـە دایکـت لـە نەخۆشـخانەوە گەڕایـەوە ماڵێ، تۆی بە ئامێزی مـن سـپارد. تـۆ فانیلەیـەکی شـینت لەبـەدوابوو کـە پـوورە سییل بـۆی چـینی بـووە و جـوانترین منـداڵبوی کـە بـە درێـژایی تەمـەنم دیتبـووم. کۆرپەیـــەکی نـــازەنین و لەبـــەردڵان. جێـــی خۆشەویســـتی دایـــك و باوکـــت. مـــن دەمەوێ دووبـارە بگەڕێمـەوە بـۆ ئێـرەو لەگـەڵ ئێـوەدا ژیـان بەسـەربەرم. بـەڵێ وا دەکەم...

بتی ی ئـازیز، ئـەو بەوەبیرهێنانـەوەی بیرەوەریـە شـیرینەکانی رابـردوو و ڕشـتنی فرمێســـکەکانی، ڕاســـت و ڕەوانـــی دەگـــوت و تـــام خۆشـــحاڵ بـــوو کـــەپوورەکان لێدەنێن تاکو بـەوە بیرهێنانـەوەی بـیرەوەری زیـاتر، فرمێسـکی زیـاتر بڕێـژن. لـۆرا کە یەکجار ماندوبوو، بە درێژایی ئەو ڕۆژە بە قیتی ڕاوەستابوو.

تـام هیـوای دەخواسـت کـە ئـەویش بێتوانایایـە بـەو شـێوەیە بکـات! بـەڵام توانایەی نەبوو. بۆیە خـۆی کوتـا بـۆ ژوورەکـەی خـۆی و لـە پـەنا پەنجـەرە دانیشـت و سەیری دیمەنی نارنجی شێوەی دەوێ کرد.

کاتێـك دووبـارە لـۆرا هاتـەوە لای و گـوتی، کـە هەرئێسـتا قسـەی لەگـەڵ (ڕالف) دا کردووە، تام بۆی دەرکەوت کـە ئـەو بـە هـیچ جۆرێـك شـێوازی میسـتەر مـەکێنزی بـەکارنابات. " ئـەو لـە ئـارتۆرەوە بەسـەرهاتەکەی بیسـتووە. گرووپێـك پـەیامنێر لـە ڕۆخـی دەریاچـە بەسـەر بنەماڵـەی کرافیلـدیان داداوە و کۆمەڵـە

وێنەیەکیان لێ گرتوون. هەزارو یەك پرسیاریان لێکردوون. ڕەنگە زووتر بگەڕێنەوە. ڕەنگە لە ماڵێ زیاتر بە دوور بن لێیان. تام خامۆش بوو. لۆرا درێژەی وایە:" بەڵام ڕاڵف پێی وایە کە ئەگەر ئێمە ئەو شتانە بڵێین کە پەیامنێرەکان مەبەستیانە، ئەوسا ئەوان وازمان لێدەهێنن و بە دوای کاری خۆیان دەکەون. ئێمە هیچیان بۆ شاردنەوەی نییە. ڕاڵف گوتی تاوانێکمان ئەنجام نەداوەو تاکو بە هۆیەوە شەرمەزار بین. ڕاست دەکات...

لۆرا هەڵوەستەیەکی زوو درێژەی دایە: " من تازە بۆم دوورکەوتووە کە ڕاڵف تاڕادەیەك هەمیشە بڕیاری دروست دەدات. پێم گوت کە تۆ ئێدی ناچییەوە بۆ کۆلێژەکەت، بەڵام خۆ بۆ خۆت باشتر دەزانی تام، دەبێ لە شوێنێکی تر خۆت ناونووس بکەی. ئەو ناسیاوێکی لە کۆلێژی ئیستۆن سۆن هەیە. کۆلێژێکی بچووك لە نێو ئینگلەند و بە تەواوی دڵنیابوو کە دەتوانێ بە دەستڕۆشتوویی بۆ فەراهەم بکات. بەلەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی نووکەیی و لەگەڵ ئەوەشدا کە ماوەی ناونووسین بەسەرچووە...

لە هەلومەرجی نووکەییدا: لەبەرئەوەی من مرۆڤێکی بەدبەختم چونکە باوکم کە بە ڕێکەوت باوکی ڕاستەقینەم نەبووە، ئەندامی گرووپی کوکلۆس کلان بووە. لۆرا پرسی:" ئەگەر ئەو بتوانێ ئەو کارە ڕێك بخات. تام ئایا تۆ دەچییە ئەوێ؟ بە شوێنێکی باش دێتە بەرچاو....

چاوەکانی لۆرا نیگەران بوون تام ئێدی نەیدەتوانی بۆ لەوە ئازاری دایکی بدات. بۆیە گوتی: " بەڵێ پێم وایە کە دەبێ بچمە ئەوێ، ناچارم کە بچم...

ڕۆژی شەممە تیمی گەڕایەوە ماڵێ تام لە ژوورەکەی خۆیدا بوو. تەواوی ڕۆژەکە بە خوێندنەوە یاخود پشودانی بەسەربردبوو.

لە دەرەوە گوێی لە دەنگی برێکی ئۆتۆمبێل و دەنگە دەنگی خەڵك بوو. بە دەنگەکەرا زانی کە ئەوان هاتوون بۆ سەردان بریتین لە پیاوێك و دوو ئافرەت. پاشان گوێ لە دەنگی تیمی بوو کە هاواری دەکرد:

"تام لە کوێیە؟... لە ماوەی چەند چرکەیەکدا تیمی دەرگای ژوورەکەی کردەوەو هاواری کرد: " سڵاو سەیرکە سەیرکە.. سەگێکی تەڕو پیس بە دوایدا وەژوورکەوت. سەگێکی نیمچە ڕاوو ناڕەسەن کە بووە هۆی ئەوەی ئیدێلی

مردوو له دیدی (تام) دا جوان بێتە بەرچاو. "جوان نییە؟ ناوم ناوە ئیرێلی سێهەم.. تام ناچار بوو زەردەخەنە بکات: "بۆچی سێهەم خۆ ئەو دووەمینە؟... " نازانم، لەبەرئەوەی پاشگزێکی جوانترم بەزەیندا نەهات. جوان نییە؟ ئەو بێ نوایەو کاتێك کە بانگی دەکەم دێتە پێشێ... سەگەکە لەسەر پارشوان پاڵ کەوتە لووتە توکنەکەی هێشتا بە پێش بوو، بەڵام بونەوەرێکی نەناسراو بوو و دەبوایە لێی بکۆڵدرێتەوە.

" ئێمە ئەمڕۆ کولاندا گرتمان کە هۆلی لەوێ وەکو قوتابی خۆبەخش کار دەکات. کەسێك لە قەراغ جادە دۆزیبوویەوە. برسی و تۆقیو. خاتوونە سەرپەرشت یارەکە گوتی کە ئەگەری ئەوە هەیە خاوەنەکەی لەوێ بەرەڵای کردبێت. لەم رۆژگارەدا خەڵك کاری لەو جۆرە زۆر ئەنجام دەدەن، باوەڕدەکەی؟ بەهەرحاڵ ئەو هەفتەیەك لە پەناگەی گیانداران بوو تاکو بیشۆن و خواردنی بدەنێ. ئێستاش تەندروستی باشە، وانییە، ئیرێل؟.. چاوە قاوەیی و هۆشیارەکانی سەگەکە بەرەو لای تیمی سوڕان. سەگەکە کلکی راوەستاند. " رەگەزێکی رەسەنیشی لێبوو کە مامە ئارتۆر گوتی خراپ نییە ئەو هەڵبگرە بەڵام من ئەمەیانم دەویست. مامە ئارتۆر هاوکاری مادی پێشکەش بەو پەناگەی گیانداران دەکات...

ئێ، کەواتە ئەو پیاوە بۆتە مامە ئارتۆر " کێ پێی گوتی کە بەو شێوەیە بانگی بکەی؟.. " ئەو گوتی کە من دەتوانم ئەوان بە میستەر و خاتوون یان مامە و پوورێ ناو ببەم منیش ناوی مامەو پوورێم پێ خۆشتر بوو. لەبەرئەوەی ئێمە جگە لە پوورەکانی دایکمان مام و پووری دیکەمان نییە. جگە لەوەش ئەو خاتوونانە پوورە گەورەی ئێمەن. بەڵام ئەوان مرۆڤی چاکن. تام من کاتێکی خۆشم لەگەڵیاندا بردە سەر ئێمە لە دەریاچەدا سواری بەلەم بووین. لە دورگەیەکی بچووك لەنگەرمان بەردایەوە. لەوێ نانمان خوارد و پاشان رۆژی رابردوو گەڕاینەوە ماڵی ئەوان و ئەمڕۆ بەیانی چووینە پەناگە. ئەوان ماڵێکی زۆر خۆشیان هەیە. مقەڵیەکی خەڵۆزیشیان لە ژووری چێشت لێناندا هەیە. ماڵەکەیانم دیوە..

" راست دەکەی، لەبیرم چوبۆوە. بەڵام بەڕاستی خۆشم رابوارد. ئەوان مرۆڤی گەلێك باشن، تام. با پێت بڵێم کە ئێمە چی..."

"سەیرکە هەتیو، من دەزانم کە تۆ مەبەستت چییە و نامەوێ دەربارەی ئەوان قسەبکەم... تام هەستی کرد کە مامەڵەی توندی لەگەڵ براکەیدا کردووە. بەڵام ئەوان

لــە هــەموو لایەکــەوە گــەمارۆیان دابــوو. پــووریٚ و مامــە ! دەتگــوت دەیانــەویٚ ئــەویش بکەنــە دیلــی خۆیــان. لەوپــەڕی ســەر ســوڕمانی (تــام) دا، تیمــی تــەنیا شــان هەڵتەقانــدن و گــوتی:" زۆر باشــە، پێویســت ناکــا گــوتی راگــری تــۆ وا دەزانــی ئــەوان خوازیــاری تــۆن؟... پاشــان بەلەســەر خۆییــەکی زیرەکانــەوە گــوتی: "ئێمــە شــەوێکیان لەمبارەیــەوە قســەمان کرد و مامە ئارتۆر گوتی کــە تــۆ بــۆ خــۆت بوویــە پیــاو دەتــوانی هــەر کارێــك پێــت خۆشــە لە ژیاندا ئەنجامی بــدەی. ئەگــەر ناتــەویٚ پەیوەنــدیت لەگــەڵ ئەوانــدا هــەبێت کــەس ناچــارت ناکات...

"ئەو وای گوت؟"

" خوایــە گیــان، دیــارە تــام ئــەو پیــاوێکی زۆر لەبەردڵانــە. ئــەو زۆر شــت دەربــارەی نەخۆش سیتك فیبرۆزیس دەزانیٚ دەربارەی خوێندوویەتییەوەو...."

" زۆر باشــە، دایــەو بایــەش زۆر شــتیان دەزانــی. تــۆ پێــت وایــە ئــەوان نەیانــدەزانی؟.. تیمــی بــە بــیٚ تاقــەتی گــوتی: دەزانم، بــەڵام ئــەم توێژینەوەیــە زۆر نوێیــە، تــەنیا چــەند مانگێــك بەســەر راگەیاندنیــدا تێپــەڕیوە مامــە ئــارتۆر روونــی کــردەوە کــە ئــەوان خــەریکن بە چــینەکانی کۆمەڵــە کارێــك ئــەنجام دەدەن. ئــەوان دەیانــەویٚ کۆمەڵــە چــینێکی باشــتر لــە پێکهاتەی هەناســەی ئێمــەدا بەکاربخــەن. چــاوەڕوانییەکی ئاوایــان هەیــە و بــەنیازن لــە ســاڵی داهــاتوودا لەســەر چــەند کەســێکی تــاقی بکەنــەوە. ئــەم توێژینەوەیــە چــەند ســاڵێك دەخایەنێت. مامە ئارتۆر وای گوت، بەڵام.....

تــام دەیویســت هەمدیســان بــەم رســتەیەی کــە مامــە ئــارتۆر زانــا نییــە قســەکەی پێــی ببڕێــت، بــەڵام چــاوی ئــەو کــوڕە ئەوەنــدە لــە هیــوا دەدرەوشــانەوە و شــێوازی قســەکردنی ئەوەنــدە شاگەشــکە خــولقێن بــوو کــە تــام لــەو کــارەی پاشــگەزبۆوە. بۆیــە تــەنیا گــوتی: " زۆر باشە، هــەواڵێکی دڵخۆشــکەرە.. " هــەروەها مــن هێنــدە گــەنجم کــە ئەگــەر ماوەیــەکی درێژبێت و بخایەنێت، هەمدیسان بۆ من درەنگ نابێت..

ئۆمو، خوایە گیان درەنگ نابێت. برابچکۆلەکەی من.

"بەمــەش دەڵــێن دەســکاری چــینی و بەڕاســتی شــێوازێکی چارەســەرکردنە هــۆلی دەڵــیٚ کە پێشتر برایەکی بەڕادەبەدەر بــوو. ئــەوان بــە دەگمــەن شــەڕیان دەکــرد. کــوڕێکی زۆر گــران و سەنگین و خۆراگر تام بیری کــردەوە، وەکــو تــۆ، وەکــو دایکــت " مــنیش کــەیفم بــە هــۆلی

هات ئێمە پێکەوە یـاری شـەترەنجمان کـرد. مـن لەسـەرەتادا زۆر شـارەزای یارییەکـە نـەبووم بەڵام ئەو بە باشی فێرکردم...

تام بـیری کـردەوە.. چـەند بـێ گونـاهو.. یاریـەکی شـەترەنج دڵـی لێ سـتاندووە. "تـام وەرە خوارێ، تۆ ناتوانی لێرە بی".

" با دەتوانم"

" بابـە ئێمـەی فێـری داب و نـەریت کـرد وانییـە؟ تەنانـەت پـوورە مـارگرێتیش گـوتی کە من زۆر نەریت ناسم منیش پێم گوت کە باوکم زۆر گرنگی بەم خاڵە دەدا...

"ئـۆه، بەڕاسـتیتە؟ ئـەی ئـەو چـی گـوت؟.. " ئـەو گـوتی باوکـت زۆر کـارێکی باشـی دەکرد... تـام ئێسـتا دەیویسـت زیـاتر شـت بزانـێ: " ئایـا ئـەوان شـتێکی تریـان دەربـارەی بابە نەگوت؟..

وا دێتە بەرچـاو کـە ئێسـتا تیمـی پـەنا بـۆ زەینـی دەبـا پاشـان گـوتی: " بـەڵێ، بـەڵام نازانم بۆچی قسە گەیشتە ئێـرە، رەنگـە سـەرەتا مـن شـتێکم گوتبێـت. بـەڵام مامـە ئـارتۆر گـوتی کـە ئەنـدامبوونی بابـە لـە گرووپـی کلانـدا بەڕاسـتی کـارێکی هەڵـە بـووە. لەگـەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێ بە هۆی ئەو چاکانەی کە لەگەڵ ئێمەدا کرددنی سوپاسی بکەین...

ئـەم قسـەیەی وی وەکـو قسـەکانی دوکتـۆر فاسـتەر لـە مەراسـیمی بەخاکسـپاردندا دەهاتە بەرچاو.

" تام وەرە قاتی خوارێ...

" بۆ من زۆر زەحمەتە ئیمی، نازانی چەندە ئەستەمە...

" بـا، دەزانم تـۆ رەنگـە دڵـت زۆر لـەو کچـە رەنجابێـت، دەبیـنم کـە وێنەکەشـی ئیـدی لێرە نییە...

"خوایـە گیـان، کـێ بـۆی باسـکردی؟.. ئێسـتا تـام بـە نارەحـەتی دەنگـی خـۆی بەرزکردەوە.

" سیتەر مـەکێنزی بـە مامـە ئـارتۆری گـوت و ئێمـەش باسمـان کـرد. پـوورە مارگرێـت گوتی کە قبووڵکردنی بۆ تۆ ئەستەم دەبێت، یان شتێکی هاوشێوە...

ئێسـتا پەیوەنـدی تایبـەتی وی ئاشـکرا ببـوو هـەموو کـەس بڕیـاری لەسـەر دەدا. ئایـا ئەوان کارێکی تریان نەبوو؟

" تام ئـەو مرۆڤێکـی بێزارکـەر بـوو. درۆزن مـن تـەواوی ئـەو هەواڵـە درۆ و دەلەسـانەم خوێندۆتـەوە لـەو رۆژنامەیـەدا. کـە تـۆ لـە نێـو چەکمەچـەی مێزەکـەت دا هـەڵت دەگـرتن. مـن ئـەو قسـە پـرو پووچـانەم دەربـارەی رەش پێسـتەکان خوێنـدەوە پاشـان بـیرم لـە تیمـی کردەوە.

ئەو شـتانەم دەربـارەی بیانییـەکان خوێنـدەوە و پاشـان سـەر لـە نـوێ بـیرم لـە میسـتەر فۆتیـادیس لـەو فرۆشـگایەی شـیرنەمەنی کـردەوە و هـەروەها میسـتەر بورنـۆ، سەرتاشـی گـەڕەك، ئـەو شـتانەی دەربـارەی جوولەکـەکان و تـۆ خـۆت یـەکێکی لـەوان. دەبینـی ئـەو کچە چەندە درۆی دەکرد. ئەو نەفرەتاوی بوو.

ئەو کوڕە بێ گوناهە کـە سـەگێکی لـە نێـو باوەشـدا بـوو، ئـەو منـداڵکارە خۆشەویسـتە بەو بەرگریکارییە راستگۆیانەوە...

" تام وەرە قاتی خوارێ، تکات لێدەکەم وەرە...

تام گـوتی:" زۆر باشـە، زۆر باشـە دێـم... ئـەوان لـە هـەیوانی پشـت ماڵـێ کۆببونـەوە، سێ ئـافرەت لـە بـەرێك دانیشـتبوون. لـە کاتێکـدا کـە ئـارتۆر کرافیلـد لەوسـەری هـەیوانی دوور لـەوان راوەسـتابوو و چـاوی بڕیبـووە دیمـەنی باخەکـە تیمـی بـە خێـرای بـۆلای وی رایکـرد تـام بـە چـاکو چـۆنییەکی کـورت بـە تـەنیا لەسـەر کورسـییەك دانیشـت. ئـەو کـەوتبووە نێـوان دوو گرووپـەوە و پاشـان هەسـتی کـرد کـە ئـەوان رێککـەوتوون وازی لێبێـنن، تـامیش هـەر ئـەوەی گـەرەك بـوو لەبەرئـەوەی دەمـارە مێشـکەکانی زۆر لاواز ببـوون، لـە هـەمان کاتیشـا بـە تـەواوی وریـابوو. گـوتی چـاوەکانی لـە هـەردوك ئاراسـتەدا کاریان دەکرد.

ئافرەتـەکان باسـی ئاڵتونیـان دەکـرد. دایکـی شـتێکی دەربـارەی سـەفەری پوورەکـان بـە دەوری دنیـادا گێڕایـەوە:" ئـەوان شـەیدای کڕینـی و بەتایبـەتیش لیلیـان. ئـەو چـاوێکی پسپۆڕی سـەیری لـە ناسـین و هەڵبـژاردنی شـتی ناسـکی هونەریـدا هەیـە. هەفتـەی رابـردوو لە بانکۆکەوە ئەم ملوانکەی بۆ من ناردۆتەوە...

مارگرێت گوتی:" بەڕاستی دیارییەکی جوانە کە لە رێگای پۆستەوە دەگات...

" بـەڵێ، بـەلام شـتێکی گاڵتـە جاڕییـە کـە مـن زۆر کـەیفم بـە خشـڵ نایـەو ئـەوان ئێستاش هەستیان بەمە نەکردووە. هەر خشڵێکم هەیە لەوانەوە بەدیاری بۆم هاتووە...

هـولی بـه دەنگـی بـەرز و دڵنشـین و لـە رووی سەرسـامییەوە گـوتی:" بـەڵام ئەمـە لـە رادەبـەدەرە، تەماشـای بکـەن چـۆن دروسـتکراوە ئایـا گـەڵاکانی گـەڕۆکن؟... لـۆرا بـەدەم زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:" وەرە بۆ خۆت سەیرێکی بکە...

دەکـرا وێنـەی چـەند جوانیـان لێ بگیرێـت. سـەرەجوانەکەی ئـەو کچـە کـە بـەرەو لای لـۆرا چـەمابۆوە و خشـڵی زێـڕی لـە نێـو پەنجەکانـدا دەدرەوشـایەوە. رۆبـی بـە قینـەوە دەیگوت. تـەنیا جوولەکـەکان کـەیفیان بـە خشـڵ دێـت. بـەڵام پـوورە سیسـیل و لیلیـان لـە پێشتر ئەم مەسـەلەیە سـەریان سـوڕ دەمێنـێ، چـونکە ئـەوانیش حـەزیان لـە خشـڵ و زێـر و زیوە. هولی گوتی:" بەڕاستی زۆر لێت دەوەشێتەوە.

بەڕاسـتی گـەردەنێکی جوانـت بـۆ نمایشـکردنی هەیـە. گـەردەنێکی باریـك و جـوان. هیـوام دەخواسـت کـە گـەردەنی منـیش کـەمێك بـەرزتر بوایـە. زۆر جوانـە... دایکـم بـە ئاشکرا ئـەو کچـەی خـۆش دەوێـت. خـۆ بەرامبـەر بـە تیمـی ئەوەنـدە سـۆزی دەرنـەبڕیبوو. ئارتۆر بە بەردەم تام دا تێپـەڕی و مـەودای هەیوانەکـەی تـەی کـرد. لـە کاتێکـدا کـە ئـەوی پشت گوێ خستبوو. گوتی:" پێم وایـە کەسـێکم پـێ شـك دیـت بـۆ کڕینـی کارگـەتان. ئـەو روەو لـۆرا درێـژەی دایـە: " ئێمـە لەبەرهـەم هێنـەرێکی دروسـتکراوە تەفتـەیی و قەنەفـەی ماڵێ بۆ فرۆشـگاکەمان پێداویسـتی دابـین دەکـەین. ئـەو دەیـەوێ لـەم ناوچـەیەدا گەشـە بـە کارەکانی بدات. تا ئـەو شـوێنەی کـە لـە یادمـە، گـۆڕینی بەڵگەنامـەی کارگەکـە بـۆ سـەر ئێوە بۆ فرۆشتن، کارێکی زەحمەت نییە.

بیری تام لەسەر شتی تربوو، ئـەو کـۆڵێکی گرانـی خـەم و کەسـەری بـە کۆڵـەوە بـوو. بـۆ دەبـێ رووداوێکـی لـەو شـێوەیە بـۆ وی روویـدات، لێـدانێکی دوو فاقـە، بـاوك و دایکـی تازە، دایکـو بـاوکی جوولەکـە و خوشـکێکی جوولەکـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا خـۆ تـاوانی ئـەوان نەبوو، هـەروەکو چـۆن دایکـی لـەو نێوەنـدەدا بـێ تـاوان بـوو، ئێسـتا دەبوایـە ئـەو پرسـیار بکات بۆ دەبـێ هـەردووك دایـك و بـاوك ببنـە قوربـانی هەڵەیـەکی گەمژانـەی پەرسـتیارێك. بە ئەگەری زۆر ئـەوانیش بـە هـەمان ئەنـدازە زیانیـان لێکـەوتبوو کـە ئـەو بـەری کـەوتبوو. دەبوایـە لەمبارەیـەوە پەروەرانـە بڕیـار بـدات. تـام گـوێی لێبـوو کـە لـۆرا گـوتی:" بـەڵێ سەرەتا کارگەی پایگ، پاشان پـایگ و رایـس، دواتـریش رایـس و کـوڕ، ئێسـتاش دەبـێ لـە بازنـە بچـینە دەرێ... ئـارتۆر گـوتی:" ئەمـە تاکـە رێگـای گونجـاو و.. کاتێـك لەبـەردەم (تـام) دا راوەسـتا. وا دەهاتـە بەرچـاو کـە ئـەو چاوەڕوانە یەکـەمجار تـام دەرگـای قسـەکردن

والاّ بکــات. کاتێــك کــه تــام قســەی نــەکرد ئــارتۆر دەســتی پێکــرد:. مــن بــه پەرۆشــم لەبەر... تام زانــی کــه ئــەو بەرامبــەر وشــەی بــاوك و بــاد دوو دڵــه. بۆیــه رســتەکەی خــۆی ئــاوا تــەواو کــرد:" بەڕاســتی بــه پەرۆشــم لــەوەی کــه رویــدا. مردنێکــی تۆقێنــەر بــوو. ستەمکارانەو بێ بەزەییانه...

تام بــه تــاڵی گــوتی:" بــەڵام ئــەو ئەنــدامێکی گرووپــی کــلان بــوو. پــێم وایــه ئێــوه لای خۆتان دەڵێن که ئەو شیاوی ئەو مردنه بوو....

" تونــد و تیــژی هــەرگیز تاکــه وەڵام نییــه، تەنانــەت بــۆ پیــاوانی کلانــیش کــه وانــەی توندوتیژی دەدەنه خەڵك..

تام گوتی:" ئەوان لەناو چونی ئێوەیان دەوێت... " ئەمه دەزانم...

" من لــه قســەکانی جــەنابت تێناگــەم... ئــەو مرۆڤێکــی ســەیرە، بــاوکی مــن: تــام بــه ناباوەڕیــەوە بــه هــەمان شــێوەی کــه لــه یەکــەمین ســاته وەختــی رووبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ ئــەودا هەســتی پێکردبــوو، وای بیرکــردەوە. ئــەمجارەیان هەوڵیــدا ئــەو پیــاوە دەرك بکــات. قســه کــورت و حیســاب بــۆ کراوەکــانی، راهــاتنی بــه چــاو هەڵــتەکاندن لــه پشــت چــاویلکەوە. هــەروەها مــۆن بــوونێکی بچــووك کــه دەیتــوانی نیشــانەی نارەزایــەتی یــاخود شتێکی تربێت. وەکو ئەوەی بیەوێ مەتەڵێك حەل بکات.

" به دڵنیاییــەوە وا بــیر دەکەیــەوە، کــه مــن دەمــەوێ خــۆم بــه پیــاوێکی پــیرۆز نیشــان بدەم. نا به هیچ جۆرێك وانییه. جێگای داخــه کــه رێگــه بــه شــوفێرێکی شــێت دەدرێــت کــه بــه خێرایــی بــه نێــو کۆمەڵــه خەڵکێکــدا تێپــەڕێت و ژمارەیــەك بــه کوشــت بــدات. مــن وا دەرەنجــام وەردەگــرم کــه ئێمــه بــه دارســتاندا ژیــان بەســەر دەبــەین نــەك لــه جیهــانێکی پێشکەوتوودا. بــەڵام ئیــدی بەســه. دەمــەوێ ســەبارەت بــه خۆمــان قســەت لەگەڵــدا بکــەم. تام...

تــام بــه نارەحەتییــەوە گــوتی:" مــن بەڕاســتی سوپاســتان دەکــەم کــه ئــەم ســەگەتان داوەته تیمی. ئەو به هەبوونی ئەو سەگە زۆر خۆشحاڵ دێته بەرچاو...

" بەڵێ، تکادەکــەم، کــارێکی ئــەوتۆمان نــەکردووە. بــەڵام گــوتم کــه دەمــەوێ ســەبارەت به تۆ قســه بکــەم. گــوێ بگــره تــام، تــۆ ناچــار نــی کــه زیــاد لــه پێویســت لەگــەڵ ئێمــەدا هەست به هاورێیەتی بکەی.

مــن پێشــتریش ئــەم مەســەلەیەم روون کردۆتــەوە بــەڵام مــن نیگــەرانی دەمارگیرییــە کوێرانەکەتم، نــەك لەبــەرخۆم، بــەڵکو لەبــەرخۆت رق و دەمــارگیری و قــین لــە دڵــی هــەروەکو تێدانێك بوونــت دەخــوات و لــە کۆتایشــدا بــەرەو لەناوچــونت دەبــات. بــە هــەرحاڵ هــەروەکو لەگەڵ باوکتدا کردی..

تــام بــە نــارەزایی دەربرینــەوە گــوتی:" ئــەو مرۆڤێکــی خــراپ نــەبوو.. " نــا، بــەڵام بــە شــێوەیەکی تۆقێنــەر راڕێ ببــوو. ئەوەنــدە بــێ ئاقــڵ کرابــوو کــە رێگــەی ئــەوەی دابــوو هاوشــێوەی زۆرێــك لــە ئەڵمانییــەکانی ســەردەمی نازیــەت لارێــی بێــت. تــۆ گوێــت لــە قســەکانی ئــالبێرتی خــەزورم بــوو. ببیســتن کــە ئــەو لەگــەڵ چ کێشــە و ئازارێکــدا هــەڵی کردبوو. هەروەها ئایا تۆ دەزانی کــە ئــەو وەکــو ئــەو فرانکــە هێشــتان بــاوەڕی بــە خەســڵەتە چاکەکانی مرۆیی هەیــە؟ بــە گــوێرەی گوتــەی وی ئــەم بابەتــە پەیوەســتە بــە پــەروەردەو فێــر کردنەوە. تاك دەبێ بیری کردەوە، ئەوان کەسانێکی سەیرن.

ئەوســا بــە وەبیرهێنانــەوەی قســەکانی دوکتــۆر فاســتەر زەردەخەنەیــەکی کــاڵ نیشــتە سەرلێوانی. ئارتۆر گــوتی:" بــۆ زەردەخەنــەی دەکــەی؟.. " لەبەرئــەوەی ئەمــە ئــەو شــتەیە کە دانیشتنە ئایینییەکانی رۆژی یەکشەممەدا فێریان کردوین...

" ئەڵبەتە، لەبەرئەوەی ئــەم قســەیە راســتە ئافرەتــەکان وازیــان لــە قســەکردن هێنــابوو و بە ئارامی گوێیان گرتبــوو. بۆیــە ســەر لــە نــوێ تــام کــەوتبووە بەرســەرنجی تەوانــەوە و هــەر ئــەوەش نارەحــەتی دەکــرد. دەســتەکانی هەمــدیس ئارەقــەیان کردبــوو و لــەرزینێك تــەواوی بونی گرتە خۆی. هەروەکو ئەو هەژانــەی کــە لــە یەکــەمین بەرەبــەیانی پــاش مردنــی بــاد لــە کاتی بە خەبەر هاتندا هەستی پێکــرد بــوو. هــولی کــە دەســتی دایکــی خرابــووە ســەر قــۆڵی چ تاوانێکی ئەنجام دابــوو؟ ئەگــەر ئــەو بچــووبایە بــۆ کۆلیــژی ویلایــەتی، ســەر لــە نــوێ ئــەو نامەو پەیامە چــەپەڵانە و ئــازار دەرانــەی بــە دەســت دەگەیشــتن کــە رۆبــی و هاودەســتەکانی دەیاننــاردن بــۆ قوتابییــە جوولەکــەکان یــاخود رەش پێســتەکان. تــام خــۆی گــرژ کــرد. بــیری کــردەوە کــە بــۆ خــۆی هــەرگیز کــاری وا دزیــۆی ئــەنجام نــەدابوو. ئێســتا دەنگــی پێکەنینــە دزێوەکانی رۆبی لە گوێیــدا دەنگــی دەدایــەوە ئــەو بوودەڵــەیی لــە روخســاری رۆبیــدا هێنایــە پــێش چــاوی خــۆی. بــۆ دەڵــەکردنی خــۆی. لــە لایــەن رۆبییــەوە ئــەو هــەمووە بــە ئــازیز و بەرێزی زانیبوو. رۆبــی توانــای تــامی لەبەدەســت هێنــانی پلــەی خوێندنــدا ســتایش کردبــوو. کــە ئــەو لــە شــێوازی بــە دەســت هێنــانی پلــەی خوێندنــدا لــە لایــەن رۆبییــەوە بوێرانــە تــر

دەهاتــە بەرچــاو. ســەر لــە نــوێ تینێکــی تۆقێنــەر لــە دەروونیــدا کلّپــەی ســەند. بــەڵام ئەمجارەیان تەنیا لەبەرخۆی نەبوو.

ئارتۆر گوتی:" بەو راستگۆییەی کە لە تـۆدا هەیـە هیـوادارم بتـوانی بـە سـۆزی لـە نێـو دڵت دا بۆ تەواوی بوونەوەرەکانی جیهان بپارێزی.

مەبەستم ئەوەیە کە تـەنیا بـە دەربرینـی واز نـەهێنی خـۆ پێشـتر تـاکو دوا هەناسـە وای کـرد. هـەورێکی کەسـەر لـە دەمـو چـاویدا بـە دیارکـەوت و زۆر بـەزەیی بـزر بـوو:" ئایـا ئێسـتاش حـەزت لەبەشـی زانسـتی بۆشـاییگەری هەیـە؟.. کاتێـك کـە تـام بـە نیشـانەی ئـەرێ سـەری دانەوانـد، گـوتی " کەسـێك کـە لێکۆڵینـەوە بـۆ جیهـان دەکـات، دەبـێ مـەودای بیرکردنـەوەی فـراوان بکـات. بـەو شـێوەیە رق و بێـزاری بـۆ وی دەبێتـە شـتێکی پووچـو بـێ بایـەخ. گەمژانـە و نـامومکین. ئایـا چـێژت لـەو کتێبـە وەرگـرت کـە بۆمـان ناردی؟..

تـام کـە نەیدەویسـت شـەرمی خـۆی بشـارێتەوە، راسـتەوخۆ روانییـە چـاوەکانی ئـارتۆر گوتی:" دڕاندم....

ئـارتۆریش راسـتەوخۆ تەماشـای کـرد.. " شـیاوی دەرك پێکردنـە. زۆر باشـە. ئەگـەر حـەز بکـەی یـەکێکی تـرت بـۆ دەکـڕم و دەتـەوێ؟ پـێم بڵـێ و شـەرم مەکـە. راسـتییەکەی بڵێ...

تام گوتی:" یەکێکی دیکەم دەوێ..

جارێکی تریش تـام لـە بیرکردنـەوە راچـوو، بەڕاسـتی پیـاوێکی نائاسـایی و جیـاوازە تـۆ دەتـوانی دڵنیـایی ئەگـەر هاتبـاو هەلومەرجەکـە بگۆڕایـە و ئـەو بکەوتایـە شـوێنی بـادەوە نەیـدەتوانی هـەمان شـێوازی نکـۆڵی کردنـی تیـژی بگرێتـە بـەر. بـە دڵنیاییـەوە هەڵسـوکەوتی جیـاواز دەبـوو. دیسـانەوە تـام لـە خـۆی پرسـی. ئەگـەر ئـارتۆر گـەورەی بکردایە دەیتوانی بە هەمان ئەنـدازە لێـی نزیـك ببێتـەوە. کـە لـە بـاد نـزی بـوو. راوکـردن، ماسـیگرتن، تـۆپی پـێ، گاڵتـەو گـەپ. رەنگـە، بـەڵام وای بـۆ نەچـوو. ئـەوان ئاسمـان و رێنسمانیان نێوان بوو. بە هەرحاڵ رابردوو بایەخی نەبوو، دەبێ بیر لە ئێستا بکرێتەوە.

ئـارتۆر گـوتی:" ژیـان گەمەیـەکی سـەیری لەگەڵمانـدا دەسـت پێکـردووە. ئـەو کـە دیـاربوو تامـەزرۆی قسـەکانی خۆیـەتی درێـژەی پێـدا:" بـیری لێ بکـەوە ورد نەبوونـەوەی پەرەسـتیارێك پشـێری بـە خێزانێـك سـپارد کـە کردیانـە کەسـێکی دینـدار، هـەروەها

دایکێکی میهرەبانی وەکــو لــۆرای دایــە تــۆ و برایــەکی وەکــو تیمــی. ئێمــە لەگــەڵ (تیمــی) دا نێوانمان زۆر خۆشە ئەمەت دەزانی؟" تام وەڵامی دایەوە:" بۆی باسکردم..
" دەستتم بدەیە تام"..
ئــارتۆر دەســتی تــامی گــرت و بۆماوەیــەك لــە نێــو دەســتی خۆیــدا رایگــرت. پاشــان گوتی:" خوا بتپارێزێت...
تــام پێویســتی بــە گریــان هــەبوو، بــەڵام نەیــدەتوانی ئــەو رێگەیــە بــە خــۆی بــدات. لــە پیاوەتی بە دووربوو کە بگرییت. باد وای راهێنابوو.
ئەو ســەردەمەی کــە منــداڵێك زیــاتر نــەبوو و بــە هــۆی کەوتنــە خــوارەوە لــە باســکیلی سێ تایە ئەژنۆکانی بریندار ببــوون. لەگــەڵ ئەمەشــدا، لــەو میهرەبانییــە چــاوی پــڕ بــوون لــە فرمێسك. هاواری کرد:" نازانم چ هەستێکم هەبێت !..
لــە ناکــاویش مارگرێــت رایکــردە لای. ئــەو زۆر بچــووك بــوو. رەنگــە ســەرگەردانێك لــە تــام کــورتتر بووبێــت. بۆیــە تــام ناچــار بــوو هــەروا کــە ئــەو لــە باوەشــی دەگــرت، ســەری دانەوێنێ تــاکو ســەیری بکــات. ســەیری روخســاری کــرد کــە ئەوەنــدە لــە نێــو خەیاڵەکانیــدا بەرجەستە ببوو. سەیری گۆنا خیرو داگیرکراوەکانی وی.
ســەیری چــاوە پــڕ لــە فرمێســکەکانی ئــەو قژانــەی کــە بــە نــەرمی کەوتبوونــە ســەر گۆنایەکی. نەك ئەو گوارە زێڕانەی کە وەکو سەدەف دەچوون.
لە پڕێکدا دڵی تــام بــە تیشــکی راســتی روونــاك بــۆوە و هەســتی بــەو وەرچــەرخانە کــرد کە لە بوون و نەبوونیدا دروســت ببــوو. بــیری کــردەوە. وەکــو ئــەو ئەفســانانەی کــە مــرۆڤ لــە کتێبەکاندا دەیانخوێنێتەوە.
تەلیســمێکی کــۆن کــە دەشــکێت، پاشــان لــە بــن لێوانــەوە گــوتی " داوای لێبــوردن دەکەم، داوای لێبوردن دەکەم، بۆ هەر خراپەیەکی بەرامبەر ئێوە کردبێتم...
مارگرێت پەنجــەی خســتە ســەر لێوەکــانی تــام و گــوتی:" نــا، نــا، قەیــدی نییــە. ئێســتا هەموو شتێك رێك بووە.
تام لەسەر سەری مارگرێتەوە چــاوی بــە دایــە کــەوت کــە ســەیری ئــەو دیمەنــەی دەکــرد و دەگریا. لۆرا بە تیــژ هۆشــی کــە لــە تایبەتمەندییــەکانی بــوو، ترســی لــە رەخســاری (تــام) دا خوێندەوە. ئــەوەی کــە ئــەو لــەوە دەترســا مــە بــادا ئــەم ئاشــتبوونەوەیە و پەیوەندییــە لــۆرا خــەمبارو نیگــەران بکــات، بۆیــە هــاواریکرد:" کــوڕە شــیرینەکەم، لــە دڵــی تــۆدا بــۆ

هەموواغان جێگای پێویست هەیە. ئێمە لە وێ بە باشی رێك دەکەوین. من بە هیچ جۆرێك نیگەران نیم... ئەوە هولی بوو کە شادی بە کۆڕەکە بەخشی و گوتی:" ئای خوایە گیان، لە فرمێسکەکانت ئەوەندە ئاو کۆبۆتەوە کە دەکرێ هەموو گژوگیا وشك و سوتاوەکانی پێ ئاودێری بکرێت..

پاشان دەستەسڕە تەڕەکەی هەڵدایە ئاسمان. هەموو پێکەنین و لە هەمان کاتیشدا ئیرێلی سێهەم پێی خستە سەر شیشەی هەیوانێ.

هولی بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی:" هەمدیسان ئاوی زیاتر...

تیمی یەکسەر سەگەکەی هەڵگرت و بردییە بەتاڵاییە چەمەنەکەوە. بە پۆزش خواستنەوە گوتی:" دایە ن بە هەفتەی داهاتووەوە فێری دەکەم. کە ئیتر ئەو کارانە ئەنجام نەدات. نیگەران مەبە، ئەم کارە دەکەم. بەڵام ئێستا هەموو پێدەکەنین. تام بیری کردەوە کە تیمی راستی دەکرد. هولی بەڕاستی کچێکی لەبەر دڵانە. ئارتۆر گوتی:" هۆنە تەلەفۆن بۆ راڵفیش بکەین بێتە ئێرە. لە لۆرای پرسی:" رێگە دەدەی؟.. لۆرا وەڵامی دایەوە:" بەڵێ بۆچی نا.. هیوادارم بوو روخساری نهێنییەکە ئاشکرا نەکات..

لۆرا رووی کردە تام و گوتی:" ئازیزەکەم دەکرێ بچییە سەرداو و لەوێ بوتڵێك خواردنەوەی ساردمان بۆ بهێنی؟

ئەگەر رۆژێك شایانی ئاهەنگ گێڕان بێت هەر ئەمڕۆیە...

"کۆتایی بەشی شازدەهەم "

"بەشی حەڤدەهەم"

لۆرا بە ئارامی سەیری تەختە روونەکەی کاتژمێرەکەی کرد کە لەسەر مێزە لە پەنا قەرەوێڵەکە دانرابوو. پێنج خولەك لە پێنج لای دابوو. ژووری نوستنی جارانی پوورەسییل ! جێگای باوەڕ کردن نەبوو کە راڵف بێتە ژوورێك کە سەردەمانێك لەگەڵ باددا هاوبەش بوو. لە راستیدا ئەو ژوورە لە کەلوپەل بەتاڵ کرابوو و چاوەڕێی سەر لە نوێ رازاندنەوەیە بوو. لەو سەری قەرەوێڵە گەورە تەختە نەخشێندراوەکە، راڵف خەوتبوو. کاتێك لۆرا لە شوێنی خۆی هەستا، ئەو جوولایەوە. لۆرا لەتاریکیدا رۆبدو شامپەرەکەی[٢٣] لەبەر کرد و چووە قاتی خوارێ دەنگی هەنگاوە نەرم و لەسەر خۆکانی

---

٢٣- بەرگی نێو ماڵ "وەرگێر"

نــەیتوانی گوێیــە تیــژەکانی ئیرێلــی ســێهەم فریوبــدات کــە ئێســتا بــە ئــارامی بــۆ ژووری چێشــت لێنــان بــە دوای کــەوت. دیــاربوو ئــەویش نائــارام بــوو. ســەگەکە شــەوی رابــردووی بەتەنیا لە ژووری تیمــی دا بــە بــەیانی گەیانــدبوو. لــۆرا چــەمایەوە تــاکو بیلاوێنێتــەوە و بــە هەمان کاتدا زەردەخەنەیەکی ئارام نیشتە سەر لێوەکانی.

تیمــی شــەوی هەڵبژاردنــەکانی لــە مــاڵی باشــترین هــاوڕێ گوزەرانــدبوو. زەردەخەنــە لەســەر لێوەکــانی زیــاتر کرایــەوە. لــۆرا گــوتی:" زۆر باشــە ئیرێــل تــۆ لەمــە تێناگــەی، وا نییە؟. پاشان لە کاتێکدا کە قــۆری قــاوە کولانــدنی لەســەر غازەکــە دادەنــا گــوتی:" ئــەوەی کە من پێویستم بەوەیە کە بە خەبەر بم...

ماوەیــەکی دوور و درێــژیش بەســەر دوایــین جــاردا تێپــەڕی بــوو، کــە خــۆی ئەوەنــدە دڵخۆش هەست پێدەکرد. لە راســتیدا ئەمــە دەگەڕایــەوە بــۆ ئــەو ســەردەمەی کــە ئــەو کچــە عــازەب بــوو. لــۆرا لای خــۆی بــیری کــردەوە. رابردوویــەك کــە دوورو لــە گەڕانــەوە نــەهاتوو دێتــە بەرچــاو. ئەوەنــدە دوور کــە ئــەو ماهییــەتی ئــەو هەســتەی فــەرامۆش کردبــوو تــەنیا سەیروســەمەرەکانی لــە بــیری دا بــە جێمــابوو و بــەرە بــەرە بیرەوەریــەکانیش لەزەینیــدا پووکانەوە، ئەوەندە پووکاوەو بێ واتا کە ئەو تاکو ئەمڕۆ بۆی دەرنەکەوتبوو.

بەیانییەکی خۆشــی مــانگی تشــرینی دووەم بــوو. هــەروا کــە ئاســمان رۆنــاك دەبــۆوەو لــە دوورەوە درەختە بــێ گــەڵاکان لــە پشــت ســەربانی ســواڵەتی و لوولــە ســۆبەی کــۆنی ئاڵکــات بەدیار دەکــەوتن. لــۆرا لەبــەر پەنجــەرە دانیشــت و لــە کاتێکــدا کــە تــامی خــۆش و گــەرمی قــاوەی لــە نێــو دەمیــدا هەســت پێــدەکرد نــوقمی بیرکردنــەوە بــوو. فلــیم دێتــە پــێش دەگەڕێتــەوە دواوەو هەمدیســان دەڕواتــەوە پــێش. ئــەو دوێنــێ ســەیری جووڵــەی تونــد و خێــرای کــارگێڕان و خۆبەخشــەکانی بارەگــای عەمــەلیاتی مــەکینزی کردبــوو. تەلەفۆنــەکان بێ بچــڕانەوە، رەنگیــان لێــدەدا، خــەڵك بــە روخســاری ئــاڵۆزەوە بــە بەردەمیــدا تێدەپــەڕین. بە پەلەو دڵە راوکێــوە هــەنگاویان دەنــاو دەنگــۆ کــەوتبووە ســەر زمانــان کــە دەبوایــە جــارێ نکــۆڵی لێ بکرایــە. ســەرەنجام ئــەو دوای نیوەڕۆیــە پــڕ لــە دوو دڵــی و چــاوەڕوانی و راڕاییــە بەسەرچــوو و لــە نیــوەی شــەودا ئــاوات هاتــەدی. ئاهەنگــە ئارامەکــە گــۆڕا بــۆ هــەراو هۆریایەکی دڵگــیرو پــڕ لــە زایەتــە و ســەماو خواردنــەوە و هــاتو هــاواری خــەڵك و لــە دوای یــەك کاتــژمێر راڵــف بــۆلای وی هــاتبوو:" مــن هــەموو شــوێنێکت بــە دوادا گــەڕام. ئیــدی

بەسـە، سوپاسـی هـەموو ئـەو کەسـانەم کـرد کـە دەمناسـین. ئێسـتا وەرە بـا ئێـرە بەجێبهێڵین. ئیتر جگە لە تۆ نامەوێ لەگەڵ کەسی تردا بم...

چەندین هەفتەش لەمەوبەر لـۆرا بـە فرۆکـە خانـە ماڵئـاوایی لـە تـام کردبـوو. ئـەو کـە ئێسـتا شـێوازێکی نـوێی ژیـانی گرتبـووە بـەر، بـە بـاڵای بـەرزەوە بـەرەو کۆلێـژی تـازە بەرێدەکـەوت لـە پشـت تەلـەفۆن لـۆرای دڵنیـا کـردەوە کـە بـارودۆخی زۆر چـاکە و هـاوڕێی نـوێی پەیـدا کـردن و بەشـی زانسـتی بۆشـایی گـەری بـۆ خوێنـدن هەڵبـژاردووە. تـام بەسـەرهاتی یەکـەمین روانینـی زانسـتی کـە نزیـك بوونـەوەی زریانێـك بـووە بەوەسـفکردنێکی زۆرەوە بـۆ گێڕایـەوە و لـە کۆتـایش " گوتبـووی: " نیگـەرانی مـن مەبەدایە. ئەمەم بـە راسـتییە. ئێسـتا تیمیشـید هیـوای کـەوتبووە دڵـەوە، ئـەو نیگـا راڕاو تۆقیوانـە کـە تەنانـەت لـە خۆشـترین سـاتەکانیش دا لەگەڵیـدا بـوو، ئێسـتا ئیـدی لـە روخساری سیڕدرابۆوە.

خوایە سوپاسـت دەکـەم، دەبـا دڵـی بەشـێکی هیـوا روونـاك ببێتـەوە. خـاتوو پوورەکـان بە رێگای گەڕانەوەیان بـۆ فلۆریـدا لایـان دابـووە خـانووە کۆنەکـەی پـایگ تـاکو گوێبیسـتی چیرۆکی پێشـترو تـام بـن. ئـەوان سـێ شـەو و رۆژیـان بەمشـەو بـاس لـە مبارەیـەوە بەسـەر بردبـوو، هەرچـەندە کـە ئێسـتا بـە تـەواوی باوەڕیـان نـەکردبوو و چـاوەڕێی ئەویشـیان لێنـەدەکرا. ئـەوان بـە هەڵسـوکەوتی ژنانـەوە پەنجـەی خۆیـان گەسـتبوو و گوتبوویـان: بـادو کوکلۆس کـلان. پیـاوێکی ئەوەنـدە ئـارام؟ خـوا پـەنامان دات!.. سـیلیش کـە لـە کاروبـاری بازرگانیدا خـۆی زۆر بـە زیـرەك دەزانـی. سـەری لـە سـادەی خـۆی سـورمابوو و گوتبـووی:" لە پیاوێکی واگـران و سـەنگین بـە دوور دەزانـرا. ئەگـەر کەسـێکی دیکـە ئـەو قسـەیەی بـۆ باسـکردبام، بـڕوام نـەدەکرد. لیلیـان کـە جـاران لاگـیری جـیم جۆنسـۆن بـوو. ئێسـتا راڵفـی دڵنیـا دەکـردەوە: " ئەگـەر ئێمـە هـەر لـەم ویلایەتـە ژیابـاین، هـەمووشمان دەنگمـان بـە تۆدەدا..

ڕاڵفیش چـاوێکی زیرەکانـەی لـە لـۆرا هەڵتەکانـدبوو، بـەڵام بـە هـەموو جۆرێـك خـاتوو پوورەکانی خۆش دەویستن.

لیلیـان بـە هێواشـی بـە لـۆرای گوتبـوو:" پـێم وایـە بـۆ زەماوەندەکـەتان ئاهـەنگێکی گـەورە دەگێـڕن. بـەڵام لایـەنی کـەم تـۆ دەبـێ تـاکو سـاتێك چـاوەڕێ بکـەی... سیلسـیلش ئامۆژگـاری کردبـوو. " ئـەم خـانووە بـۆ ئاهـەنگ گێـڕان شـوێنێکی گەورەیـە، بـەڵام بـە

هـەرحاڵ لـەم هەلومەرجـەدا گونجـاو نییـە. ئـەو نێچـیرێکی باشـە، لـۆرا... لـۆرا بەشـەیدا بوونەوە بیری کـردەوە، پـووره خاتوونـەکان ئێسـتاش بـە شـێوازی کـۆنی جـاران بیردەکەنـەوە. ئـەو وەڵامـی دابـۆوە:" بـەڵام ئێـوە زۆر زوو بریـاردەدەن. خـۆ کـەس باسـی زەماوەنـدی نەهێناوەتـەوە گۆڕێ....سیسـیل بـە حاڵـەتێکی شـاعیرانەوە گوتبـووی:" بـەڵام مـن هەسـت بە رووداني بەم نزیکانه دەکەم...

ڕاڵـف کـە لـە ژووری چێشـت لێنانـدا بەسـەر لـۆرای دا دەدا، گـوتی:" هێـی ئـەوە لێـرە چی دەکـەی؟ خـۆ ئێسـتا ڕۆژ نەبۆتـەوە... " بـیرم دەکـردەوە، خۆشـحاڵم لـەوەی کـە تـۆ لـە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتووی...

" مـــن لەشـــەرێکدا ســـەرکەوتووم، بـــەڵام شـــەڕ لـــە دژی جۆنســـۆن و دەســـت و پێوەندییەکانیدا کۆتایی پێ نەهاتووە. نەلێرەو نە لە بۆسنا...

" بەم جۆره قسان مەکـە، نارەحـەت دەبم... " بـە داخـەوە وایـە، تـۆ دەزانـی کـە ئـەوان کۆمەڵـە گرووپێکیـان بـەناوی جوراوجـۆرەوە لـە ژێـر رکێـف دایـە، تـا کتێبـە نێـو نازییـەکانیان بـۆ دەفرۆشـن و لاوان لـە خشـتە دەبـەن. ئـەوان وەکـو ڤایرۆسـێکی نـەخۆش بڵاودەبنەوە...

" سوپاس بۆ خوا کە تام بەسەر ئەو ڤایرۆسە زاڵبوو...

ڕاڵـف بـە هۆشـارییەوە گـوتی:" بـەڵێ. بـەم زوانـە هـیچ هـەواڵێکت دەربـارەی بیستووە؟...

"هـەواڵی نـوێ، کۆلێژەکـەی هـولی مـاوەی سـێ کاتـژمێر بـە ئۆتۆمبێـل مـەودای شـێوانییەتی لەگـەڵ کۆلێـژ و بەشـە ناوخۆییەکـەی ئـەودا، بۆیـە لـە کۆتـایی هەفتـەی رابردوودا تـام ئۆتـۆمبێلێکی بـە کـرێ گـرت و بـە دوای کـەوت تـاکو نـانی نیـوەڕۆ پێکـەوە بخۆن. بەو جـۆرەی کـە ئـەو باسـی دیدارەکـەی نێوانیـان دەکـات، زۆر پێکەنیناوییـە. یـەکێك لـە هاورێکـانی لەگـەڵ (هـولی) دا بینیویـەتی و دواتـر پرسـیاری لێکـردووە کـە ئـەو کچـە جوانـە کێیـە. ئـەویش زۆر بـە سـادەیی هـەموو بەسـەرهاتەکەی بـۆ گێڕاوەتـەوە و واش نایەتە بەرچـاو کـە لـە باسـکردنی سـتی کردبێتـەوە. دیـارە کـە ئـەوانیش بەمـە خـافڵاون و سەرسام بوون،

بارودۆخەکە بەم شێوەیە بووە...

" کوڕێکی باشە، مـن بەرامبـەر بـەوی هەمیشـە بـە گومـان بـووم بـەڵام تەنانـەت لـەو سەردەمەشدا کـە ئـەو هێنـدە رقـی لێیـان بـووە بـە میهرەبـان و بـاش دەهاتـە بەرچـاو. لـە لایەکـەوە سـەرم دەسـورمێن کـە وێـڕای ئـەو هـەموو رق و کینـەی کـە لـە هـەر لایەکـەوە بەرامبەر بە من هـەیبوو، چـۆن تـوانیم دەسـتم بـە تـۆ بگـات.. راڵـف هەڵوەسـتەیەکی کـرد رابردووی هاتەوە یاد.. قـەت ئـەو رۆژەم لـە بیرناچـێت کـە ئـەو هەواڵـە دڵتەزێنـەم هێنـا بـۆ ئەم ماڵە، دڵـم بـە خێرایـی لێیـدەدا، وام دەزانـی زمـانم توانـای دەربڕینـی نییـە... " بـەڵام تـۆ زۆر هێـور دەهاتییـە بەرچـاو... " ئەمـە دەرەنجـامی ئـەو راهێنانەیـە کـە لـە کۆلێـژی یاسا دیتومە...

" تـۆ زۆر بـە سـۆز و میهرەبـان بـووی، هـیچ حاڵـەتێکی دروسـتکراو لـە تـۆدا بـەدی نـەدەکرا. ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سروشـتی تـۆ.. راڵـف دەسـتی لـۆرای گوشـی و گـوتی: " ئێمـە لـە ماوەیـەکی کورتـدا رێگایـەکی درێـژمان بڕیـوە، لـۆرا.. ئـەو هێنـدە بـە سـۆز و خۆشەویسـتییەوە تەماشـای لـۆرای دەکـرد. ئەوەنـدە بـێ خـەوش و تامەزۆریانـە کـە لـۆرا هەست بە ئازارێکی بەتام و چێژکرد لە نێو سینگی دا..

" جارێکیـان پـێم گـوتی، یـان وا دەزانم گوتوومـە. ئـەوەی کـە مـن بـڕوام وایـە کـە هەموو کەسێك نیوەیـەکی بزربـووی هەیـە. هـاودەمێکی هەمیشـەیی، شـتێك کـە هەمیشـە بەدوایدا عەوداڵ بووم و یەکەمین رۆژ کـە تـۆم لێـرە بینـی هەسـتم کـرد دۆزیومەتـەوە.. ئایـا وەها هەستێك لە رابردوودا نەبووە؟...

" پـێم گـوتی، مـن لەگـەڵ ئـافرەتی زۆردا ناسـیاوەتیم هـەبووە. بـەڵام بـەم شـێوەیە نـا ئەی تۆ چۆن؟.. من یەك جار...

" لە بارەی ئەوە لێت ناپرسم...

"بەسـەر هـاتێکی کۆنـە، کۆتـایی پـێ هـاتووە و فـەرامۆش کـراوە. هـەموو شـتێك کۆتـایی پـێ هـاتووەو لەبیرچـۆتەوە. تەنانـەت خـودی خـۆم وەکـو خـاتوو هومـەر رایـس، ئەمـەش کۆتـایی پـێ هـاتبوو، بـە ئەگـەری زۆر بەرلـەوەی مـن هەسـتم پێکردبێـت.. بەرلـەوەی پـەی بـە هەڵسـوکەوتە فریودەرانەکـەی باربـەم. لـۆرا لـە دڵـی خۆیـدا ئـاوای دووبـارە کـردەوە. ئێسـتا تێدەگـەم کـە چ شـتێك دۆزیوەتـەوە. دواتـر هـەموو بەسـەرهاتەکە بـۆ راڵـف دەگێڕێتـەوە. بـەڵام ئـەوان هـەموو مـاوەی رۆژەکـەیان کـات بەدەسـتەوە بـوو و کەمێك دواتر لە ئێستا باشتر دەبێت.. لۆرا لە راڵفی پرسی:" ئەمڕۆ ناچییە دەوام؟...

"نـا، ئـەو پیـاوەی کـە بـە هەڵبژاردنـەکانی ئەنجوومەنـدا سـەردەکەوێ مۆڵـەتی ئـەوەی هەیە رۆژی دوای هەڵبژاردن دەسبەتاڵ بێت لە هەموو کاروبارە سیاسییەکانی خۆی...
" دەتەوێ ئەمڕۆ چی بکەیت؟"
" دەمەوێ هـەموو ئـەمڕۆ لەگـەڵ تـۆدا بەسـەر بـەرم... لـۆرا لای خـۆی بـیری کـردەوە. ئەمەش دوایـین پرۆسـەیە کـە لـە دیـداری ئـەوان لـە کافتریـای هوتێـل فونیکسـە و دەسـتی پێکرد و لـەو کاتـەدا لـۆرا دەیویسـت پێـی بڵـێ کـە چـەندە وەکـو لینکـۆڵن دێتـە بەرچـاو. بیرێکی قۆڕ بۆ کەسێك کە لە باشووری مسیۆن دیکسۆن لاین دا لە دایك ببوو.
" تۆ پێدەکەنی، بەڵێ پێدەکەنی؟...
" نـا، زەردەخەنـەم دەکـرد.. راڵـف ئـامێزی کـردەوە تـاکو بگرێتـە بـاوەش. لـە چـاوەکانیدا بەختـەوەری شـەپۆلی دەدا. لـۆرا بـیری کـردەوە. هـەرگیز لـە دەسـتی نـادەم. عەسـری هـەمان رۆژ ئـەوان لـە هـەیوانی ماڵـێ دانیشـتبوون. راڵـف ئـەو گیتـارە کۆنـەی پـوورە سـییلی تـاقی دەکـردەوە کەسـاڵەهای سـاڵ بـوو لـە نێـو دۆڵابەکـەی خۆیـدا هـەڵی گرتبـوو. دەنگێکـی ژێـرەوە لـە گیتارەکـە بـەرگوێ دەکـەوت کـە پەنجـەکانی وی لەسـەر تاڵـەکانی لـە جووڵـەدا بـوون. لـە ناکـاو لـۆرا سـەرنجی بـۆلای خـۆی راکێشـا. " مـن لێـرە شـتێکم هەیـە. نامەیـەك، سـێ رۆژ بـەر لـە ئێسـتا بـە دەسـتم گەیشـت. بـەڵام نەمدەویسـت بـەر لـە کۆتـایی هـاتن بـە هەڵبژاردنەکان تۆی پێوە ناڕەحەت بکەم...
" ناڕەحەتی من؟ هەواڵێکی ناخۆشە؟..
" دیـاری کردنـی دەدەمـە دەسـت تـۆ. دەتـەوێ بیخوێنییـەوە، یـاخود پێـت باشە خۆم بۆت بخوێنمەوە؟..
" تکایە بۆم بخوێنەوە...
لـۆرا نامەکـەی لـە پاکەتەکـە هێنایـە دەرێ بـە دەنگێکـی سـەیرو نوسـاوەوە کە تەنانەت بۆ خۆشی نائاشنا بوو دەستی بە خوێندنەوەی کرد!.
" لەسـەر زەرفەکـە نووسـراوە، دوکتـۆر فرانسـیس تاڵکـات، بەناونیشـانێك لـە نیـو یۆرکـەوە ئەمـەش باشـی دەکـەی لـۆرای ئـازیز. کاتێـك کـە تـۆ ئـەم نامەیـە دەخوێنییـەوە، مـن ماڵئـاواییم لـە ژیـان کـردووە، سـبەینێ بـۆ ئەنجامـدانی نەشـتەرگەری لەسـەر دڵـم دەچـمە ژووری نەشـتەرگەری و پـێم وانییـە کـە لـەوێ

بەسـەلامەتی دەرچـم. هـەروەکو کـە باوکیشـم لـەم تەمەنـەدا بەسـەلامەتی بـۆی دەرنەچـوو. پیـاوانی بنەماڵـەی ئالّکـات ئیسـکی پیرنابەنـە نێـو گـۆڕەوە. ئەگـەر بێـت و نـەمرم پارێزەرەکـەم ئـەم نامەیـە دەفـەوتێنێ. لەبەرئـەوەی مـن دەمـەوێ لـەو دەرفەتـە کەمـەی کـە بـە دەسـتمەوەیە بێمـە لای تـۆ و دان بـە گوناهەکەمـدا بنـێم و داوای لێبـوردن لـە هـەموو ئـەو کەسـانە بکـەم کـە پشـکیان لـەم رووداوەدا هەیـە. بەسـەرهاتەکە هـەمان ئـەو شـتەیە کـە لـە خـوارەوە دەیخوێنمـەوە لـۆرا لـەو سـەردەمەوە کـە مـن مـاڵی بـاوکمم بـەجێ هێشـتووە، هـەردوو یـان سـێ سـاڵ جارێـك بـەنیازی دیـداری تـۆ گەڕاوەمەتـەوە. رەنگـە بـاوەڕ بـە قسـەکەم نەکـەی و مـن نـاتوانم لەبەرئەمـە سـەرکۆنەت بکـەم بـەڵام ئەمـە راسـتە کـە مـن هـەموو جارێـك بـۆ ماوەیـەکی زۆر لـە دەوروبـەری ماڵەکـەی تـۆدا سـووڕاومەتەوەو جارجـارەش بـە ئۆتۆمبێـل بەبـەردەم ماڵەکەتـدا تێپـەڕیوم. هـەموو جارێـك هـەوڵم داوە ئـەو ئازایەتییـەم تێـدا بێـت کـە دەرگـای ماڵەکـەی تـۆ بـە دەنـگ بێـنم. مـن وا راهـاتبووم کـە هـەموو سـاڵێك بێمەسـەر گڵکـۆی دایکـو بـاوکم و تەنانـەت سـەردانی دوورتـرین کەسوکاریشـم بکـەم. بـەڵام بـە گەیشـتنی دوایـین رۆژی مانـەوەم دیسـانەوە ئـەو ئازایەتییـەم بـۆ لـە دەرگـا دانـی ماڵەکـەت لەخۆمـدا بـەدی نـەدەکرد. لـەم چـەند سـاڵەی دواییـدا دڵـم تووشـی دڵـەکپێ بچـووك بـووە و هـەر جـارەی کـە باشـتربووم بەرلـەوەی زۆر درەنـگ دابێـت نیـازی دیـداری تـۆم هـەبووە، بـەڵام هەمدیسـان وەکـو دزێـك کـە بڕیـاری داوە پـارە دزراوەکـە بـۆ خاوەنەکـەی بگێڕێتـەوە. ئـەو رۆژە هـەرگیز بـۆمن نەهاتـە پـێش. لـۆرای ئـازیزم. تـۆم خـۆش ویسـتووەو ئێسـتاش دەتـوانم بڵـێم کـە بـە درێـژایی تەمـەنم دڵـم بـە بیرەوەریـەکانی تـۆ خـۆش بـووە. ئێسـتا تێدەگـەی کـە دەبـێ لـەو سـەردەمەوە دڵـم دابێتـە تـۆ، کـە تـۆ لـە منـداڵێکی بچـووك زیـاتر نـەبووی، رەنگـە ئـەو سـەردەمەی کـە تـۆ تەمـەنت تـەنیا دە سـاڵان بـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی کـە وەهـا پەیوەندییـەك بـە دزێـو دەژمێـردرا، ویـژدانم لـەو کـارەی دوور دەخسـتمەوە. تەنانـەت کاتێـك کـە لـە دوای چـوار سـاڵ دووری لـەو پشـوەی کۆتـایی هەفتـەدا گەڕامـەوە ماڵـێ و ئـەو کاتـەی تـۆ ببـووی بـە کچـێکی تەمـەن بیسـت سـاڵان، هەسـتم کـرد کـە ئـەم عەشـقە راسـت لەسـەر هەقـە و کاتێـك ئـەو ناسـینەم پەیـداکرد کـە تـۆ لـەو پـەڕی بەرژینەکانـەوە

بـۆلای مـن هـاتی، وەکـو یارییـەکی ئـاگری کـە ئاسمـان ڕۆنـاك بکاتـەوە. بـەنێو بەتالاییـە چـەمەنەکەدا تێپـەڕی و هاتییـە لام، دڵـت ڕۆنـاك کردمەوە.ئـەو شـەو تـۆ مۆسـیقای کـورتی شـەوانت بـۆ ژەنـیم، بـەیانی ئـەو ڕۆژەش درره نانـت بـۆ باڵنـدەکانی قـەراغ دەریاچـە کـە ڕشـت و ئێمـە.. ئـازیزی دڵبەنـدم، تـۆ ئـەوەی تـر باشـتر دەزانـی. پـێم وایـە دەبـێ بگەڕێمـەوە سـەر کرۆکـی باسـەکە. مـن لـە ماڵەکـەی خۆمـدا هـەنگاو بـە هـەنگاو لەگـەڵ هەواڵەکانـدا ڕۆیشـتوومە پـێش و دەزانم کـە بـەم دواییانـە بێـوەژن بـووی و هەلومـەرجت دەرك دەکـەم. مـن تەنانـەت چـیرۆکی بەسـەرهاتی منداڵـەکانی بنەماڵـەی کڕافیلـد رایسـم خوێندۆتـەوە لـۆرای ئـازیز. لێرەدایـە کـە دڵـم بـە نوسـین دەکـەوێ، بـەڵام نـا، مـن ڕێگـەی ئەمـەی پێنـادەم. گـۆڕانی منداڵـەکان ئـەو کـردەوە تۆقێنـەرو سـتەمکارانەیە و لـە وەسـف نـەهاتوو، لـە لایـەن منـەوە ئـەنجام درا. مـن دەتـوانم بـە دەم خوێندنـەوەی ئـەم دێڕانـە، حاڵـەتی تـۆ بێنمـە پـێش چـاوی خـۆم. دەسـتەکانت کـە دەلـەرزن، هـەروەها ڕق و تـۆقین و کەسـەر کـە دەروونتـی داگیرکـردووە، بۆچـی تـۆ وا لـە مـن دەپرسـی؟ چـۆن بـۆ مرۆڤێـك ئـەو ئەگـەرە هەیـە کـە پلانێکـی وا دوژمنکارانـە دابڕێـژێ؟ کـارێکی وا دڕندانـەو نامرۆڤانـە ئـەنجام بـدات؟ بـە تـۆ دەڵـێم، ئەمـە پیلانێـك نەبوو کە لە پێشەوە داڕێژرابێت، ئەوە کردارێکی شێت ئاسا بوو.

ئەگـەر بـۆم بکرایـە لـە پـاش دە خولـەك پووچـەڵم دەکـردەوە ئەمـە کـارێکی لـە قـەرەبوو نـەهاتوو بـوو کـە بـە هـۆی نائومێدییـەوە ئـەنجام دابـوو. لـە هـەمان دوای نیـوەڕۆی کـە مـن هاتـە نەخۆشـخانە بـۆ دیـداری تـۆو کۆرپەکـەت. هـەڵگری کۆمەڵـە زانیارییـەك بـووم کـە تـۆ نـەت دەزانیـت و نەشـم دەتـوانی پێـت بڵـێم. هـەروەکو لەبیرتـە، مـن بـەهۆی مردنـی بـاوکم گەڕابوومـەوە ماڵـێ. بـۆ ئـەوەی بـزانم کـە کـام بەڵگەنامـە دەبـێ بپـارێزرێ و کامـەیان لـەناو ببرێـت، سـەرێکم لـە ژووری کاغـەزەکانی داو هەسـتم بـە شـتێك کـرد کـە پەیوەسـت بـوو بـە سـاڵەها لەمەوبـەر و بنەماڵـەو مێردەکـەی تـۆ. ڕەنگـە تـۆ بزانـی کـە مێردەکـەت خوشـکێکی هـەبوو کـە بـە منـداڵی مـرد و ماوەکەشـی لـە تەمـەنی بیسـت و یـەك سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد. هـەروەها ئامۆزایـەك دوو پشـت پـێش. کـە بـە منـداڵی ماڵئـاوایی لـە ژیـان کردبـوو. ئـەوەی کـە تـۆ نەتـدەزانی ئەمـەبوو کـە

ئــەوان هــەموویان تووشــی نەخۆشــی ســیتیك فیــبرۆزیس ببــوون و مــن یاداشــتێکم بــە خــەتر بــاوکم دۆزییــەوە کــە ســەبارەت بــە دانیشــتنێکی راوێــژکاری لەگــەڵ (هومــەر رایــس) دا بــەر لــە زەماوەنــد لەگــەڵ تــۆدا نوســیبووی. لــۆرا، ئەگــەر مێردەکــەت زیندووبوایــە رەنگــە ئــەم بەشــەی چــیرۆکەکەم بــۆ نەگێرابایــەوە. رەنگــە لــە ترســی ئــەوەی لــە بــادا زەماوەنــدێکی ســەرکەوتووم تێــك دابێــت.. لــۆرا لێــرەدا نامەکــەی لەســەر قاچــی دانــاو لــە رالفــی پرســی:" ئــەریٚ بۆچــی رقــم هەڵنەســتاوە؟ تــەنیا هەســت بەســڕبوون دەکــەم. هەســتێکی پــوچ لــە دەرك پێکردنــی ئــەو بابەتــەی کــە بــاد تەنانــەت فێڵــی لــەو منداڵانەشــی دەکــرد کــە لــە دایــك نــەببوون. بۆچــی توڕەنیم؟

ڕاڵــف گــوتی:" چــونکە ئــەو کــارە ســوودێکی نابێــت، ئەگــەر ئــەو زینــدوو بوایــەو تــۆ ئەمــەت دەزانــی، رەنگــە رقــت لێــی هەســتابای و ئــەویش هەســتی پێدەکرد.

بــەڵام ئێســتا خــەم و پــەژارەو دەردێــك دەرمــان ناکــات، پاشماوەکــەی بخوێنــەوە... لــۆرا خوێندییــەوە:" بەهــەرحاڵ تــۆ ســەرەڕای بــێ مــەیلیت داوات لێکــرد تــا ســەیرێکی کوڕەکــەت بکــەم، کاتێــك کــە تــۆم بەجێهێشــت، چــوومە ژووری چــاودێری منــداڵان. کــارگێڕانی ئــەو ناوەنــدە بچــووکە لــە رووی هاوکــارەوە لــە تەنگانــەدا بــوون، لەبــەر هۆیــەك کــە مــن نــازانم، تــەنیا بــە دەســتیارێك لــەویٚ ئامادەبوو من بە خۆمم گوت کە کوڕەکەی تۆ دەگریا.

ئــەوەش گریــانی ئــازاری هەناســەیە. پەرســتیارەکە پێــی گــوتم، کــە ئــەو زۆر دەگریــاو دوکتــۆریش گوتوویــەتی کــە ئەگــەری قــۆڵنجی هەیــەو ئــەوان دەیانــەویٚ جــۆری شــیرەکەی بگــۆڕن. نــە تیشــکی نادیــار وێنــەیان گرتــووە، هــیچ گرفتێکــی نیشــان نــەداوە. ئــەو کــات بــوو کــە پەرســتیارەکە لێــی پرســیم، ئایــا دەکــریٚ چــاکەیەکی لەگەڵــدا بکــەم، ئــەوەی کــە لــە نێــو خێزانەکەیــدا گرفتێــك دروســت بــووە و مــن تــەنیا بــۆ مــاوەی دە خولــەك لــە ژووری چــاودێری منداڵانــدا بمێنمــەوە تــاکو ئــەو بتــوانیٚ تەلــەفۆنێکی گــرنگ بکــات. ئــەو بــاوکمی دەناســی و هــیچ هۆیــەك نــەبوو، متمانــەم پــیٚ نــەکات. کاتێــك پەرســتیارەکە رۆیشــت، مــن وێنــەکانی تیشــکی ئیکســم کــە نــاوی تۆیــان لەســەر نووســرابوو هــەڵم گــرتن و تــاوتوێم کــردن.

ئـــەوەی لێـــی دەترســـام لـــە وێنەکـــەدا دیـــتم. فـــەڕاح بـــوونی ڕێخۆڵـــە بچـــکۆڵە، بـــاریکی نائاســـایی ڕێخۆڵـــە گـــەورەو تـــەواوی ئـــەو شـــتانە. بـــە زوویـــی ڕێخۆڵـــە پـــڕ دەبێـــت و ئیـــدی چارەنووســـی منداڵەکـــەش دیـــارە دوکتـــۆری منـــداڵان نەیـــدەزانی ســـەیری چـــی دەکـــات، مـــن ئـــەو دوکتـــۆرەم دەناســـی دوکتـــۆرێکی کـــۆن و میهرەبـــان کـــە چـــل ســـاڵ لەمەوبـــەر کۆلێـــژی پزیشـــکی بـــەجێ هێشـــتبوو و ماوەیـــەکی زۆر بـــوو کـــە فێـــری شـــتی تـــازە نـــەببوو، بەڕاســـتی جێگـــای سەرســـوڕمان بـــوو کـــە لانـــی کـــەم رایســـپاردوون بـــۆ وێنـــەگرتن. لـــۆژێکی خـــۆمم لـــە دەســـت دا. تـــەنیا ئـــەوەم دەزانـــی کـــە تـــۆ لـــە بەلایـــەکی گـــەورە رزگـــار بکـــەم. ســـەیری دەوربـــەری خـــۆمم کـــرد و چـــاوم بە بێشکەیەك کەوت کە منداڵێکی دیکەی کوڕی تێدابوو.

ئـــالۆگۆڕم بـــە منداڵـــەکان کـــرد، دەســـبەندەکانیان زۆر شـــك بـــوون. جێگـــای سەرســـوڕمان نییـــە کـــە ئـــەم عیـــادە بچـــووکە بـــێ توانایـــە دواتـــر داخـــرا. بـــە کـــەمێك شـــیلەی لیـــنج تـــوانیم دەســـبەندەکانیان لـــە دەســـتی دەربێـــنم. پاشـــان نوســـراوی ســـەر دەســـبەندەکانم گـــۆڕین. کاتێـــك کـــە پەرەســـتیارەکە گەڕایـــەوە، هـــەموو شـــتێك وەکـــو جـــاران بـــوو. جگـــە لـــەوەی کـــە هـــەرکام لـــەو روخســـارە شـــێوە گولانـــە ببونـــە خـــاوەنی ناســـنامەیەکی تـــازەو هـــیچ کـــەس لەمبارەیـــەوە پرســـیاری نـــەکرد. بـــۆ دەبوایـــە پرســـیار بکـــەن؟ ئـــەو کـــارەی کـــە مـــن ئـــەنجامم دابـــوو، دوور لـــە مەزەنـــدە بـــوو، بۆیـــە بۆچی دەبێ کەسێك هەبووبێت بیر لە شتی وا بکاتەوە؟

دوو یـــاخود ســـێ جـــار لـــە کـــاتی تێپـــەرینم بەبـــەر دەرگـــای ماڵتانـــدا ئـــەو کوڕیژگەیـــەم دیـــت. کـــوڕێکی شـــادو تەندروســـت کـــەهی تـــۆ نـــەبوو. مـــن دەمتـــوانی هەســـت بـــە چـــێژی تـــۆ بکـــەم بـــە هـــەبوونی ئـــەو منداڵـــەت. دواتـــر لـــە بـــاوکمم بیســـت کـــە تـــۆ بوویـــە خـــاوەنی منـــداڵێکی دیکـــە، ئێســـتا هەســـتەکانم تێکـــەڵ و ئـــاڵۆز ببـــوون. زیـــاترو زیـــاتر بـــیرم لـــە دایکـــو بـــاوکی منداڵەکـــەی دیکـــە دەکـــردەوە. مـــن لەبـــەرخاتری تـــۆ منـــداڵی راســـتەقینەی ئـــەوانم دزیبـــوو و لەمەســـتم بـــە تـــاوان دەکـــردو ئـــازارێکی لـــە رادەبـــەردەرم دەچەشـــت. دەبـــێ لـــە جێـــی مـــن بـــی تـــاکو ئەمـــە دەرك بکـــەی؟ ئەوســـا رۆژێکیـــان بنەماڵـــەی کرافیێلـــد بـــەم منداڵـــە نەخۆشـــەکەیانەو هاتنـــە لای مـــن. ئـــەوان هاتبوونـــە نێـــو یـــۆرن و توێژینـــەوەی منیـــان لـــە بـــارەی ئـــەم نەخۆشییەوە بەر گوێ کەوتبوو.

ئــەو کاتــە نەمــدەزانی چـییان پــێ بڵــێم. دەبوایــە هــەر لــەوێ راســتییەکەم پــێ بگوتبــان، بــەڵام ئــەو ئازایەتییــەم تێــدا نــەبوو. لەبــەر ئــەوەی کــە مرۆڤێکــی زۆر ترســنوکم دەمویســت کەســێکی دیکــە ئــەم کــارە بکــات. کەســێك کــە نــەتوانرێت بــە هاودەســتی مــن بناســرێت. بۆیــە مــن ناوەنــدێکی پزیشــکی مــاڵی خۆیــانم نیشــان دان و ئــەوەی دیکــەش کــە بــۆ خــۆت دەزانــی، هــەموو بەســەرهاتەکە ئەمــە بــوو لــۆرا دەربــارەی مــن چــۆن بیردەکەیــەوە؟ رەنگــە بــۆ تــۆ بایــەخی هــەبێت بــەڵام بەداخــەوە پــێم وایــە وانییــە. بــەڵام بزانــە کــە مــن بــە درێــژایی تەمــەنم هــەوڵم داوە لــــە رێگــــای هاورێیــــەتی خۆشەویســــتییەوە بەرامبــــەر نەخۆشــــەکانم و درێــــژکردنی دەســتی یارمــەتی بــۆ لێقــەوماوان، قــەرەبووی ئــەو کــارە ئەهریمەنییــە بکەمــەوە کــە ئــەنجام داوە. ئەگــەر دەتــوانی تۆزێــك لــێم ببــوورە. مــن دەپارێمــەوە کــە دایــك و بــاوکی منداڵەکــەی تــریش کــەمێك بم بەخشــن.. لــۆرا لێــرەدا دەســتی لــە قســە هــەڵگرت بولبولێــك ئــاوازێکی چــری و ئیرێلــیش وەڕی. بەهــەرحاڵ ئــەم شــتانە توانیــان بێــدەنگی تاقــەت پــڕوکێن ئــەو هەیوانــە بشــکێنن. پاشــان لــۆرا گــوتی:" ئەوەندە بوو، لە خوار نامەکەش ناوی وی نوسراوە..

"فرانســیس تاڵکــات، کەواتــە ئــەو هــەمان ئــەو کەســە بــوو کــە تــۆ خۆشــت دەویست...

" ئــەو لــەو دیــو پەرژینــەکان لــەو حاڵــەدا دەژیــا... " ئایــا بــە زۆری بــیری لێدەکەیەوە؟...

" نــا، بــە زۆری نــا، ئەمــە برینێکــی کۆنــەو ســاڕێژ بــووە. بــەم دواییانــە زۆرتــر بــیری لێدەکەمــەوە، لــەم کاتــەوە کــە تــۆم ناســیوە، ئایــا دڵگــران دەبــی کــە پێــت بڵــێم تــۆ بیرەوەریــەکانی لــە دڵــدا زینــدوو دەکەیــەوە؟.. " دەڵێــی لــە بــیرت چــۆتەوە: تــۆ پێشــتریش ئەمــەت پــێ گوتــوم.؟ بــەڵام تــۆ قــەت پێــت نــەگوتم کــە چــی رویــدا، بۆچی شووت پێ نەکرد؟..

" لەبەرئــــەوەی ئــــەو منــــی نەدەویســــت. شــــتێکی ســــادە، ئــــەو بــــەڵێنی زەماوەنــدی دابــوو بــە کەســێ‌ی تــر..." " گەمــژە، مــن ئەگــەر پێویســت بوایــە لەبــەرخاتری تــۆ خــۆم لــە هەڵبژاردنــەکان دەکشــاندەوە وازم لــە هــەموو شــتێکی دیکــە دەهێنــاو لەگــەڵت دەهــاتم بــۆ هــەموو شــوێنێك. خــۆ ئەمــە دەزانــی نــا؟. لــۆرا

تەماشـــای کـــرد. ســـەرەڕای کـــە دنیـــا بـــەرەو تاریـــك بـــوون دەڕۆیـــی، دڵـــە راوكێـــی لـــە چوانیدا دیت. " راڵف، باش دەزانم...

" بەڵایـــەكی چـــەند گەورەیـــە كـــە مـــرۆڤ بـــارێكی ئـــاوا دورس بـــە درێـــژایی تەمـــەن لـــە كـــۆك نێـــت، لەبـــەر ئـــەوەی لەســـاتێكدا توشـــی هەڵـــە بـــووە... " بـــەو هـــەموو ناوبـــانگ و زانســـت و پلـــەو پایـــەوە... " نـــازانم ئەگـــەر ئـــارتۆر مارگرێـــت ئەمە بزانن، چی دەڵێن...

" پێشـــتر پـــێم گوتـــوون. بەتایشـــم گووتـــووە، ئـــەوان هـــەموو بـــە ئـــاواز و رەنگێكـــی ســـەیر گوتویانـــە كـــە زانینـــی ئـــەم مەســـەلەیە مایـــەی ئاســـویدەییە، گەرچـــی ناتوانرێـــت هـــیچ شـــتێك بگۆردرێـــت. مارگرێـــت گـــوتی واز بێنـــە بـــا ئـــەمجار تـــیری هـــەموومان ئاســـوودە بـــین و ئـــەوەی كـــە لـــە رابـــردوودا روویـــداوە فـــەرامۆش بكـــەین. راڵـــف، ئـــەو زۆر بەســـۆزو لەبەردڵانـــە. ئەگـــەر وا نەبوایـــە دۆخەكـــە زۆر جیـــاواز دەبـــوو. ئـــەوان هـــەموویان شـــەیدای تـــیمین دەیانـــەوێ بیبـــەن بـــۆ واشـــنتۆن تـــاكو چـــاوی بـــە مۆزەخانـــەی تیســـمیت ســـۆنین بكـــەوێ. لـــە مۆزەخانـــەی كوشـــتاری بـــە كۆمـــەڵ و بینایـــەی كـــۆنگرێس و هـــەموو شـــتێكی دیكـــە. ئایـــا ئەمـــەجوان نییە؟...

" ئـــەو هێشـــتاش نیگەرانـــە لـــەوەی كـــە رەنگـــە تـــۆ پێـــت وابـــێ ئـــەوان گەركیانـــە تـــام لـــە تـــۆ دووربخەنـــەوە. دەیانـــەوێ دڵنیـــایی كـــە شـــتی وا روونـــادات. نـــە بـــە گوفتـــار نە بەكردار.

" واشـــیان بـــە مـــن گوتـــووە، بـــەڵام خۆشـــحاڵم لـــەوەی كـــە دووبـــارە ئـــەوە دەبیســـتمەوە. لەبەرئـــەوەی كـــە مـــن فریشـــتە نـــیم، راڵـــف ئـــەم مەســـەلەیە دڵـــی فریشـــتە نـــیم، راڵـــف ئـــەم مەســـەلەیە دڵـــی برینـــدار كـــردووم و لـــە دەســـت دانـــی تـــام دڵـــم پـــڕ خـــوێن دەكـــات. بـــەڵام ئێســـتا تـــیری نیگـــەران نـــیم. داوام لـــە بنەماڵـــەی كراِفیلـــد كـــردووە كـــە بـــۆ پشـــووەكانی رۆژانـــی كریســـمەس لای ئێمـــە.." ئـــەوان دێنـــە ئێرە؟...

" ئەڵبەتـــە، ئێمـــەش هـــەمومان لـــە بـــەهاردا بـــۆ بەشـــداری كـــردن لـــە جـــەژنی ئـــایینی ئەوانـــدا دەچـــینە ماڵیـــان زۆر خـــۆش دەبێـــت. قـــەت بەشـــداری جـــەژنی ئـــەوانم نەكردووە...

" بـــەڵێ. جـــەژنێکی زۆر شـــادو رۆحانییـــــە. ئـــەوان هەمیشـــە بانگهێشـــتم دەکەن. رۆژێکی خۆش بۆ خێزان و هاوڕێیان...

چـەند دڵۆپـە فرمێسـك لـە چـاوانی هاتنـە خـوار. لـۆرا لـە جێـی خـۆی هەسـتا:" شـەو دەگاتـە جـێ، ئەمشـەو بـاران دەبارێـت. دەبـێ بـەر لـە وەرینیـان گوڵـەکان بچینم.

ژمـارەی دوایـین گوڵـەکانی ئـەم وەرزەدا. لـە زەزەنێـك گـوڵی سـوورو هـەناری بۆن خۆش تێنەدەپەڕی لۆرا لێی کردنەوە بۆ لای دەمو چاوی بردن.

ڕاڵـف نیگـای بڕیبـووە وی. ئـەو گـوتی:" دەمـەوێ بـۆ هـەتا هەتایـە لـە لای تـۆ بمێنێمەوە کەی دەتوانین ژیانی هاوبەشمان دەست پێ بکەین؟...

" خـۆ ئاگـات لـە دابـو نەریتـە. پوورەکـانم دەڵـێن کـە هـەر کاتێـك وەختـی بێت؟... " کەی وەختی دێت؟ بەیانی؟..

ئـەوان پێکـەوە پێکـەنین و لـۆرا گـوتی:" مـانگی داهـاتوو، کاتێـك کـە تـام بـۆ بەسەر بردنی پیشو بگەڕێتەوە لامان...

" نـازانم ئـەو چـۆن ئەمـە قبـوولّ دەکـات... " بـە پێچـەوانەوە لەبەرئـەوەی ئـەو پێشـتر گومـانی لێمـان هـەبوو، بـە ئاسـانی قبـووڵی دەکـات... " کـوڕێکی باشـە. پـێم وایـە ئـەمڕۆ چـەند جـارێکی تـریش ئەمـەم گوتـووە و سـەر لـە نـوێ دووبارەی دەکەمەوە...

ئـەوان لـە تەنیشـت یـەکتری دانیشـتن لـۆرا گوڵـەکانی خسـتە سـەر قاچـی. شـەو داهات.

کـزە بایـەك بـە نێـو لـقّ و پـۆپی درەختانـدا هـەڵی کـرد. کـەمێك دوای ئـەوە ڕاڵـف گیتـارە کۆنەکـەی بـە دەسـتەوە گـرت و دەسـتی کـرد بـە ژەنینـی ئـاوازێکی دڵگیر...

" کۆتایی "